# مێژووی ئەدەبی کوردی

بەرگی دووەم

دوکتۆر مارف خەزنەدار

# مێژووی ئەدەبی کوردی

ئەم بەرهەمە هێنانەدی پرۆژەی نووسینەوەی
مێژووی ئەدەبی کوردییە لە سەرەتاوە
تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم

بەرگی دووەم

سەدەکانی چواردەم – هەژدەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

د. مارف خەزنەدار
مێژووی ئەدەبی کوردی – بەرگی دووەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠١٠
چاپی دووەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٣٠ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسحساڵح
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## ناوەرۆک

پێشــەکی ............ 11
بەشی یەکەم – ژیانی سیاسی کوردستان و ناوچەی جوگرافی گۆرانەکان ............ 14
ژیانی سیاسی کورد لە سەدەکانی چواردەم تا هەژدەم ............ 14
ناوچەی جوگرافی کوردانی گۆران ............ 18
بەشی دووەم– مەلا پەرێشان ............ 22
ژیانــی ............ 22
خوێندەواری و بیروباوەڕی ............ 23
شاعیر سۆفیی تەریقەتی «حورووفیە» بوو ............ 25
مەلا پەرێشان دژی دەروێشیزم بوو ............ 28
دیوانی مـەلا پەرێشــان ............ 29
شیعری مەلا پەرێشان ............ 30
ساقی نامەی مەلا پەرێشان ............ 31
بەشی سێیەم – ئێل بەگی جاف ............ 38
ژیانــی ............ 38
بەرهەمی شیعری ............ 39
بەشی چوارەم – بێســارانی ............ 51
هەندێ لایەنی ژیانی شاعیر ............ 51
خاسیەتی شیعری بێسارانی ............ 52
چەپکەگوڵی دیوانی بێسارانی ............ 53
بەشی پێنجەم – ئەڵماس خانی کەندووڵەیی ............ 73
بەسەرهاتی شاعیر ............ 73
بەرهەمی شـاعیر ............ 74
چیرۆکە شیعرییەکانی ............ 75
نموونەی شیعری ئەڵماس خان ............ 76
نادرنامــە ............ 76

لیریکی ئەڵماس خان ..... 81
بەشی شەشەم – خانای قوبادی ..... 89
بەسەرهات ..... 89
شیعر و زێد و سۆز ..... 90
بابەتەکانی شیعر ..... 94
شیعری لیریکی ..... 94
شیرین و خوسرەو ..... 99
ناوەڕۆکی شیرین و خوسرەو ..... 100
نویشکی ناوەڕۆکی شیرین و خوسرەو ..... 103
پێناسەی ڕۆمانی شیعری شیرین و خوسرەو ..... 112
نموونەی شیعری شیرین و خوسرەو ..... 116
بەشی حەوتەم – وەلی دێوانە ..... 126
بەسەرهاتی وەلی دێوانە ..... 126
شیعری وەلی دێوانە ..... 127
نموونەی شیعری وەلی دێوانە ..... 128
بەشی هەشتەم – ڕەنجووری ..... 140
ژیانی شاعیر ..... 140
شیعری شاعیر ..... 141
شیعری ڕەنجووری لە ڕووی ڕوخسارەوە ..... 142
شیعری ڕەنجووری بەدیالێکتی کرمانجیی خوارو ..... 143
شیعری ڕەنجووری لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ..... 143
گوڵبژێرێکی بەرهەمی شیعری ڕەنجووری ..... 145
شاعیرانی کورد ..... 145
نەخۆشیی ڕشانەوەی کەرکووک ..... 148
نەوتی کەرکووک ..... 152
شاعیر یاری بە قافیەی شیعر دەکا ..... 154
وەسفی ئەندامی دلبەر و سوێندی یارسان ..... 155
درک و دڵ و دڵداری ..... 158

نامەی شیعری ڕەنجووری و وەلی دێوانە ........ 160
ڕەنجووری و دەروێشی ........ 163
ڕەنجووری و عەبدولڕەحمان پاشای بابان ........ 164
ڕەنجووری وەلی دێوانە دەلاوێنێتەوە ........ 167
لەگەڵ پەپوولە ........ 169
نهێنییەکانت بەکەس مەڵێ ........ 170
بەشی نۆیەم – ڕینیسانسی ئەدەبی کوردی لە باکووری کوردستان ........ 173
بەشی دەیەم – عەلی هەریری ........ 181
ژیانی عەلی هەریری ........ 181
شیعری عەلی هەریری ........ 184
شیعرە لیریکییەکانی عەلی هەریری ........ 185
بەشی یازدەم – فەقێ تەیران ........ 205
ژیانی ........ 205
بەرهەمی ........ 207
ئیپیک ........ 208
شێخ سەنعان ........ 209
گەشتێک لە گێتی «شێخ سەنعان»دا ........ 211
زەمبیل فرۆش ........ 227
گەشتێک لە گێتی «زەمبیل فرۆش»دا ........ 231
دمدم ........ 243
بەیتی ئەسپی ڕەش ........ 244
بەیتی بەرسیسی عابید ........ 245
هەی ئاف و ئاف ........ 255
دلۆ ڕابە ........ 264
لیریک ........ 266
بەشی دوازدەم – مەلای جزیری ........ 289
بەسەرهات ........ 289
دیوانی مەلای جزیری ........ 291

شیعری مەلای جزیری لە ڕووی کێش و قافیەوە ........ 294
مەلای جزیری سەرداری غەزەلی کوردییە ........ 294
چوارخشتەکییەکەی جزیری لەسەر شیعری حافز ........ 297
ڕەنگدانەوەی سۆفیزم لە شیعری شاعیردا ........ 299
دڵداری بە شێوازی ڕۆژهەڵات ........ 316
وەسفی دلبەر و سروشت ........ 319
ڕەوانبێژی ڕۆژهەڵات ........ 325
بەهار و سروشت و دلبەر ........ 328
جزیری یادی نیشتمان دەکاتەوە ........ 334
سروودی بەیانی باش ........ 336
مەدح و ستایشی خانی خانان ........ 339
تەرجیع بەندی شاعیر ........ 341
چوارینی مەلای جزیری ........ 344
دیالۆجی نێوان مەلا و عیمادەدین ........ 346
دیالۆجی مەلا و فەقێ ........ 349
بەشی سێزدەم – خانی ........ 367
مێژووی ژیان ........ 367
دیوانی خانی ........ 368
شیعری دانایی ........ 370
غەزەل و قەسیدە ........ 375
چوارخشتەکی ........ 377
تەرجیع بەند ........ 385
موستەزاد ........ 387
مولەممەع ........ 389
مەم و زین ........ 392
مەم و زین لە ڕووی ڕوخسارەوە ........ 392
مەم و زینی خانی و مەمی ئالانی میللی ........ 393
مەم و زین لە ڕووی کێش و قافیەوە ........ 397

دەسنووس و چاپی مـەم و زین ..................... 398
چیرۆکی مەم و زین لە ڕووی ناوەرۆکەوە ..................... 403
مەم و زین لە پاڵ دڵداری لە ژیانی ئادەمزاد دەدوێ ..................... 408
گەشتێک لە گێتی شیعرایەتی مەم و زین ..................... 410
موناجاتی مەزن و موناجاتی چیرۆکەکە ..................... 410
نەعتی پێغەمبەر ..................... 411
کوردایەتی ..................... 413
سامانی نەتەوایەتی ..................... 419
سەرەتای مـەم و زین ..................... 424
نەورۆز و خاکی کوردستان ..................... 427
بەکری مەرگەوەڕ ..................... 429
ڕازونیازی زین لەگەڵ مۆم ..................... 431
ڕازونیازی زین لەگەڵ پەپوولە ..................... 432
ڕازونیازی مەم لەگەڵ دیجلە..................... 434
ڕازونیازی مەم لەگەڵ بای شەماڵ ..................... 435
باغی میرزێندین ..................... 437
مەم لە بەندیخانەدا ..................... 439
ڕاسپاردە و وەسیەتی زین ..................... 440
دوا دیدەنی و مردنی مەم ..................... 443
زین گەشتی لای مەم دەکا ..................... 444
کۆتایی چیرۆکی مەم و زین ..................... 446
نووبەهارا بچووکان ..................... 447
عەقیدا ئیمانێ ..................... 449
بەشی چوارەم – مـەلای باتەیی ..................... 453
ژیانی ..................... 453
بەرهەمی ..................... 454
غەزەل و قەسیدە ..................... 454
نەعتی باتەیی ..................... 456

شیعری دڵداری باتەیی ........ 464
مەولوودنامە ........ 479
لاسایی کردنەوەی باتەیی ........ 482
بەشی پازدەم – پرتەو ........ 489
ژیانی شاعیر ........ 489
شیعری پرتەو ........ 490
گوڵبژێری دیوانی پرتەو ........ 491
بەشی شازدەم – ڕۆمانی شیعری لە سەدەی هەژدەمدا ........ 506
لەیلا و مەجنوون ........ 507
یووسف و زولەیخا ........ 509
بەشی حەڤدەم – تیرەی لوڕ و ئەدەبی نووسراویان ........ 513
تیرەی لوڕ و جوگرافیای لوڕستان ........ 513
ئەدەبی لوڕی ........ 515
کەشکۆڵی گوڵشەن ........ 516
میعراج نامە ........ 518
پێشوازی غەدیری خوم ........ 521
لیستی ناوی کەسان ........ 524
لیستی ناوی جوگرافی ........ 530
بیبلیۆگرافیا ........ 534

# پێشەکی

بەشی هەرە زۆری ناوەرۆکی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە کە دەکاتە دە فەسڵ زانیاریی گشتییە بۆ هەموو قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، واتە پێشەکیی گشتییە بۆ هەموو بەرگەکان لە یەکەمەوە تا بەرگی دوایی.

شیعری ئایینی یارسان (ئەهلی هەق) لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا حەوت سەدەی خایاندووە. لە سەدەی دەیەمەوە تا سەدەی شازدەم، کەچی بەپێی مێژووی ئەدەبی کوردی لە ڕووی کرۆنۆلۆجییەوە تەنیا باباتاهیر (سەدەی دەیەم) لەو بەرگەدا باسی لێوە کراوە. لەبەر ئەوە شاعیرانی پاش باباتاهیر ئەوانەی کەوتوونەتە دەرەوەی یارسان لەناو ئەم بەرگی دووەمە باسیان لێوە دەکرێ. بەم پێیە ئەم بەرگە لە سەدەی چواردەمەوە دەست پێدەکا تا کۆتایی سەدەی هەژدەم.

هەر کەسێکی مێژووی ئەدەبی نەتەوەیێکی دیاریکراو بنووسێتەوە، ناوەرۆکی کتێبەکە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و بۆچوون و فیکری خاوەنەکەی دەبێ. زیاد لەسەر ئەوەی ئەو ڕێباز و شێوازەی لێرەدا بەکارم هێناوە تایبەتییە بەخۆم و پێویستە هەر واش بێ. مەبەستم لە نووسینەوەی ئەم مێژووە ئەوەیە ببێتە سەرچاوەیێکی قوتابخانەیی و زانستگایی و ئەکادیمییانە و فەرهەنگییانە و ئەنسیکلوپیدیانە، بۆیە تەنیا لایەنە ڕاستییەکانی لەبارەی شیعر و شاعیرەوە گرتۆتە خۆ، هەر بیروڕاییێکی سەرچاوەی ئەم بابەتە ئەگەر بەڕاستمان نەزانیبێ پیشانمان نەداوە، چونکە مەبەستی ئێمە ڕەخنەی ئەدەبی و بەراوردکاری نییە، بەڵکو مێژووی ئەدەبە.

نموونە ئەدەبییەکانی بۆ بەڵگە لەم کتێبەدا تۆمارکراون ئەگەر گیروگرفتێکی زۆریان تێدا نەبووبێ هەوڵ نەدراوە لێک بدرێنەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر هەندێ قورسییان تێدا بووبێ و خوێنەری ئاسایی لێیان تێنەگا هەوڵدراوە لەژێر

ناوی «واتاکەی» دێر بەدێر لێک بدرێنەوە.

لەم کتێبەدا ڕەچاوی دوولایەنی گرنگ کراوە بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەب:

١- ئەو بەڵگانە لە تێکستی شیعر بەنموونە هێنراونەتەوە، لە ئەنجامی بەراورد لە نێوان دەسنووس و شیعری چاپ کراوەوە هەڵبژێردراون. باس لە کارەکە نەکراوە وەک کردەوەیێکی لێکۆڵینەوەی زانستی بەڵکو ئەو تێکستە هەڵبژێرراوە کە لە ئەنجامی بەراوردەکە کەوتۆتە دەستمان. جگە لەمە بەزۆری تەواوی شیعرەکە بڵاوکراوەتەوە، چونکە مەبەس لەم کتێبەدا ئەوەیە تا پلەیێک ببێتە ئەلبوومی هەڵبژاردە یا گوڵبژێری شیعری کوردی لە هەموو قۆناغەکانی ئەدەبدا، بێگومان مێژووی ئەدەب ئەم جۆرە بەرنامەیەی گەرەکە.

٢- خاوەنی ئەم کتێبە هەوڵی داوە بەزۆری خۆی قسە بکا، قسەکەش تەنیا پێوەندی بەنموونە ئەدەبییەکانەوە هەیە، لە ئەنجامدا ئەم کتێبە دەبێتە سەرچاوەی زانیارییێکی قوتابخانەیی بیروباوەڕی خاوەنەکەی ڕەنگی تێدا دەداتەوە، لەبەر ئەوەیە لە مەیدانی ڕۆشنبیری هەموو نەتەوەیێکدا زیاتر لە یەک «مێژووی ئەدەب» دەکەوێتە ناوەوە.

ساغکردنەوەی سەردەمی لەدایکبوون و مردنی شاعیران و کەسانی تر بەکۆششێکی زانستیی زۆر گەیشتە ئەنجام. وا بەباش نەزانرا ئەم کردەوەیە بەدوور و درێژی بخرێتە بەرچاوی خوێنەر و لاپەڕەیێکی زۆری بۆ تەرخان بکرێ و باس لەوە بکرێ چۆن ئەم سالانە دۆزرانەوە، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەبوو تەنیا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بکەوێتە بەرچاو.

ناوی کەسان و جێگەی جوگرافی و زاراوەی زۆری زانستییە کۆمەڵایەتییەکان لەم کتێبەدا هاتووە، ڕەنگە هەندێ جار پێویستییان بەڕوونکردنەوە هەبێ، کەچی ئەمە نەکراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی خەریکی تێگەیشتنی ئەو لایەنە قورسانە بکا، بەهۆی فەرهەنگ و ئەنسیکلۆپیدیا جیاوازەکانەوە، دیارە ئەمەش لایەنێکی دیکەیە لە بەرنامەی زانستیدا و پرۆگرامێکی بەکەڵکە بۆ ئەو کەسانەی خەریکی باسی زانستین لە هەموو گۆڕەپانەکانی زانستییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتی زانستیی ئەدەب، بەمە ئاسۆی بیریان فراوانتر دەکەن.

لەم کتێبەدا هەندێ وشە و زاراوەی زمانانی بێگانە لەڕووی ڕاست نووسینەوە

بەچەند شێوەیێک نووسراون، بۆ بەڵگە وەکو «عیشق = عەشق = عشق»، ئەمانە هەموویان بەڕاست دەژمێردرێن، چونکە لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی بەم جۆرە هاتوون، بەتایبەتی لە شیعردا.

ئەم کتێبە بەرگی دووەمی «مێژووی ئەدەبی کوردی»یە، پێنج سەدە دەور دەکاتەوە، لە سەدەی چواردەمەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدەم، هیوادارم کەڵکی هەبێ بۆ خوێنەر و ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد.

هەولێر: مەڵبەندی ڕووناکی

مارف خەزنەدار

بەشی یەکەم

# ژیانی سیاسی کوردستان و ناوچەی جوگرافی گۆرانەکان

## ژیانی سیاسی کورد لە سەدەکانی چواردەم تا هەژدەم

تا سەدەی چواردەمی مەسیحی دەسەلاتێکی بێگانەی ڕاستەوخۆ لە خاکی کوردەواریدا نەبوو، چونکە ناوچە جوگرافییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە سەرەتای بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە سەر بەکارگێڕی عەرەب بوون تا ڕووخانی دەوڵەتی عەباسی. لە دوای عەباسییەکان دەسەلات و فەرمانڕەوایی هۆز و عەشیرەت و بنەماڵە و میللەتە تورک زمانەکان هاتنە ناوەوە.

لەو ڕۆژگارەدا دەسەلات لەدەست ئێلخانییەکاندا بوو، بەلام تورکمانەکانی ڕۆژئاوای ئاسیای ناوەڕاست خۆیان خۆش کردبوو ولاتیان داگیر بکەن لەپاش کزبوونی دەسەلاتی مەغۆلەکان.

بنەماڵەی ئێلخانی (١٣٣٦ – ١٤١١)، لە سەدەیێک کەمتر لەم هەرێمانەدا فەرمانڕەوا بوون. قەرەقۆینلووە تورکمانەکان هەوڵیان دەدا ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان داگیر بکەن، لە ئەنجامی لەناوبردنی دەسەلاتی ئێلخانییەکان میللەتی کورد تووشی شەڕوشۆڕ و کوشتن و بڕین و تالان و ئاوارەیی و ئەشکەنجەیێکی زۆر بوو.

هەر لەو سەردەمەدا بوو تەیمووری لەنگ (١٣٣٥ – ١٤٠٥) لە سالانی ١٣٨٦ – ١٣٨٨دا هەندێ لەناوچەکانی خوارووی قەفقاس و کوردستان و لوڕستانی داگیرکرد، لە کوردستان دیاربەکر و جزیرەی گرت، گەمارووی ولاتی میری هەکاری دا لە قەلای وان. لە پاشانا ڕووی کردە بەغدا، ئینجا لە ڕێگەی مووسڵەوە گەڕایەوە کوردستان، سەرکردەی میرنشینەکانی هەولێر و جزیرە و حوسنکێف و ماردین و مووسڵ چوونە لای تەیمووری لەنگ، سەریان بۆ دانواند لە پێناوی ئەوەی ولاتەکانیان زیاتر وێران نەبن و زیانیان لێ نەکەوێ.

لە دوای مردنی تەیموری لەنگ، قەرەیووسفی سەرداری قەرەقۆینلوو کە لە تەیموری لەنگ ڕای کردبوو و پەنای بۆ میر شەمسەدینی بدلیسی لە کوردستان بردبوو، لای کورد داڵدەیێکی باشی دۆزیبووەوە، میری بدلیسی گەلێ ڕێزی لێنا و کچی خۆی دایە و یارمەتییێکی زۆری دا کە حکوومەتێک دروست بکا، لە دوای سەرکەوتنی لەم کۆششانەیدا قەرەیووسف لە ساڵی ١٤١٧م بەڕەسمی دانی بەمیرنشینی بدلیس نا.

لەم ماوەیەدا لە دوای نەمانی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی و کۆتایی هاتن بەفەرمانڕەوایی عەباسییەکان و پەیدابوونی دەسەڵاتی تورکمان و فارس لەسەر شانۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد هەندێ سوود و قازانجی پێگەیشت زیاتریش لەلایێک کەڵکی لە ناخۆشی نێوان تورک و عەجەم وەرگرت، لەلاییێکی ترەوە ناخۆشی نێوان بنەماڵەکانی تورک و عەجەم هەریەکەیان بەتەنیا و لەناو خۆیاندا بووە هۆی ئەوەی میرنشینی سەربەخۆ لە هەرێمە جیاوازەکانی کوردستان پەیدا ببێ.

ئوزون حەسەن (حەسەنی درێژ)ی دامەزرێنەری فەرمانڕەوایی ئاق قۆینلوو سیاسەتی کورد بەکورد دادانی بەکاردەهێنا لە کوردستانی سەروودا، لە ئەنجامدا وابوو لە ساڵی ١٤٧٠ هەموویان لەناوچوون، پێوەندی دەرەبەگایەتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا هۆییێکی گرنگ بوو گیانی بنەماڵەیی و عەشیرەتگەری زاڵ بێ بەسەر گیانی نەتەوایەتی لەو ڕۆژگارە دێرینانەی مێژوودا.

پەیدابوونی دەوڵەتی سەفەوی عەجەمی شیعە کارەساتێکی تری مێژوو بوو، بەدرێژایی فەرمانڕەواییان زیانی زۆریان بۆ هەموو پارچەکانی کوردستانی ئەو سەردەمە هەبوو. شا ئیسماعیلی سەفەوی (١٤٨٦ - ١٥٢٣) لە ساڵی ١٥٠٢دا ناوچە ئەرمەنی نشینەکانی خوارووی قەفقاسی داگیرکرد. لە ساڵی ١٥٠٣ هێرشی کردە سەر هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان، هی وەکو ورمێ و شنۆ، لە دوای ساڵێک هێرشی بردە سەر ناوچەکانی دیکەی کوردستانی وەکو دیاربەکر. سیاسەتی بەرژەوەندی ئایینزای شیعە کە سەفەوی و تورکمانەکان ڕەچاویان دەکرد گەلێ خراپەی هەبوو بۆ کورد، چونکە کورد سوننی بوون.

ئیسماعیلی سەفەوی ئۆتۆکراتێکی خوێنڕێژ بوو، سنوور بۆ کردەوە خراپەکانی

نەبوو لە کوشتن و بڕیندا. جارێکیان سەردانی شاری خۆی دەکا. یازدە میری کورد پێشوازی و بەخێرهاتنی دەکەن، بەڵام ئەو هەموویانی زیندانی کرد و لەباتی ئەوان کەسانی قزلباشی کردە سەرۆکی میرنشینەکان، ئەمانە لە دوای شکانی ئیسماعیلی سەفەوی بەرامبەر سوڵتانی عوسمانی سەلیم (١٥١٢ - ١٥٢٠) لە جەنگی چالدیران (١٥١٤) لە زیندان ڕزگارییان بوو.

ئیسماعیلی سەفەوی هەموو هەوڵی بۆ ئەوەبوو میرنشینە کوردەکان لەناو ببا و قەلاچۆی ئایینزای سوننی بکا و خەڵکەکە وەرگێڕێتە سەر ئایینزای شیعە، حەکیمەدین ئیدریسی بدلیسی دەوری دیاری هەبوو لەم کێشەیەدا، بەناوی ئایینزای سونییەوە توانی پارێزگاری هەندێ مافی نەتەوەی کورد بکا، چونکە کورد بۆی نەدەکرا بەناوی ئایینزاوە (سوننە) بەرهەڵستی ئێران بکا و بەناوی قەومییەتەوە (کوردایەتی) بەرهەڵستی عوسمانی بکا.

لەم ماوەیەدا بوو جەنگی قەڵای دمدم لە نێوان شاعەباسی سەفەوی و ئەمیرخان (خانی لەپ زێڕینی کورد) هەڵگیرسا، بەڕاستی ئەم جەنگە لەنێوان کوردی سوننە و قزلباش و ڕێگرە جەلالییە شیعەکان بوو. جەنگی قەڵای دمدم کە لە ٢٦ی شەعبانی ١٠١٧هـ/ ٥ی کانوونی یەکەمی ١٦٠٨ ڕووی داوە داستانێکی قارەمانیەتی نەتەوەی کورد بوو، لە دواییدا بوو بەسەرچاوەیێکی گرنگ و ڕەنگی لە ئەدەبی میللی سەرزاری کورد دایەوە لە هەموو کوردستاندا، لە سەدەی بیستەمیش بوو بەسەرچاوە بۆ نووسینەوەی ڕۆمان و چیرۆک و شانۆگەری کوردی.

لەساڵی ١٦٣٨ سوڵتان مرادی چوارەم (١٦١٢ - ١٦٤٠) پەیمانێکی لەگەڵ قوباد بەگی میری ئامێدی بەست، بۆ ئەم مەبەستە سوپایێکیان لە خەڵکی بادینان و سەرەک عەشیرەتەکانی کوردی وڵاتی مووسڵ و هەولێر و کەرکووک و شارەزوور پێکهێنا و هێرشیان بردە سەر بەغدا و داگیرکەرانی عەجەمیان لەوێ دەرکرد. بەم شێوەیە ئەم ناوچە جوگرافیانە وەک قەوارەیێکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت خۆیان گرت تا سەرەتای سەدەی نۆزدەم، ئەمە بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ڕۆژئاوای شاخی زاگرۆس نەمێنێ.

هەرچی ناوچەکانی کوردستانی سەرووش بوون وەکو بدلیس و ئامێدی و

هەكاری میرنشینی سەربەخۆ بوون و میرە كوردەكان بەڕێوەیان دەبرد و ئەمانە نەچووبوونە ژێر ڕكێفی دەسەڵاتی عوسمانیان تا ساڵی ١٦٦٠م.

ئەو جەنگانەی نێوان سوڵتانی عوسمانی و شاهانی سەفەوی گرنگیی ناوچەكانی كوردستان دەخەنەڕوو، لەبەر ئەوە هەمیشە خاكی كوردەواری مەیدانی جەنگ بووە بۆیە تووشی ئەشكەنجە وماڵوێرانی بووە بەدرێژایی مێژوو. میرە كوردەكان نەیانتوانیوە ببنە هێزێك لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دەسەڵات بەدەستە بۆ ئەوەی حسێبێكیان بۆ بكەن. هۆی نەبوونی یەكێتی لەناو كوردەواریدا نەخوێندەواری و هەژاری و دواكەوتوویی بوو، چاوچنۆكی و خۆپەرستی میرە دەرەبەگەكان لەسەرووی هەموو ئەو هۆیانەوە بوو.

میرنشینی بابان لە سەرەتای سەدەی هەژدەم لە شارباژێڕ لەلایەن سلێمان بەگەوە دامەزرا (بابا سلێمان)، گۆیا نەوەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە بوو. لەگەڵ دامەزراندنی میرنشینی بابان لە ساڵی ١٧١٥ والی بەغدای عوسمانی حوسێن پاشا سوپای ناردە سەر عەشیرەتەكانی بڵباس (بڵباس یەكێتی عەشایەرە)، لەو جەنگەدا بەكر بەگی بابان كوژرا لەو كاتەی بابان كەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، هەر لەو ڕۆژگارەدا بوو میرنشینی سۆرانیش كەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەوە.

دەسەڵاتی نادر شا (١٦٨٨ – ١٧٤٧) لە ئێرانا ڕەنگە مێژوونووسانیان شانازی پێوە بكەن بەوەی هەموو ژیانی شەڕوشۆڕ بووە بۆ مەبەسی فراوانكردنی قەوارەی وڵاتیان و جەنگەكان هەمووی لە پێناوی لەناوبردنی ئایینزای سوننە بووە كە شیعەكان لەو سەردەمەدا بەجەنگی پیرۆز ناویان هێناوە. نادر شا ئەوەندە ڕقی لە كورد بوو تەنیا بەوە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە وڵاتیان داگیر بكا، بەڵكو ئاوارەی دەكردن و جێی زێندەگانی هاووڵاتی كوردی دەگوێزایەوە ناوچە دوورەكانی نیشتمانی كورد، بۆ بەڵگە لە مێژوودا ئاوارەكردنی كوردی كوردستانی ئێران بۆ خۆراسان ڕووداوێكی ئاشكرایە، بەڵام ئەو كوردانە ئەگەرچی بەزۆری ئایینزایان گۆڕی و بوون بەشیعە كەچی نەتەوایەتییان نەدۆڕاند و تا ئێستاش كوردانی خۆراسان بەكوردی دەژین، ئەو برە كوردەی ئەوێ لەبەر هەر هۆیێك بێ كە كۆچیان كرد بۆ ناوچەكانی دەوروبەری شاری عەشقابادی توركمانستان تا ئێستاش ئەدگاری كوردایەتی خۆیان پاراستووە.

نادر شا هێرشی زۆر بووە بۆ سەر وڵاتی کوردەواری، لەمانە لە ساڵی ١٧٢٩ سوپای عوسمانی لە هەمەدان و کرماشان و لوڕستان و کوردستان وەدەرهێنا. لە جەنگەکانیدا بەردەوام بوو، لە دوای ساڵێک لە ١٧٣٠ ئازربێجانی داگیرکرد و دەستی بەسەر تەورێزدا داگرت، ئینجا بەرەو سابلاغ (مەهاباد) و مەراغە و ناوچەکانی دەوروبەر.

سەردەمی فەرمانڕەوایی نادر شا بێ جەنگ نەبووە، لەسەر خاکی ئێمە بووبێ یا لە وڵاتی هاوسێکانمان. لە ساڵی ١٧٤٣ نادر شا هێرشی بردە سەر بەغدا و شارەزوور و کەرکووک، لە پاشانا ڕووی کردە زەوییەکانی زێی کۆیە، ئەوجا هەولێر و مووسڵ، کوشتن و تاڵان و ئاوارەیی بەشی دانیشتوانی ئەم خاکانە بوو.

کورد ناوی نادر شا بەخوێنرێژ دێنێ، خۆشیان نەویستووە و ناویان بەچاکە نەهێناوە، ئەمە ڕەنگی لە ئەدەبی کوردی داوەتەوە لە هەموو هەرێمەکانی کوردستانی خواروو و ڕۆژهەلات و شیعری لیریکی و چیرۆکی شیعری لەم بابەتەوە بەرچاو دەکەون.

لە دوای کوشتنی نادر شا دەسەڵاتی بنەماڵەی کوردی زەند دروست بوو (١٧٥٣ – ١٧٩٤). کەریم خانی زەند لەقەبی شای لە خۆی نەنا و بە«باوەڕپێکراوی هاووڵاتییان» خۆی بەخەڵکی ناساند، ئێرانی دەڵێن لە کۆنی کۆنەوە لە مێژووی ئێراندا سەردەمێکی خۆشی وا کە ماوەکەی لە نیو سەدە کەمتر بوو هەڵنەکەوتووە، لەو ڕۆژگارەدا دەڵێن مەڕ و گورگ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە.

لەپاش فەرمانڕەوایی بنەماڵەی زەند ئاغا محەمەدی قاجار لە تایەفەی تورکمانان لە ساڵی ١٧٩٤ دەسەڵاتی قاجاری لە ئێران دامەزراند. قاجارەکان تارانیان کرد بەپایتەخت و دەسەڵاتیان تا ساڵی ١٩٢٤ بەردەوام بوو.

## ناوچەی جوگرافی کوردانی گۆران

گۆران هۆز و تیرە و کۆمەڵێکی ئەتنۆگرافییە لە خەڵک لەگەڵ کرمانج و لوڕ نەتەوەی کورد پێکدێنن. زانیاری لەم بابەتەوە لە سەدەی شازدەمدا لەلایەن مێژوونووسی یەکەمی کورد شەرەفخانی بدلیسییەوە کەوتۆتە ناوەوە.

گۆران وەک زاراوە بۆ کۆمەڵێک عەشرەت و یەکێتی عەشرەت بەکاردەهێنرێ.

ئەم خەڵکە لە دامەنەکانی شاخی زاگرۆس دەژین لەو شیوانەی لە چیاکانی لای باکووری ڕێگەی بەغدا و کرماشان دەبنەوە. هەروەها لەم ناوچانەش ژیانی کۆچەری و نیشتەجێیی دەبەنە سەر: لەسەر ڕووباری سیروان و ناوچە جیاوازەکانی هەردوو هەورامان، هەورامانی لهۆن لە ڕۆژئاوای ئەو زنجیرە شاخە و هەورامانی تەخت لە ڕۆژهەڵاتی ئەو زنجیرە شاخە.

جگە لەوە گۆرانەکان لە هەندێ ناوچەی جوگرافی دیکەدا زیندەگانی دەکەن:

١- هێڵی سنە - کرماشان بەرەو ڕۆژئاوا ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە نزیک سنووری عێراق و ئێران.

٢- ناوچەی پاوە، کەوتۆتە شیوێک لە شیوەکانی زێی سیروان.

٣- ناوچەی کەندووڵە (کەنوولە) کەوتۆتە لای سەرچاوەی زێی بانیان بەرامبەر بەخەرابە و پاشماوەی شوێنەواری شاری دینەوەری مێژوویی بەناوبانگ.

٤- لەسەر ڕووباری خازر (غازر) لە باکووری شاری مووسڵ لەو ئاقارانەی دەڕژێتە ناو زێی گەورە (زێی بادینان)، لەم ناوە عەشرەتەکە «باجەڵان»ی پێدەڵێن، بەڵام لەناو خۆیان و هاوسێکانیان بە«سارەلوو» یا «سارەلی» ناویان دەبەن.

٥- باجەڵانەکان لە ناوچەی زەهاوی باکووری لوڕستانیش دەژین.

٦- لە کوردستانی تورکیا گۆرانەکان بەزازا ناویان دەبرێ، چونکە لە ڕووی نەژادی عەشرەتی و زمانەوە گۆران و زازا یەکتر دەگرنەوە. ئەمانە لەوێ لە ناوچەی دەرسیم لە نێوان مووش و ئەرزنجاندا دەژین، هەروەها لە ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم و خەرپووت و بدلیس و دیاربەکر دەبینرێن.

ئەو ناوچە جوگرافیانەی کە گۆرانەکان تێیدا دەژیان لە ڕۆژگارانی مێژوودا، لەو سەردەمانەی دیالێکتی زمانیان دروست دەبوو، گەلێ فراوانتر و گەورەتر بوو لەو ناوچانەی لە سەرەوە دەستنیشانمان کردن، هیچ گومانێک لەوەدانییە ئەو ناوچانەی گۆرانەکان تیایاندا نیشتەجێ بوون یا کۆچیان دەکرد لە سەدەی هەژدەمدا گەورەتر بووە لەو زەوییەی ئێستا داگیری دەکەن، دیارە ئەم گۆڕانە لە ژیاندا تەنیا دیالێکتی زمان دەگرێتەوە، بەوەی دیالێکتی گۆرانی کز دەبێتەوە و دیالێکتێکی دیکەی زمانی کوردی جێی دەگرێتەوە.

پەیدابوونی میرنشینی سلێمانی لە دوا ساڵانی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم بەشێوەیێکی نوێ (مودێرن) تا ڕادەیێک لەسەر حسێبی تەسکبوونەوەی ئەو ناوچانەبوو کە گۆرانەکان تیایاندا دەژیان. بەم ڕەنگە دیالێکتی کرمانجیی خوارووی زمانی کوردی وەکو زمانێکی ڕەسمی میرنشینی سلێمانی پەیدابوو، لە دوا ساڵانی سەدەی هەژدەمەوە بەرە بەرە جێی بەدیالێکتی گۆرانی لەق کرد و لەسەر حسێبی ئەو بڵاوبووەوە.

تۆفیق وەهبی لە ناسینی گۆرانەکان زانستییانە گەلێک زانیاری بەدەستەوە دەدا، بەڵام داخی گران زۆریان بڵاونەکراونەتەوە، من وەکو مامۆستاییێکم لێم بیستووە، ئەوەی بڵاویش کراوەتەوە پچڕ پچڕ لەم لاو ئەولای باسە زانستییەکانیدا بڵاوکراونەتەوە. لە بیروباوەڕەکانی لەم لایەنەوە دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی لە میرنشینی ئەردەڵاندا باو بوو، بابا ئەردەڵان لەسەدەی چواردەمی مەسیحی دایمەزراند، سەرلەنوێ شاری شارەزووری دروستکردەوە، ئەوەی مەغۆلەکان وێرانیان کردبوو و کردی بەیەکێ لە شارە سەرەکییەکانی میرنشینی خۆی. دوور نییە بڵاوبوونەوەی گۆرانەکان لە ڕۆژهەڵاتی زاگرۆسەوە بەرەو شارەزوور بەم بۆنەیەوە ڕوویدابێ.

کاکەییەکان (ئەهلی هەق، عەلی ئیلاهی، یارسان) شارەزووریان کرد بەسەرزەمینی پیرۆزیان، وە دیالێکتی گۆرانی بەزمانی ئایینییان، کەچی سوڵتان «سەهاک» کردگاری کاکەیی خۆی خەڵکی بەرزنجە بوو، دێیێکە لە شارباژێڕی کرمانجی، لەو سەردەمەدا زمانی شیعر لە شارەزووردا گۆرانی بوو، وە ئەدەبی ئایینی کاکەییانیش بەشیعر دەستی پێکردبوو و تا ئێستاش ماوەتەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێ کە عەشرەت و هۆزەکانی گەرمیانی دەوروبەری کەرکووک و کفری و خانەقین و قەراغ زێی سیروان، وەکو عەشرەتەکانی زەنگنە و جەباری و شوان و بیبانی و هی دیکە لە تیرەی گۆران بوون، ئەمانە ئەدەبی کلاسیکی نووسراو و ئەدەبی میللی نەنووسراوی (فۆلکلۆری) خۆیانیان هەبوو بەدیالێکتی گۆرانی، بەڵام دیالێکتی کرمانجیی خواروو بەرە بەرە ئەو ناوچانەی داگیرکرد لە ئەنجامی پەرەسەندن و پێشکەوتنی لە سایەی میرنشینی سلێمانییەوە.

دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی زمانی قسەکردن و نووسینی هەموو ئەو هۆز و کۆمەڵ و خەڵقانەیە، ئەوانەی لەو ناوچە جوگرافیانەدا دەژیان. بێگومان دیالێکتی گۆرانی لە چەند دیالێکتێکی بچووکی ناوچەیی پێکهاتووە، وەکو دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی.

ئەدەبی کلاسیکی کوردی نووسراو و ئەدەبی میللی نەنووسراو بەهەموو دیالێکتە ورد و درشتەکان پەرەی سەند و گۆڕانی بەسەر داهات بەشیعر و پەخشانەوە، ئەگەرچی شیعرەکە بەشی زۆری ئەو ئەدەبەیە و پەخشانەکە بەشی کەمیەتی. لە دیالێکتی گۆرانیدا مەسەلەی دیالێکتە بچووکەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ئەدەبدا ڕوونتر و ئاشکراتر دەکەوێتە بەرچاو، واتە ئێمە شیعری کوردی بەدیالێکتە بچووکەکانی دیالێکتی گۆرانی دەبینین.

تۆفیق وەهبی هەردوو دیالێکتی گۆرانی و زازایی بەیەک دیالێکت دەزانێ، بەم جۆرە دیالێکتی گۆرانی بەلای ئەوەوە لەم دیالێکتە بچووکانە پێکهاتووە: هەورامانی، زەنگنەیی، کاکەیی (ماچۆ) و باجەلانی.

سەرەتای ئەدەبی کوردی نووسراو واتە شیعری کلاسیکی بەدیالێکتی گۆرانی بوو. بێگومان هۆی هەرە گەورەی پێشکەوتنی ئەم دیالێکتە لە ڕۆژگارانی مێژوودا ئەوەبوو کە بابا ئەردەڵان میرنشینی لە سەدەی چواردەمی مەسیحیدا دروست کرد بایەخێکی زۆری بەلایەنی زانستی و ئەدەب و هونەر دەدا، زمانی ئەو میرنشینە دیالێکتی گۆرانی بوو، جگە لەمە دیالێکتی گۆرانی زمانی ڕەسمی ئایین و ئایینزا و عەقیدە شارراوەکان بوو لەو ناوچانەی هۆزەکانی گۆران کردبوویان بەمەڵبەندی ژیانیان.

ئەستێرەی بەختی دیالێکتی گۆرانی بەرەو کزبوون و ڕژان دەڕۆیشت لەوکاتەی کە بزووتنەوەی شیعری نوێ لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لەسەر دەستی نالی لە ناوچەی سلێمانی سەری هەڵدا. لەو سەردەمەدا عەبدولڕەحیمی مەولەوی (١٨٠٦ – ١٨٨٢) لووتکەی شیعری کلاسیکی دیالێکتی گۆرانی بوو، ئیتر بەرەو کزبوون کەوتە ڕێ و شاعیرێکی وەکو مەولەوی لە دواڕۆژدا پێشکێش نەکرد، لەگەڵ ئەوەی تا ئێستاش دیالێکتی گۆرانی هەر ماوە و کۆتایی نەهاتووە.

بەشی دووەم

# مەلا پەرێشان

١٣٥٦ - ١٤٢١

## ژیانی

ناوی محەمەد ئەبولقاسم لە ساڵی ١٣٥٦م لە شاری دینەوەری ناوچەی کرماشان لەدایک بووە، نازناوی شیعری مەلا پەرێشانە. بەمەلا پەرێشانی دینەوەری و مەلا پەرێشانی کورد و مەلا پەرێشانی لوڕیش ناوبانگی دەرکردووە.

لە کتێب و نووسراوی سەردەمی ژیانی ناوی هاتووە، هەروەها خۆشی باسی شێخ ڕەجەب بورسی کردووە، لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێ:

شێخ ڕەجەب بورسی وە ئەو گشت قورسی
لە وەحــدەت حــەرفی ئەو ژ من پرسی
پەنجا ساڵ تەریق خدمەتم گوزاشت
جوز وە یەک ڕشتە جوربزە نەیاشت

واتاکەی:

شێخ ڕەجەب بورسی بەم هەموو قورسییەیەوە (گەورەیییەوە)
لە بابەت وەحدانییەتی حەرف (خودا) لە منی پرسی
پەنجا ساڵ خزمەتی تەریقم کردووە (ئایینم کردووە)
جگە لە ڕشتەیێک هیچی دیکەی نەدەزانی

مەلا پەرێشان هاوڕێ و نزیکی شێخ ڕەجەبی بورسی بوو، ئەم شێخە خاوەنی کتێبی «مشارق الانوار - ڕۆژهەڵاتانی ڕووناکی» بووە کتێبەکەی لە ساڵی ٨٠١ھ/١٣٩٨م نووسیوەتەوە، بەم پێیە مەلا پەرێشان لە نێوان نیوەی دووەمی سەدەی چواردەم و نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەمی مەسیحی لەگەڵ هاوڕێکەی

شێخ ڕەجەبی بورسی لە ژیانا بووە.

گەلێ دیوی ژیانی مەلا پەرێشان ئاشکرا نییە، سەرچاوەی هەرە گرنگ ناوەرۆکی شیعرەکانیەتی کە لە دیوانەکەیدا تۆمارکراون. ئەمە تینوەتی مێژوونووسی ئەدەب تا ڕادەیێک دەشکێنی و دەتوانێ هەندێ لایەنی ژیانی ڕۆشنبیری شاعیر ڕووناک بکاتەوە لەمانە دەکارین بڵێین مەلا پەرێشان کۆنترین شاعیری کوردە بەدیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی شیعری دانابێ و لە چوارچێوەی شیعری ئایینی یارسان چووبێتە دەرەوە.

مەلا پەرێشان ژیانی لە ناوچە کوردییەکانی کرماشان و دینەوەر بردۆتە سەر، پێوەندی بەهێزی بووە لەگەڵ لورستان لە هەموو ڕوویێکەوە زۆرتریش لە بابەت زمان و ئەدەبیاتەوە تا لە ساڵی ١٤٢١م کۆچی دوایی کردووە.

## خوێندەواری و بیروباوەڕی

مەلا پەرێشان لەسەر ئایینزای شیعی ئایینی ئیسلام بووە، قۆناغەکانی مەلایەتی لە خوێندندا تەواو کردووە، لەبەر ئەوە وەکو لە شیعرەکانیشی دەردەکەوێ شارەزاییێکی تەواوی لە زمانی عەرەبیدا بووە، جگە لە زمانی دایک کە کوردی بووە، فارسیشی زانیوە، لە هەندێ سەرچاوەدا ئەوە هاتووە کە تورکیشی زانیوە، جا نازانین لە کۆمەڵی ئێرانی سەدەی چواردەم زمانی تورکی عوسمانی بەشێوەیێک باوبووە خوێندەوارانی ئەو سەردەمە گرنگی پێ بدەن!

مەلا پەرێشان لە بیروباوەڕی ئایینزای شیعە تا پلەیێک زیادڕۆ بووە، بەلای ئەوەوە کارێکی ئاسایی بووە ناوی سێ خەلیفە بەراییەکانی ڕاشیدین بەخراپە بهێنی، لە نووسینەکانیدا خۆی وەکو شیعەیێکی دوازدە ئیمامی موتەتەریف پیشان دەدا.

بیروڕا و عەقیدەی شاعیر نموونەی ئایینزای شیعی ڕەسمی ئیسلامی بووە بەهەموو لایەنەکانی تیۆری و پراکتیکییەوە، مەلا پەرێشان لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە دوازدە ئیمام و چواردە مەعسوومەکان دروشمی پێوەندین لە نێوان ئادەمزاد و کردگار، ئەمانە هەموویان لە پێغەمبەر و نەوەی ئەون، خودا دروستی کردوون بۆ ئەوەی ڕەمز و پێوەندی بن بۆ ڕێ پیشاندانی ئادەمزاد لە پێناوی دۆزینەوەی ئایینی ڕاست.

شاعیر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە خودا لە سەرەتادا گەردوونی بەم جۆرە دروست کردووە:

چون حەق ژ ئیجاد ماسیوا پەرداخت
ژ نووری ئەحمەد لەوح و قەلەم ساخت
عەرش و کورسی هەم ژ نوور مورتەزا
ئاسمان و زەمین ژ نوور موجتەبا
ژ نووری حوسەین بەهەشت کرد بینا
جیلوەگەری نوور بەتوولی عەزرا
نووری بەتوول کەرد مەشاتە هەر هەفت
ئەتلەس و ئەفلاک گەردش و زەربەفت
چون کە رەوشەن کەرد کوللی ماسیوا
مولەقەب بی وو زوهرەیی زەهرا

واتاکەی:

خودا لەبنجدا هەموو شتی بێجگە لە خۆی دروست کرد
لە نووری محەمەد لەوح و قەڵەمی دروست کرد
عەرش و کورسیش لە نووری عەلی (مورتەزا)
ئاسمان و زەوی لە نووری حەسەن (موجتەبا)
لە نوری حوسێن بەهەشتی بیناکرد
بەتوولی کیژ (فاتیمە) بووە ڕەمزی نوور
بەنووری بەتوول هەر حەوتی ڕووناک کردەوە
گەردوون و چەرخ و فەلەک کەوتنە بزووتنەوە

کە هەموو شتی بێجگە لە خۆی ڕووناک کردەوە نازناوی زوهرەی زەهرای درایە (واتە فاتیمە) لە پاشانا ئادەمزاد بەسەر سێ چین دابەش دەکا:

سێ نەوع بەشەر خەلق کەر خوای عالەم
ناس و شوبهـ ناس، یەک ناسی ئەفهەم
ناس چاردە مەعسووم شوبهـ ناس بزان

بووزەر و میـقـداد، عـەممار و سـەڵمـان
مـا بەقـا مـەردم مـوتلەق نەسناسـەن
وە ئەحـەدییـەت خـودا نەشناسـەن

واتاکەی:

خودای عالەم سێ جۆرە خەڵکی خولقاند
ناس و شوبە ناس، یەکێکی تێگەیشتوو
ناس چواردە مەعسوومەکەن، شوبە ناسیش
ئەبوو زەر و میقداد و عەممار و سەلمان
ئەوەی دەمێنێتەوە هەموویان نەسناسن

(نەسناس: جۆرە جانەوەرێکە بێ هۆشە بەلەش کەمێک لە ئادەمزاد دەکا)

مـەبەسی مـەلا لە (ناسـی ئەفـهـەم) هەمـوو ئەو خـەڵکەیە کـە لە پاش چواردە مەعسووم و ئەو چوارەی باسی لێوە دەکەن دێن (ئەبوو زەری غەففاری، میقدادی کوڕی ئەسوەد، عەمماری کوڕی یاسر، سەلمانی فارسی) ئەوەی پاش ئەمانە بەلای ئەوەوە ئاژەڵ و درندەن.

## شاعیر سۆفیی تەریقەتی «حورووفیە» بوو

لە سـەردەمی ژیانی مـەلا پەرێشـان بزووتنەوەی (حورووفـیـیـە) وەک ڕێبـازێکی سـۆفـیـزم کـەوتە نـاوەوە. زاراوەی ئەم ڕێبـازە سـۆفـیـزمـییـە لە وشـەی (الحرف)ی عەرەبییەوە دروست کراوە، ئەمە فیرقەیێکە لە (أهل الحقیقە - کەسـانی ڕاستی) دامـەزرێنەری فـەزلوڵلای نـەعیمـی ئەسـترابادییـە (١٣٤٠ - ١٤٠٢). خـاوەنی ئەم ڕێبازە کـەسێکی بەتوانا و پڕ زانست بوو، داوای ئەوەی کرد کە خـەلیفـەی خودایە لەسـەر ئەرز وەکـو عـیـسـا و مـحـەمـەد، لەدەست خـەڵکی خـۆی شـاردەوە، بەڵام ئەنجـامی کوشـتن بوو، سێ کـتـێبی هەیە لای حـورووفـیـیـەکـان بـەکـتـێبی پیـرۆز دەژمێردرێن، یەکێکیـان (جاویدنامە) پـەخشانە، دوانەکەی دیکەی (محبت نامە) و (عرش نامە) بەشیعر دانراون.

بیروباوەڕی حورووفییە بەتەواوی لە شـیعری مـەلا پەرێشـاندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ خوێندەوار هەیە هەندێ لایەنی نهێنیی ئەم ڕێبازە لە شیعری ئەم شاعیرەماندا

بۆی ڕوون ببێتەوە. ڕێبازەکە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە بنچ و بنیادی ناسینی خودا لە وشە (کلمە) دایە. حەرف (تیپ) مانای نهێنیی هەیە، لێکدانەوە فەلسەفییەکە لەسەر بنجی نرخی ژمارەیی حەرف وەستاوە. بەم پێیە هەموو تیپەکانی نووسین لەکن لایەنگرانی ئەم ڕێبازەدا پیرۆزن. لەناو هەر تیپێکدا نهێنییێک هەیە. بەلایانەوە ئەگەر ئادەمزاد بگاتە پلەی (کاملی) لە پلەی خوایەتی نزیک دەبێتەوە.

بۆ مەبەستی نهێنییەکانی تیپی نووسین ئەمانەش وەکو زۆربەی فیرقەکانی سۆفیزمی ئیسلامی دەگەڕێنەوە قورئان دەڵێن ئایەتەکانی هەمووی نهێنییە، مانا دیار و ڕووکەشەکانی جەوهەری قورئان نانوێنن.

بزووتنەوەی حورووفییە لەناو ئایینزای شیعە سەری هەڵدا. پەیدابوونی (حەق) لە سێ پلەی (نبّوت، ولایەت، ألوهیەت) دەبینن. بەلای ئەوانەوە (نبّوت) بەپێغەمبەری ئیسلام دوایی هاتووە، «ولایەت» لەوەوە دەست پێدەکا، بەڵام لەپاش ئەو عەلی و یازدە منداڵەکانی جێنشینی پێغەمبەرن، دوازدەمیان خاوەنی ویلایەت و مەزهەری خوایەتییە، وەکو چۆن لە دوای پێغەمبەری ئیسلام پێغەمبەری دیکە نییە، لە پاش ئیمامی دوازدەمینیش وەلیی تر نایە. هەروەها ئیمامی دوازدەم بەدوا پێغەمبەر دادەنێن، جێنشینانی ئەمانە مەزهەری خوایەتییان هەیە.

لە شیعرێکیدا مەلا پەرێشان بیروڕای ڕاستی حورووفییەتی خۆی دەخاتەڕوو:

ئەوەلین حەرفی نوبووەت نوونەن
مەلفووزەش سێ حەرف واوەش مەکنوونەن
واو خود کینایە ژ ویلایەتەن
نەمن یە واتەم نەسسی ئایەتەن
ئەووەلین حەرف ویلایەت واوەن
ئەونیز مەلفووزەش سێ حەرف واوەن
ئەوسەت ئەلفەن ژ ئولووهییەت
مونکیر ئینکار کەرد ژ بولووهییەت

واتاکەی:

یەکەمین حەرفی نوبووەت نوونە

لە سێ حەرف پێکهاتووە واوی شارراوەیە
واو کینایەتە بۆ ویلایەت
ئەمە لە ئایەتی قورئاندا هاتووە
یەکەمین حەرفی ویلایەت واوە
ئەویش بەلەفز سێ حەرفی واوە
ناوەڕاست ئەلفە لە ئولووهییەتە
مونکیر ئینکاری دەکا چونکە گەمژە و گێلە

لە شیعرێکی تریدا دەڵێ:

وەســـفـی بەندەگی بزان سێ حـــەرفـــەن
حـەرفێ سێ کـەلام وەنەحـوی سـەرفـەن
ژ (واو) «وەدوود»، «وەفـــــا» بکـەرزەبت
ژ (صـاد) «صـبـر»، «صـەفـا» بکەرزەبت
(ف)ێ «فـەقـر» و «فـاقـە» «فناء»دا مـحـەل
(خـــــیـــــر الـکـلام مـــــاقّـل ودلّ)

واتاکەی:

(وصف)ی عەبدایەتی بزانە سێ حەرفە
بەنەحوو و سەرف حەرفی هەر سێ وشەکان
لە (واو) «وەدوود»، «وەفا» ببینە
لە (صاد) «صەبر»، «صەفا» ببینە
(ف)ێی «فەقر» و «فاقە» «فەناء» لەجێی خۆیانن
(خیر الکلام ماقلّ ودلّ)

مەلا پەرێشان ئەدەبی کلاسیکی کورد بەم بابەتە ناوەرۆکانە دەوڵەمەندکردووە. لەوانەیە خوێندەوار بیری بۆ ئەوە بچێ ئەم جۆرە شیعرانە دوورن لە خەیاڵ و دۆزینەوەی مانا، بەڵام دۆزینەوەی نهێنیی هەندێ لایەنی سۆفیزمیان تێدایە، لەبەر ئەوە دەچنە ناو ئەو جۆرە شیعرانەی کە ناونراون شیعری فێرکردن (دیداکتی)، ئەم بابەتە شیعرە لەناو هەموو کۆمەڵانی پێشکەوتوو لەناوەوە بووە لەسەردەمی گریکەکانەوە تا ئێستا.

مەلا پەرێشان دژی «دەروێشیزم» بوو

بێگومان مەلا پەرێشان بەئایین موسڵمان و پێڕەوی ئایینزای شیعەی کردووە. باوەڕی بەشەریعەت بووە، کە لایەنگری حورووفییە بووە، ئەم بیروباوەڕە سۆفیزمییەی لە چوارچێوەی ئایینزای شیعەدا بینیوە. تەریقەتی ڕاست بەلای ئەوەوە حورووفییە بووە، ئەگەرنا ئەو تەریقەتانەی لەناو ئایینزای سوننی دابوون، بەتایبەتی ئەوانەی خەریکی لایەنی پراکتیکی تەریقەت بوون کە ئێمە «دەروێشیزم»ی پێ دەڵێین، مەلا پەرێشان ئەمانە بەکوفر و خودانەناسی لە قەڵەم دەدا، لەم لایەنەوە دەڵێ:

وە مەزهەب حەقیر دوو هۆزن کافر
یەکی سۆفییە، یەکی موتکەبر
لێکن وەمەعنا سووف پەشم پووشا
کیلاب و سیباع دەواب وحووشا
تاریکوسەلات مالی مەردم خوەر
بەمەعنای سۆفیە، وێنە سەگ و خەر

واتاکەی:

ئەوەی بەمەزهەبی حەقیر دەژمێردرێ دوو هۆزی کافرن
یەکێکیان سۆفی ئەوی دیکەیان لووت بەرز (موتەکەبیر)
بەڵام لە جەوهەردا پۆشینی خورییان درۆیە
ئەمانە سەگ و گورگ و وڵاغ و دڕندەن
نوێژ ناکەنماڵی خەڵکی دەخۆن
ئەم جۆرە سۆفییانە سەگ و کەرن

وەکو لەم شیعرە و لە سەرانسەری شیعری مەلا پەرێشان دەردەکەوێ دژی سۆفیزمی سەر بەئایینزای سوننی بووە، جگە لەوە لە دژی لایەنی پراکتیکی دەروێشیزمی سەردەمی خۆی بووە، ئەم دیاردەیە لەناو زۆربەی شاعیرانی کورد ئاشکرا و دیارە، هەندێ لەو شاعیرانە خۆیان شێخی تەریقەت بوون لە کوردستاندا شیعریان ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی سۆفیزم بوو کەچی لە دژی لایەنی پراکتیکی دەروێشیزم بوون.

## دیوانی مەلا پەرێشان

شاعیری ئەم ماوەیەمان دیوانێکی بچووکی لەپاش بەجێ ماوە، لە خوێندنەوەی دیوانە چاپکراوەکە و دەسنووسەکاندا ئەوە دەردەکەوێ ئەوانەی ڕوونووسیان کردووە شیعرەکانیان شێواندووە، تا ئێستاش لە دیوانەکە نەکۆڵراوەتەوە و چاپێکی کریتیکی لەبەر ڕۆشنایی چەند دەسنووسێک نەکەوتۆتە ناوەوە.

دیوانی شیعری مەلا پەرێشان بەدەسنووس و چاپەوە بەم ناوانە دەکەونە بەرچاو: «هذا کتاب المرحوم الملا پریشان الکردي»، «دیوانی مەلا پەرێشانی کورد».

دیوانی دەسنووسی مەلا پەرێشان یا ڕاستتر «پەرێشان نامە» بریتییە لە پێشەکی و حەوت فەسڵ و پاشەکی بەپێی ئەو دەسنووسەی کە لە زانستگای ماربورگی ئەڵمانیا پارێزراوە.

پێشەکی لەبابەت نوکاتی مەعنەوی و ڕوموززاتی موحتەوی حەقیقی و ئیشارات و کینایات لە بارەی تەریقەتی ڕەززییەی ڕەزەوییە.

فەسڵی یەکەم: ئامۆژگاری و پەند لە بابەت ئەهلی عیرفان و مەعریفەتەوە.

فەسڵی دووەم: داواکردنی یارمەتی لە ساقیی حەقیقی.

فەسڵی سێیەم: لەبابەت «واجب الوجود»ەوەیە لەژێر تیشکی دەستوورەکانی شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت.

فەسڵی چوارەم: لە سیفاتی باری تەعالا.

فەسڵی پێنجەم: ئیعتیراف کردن بەگوناه و داوای عەفوو کردن.

فەسڵی شەشەم: پاڕانەوە لە دەرگای قازییەلحاجات حەزرەتی خەتمی ڕیسالەت (محەمەد) و جەنابی شاهی ویلایەت (عەلی).

فەسڵی حەوتەم: لەبارەی خراپەی سێ خەلیفە و مونکیرین و مونافیقین و عاسییانی حەققی حەزرەتی ئەمیر و مەعسوومین عەلەیهوموسسەلام.

پاشەکی حاڵی موسەننیف و وەسفی ڕۆژی حەشر و عەدل و خالیقی ئەکبەر.

بەڵام وەکو دەردەکەوێ لەکاتی چاپکردنی دیوانی مەلا پەرێشان بڵاوکەرەوە لەلای خۆیەوە هەندێ ناوی بۆ بەشەکان داناوە، دیارە ئەم ناوانە لەگەڵ ناوەرۆکی بەشەکان دەگونجێن.

شیعرەکان بەناوی «دیوانی مەلا پەرێشانی کورد» لە کرماشان لەسەر بنج و بناوانی دەستنووسێک چاپکراوە لە ساڵی ١٩١٥ ڕوونووس کراوە. ناوەرۆکی دیوانەکە لەسەر بنچینەی بەند دەڕوا، هەر بەندی لەژێر ناوێک دایە وەکو ئەمانە: بسمیللا، پێداهەڵدانی پێغەمبەر و عەلی، لەبارەی یەزدانی پاکەوە، عەلی و دوازدە ئیمام و چواردە مەعسووم، چینەکانی ئادەمزاد، سیفەتەکانی ئادەمزاد، میعراج، ئامۆژگاری، کینایات، وەسفی خودا، وەسیەتی پێغەمبەر بۆ عەلی، عەلی و غەدیری خوم، زولفەقار، وەسفی پێغەمبەر، ڕیایی و بێ ڕیایی، گفتوگۆی عەقڵ و هۆش، پێغەمبەر و جبریل و عەلی، لە دژی شەراب، ویلایەتی عەلی، شاعیر دەبێ چۆن بێ، لە دژی سۆفیزم، شا و ڕەعیە، گفتوگۆ لەگەڵ مەلای ئەشعەری، موناجات.

جگە لەم بەشە شیعرەی مەلا پەرێشان دوو بەرهەمی ئەدەبی دیکەی هەیە بەناوی «پەرێشان نامە» و «ساقی نامە» هێشتا بەچاپ نەگەیەنراون.

## شیعری مەلا پەرێشان

غەزەل و شیعری لیریکی بەمانا ئەدەبییە ڕۆژهەڵاتییەکەی لە ناوەوە نەماوە، ئەوەی ماوەتەوە تەنیا پەرێشان نامەیە ئەویش خەریکی وەسفی حورووفییەیە و ناوی نابا و ناوی دەنێ تەریقەتی «ڕەزییەی ڕەزەوی – رضیەی رضوی». مەبەسی سەرەکیش لای مەلا پەرێشان پارێزگاری کردنی عەقیدەی ئایینزای شیعەیە بەهەموو لایەنەکانی تیۆری و پراکتیکییەوە.

ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە لە بنەڕەتدا مەلا پەرێشان لەبەر ئەوە چۆتە سەر تەریقەتی حورووفییە چونکە ئەم تەریقەتە لەگەڵ شیعەی ئیسلام دەگونجێ. شاعیر زۆر سوودی لەم تەریقەتە وەرگرتووە، وەک ئاشکرایە لە وەسفی میعراجی پێغەمبەردا شەقلی ئەسکەندەرنامەی حورووفییەی پێوەدیارە.

شیعری مەلا پەرێشان نموونەی وەسفی تەریقەتی حورووفییەی تێدایە زیاتر لەوەی داهێنانی ئەدەبی بێ لەناو گێتیی فراوان و بێ پایانی سۆفیزمدا، لەبەر ئەوەیە شیعرەکانی لە نەزم نزیکترن و بەزۆریش وەعز و ئیرشاد بەڕێوەیان دەبا، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو پەند و ئامۆژگارییەکاندا ئاوڕدانەوەی هونەری وا بەهێز دەبینین شاعیرە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی پاش سەردەمی ژیانی مەلا پەرێشان هەندێکی لەم بابەتەیان بۆ بەجێ هێشتووین.

مەلا پەریشان لە شیعرێکیدا دەڵێ:

دونیا و ئاخیرەت هەردوو ئیحسانەن
هەر خــــوردەبینی درشت زیانەن

واتاکەی:

دونیا و ئاخیرەت هەردووکیان هەقن
وردبینی گەرەکە، درشتی زیان بەخشە

لە وەعزیشدا هەندێ جار مەلا پەرێشان لە قالبی دیاریکراو و چارەنووس (قَدَر) دەچێتە دەرەوە بۆ گێتیێکی داهێنراوی ئیستێتیکی و بۆچوونەکانی ئەوە دەخەنەڕوو کە شاعیر شارەزای مێژووی فەلسەفە بووە و دەمی لە زانستی مەنتیقیش داوە، لەم لایەنەوە دەڵێ:

غەم مەخور فەردا شەفیع تو منم
مــالیکی رووحم نەمــەملووک تەنم
حوکەمای فەلسەفە و ئیشراقی یونان
وی ئیستیدلاله و دەم ماچان جان
عامی بێچارە عارییەن ژ هوش
مەعلوومەن عەقلەش ها لە پشت گوش

واتاکەی:

غەم مەخۆ سبەینێ من شەفیعی تۆم
من خاوەنی ڕووحم کۆیلەی تەن نیم
حەکیمانی فەلسەفە و ئیشراقی یۆنان
دەلیلی ڕاستی حەقیقەتی گیانن
خەڵکی عامی بێچارە لە بیر و هۆش خاڵین
دیارە عەقڵیان لە پشتی گوێیانەوەیە

## ساقی نامەی پەرێشان

ساقی نامە بابەتێکی باوە لە ئەدەبی کوردیدا، ئەم ساقی نامەیە یەکێکە لە بەرهەمە کۆنەکانی ئەدەبی کوردی لەم ڕووەوە. ناوەرۆکی ئەم جۆرە شیعرە

دەچێتەوە سەر ئەدەبی سۆفیزم، ئەوەی ئێمە ئاگادارین ئەوەیە مەلا پەرێشان دژی سۆفیزمە، بەڵام وەک ئاشکرایە ئەو لە دژی لایەنی پراکتیکی سۆفیزمە، ئەوەی ئێمە «دەروێشیزم»ی پێ دەڵێین و لەلایەن هەندێ تەریقەتی سۆفیزمی ئیسلامییەوە کراوە بەداردەست و برێ لە شێخانی تەریقەت بۆ چاکە و بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دێنن.

لەم لایەنەوە دەبینین مەلا پەرێشان خۆی وەکو سۆفییێک دەخاتە بەرچاو لەوانەی لەژێر رۆشنایی ئایینزای شیعە شیعری سۆفیزمی بەرهەم دێنن بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن. ئەم ساقی نامەیەی مەلا پەرێشان نموونەی ئەو ئەدەبە بەرزەیە ئادەمزاد لە رێکخراوێک کۆدەکاتەوە مەستی خودایی ناسنامەیان پێ دەبەخشێ و هەموویان بۆ یەک هیوا و ئامانج دەژین.

ساقییا وەرە جامێ پەی مەستی
سوودم مەستییەن زیان ژ هەستی
جامێ کە مەغزم باوەرۆ وەجۆش
دونیا و مافیها بکەم فەرامۆش
نە ژەو بادەی بەزم حەریفان رەد
مەنهی مینەڵڵا موزەلیل خیرەد
مەستان مەجاز دێوەن مەس نیەن
هەوا پەرستان حەق پەرەس نیەن
ژەو بادەی بێ غەش خومخانەی دێرین
شێر مەرد ئەفکەن تەڵخ لەب شیرین
بدەر تا یەکجار پاک ژ گۆنا بووم
مەستی باوەڕۆ فەنا فیللا بووم
موسڵمانی کەر من تەشنەکامم
کافری زوهدم مووریدی جامم
فیدات بام ساقی تەڕ زووانم کەی
من دەردەدارم دەوای گیانم کەی

ژ جـام تەوحـیـد یەکـجـار مـەسـتم کـەی
زەڕێ نـابـوودم بـەڵکم هـەســـتم کـــەی
بدەر بنـۆشـم وە یاد مــــەســـتــــان
پەنجــەی ئیـبلێس پێچ هەوا پەرەســتـان
ســــاقی پڕ بکە جــام یەک مـــەنی
بـەڵکە بـگـزەرم ژ مـــــاو مـــــەنـی
تـاکـــــە بـنـۆشـم وە یـاد کــــەسـێ
کـە هـەسـتی مـەرگـەن بـێ ئەو نەفـەسێ
یـەک نەفـــەس وە ئـەو گـــەر ڕووەڕووبـووم
کــافــرم ئەگـــەر جـۆیای مـینوو بـووم
چ حـاجـەت وە خـولد حـوور و قـوسـوورەن
مـن خـــود پەرەس نـیـم دۆسم مـــەنزوورەن
زاهـیـــد تـۆ و حـــوور و بـەهـەشـت بەرین
مـن و خـــاک کـــۆی دڵروبـای دێرین
من وە ئـاو عــەشق خـاکم سـرشــتــەن
یەک جەفاش وەلام چون هەشت بەهەشتەن
هـەر تـیـرێ ژ شــەسـت ســاف دڵبـــەرەن
زەهر ژ مــیــوەی توویا خــوەشــتــەرەن
بـێ زەخـم خــــەدەنگ مــــوژەی دڵارام
نـەنگەن پانیـان وە ســەحــرای قــیـام
دەرعــەین مــەســتـیم بـەڵکم یاریم کـەین
نـەوا بـلـەغـــــزم نـگەهـداریم کـــــەین

واتاکەی:

ئەی ساقی وەرە جامی مەستی و سەرخۆشیم بۆ بێنە
قازانج و سوودم لە مەستییە، هۆشیاری زیانم پێ دەگەیەنێ
جامێک مێشکم بهێنێتە جۆش

دونیا و ئەوەی تێیدایە لەبیرم بچنەوە
نە لەو بادەیەی بەزمی حەریفان (یاران) دەڕووخێنێ
خوا نەهی لێ کردووە و عەقڵ و هۆش تێک دەدا
مەستانی ناڕاست دێو و درنجن مەست نین
هەوا پەرستان حەق پەرست (خوا پەرست) نین
لەو بادەی بێ غەشی خومخانەی دێرینە
کە پیاو شکێن و زمان شیرینە
جامێکم بدەیە تا بەجارێ لە گوناه پاک ببمەوە
مەستی باوەڕۆ و لەناو خوادا بتوێمەوە
موسڵمانی بکە من تینووم
کافری زوهد و موریدی جامم
فیدات بم ئەی ساقی زمانم تەڕ بکە
من دەردەدارم تیماری گیانم بکە
لە جامی تەوحید بەجارێ مەستم بکە
بەڵکو بەوە زیندووم بکەیتەوە
پێم بیدە با بیخۆمەوە بەیادی مەستان
پەنجەی ئیبلیس پێچان و هەوا پەرستان
ئەی ساقی جامی شانازیم بۆ پڕ بکە
بەڵکو لە ئارەزووی شانازی لابدەم
بۆ ئەوەی بەیادی کەسێک بیخۆمەوە
کە ژیان بێ ئەو مەرگەساتە
جارێک ئەگەر لەگەڵ ئەو ڕووبەڕوو ببمەوە
کافرم ئەگەر لە دوای بەهەشت بگەڕێم
هیچ پێویستییێکم بەبەهەشتی خولد و حۆری و کوشک باڵەخانە نییە.
من خۆپەرست نیم، دۆستم دیارە
ئەی زاهید بۆ تۆ حۆری بەهەشتی بەرین

بۆ منیش خاکی مەنزڵی دڵبەری دێرین
من بەئاوی عەشق خاکم شێڵراوە
خراپەی ئەو لەلای من وەک هەشت بەهەشتە
هەر تیرێک لە دەست و پەنجەی دڵبەر بهاوێژرێ
ژەهر لە میوەی داری تووبای بەهەشت خۆشترە
بێ برینی تیری (خەدەنگی) یاری دڵارام
مخابنە پێ بخرێتە بان دەشتی ڕۆژی قیامەت
لە سەردەمی مەستیمدا بەڵکو یارمەتیم بدەی
نەوەکو بخلیسکێم، چاوت لێم بێ!

مەلا پەرێشان هەندێ لە نەریتی ئایینی ئیسلام (ئایینزای شیعە) و وەسفی سۆفیزم و دژی دەروێشیزم و حیکمەتی ڕۆژهەڵاتی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، بەکارهێنانی وشەی عەرەبی و زاراوەی ئیسلامی لە ڕووی ناوەرۆکی شیعری کوردییەوە بۆ یەکەمین جار لە شیعری ئەم کەڵە شاعیرەدا دەبینرێ. ئەگەر شیعری ئایینی یارسان کارێکی گەورەی کردبێتە سەر ئەدەبی کوردی لە بابەت پارێزگاری جەوهەرە خۆماڵییەکان لە ئەدەبی کوردیدا، مەلا پەرێشان زاراوەی عەرەبی ئیسلامی هێناوەتە ناو شیعری کوردییەوە، دیارە لە ڕووی کێش و قافیەشەوە (عەرووز) هێشتا ئەم جۆرە شیعرە لە کوردستان پەیدا نەبوو بوو، لە دواییدا یەکەم جار لە باکووری کوردستان لە سەدەی شازدەم و لە باشووری کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم هاتە ناوەوە.

***

گرنگی بەرهەمی شیعری مەلا پەرێشان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێبینییانەی لامان پەیدا بوون لە ئەنجامی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانیدا، ئەو ڕاستیانە لامان دروست بوون لە بارەی ئەم شاعیرەوە لە کەم لە شاعیرانی هەموو نەتەوەیێک دەدۆزرێنەوە. بەرهەمی لەم بابەتەی مەلا پەرێشان لە لای شاعیرە گەورە و هەڵکەوتووەکان دەبینرێ کە وێنە و مانای داهێنراوی ئەوتۆیان دروست کردووە بوون بە دروشم و بۆ هەموو ڕۆژگار و سەردەمێک دەست دەدەن.

ئەگەر مەلا پەرێشـان لە سەدەی چوارەمدا نەژیایە و بکەوتایە سـەدەی نۆزدەم و بەرهەمـەکەشی هـەر ئەوە بوایە ئەوەی ئێستا لەبەر دەستمـان دایە پێم وایە ڕۆژی ئەمــڕۆ بەجــۆرێکی دیکە هەڵمـــان دەســـەنگاند، چونکە گــەلێ لەو داهێنانە جوانکارییانەی لە سەدەی چواردەم بەزمـانی کوردی وتوویەتی نەدەکەوتە بەر ئەو، ئەگـەر لە سـەدەی نۆزدەمدا بژیایە، لەبەر ئەوە پێـویستـە لەم لایـەنەوە بایەخـێکی تایبـەتی بدرێتـە بەرهەمەکانی، چونکە مـەلا پەرێشـان هەندێ وێنەی شیعری هەیە پێش شاعیرانی دیکەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وتوویەتی، جا ئەگەر بە ڕێگەی ئیلهامی لە یەکچوونەوە بێ ( توارد الخواطر) ئەم وێنە و مانا داهێنراوانە بەر شاعیری دیکەی پاش ڕۆژگاری ئەو دەکەوتن.

بۆ دیاریکردنی جێگەی ڕاستەقینەی مەلا پەرێشان لە ئەدەبی کوردیدا پێویستە بە وردی لەم لایەنانەی بەرهەمی شیعری بکۆڵرێتەوە:

١- یەکەمین شاعیر بووە شیعری بۆ ئایینزای شیعەی ئیسلام بەکار هێناوە.

٢- دوور بووە لە لایەنی پراکتیکی سۆفیزم، واتە دەروێشیزمی ئیسلامی.

٣- پارێزگـاری نەریتی دانانی شـیـعـری کـوردی کـردووە وەک ڕەنگدانەوەیێکی شیعری میللی سەرزار (فۆلکلۆر).

٤- لە شـیـعـرە پەروەردەییـیەکـانیـدا دەردەکەوێ شـارەزای شـەریعـەت و ئـایینی ئیسلام بووە، ئاگاداری مێژووی گێتیی پێش ئیسلام بووە.

٥- لە شیعرە هونەرییەکانیدا داهێنانی وێنە و مانای دیار و ئاشکرایە، ئەگەر بە چاوی سەدەی چواردەم تەماشای بکەین.

٦- زمانی کوردی دەوڵەمەند کردووە بەو وشـە بێگانانەی ( بەتایبەتی عـەرەبی) کە لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون.

٧- هـەناسـەی زیندووی هـەمیـشـەیی بەشیـعرەکانیـەوە دیارن لەو حـاڵەتەی ئەگەر وەربگێڕدرێنە سەر زمانێک لە نرخی هونەرییان کەم نابێتەوە.

کارێکی بەجێیە کۆتایی بەباسی شاعیر بهێنرێ بەهەندێ لەم شیعرە جوانانەی.

حـــەکـیــمـــانی فـــەلســـەفـــە و ئـیـشــراقی یۆنان

دەلیلی ڕاســـتی حــــەقـــیـــقـــەتی گـــیــــانن

***

ئەی ساقی وەرە جامی مەی و سەرخۆشیم بۆ بێنە
قــــازانج و ســـــوودم لە مـــــەســـــتـــــیــــــە
هـوشـــــــیـــــــاری زیانم پـێ دەگـــــــەیەنـێ
جـــامـــێک مـــێـــشکم بهـــێنێـــتـــە جـــۆش
دنیـــا و ئەوەی تێـــیـــدایە لە بیـــرم بچـــێـــتـــەوە
***
جامێکم بدەیە تا بەجارێ لە گوناھ پاک ببمەوە
مـــەســـتـی باوەڕ و لە ناو خـــوادا بتـــوێمـــەوە
***
فـــیــــدات بم ئەی ســـاقی زمـــانم تەڕ بکە
من دەردەدارم تیــــمـــــاری گـــیـــانم بکە
***
ئەی ســـاقی جـــامی شـــانازیم بۆ پڕ بکە
بەڵکو لە ئارەزووی شــــــــانازی لا بدەم
بۆ ئەوەی بەیادی کـــەســـێک بخـــۆمـــەوە
کـــــە ژیان بێ ئەو مـــــەرگـــــەســــــاتە
***
ئەی زاهیـــد بۆ تۆ حـــۆری و بەهەشـــتی بەرین
بۆ منیش خـــاکی مـــەنزڵی دلبـــەری دێرین
من بە ئاوی عـــەشق خـــاکم شـــێـــڵـــراوە
خـــراپەی ئەو لای من وەک هەشت بەهەشـــتـــە
***
لە سەردەمی مەستیمدا بەڵکو یارمەتیم بدەی
نەوەکـــــو بخلیـــــسکێم، چاوت لێم بێ
***
دونیـــا و ئاخـــیـــرەت هەر دووکـــیـــان هەقن
ورد بینی گـــەرەکـــە، درشـــتی زیان بەخـــشـــە

بەشی سێیەم

# ئێل بەگی جاف

١٤٩٢م – ١٥٥٣م

## ژیانی

ئێل بەگی جاف یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی بەرهەمی شیعرییان بووە هۆی ئەوەی بخرێنە گێتیی ئەفسانە و بەخاوەن موعجیزە و کەرامات و خوێندنەوەی دوارۆژ ناویان دەربچێ. بەم دیاردەیە ئێل بەگی جاف زیاتر چووە ناو دڵی میللەتەوە و بەیتەکانی ڕەنگدانەوەی هەست و نەستی خەڵکی بوون، لەبەر ئەوە بەدرێژایی مێژوو لە بزربوون ڕزگارییان بوو، بەڵام دەسکاریش کران و پەندی بێگانە و هەڵبەستراویش خرانە سەر ئەو بەیتانەی کە شاعیر خۆی هۆنیبوویەوە.

ئێل بەگی جاف لە ساڵی ١٤٩٢م لە شارەزوور لە بنەماڵەیێکی عەشرەتی جاف لەدایک بووە. وا باوە لە پێڕەوانی ئایینی یارسان بووە، ئەگەرچی شیعری ئایینیشی لەبەردەستدا نییە وەکو هەموو شاعیر و خوێندەوارانی ئایینی یارسان کە شاعیریەتییەکەیان بەشیعری ئایینییەوە بەستراوە. ڕێی تێدەچێ ئێل بەگی لەسەر باوەڕی ئایینی یارسان بووبێ، چونکە لە دەوروبەری ئەودا دەسەڵاتی بنەماڵەی سەفەوی فەرمانڕەوایی بەدەستەوەبوو، ئەو ڕۆژگارە ماوەی نەشونەمای ئایینی یارسان بوو. ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە ناوچە شاخاوییەکانی هەورامان و هەرد و پانایییەکانی شارەزوور تا پەیدابوونی شێخ سمایلی ولیانی (١٦٩٢ کۆچی دوایی کردووە) لەسەر ئایینی یارسان بووە.

شاعیری میللی ئێل بەگی سەرەتای خوێندنی لە شارەزوور بووە، ئینجا ماوەیێک گۆشەگیر بووە، لە پاشانا بۆ ڕێبەری ئایینی یارسان گەشتی بەغدا و ئێرانی کردووە. مشتومڕ و زۆرانبازی لە نێوان ئایینی یارسان و ئایینەکانی تر لە شارەزوور لە ناوەوە بووە، دوژمنانی یارسان ویستوویانە ئێل بەگی بکوژن، لەبەر

ئەوە ڕای کردووە بۆ هەورامان و لەگەڵ یارسانان تێکەڵ بووە و لەوێ ژیاوە.

شاعیری ئەم ماوەیەمان ئێل بەگی لە ساڵی ١٥٥٣م کۆچی دوایی کردووە.

## بەرهەمی شیعری

ئەوەی لە ئێل بەگی مابێتەوە و لە گێتیی ئەدەبدا ئاشکرابێ و ناوی پێ دەرکردبێ، ئەو بەیتەیەتی کە بەناوی «کێ وەقەولی کێ دەکا»یە. ئەم بەیتە لە بابەتی شیعری میللییە، زمانی ساکار و ئاسانە، هەر ئەو زمانەیە کە خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن، بەڵام بەهێز و خوێندەوارانەیە، ئاوازی سووک و ڕەوانە. زمانی شیعری ئێل بەگی لە بنجدا دیالێکتی کرمانجیی خوارووە، بەڵام هەوای دیالێکتی گۆرانیی پێوە دیارە.

بەیتی ئێل بەگی لەسەر شێوەی بەند ڕێکخراوە، هەر بەندی بریتییە لە پێنج دێڕ، بەم جۆرە دەتوانین ئەم بابەتە شیعرە بە«پێنجین»ش ناوی ببەین. کێشی هەشت سیلابی خۆماڵییە، یەکێتیی قافیەی تێدایە. هەموو چوار دێڕی یەکەمی بەندەکان لەسەر یەک قافیەن، دێڕی پێنجەم نەبێ «هەر وا بووە و هەر وا دەبێ» لە هەموو بەندێکدا دووبارە دەبێتەوە. لە هەندێ لە دەسنووسەکاندا ئەو دێڕە شیعرە بەم شێوەیە دووبارە و سێ بارە بۆتەوە «هەر وا بییە و هەر وا دەوێ»، لێرەدا وەکو دەردەکەوێ دیالێکتی گۆرانی بەسەریدا زاڵە.

دەسنووسێکی زۆری بەرهەمی ئێل بەگی لە ناوەوەیە، لە ڕۆژگارانی جیاجیا نووسراونەتەوە، باوەڕ پێکراوترین دەسنووس ئەوەیە کە لە ساڵی ١٢٧١ھ/١٨٥٤م ڕوونووس کراوە، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە ماوەی سێ سەد ساڵێک شیعرەکانی ئێل بەگی لەسەر زار پارێزراون، ئەگەر دەسنووسیشیان بووبێ ئەوا لەناوچوون.

کە بەیتی «کێ وەقەولی کێ دەکا» دەخوێنینەوە، بەگشتی بەرامبەر بەرهەمێک ناوەستین کە لە سەدەی شازدەم داهێنرابێ، بەڵکو بەرامبەر بەرهەمێک دەبین ئەدگاری نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی پێوەیە. هۆی ئەمە بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە ئێل بەگی ئەم بەیتەی لە سەردەمی ژیانی خۆی لە سەدەی شازدەمدا داناوە، ڕەنگە لەوەش درێژتر بووبێ ئەوەی ئێستا لەبەر دەستمان دایە، ئیتر لەبەر ئەوەی شیعرەکانی خۆش و ڕەوان بوون و ڕەنگدانەوەی هیوا و ئامانجی خەڵکی ساکاربوون، چوونە ناو دڵی میللەتەوە. بەدرێژایی مێژوو شتی دەرەوەی بێگانەی

خراوەتە سەر و شتی ناوەوەی ڕەسەنی خۆی لێ کەوتووە، ئەگینا باوەڕ ناکرێ باس لە کەسان و ڕووداوی سەدەکانی داهاتوو بکا وەکو ڕۆژگارانی فەرمانڕەوایی نادر شا و کەریم خانی زەند و قاجار و پەهلەوی.

بەگشتی لەم بەیتەدا هەست بەبیروڕایێکی داناییانەی کلاسیکیی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێ. هەروەها دووربینی و هەندێ لە خوێندنەوەی دوارۆژیشی تێدایە. هەر لەبەر ئەوەشە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی گۆڕانی کۆمەڵ بەندی تازە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبەستراوە و خراوەتە سەر بەیتەکە، ئەمە لەلایێک، لەلایێکی ترەوە جگە لەمە لە سەرانسەری بەیتەکە، جیاوازیی نێوان ئەو دەسنووسانەی لەبەردەستدان هەست دەکرێ دەسکاری زمانە ئەسڵییەکەی ئێل بەگی کرابێ، چونکە تا ڕادەیێک شەقڵی وشە و لێکسیکۆنی سێ سەد ساڵەی گۆڕانی زمانی کوردی پێوە دیارە، نەک تەنیا هی سەدەی شازدەم، بەتایبەتی لە ناوچەی شارەزوور. لەپاش بەراورد و وردکردنەوە و لێکدانی هەموو تێکستە دەسنووس و چاپکراوەکانی ئەم بەرهەمە بەنرخ و نایابەی ئێل بەگی گەیشتینە ئەو وێنەیەی لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە:

دایکە دەڕۆم بۆ داڵەهۆ
کوێری دەکەم باوانی تۆ
ڕەفاقەتی گۆران بجۆ
کە بابی مەیلی من مە بۆ
هەر وا بووە و هەر وا دەبێ
کێ وەقەوڵی کێ دەکا
من بەقەوڵی گۆران دەکەم
قسە لەژێر هەوران دەکەم
هەمووی لە بۆ سۆران دەکەم
ئیتاعەتی دەوران دەکەم
هەر وا بووە و هەر وا دەبێ
ئەوسا ئەدای وەفا دەکەم
سەرم پڕ شۆر، سەودا دەکەم

تەمــــاشـــــایی دونیـــا دەکــــەم
ڕوو بەتووری ســــینا دەکـــــەم
هـــەر وا بـووە و هـــەر وا دەبـــێ
ئێـــــران پڕ لـە ئاگـــــر دەبێ
حـوکمـی سـوڵتـان قـاهیـر دەبێ
سـتــەم لە خـــەڵق ســادیر دەبێ
دەورە دەوری نــــــادر دەبـــــــێ
هـــەر وا بـووە و هـــەر وا دەبـــێ
بەعـــــدەز نادر دەعـــــوا دەبێ
ئێـــران پڕ لە غـــەوغــــا دەبێ
هەر کەس بۆ خـۆی بە شا دەبێ
تـــا یـەک لـکـی پـەیـدا دەبـــێ
هـــەر وا بـووە و هـــەر وا دەبـــێ
ئاخـــــر لکیـچ فـــــەنا دەبێ
لە دوای ئەویچ غـــەوغـــا دەبێ
قـــەجـــەر لە خـۆی شـــەیدا دەبێ
ڕەفـــــیــــــقی بۆ پـەیدا دەبێ
هـــەر وا بـووە و هـــەر وا دەبـــێ
دەوران بەدەست قـــەجـــەر دەبێ
تـەیموور لـەخـــەو خــــەبەر دەبێ
گـــەلێ ســـــەران بێ ســـەر دەبێ
ئاشـــووب و شـــۆڕ و شـــەڕ دەبێ
هـــەر وا بـووە و هـــەر وا دەبـــێ
جـیـــهـــان پڕ لە غـــەوغـا دەبێ
ئـەدا کــــــــــەرێ پـەیـدا دەبـێ
مـــونکیــر گـــەلێ ڕیســـــوا دەبێ
فـــیـــتنە و شــــەڕێ پەیدا دەبێ

هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ

چاپوک ســـوارێ دەنگ دەکـــا

ســەیری شـێـر و پڵنگ دەکـا

عـــالەم لە زاڵم تەنگ دەکـــا

هەر ساعـەتێ سـەد ڕەنگ دەکا

هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ

خـــاســـــان وەبێ وەتـەن دەبێ

مـورغـان دوور لە چەمـەن دەبێ

شـــاهان وەبێ کـــەفــەن دەبێ

دەوران وەکـــــامـی زەن دەبێ

هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ

تەیرێ وەک ڕەعــد و بەرق دەبێ

گوێچکەی لەدووکەڵ غەرق دەبێ

دەشــت و دەری پــێ لــەق دەبــێ

بەڕووی هــەوا مـــــــوڵـەق دەبێ

هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ

ڕەخـشی ڕۆسـتـەم ئـیـزهار دەبێ

ئـەســــپی ئـاسـن ڕەهـوار دەبێ

دوڵدوڵ شـــەودێز بـەکـــار دەبێ

گـــــــەلـێ شت ئـاشـکـار دەبێ

هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ

هەمـــووی شـــاهان بێ ڕا دەبێ

لـە پـڕ شــــــــەڕ و هـەرا دەبـێ

کەم خـەڵق وە حوکمی شا دەبێ

چــەرخ و چــرا وە پــا دەبــێ

هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ

ئێل بـەگی دی دڵگیــــر دەبێ
فــەرەنگســتــان زنجــیــر دەبێ
ئێــران و ڕۆم نـەخــچــیــر دەبێ
ئەوســا فــەزا تەســخــیــر دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
دەورەی قـــەجـــەر قـــڕان دەبێ
ســـەر لـە مـــەیدان فــڕان دەبێ
ئـەســـاسـی هەق قـــورئان دەبێ
قـــاتـی بـەشـی شـــاران دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
دەور دەوری پـــالـــەوی دەبـــێ
دەســـــتـی فـــرە قـــەوی دەبێ
بـا دەســــــتـی ئـەجنـەوی دەبێ
بیــدعـــەت لەگــەڵ نەوی دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
بـەعـــــدەز ڕەزا غـــــەزا دەبێ
بـەعـــدەز غـــەزا فـــەزا دەبێ
ڕەزا بـــــەنـــــاو ڕەزا دەبـــــێ
وەک مـــــــــاری نـاڕەزا دەبـێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
شـــــۆڕشـی ئێـــــرانـی دەبـێ
ســـەر جـــۆشی گـــرانی دەبێ
خــــەیلی مــــەردان فـــانی دەبێ
ڕەفـی دوو سێ گـــیـــانی دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
مـــــــــاه ڕوویـانــی دەوڵـەتـی
بـادە خـــــۆرانـی خـــــەڵوەتی

کــۆتا لیــبــاس و ســەرپەتی
جــامــە ســپی و خــەت خــەتی
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
مــەرد و زەنی ســفــیــد پۆش
مــایل بەبەزم و عــەیش و نۆش
سەمــا بۆ مــەســتــیی و خــرۆش
بێ شــەرەف و نامــووس فــرۆش
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
دەوران دەوری ئیــجــبــار دەبێ
ژن لە شــووی خــۆی بێــزار دەبێ
کــوڕ لە بابی فــیــرار دەبێ
دەورە پیــاوی بێ عــار دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
مــەردان مــەردی گــەزاف دەکــەن
هەم وەڕاســتی خــەلاف دەکــەن
قــســان بەتیــر قــەلاف دەکــەن
بەرێگەی دوور مــەســاف دەکــەن
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
مــەردم بێ نام و نەننگ دەبێ
کــوڕ وەکــو کچ قــەشــەنگ دەبێ
شــەریکی شــورب و بەنگ دەبێ
مــەردی قــەدیم دڵتــەنگ دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
ئــاتەش شــکەم و ئــاهــنی پــا
هەر ساعەتی سەد فەرسەخ ڕا
دوود بەرگــووش و بەرمــەلا

چاپوک ســـــوار و بێ ســـــەدا
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
خـــــانـەدانان نـاقـــــیس دەبێ
عـــــــەهـدیـان نـا دروس دەبـێ
سـککەی زەڕیـان وەمـس دەبـێ
نـیـــوەی ئـێـــران ئـوروس دەبـێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
ئـێـــران وەکـــو فــــەرەنگ دەبێ
مـیلیـان بـەشـۆخ و شــەنگ دەبێ
مــــەردی عـــالەم دڵـتــــەنگ دەبێ
ڕێگەی نـەجـــات تفـــەنگ دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
سـەر نەقـشی سـەر نیگار دەبێ
پیـــاوی باشــیـــان پیـــوار دەبێ
هـەر ســـاعـــــەتێ گـــوزار دەبێ
بـانگـی چاپوک ســـــوار دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
کــــاری باتیل خــــەیلی دەبێ
دەوری نـاقـــــــــە لـەیلی دەبێ
هـەر قــــەترە وەســــەیلی دەبێ
ژیان بـەکـــــەم مــــــەیلی دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ
گـوڵبـانگی جـــمـــهـووری دەبێ
تاعـــەت بـەمـــەجـــبـووری دەبێ
بـــازاڕی پـــڕ نـــووری دەبــێ
مــــەخلووق نـوو زهـووری دەبێ
هــەر وا بــووە و هــەر وا دەبــێ

خــەڵقی زمــان هـۆشــیــار دەبێ
نـا هـەمـــواری هـەمـــوار دەبێ
جــەبری حــاکم مــوخــتــار دەبێ
مــــــاوای زاڵـم مــــــەزار دەبێ
هـــەر وا بــووە و هـــەر وا دەبـــێ
تیغی شەهان گشت کول دەکەن
ســـــالاری ئـەو پل پـل دەکـــــەن
شێـخان شــەهان بسمل دەکەم
تـەرمـــــەی وەزیران جل دەکـــەن
هـــەر وا بــووە و هـــەر وا دەبـــێ
مـــــەخلووق لـە شین و وەی دەبێ
نــالــە و نــەوایـــی نــەی دەبـــێ
هەر کــەس بکوژرێ حــەی دەبێ
قـــیـــبلەی جـــوانان ڕەی دەبێ
هـــەر وا بــووە و هـــەر وا دەبـــێ
خــــــــەیلـی دڵـم و تـەنگ دەبـێ
ســــەدای تۆپ و تـفـــەنگ دەبێ
مـەردی مـاقـووڵ بـێ دەنگ دەبێ
بەمـیـسلی چووب و ســەنگ دەبێ
هـــەر وا بــووە و هـــەر وا دەبـــێ
زوڵم و ســــتــــەم پـامـــاڵ دەبێ
بـانـگـی بـیـــــــلال زوڵاڵ دەبـێ
حـــیلـە و فـــــریب بـەتـاڵ دەبێ
زوڵـــــم و زاڵــــم زەواڵ دەبـــــێ
هـــەر وا بــووە و هـــەر وا دەبـــێ
مـــایەی ژیـان ســـەخـــتی دەبێ
ســەر جــۆشـی بەدبەخـتـی دەبێ

مـــــاتـەم لـەبەر نـەخـــــتـی دەبێ
تەبدیل بەخــۆشـبـەخـتـی دەبێ
هــەر وا بـووە و هــەر وا دەبـێ
لـە خـــۆت مـــەزانـە ئەم قـــســـە
بەڵکوم قـسـەی فـەریـاد ڕەسـە
ئـەســـــراری پڕ مـــــولابـەســـــە
ســـەدایی ســـووڕ و جـــەرەســـە
هــەر وا بـووە و هــەر وا دەبـێ

ئێل بەگی جاف وەک مرۆڤێکی شاعیر و خاوەنی ئەم بەرهەمە شیعرییە ڕەنگینە کەلێنێکی گەورەی لە ئەدەبی کوردیدا پڕ کردۆتەوە. هەرچەندە ژیانی خۆی و ئەم بەیتەی لە ئەفسانە بەدوورنین، بەڵام مایەی دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیری نەتەوەن، خۆی وەک کەسایەتییەکی میللی و شیعرەکانی وەک نموونەیێکی شیعری فێرکردن و پەروەردەیی جێگەی دیاریان هەیە لەناو دڵی میللەت و لە مەیدانی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی نەتەوەدا.

بێسارانی

# بەشی چوارەم

## **بێسارانی**

١٦٤٣ - ١٧٠١

### هەندێ لایەنی ژیانی شاعیر

ناوی شاعیری ئەم ماوەیەمان مستەفا کوڕی قوتبەددین کوڕی شەمسەددین، خۆی و باب و باپیرانی مەلازادەن. باوکی بە مەلا قوتبەددینی عەرەب ناوبانگی دەرکردووە چونکە مەلایێکی بەدیمەن و عەرەبی زانێکی باش بووە بۆیە خەڵکی بەناوی قوتبەددینی عەرەب ناسیویانە.

مستەفا لە ساڵی ١٦٤٣ لە گوندی بێساران لە دایک بووە. بێساران ئاواییێکە لە ناوچەی ژاوەڕۆ لە نێوان هەورامانی تەخت و گاوەڕۆ دایە. بەپێی نەخشەی جوگرافی ئەمڕۆ بێساران کەوتۆتە ناوچەی ژاوەڕۆی ناحیەی سەڵۆئاوای شارستانی مەریوانی سەر بەئوستانی کوردستان (سنە)یە.

بەپێی نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردەواری مستەفا وا ئامادە دەکرێ ببێ بەمەلا. بۆ ئەم ئامانجە چۆتە حوجرە و بەرنامەی خوێندنی بەرایی تەواو کردووە، لە ڕۆژگارانی فەقێیەتی و سوختەیی خوێندنی لە ئاواییەکانی نۆدشە و پایگەلان و بێساران بووە، قۆناغی تەواوکردنی خوێندنی حوجرەی لە سنە بووە، هەر لەوێش ئیجازەی دوازدە زانستییەکەی مەلایەتی وەرگرتووە و بە مەلا مستەفای بێسارانی لە کۆمەڵی کوردیدا ناسراوە، وەک شاعیریش «بێسارانی» بووە بەنازناوی شیعری.

بێسارانی زۆربەی ژیانی فەقێیەتی لە پایگەلان بردۆتەسەر، بەڵام لە دوای تەواوکردنی خوێندن بەیەکجاری لە بێساران نیشتۆتەوە و خەریکی مەلایەتی بووە. لە نێوەندی ئەدەبیدا هەواڵی وا لە ناوەوە هەیە بێسارانی سۆفیی تەریقەتی خەڵوەتی بووبێ، هەروەها گۆیا ئەم تەریقەتە لە سەدەی حەڤدەمدا لە ناوچە

کوردییەکانی ئێران باو بووە، بەتایبەتی ناوچەی سنە کە لە دێرزەمانەوە ناوی جوگرافی «کوردستان» بووە و فەرمانڕەوایی سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆی بووە.

لەو سەردەمەی شاعیر لە گوندی پایگەلان ژیاوە حەزی لە کچێک کردووە ناوی ئامینە بووە، ئەم کەنیشکە هەورامانییە کیژی شێر محەمەدی پایگەلانی بووە و هیچ بەڵگەیێکیش بەدەستەوە نییە ئامینەی خواستبێ و بووبێتە هاوسەری، بەڵام بێگومان ئیلهامی شیعری داوەتێ.

ڕۆژگارانی دوایی ژیانی شاعیر و پێش مردنی لە مەڵبەندی خۆی بێساران بووە تا لە ساڵی ١٧٠١ هەر لەجێی لە دایکبوونی کۆچی دوایی دەکا و لە گۆڕستانی پیرەهەژارەدا دەنێژرێ، ئەم گۆڕستانە دەکەوێتە ڕۆژئاوای مەحموودئاوای دووڕۆ، واتە نێوان تەرخان ئاوا و مەحموودئاوا. ئێستا ئەم گۆڕستانە کەوتۆتە لای باشووری ئەو ڕێگەیەی لە سنەوە بۆ مەریوان دەچێ.

## خاسیەتی شیعری بێسارانی

بێسارانی ڕۆشنبیر و مامۆستایێکی دیاربووە لە کۆمەڵدا، لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری پایەیێکی بەرزی بووە، شاعیرانی پاش خۆی ڕێزیان لێ ناوە و بەشاعیری هەڵکەوتوو ناویان بردووە، لەوانە شاعیری ناودار مەولەوی (١٨٠٦ – ١٨٨٢) بەشاعیری پلە بەرز حسێبی کردووە.

شیعری بێسارانی بەگشتی لە ڕووی ڕوخسارەوە لەسەر کێشی دەکەرتی (سیلابی) دانراوە، بەزۆریش وەستان لە ناوەڕاست دەبێ (–ب—ب/–ب ب –ب)، لە ڕووی قافیەشەوە جووت قافیەیە (مەسنەوی) (اا، ب ب، ج ج...).

هەروەها بەزۆری نیوەدێڕی یەکەمی هەموو پارچە شیعرێک، تەنیا لە پێنج کەرت پێکدێ. هەندێ جار وەکو خۆی دەمێنێتەوە هەندێ جاری دیکەش هەر ئەو پێنج کەرتە دووبارە دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە نیوەدێڕی تەواو وەکو:

چــــراغ نــــە دڵــــەن ................................
هەر کــەس غــەریبــەن هەر داغ نـە دڵەن

یا:

چــراغ نـــە دلـــەن چـــراغ نـــە دڵـــەن
هەر کــەس غــەریبــەن هەر داغ نـە دڵەن

یەکێ لە خاسیەتە تایبەتییەکانی شیعری بێسارانی بەڕاستی نموونەی ئەو جۆرە شیعرەیە کە لیریکی پێ دەڵێن، واتە شیعرەکانی کورتن ژمارەی دێرەکانیان کەمە، لەناو پارچە غەزەلەکانیدا لە سێ دێڕە شیعرییەوە (هەر دێڕی دوو نیوە دێڕە) تا دە دێڕە شیعری دەبینرێن.

ناوەرۆکی شیعری بێسارانی بەگشتی خەریکی قەشەنگی دلبەر و جوانی سروشتە، بەجۆرێک تێکەڵی یەکتری کردوون کارێکی قورسە پیاو بزانی مەبەسی سەرەکی ئەو شیعرە چییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مەبەسی لێکۆڵینەوە و ناسینی پسپۆڕییەتی شاعیر دەتوانین شوێنەواری دڵداری و هەندێ سۆفیزم (عیرفانی) و بڕێکیش کۆمەڵایەتی بدۆزینەوە، دیارە لەناو ئەمانەدا شیعری بەشە دڵدارییەکە لە هەموویان زیاترن.

بێسارانی وشە و تەعبیری شیعرەکانی لە ناسکی سروشتی هەورامان وەرگرتووە، وشە ناسکەکانی زمانی کوردی ڕەنگدانەوەی سروشتی دڵڕفێنی هەورامانە، شیعرەکانی لە خوێندنەوەدا سەمادەکەن، پێویستییان بەدەنگ خۆش نییە چونکە لە خوێندنەوەدا دەبن بەچرین و گۆرانی. جۆرێکن لەو شیعرە گەردوونییانەی هەزاران ساڵ مرۆڤی کۆنی ئەشکەوت بەگۆرانی وتوویانە تا ئێستاش زیندوون.

## چەپکە گوڵی دیوانی بێسارانی

ئەوی ڕاستی بێ گوڵبژێرکردنی دیوانی بێسارانی کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر بمانەوێ شیعری دڵگیر هەڵبژێرین پێویستە یەکەم شیعری دیوانەکە بچنین و پێیدا بچینەوە تا دوا شیعر، واتە شیعری هەموو دیوانەکە بگوێزینەوە ناو ئەم کتێبە، دیارە ئەمەش کارێکە بەهیچ جۆرێ بۆمان ناچێتە سەر. لەبەر ئەوە چار نییە دەبێ لەسەر ڕێوڕەسمی جوان و جوانتر و جوانترین کارەکە بەڕێوە ببەین.

١

بێسارانی لە ئاوایی پایگەلان لەسەربانی مزگەوت لە دوورەوە چاوی بەدلبەری خۆشەویستی ئامینە دەکەوێ. دارێکی گەورەی توو لە حەوشەکەدا دەبێ، لق و پۆ و گەڵای چڕی درەختە گەورەکە دەبن بەپەردەیێک لە نێوان نیگای شاعیر و

پەیکەری جوانی دلبەر. بێسارانی ناتوانێ خۆشەویست بەدی بکا و بەری چاوی شاد بکا بەبینینی ئامینە.

بۆ ئەم مەبەستە دەڵێ:

چڵـێ جـــــە پـەنا، چڵـێ جــــە پـەنا
چڵێ چون ڕەقــیب مـــەدران جـــە پەنا
هۆر ئـامـــان مـــەدران نـەڕووی تەمـــەننا
مــــەر باد قـــــودرەت بدەرۆش فـــەنا
وە بـاد قـــــــــودرەت لـەتـار لـەتار بـۆ
نمازۆ بـالآی قـــــیـــــــبلـەم دیار بـۆ
بســۆجــو بئــاهیــر بازەدەی ســەحــەر
ڕیشــــەش جــــە زەمـین بەر بارۆ وەبەر
تا بـالآی قــیـبلـەم چون شــەمێ خـانان
بوینـووش وەجـــــەم جـــە بەرزە بـانان

واتاکەی:

چڵێک لە پەناوە
چڵێک وەک ڕەقیب خۆشەویستی خستۆتە پەناوە
نایەڵێ چاوم پێی بکەوێ و بگەمە مرازم
مەگەر بای قودرەت لەناوی ببا
بە بای قودرەت تارومار ببێ
چونکە نایەڵێ ئەوەی دەیپەرستم ببینم
با بسووتێ بەو ئاگرەی بای سەحەر هەڵی دەکا
ڕەگ و ڕیشەی لە زەوی دەربێنێ
تا بالآی خۆشەویستەکەم وەکو شەمی ماڵە گەورەکان
لەسەربانە بەرزەکانەوە ببینم

بڕووسکەیێکی شیعری کورتە، دڵدار لە سەربان وەستاوە، دلبەر لە حەوشەی ماڵدا لەنجە دەکا، درەختی گەورە بووە بەپەردە و نایەڵێ چاوی دڵدار بەڕوخساری دلبەر شـادبێ، لێرەدا درەخت دەبێ بەدوژمنی شاعیر، بۆیە هیوای ئەوەیە

ڕەشـەبایێک ڕەگ و ڕیشـەی هەڵتـەکـێنێ بۆ ئەوەی بـەری ڕۆژی لێ نەگـرێ کـە ڕوخساری ئامینەی کەناچە جوانەکەی هەورامانە. ئەم پیرە دارە خراپەی لەگەڵ شاعیردا کردووە، بەڵام دوور نییە لە سەردەمی ڕابردووی دێریندا ئەمەش ڕەمزێک بووبێ، هەندێ خەڵک کردبێتیانە کردگاری خۆیان.

٢

لە غەزەلێکدا بێسارانی کە قسە لەگەڵ یاری نازداری دەکا، هەوڵ دەدا دیمەنی سروشتی بەهار بخاتە پێش چاو زیاتر بۆ بەراوردکردن، غەزەلەکە بەم جۆرە هاتووە:

چراغ وەنەوشە چنوور چەنی گوڵ
عەزم ڕای ویساڵ تۆشان ها نە دڵ
چنوور جە سەکۆ وەنەوشە و جە چەم
گوڵ جە گوڵستان وەهەم بیەن جەم
واتشان بەمن بەندەی فلانی
چون حاڵ زانەنی بەحاڵ مەزانی
بۆ نە ڕای ئەڵڵا بکەرە کاریٚ
بیاومێ بەوەسڵ ئەو دلبەر جاریٚ
چراغ یە هەر سێم بەستن بەدەستە
چ دەستە دەستەی زگاران بەستە
هەر سێم یە ئاورد چون خاکساران
هەر یەک وابەی وێم وە چەم مەداران
چنوور پەی زوڵفت پەشێو حاڵشەن
وەنەوشە سەودای خیاڵ خاڵشەن
گوڵ پەی جەمینت مەسۆچۆ چون شەم
جە دووریت نیشتەن نە پاش خار غەم
ساحێب مایەنی بڵند پۆ پایەت
باوایە گێران هەر بۆ مەمایەت

واتاکەی:

خۆشەویستەکەم، وەنەوشە و چنوور لەگەڵ گوڵ
ئارەزووی دیتنی تۆ کەوتە دڵیان
چنوور لەناو هەرد، وەنەوشە لەناو چەم
گوڵ لە گوڵستان هەموویان پێکەوە کۆبوونەوە
بەمنیان وت ئەی فلانە کەس
تۆ ڕابەرمان بە، چونکە شارەزای
لە ڕای خودا، کارەکە بکە بۆ ئەوەی
بگەین بەوەسڵی ئەو دلبەرە جارێک
خۆشەویست! ئەو سێیەم کرد بەدەستە
لە خزمەتی تۆ دان بەدەست بەستەیی
هەرسێکیانم بەدیل هێنایە خزمەتت
دەیانەوێ کڕنووشت بۆ ببەن
چنوور بۆ زولفت حاڵی پەشێوە
وەنەوشە سەودای خاڵەکانتە
گوڵ بۆ ناوچەوانت وەکو مۆم دەسووتێ
بەغەمباری لە دەورتدا دانیشتوون
تۆ خاوەنی مایەی و پایەت بڵندە
ئەوان هاتن بۆ ئەوەی بەئاوات بگەن

لەم پارچە شیعرەدا کە بێسارانی بەراورد لە نێوان هەندێ گوڵ و هەندێ ئەندامی لەشی دلبەر دەکا ئاوڕدانەوەیێکی تازە نییە لە گێتیی شیعردا، ئەوەی تازە بێ ئەوەیە زولف و خەت و خاڵ و ڕوخساری دلبەر دەکاتە بنج و بناوان و وێنەی بنچینەیی وەکو بڵێی ئەو گوڵانە وێنەیان لەو وەرگرتووە، یا ئەو دروستی کردوون بۆیە کڕنووشی بۆ دەبەن، چونکە ئەگەر ئەو ئەندامانە نەبوونایە ئەو گوڵانەش نەدەبوون.

٣

شاعیر لە پارچە غەزەلێکیدا ڕوو لە یاری دەکا و ڕاز و نیازی بۆ هەڵدەڕێژێ و دەڵێ:

چراغ ئەو ساتێ دوور گنوون جە تۆ
نەمانوون شەڵڵا بوینوون ئەو ڕۆ
خەیاڵ چون نەشتەر دڵ مەکا و نۆ
دڵ جە دیدەم سەیل زووخ مەتا و نۆ
دیدەم بینایی تیش نمە مانۆ
پەڕ و باڵ نەدەور زوڵمات مەشانۆ
بەشق شای شاهان هەر بەرگوزیدە
بینایم تۆنی بۆ شۆم نەدیدە

واتاکەی:

دلبەرەکەم! ئەگەر ساتێ لە تۆ دوور بکەومەوە
بەیارمەتی خودا نامێنم بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژە ببینم
خەیاڵ وەکو نەشتەر دڵم کون دەکا
دڵ لە چاوم زووخاو و کێم دەڕێژێ
چاوم سۆما و بینایی تێدا نامێنێ
هەموو شتێک لە دەورم تاریک دادێ
لەبەر ئەوە خۆشەویستەکەم بیکە بەخاتری شای شاهان
وەرە لەناو چاوم دانیشە، چونکە تۆی بینایم.

بێسارانی ژیان لە بوونی دلبەر دەبینێ، ئەگەر دلبەر لەپێش چاوی نەبێ، بوونی نییە، لەبەر ئەوەیە بە نەبوونی دلبەر تاریکاییە، بۆیە ئەگەر بیەوێ بژی ئەو ژیانە بێ بینینی دلبەر دەستی ناکەوێ، لەبەر ئەوەیە ئەم کارە بەهیچ جۆرێ سەرناگرێ بەوە نەبێ دلبەر بچێتە ناو چاوی و بیکا بەنیشتەجێی هەمیشەیی.

٤

شاعیر لە پەنای دڵداری و جوانیدا هەندێ جار ئاوڕ لە پەند و ئامۆژگاری وا دەداتەوە کە بۆنی ڕەوشت و نەریتی کۆمەڵایەتی لێ بێ، لە پارچە شیعرێکیدا دەڵێ:

چــراغ نـــە دڵـــەن چـــراغ نـــەدڵـــەن
هەر کــەس غــەریبــەن هەر داغ نە دڵەن
دڵەی غـــەریبـــان چون پەڕەی گـــوڵەن
گوڵ خار تێش نیشۆ خەیلی موشکیلەن
گـوڵ ئەر بنیـشـۆش خـارێ نـەروخـسـار
جـــە زەخم ئەو خـــار زایف مـــەبۆ زار
غـــەریب ئەر پەنەش بواجـــان ســـەردێ
هەر ســـەردێ پەرێش مـــەبۆ بەگـــەردێ
دڵەی غـــەریبـــان مـــیـــسلی گـــوڵ دارۆ
کـــافـــر ئەو کـــەســـەن غـــەریب ئازارۆ
مـــڵک غـــەریبـــیم بێ حـــەســـا و دیەن
داغ غـــەریبـــیم جـــە حـــەد بەرشـــیـــەن
هـەر کـــەس مـــەکـــەرۆ غـــەریب نەوازی
بێ شـک خـــوداوەن لێش مـــەبۆ ڕازی
هەر کـەس مـەگـێڕۆ غـەریبان عـیـززەت
پەی وێش مـەسـازۆ جـایێ نە جـەننەت

واتاکەی:

داغ لە دڵ دایە
هەر کەسێک غەریب بێ داغی لە دڵ دایە
دڵی غەریبان وەک پەڕەی گوڵ وایە
ئەگەر گوڵ دڕکی تێ بچەقێ کارێکی سەختە
ئەگەر دڕکێک بکەوێتە سەر ڕوخساری گوڵ

بەبرینی ئەو دڕکە زەرد و لاواز دەبێ
ئەگەر وتەیێکی سارد بەغەریبێک بڵێی
ئەو قسەیە وەک نەشتەرێک دڵی دەسمێ
دڵی غەریبان وەک گوڵ وایە
کافر ئەو کەسەیە دڵی غەریب بڕەنجێنێ
بەبێ حسێب من غەریبیم دیوە
داغی غەریبیم بێ حەد چەشتووە
هەر کەسێ غەریبی خۆش بوێ
بێ شک خودا لێی ڕازی دەبێ
هەر کەس ڕێز لە غەریبان بنێ
پاداشی ئەوەیە جێی بەهەشت دەبێ

لەم شیعرەدا ئەوە دەردەکەوێ بێسارانی مەبەسی لە غەریب تەنیا ئاوارە و دوور وڵات نەبێ، بەڵکو هەژار و لانەواز و بێ ماڵ و حاڵیش دەگرێتەوە. هەڵوێست بەرامبەر بەم جۆرە کەسانە لە ڕووی مرۆڤایەتی یا ئایینیەوە بێ، ئەنجام دەربڕینی سۆز و بەزەییە بۆ کەم کردنەوەی ئازاری ئەم جۆرە کەسانە، بێ گومان شاعیری ئەم ماوەیەمان بەهەندێ وێنەی ڕۆمانتیکی باسی لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە کردووە.

٥

لە غەزەلێکی دیکەیدا بێسارانی هەندێ دیاردەی ئایینی بەوێنەی جوانی دلبەری دەبەستێتەوە و دەڵێ:

شیرین شەرم نیەن شیرین شەرم نیەن
شیرین پەی خاسان ئانە شەرم نیەن
پەی چی مەواچان حیجاب خاس نیەن
جە ئافتاو خاستەر کەسێ کەی دیەن
ئەگەر پەی خاسان حیجاب خاس مەبی
ئافتاوو مەهتاو کەی جودا مەبی

کـەسێ وێنەی تۆ شـەوق بۆ جـەمـینش
لازم پـەروانـان مــــــــەیـان وەدیـنـش
ئێـــمـــەیچ پەروانەی شـــەم شناســانیم
پەڕ و باڵ ســفـتــەی دینە خــاسـانیم
مــیللەت پاک دینە پێــغــەمــبــەرانیم
نەک جـــە تایفـــەی کـــەم نەزەرانیم
بمانە جــــەمـێن نوور پاکـــتــــەن
ئەر تۆ پاکـــەنی جـــە کێ پاکــتـــەن

واتاکەی:

شیرین شەرم نییە
بۆ شۆخ و شەنگان شتێکی شەرم نییە
ئەگەر پەچە شتێکی چاک نەبوایە
چی لە ڕۆژ چاکتر بەدی دەکرا
ئەگەر بۆ جوانان پەچە شتێکی باش نەبوایە
خۆر و مانگ لە یەکتری جیا نەدەبوونەوە
کەسێکی وەکو تۆ نێوچەوانی بدرەوشێتەوە
پەپوولەکان دێنە دیداری
ئێمەش ئەو پەپوولانەی شەم دەناسین
پەڕ و باڵ کراوی ئایینی چاکین
نەوەی ئایینی پاکی پێغەمبەرانین
نەک لە تایفەی ئەوانەی کەم دەزانن
ڕووناکی پاکی نێوچەوانت پێمان پیشان بدە
ئەگەر تۆ پاک نەبی کێ پاکە.

لەم شیعرەدا بێسارانی ڕووپۆش بۆ دۆزینەوەی وێنەیێکی شیعری زۆر جوان بەکاردێنێ. دلبەر کە بە پەچە ڕووی دادەپۆشێ لەبەر هەر هۆیێک بێ مەسەلە ئەوەیە جوانی ڕووی خۆر دەربکەوێ، چونکە ئەگەر خۆشەویست ڕووی خۆی دانەپۆشێ کەس ئاوڕ لە ڕۆژ ناداتەوە.

٦

شیعرێکی دیکەی شاعیر وەک وەسیەتنامەیێک خۆی دەنوێنێ، بێسارانی گۆڕی خۆی دیاری دەکا لەو وەسیەتنامەیەدا، یا ئەو ماتەمنامەیەی تیایدا شین بۆ خۆی دەگێڕێ:

چـــــــــراغ ڕەزان بـــــــــــۆ
خــاس ئێــدەن گـڵکۆم نە پای ڕەزان بۆ
نزیک وەپرشنگ پای قــــەڵوەزان بۆ
ئامــێــتــەی خــاکم وەڵگێ خــەزان بۆ
با خــــاکێ گـــڵکۆم خــــاکی نۆ نەبۆ
با یەکجار کۆنەی سەد ساڵ کۆنە بۆ
بەڵکێ قــیــبلەی وێم جــە ناکــام جــارێ
بەیۆوە ســــەیران عــــەزمێ شکارێ
نابــەڵەد بنیــــۆ یا وە گـــــڵکوم دا
وە قـــــەبری تازە تەنیــــایی تۆم دا
تا جــە ژێری ســەنگ ســاکین بۆ دەردم
نە پاســەنگ ســۆجــۆ بەئاهێ ســەردم

واتاکەی:

لەناو ڕەزان بێ
چاک ئەوەیە گۆڕەکەم لەناو ڕەزان بێ
نزیکی پرشنگی ناو قەلبەزان بێ
خاکی گۆڕم تێکەڵ بەگەڵای خەزان بێ
با خاکی گۆڕەکەم خاکی تازە نەبێ
با یەکجار کۆنەی سەد ساڵە بێ
بەڵکو خۆشەویستم لەپڕ جارێک گوزەربکا
بەهۆی سەیران یا ڕاووشکار
نەزانێ و پێ بنێتە سەر گۆڕم
گۆڕی نوێ، بەڕووکەش کۆنە

تا بەو پێیانە دەردم سارێژ بێ
ئەگەرنا بەردی ئەلحەدم بەئاهی ساردم دەسووتێ

لەم شیعرەدا مەبەسی سەرەکی بێسارانی ئەوەیە لە دوای مردنی ئارەزووی ئەوە دەکا خۆشەویست لە سەیرانێکیدا بەپێ گۆڕی بشێلێ بەبێ ئەوەی بزانی ئەمە گۆڕی ئەو کەسەیە لە ژیاندا خۆشی ویستووە، لەمەوە دەرباز دەبێ بۆ دروستکردنی وێنەی هونەری وەکو «پێ بنێتە سەر گۆڕم» و «گۆڕی نوێ»، «بەردی ئەلحەدم بەئاهی ساردم دەسووتێ».

ئەم پارچە شیعرە بەهەر بابەتە شیعرێک بژمێری، ماتەمنامە یا وەسیەتنامە، یا نامەی پرسە، لە ڕووی هونەرییەوە دەچێتە ڕیزی چاکترین شیعرێک کە هەندێ لە شاعیرانی کورد لەم بابەتەوە، وتوویانە.

٧

لەم پارچە شیعرەدا بێسارانی لە نەرم و نیانی پێی دلبەر دەدوێ، لەگەڵ برژانگی خۆی بەراوردی دەکا، ئەگەر دلبەر پێ بنێ بەبان چاوی برژانگی ئازار دەگەیەنێتە ئەو پێیە ناسکە:

چراغ دا جاریێ بۆ وەخاوومدا
پات بیە وەیان هەردوو چاومدا
مەواچە مژەت تیژتەرەن جە خار
پای گوڵ ئەندامم مەدەرۆ ئازار
من پەی مژەی خار یەخەیلێ وەختەن
بەجاڕوکاری نەڕای تۆم بەختەن
شەو و ڕۆ نەڕات پەری ئێ سەودا
یەک یەک بینێ شکستەی مەودا
بۆ وەبێ ئەندێش پا بنیە لێشان
بدیە بینایی هیچ مەندەن نێشان؟
ئەگەر نێشان بۆ غەیر جەهوون نێشتەر
هیجرانت فێشتە لێش مەدۆ نێشتەر

ســـەحـــەر مـــەزانی باڵا زەڕســـتـــوون
پات وێـنـەی حـــــەنا ڕژیا بـۆ بـەهـوون

واتاکەی:

خۆشەویست! لە پرخەی خەوی خاومدا
پێت بخەرە سەر هەردوو چاوم
مەڵێ پرژانگت لە دڕک تیژترە
ئازار مەگەیەنە پێی لە گوڵ ناسکترم
بەپرژانگی تیژ من بەختەوەرم
چونکە بەر دەرگای تۆی پێ دەماڵم
با زۆر تیژیش بێ بۆ پێی تۆ نەرمە
بۆ مەلحەم کردنی لاشەت دڵ گەرمە
بەبێ ترس وەرە پێت بخەرە سەری
ئینجا بزانە ڕووناکییان تێدا ماوە؟
ئەگەر جگە لە خوێن شتێکی تری تێدا بوو
دووری تۆ زیاتر نیشتەری لێ دەدا
کە پێت بەرزکردەوە، بنواڕە چەند جوانە
پێت وێنەی خەنە خوێناوی بووە

ئەم دێڕە شیعرانە لە سەردەمێکی دیاریکراو و لە جێگەیێکی ئەم کوردستانە هەورامانی پێدەڵێن، لە خەیاڵ و ویجدانی کەسێکەوە هاتوونەتە دەرەوە ناوی بێسارانی یە، بەڵام بووە بەوێنەیێکی موتڵەق بۆ هەموو سەردەمێکی مێژوو و هەموو جێگەیێکی جوگرافی سەر ڕووی زەوی و هەموو کەسێکی خاوەن چێژ و خەیاڵ دەست دەدەن، لەناو ماناکانیدا هەموو گێتی دەبینرێ.

٨

لەم بڕە شیعرەدا بێسارانی دەیەوێ بچێتە نێو گێتیی بێ سنووری سۆفیزم، بەڵام چۆن دەچێتە ناوی و چۆن تێی دەگا؟

تـــەرســـــــــــــــــــــا بـــەردەنم
ڕاســەن سـوجـدەی دەیر تەرسـا بەردەنم

مـەی نە پای مـەمـبـەر مـەسـجـید وەردەنم
تەجــدیدێ مــەزهـەب عــیــســا کــەردەنم
فــتـــوای بەرهـەمـــەن گـــرتەنم نـەگــۆش
دینم دان جــــە لای دینێ مـــــەیفـــــرۆش
کـــردەنم نەدۆش خـــەرقـــەی ڕەهـبـــانان
کـێــشـــانم جـــا ڕووی دەورێ بتــخـــانان
ئانـە گـــشت جـــە وەخـت نادانیم بیـــەن
فـەسـڵێ سـەرمـەسـتی و جـوانیم بیـەن
ئیـسـە ها جـە گـشت پـەشـیـمـانیم بەرد
فــــەســــڵێ پیـــریمەن جــــوانیم و یـەرد
وادەی پــیــــــــــــــــریمـەن بـاوانم نـۆبـە
نۆبەی تۆ بـەمــــەن کــــەرەمـــــدار تۆبـە
ئومـــــێــــدم بـەتۆن وەنـەم نەگـــێـــــری
بـویەری جــــە جـــــرم وادەی کــــەم وێری

واتاکەی:

گاوور (تەرسا) بووم

ڕاستە لە دێر سوجدەم برد و گاووربووم

شەرابم لە پەنای مینبەری مزگەوت خواردەوە

مەزهەبی عیسام کرد بەمەزهەبی خۆم

فەتوای بەرهەمەن (براهمای خوای هیندۆسەکان) بوو بەڕێبەر و کردمە گوێ.

دینم بوو بەدینی مەی فرۆشان

خەرقەی ڕەهبانانم خستە سەرشانم

گسکم لە دەری جێی بتخانەکان دا

ئەمانە گشتیان لە وەختی نەزانیم بوون

لە سەردەمی مەستی و هەرزەییم بوون

ئێستا لە گشت کردەوەکان پەشیمان بوومەوە
لە سەردەمی پیریمدا هەرزەییم بەرێ کرد
کاتی پیریم سەردەمی تۆبەیە
کەرەمی تۆ بۆ من تۆبە بوو
هیوام وایە لە گوناهم خۆش بی
گوناهی سەردەمی نەزانیم

لەم شیعرەدا بێسارانی باس لە بەسەرهاتێکی خۆی دەکا، گۆیا سۆفی بووە، ڕەنگە لێرەدا لاسایی شێخی سەنعانی کردبێتەوە، بەهۆی دڵداری کە کچێکی مەسیحی خۆشویستووە، چۆتە سەر ئایینی ئەو و ئایینی براهمییەکانی هیندستان و شەرابی خواردۆتەوە، ئەمەی لە سەردەمی لاویدا بووە، بەپیری تۆبەی کردووە. بەلای ئێمەوە بێسارانی لەو جۆرە سۆفییانە نەبووە، لە شیعرەکانیشیدا شوێنەواری سۆفیزمی لە ژیانیدا دەرناکەوێ، لەبەر ئەوە ئەمە داهێنانێکی ئەدەبییە، دوور نییە بۆ ئەوە نووسیبێتی خەڵکی بەئەهلی شەریعەتی بزانن نەک ئەهلی تەریقەت.

٩

لەم برە شیعرەدا بێسارانی دەرد و غەم و پەژارەی دڵی دەگێڕێتەوە:

غەمناکم غەمناک
جە جەورێ گەردوون غەمناکم غەمناک
هەر بەند مەکەوون جامەتەن چاک چاک
جە دووری یاران خاک وەسەرم خاک
مەنیشووە عەریش دوودێ ئاهێ سەرد
وەختەن جە ئاهم گەردوون بۆ وەگەرد
خوداوەند کەرەم بکەرۆ
تەفرەقەی یاران وە هەم باوەڕۆ
وەرنە جە دەروون پڕ دەردێ زامەت
ئایر وارا تەن ڕۆیی قیامەت

واتاکەی:

غەمناکم غەمناک

لە جەوری گەردوون غەمناکم غەمناک

هەر خەریکی دادڕینی یەخەی خۆمم

لەبەر دووری یاران خاک بەسەرم خاک

هیچی وای نەماوە عەرش لە دووکەڵی ئاهی ساردم

– وەختە لەو ئاهەم گەردوون – بلەرزێ

مەگەر خوداوەند کەرەمم پێ بکا

من و یارانم لە یەکتری نزیک بکاتەوە

ئەگەرنە دەروون پڕ لە ژان و برینە

تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامە

لەم پارچە شیعرەدا بێسارانی باس لە یاران دەکا، نەک یارێکی تاکو تەنیای دیاریکراو، ئەمە لەوانەیە بیری ئادەمزاد بۆ مانایێکی سۆفیزمی ڕووکەش ببا، بەوەی مەبەسی لە یاران ئەو کۆمەڵە کەسانەبێ کە لە خوداوەندەوە نزیکن، هیوا و ئامانجی ئەوەیە بگاتە پلەی ئەوان، لەبەر ئەوەیە لە ئەشکەنجە و ئازاردایە تا ڕۆژی قیامەت کە بەدیدەنییان شاد دەبێ.

١٠

لەم پارچە غەزەلەیدا شاعیر «دووری» دەکاتە هەوێنی داهێنان و دەردی ناو دڵی دەگێڕێتەوە:

چـراغ کـــــــــەی بـۆ کـــــــــەی

جـە دووری زامــەن دینت کـەی بۆ کـەی؟

چن کـۆی پڕ زامــەت ســارای پڕ جـەوەی

چن گەدشـتی چەرخ گەردوون کـەردم تەی

چـن چۆڵێ ئـەربـەت بـەری بێ ســـامـــان

چن گـیــجێ گـلاو دەریای بـێ شــامــان

چن خـــار مـــۆغـــەیلان بەپایانم وەرد
پەردەی تەن شکافت سـەر نە دەروون بەرد
چن ڕوان جـــەفـــا شـــەوان بێـــداری
بـێـــــــداری چەنـی ســـــەیلاتـێ زاری
ئێــمــە بەبێ تۆ ســالێــوەی ســەرســام
خـــەیاڵ چەنی دەرد بێ خـــاوی بێ ڕام
یـانێ ئـەندامم مـــــــەڕێزانـە خـــــاک
وەرنە دڵ چون گـوڵ ســینە کـەردەن چاک

واتاکەی:

دلبەرەکەم کەی تا کەی
لەبەر دووری ڕێگە دەتوانم بتبینم؟
چەند کێو و سارای سەختم دی
چەند ڕێڕەوی چەرخی گەردوونم دی
چەند چۆڵی بێ ئاو و بێ بەر و بێ سامانم دی
چەند گیجی گلاو زەریای بێ شەپۆڵم دی
چەند دڕکی مۆغەیلان (دەوەنێکە) چووە بەپێما
لە پەڕەی جیگەرمدا تێپەڕیوە
چەند بەڕۆژان جەفا و بەشەوان بێداری
چەند بێداری و چەند لافاوی فرمێسک
ئێمە بەبێ تۆ هەمیشە سەرسامین
چەند دەردی خەیالات و بێ وێڵی
خەریکە ئەندامم دەوەرێتە خاک
دڵم وەک گوڵ یەخەی دادڕیوە (شەقی بردووە)

یاری دووری نادیار بووە بەمـــــایەی ئێش و ئازار، وەک لە حـــــیکایەتە ئەفسانەییـیەکان دەیگێڕنەوە، شاعیریش گیـرۆدەی ئەو یارە بووە، وەکو کوڕی ئازای لێ هاتووە هەزار سـەراو و دەراو دەبینێ تا کــلاوی سـەخـری جـینی یا

بەرماڵەکە یا دوڕومرواریییەکە دەست دەخا کەچی شاعیر لە دوای ئەم هەوڵ و کۆششە دڵی شەق دەبا و خۆشەویستی بۆ نادۆزرێتەوە.

١١

لەم پارچەی شیعرەدا بێسارانی گلەیی لە هاوڕێ و دۆستانی دەکا و دەڵێ:

چـراغـم کـــــــــــامـــــــــــەن
مـــابـەینـێ دۆسـی من و تـۆ کـــامـــەن؟
نە عـــەرزەم عــەرزەن نە نـامـــەم نـامـــەن
مـــەرقـــاتی کــاغـــەز دوعـــا و ســـەلامـــەن
مـــەرپەڕێ کـــاغـــەز بڕیان جـــە شـــاران
ســــــیـــــاش بـکـەرێ پەی دەردەداران
یـا کــاغـــەز بڕیـان یا مـــەڵلا مـــەردەن
یـاخـــۆ عـــارتـەن دۆس وەیاد کـــەردەن

واتاکەی:

خۆشەویستەکەم! کامەیە
لە نێوان من و تۆدا دۆستی کامەیە؟
نە هەواڵ هەیە، نە نامە
قاتی کاغەز و دوعا و سەلامە
نامە ناردن لە شاران نەماوە
هەموو شت ڕەش دەکاتەوە وەک دەردەداران
دەبێ کاغەز نەمابێ یا مەلا مردبن
یا کردەوەتانە دۆست لە یاد بکەن

گلەییێکی ئاساییە شاعیر لە دۆستانی دەکا، چونکە بەسەری ناکەنەوە، نامەی بۆ نانووسن و لێی ناپرسنەوە. لێرەدا بێسارانی دیاردەیێکی ئەو ڕۆژگارانەمان بۆ دێنێتەوە کە خوێندەوار نەبووە، زۆربەی گوند و ئاوایییە بچووکەکانی هەورامان ڕەنگە تەنیا مەلایێکیشیان نەبووبێ. دیارە کاری مەلا جگە لە جێبەجێ کردنی لایەنە ئایینییەکان لە کۆمەڵدا نامەشی بۆ خەڵکی دەنووسییەوە، چونکە

نەخــوێندەوار بوون، بەڵام زیاتر کـەمــتــەرخــەمی دەخــاتە ســەر ئەو دۆست و برادەرانەی لە بیریان کردووە و نامەی بۆ نانووسن، نەک نەبوونی قەڵەم و کاغەز و مەلا.

١٢

لەم برە شیعرەیدا بێسارانی وەک وەسیەتنامەیێک بۆ دلبەر داوای لێ دەکا بێتە سەر گۆڕی و گوێ شل بکا بۆ قسەکانی:

چــراغــم ئــامـــــــــــــــــــان
ئامــانەت فــەرزەن ئامــان ســەد ئامــان
وەســیــەتم ئێـدەن ســەوڵێ خــەرامــان
بەی وەســـەر گــڵکۆم دەسم وە دامـــان
ئەســـرین جـــە دیدەی خــەرامــانێ تۆ
جـــە ســـەر بتکی و بگنۆم وە گـــڵکۆ
ئەرخــەڵکان پەرســان لەیلاچێش ببــەن
وا چەها مـــەردم زۆر وەنەم شــیـــەن
ئینە غـــولامـــەن بەتازە مـــەردەن
داخێ دیدەی مـن وە گـــڵکۆم بەردەن
ئیـسە ها نەژێر تەخــتە پۆشێ ســەنگ
نە قـــەبرێ تاریک بێ داوا و بێ دەنگ
بەدەرگـــــای فـــەلەک زار زار بـناڵە
دوو گـێـســووی سـیـات نە خـاک بماڵە
وا چە خــواوەند بووی و جــە گــۆناش
چونکە جــەی دنیـا فـرەمـدان ســزاش

واتاکەی:

خۆشەویستەکەم ئامان
ئامان فەرزە ئامان سەد ئامان
وەسیەتم ئەوەیە ئەی سەوڵی خەرامان

بێیە سەر گۆڕم دەستم بەدامانت
فرمێسک لە چاوی خومارتەوە
وەک شەونم بتکێتە سەر گۆڕم
ئەگەر خەڵکی پرسییان لەیلا چی ڕووی داوە
بەو خەڵکانە بڵێ چی ماوە کە نەقەومێ!
ئەمە غولامی منە تازە مردووە
داخی چاوی من بردوویەتییە ناو گۆڕ
ئێستە ها لەژێر خشتی سەنگ دایە
لەناو گۆڕی تاریکدا بێ دەنگ و داوایە
بەدەرگای فەلەک بەکوڵ بناڵە
بەگێسووی ڕەشت خاکی گۆڕم بماڵە
لە خودا بپاڕێوە لە گوناهی خۆشبێ
چونکە لەم دنیایە زۆر سزام داوە

ئەم پارچە شیعرەی بێسارانی تابلۆیێکی پڕ سۆزی ڕۆمانتیکییانەیە، ئەوەی لە ژیاندا عەودالی بووە و نەگەیشتوویەتێ لە دوای مردن دەیەوێ بیگاتێ، شین و شەپۆری دلبەر لە پاش مردنی دلدار دڵدانەوەیێکە بۆی کە لە گیتیدا پێی شاد نەبووبێ، لە دوای مردن بۆی بگری شادبوونی ڕاستییە.

شاعیر ناوی خۆشەویستەکەی بە لەیلا بردووە. ئەمە تینێکی دیکەی داوەتە شیعرەکە، چونکە لەیلا بەمەجنوون شاد نەبوو، بێسارانیش بەخۆشەویستەکەی شاد نەبوو، لە پاش مردن شادبوونێکی دیکەیە.

جگە لەوە وێنەی هەست پێکراوی جوانی هونەری لەم شیعرەدا بەدی دەکرێ، وەکو «فرمێسک لە چاوی خومارتەوە وەک شەونم بتکێتە سەر گۆڕم...»، «ئەگەر خەڵکی پرسییان لەیلا چی ڕووی داوە، بەو خەڵکانە بڵێ چی ماوە کە نەقەومێ...» ئەم پارچە شیعرە پڕ لە سۆز و خەیاڵە یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی بێسارانی و زۆربەی شاعیرانی ناوچەکانی هەورامان.

١٣

ئەم پارچە غـەزەلەش نموونەیێکی دیکەیە لەو شـیـعـرە زۆرانەی بێـسـارانی تەرخـانی کردوون بـۆ دەربڕینی هەست و نـەسـتی خـۆی بەرامـبەر بە«دووری» کـە هەوێنی بنچینەیی شیعری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتە لە غـەزەل و دڵداریدا بەتایبـەتی ئەوەی هەندێ بۆنی سۆفیزمی لێ دێ.

شاعیر دەڵێ:

چـراغـم بـەخـــــــــــتـــــــــــەن
بەوێم مـــەزانو بەخــتم بەدبەخــتــەن
پەی دووری بـالآت زامـــەتم ســەخــتــەن
مـــەزانو بـەحـــاڵ مـــەردەنیم وەخــتــەن
ئەڵمـاسـێ دووریت نـە دڵ كـار كــەردەن
بەســـەد حـــەكـــیـــمــان دەوانـە بەردەن
شـــیم وەلای حـــەكـــیم ببـــەرۆ دەوام
دەردێ پڕ زامـەت هیـجران سـەرئەنجـام
واتم ئـەی حـــەكـــیم هـانـا ســـەد هـانـا
بكەرە دەوام حـــــەكــــیـــــمێ دانـا
حــەكـیم وات فـەقـیـر چارت نـەچارەن
دەردت دەردێ وەن عـــــیـــــلاج نـەدارەن

واتاكەی:

خۆشەویستەكەم! بەختە
بەوەم زانیوە بەختم بەدبەختە
لەبەر دووری بالآت برینم سەختە
من دەزانم مردنم نزیک بۆتەوە
دووریت وەک ئەڵماس لە دڵ كار دەكا
بەسەد حەكیم چارەسەر ناكرێ
چوومە لای حەكیم دەرمانم بداتێ

دەردی پڕ زامم ئەنجامی دوورییە
وتم ئەی حەکیم هانا سەد هانا
دەردم تیمارکە حەکیمی دانا
حەکیم وتی فەقیر! چارت ناچارە
دەردت دەردێکە عیلاج ناکرێ

لەم پارچە شیعرەدا بێسارانی سوورە لەسەر ئەوەی «دووری» لەیار دیاردەیێکی هەمیشەییە بۆی، چونکە ئەگەر بگاتە خۆشەویستی دڵدارییەکە بەتاڵ دەبێ، داهێنانی هونەریش لە شیعردا کۆتایی پێ دێ. بێگومان چوونی بۆ لای پزیشک کارێکی بێ ئەنجامە، چونکە ناتوانێ تیماری بکا. نەخۆشی شاعیر سایکۆلۆجییە، بەهیچ پزیشکێک چارەسەر ناکرێ. دیارە ئەو وەرامە لە پزیشک خۆی وەردەگرێ کە دەڵێ «حەکیم وتی فەقیر! چارت ناچارە، دەردت دەردێکە عیلاج ناکرێ».

***

مەلا مستەفا بێسارانی شاعیری کوردی سەدەی حەڤدەم لە کۆمەڵێکی سادەی هەورامانی کوردستاندا ژیاوە. زیندەگانی ساکار بووە، باوەڕی ئایینی ڕێگەی جوانی پەرستی پێ پیشان داوە، توانیویەتی لەگەڵ دڵداری سەر ڕووی زەوی بیگونجێنێ.

خۆشەویستی لە دلبەرێکی جواندا دیوە، ڕەنگە تەنیا ئامینە نەبووبێ بەڵکو گەلێک لە سیاچەمانەکانی دیکەی هەورامان بووبن. ئەگەر بەخەیاڵیش بیری لەو جوانانە و هونەری شیعر کردبێتەوە بۆی بووە بەهەناسەیێکی میللییانە سروود بۆ دڵداری بلێ و ئاوازی گۆرانییەکانی لە شیو و دۆڵەکانی شاخی زاگرۆس دەنگ بدەنەوە.

سروشتی ڕەنگینی هەورامان مایەی داهێنانی شیعری بێسارانین، ئەو شیعرانەی سنووری وێنەی هونەری زاگرۆس و هەورامان و بێسارانی دەکێشن وەک بەرهەمێکی جوان و نەرم و ساکار دەکەونە بەرچاو.

بەشی پێنجەم

# ئەڵماس خانی کەندووڵەیی

١٧٠٢ - ١٧٧٦

## بەسەرهاتی شاعیر

لە سەرچاوە ئەدەبییەکاندا ئەوە هاتووە ئەڵماس کوڕی ئەحمەد خانی کەندووڵەییە، ناوبانگی بە«ئەڵماس خانی کوردستانی» و «سەرهەنگ ئەڵماس خان» و «ئەڵماس خانی کەندوولەیی (کەنووڵەیی)» و «میرزا ئەڵماس خان» و «ئەڵماس خانی کەڵهوڕ» دەرکردووە. لە ساڵی ١٧٠٢ لە گوندی کەندووڵە لەدایک بووە. ئەم ئاواییە دەکەوێتە نێوان کرماشان و سنە. ئەم شاعیرەمان کەسێکی میرزا و خوێندەواری دەوری خۆی بووە، بەڵام وەکو لە کردەوە ئەدەبییەکانیدا دەردەکەوێ لایەنی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی لە زانینیدا زاڵە بەسەر لایەنی ئایینییەوە، واتە لە سەرەتای ژیانییەوە خۆی ئامادە نەکردووە ببێ بە مەلا (پیاوی ئایین). شاعیر خوێندنی سەرەتایی لە مەڵبەندی خۆی بووە. ئینجا بڕێکیشی لە سنە وەرگرتووە. زۆربەی ژیانی لە گوندەکەی خۆی بردۆتە سەر.

ئەڵماس خان کەسێکی سوپایی بووە، لە فەرماندارانی سوپای نادر شای ئەفشار بووە (١٦٨٨ - ١٧٤٧)، پلەی سەرهەنگی (کۆلۆنێلی) هەڵگرتووە. وەک مێژوو دەیگێڕێتەوە بەشداری لە جەنگەکانی نادر شادا کردووە. لە جەنگێکدا لە ساڵی ١٧٣٢ لە نێوان نادر شا و تۆپاڵ عوسمان پاشا ڕووی داوە، بەهۆی دواکەوتنی ئەڵماس خان تیپی سنە شکاوە، ئەمە کاری گەورەی کردۆتە سەر شکانی لەشکری نادر شا. ئیتر نادر شا ئەڵماس خانی لە فەرماندەیی سوپا لابردووە و گۆیا خستوویەتییە بەندیخانەشەوە. ئەمە لە هەندێ لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. دوورخستنەوەی لە سوپا بووە بەهۆی گۆشەگیری بەتایبەتی لە دوای ئەوەی لە بەندیخانە ڕزگاری بووە.

ئەڵماس خان وەک کەسێک لە بنەماڵەی دەوڵەمەند و خانان گوزەرانی باش بووە و توانیویەتی بەخۆشی بژی. هەوەسی ڕاووشکاری بووە، بایەخی زۆری بەمۆسیقاداوە، لە بەکارهێنانی ئامێری تەنبوور وەستا بووە.

ئەم شاعیرەمان توانیویەتی لە گەلێ لایەنی جیاوازی پیشە و پسپۆڕی ژیانی ئادەمزاددا جێ پەنجەی دیاربێ، تەنیا شاعیر نەبووە، کەسێکی سوپایی و سوارچاک و چەکمەڕەق بووە، حەزی لە مۆسیقا بووە، ئازا و سەربڵند بووە، خۆشی و ناخۆشی ژیانی دیوە. بەرگری لە هەموو جۆرە ناخۆشییێکی ژیان کردووە.

ژیانی سەرەتایی و سەردەمی لاویەتی شاعیر پڕ لە جموجۆڵی بووە، ڕووداوی خۆش و ناخۆش سەریان لە ژیانی داوە، بەڵام ژیانی سەردمی بەساڵاچووی هێمن و لەسەرخۆ بووە، بەشیعر و مۆسیقا توانیویەتی ئارەزووی گیانی خۆی بهێنێتە دی، تا لە ساڵی ١٧٧٦ بەیەکجاری سەری ناوەتەوە و بەشێک لە بەرهەمی شیعری بۆ نەتەوەکەی بەجێهێشتووە.

## بەرهەمی شاعیر

بەرهەمی شیعری ئەڵماس خان تا ئێستا کۆنەکراوەتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، بەشێکی کەمی لەم لاو لەولا لە ڕۆژنامە و گۆواری کوردی بڵاوکراونەتەوە، ئەگەرچی جێی گوشادییە بەشی هەرە زۆری بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرە پارێزراوە، بەڵام مخابن ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد بێ ئاگان لەو بەرهەمە زۆرە، بەشێکی کەمی لەژێر دەستی خوێنەر و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردین. ئەو بەشە زۆرەی بەرهەمی ئەڵماس خان کە بڵاونەکراوەتەوە لە دەسنووسدا پارێزراون، بەشی زۆری دەسنووسەکان لەناو دەلاقەی نامەخانەکانی ڕووسیا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و جێی دیکە تۆزیان نیشتۆتە سەر، بەشێکی دیکەش لە ناوچەکانی هەورامان و کرماشان و ئەردەڵان و شارەزوور و گەرمیان لە ماڵی خوێندەواران و دەلاقەی نامەخانەی مزگەوتان چنگ دەکەون.

ئەڵماس خان لە گەورە شاعیرانی حەماسە سەرای ڕۆژگاری سەدەی هەژدەمە، شاعیرێکی بەتوانا و خەیاڵ فراوان و سروشت پاک و داهێنەر بووە. زمانی شیعری ئاسان و ڕەوانە، لە چیرۆکی شیعریدا هەناسەی درێژە، وەستایانە لەم

جۆرە شیعرانەیدا ڕووداوی جیاواز بەیەکتری دەبەستێتەوە.

ئەم شاعیرەمان وەکو زۆربەی شاعیرانی هۆزی «گۆران»ی کورد بەرهەمی ئەدەبی لە دوو بابەتدا خۆی دەنوێنێ، یەکەمیان شیعری لیریکی، دووەمیان ڕۆمانی شیعری:

١- شیعری لیریکی: ئەم جۆرە شیعرەی بەقەوارە کورتە و لە چاو هەموو بەرهەمی شیعری ئەڵماس خان بەژمارە کەمە، ڕەنگە ئەم بڕیارەمان لەبەر ئەوەبێ تا ئێستا نەمانتوانیوە دەست بەسەر هەموو بەرهەمی شاعیردا دابگرین.

٢- ڕۆمانی شیعری: لەم بابەتە شیعرەی گەلێک زۆرە، بەشێکی شاعیرانی تری کوردیش کردوویانەتە ڕۆمانی شیعری، بەشێکی دیکەش لەگەڵ ئەدەبی میللی سەرزار تێکەڵ بووە، هەندێکیش بەناوی ئەڵماس خان و شاعیری دیکەوە تۆمار کراون. هەرچۆنێ بێ بەرهەمی ئەم شاعیرە پێویستی بەکۆکردنەوە و لێکدانەوە و ساغکردنەوە هەیە، چونکە کەسێتییێکی گەورەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

## چیرۆکە شیعرییەکانی

ئەڵماس خان کۆمەڵێک ڕۆمانی شیعری هۆنیوەتەوە، هەندێکیان لەلایەن شاعیری دیکەشەوە هۆنراونەتەوە، بەڵام هی وایان تێدایە بابەتی بەرهەمەکە تەنیا ئەڵماس خان دەستی بۆ بردووە، لەمانە:

١- خورشید و خەرامان یا خورشیدی خاوەر.

٢- شیرین و فەرهاد یا شیرین و خوسرەو.

٣- هەفت لەشکر یا هەفت پەیکەر.

٤- نادر و تۆپاڵ یا نادرنامە.

٥- ڕۆستەم و زۆراب.

٦- مەنیژە و بیژەن.

٧- کەنیزەک و یازدە ڕەزم.

٨- شەماڵ و زەلان.

جگە لەمانە شانامەی فیردەوسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە قەوارەی شەست هەزار دێڕە شیعر ڕۆمانی شیعری «شانامە»ی بەکوردی دروست کردووە.

ئەڵماس خان ئاگاداری نێوەندی ئەدەبی سەردەمی خۆی بووە، لە شاعیرانی کورد خانای قوبادی ناسیوە، میرزا شەفیع مامێزکی بەهۆی مردنی شاعیرەوە ماتەمنامەی بەشیعر بۆ نووسیوە، جگە لەوە شیعریشیان بۆ یەکتری وتووە.

لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە شاعیرێکی دیکەمان هەیە بەناوی «ئەڵماس خانی لوڕستانی» یا «خان ئەڵماسی لوڕستانی» (١٦٦١ – ١٧٢٥) ئەمەیان لە شاعیرانی یارسان (ئەهلی هەق) و پیاوچاکانی ڕێکخراوی ئایینییانە. هەروەها جگە لە میرزا شەفیع مامێزکی کە هاوچەرخی ئەڵماس خانی کەندووڵەیی بووە شاعیرێکی دیکەشمان هەیە بەناوی میرزا شەفیع جامەڕێزی (١٧٧٦ – ١٨٣٦) ژیانی خوێندەواری کەوتۆتە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم.

## نموونەی شیعری ئەڵماس خانی کەندوولەیی

بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرەمان لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەوڵەمەندە، پەنجەی بۆ زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و گیانی و دڵداری درێژ کردووە، بەلام لە شیعری قارەمانی و سوارچاکیدا بەڕاستی سوارچاکێکی باشە، هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە لایەنی پراکتیکی لە جەنگ و شەڕ و شۆڕدا، چونکە بەشداری لە شەڕ کردووە و مەشقی تاکتیکی عەسکەری هەیە، ئەمە بەشێوەیێکی هونەروەرییانە لە بەرهەمی «ڕۆمانی شیعری»یەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

### نادر نامە

نادر نامە ڕۆمانی شیعرییە، ئەڵماس خان باسی ئەو جەنگە دەکا کە خۆی بەشداری تێدا کردووە وەک ئەفسەرێکی گەورە و لە پاشانا سوپای نادر شا شکاوە و ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی نادر شا ئەڵماس خان لە سوپا دووربخاتەوە.

لەم داستانەدا ئەڵماس خان زیاتر وەسفێکی فۆتۆگرافی جەنگەکە دەکا، بەلام لە داهێنانی وێنەی هونەری بەدوور نییە. لێرە پێویستە گەشتێکی کورت بەناو ئەم ڕۆمانە شیعرییەدا بکەین، بەتایبەتی لەو بەشانەی شاعیر باس لە ناوەرۆکی سەرەکی چیرۆکەکە دەکا، بێگومان بەهەموو جۆرێکیش شاعیر سەرەتا و کۆتایی بەرهەمەکەی بە ناوی خودا و بەشێوەی موناجات دەگەیەنێتە ئەنجام.

لە بەشێکی چیرۆکەکەدا دەڵێ:

سـەحـەر تۆپاڵ شـا خـێـزا عـەزم كین
جـۆشنا سـپـا سـواربێ وەزین
كـێـشـا كـەڕەنا سـەلات هـەی دان
غـولغـولەی ڕۆمـات ئامـا نە مـەیدان
سەف دان سەف ئارا سەرهەنگ سەرداران
تـیـپ تیـپ و لـەك لـەك عـەلـەم نـاران
تۆپاڵ كـەرد تیپ تیپ تیـپـان تیپ ئارا
دەسـتـە دەسـتـە سـەف مـدرا نە سـارا

***

تەمـام كـینە پۆش بێ خـۆف ژ مـەردەن
عـاسی ئەبلەق دار كـەفـەن نە گـەردەن
تۆپ تۆپـخـانان جـۆش جـەزایر
بەست نە پێش تیپ ئاشـووب ئایر
شـان سـەهـمناك تۆپ پڕ غـرێو
دەهـان پڕ ژ دوود چـون دەمـاغ دێو
سـڵـسـڵـەی سـپـاش بەو تـەور و نارا
دانە تـەپڵ كـۆس جـەهد جـەنگ ئارا
گـرمـەی گـەبرەكـان نە بەر نالە
تـاونا جـە جـەرگ زالەدار زالـە
مـەردان بەزم شـەڕ مـەدران بەكـینە
دەست بەتێغ تیـژ سـپـەر نەسـینە

لێـرەدا شـاعـیـر دەڵێ: سـەرلەبەیانی بوو تۆپاڵ پاشـا دەسـتی بەشـەڕ كرد، لەشكرەكەی هان دا هێرش ببەن، سوپا دای لە ئاوازی جەنگ بەكەڕەنا و شەیپوڕ، سـەردارانی سـوپا تیپی لەشكریان ڕێز كرد و هەركـەسە ئاڵای خۆی هـەڵكرد. لە پاشانا ناوی ئەو خێڵ و عەشرەت و هۆزانە دەبا، كە سوپای تۆپاڵ پاشا لێیان پێكهاتبوو.

له دوای ئەمــە شـاعـیــر بەچەند دێڕێک باس لە سـوپای نادر شـا و ئەو هۆز و عەشرەتانە دەکا کە بەشدارییان تێدا کردبوو:

نـەی جـانـیب نـادر جـۆشـا عـەزم کـین
ســوار بـی سـالار سلێـمـان نگین
جـۆشـا خـرۆشـا وەبـێ مـدارا
یا سـاڵ قـۆشـەن کـێـشـا نە سـارا
دانـە کـەڕەنا خـێـزا سـپـا و سـان
چون قـۆچ جـەنگی ئامـانە مـەیدان
سـان بـێ سـامـان سـەف دا سـەف ئارا
سـەرهەنگ سـەرداران عـەلەم و نارا
دەسـتـە دەسـتـە کـەرد تـیـپـان تیپ تیپ
هەر تیپێ چون تەوق تیپ ئەو ڕەنگ ژ تیپ
تیـپێ ژ هـەوشـار تیـپـێ ژ قـەجـەر
تیـپێ ژ ئەفـغـان شـۆڕ شـەڕ نە سـەر
تیـپێ ژ ئۆزبەک تیـپـێ ژ قـەڵمـاخ
تیـپی ژ گـورجی تیـپـێ ژ قـازاخ
تیـپێ ژ تـەکـە تیـپێ تورکـمـان
تیـپێ ژ یەمـووت تیـپی گـۆکـەڵان
تیـپێ ژ مـارسی تیـپـێ عـیـراقی
تیـپێ ژ لزگی تیـپـێ شـوقـاقی
تـیـپـێ ژ لۆلۆ تـیـپـێ لالـەوی
تیـپێ ژ مـوکـری تیـپێ مـامـەوی
تـیـپـێ ژ بـەلووچ تـیـپـێ ژ لاری
تیـپێ خـوەراسـان کـۆی سـەبزەواری
تـیـپـێ ژ فـەیلی ژ وەرمـزیاری
تیـپێ ژ مـەردان کـۆی بەخـتـیـاری

تیــپێ ســیــســتــانی تیــپێ کــابڵی
تیـــــــپێ زەنگنـه تیـــــــپێ زابڵـی
تیــپێ ســـمنانی تیــپێ دامـــغــانی
تیـــــپێ ژ مـــــەردان مـــــازەندەرانی
تیـــــپێ بوخـــــارا تیـــــپێ ژ بەڵخی
تیــپێ ســـەمـــەرقـــەند بەتوند و تەڵخی
تیـــپێ قـــووچانی تیـــپێ کـــەڵاتی
تیــپێ مـــەشـــهـــەدی تیــپێ هەراتی
تیـــپێ بەندەری تیـــپێ بێـــوازی
تیــپێ کــۆکــەڵوو تیــپێ شــیــرازی
تیــپێ شــمـــاقی تیــپێ ســیــروانی
تیــپێ تفلیــسی گــەنجــە و ئێــروانی
زەربـەزەر بـەتیپ بلـووک بلـووک ســـــەف
ســەف ســەف سان دریا تا ســارای نەجەف
دەســتــە دەســتــە کــەرد تیپ مـۆچاخـان
بـاڵ بـەیـداغـــــــان بـی وەچـراخـــــــان

شاعیر دەڵێ، نادر شا بەرامبەر بەتۆپاڵ پاشا وەستا، بەتووڕەیی شێرانە سواری ئەسپی بوو وەکو سلێمان لە جۆش و خرۆشدا بوو، سوپای ڕێکخست، تیپ تیپ جێگەیانی دەستنیشان کرد، سەرۆکی تیپەکان ئالآیان هەڵکرد، بێگومان یەکێ لەو سەرهەنگانە کۆلۆنێل ئەڵماس خان بوو، لە دوای ئەمە شاعیر ناوی ئەو میللەت و هۆز و عەشیرەتانە دەبا کە سوپایان پێکهێنابوو.

ڕۆمـانی شـیـعـری نادرنامـە گـەلێ ڕووداوی تێـدایە، بریتی نـیـیـە تـەنیـا لە بەرەنـگاربوونی ئەم دوو هێــزە و چوونـە مــەیدانیــان بۆ یەکـتـری، بـەڵکو وێنەی کۆمەڵایەتی و ژیانی ئەو سەردەمەی کورد و نەتەوەکانی هاوسێی تێدایە.

شـاعـیر بەکوشـتنی نادر شـا دوایی بەڕۆمـانەکـەی دێنێ. بێگومـان نادر شـای خـۆش نەویسـتـووە، لەبـەر ئەوە پەژمــردەیی و دواکـەوتوویی ئێـران لە ئەنجـامی کردەوەکانی ئەودا دەبینێ.

ئەڵماس خان بەم دێڕە شیعرانە کۆتایی بەڕۆمانەکەی دێنێ:

ئەلقـیـسـسـە نـادر سـەرنگوون کـەردن
سـامـانش سـامـاڵ خـاک و هـوون کـەردن
هـوونی غــەنیــمـــان ژ هوونش وەردن
گـــەنج و خـــەزانەش بـەغـــارەت بـەردن
قـاو کـەفت نە قـۆشـەن سـپـا خـرۆشـا
ڕشـیــان نە حـــەرەم سـەراپـەردەی شـا
ژ هەر چـوار جـانب هجـووم کـەردشـان
یـۆرشـت بەخــــەیمـەی نـادر بـەردشــــان
زیــــڕەی زەلالــــەت زاری زوڵـــم و زوور
نـادر بـی وەسـان سـپـای سـەلـم و توور

***

تـەخت تـاوســـیش ســـەرداران بـەردن
خـەیمـەی مـرواریش سـەد پـارە کـەردن
گــــەنج و خـــــەزێنەش بـەردن بـەتـالان
کـــەردشـــان وە پەند وات وات ســـالان
بەیەک کـفـر کـۆن سـڵـسـڵـەی نادر
نـە نـادرێ مـــــــەند نـە چـەتـر چـادر
تـەنـتــــەنەی تـەرتـیب نـادر بی بـەتـاڵ
نە تـەخت مـــەندنە نە ســـەرمـــەند مـاڵ
کـــــۆتابـی دەعــــــوای دیوان نـادر
ســـابـی ســـامـــانش وە ئـەمـــر قـــادر
بەرد بنـچــــینەی بنیـــادش کنیــــا
جــــمـــان نـادر شـــا نامــان وە دنیــا
هـانا هـامــســـەران دنیـــا مـــەردەنەن
سەوداش بێ سوودەن زەحمەت بەردەنەن

هەر کەس موسڵمان خودا شناسەن
ڕای ڕاست بگێڕان نێکنامی خاسەن

ئەو وەسفەی شاعیر بۆ جەنگی نێوان نادر شا و تۆپاڵ عوسمان پاشا نووسیویەتییەوە بۆ هەموو ئەو جەنگەی ڕۆژگارانی پێشوو دەست دەدا، هێزی سەرکەوتوو دەست دەکا بەکوشتن و برین و تاڵان و وێرانکردنی هەموو شتێکی بەردەستی دەکەوێ. دیارە شاعیر ڕازییە بەم کردەوەیە، چونکە نادر شا لە ژیانیدا خراپەی کردووە، بەلای شاعیرەوە پیاو نابێ خراپە بکا، چونکە هیچ نەبێ ژیان هەمیشەیی نییە، هەموو شتێک کۆتایی دێ و هەموو کەسێک مردنی لە دواوەیە.

## لیریکی ئەڵماس خان

ئەم پارچە شیعرە لیریکییەی شاعیر نموونەی هەستێکی ناوەوەی ناو دەروونییەتی، بێگومان دەبێ دووربێ لە زەبر و زەنگ و درشتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆنی جەنگی لێ دێ نەک وەک دیاردەیێکی ئاسایی بەڵکو نائاسایی و لەسەر ئەو باوەڕەیە هەموو شت بەجەنگ نییە، دیارە مەبەسی جەنگی ڕاستی نییە و ئەو جەنگەیە بەمانای دڵداری، ئەمەش لای هەموو کەسێک کارێکی بەجێیە. لە شیعرەکەدا دەڵێ:

خۆ بەجەنگ نیەن خۆ بەجەنگ نیەن
دیدەم دڵداری خۆ بەجەنگ نیەن
دڵ زەرەی کوشتەن خۆ ژ سەنگ نیەن
نەدەی لە جەرگم جای خەدەنگ نیەن
شەرتی ئینسافیش خۆ بەی تەور نیەن
دنیا خۆ پەریم تاری تەنگ نیەن
تیرە تەختی تۆ بێ درەنگ نیەن
خۆ پام نەپابەند پاڵەهەنگ نیەن
وڵات خۆ چون تۆ گشت فەڕەنگ نیەن
غەیر ژەتۆ قەهەت شۆخە شەنگ نیەن
مون کە ڕیسواییم بەرزبی نە ڕووی یام
بیم وە تانەکیش واتەی خاس و عام



د. مارف خەزنەدار. ب٢ (٦)

شـــەرتەن ژ داخت چون قـــەیس ســـالان
وێـلّــی ولات بـیـم تـا پـام نـە پـالان
تـەرکی دنـیـــاکــــەم تـەرزی ئـەبدالان
یاهـوو بکێـــشـــۆ ژ قـــاپی مـــالان
بـەرگی ســــەنعــــانی بەپوشــــو نـەوەر
قــــەیس ئاســـا بـیـــدی بگیـــروو نـەوەر
کــــۆکـــــەنی فـــەرهـاد باوەزوون وەیاد
نـەراگــــەی شــــیــــرین ســــەر بدەم وەیاد
چون مـەجنوون ژ داخ تانەی زیب و زوشت
ژ عــیــشــقی لـەیلا ویم بدەم وە کــوشت
هەر جـا چون فـەرهاد تەرکی شـاهی کـەم
هەرکـو چون مـەجنوون مـاڵ گـەدایی کـەم
هەر جـا ســـەر بدەم ڕووحی ویم بـەدەست
هەرکـو گـیـان بدەم گـیـان سـتـانی هەست
ئـەلبــــــەت کـــــەسی هەن ژ دەردەداران
ســـارێش کـەرۆ زام جـای تیـرە خـاران
نـەچــوون تـو نـاشـی دانـەی دوڕ نـەنـاس
هەر های نەســەودای بێ قـەدری(ئەڵمـاس)

لەم شیعرەدا ئەڵماس خان جۆرە دڵدارییێک دەکا مەبەسی تەنیا لایەنی سۆز و ئەڤین نییە، زیاتر مـەبەسی لایەنی کۆمەڵایـەتییە، شاعیر کە بەڵگە بە مـەجنوون و شێخی سەنعان و فەرهاد دێنێتەوە دەیەوێ بڵێ دڵی بریندارە، گیانی پڕ لە ئێش و ئازارە وەکو ئەوان، تەنیا مـەبەس ئێش و ئازارەکەیە ئەگەر نا ئەو ناتوانی خۆی بکا بەبەڵگە لە ڕووی بیروباوەڕی سۆفیزمییەوە، چونکە ئەم پارچە شیعرە ئەو سۆفیزمە گەرمەی تێدا نییە شاعیر بگەیەنێتە پلەی سۆفییێکی وەکو شێخی سەنعان. شیعرەکە بریتییە لە ڕاز و نیازێک ئەڵماس خان تێیدا خۆی وەک دڵشکاوێک پیشان دەدا و هەندێ زاراوەی سۆفیزم بەکاردێنێ، بەم جۆرە شیعرەکە دەچێتە گێتی وەسفی سۆفیزم.

## نامەی شیعری ئەڵماس خان

ئەم پارچە شیعرە ماتەمنامەیێکە ئەڵماس خان بۆ میرزا شەفیع مامێزکی ناردووە بەهۆی کۆچی دوایی یەکێ لە خۆشەویستە نزیکەکانیەوە. شاعیر لەو نامەیەدا دەڵێ:

شەفیع دنیای دوون شەفیع دنیای دوون
وەس بچۆ نەفکر دەور دنیای دوون
فکر و خەیاڵ کەر ئاوەران کۆ؟
بەرد بنچینەی پێغەمبەران کۆ؟
حەزرەت مووسا کەلیمولڵا کۆ؟
هامراز گوفتار تای بێ هەمتا کۆ؟
غەریب غوربەت شای خوەراسان کۆ؟
ئەولاد ڕەسووڵ حەق شناسان کۆ؟
ئەمیر سەفدەر ساقی کەوسەر کۆ؟
حەسەن و حوسەین ئیبنی حەیدەر کۆ؟
جەلال داوود وەکووره و دەم کۆ؟
حەڵقەی زەڕین باف تەنگ مەحکەم کۆ؟
حەزرەت سلێمان ساحێب نگین کۆ؟
چەند موجتەهیدان ستوون دین کۆ؟
فەرەیدوون فەڕ فەڕڕوخ نەژاد کۆ؟
فەڕ کەیکاووس هەم کەیقوباد کۆ؟
کەیکاووس وە جەنگ جادووگەران کۆ؟
داوای دێو سفید مازەندەران کۆ؟
قەهر قەهرەمان زۆر دەعوا کۆ؟
پڕ داڵ پەیکان سەما پەیما کۆ؟
فەڕ فەریبورز هەفت ئیقلیمگیر کۆ؟
برزۆ و فرامەرز یال زاڵ پیر کۆ؟

گیو هونەرمەند ساحێب سپا کۆ؟
برووت بێژەن گیرۆدەی چا کۆ؟
نەریمان دەور ئەولاد سام کۆ؟
مەردی مەنووچەر مەنشوور عام کۆ؟
باڵ و بازوو خاس فەرهاد چین کۆ؟
کەیخوسرەو کۆشی شۆخی شیرین کۆ؟
بەهرام بەو کەمەند گۆڕگیر و فەڕ کۆ؟
شاهی ئیبراهیم بەو زیب و زەڕ کۆ؟
شای تەیموور لەنگ ساحێب ئەساس کۆ؟
تیغ ژار ئاڵووی پەری قساس کۆ؟
تیغ و گورز و ڕەخش ڕۆستەم زاڵ کۆ؟
هەوایی برووت داڵ ئیبنی داڵ کۆ؟
شایی شاعەبباس فراسەت دار کۆ؟
زەلیلی زوحاک هەناسە مار کۆ؟
نادیرەی دەوران شێر ئێران کۆ؟
دەنگ داوەداو داو دلێران کۆ؟
شین و زاریش بێ یەعقووب پەی یۆسۆ؟
وەشین و زاری چ ئاوەرد وەکۆ؟
گەردەن کەش نە ڕای غەزوەیی دین کۆ؟
ساحێب تەمتەراق خاقان چین کۆ؟
دنیا نە مەندەی پەی پێغەمبەران
ئێمەیش مەوەران ئەی بێ خەبەران
هەی داد هەی بێ داد هەر چە بێ ویەرد
نەکەردە کاران وەبێ داخ و دەرد

وەک لە ناوەرۆکی ئەم شیعرە دەردەکەوێ ئەڵماس خان ڕوودەکاتە هاوڕێی شاعیری میرزا شەفیع مامێزکی و دڵی دەداتەوە بەوەی ئەوانەی پێش ڕۆژگاری

ئەوان ژیاون کەسیان لێ نەماوە، کە ناوی گەورە و بەناوبانگان دەبا ناویان دەخاتە ڕستەی پرسیارەوە، وەرامی ئەو پرسیارە بێ گومان «مردن» دەبێ. بەم جۆرە ناوی کۆمەڵێک پێغەمبەر و ئەولیا و پیاوچاک و شاهنشا و قارەمان و ناوداران دەبا. چارەنووسی ئەمانە چی بوو؟ هەموویان مردن.

***

شاعیری ئەم ماوەیەمان ئەڵماس خانی کەندووڵەیی یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی ڕۆمانی شیعری سوارچاکی و قارەمانی و شەڕ و شۆڕ لە ئەدەبی کوردیدا. بەرهەمی لەم بابەتەی زۆرە، هەروەها شیعری لیریکیش لەناو بەرهەمیدا بەرچاو دەکەوێ. کەسێکی سوپایی بووە، چێژی لە مۆسیقا وەرگرتووە و تەنبوور ژەنی باشیش بووە.

خانای قوبادی

## بەشی شەشەم

# خانای قوبادی

١٧٠٤ – ١٧٧٨

### بەسەرهات

ئەو سەرچاوە و کەرەستە تۆمارکراوانەی لەبەردەستدان زانیارییەکی کەم بەدەستەوە دەدەن لەبارەی خانای قوبادییەوە. ئەو شاعیرەمان لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا بەخانای قوبادی ناوبانگی دەرکردووە. لە هەندێ سەرچاوەدا شاعیر ناوی خۆی بە «خانای خان قوباد» هێناوە.

خانای قوبادی لە ساڵی ١٧٠٤ لەدایک بووە. بەڕەچەڵەک نەوەی قوباد بەگە لە بنەماڵەی پاشایانی باجەڵان. وەک لە ناوەرۆکی بەرهەمەکانیدا دەردەکەوێ خوێندەوارێکی بەتوانا و بەرز بووە، ئەمەی لە ئەنجامی خوێندنی حوجرەی ئایینی دەستکەوتووە، بێگومان هەموو قۆناغەکانی خوێندنی حوجرەی مزگەوتی بڕیوە و شارەزاییێکی قووڵی لە فیقهی ئیسلامی و فەلسەفە و عیرفان بووە. زمانی فارسی و عەرەبی باش زانیوە و سوارچاکی ئەدەبی بەرزی ئەم دوو نەتەوەیە بووە.

وا دەگێڕنەوە گۆیا خانا هەندێ ئایەتی قورئانی بەکوردی لێکداوەتەوە و یا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە کارە لەناو کۆمەڵی مەلایانی کورد باو نەبووە، ئەو مەلایانە خەڵکیان لێ هان داوە، ناچار مەڵبەندی خۆی بەجێ هێشتووە و پەنای بۆ وڵاتی بابان بردووە، والی کە ئەمەی زانیوە هەوڵی زۆری داوە ئاشتی بکاتەوە و بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بەڵام ئەو لە ئەنجامی کار دڵنیا نەبووە، لەبەر ئەوە نەگەڕاوەتەوە. ئیتر هەر لەوێ لە ساڵی ١٧٧٨ کۆچی دوایی کردووە.

خانا لە بنەماڵەیێکی میرزادە پەروەردە بووە، لەمە زانست و زانیاری و ڕەوشتی چاک و پاکی وەرگرتووە، هەروەها ئەم بنەماڵەیە دەست ڕۆیشتوو و زەبر بەدەست

و بەتوانا بووە، ئەمە ژیانێکی ئوروستوکراتی بۆ خانا ڕەخساندووە. ئیتر بەهونەری بەزم و ڕەزم و سوارچاکی و ڕاووشکار و بایەخدان بەئەدەب ڕاهاتووە، هەموو خووڕەوشتێکی پێویستی منداڵی میران بووە بەچاکی زانیویەتی و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا کردوە.

ماوەی ژیانی خانا لە سەدەی هەژدەمدا کەوتۆتە سەردەمی ساڵانی دوایی فەرمانڕەوایی سەفەوییان (١٥٠١ – ١٧٢٢)، ئەمە لە سەردەمی مێرد منداڵی و هەرزەیی شاعیردا بووە، کەچی ماوەی هەرە زۆری ژیانی کەوتۆتە ڕۆژگارانی فەرمانڕەوایی زەندییەکان (١٧٥٠ – ١٧٩٤)، واتە ژیانی خانا لە سەردەمێکی ئاژاوە و شەڕ و شۆڕ و تێکچوونی کۆمەڵی ئێراندا بوو.

دوا ساڵانی فەرمانڕەوایی سەفەوی پڕ لە تەنگ و چەڵمە و ئینجا دوا ساڵانی ماوەی ئاژاوە و نەبوونی دەسەڵات، ئەوجا فەرمانڕەوایی قاجار، ئەم ماوەیە ناڵەبارترین ڕۆژگارانی دەسەڵاتی ئێران بوو، بۆیە کارێکی بێ ئەندازەی لە کۆمەڵی کوردەواری کردبوو. کەسێکی پڕ هەست و سۆزی وەکو خانا لە کۆمەڵێکی سەرلێشێواوی وادا سەرسام دەبێ. ڕاستە ناوچە جوگرافییەکانی هەورامان زیاتر سەر بەئێران بوون بەڵام دەست تێوەردانی دەسەڵاتی عوسمانیش هەندێ جار کاریگەر بوو. ئەم دیاردەیە شاعیرێکی وەکو خانای تووشی دوودڵی و ڕەشبینی کردبوو، ناچار بوو لە کۆمەڵ ڕابکا و پەنا بباتە بەر بووکی شیعر و گێتییێکی هونەری و ڕۆمانتیکی وەک «شیرین و خوسرەو» دروست بکا.

## شیعر و زێد و سۆز

بەرهەمی شیعری خانا بەشێوەیێکی گشتی لە ڕووی ڕوخسارەوە بەسەر دوو هونەری شیعریدا دابەش دەکرێ. یەکەمیان شیعری لیریکی و دووەمیان ڕۆمانی شیعری (چیرۆکی شیعری)، گومان لەوە دانییە بەگوێرەی ناوەرۆکی ئەو شیعرانەی لەبەر دەستماندان دەبێ شیعری یەکجار زۆر بووبێ، کەچی ئەوەی ئێمە دەیزانین کۆمەڵێکی کەم لە شیعری لیریکی و لە ڕۆمانی شیعریش تەنیا «شیرین و خوسرەو» بەتەواوی لەژێر دەستماندان.

شیعری خانا لەڕێزی چاکترین شیعر دەوەستێ لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا. مانای وشەی ئاشکرایە، داڕشتنی ڕستەی ئاسانە، لە مانادا هەندێ لە شیعری

ئەدەبی میللیی نەنووسراو نزیک دەبێتەوە. ناوەرۆکی دەوڵەمەندە، شاعیر شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی شارەزای ناوەوەی گێتیی شاعیر بێ دەتوانێ بەئاسانی شیعری خانا دەستنیشان بکا، تا ئەگەر ناویشی تێدا نەنووسرابێ و هیچ هەواڵێکیش لە ناوەوە نەبێ کە شیعری خانایە.

لە شیعری خانادا وێنەی ڕۆمانتیکییانە گەلێکە، بەزۆری سووک و ئاسانە، هەندێ جاریش قورس و سەختە. بیروڕا و بۆچوونی قووڵی فەلسەفییانە لە بەرهەمی شیعریدا بەدی دەکرێن. لەبەر ئەوەیە دەبێ هەواڵی وەرگێڕانی قورئانی بەشیعری کوردی ڕاست بێ، ئەگەرچی تێکستی ئەم کارە لەبەردەستماندا نییە.

هەستی نەتەوایەتی (کوردایەتی) لای خانا لەو ڕۆژگارەدا لە پلەیێکدا بووە، نەیتوانیوە بیشارێتەوە. ناحەزانی کورد لەناو کۆمەڵی عەجەمدا هەوڵیان داوە هەمیشە نرخی زمانی کوردی و مەدەنیەتی کورد کەم بکەنەوە و بەچاوێکی سووک تەماشایان بکەن. شاعیر بەم دێڕە شیعرانە وەرامیان دەداتەوە:

تاکە ماجەرای شیرین و خوسرەو
سەنگتاشی فەرهاد سەرگوزەشت ئەو
باوەڕوون وەنەزەم خاستەر جە گەوهەر
بەڕەشح خامەی شۆخ بۆ عەنبەر
جە لای عاقلان ساحێب عەقل و دین
دانا بزورگان کوردستان زەمین
ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەڵ شیرین تەرەن
پەی چێش نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش
مەحزووزەن هەر کەس بەزوبان وێش
مەعلوومەن هەر کەس بەهەر زوبانێ
بواچۆ نەزمێ جە هەر مەکانێ
وێنەی عورووسان زێبای مێشک چین
بکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین

خـاریج جـه مـەعنی نه بۆ مـەزمـوونەش
کریابۆ چون شـیعر (جامی) مەزمـوونەش
جـە لای خـیـرەدمـەند دڵ پەسـەند مـبـۆ
شـیرین تەر جە شـەهد شـیرەی قەند مبۆ
جـە عـەرسـەی دنیـای دوون بەدفـەر جـام
بەدەسـتـوور نـەزم (نیـزامـی) مـەقـام
بە لـەفـز کـوردی کـوردسـتـان تـەمـام
پێش بوان مـەحـزووز باقی وەسـسـەلام

واتاکەی:

تا بەسەرهاتی شیرین و خوسرەو
فەرهادی سەنگ تاش و سەرگوزەشتەی ئەو
بکەم بەشیعرێک چاکتر لە گەوهەر
بەتەڕایی قەلەمی شۆخی عەنبەرین
لەلای عاقڵانی ساحێب عەقڵ و دین
دانا و گەورەکانی خاکی کوردستان
ڕاستە کە دەڵێن فارسی شەکرە
بەڵام کوردی لە فارسی شیرینترە
لەبەرچی لەم زەمانە ئەی دنیای بەدڕەفتار
هەموو کەس شانازی بەزمانیەوە دەکا
ئاشکرایە هەموو کەس بەهەر زمانێک
شیعر بڵێ لەهەر جێیێک بێ
بەسەر بووکی جوانی گوڵاوی بەمیشکی چین
بەوتەی شیرین بەسەر جوانی هەڵبڵێ
ناوەرۆکی لە دەرەوەی مانا نەبێ
وەکو شیعری (جامی) مەوزوون بێ
لەلای عاقل دڵ پەسەندە

له هەنگوین شیرینتر شیرەی قەندە
لەسەر عەردی دنیای نزم و ئاخرشەڕ
بەدەستووری شیعری مەقامی (نیزامی)
بە وشەی کوردی هەموو کوردستانی
پێی بەختیار بن باقی وەسسەلام

لێرەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ ئەم شاعیرە زاگرۆسییەمان گەلێ ژیرتر و عاقڵتر و بەئەدەبتر بووە، لەوانەی بەچاوێکی بەرز تەماشای زمانانی نەتەوە موسڵمانەکانی هاوسێی کوردیان کردووە، بەڵام بەچاوێکی نزم تەماشای زمانی کوردییان کردووە، کەچی خانا دان بەوەدا دەنێ «فارسی شیرینە»، بەڵام «کوردی شیرنترە»، هەرچۆنێ بێ ئەمە ڕق و کینی ئەوان و سۆز و دەروون پاکی ئێمە پیشان دەدا.

خانا ئاگاداری مێژووی ڕۆشنبیری نەتەوە موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. لەوانەیە وەک تەریقەت سەر بەهیچ لایەنێکی سۆفیزم نەبووبێ و تەنیا لایەنی شەریعەتی ئیسلامی سوننی گرتبێ، بەڵام وەک خوێندەوارێک شارەزای مێژووی بزووتنەوەی سۆفیزمی ئیسلام بووە. لە شیعریدا ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێ، بەتایبەتی کە قسە دێتە سەر ئەوەی چۆن بەناوی شەریعەتەوە بەربەرەکانی تەریقەت دەکرێ.

لێرەدا ئەگەر خانا ناوی شاعیری تورک عیمادەددینی نەسیمی (لە ١٤١٧دا کوژراوە) هێنابێ لەبەر ئەوە بووە سۆفییێکی خۆڕاگری تەریقەتی حورووفی و بەکتاشی بووە دەسەڵات بەناوی شەریعەتەوە بەزندیق تاوانباریان کردووە و لە حەلەب کوشتوویانە و ئینجا پێستیان گوروەوە، خانا گەلێ نموونەی لەم بابەتەی لابووە، لەسەرووی هەموویانەوە مەنسووری هەلاج (لە ٩٢٢م کوژراوە)، بەڵام ڕەنگە ئەم بایەخدانە لەوەوە هاتبێ تەریقەتی حورووفی لەناو کوردەواریشدا باو بووە، قسە هەیە مەلا پەرێشان (١٣٥٦ - ١٤٢١) لەسەر ئەم تەریقەتە بووبێ.

خانا لەم لایەنەوە دەڵێ:

ئەر چون نەسیمی مکەنان پۆستم
هەر تا زیندەنان هەر تۆنی دۆستم

واتاکەی:

ئەگەر وەک نەسیمی پێستم بگوروون

هەتا زیندووم هەر تۆ دۆستمی

لێرەدا خانا نەسیمی کردووە بەبەڵگە چونکە ئەو شاعیرە سۆفییە سووربووە لەسەر بیروباوەڕی، سەری دانەنواندووە بۆ هیچ ستەمکارێک و لە هیچ هێزێکی دڕندە نەسلەمیوەتەوە. ئەمەش وەک دەردەکەوێ قسەی سەرزاری یەکێ لە قارەمانەکانیەتی مریەمی خێزانی خوسرەو، ئەم قسەیەی کردووە وەک شایەدی خۆشەویستی خوسرەوی مێردی.

## بابەتەکانی شیعر

بەرهەمی شیعری خانا ئەوەی لەبەردەستمان دایە، یا ڕاستتر بڵاوکراوەتەوە، لە دوو بابەت پێکهاتووە، یەکەمیان شیعری لیریکی، دووەمیان ڕۆمانی شیعری. ئەم بابەتانە هەردووکیان لە هەرێمەکانی سەرووی کوردستان و هەورامان و گەلێ لە ناوچەکانی گەرمیان لە ناوەوەن، ئەگەر لەگەڵ غەزەل و قەسیدە ئیسلامەوییەکە بەراوردیان بکەین، ڕەسەنی نەتەوەیی ئەدەبی کوردی زیاتر لە لیریک و ڕۆمانی شیعریدا ئاشکرایە بەتایبەتی لە ڕووی کێش و قافیە و زمانی شیعری و ڕەوانبێژییەوە. ڕاستە ئەو شیعرەی لەم ماوەیەدا باسی لێوە دەکەین لە ڕووی قافیەوە سادەیە، لە ڕووی کێشیشەوە ژمارەی کێشەکانی زۆر کەمن لە شیعری کلاسیکی نووسراو و لە ئەدەبی میللی نەنووسراو زیاترن، بەڵام شاعیرانی کورد توانیویانە لەناو ئەم قاووغە تەسکەدا داهێنانی بەرز لە ڕووی ئیستێتیکییەوە دەست بخەن.

### شیعری لیریکی

خانا ئەگەرچی پسپۆری ڕۆمانی شیعری کوردییە و یەکێکە لە داستانسەرا گەورەکانی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، شیعری لیریکی هەیە، کەمی بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی لە ناوەوەیە لە دوو وێنەدا خۆیان دەردەخەن، یەکەمیان شیعری ئایینی دووەمیان شیعری دڵداری.

١- شیعری ئایینی:

لە مێـژووی ئەدەبی کوردیدا شـیعرە ئایینییەکانی خـانا بەناوبانگن، بـەگەلێ ناوەوە لەناو خـەڵکیدا ناسـراون وەکـو «حـەوت بەنـد»، «ئیلا هیـات»، «مـوناجـات»، «سـەڵەواتنامـەی خـانای قـوبادی». تێکسـتی ئەم شـیعرانە بەجوانترین شـیعری ئایینی دەژمێررێن لەناو ئەم بابەتە شـیعرەی کە بە زمانانی نەتەوە موسـوڵمانەکان بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بەئاینزای سوننییەوە هەیە.

ژمارەی دێڕە شیعری هەر حەوت بەندەکە ئەگەرچی وەکو یەک نییە، بەڵام دێڕی دوایی (دوو نیوە دێڕ) لە هەموو بەندەکاندا دووبارە دەبێتەوە:

وەرنـە بـەزاتت جـــە لای زات تـۆ
مەکە روون حەشـر من شکات تۆ

ئەمـە بێگومـان لە شـێوەی «تەرجیع بـەند» دایە، بۆ مـەبەسـتی سـروودی ئایینی دانراوە، لەلایەن گۆرانیبێژێک دەخوێنرێتەوە و دێڕی دوایی دانیشـتوان (کۆرس) بەئـاوازەوە بۆی دەگـێـڕنەوە. بەندی یەکـەمی مـوناجـاتەکـەی بەم دێڕانـە دەست پێدەکا:

قـــــــــــەدیم مـــــــــــــوتـلـەق
یا قـــائیم بەزات قـــەدیم مـــوتلەق
حـــەیی بێ زەوال قـــەییـــووم بەحـــەق
نـیـگـارنـدەی نـەقـش نـۆ تـاق ئـەزرەق
لاهووت بێ شـەریک بینای بێ مـانەند
یەکتـای بێ نـەزیر بێ مـیسل و پـەیوەند

بەم دێڕانە کۆتایی دێ:

مـەگـەر هەم بەڕەحم چون تـۆ ڕەحـیـمی
عـەمـیـمولئـیـحـسـان عـەتا عـەزیمی
بیـــۆ بەئیـــخـــلاس گـــوناهکاری ئەو
ئی کـەم خـزمـەتی و شـەرمـەساری ئەو
وەرنـە بـەزاتـت جـــــــە لای زات تـۆ
مـەکـەروون رۆی حـەشـر من شکاتی تۆ

بەندی حەوتەمی موناجاتەکەی کە دوا بەندە، بەم جۆرە دەست پێدەکا:

یا قـــائیم بەزات قـــەدیم قـــەیـــووم
هەرچەند کـەچ ڕەفـتـار هەم بـێ ئابرووم
قــەســـەم بەزاتت یاگـــەی ئومـــێـــدەن
ئەر مەکەیم وەسەنگ ڕاستش هەر ئێدەن
نـە زەرێ گـــــونـای نەفس ئەممـارەن
نە فـیـتنەی شـەیتـان شـووم بەدکـارەن

بەم دێڕانە کۆتایی دێ:

بەعــیـشق ڕەســوول سـەیـیـد سـەروەر
جە زەلزەلەی سـەخت هایلەی مەحشـەر
ڕەببـابێ شــەریک فـەریاد ڕەسـیم کـەر
یا ڕەحـیم ڕەحـمێ وەبێ کـەسـیم کـەر
وەرنـە بـەزاتـت جـــــــەلای زات تـۆ
مــەکــەروون ڕۆی حــەشــر من شکات تۆ

جگە لەمە لە بەرهەمەکانی دیکەی خانا بەتایبەتی لە «شیرین و خوسرەو»دا شیعری ئایینی دەبینرێ، وەکو لە فەسڵی یەکەم و میعراجنامەی ڕۆمانی شیعری «شیرین و خوسرەو»دا هاتووە.

٢- شیعری دڵداری: تا ئێستا شیعری لیریکی خانا لە دیوانێکدا بڵاونەکراوەتەوە، بەپەڕاگەندەیی لەسەر لاپەڕە جیاوازەکانی ڕۆژنامە و کۆواری کوردی دەبینرێن.

لێرەدا پێویستە ئاشنایەتی لەگەڵ هەندێ لە بەرهەمی شیعری خانا پەیدا بکەین بەمەرجێ لە شێوازدا دووربێ لەو شیعرە جووت قافیانە (مەسنەوییانە)ی کە لە ڕۆمانی شیعری بەکاری دێنێ، چونکە ئەو لە بنجدا وەک پسپۆڕێک وەستای شیعری چیرۆکی و داستانی و مەلحەمییە، بەڵام پایەی لە شیعری لیریکیدا وەنییە کەمتر بێ.

لە غەزەلێکیدا دەڵێ:

مـــــــیـــــــــرزام خـــــــاڵ لـەیـل
وەســواسم کـەردەن نوقـتـە خـاڵ لەیل

ئەگــریجـە پول دیز پای دەســمــال لـەیل
ئـەبرۆی تـاق نمـای چـون هـیــــلال لـەیـل
زەنخـدان فـینجــان قــەلەم گـیـری لـەیل
گـەردەن بـلووری شـای جـەمـشـیـری لەیل
ســـینـە ئـاینـەی ئـورس شـــاری لـەیـل
ســـەولی چـناران سنعــەت کـــاری لـەیل
فـــەیرووزە خـــالان ئـی نیـــشـــان لەیـل
لاجــیـــوەرد نە دەور شـــەمـــامـــان لـەیل
نـاف نـافـی ئـاهـووی تـەتـارانـی لــەیـل
حـوقـقـەی نووشــداری و بیـمـاران لەیل
تـەلـەسم دێوبـەند قـــولەی قـــاف لـەیـل
ســتـرەش نەکـەندەن جـە پای ناف لـەیل
گـــەنج پـەنـهـــانی قـــوردەت دایـەی لەیل
لـەعل بـەدەخـــشـــان گـــرانمایـەی لەیـل
بەخـــانـا واتەن وێش وە توفـــەیل کـــەرد
گـیـان وە پایـنداز خـاکـیـای لەیل کـەرد

واتاکەی:

خۆشەویستەکەم خاڵی لەیلا
سەری لێ شێواندووم نوقتەی خاڵی لەیلا
گوڵنگەی چنراوی داوێنی دەسماڵی لەیلا
ئەبرۆی وێنەی تاق وەک مانگی یەک شەوەی لەیلا
قووڵایی چەناگەی مەرەکەبدانی قەڵەمە وەسفی لەیلا دەکا
گەردنی بلوور شای جەمشیری لەیلایە
سنگ ئاوێنەی پەیکەری لەیلایە
گەڵای چناران وێنەی نەخشی لەیلایە
خاڵی پیرۆزەیی نیشانەی لەیلایە

لاجیوەرد لە دەوری شەمامەی لەیلایە

ناووکی لەیلا ناووکی ئاسکی تەتارانە

قوتووی لەیلا دەرمانی برینداران

تەلیسمی لەیلا کە دێو لە قولەی قاف شاردوویانەتەوە

لە خوار ناووکی لەیلا شارراوەتەوە

گەنجینەی شارراوە مەزنی داوەتە لەیلا

یاقووتی بەدەخشانی گرانبەهای لەیلا

بە(خانا)یان وت بۆچ خۆی کرد بەتوفەیلی

گیانی کردە قوربانی لەژێر پێی لەیلا

لەم غەزەلەدا خانا هەندێ وێنەی هەست پێکراو لە سروشت وەردەگرێ و کۆمەڵێ بەردی بەنرخ تەنیا بۆ وەسفی خەت و خاڵ و گەردن و سنگ و مەمک و ناووک و هی دیکە تەرخان ناکا بەڵکو دەست دەبا بۆ هەندێ لە ئەندامەکانی خوارووی ناووکی خۆشەویستەکەی. لە شیعری کوردیدا نموونەی وا هەیە شاعیر وەسفی خۆشەویستەکەی دەکا لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی لە ئەندامە دیار و شارراوەکانی دلبەر دەدوێ.

لە شیعرێکی دڵداری دیکەیدا خانا دەڵێ:

من چەنی تۆما تۆم بۆ چەنی عام

تۆ، تۆ تۆی جەرگم جیاکەر جە هام

تۆ تۆ بەند وەبەند بگێڵەش پێدا

گەر تۆ دیت تۆیێ غەیر جە تۆ تێدا

ئەوسا ویت ئاسا باوەرەش وەبەر

وە مەودای ئەڵماس پارە پارەش کەر

واتاکەی:

من لەگەڵ تۆمە وەرە با خەڵکیش ببینن

جەرگم پارچە پارچە بکە و لە لەشم جیای بکەرەوە

هەموو پارچەکان بەپێ بشێلە

ئەگەر لە خۆشەویستی تۆ بەولاوە هیچی تێدابوو
ئەوسا بەئاسانی دەری بێنە وەک هەموو جارێ
بەنووکی ئەڵماس پارچە پارچەی بکە

غـەزەلێکی ئاسـاییـە وێنەی گـیـانی و مـەعنەوی وەردەگـێـڕێتـە سـەر وێنەی مـەتریالی، کە دەڵێ دڵم بکەرەوە تەمـاشـای ناوی بکە بزانە جگە لـە تۆ کەسـێکی تری تێدایە، ئەگەر ئەمـە لۆجیکی نەبێ، کـە پێویسـتـە ئەو نەبێ، وێنەی داهێنراوی جوانی شیعرایەتییە.

لە دوو بەیتی ناسکی دیکەیدا دەڵێ:

بـەرق سـەیف نـاز ئەبـرۆ خـەمـینـان
عـەکس مـاوی خـاڵ خورشـید جـەمـینان
ئـەر بگـنـۆ وەکـۆی قـولـەی قـەزاڵە
مـەکەرۆش وەبووڵ سـفـتـەی سـەد سـاڵە

واتاکەی:

تیری شمشێری نازی برۆ کەوانەییان
عەکسی خاڵی ماوی ڕوو ڕووناکان
ئەگەر تیشکی بدا لە لووتکەی کێوی قەزاڵە
دەیکا بەخۆڵەمێشی سەد ساڵەی پێش ئێستا

لەم شیعرەدا خانا وێنەیێکی زانراو دەخاتەڕوو. ئەبرۆی کەوان و تیری دڵداری کە دڵی خاوەن دڵان دەسمێ، بەڵام داهێنانەکەی لەوەدایە ئەم تیرە بەر لووتکەیێکی شـاخـی قـەزاڵە یا (قـەرزاڵە) کـەوتووە لـە نزیک شـاری پاوە و سـووتانـدوویەتی و کردوویەتی بەخۆڵەمێش. هەڵبژاردنی ئەم شاخە پێوەندی بەوەوەیە دەڵێن لە کۆنا ئاگری پژاندووە واتە بورکانی لێ بووە، یا ئاتەشکەدەی زەردەشتییانی ڕۆژگارانی پێشوو بووە. ئەمە ئاوڕدانەوەیێکی ڕەووانبێژی جوانە لەلایەن شاعیرەوە.

## شیرین و خوسرەو

ڕۆمانی شیعری «شـیرین و خوسرەو» شاکاری خانای قوبادییە، لە ئەدەبی کوردیشدا جێگەیێکی بەرزی هەیە. لەناوچە جیاوازەکانی هەورامان و گەرمیان و

کوردستـانی باکووردا ڕۆمانی شیعری هـونەرێکی لەڕوو بووە لە ئەدەبدا. لە بنچ و بنـاواندا ناوەرۆکی ئەم چیـرۆکـە لە حـیکایەتی مـیللی نەتەوەکـانی ڕۆژهەڵات وەرگـیراوە. بێگومـان شـاعـیـری ئێـمـە هەر لەو سـەرچاوانە وەری گـرتووە، بەڵام لەپێش ئـەودا کـۆمـەڵێک لـە شـاعـیرانـی ئـەو ناوچانە دەسـتـیـان بۆ ئەم بەسـەرهاتە درێژ کـردووە و بەشـیـعـری مـەسنەوی هۆناندوویانەتەوە، لـە سـەرووی ئەمـانە هەموویان نیزامی گەنجەوی (١١٤٠م – ١٢٠٢م) پێشـدەستی کـردووە، لەبەر ئەوە چیرۆکەکەی ئەو بووە بەسەرچاوە بۆ هەموو ئەوانەی لە دواییدا چیرۆکی شیرین و خوسرەویان کردووە بەشیعر.

جگە لەمە لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا ئەوە دەگێڕنەوە کە خانا تەنیا خاوەنی «شیرین و خوسرەو» نییە، بەڵکو ڕۆمانی شیعری «یووسف و زولەیخا» و «لەیلا و مـەجنوون» و «ئـەسکەنـدەرنامـە» و هـی دیکـەشی هەیە و بەڵام تـا ئێـسـتـا بڵاو نەکراونەتەوە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ دیارە خاناش وەکو نیزامی ویستوویەتی پێنج یادگاری لەم بابەتەی هەبێ.

شـیرین و خـوسـرەوی خـانا بەرهەمـێکی ڕەسـەن و نوێ و داهێنراوی کوردییە. بێگومـان شـاعیر شـارەزاییێکی تەواوی لە چیرۆکەکەی نیزامی بووە، لەبەر ئەوەیە لە هەندێ جێگە کە خانا دەخوێنیتەوە نیزامی دێتەوە یادت، بەڵام بەگشتی لە زۆر جێگە خـانا فـەزایێکی تازەی دروست کردووە لای نیـزامی نییـە، جگە لەوە بەلای ئێمەوە دیالۆگەکانی خانا هونەرووەریترن لەوانەی گەنجەوی و چیرۆکەکە بەگشتی کوردانە خـۆی دەنوێنێ. ڕیالیـزم زیاتر بەکارەکـەی خـاناوە دیارە، ئەمـە و لەوێش زیاتر بایەخی بەگرێی سایکۆلۆجی داوە. لەبەر ئەوە «شـیرین و خوسرەو»ی خانای قوبادی دەچێتە ناو بەرزترین بەرهەمی ڕەسـەنی داهێنراوی شیعری کوردییەوە.

### ناوەرۆکی شیرین و خوسرەو

شـیرین و خـوسـرەوی خـانا چیرۆکێکی درێژە، جـوگـرافـیـای فـراوانە، مـێژووی مـاوەیێکە زۆر کورت نییە، قـارەمـانی زۆرە، ڕووداوی کۆمیدی و تراجیدی تێدایە بۆیە نموونەیێکی بەرزی بەرهەمی ئەدەبی دراماتیکییە.

ڕۆمـانی شـیـعری خـوسـرەو و شـیـرین لە ١٢٠ بەند پێکهاتووە، بـۆ هـەر بەندێک ناوونیـشـانێک دانـراوە. لە خـوێندنـەوەی ناوونیـشـانـەکـان گـەلێ لە نـاوەرۆکی

چیرۆکەکە ڕوون دەبێتەوە.

لێرەدا بۆ زانیاری جێی خۆیەتی هەندێ لەو ناوونیشانانە بخەینە پێش چاو.

١- لە دایکبوون و مێژووی ژیانی خوسرەوی پەروێز.

٢- میعراجنامە.

٣- دانیشتنی خوسرەو لەسەر تەختی شاهنشاهی.

٤- ناردنی شاپوور لەلایەن خوسرەووەوە بۆ ئەرمەنستان بۆ خوازبێنی شیرین.

٥- چوونی شیرین بۆ مەدائین.

٦- دروستکردنی قەسری شیرین و ڕۆیشتنی شیرین بۆ ئەوێ.

٧- بەیەکگەیشتنی خوسرەو و شیرین لە گۆڕەپانی ڕاودا و سەرەتای دەستپێکردنی خۆشەویستی.

٨- خوسرەو بەمستەکۆڵە شێر دەکوژێ لە دەشتی شاهرووددا.

٩- کەنیزەکان ڕاز و نیازی شیرین و خوسرەو دەگێڕنەوە.

١٠- پاڕانەوەی خوسرەو لە شیرین و تووڕەبوونی شیرین لە خوسرەو.

١١- چوونی خوسرەو بۆ وڵاتی ڕۆم و هێنانی لەشکری ڕۆم بۆ سەر بارامی چۆبین.

١٢- دووبارە دانیشتنەوەی خوسرەو لەسەر تەختی شاهی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و غەمگینی بۆ شیرین.

١٣- خوسرەو ئامۆژگاری لە کچی قەیسەر دەخوازێ لە بارەی خوازبێنیی شیرینەوە.

١٤- خوسرەو شاپوور دەنێرێ بۆ لای شیرین.

١٥- شاپوور حیکایەتی فەرهادی بەردتاش بۆ شیرین دەگێڕێتەوە.

١٦- دروستکردنی جۆگای بەردین لەلایەن فەرهادەوە بۆ شیرین.

١٧- لە باسی دڵداری فەرهادی کێوهەڵکەن بەرامبەر بەشیرینی ئەرمەن.

١٨- خوسرەو هەواڵی دڵداریی فەرهاد دەبیستێ.

١٩- دیالۆگی خوسرەو لەگەڵ فەرهادی کێوهەڵکەن.

٢٠- لەبابەت تێکۆشینی فەرهاد لە هەڵکەندنی کێوی بێستوون و تەلاشکردنی لە خۆشەویستیی شیریندا.

٢١- چوونی شیرین بۆ کێوی بێستوون و بینینی فەرهاد.

٢٢- چوونی شیرین بۆ کێوی بێستوون بۆ ئایینی ناشتنی فەرهاد.

٢٣- نامە نووسینی خوسرەو بۆ شیرین لە بارەی مەرگی فەرهادی کێوهەڵکەنەوە و پەشیمان بوونەوەی لە کردەوەی خۆی.

٢٤- کۆچی دوایی مریەمی ژنی خوسرەو و کچی قەیسەر.

٢٥- بەزمی شایی گواستنەوەی شەکەری ئەسفەهانی بۆ خوسرەو.

٢٦- ڕاووشکاری خوسرەو و گەیشتنی بەقەسری شیرین.

٢٧- مارەکردنی شیرین لە خوسرەو.

٢٨- گواستنەوەی شیرین بۆ خوسرەو.

٢٩- خەونی خوسرەو بەپێغەمبەرەوە و گێڕانەوەی خەونەکە بۆ شیرین.

٣٠- حەزکردنی شێرۆ لە شیرین و سەرەتای پیلان دانان بۆ کوشتنی باوکی.

٣١- چوونی شێرۆ بۆ سەر جێگەی خوسرەو لە خەودا و کوشتنی بەخەنجەر.

٣٢- شوشتن و پاککردنەوەی لەشی خوسرەو لە خوێن لەلایەن شیرینەوە.

٣٣- دانیشتنی شێرۆ لەسەر تەختی شاهی لە دوای لەناوچوونی خوسرەو.

٣٤- شێرۆ ویستی شیرین بێنێتە مەجلیسی خۆی، نەهاتنی شیرین وای کرد بەزۆر بیهێنن.

٣٥- گفتوگۆکردنی شێرۆ لە مەجلیسدا لەگەڵ شیرین.

٣٦- هەڵخەڵەتاندنی شێرۆ و هێنانەدی وەسیەت و ڕاسپاردەکانی شیرین.

٣٧- چوونی شیرین بۆ گەرماو بەناوی خۆڕازاندنەوە بۆ شێرۆی نامەرد، بەلام لە بنجدا بۆ خۆکوشتن بوو بێ ئەوەی شێرۆ ئاگای لەم کارەبێ.

٣٨- هاتنی کەنیزەکان بۆ لای شیرین، شیرین دڵتەنگی خۆی بۆیان دەربڕی.

٣٩- خۆکوشتنی شیرین لەسەر گۆڕی خوسرەو.

٤٠- گەیشتنی هەواڵی مەرگی شیرین بۆ شێرۆ، شێرۆش لە داخانا خۆی کوشت.

نویشکی ناوەرۆکی «شیرین و خوسرەو»

نەوشـیروانی شـاهی شـاهان کـوڕێکی هەبـوو ناوی پەروێز بوو، لە پاش کـۆچی دوایی نەوشـیروان، پەروێز لەسـەر تەخت دانیشت. ئەم شـاهە تازەیە هیـچ جۆرە کەموکوڕی و گیروگرفتێک لە ژیانیدا نەبوو تەنیا کوڕێک نەبێ لە بارەگایدا ببێتە میـری وڵات و لەدواییـدا لەسـەر تـەخت لە جێی دانیـشێ. ئەم ئاواتەی هاتە دی و کوڕی بوو و ناوی نا خوسرەو.

بۆ پەروەردەکـردن و فـێرکـردنی خـوێندەواری و فـەرمـانڕەوایی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت زانایێکی وەکو بوزورگ ئومێد بۆی دەسنیشـان کرا، بـەم جۆرە کـەسێکی زیرەک و زانا و زۆرزانی لێ کەوتەوە.

ڕۆژێ لە ڕۆژان خـوسرەو لەگەڵ هەندێ لە یاوەرانی دەچێتـە ڕاووشکار. ئێـوارە لادەدەنە گوندێک شەو بەبەزم و ڕەزم و ئاهەنگ دەبەنە سەر. لەو سەیرانەدا یەکێک لە یاوەرەکـانی ڕوودەکاتە ناو ڕەزی کابرایێک و هەندێ بەرسیلە دەڕنێ. لە دوای کۆتایی ڕاو و سـەیرانەکە هەواڵی ئەم ڕووداوە بەر گوێی پەروێزی باوکی خـوسرەو دەکـەوێ. پـەروێز زۆر لێی تووڕە دەبێ و فـەرمـان دەردەکـا دوو پێی ئەسـپـەکـەی ببـڕنەوە و زین و لغـاوەکـەشی بدەنە خـاوەن باخـەکـە و نینـۆکی یاوەرەکـەی خـوسـرەویش بکێـشن. خـوسـرەو ئەم کـارەی پێ ناخـۆش دەبێ و دەست دەکـا بەگریان و داوای لێبوردن لە باوکی دەکا، گەورە پیاوان دەکەونە ناوبژی و تکا لە پەروێز دەکەن لە خوسرەو خۆش بێ.

شەوێکیـان خوسرەو خەون بەنەوشـیروانی باپیریەوە دەبینێ، لە خـەونەکەدا دڵی دەداتەوە و لەباتی ئەسپە پێ بڕاوەکە ئەسپێکی چاکتری پێشکێش دەکا، هەروەها کچێکی جوانی دەداتێ و مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژیشی بۆ دەرەخسێنێ.

ئەم خـەونـە خـوسرەو دڵشـاد و گوشـاد دەکا. لـە بارەگـای خـوسـرەودا شـاپوور ناوێک دەژی، وێنەکێشـێکی (هونەروەری شـێوەکار) زیرەک دەبێ. ڕۆژێکیـان بۆی دەگـێـڕنـەوە لە ناوچەی مــەهســتـان، لای زەریاچەی دەربـەند (زەریای خــەزەر یا قەزوین) شاژنێک هەیە ناوی بەزمـانی ئەرمەنییە شەمیرا، لای ئێمە مەهین بانووی پێ دەڵێن، ژنێکی پایەبڵندە، ژیانی بـەبێ هاوسـەر دەباتە سـەر، برازایێکی هەیە، کـچـێکی شـۆخ و شـەنگە، ناوی شیـرینە، ئەوەندە بەسـەر جـوانی ئەودا هـەڵدەڵێن

بەبێ ئەوەی خوسرەو چاوی پێی بکەوێ حەزی لێ دەکا و بەکوڵ گیرۆدەی دەبێ.

خوسرەو داوا لە شاپووری هونەروەر دەکا بۆ ئەوەی بچێ بۆ ولاتی مەهستان و شیرین بدۆزێتەوە و مەسەلەی خوازبێنی بۆ برەخسێنێ. شاپوور لە دوای گەڕانێکی زۆر و بە پرس شوێنی شیرین دەدۆزێتەوە. وێنەیێکی خوسرەو دەکێشێ بەدارێکدا لەسەر ڕێگەی شیرین هەڵی دەواسێ. شیرین لە ڕێگەی ڕاووشکاریدا چاوی بەوێنەکە دەکەوێ، یەکسەر داوا دەکا بۆی بێنن. بەبینینی وێنەکە حەزی لێ دەکا. کەنیزەک و دەستە خوشکان لەوە دەترسن مەسەلە کاری دێو و درنج و جنۆکە بێ، بۆیە وێنەکە لەناودەبەن و دەگەڕێنەوە.

شاپوور کە ئەمە دەبیستێ بۆ جاری دووەم وێنەی خوسرەو دەکێشتەوە و ئەمجارەیان لە نزیکی هەوارگەی شیرین هەڵی دەواسێتەوە. شیرین کە ئەمەیان دەبینێ زیاتر هۆگری دەبێ. یاوەرەکانی ئەمجارەش وێنەکە ون دەکەنەوە و ئەو شوێنەش چۆل دەکەنەوە، شاپوور کۆڵ نادا بۆ جاری سێیەم وێنەی خوسرەو دەکێشێتەوە و بەدارا هەڵی دەواسێتەوە. دیسانەوە کە شیرین چاوی پێی دەکەوێ بەجارێ پەرێشان دەبێ و کەم دەمێنێ لە هۆش خۆی بچێ. یاوەرەکانی لەوە دەترسن ئەنجامی ئەم کارە خراپ بکەوێتەوە، لەبەر ئەوە هیچیان بۆ نامێنێ ئەوە نەبێ دەست بەبەزم و ڕەزم و ئاهەنگ بکەنەوە. کەچی ئەم کارە وێنەی خوسرەو لە خەیاڵی شیرین ناسڕێتەوە. لەم دیمەنەدا شاپوور خۆی لە پەنایێکدا دەشارێتەوە، لەگەڵ یەکێ لە کەنیزەکانی شیرین قسە دەکا، هەواڵی وێنە و خاوەن وێنەکەیان تێ دەگەیەنێ. لە پێشانا قسەکانی شاپوور بۆ شیرین دەگێڕنەوە، شیرین ناچار دەبێ بچێ بۆ لای شاپوور بۆ ئەوەی هەموو شتێک لەم بابەتەوە بزانی. باس لە دڵداری خوسرەوی بۆ دەکا.

شیرین بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بگاتە خوسرەو. بۆ ئەمە مۆڵەت لە پووری وەردەگرێ. ئیتر سواری شەودێز دەبێ بۆ ئەوەی بچێ بۆ دەرەوە لە پڕ ئاوزەنگ لە ولاغی دەدا و لە کەنیزەکان جیا دەبێتەوە، هەرچەندە هەوڵ دەدەن بیگەنێ بۆیان ناکرێ، ناچار بەنائومێدی، دەگەڕێنەوە لای مەهین بانووی پووری و بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕنەوە.

شیرین کە لە کەنیزەکان جیادەبێتەوە لادەداتە سەروچاوەی کانیاوێک بۆ

مـــەلەكـــردن. خـــوســـرەويش بـــەكـــوڵ چاوەنـــۆڕی ئەوە دەبـێ شـــاپوور هەواڵـی تازەی شیرینی بۆ بێنێ. لەوكاتەدا بەهۆی پیاو خراپانەوە ناخۆشی دەكەوێتە نێوان كوڕ و باوك. باوك فـەرمانی بەندكردنی كوڕی دەردەكا. بزورگ ئومێدی مامـۆستـای پێشنیاز دەكا خـۆی بشارێتەوە، بۆیە بڕیار دەدا ڕوو لە ئـەرمەنستـانی مەڵبەندی شـیرین بكا. پێش ئەوەی بكەوێتە ڕێ پیاوەكانی تێ دەگەیەنێ ئەگەر كچێكی وا هـات جـێگە و ڕێگەی باشی بۆ ئامـادە بكەن. مل دەنێـتـە ڕێگە، لە پڕ دەگـاتە سەروچاوەی ئەو كانیاوەی شیرین تێیدا خەریكی مەلە دەبێ. لەجێیێكی نادیارەوە سەیری دەكا، لە جوانییەكەی بێ هۆش دەبێ. كە شیرین هەست بەبوونی ئەو دەكا لەوێ لە ئاو دێتە دەرێ و جلەكانی لەبەر دەكاتەوە و سوار دەبێ و پشتی تێ دەكا. كەسـیان لەوە دڵنیا نابێ ئەوەی چاوی پێ كەوتووە، ئەو كەسـەیە كە خۆشی دەوێ. هەر یەكـەیان بەمـەزەندە بۆ مـەسـەلەكـە دەچێ. ئیـتـر شـیـرین دەگاتە مـەدائین و خوسرەویش دەگاتە ئـەرمەنستـان. پیاوانی خوسرەو شیرین دەناسنەوە، هەموو كـاروبارێكی ژیانی ئەوێی بەچاكی بۆ جـێـبـەجێ دەكـەن. بەم جـۆرە ئەو ڕۆژانە بەچاوەنۆڕی خوسرەو دەباتە سەر.

لەولاشـەوە كـە خـوسـرەو دەگـاتە «بەردەع»ی قـشـلاقی مـەهـین بـانووی پووری شیرین، بەگەرمی پێشوازی لێدەكەن لەو ماوەی كە لەوێ دەمێنێتەوە.

لە دوای چاوەنۆڕییێكی زۆر شـیـرین لە مـەدائین بێ هەوەس دەبێ و ئارەزووی ئەوە دەكا بگوێزرێتەوە جێگەیێكی دیكە. بۆ ئەم مەبەسـە لە شوێنێك خانووی بۆ دروست دەكەن. ئێستا ئەو جێیە ناوی «قەسری شیرین»ە. هەرچەندە شـوێنەكەی پێ خۆش نابێ، بەڵام بۆ مەبەسی چاوەنۆڕی ناچار دەبێ تێیدا بژی.

لە بابەت هەواڵی خـوسرەوەوە شـەوێكیـان لە دیوەخـانی خۆیدا لەگـەڵ یارانی كۆڕی خۆشی و ڕابواردن دەبەستن. شاپوور هەواڵی بینینی شیرینی بۆ باس دەكا و تێی دەگەیەنی ڕەنگە شیرین لە مەدائین بێ. خوسرەو ئەمەی پێ خۆش دەبێ، دەستـبەجێ بڕیار دەدا شـاپوور بچێتەوە مـەدائـین بەدوای شـیرین، ئەم هەواڵەش بەمـــەهـین بانوو دەگـەیەنێ. شـــاپوور ســواری «گـوڵ گــوون» دەبێ بەرەو مـــەدائین دەكەوێتە ڕێ و خـۆی دەگـەیەنتە كـۆشكەكەی شـیرین، لـە دواییدا هەردووكیـان پێكەوە دەگەڕێنەوە ئەرمەنستان.

لەو مـاوەیەدا پەروێزی باوکی خـوسـرەو کـۆچی دوایی دەکـا، کـە هـەواڵ دەگـاتە خـوسـرەو بۆ مـەدائـین دەگـەڕێتـەوە. ئەو کـاتـە دەزانـێ شـیـرین لەگـەڵ شـاپوور گەڕاوەتەوە ئەرمـەنسـتـان، ئەمـەی زۆر پێ ناخـۆش دەبێ. شـیـرین لە ئەرمـەنسـتـان پێشوازییێکی پڕ لە شکۆی بۆ دەکرێ و لەگەڵ پووری بەیەکتری شاد دەبنەوە.

خـوسرەو لەسـەر تەختـی شاهانـە دادەنیشـێ، لە دوای مـاوەیێک بارام چۆبین کـە یەکێ بووە لە سـەرکـردەکانی لەشکری لێی یاغی دەبێ، پیلانێک دادەنێ بۆ گرتنی، ئیـتـر بۆ ئەم مـەبەسـە لەگەڵ هـەندێ لە سـەرکـردەکـانی سـوپادا دەدوێ. خـوسـرەو ئەوەی بۆ ئاشـکـرا دەبێ کـە دەسـەڵاتی کـزبووە، کـەسـی وا نەمـاون یاریدەی بدەن، لەبەر ئەوە ناچار دەبێ خۆی دەرباز دەکا و بەرەو ئەرمەنستان دەکەوێتە ڕێ.

لە ڕێگەی سـەفەری ئەرمـەنستان خوسرەو تووشـی شیرین دەبێ لەکاتی سـەیران و ڕاووشکاردا، بۆ یەکەم جار چاویان بەیەکتری دەکەوێ و بەشادی دەگەڕێنەوە بۆ دیوەخـانی مەهـین بانـووی پووری شـیرین. مەهـین بانوو پێشـوازییێکی گـەرمـیان لێ دەکا و خـوسرەو لەوێ نیشـتـەجێ دەبێ، بەڵام مەهـین بانوو لەوە دەترسـێ خـوسـرەو پێش ئەوەی خـوازبێنی شـیـرین بـکا هەڵی بخەڵەتێنی، لەبەر ئەوە ئامـۆژگاری دەکـا وریای خۆی بێ. ژیانی پێکەوەییان بەدڵی خـوسـرەو نابێ چونکە شیرین لە هـەموو شتێکدا بەقسەی ناکا و لە ڕووی دەوەستێ.

لەم ماوەیەدا شـیـرین و خوسرەو لە نزیکەوە لەگەڵ یەکتریدا دەژیان و سـەیران و ڕاووشکاریان پێکەوە دەکرد. جـارێکیـان لەڕاوێکدا شـێرێک هێرشـیـان بۆ دەبا. خـوسـرەو بەمـسـتـەکـۆڵە دەیکوژێ و فـەرمـان دەردەکا پێسـتـەکـەی بگوروون. ئەمـە دەبێـتـە هـۆی ئەوەی زیاتر بەدڵی شـیـریندا دابچێ، بۆ یەکـەم جـار مـاچێکیـشـی دەداتێ.

وا ڕێک دەکـەوێ شـیـرین لەگـەڵ کـەنیـزەکانی دەچـنە دیوەخـانی خـوسـرەو. پێش ئەوە ئامـۆژگـاریـیـان دەکـا بـەدەم ئاواز و مـۆسـیـقـاوە ئەو شـیـعـرانە بچڕن کـە لە عـەشـقی شـیـرین و خـوسـرەو دەدوێن بۆ ئەوەی خـوسـرەو زیاتر گـیـرۆدەی شـیـرین ببێ، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا شـیـرین بەرەقی گفـتـوگـۆی لەگەڵدا دەکا و هـیـچ جـۆرە بایەخـێـکی پـێ نادا، چەندوچوون دەکـەوێتـە نێـوانیـانەوە، دیالۆگـیـان بێ ئەنجـام دەبێ، تا مـەسـەلـەکەیان دەگـاتە ئەوەی شـیرین تـانەی لێ دەدا و پێی دەڵێ تەخت و

تاراجی داگیرکراوە، ئەگەر پیاو بوایە پێش هەموو شتێک تەخت و تانجەکەی دەست دەخستەوە پێش ئەوەی خۆی بەدڵدارییەوە خەریک بکا. خوسرەو ئەمەی پێ ناخۆش دەبێ، بەزیزبوون ئەوێ بەجێ دێڵێ بەرەو وڵاتی ڕۆم دەکەوێتە ڕێ و یارمەتی لە قەیسەر داوا دەکا بۆ ئەوەی لەشکری بداتێ و بڕوا فەرمانڕەوایی بارامی چۆبین بڕووخێنی و تەخت و تانجی خۆی دەست بخاتەوە، قەیسەری ڕۆم بەپیریەوە دەچێ و لەشکری دەداتێ بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی بارام و هەروەها مریەمی کچیشی لێ مارە دەکا. جەنگێکی قورس دەکەوێتەوە لە ئەنجامدا خوسرەو سەردەکەوێ و دەگەڕێتەوە سەر تەخت و تانجی خۆی و دەست دەکاتەوە بەفەرمانڕەوایی.

لەگەڵ ئەوەی خوسرەو خاوەن ژن بوو و ئەو ژنە مریەمی کچی قەیسەری ڕۆم بوو بەڵام دڵی هەر بۆ شیرین لێی دەدا و حاڵی ناوەوەی سایکۆلۆجی دەروونی خراپ بوو. شیرینیش شەو و ڕۆژ لەژێر باری غەم و پەژارە دەتلایەوە و بۆ چارەڕەشی خۆی دەیلاواندەوە.

لەو ماوەیەدا مەهین بانووی پووری شیرین کۆچی دوایی دەکا، تەختی شاهی بەشیرین دەسپێرێ، بەڵام ئەم مەقامە بەرزە دەردی تیمار ناکا و خوسرەو لەناو دڵ و دەروونیدا ناسڕێتەوە. دەتوانێ بۆ ماوەی ساڵێک هێمنی خۆی بپارێزێ، ئیتر لە وزەیدا نامێنێ و ڕێی مەدائین دەداتە بەر خۆی، لەوێ هەواڵی گەیشتنی شیرین بەخوسرەو دەگەیەنن، دیارە لە ترسی مریەمی خێزانی ناتوانێ لێی نزیک ببێتەوە. شیرین لەو کۆشکەی بۆی دروست کرابوو نیشتەجێ دەبێ.

لەو ماوەیەدا بارامی چۆبین کۆچی دوایی دەکا. خوسرەو ڕاوێژکارانی کۆ دەکاتەوە، بەدەم وا دەردەبڕێ مردنی بارامی پێ ناخۆش بووە، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەم هەواڵەی پێ خۆش دەبێ و ئاهەنگی شادی دەگێڕێ و لەو کۆڕی گوشادییەدا باربودی گۆرانیبێژی ناودار گۆرانییان بۆ دەچڕێ.

ئەڤینی شیرین وا لە دڵی خوسرەودا دەچەسپێ ڕاستەوخۆ داوا لە مریەم بکا بەوە ڕازی بێ شیرین بخوازی بۆ خۆی، بەڵام مریەم سوور دەبێ لەسەر ئەوەی نابێ بەهیچ جۆرێ بیر لەوە بکاتەوە. خوسرەو ناتوانێ دەسەڵاتی دەوڵەتی بەقوربانی خۆشەویستی بکا، لەبەر ئەوە جار ناجار هەواڵی شیرین دەپرسێ.

بێگومـــان دەوری شـــاپووریش هەر لەناوەوە بووە. هەرچەندە چاوی بەشــیــرین بکەوتایە ئەوەی بۆ ڕوون دەکردەوە کە خوسـرەو شـیرینی خۆش دەوێ. شـیـرین هەڵوێستی خوسرەوی پێ ناخۆش دەبێ، لەبەر ئەوە گازاندەی لێ دەکا.

لەوکاتەدا ڕووداوێکی تازە لە مەسەلەی دڵداری خوسرەو و شیرین پەیدا دەبێ ئەویش دڵداریی فەرهادی کێوهەڵکەن یا پەیکەرتەراشە.

ڕۆژێکیان شیرین لە کۆشکەکەی خۆیدا داوای شیر دەکا، بەڵام ڕانەمەڕ دوور دەبی و شیری دەست ناکەوێ. ئەم پێویستییەی بەرەو ڕووی شاپوور دەکاتەوە. شـاپوور باسی فـەرهاد دەکـا وەک هونەروەرێکی بلیمـەت و زیرەک بۆی هەیە جـۆگـەلەیێک لەبەرد دروست بکا لە نێـوان چایەری ڕانە مـەڕەکـە و کـۆشکی شـیریندا. بەم جـۆرە دەتوانن لە چایەرەکـە مـەڕ بدۆشن و شـیرەکـە بڕێژنە ناو جۆگەلە بەردینەکەوە ئیتر بۆ خۆی دێتە خوار تا کۆشکی شیرین.

شاپوور فەرهاد دێنێتە لای شیرین، لەوێ فەرهاد گوێ لە قسەکانی دەگرێ، بەڵام هیچی لێ تێ ناگا، چونکە لە یەکەم بینیندا گرفتاری دەبێ بەجۆرێک زۆر خۆی پێ ڕاناگیرێ و لە مەجلیس دەچێتە دەرەوە و لە شاپوور دەپرسێ قسەکانی شیرینی دووبارە بۆ بگێڕێتەوە چونکە هیچی لێ تێ نەگەیشت، ئیتر فەرهاد وەکو شـیرین دەیویست جۆگـەلەیێک لە بەرد دەتراشێ. بەشـێوەیێک خـۆشـەویسـتی شـیرین دەکەوێتە ناو دڵ و دەروونییەوە هۆشی لای خۆی نامێنێ، مەسەلەی ئەم خۆشەویستییە دەکەوێتە بەر گوێی خەڵکی.

خوسرەو کە ئەمە دەبیستێ داوای فەرهاد دەکا بیهێنن بۆ لای، دیالۆگێکی درێژ لە نێوانیاندا دەکرێ. فەرهاد بەئاشکرا و بەبێ ترس قسەی خۆی دەکا. خوسرەو دەکەوێتە پیلان دانان بۆ لەناوبردنی فەرهاد. بۆ ئەم مەبەسە شاخێک دەستنیشان دەکا کونێکی تێدا بکا بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگە و خەڵکی هاتوچۆی تێدا بکەن و پێویستییان بەوە نەبێ بەشاخ هەڵگەڕێن بۆ ئەوەی بچنە ئەودیو. فەرهاد ڕازی دەبێ، بەڵام مەرجی بۆ دادەنێ، دەڵێ ئەگەر کۆتاییم بەکارەکە هێنا پاداشم ئەوەیە شـیرینم بدرێتێ. بێگومان خوسـرەو ئەم قسـەیەی فەرهادی پێ ناخـۆش نابێ و ڕازی دەبێ، چونکە وا دەزانێ بەهیچ جۆرێ فەرهاد ناتوانێ کارەکە بگەیەنێتە ئەنجام. ئیتر فەرهاد دەست دەکا بەکار، لەگەڵ هەڵکەندنی کونەکە وێنە و نەقش و

نیگاری هونەری لە شاخەکەدا دەتراشێ، لە وێنەکاندا دیمەنی خوسرەو و شیرین و ڕاووشکار و جەنگەکانی خوسرەو دەبینرێن.

شیرین سەردانی شاخەکە دەکا بۆ ئەوەی ئەنجامی کارەکەی فەرهادی چاو پێ بکەوێ، لەو سەردانەدا پێی مایینی شیرین هەڵدەخلیسکێ، فەرهاد زوو بەهانای دەگا و شیرین و مایینەکەی هەڵدەگرێ و دەیانباتەوە جێی خۆیان. هەواڵی ئەم هەڵوێستە دەگاتەوە خوسرەو، جگە لەمە خوسرەو لەوە دەترسێ کارەکەی فەرهاد تەواو ببێ، چونکە بەڵێنەکەی خۆی نایەنێتە دی و شیرینی ناداتێ.

ڕاوێژکاران کۆدەکاتەوە نەخشەی پیلانێک بکێشن بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە تاوتوێ بکەن. یەکێ پێشنیاز دەکا پیرێژنێکی ناشیرینی دەعەجانی ڕاسپێرن بچێتە لای فەرهاد بەدرۆ شین و واوەیلا بکا بەهۆی مردنی شیرین، لەوانەیە فەرهادیش لە داخانا بمرێ یا خۆی بکوژێ. پیرێژن دەڕوا و ئەوەی پێی دەسپێررێ دەیکا، فەرهاد کە ئەم دیمەنە دەبینێ دەست لەکار هەڵدەگرێ و کوڵنگەکەی دەدا بەسەری پیرێژن. لە دوای ئەمە دەست دەکا بەلاواندنەوەیێکی پڕ لە سۆز بۆ شیرین. ئیتر لە هۆش خۆی دەچێ و دەکەوێتە سەر ڕوو و گیانی پاکی لە لەشیدا دەردەچێ.

ئەم هەواڵە ناخۆشە شیرین دڵگیر دەکا، دەچێ بۆ سەر تەرمەکەی و بەکوڵ بۆی دەلاوێنێتەوە. فەرمان دەردەکا بەشێوەیێکی ڕێکوپێک ئایینی کفن و دفنی جێبەجێ بکەن. خورپەی دڵی خوسرەو لەپاش مردنی فەرهاد نامێنێ، ڕووداوەکەی پێ خۆش دەبێ و نامە لەم بابەتەوە بۆ شیرین دەنووسێ و داوای لێ دەکا غەم بۆ فەرهاد نەخوا. شیرین دڵخۆشی بەنامەکە نایە، بەپەژمردەیی ڕۆژان دەباتە سەر.

لەو سەردەمەدا مریەمی کچی قەیسەر (ژنی خوسرەو) کۆچی دوایی دەکا، شیرین ماتەمنامە بۆ خوسرەو دەنێرێ و ناوی مریەم وەک ژنێکی ناشیرین دەهێنێ.

لەوکاتەدا خوسرەو وەک شاهنشاهێک گەورە و دیار دەبێ، ئارەزووی ئەوە دەکا بەبێ مارەکردن شیرین ببێتە ژنی، بەڵام خوسرەو ناتوانی هەڵی بخەڵەتێنێ. شەوێکیان لە دیوەخانی خوسرەو باس لە کچی جوان دەکرێ. لە کوێ کچی جوان دەست دەکەوێ؟ هەر کەسەو ناوی وڵاتێک دێنێ. یەکێ باس لە کچێکی جوان دەکا

ناوی شەکری ئەسفەهانی دەبێ. ئیتر خوسرەو کە باس لە جوانی شەکر دەکەن، بەبێ ئەوەی چاوی پێی کەوتبێ حەزی لێ دەکا، بۆ ئەم مەبەستە ڕوو دەکاتە ئەسفەهان و دەیدۆزێتەوە، لە دوای دیالۆگێکی نێوانیان بڕیاری خوازبێنی دەدا و دەیگوازێتەوە. بەڵام بەهیچ جۆرێ شیرین لەبەر چاوی ناکەوێ. لە پاشانا دڵداری لە دڵیدا دەبزوێتەوە، بۆ ئەمە بڕیار دەدا بچێ بۆ ڕاو لە ڕێگە دەگاتە لای کۆشکی شیرین، هەوڵ دەدا لێی بچێتە ژوورەوە، بەڵام شیرین دەرگای لێ ناکاتەوە. لە پاش پاڕانەوەیێکی زۆر شیرین بە کەنیزەکان دەڵێ لە کۆشکی دیکەدا جێی بۆ دابنێن. ئینجا شیرین خۆی دەچێتە لای و دیالۆگێکی دوور و درێژ لە نێوانیاندا دەبێ. ئەنجام قسەکانی شیرین بەدڵی خوسرەو نابن. خوسرەو لەمە تووڕە دەبێ و کۆشکی شیرین بەجێ دێڵێ و بەسەرهات بۆ شاپوور دەگێڕێتەوە. شاپوور هێمنی دەکاتەوە و ئامۆژگاری دەکا ئاگاداری خۆی بێ و هەموو شتێک لە پاشانا بەدڵی ئەو دەبێ.

شیرین لەم کارە دڵی دەرەنجێ و زیزبوونی خوسرەوی پێ ناخۆش دەبێ، لەبەر ئەوە لەکاتی تاریک و ڕوونی بەیانی خۆی دەگەیەنێتە ئۆردووگای خوسرەو، ئەمە دەبێتە جێی شادمانی بۆ شیرین.

شیرین «نیکیسا» و «باربود»ی گۆرانیبێژ و مۆسیقاران کۆ دەکاتەوە و هەندێ بابەتیان فێردەکا گۆرانیبێژەکان بەناوی خۆی و بەناوی خوسرەوەوە بیچڕن. لەکاتی ئاهەنگەکەدا کە خوسرەو گوێی لەم دیالۆگە شیعرییە دڵدارییە دەبێ هەر بەیەکجاری لە پەلوپۆ دەکەوێ، ئەوجا پاش ئەوەی شیرینیش دەردەکەوێ خوسرەو بەتەواوی لە هۆش خۆی دەچێ و دەکەوێتە بن پێی شیرین. ئەو شەوە تا بەیانی بەڕابواردنی ماچ و مووچ و مێبازی و خواردنەوە دەبەنە سەر، بەڵام شیرین خۆی دەپارێزێ و لە خوسرەو نزیک نابێتەوە. خوسرەو ناچار دەبێ بڕیاری مارەکردنی شیرین لە خۆی بێنێتەجێ. بۆ بەیانی هەموو شتێک ساز دەبێ بۆ ئاهەنگگێڕانی مارەکردنی شیرین لە خوسرەوی پەروێز، بەم ڕەنگە بەیەکتری شاد دەبن.

ماوەیێک ژن و مێرد بەخۆشی ڕادەبوێرن، تا شەوێک خوسرەو خەونێک دەبینێ، سوارێک داوای لێ دەکا واز لە ئایینی ئاگرپەرستی بهێنێ، بەڵام خوسرەو ئەم داوایە ڕەت دەکاتەوە و بەوەی لەسەر ئایینی باب و باپیرانی لاناچێ. سوارەکە

ڕمێک دەکا بەسنگیدا، لەم کاتەدا خوسرەو ڕادەچڵەکێ و لەخەو هەڵدەستێتەوە. بۆ بەیانی خەونەکەی بۆ شیرین دەگێڕێتەوە. شیرین پێشنیاز دەکا لە خەزنەکەیان هەندێ زێڕ و زیو و بەردی بەنرخ دەربێنن و بیکەن بەخێر بۆ ئەوەی لەم بەڵایە دووربکەونەوە.

لە خەزنەکەدا تۆمارێک دەدۆزنەوە لەناو قوتوێکدا دەبێ، پیشانی خەزنەداری دەدەن بۆ ئەوەی بۆیانی بخوێنێتەوە. ئەمە وەسیەتنامەی ئەردەشێری بابەکانە بۆ نەوەکانی پاش خۆی. لەوێ ئەوە هاتووە لە شاری مەککە پێغەمبەرێک دەردەکەوێ ناوی محەمەدە، پێویستە ئیمانی پێ بێنن. شیرین باوەڕ بەنووسینی ناو تۆمارەکە دەکا، بەڵام خوسرەو دوودڵ دەبێ و نایەوێ لە ئایینی باب و باپیرانی ببێ.

لە دوای ماوەیێکی کەم نامەی پێغەمبەر دەگاتە دەستی خوسرەو، داوای لێ دەکا بێتە سەر ئایینی ئیسلام. خوسرەو بەشێوەیێکی ناشیرین وەرامی دەداتەوە. لەبەرئەوە پێغەمبەر دوعای خراپی لێ دەکا، زۆری پێ ناچێ بەختی خوسرەو دەکەویتە لێژییەوە. شێرۆیەی کوڕی حەز لە شیرینی باوەژنی دەکا، لە پێناوی هێنانە دی ئەم مەبەسە پیلان بۆ کوشتنی باوکی دادەنێ. هەموو نزیکەکانی دەربار ڕازی دەکا ڕێگەی لێ نەگرن. شەوێک دەچێتە سەر پێخەفی باوکی و دەیداتە بەر خەنجەر و دەیکوژێ. بێگومان شیرین بەکوشتنی مێردی دڵگیر دەبێ.

شێرۆیە لە جێی باوکی لەسەر تەختی شاهنشاهی دادەنیشێ. فەرمانڕەوایی بەسیاسەتی زەبر و زەنگ بەڕێوەدەبا، لەگەڵ شیرینی باوەژنی ڕووبەڕوو دەبێتەوە و نهێنیی ناو دڵی دەخاتە ڕوو و پێی دەڵێ حەزی لێ کردووە. شیرین زۆر لێی دەپاڕێتەوە دەستی لێ هەڵبگرێ بەڵام بێ سوود. ئیتر شیرین داوای چل ڕۆژ مۆڵەت لە شێرۆیە دەکا بەناوی ئەوەی چل ڕۆژ پرسەی خوسرەوە. شێرۆیە ڕازی دەبێ و دەچێتە ڕاووشکار و سەیران. لە دوای چل ڕۆژ داوای شیرین دەکا. ئەم جارەیان شیرین داواکاری تری دەبێ، ئەگەر شێرۆیە جێبەجێیان نەکا شووی پێ ناکا، داواکارییەکانی ئەمانە بوون:

ڕووخاندنی هەموو کۆشکەکانی باوکی، کلک و گوێکردنی وڵاغە چاکەکان، دابەشکردنی سامان، لەناوبردنی مۆسیقار و گۆرانیبێژەکان. شێرۆیە هەموو داخوازییەکانی جێبەجێ دەکا.

شیرین خۆی ئامادە دەکا بۆ گەرماو بەناوی لەش شوشتن و خۆ ئارایشکردن بۆ ئەوەی بەبووک ببرێ بۆ شێرۆیە. بەڵام مەبەسی ئەمە نەبوو و شتێکی دیکە بوو. لە دوای ئەوەی شیرین خۆی دەشوا و جل دەگۆڕێ، کەنیزەکان بانگ دەکا، ڕاستی مەبەسەکەیان پێ دەڵێ و ماڵئاواییان لێ دەکا. کەنیزەکان دەست بەگریان دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە بەڵام بێ سوود، فەرمان دەردەکا مایینەکەی بۆ بێنن، سواری دەبێ و ڕوودەکاتە لای گۆڕی خوسرەو.

لەسەر گۆڕی خوسرەو بەکوڵ دەگری، ئینجا خەنجەرەکەی ژێر سوخمەی لە کالان هەڵدەکێشێ و دەسکی لە ئەرز گیر دەکا و نووکی خەنجەرەکە لە سنگی گیر دەکا و خۆی دەهاوێتە سەری تا گیانی دەردەچێ.

کە هەواڵ دەگاتە شێرۆیە لە حەژمەتانا شێت دەبێ و دەداتە دەشت و کێو، لە لووتکەیێکی هەزاری بەر هەزار خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و هەپڕوون بەهەپڕوون دەبێ.

لە پاشانا ئەو و شیرینیش لە تەک خوسرەودا دەنێژن.

پێناسەی ڕۆمانی شیعری شیرین و خوسرەو

خانای قوبادی ڕۆمانی «شیرین و خوسرەو»ی لە ساڵی ١١٥٣ھ دا بەئەنجام گەیاندووە، ئەم مێژووە لە دوا دێڕەکانی بەشی یەکەمی چیرۆکەکەدا هاتووە:

باجەلای شیعرت شیرین ڕەونەق بۆ
چون دوعای خاسان مەقبوول حەق بۆ
عەزیزولقەدرێ ئەو چون نیزامی
بپەرسۆ تەئریخ ئەی نامەی نامی
(غەین)و(قاف)و(نوون)، (جیم) کەرۆ حیساب
لێش مبۆ ڕەوشەن چون قورس ئافتاب

واتاکەی:

شیعرت ڕوون و شیرین و ڕەونەقدارە
وەک دوعای پیاوچاکان قوبوول دەکرێ
مەقامت بڵندە وەکو نیزامی

له مێژووی ئەم نامە ناودارە بپرسە
(غەین) و (قاف) و (نوون) و (جیم) حسێب بکە
بۆت ڕوون دەبێتەوە وەک قورسی خۆر

بەحسێبی ئەبجەد کۆی تیپەکانی غەین و قاف و نوون و جیم دەکاتە ساڵی ۱۱۵۳ی هیجری، ئەمە دەکاتە ساڵی ۱۷٤۱م، ئەمەش ساڵی لێبوونەوەی شاعیرە لە دانانی ڕۆمانی شیعری «شیرین و خوسرەو».

سەرەتای بەشی یەکەمی «شیرین و خوسرەو» کە سەرەتای ڕۆمانە شیعرییەکەیە بەم دێڕانە دەست پێدەکا:

بەنام ئەو کەس (شیرین) ئەرمەن
پەیدا کەرد (فەرهاد) پەیش بی بەکۆکەن
هەر سوب تا ئێوار نە پای (بێستوون)
تەقەی قوڵنگش یاوا بەگەردوون
نەڕاش چەندین جەور چەند جەفا بەردش
ئاخر بەناکام ئەڕوا سپەردش

واتاکەی:

بەناوی ئەو کەسەی شیرینی ئەرمەنە
فەرهاد پەیدا بوو بۆی بوو بە کێوهەڵکەن
هەموو بەیانییێک تا ئێوارە لە پای بێستوون
تەقەی کوڵنگی دەگاتە گەردوون
لە دوای چەشتنی چەندین جەور و جەفا
لە ئەنجامدا بەناکامی گیانی سپارد

بەشی میعراجنامە لە «شیرین و خوسرەو»دا بەم دێڕانە دەست پێدەکا:

شەوێ وێنەی شەمع تەجەللای کۆی توور
عەرسەی سەر زەمین ڕەوشەن بێ جەنوور
چەتر چین چەرخ چون دێبای گوڵ دۆز
مدرەوشا جە دوڕ نەجم شەب ئەفرۆز

تـوراب تـیـــــرەی ئـەرز عـــــەنبـــــەرین
مــبــەخــشــا ســۆڵـەی شــەمس خــاوەرین
واتاکەی:
شەوی ڕووناکی وەک تەجەلالاکەی کێوی توورە
هەموو عەرسەی سەرزەوی بەنوور ڕووناک بۆتەوە
چەتری چەرخ وەک دیبای بەگوڵ چنراوە
لە دوورەوە ڕووناکی لە ئەستێرەی شەو دەدرەوشێتەوە
خۆڵی تاریکی ئەرزی عەنبەرین
دەرگای خۆری ڕۆژهەڵات دەکاتەوە

میعراجنامە بەم دێرانەش کۆتایی دێ:
ئومــێــدن بەزات دانـای شــیــرین کــار
مــەزمــوون ئـەی نەزم جــەواهـێــر نیگار
چون ڕاز شـــیـــرین نادیرەی ئـەییـــام
شـیـرین بۆ بەکام کـافـفـەی خـاس و عـام
واتاکەی:
هیوا بەکەسی دانای کاری جوان دەکا
ناوەرۆکی ئەم شیعرە بەگەوهەر ڕازاوەتەوە
وەک ڕاز و نیازی شیرینی دەگمەن لە ڕۆژگاردا
شیرین ئارەزووی هەموو خاس و عامێکە

خانا تێکستی بەسەرهاتی دڵداریی شیرین و فەرهاد لە بەشی سێیەم دەست پێدەکا بەناوی «لەدایکبوونی خوسرەو»، ئەم دێڕە شیعرانە سەرەتای چیرۆکەکەیە:
شـوعـەرای شـیـرین نەزم شـەکـەر ڕێزەی ڕاز
شـــێخ نیــزامی تـەور شـــەفـــیــعـــا ئـەنداز
بە ڕەشـح خـــامـــەی مــیـشـکـین چون مـــانی
بـەی تـەور ئـینـشـــا کـــەرد لەوح مـــەعـــانـی

چون بە حـەسـبـولئـەمـر قـەدیم لا مـەوت
نەوشـیروان نۆشا مـەی جە شـیشـەی فـەوت
بـەویـفـق تـەوفـــــیـق زات ئـیـــــلاهـی
هورمـز نیشت نە تـەخت فـەڕ بەخش شـاهـی
بـەڕەسـم و ئـایـن نـەوشــــیـــروان پێش
مـــەعــمـــوور کــەرد بـەعــەدڵ ویلایات وێش

واتاکەی:

شاعیرانی شیرین شیعر و قسەی جوان
وەک شێخی نیزامی و لە ئەندازەی ئەرستۆ
بەتەڕایی قەڵەمی مشکینی وەک مانی
بەو جۆرە لەوحی مەعانی نووسی
وەک لە قەدەری قەدیمی نەمر نووسراوە
نەوشیروان مەیی نۆشی لە جامی مردن
بەپێی تەوفیقی زاتی ئیلاهی
هورمز لەسەر تەختی موبارەکی شاهی دانیشت
بەپێی ڕێ و ڕەسمی نەوشیروانی پێشوو
هەموو ویلایەتەکان بەعەدلی ئەو مەعموور بوون

خانا هەموو ڕۆمانەکەی «شیرین و خوسرەو» بەم دێڕانە دوایی پێ دێنێ:

هـەردوو هـام قـیـران جـە مـەکـان نەو
نـیــان نە پـاڵووی مــەزار خــوســرەو
فــورزەنـد و بابـۆ و حـــەرەم چەنی هـەم
تەکـیـەدان بـەســەنگ سـیـای تـار و تەم
یــاران بــەزاری بــەدیــدەی نمــنــاک
ســەرداران بەهـەم ســپــەردن بەخــاک
دەوران بـێ پـۆ کـــــارش دوو ڕەنگـەن
ئاخـر جـای گشـتـمـان ئەو مـاوای تەنگەن

واتاکەی:

هەردووکیان بەجووتە لە جێی تازە
لە تەک مەزاری خوسرەو نێژران
منداڵ و باوک و حەرەم و هەرچی هەیە
بە بەردی ڕەشی تاریک لە خۆیان دەدا
یاران بەگریان و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە
سەردارانیان پێکەوە بەخاک سپارد
کاری دەورانی زۆڵ دوو ڕوویییە
ئەنجام جێی هەموومان ئەو ماڵە تەنگەیە

بەم ڕەنگە خانای قوبادی لە ڕۆمانە شیعرییەکەی دەبێتەوە و شەوچرایێکی دیکە دەخاتە ناو ئەدەبی ڕەنگینی کوردییەوە.

نموونەی شیعری ڕۆمانی شیعری «شیرین و خوسرەو»

ڕۆمانی شیرین و خوسرەو نموونەیێکی بەرزە لە مەیدانی سۆز و ئەڤینی دڵداری و لێکسیکۆنی ڕەوانبێژی و داهێنانی وێنەی شیعری و باسکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی ئادەمزاد، بە وشەی جوان و ڕستەی پاراو و تەعبیری ڕازاوە و هەناسەیێکی کوردانە نووسراوەتەوە.

لێرەدا نموونەی ئەو بەرهەمە دەخرێتە ڕوو:

١

لە کاتێکدا شیرین و کەنیزەکانی لە سەیران و ڕاووشکار بوون، وێنەی خوسرەویان کێشا بوو و بەدرەختێکەوە هەڵیانواسیبوو، بۆ ئەوەی شیرین چاوی پێ بکەوێ و بەڵکو دڵی بچێتێ.

خانا بەم دێڕە شیعرانە وەسفی شیرین و کەنیزەکانی دەکا:

جەو دما شیرین شای سۆسەن خاڵان
چەنی سوپا و سان نازک نەوهاڵان
بەدەوڵەت بەو جا تەشریف ئاوەردن
گەڵا جە گوڵزار موشەررەف کەردن

دەردم نـازاران ڕشـــــتـــــەی ئـیـــــلاهـی
کـــەرد شــــان وەپا ســــەیوانـی شــاهـی
وستـشـان جە شـاخ ڕەیحانە و سـونبـول
جـــە بەرگ نـەســـرین شـــەقــایق و گــوڵ
فەرشـێ پەی شیرین شۆخ شیرین ڕەنگ
خـاسـتـەر جە دیبای کـارخـانەی فـەرەنگ
شـەکـەر لەب بەســەد لار و لەنجـە و ناز
نیـشت وە باڵای فــەرش گـوڵان بەئەنداز
فەرمـاش تا ساقیی سـادەی سیم ئەندام
لەب ڕێز کـەرد قـەدەح جـە بادە گوڵ فـام
نۆشــاشــان ڕەندان زوڵف بـۆ عـەنبـەرین
پەیا پەی پەیوەست بەشــادیی شــیـــرین
واتاکەی:
لەو کاتەی شیرینی شای خاڵ سووسنییان
لەگەڵ لەشکر و سامانی نەونەمامانی ناسک
بە تەنتەنە تەشریفیان هاتە ئەو جێیە
گەلای گوڵزاران بەخێرهاتنیان کردن
لەو دەمەدا نازدارانی دەسکردی خودا
سەیوانی شاهییان ڕاست کردەوە
ڕەیحانە و سونبولیان لە شاخ بڵاوکردەوە
لە بەرگی نەسرین و شەقایق و گوڵ
فەرشێکی جوان بۆ شیرینی شۆخ دروست بوو
جوانتر لە قوماشی کارخانەی فەرەنگ
لێوشیرین بەسەد لارولەنجە و نازەوە
لەسەر فەرشی چنراو بەگوڵ دانیشت
فەرموی با ساقیی سادەی ئەندام زیوین

جامی پڕ بکا لە شەرابی گوڵ ڕەنگ
جوانانی زولفیان بۆنی عەنبەرە نۆشیان کرد
یەک لە دوای یەک بەبێ بڕانەوە بەیادی شیرین

٢

بۆ یەکەمین جار لە سەیران و ڕاووشکارێکدا شیرین و خوسرەو چاویان بەیەکتری دەکەوێ. بەم دێڕە شیعرانە خانا هەست و نەستی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر ئەم هەڵوێستە ڕۆمانتیکییەی دڵدار و دڵبەری کۆ کردبووەوە:

هەردوو چون سوورەت نەقش کەندەی سەنگ
مدیان بەهەمدا بێ سەدا و بێ دەنگ
خوسرەو چون شاباز شەش دانگ شاهی
شیرین وینەی سەوڵ ڕشتەی ئیلاهی
خوسرەو چون خورشید درەخشندەی نوور
شیرین وێنەی شەمع تەجەللای کۆی توور
خوسرەو چون یووسف شوخ کەنعانی
شیرین چون تەرسای شێخ سەنعانی
یەکێ جە یەکێ شۆخ و شەنگتەر بین
هەردوو پادشای ساحێب ئەفسەر بین
منمانا جە دوور ڕوخسار پەروێز
خەت چون وەنەوشەی گوڵ باغچەی نەوخێز
دەستەی زوڵف لوول سیای عەنبەرین
مبەخشا شۆخی بەشێوەی شیرین
شیرین جە شۆخی و شیرینی خوسرەو
جە دەستەی کاکۆڵ پەخش چینی ئەو

واتاکەی:

هەردووکیان وەک وێنەی نەقشکراوی سەربەرد

دەیاننواڕییە یەکتری بێ قسە و بێ دەنگ
خوسرەو وەک شای بازان و تەواوی بێ کەموکوڕی
شیرین وەک شەنگەبی دەسکردی خودا
خوسرەو وەک ڕۆژی کە ڕووناکی دەپڕژێنێ
شیرین وەک مۆمی کێوی توورە
خوسرەو وەک یووسفی شۆخی کەنعانە
شیرین وەک ئاگرپەرستی شێخی سەنعانە
یەک لە ئەویتر شۆخ و شەنگتر بوو
هەردووکیان پادشای خاوەن تانج بوون
لە دوورەوە ڕوخساری پەروێز دیار بوو
خەتی سمێڵی گوڵی وەنەوشەی باغچەی تازە پشکووتوو بوو
دەستەی زولفی لوولی ڕەشی عەنبەر بۆ
بەشێوەیێکی جوان بەخشراوتە شۆخێک
شیرین گرفتاری شۆخی و جوانی خوسرەو
دەستەی کاکۆڵی بڵاوبووەوەی ئەو بووە

٣

بەم دێرە شیعرانە خانا وەسفی یەکتری بینینی شیرین و فەرهادی کێوهەڵکەن دەکا:

وەختێ بەفەرهاد بێچارەی کۆکەن
یاوا ڕێزەی ڕاز شیرین ئەرمەن
کێشا نە دەروون ئاه ستەمناک
دەرسات چون مەسرووع خلتیا نە خاک
کەفت نە ڕووی زەمین بەوێنەی زامدار
پێچاوپێچ وەرد چون کلافەی مار
شیرین شەش دانگ زوڵف دەستە زنجیر
مەمان شەمامەی وەشبۆی بۆ عەبیر

زانا کـــه فـــەرهاد جـــه ڕێزەی ڕازش
بەمـەحـز شـۆخـیی نەغـمـەی ئاوازش
بێ خــود خـڵـتـیـا نه خــاک ســارا
ســەودای تیـر عـەشق جـە لاش و یارا
خـەیلێ خـەیاڵ کـەرد جـە بێ قـەراریش
بـەڕەنـگێ هـەنـی کـــــەردش دڵـداریش
ئیـمـجـار وات بشنـەو هەی مـەرد ئوسـتـاد
بۆ جـە ڕای دۆسـتی خـاترم کـەر شـاد

واتاکەی:

لە وەختێکدا فەرهادی بێچارەی کێوهەڵکەن
گەیشتە ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ شیرینی ئەرمەن بکا
ئاهێکی ستەمناکی لە ناخی دەروونیدا هەڵکێشا
یەکسەر وەک خووگرتوو لەسەر خاک گەوزی
کەوتە سەر ڕووی زەوی وەک بریندار
پێچی خواردەوە وەک کلافەی مار
شیرینی بێ کەموکوڕی زوڵفی وەک قەفی زنجیر
مەمکی شەمامەی بۆنخۆش و عەبیر
کە زانی فەرهاد لە ئەنجامی گفتوگۆ
لەبەر جوانی و ئاوازی قسەی خۆشی
بێ هۆش دەگەوزی لەسەر خاک
کوشتەی تیری عەشق بوو بەلەش و بەگیان
زۆر بیری کردەوە بەبێ ئۆقرەیی
بەشێوەیێکی قورس کەوتە ناو دڵدارییەوە
ئینجا وا ببیستە ئەی مامۆستای مەرد
بۆ لای دۆستایەتی بمگەیەنە ئەنجام

٤

وەک لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە دیارە شێرۆ حەز لە شیرینی باوەژنی دەکا، لە پێناوی دڵداری باوکی دەکوژێ، بۆ ئەوەی بتوانی شیرین بکا بەژنی خۆی. شاعیری ئەم ماوەیەمان خانا بەزمانی شێرۆ بەم جۆرە لەگەڵ شیرین دەدوێ:

شـــێـــرۆ وات: شـــیـــرین دڵدار دلبـــەر
مـــەر تۆ جـــە دەردم نەداری خـــەبەر
حـەقـقـا حـەقـقـتـەن تەوەن لێت وارۆ
کـەس جـە دەرد کـەس خـەبەر نەدارۆ
من عـەشق شـێـوەت کـارێ پێم کـەردەن
هـەر دەم مـــوازوون ئـاوات بـەمـــەردەن
کـوورەی کـووزەگـەر جـۆش و تاومـەن
زووخ دڵ نە جـای خـورد و خـاومـەن
شـــەوان شـــومـــارەی ســتـــارە زانـام
بێ خـاوی جـە تاف ئاوان سـتـانـام
نوجـووم ئەخـتـەر ئەفـلاک شـمـەردم
کـەوکـەب بەکـاتیب کـەیوان سـپـەردم
دەفـتـەرخـانەی فـەرد شـەوگـارم وانان
حـیـســاب ئەنجـوم ئەفـلاکم زانان
دوودیم دەمـــــــاوەند بـوویـنـەوە تـوور
ئاهـیـــر دام نە بەند کـاوکـۆی بلوور

واتاکەی:

شێرۆ وتی: ئەی شیرینی دلبەری دڵدار
مەگەر تۆ ئاگاداری دەردی من نی
بەهەق و بەهەقیقەت بەردت لێ دەبارێ
کەس ئاگای لە دەردی کەس نییە
عەشقی تۆ کارێکی وای پێم کردووە

هەموو دەم ئارەزوو و ئاواتم مردنە
کوورەی وەستای گۆزە بەجۆش تواندوومیەتەوە
زووخاوی دڵ لەجێی خەو و خۆراکمە
بەشەوان خەریکی ژماردنی ئەستێرەکانم
بێ خەویم لە دەنگی سولاوکەی ئاوانەوەیە
ئەستێرەکانی ئاسمانان دەگرمەوە
ئەستێرەی بەختم بەنووسەری زوحەل سپارد
دەرسی بەختم لە دەفتەری شەوگار دایە
لەوێ حسێبی ئەستێرەکانی ئاسمان کراوە
دەماوەندی دووکەڵاوی بووە بەشاخی توور
ئاگر بەربووە جومگەکانی شاخی وەک بلوور

٥

لە دوای کوشتنی خوسرەوی پەروێز لەلایەن شێرۆی کوڕیەوە، بەم دێڕە شیعرە پڕ لە سۆزانە شیرین لەسەر گۆڕی خوسرەو شین و شەپۆڕی بۆ دەکا و دەلاوێنێتەوە پێش ئەوەی بەخەنجەر خۆی بکوژێ:

خوسرەو خرۆشان خیشم جۆش و کۆ
سەردار سەرکەش سەرکەشانم ڕۆ
لاڵ پۆش و لاڵ بەخش خاس خەیاڵم ڕۆ
نەوەی کەیکاووس کەمەر لاڵم ڕۆ
شاە شێر شکار غازیانم ڕۆ
سالار سەرهەنگ کەی کەیانم ڕۆ
دڵدار و دڵبەر دلاوەرم ڕۆ
گەنجووری کۆی گەنج یاداوەرم ڕۆ
شاهنشای شاهان شەهرەیارم ڕۆ
دەسباز دەسگیر دەس ئەفشارم ڕۆ
سوڵتان سالار بەحر و بەڕڕم ڕۆ

سەبر سەرداران کڵاو زەڕم ڕۆ
خواجە غولامان دوڕ نەگۆشم ڕۆ
کەیانی مەجلیس بادەنۆشم ڕۆ
باش باشقەی عەزیزانم ڕۆ
سەردار ساحێب کەنیزانم ڕۆ
بێدادم گەردوون کەیقوبادم ڕۆ
شیر زەبەردەست هەی فەرهادم ڕۆ
شیرین بەی دەستوور خوسرەو ملاونا
فوغان و زاریش تەوەن متاونا
دەس بەرد هۆرکێشا دەشنەی تێغ تێز
دەستەش مەحکەم کەرد نە قەبر پەروێز
نووکەش کەرد وەبان نێشش و نارا
سەرکەرد نەباڵا سەرنێش خارا
واتش: دەهر دوون خودا نیگەهدار
هامشوون جە ڕەنگ ڕاگەی ڕۆزگار
با ڕۆژ ڕەوشەن کەروون بەزوڵمات
سەر بەڕوون نە سای سیاهی مەمات
سەر بنیەن نە سای سیای سەنگەوە
تەک دەم بەتەکیەی تار و تەنگەوە

واتاکەی:

گریان و فریادم بۆ خوسرەو جۆشی سەند
سەرداری سەربڵندی هەموو سەربڵندانم ڕۆ
سوور پۆش و قسە خۆش و خەیاڵ جوانم ڕۆ
نەوەی کەیکاووسی کەمەر لەعلینم ڕۆ
شای شێر بەزێن و جەنگاوەرم ڕۆ
سەردار و گەورەی کەیانییەکانم ڕۆ

دڵدار و دلبەری قارەمانم ڕۆ
خەزنەداری کۆمەڵە خەزنەی باداوەرم ڕۆ
(باداوەر ناوی خەزنەیێکە لە خەزنەکانی خوسرەو)
سەرداری شاهان و شای گەورەم ڕۆ
سەخی و چاودێری خاوەن ئەفشارم ڕۆ
(ئەفشار: خانەیێکی نەرد، ئاهەنگێکی مۆسیقا، هۆزێکی ئێرانی)
سوڵتان و سەرداری زەریا و وشکاییم ڕۆ
سەبری سەرداران کڵاو زێڕم ڕۆ
گەورەی غولامان دوڕ لە گوێم ڕۆ
شاهنشای مەجلیس بادەنۆشم ڕۆ
سەردەستەی هەموو عەزیزانم ڕۆ
سەرداری ساحێب کەنیزانم ڕۆ
بێدادی گەردوون کەیقوبادم ڕۆ
شێری زەبر بەدەستی وەک فەرهادم ڕۆ
شیرین بەم ڕەنگە خوسرەو دەلاوێنێتەوە
لەناو فوغان و ئێش و ئازاردا وەک بەرد تواوەتەوە
دەستی برد و خەنجەری تیژی هەڵکێشا
دەسکی خستە سەر گۆڕی خوسرەوی پەروێز
نووکی خستە سەر ئازاری ئاگر (یا هەنار، مەبەسی مەمکە)
سەری بڵند کرد و ڕوانییە بەرد
وتی: ڕۆژگار سفڵەیە خودا ئاگادارت بێ
وا منیش دەڕۆم بەڕێگەی ڕۆژگار (قەدەر)
با ڕۆژی ڕووناک ببێ بە تاریکستان
ڕوو بکەینە لای مردنی ڕەش
سەرمان بنێینە بان بەردی ڕەش
لەناو قووڵاییێکی تاریک و تەنگ

بێگومـان ئەم برە شـیـعرەی خـانا لـە هەڵبـژاردەی «شـیـرین و خـوسـرەو» هەندێ تینـوەتی خـوێندەواری کـورد دەشکێنـێ، بەڵام ناسـینی خـانا و هونـەری بەرزی لە خوێندنـەوەی هەموو ڕۆمانە شـیعرییەکەدا هەسـتی پێدەکرێ. لەبەر ئەوە پێویستە ئەم بەرهـەمـە لاپەڕەکـانی تەنیـا سـەرچاوەی لێکۆڵینەوەی ئـەکـادیمی نەبێ بـەڵکو شـەوچەرەی کۆڕی حەسانەوەی ماڵی کوردیش بێ.

***

بیسـتنی ڕسـتەی «خـانای قوبادی» لەناو مێشکی ئەدەب دۆستی کورددا وێنەی کـەسـێکی باڵا بەرزی قـارەمـانی بەهێـز دروست دەکـا. لەناو ئەم قـاڵبـەدا گیـانی شـاعیرێک جووڵە دەکا بـەمێشک زۆر شت دەزانێ، بەچێژ و خەیاڵ ئەوەندە ناسکە نابێ دەستی لێ بدرێ و هەر لە دوورەوە دەبێ تەماشا بکرێ.

ئەم شـاعـیـرە زاگـرۆسـیـیـە لەسـەر لووتکەی بەرزی زاگـرۆسـەوە دەنوارێتـە هەورامـان و هەموو کوردسـتـان. لە هونەری داسـتـان سەراییدا (ڕۆمانی شـیـعری) کـەلێنێکی گـەورەی پڕ کـردۆتەوە. ئەو بـەرهـەمـەی لەبـەردەسـتـمـان دایە، مـافی ئەوەمان دەداتێ بە یەکێ لە شـاعیرە گەورەکانـی بژمێرین، ئەوەی لەبەردەستیشدا نییە لە دوارۆژدا بێگومان ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندتر دەکا.

## بەشی حەوتەم

# وەلی دێوانە

١٧٤٥ - ١٨٠١

### بەسەرهاتی وەلی دێوانە

وەلی دێوانە یەکێکە لەو شاعیرانەی ناوبانگیان فراوانە بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی و شارەزوور و هەورامان و گەرمیانی کەرکووک، ئەم ناوبانگە بێ سنووره لەگەڵ کەمی زانیاری لەبابەت ژیانی شاعیرەوە ناگونجێن، سەرەڕای ئەمەش ئەو زانیارییە کەمە بووە بەکۆمەڵێک هەواڵی نامەنتیقی و پێچەوانەی یەکتری، ڕۆشنبیر دەخەنە گێتیێکی پڕ لە گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە، بەهیچ جۆرێ ناتوانێ سەر لە مەسەلەکە دەربکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ وەلی دێوانە لە مێژووی ئەدەب دووربخرێتەوە چونکە بەرهەمی ئەو شاعیرە مێژووی ئەدەبی ڕەنگین کردووە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە نازناوی شاعیر «وەلی دێوانە» لەناو شیعریدا و لەلای خەڵکی بەم ناوە ناسراوە. لەبارەی ناویەوە بەڵگەیێکی باوەڕپێکراو بەدەستەوە نییە. ناوی لە سەرچاوەکاندا بە(میرزا محەمەد) و (ڕەزا کوڕی کوێخا حەمە) و (وەلید) هاتووە، گۆیا ئەم ناوەی دوایی (وەلید) سواوە و بچووک کراوەتەوە و بووە بە(وەلی).

وەلی دێوانە لە ساڵی ١٧٤٥ لە دایک بووە، شوێنی لە دایکبوونیشی دیاری نەکراوە. سەرچاوە هەیە دەڵێ لە ناوچەی بەکراوای هەڵەبجە لە دایک بووە، هی دیکە گوندی شێروانە دەستنیشان دەکا بۆ جێی لە دایکبوونی وەلی دێوانە.

سەرچاوەکان لە بابەت دەستنیشان کردنی هۆز و عەشرەتی وەلی دێوانەش یەکتری ناگرنەوە، هەندێ لە هۆزی شێخ سمایلی حسێبی دەکەن، هی دیکە دەڵێن لە کەمالەیی یا مکاییلی عێلی جافی مرادییە، ڕەنجووری شاعیر وەلی دێوانە

بەکەسێکی سەر بەعەشرەتی گێژ دەزانێ.

وەلی دێوانە لە ساڵی ١٨٠١ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی سەید سادق نێژراوە، خەڵکی ئەوناوە ڕێزی لێ دەنێن و بەچاوێکی بەرز تەماشای دەکەن، چونکە بەرهەمی شیعری بووە بەگۆرانی لەسەرزاری خاوەن دڵانە، ئەو شیعرانە ڕەنگدانەوەی ناو دڵ و دەروونی هەرزەی ناو کۆمەڵی کوردەوارییە لە کوڕ و کیژ.

لە وردبوونەوە لە شیعری وەلی دێوانە ئەوە دەردەکەوێ نابێ کەسێکی بێ سەودا و نەخوێندەوار بووبێ، حوجرەی مزگەوت لە هەموو ڕۆژگارێکدا تەنیا بۆ دەوڵەمەند نەبووە خوێندەواری لێ وەربگرێ، بەڵکو بۆ هەژارانیش بووە، لەبەر ئەوە وەلی دێوانە بەلای کەمی قۆناغێک یا زیاتر لە حوجرەی مزگەوت بووە خوێندەواری وەرگرتووە، بەڵام خوێندنی هەموو زانستییەکانی تەواو نەکردووە. لە بنەماڵەیێکی هەژار بووە، شوانکارەیی کردووە. ئێسگەی هەرە دیار لە ژیانی وەلی دێوانە دەتوانین بڵێین دڵداری بووە، ئەمە بووە بەڕەمزی ئەو ژیانە و هەموو هەست و نەستی شیعرایەتی بۆ ئەو دڵدارییە خەرج کردووە.

لە ژیانی شاعیردا ئەوە دەگێڕنەوە گۆیا حەزی لە کیژێک کردووە، ناوی «شەم» بووە، کورتکراوەی ناوی «شەمسە»، زۆربەی گێڕانەوەکانی بەسەرهاتی ئەم دڵدارییە لە حیکایەتی نێوان مەجنوون و لەیلای عەرەبی دەکا، وەکو ئەوەی بەمنداڵی وەلی دێوانە لەگەڵ «شەم» لە قوتابخانە خوێندوویانە و لە دواییدا لەبەر ئەوەی دوژمنایەتی کەوتۆتە نێوان بنەماڵەی هەردووکیان، شەمیان نەداوەتە وەلی دێوانە، هەروەها لە ئەنجامی دڵداری و نەگەیشتنی بەدلبەری خۆشەویستی شێت و شەیدا بووە و کەوتۆتە چۆڵ و هەرد، لەبەر ئەوە ناویان ناوە وەلی دێوانە، تا ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئەنجامی نەگەیشتن بەئامانج سەری ناوەتەوە.

## شیعری وەلی دێوانە

وەلی دێوانە شاعیرێکی ڕەسەن بووە، ئیلهامی شیعری زیاتر لە سۆزی ناو دڵ و خەیاڵی دەروونی وەرگرتووە، نەک بیری ناو مێشکی. شاعیرە کلاسیکییەکانی هاوچەرخی خۆی و پاش ئەو سەردەمەی تیایدا ژیاوە شایەتییان بۆ داوە کە شاعیری چاک بووە. ڕەنجووری ستایشی کردووە و نامەی بۆ نووسیوە و بەهۆی کۆچی دواییەوە ماتەمنامەی بۆ داناوە. مەولەوی بەدێوانە لە قەڵەمی داوە، گۆیا لە

ئەنجامی دڵداری لەگەڵ شەم شێت بووە و ڕووی کردۆتە بیابان.

شیعری وەلی دێوانە لە ڕووی ڕوخسارەوە لە شیعری میللی سەرزار نزیک دەکەوێتەوە، وشەی ئاسان و ڕستەی سفت بەکاردێنی، لە قافیە و ڕیتمی ناوەوەی شیعر وەستایە، شێوازی تێکەڵاوە لەبەر ئەوە دەتوانرێ شیعری خەڵکی دیکە یا شیعری میللی سەرزار بکەونە ناو شیعری ئەوەوە، هەروەها پێچەوانەش دەبینرێ وەکو ئەوەی شیعری وەلی دێوانە بەناوی یەکێکی دیکەوە تۆمار کرابێ.

سروشتی شیعری وەلی دێوانە و ژیانی دڵداری و گێڕانەوەکانی بەسەرهاتی ئەم دڵدارییە لەلای خەڵکی خۆشەویستیان کردووە، بۆیە هەندێ لە شیعرەکانی وەرگێڕاونەتە سەر دیالێکتی کرمانجی خواروو (سلێمانی) و کراون بەگۆرانی و لەسەرزاری زۆربەی گۆرانی بێژانن. پیرەمێرد دەستێکی باڵای هەیە لەم وەرگێڕانەدا، هەندێکیانی وەکو خۆی وەرگێڕاوە و هەندێکی دیکەیانی بەدەسکارییەوە. ئەم کارە لە ڕووی هونەری و پەروەردەییەوە لەوانەیە کارێکی بەجێ بێ بۆ ئەوەی خەڵکی کورد ئاگاداری سامانی نەتەوایەتی خۆیان بن، بەڵام لە ڕووی پاراستنی بەرهەمی ئەدەبییەوە پێویستە ئەم بەرهەمانە وا وەربگێڕین وەکو شاعیر خۆی دایناوون.

## نموونەی شیعری وەلی دێوانە

سەرتاپەی شیعری وەلی دێوانە بۆ شەم وتراوە، هیچ تاقیکردنەوەیێکی هەستی لە مێشکی شاعیردا نەبووە بێ ئەوەی شەم لە خەیاڵیدا بێ، لە زۆربەی شیعریدا ناوی شەمی هێناوە، ئەگەر تووشی لیریکی وا بین ناوی دلبەرەکەی نەهێنابێ، لە ناوپێچی مانا و وێنە شیعرییەکاندا دەتوانین ئەو کیژە دڵرفێنەی شاعیر بەدی بکەین. دەتوانین بڵێین وەلی دێوانە ژیان و هەست و هیوا و ئامانجی هەمووی لە پێناوی ئەو کچە خەرج کردووە، ئەگەر لێمان بپرسن مەبەسەکانی شیعری شاعیر دیاری بکەین وەرامی پرسیارەکە لە ڕستەیێک پێکدێ «هەرچی شاعیر وتوویەتی بۆ شەم بووە».

١- سروشت بۆ دلبەرە و کوژراوی ئەوە

لە پارچە لیریکێکیدا وەلی دێوانە دەڵێ:

گـولّەن چەمـــەنـەن گــولّەن چەمـــەنـەن
وەمــــەیلـت دیدەم گــــولّەن چەمـــــەنـەن
وەهـارەن ســـــەوزەن ئـاوەن پای کـــاوەن
هاژەی وەفــراوان شـــاخـــــەی شـــەتاوەن
تەمــــەن دووکـــەڵـەن گـــەردەن غــوبارەن
فـرمـێـسکەن چەمـەن سـەیلەن فـووارەن
سـەنگەن کۆسـارەن سـەرکۆ هـەن هـەردەن
وەنەوشــــەن شـــەوبـۆن گـولّەن یا وەردەن
سـەڕعیـەن شـەیدان نەجدەن مـەجنوونەن
فــیـــراقــەن وەســـڵــەن یامــالەن هـوونەن

شـاعیر دیمـەنێکی جـوان و ڕەنگینی بەهاری هەورامـانی کێشـاوە، ئەم هەمـوو سـروشـتـە تەڕ و ئاودارە شـێـت و شـەیدای بیـابانـی نەجـدە چونکە مـەجنوون لە دووری لەیلا پەرێشـان بووە و گیـانـی سپـاردووە. وەلـی دێوانە لێرەدا ناوی شـەمی نەهـێناوە، هـەروەها ناوی لـەیلاشی نـەهێنـاوە، بەڵام مـــەبەسـی ئەم دوو دلبـــەرەیە، خـۆی لەگەڵ مـەجنوون بەراورد دەکا. بەلای شـاعیرەوە بەهـاری تەڕی کـوردسـتـان هـەر وەکو هـاوینی وشـکی نەجدە، ئەگەر دڵداری لە گۆڕێ بێ.

٢- یاران نە جەرگم

«یاران نە جەرگم» شیعرە لیریکییە بەناوبانگەکەی وەلی دێوانەیە، لە کوردستان بەتایبـەتی، لە وڵاتـی سلێـمـانی لەسـەر زاری خـەڵکـیـەوە بەئاوازی پڕ لـە سـۆز دەیچـڕن. گـۆرانیـبێـژ تەنیـا بەشـێـوەی خـۆی نایڵێ کـە شـاعیـر دایناوە، بـەڵکو دەسکاری دەکـەن و دەیـهـێننە سـەر دیالێکتی کـرمـانجـیـی خـوارووی نـاوچەی سلێمانی. پیرەمێرد دەستی لەمەدا هەیە و ئەم شیعرەی وەرگێڕاوەتە سەر شێوە قسەکردنی خەڵکی سلێمانی:

یاران نـە جـــــەرگم یاران نـە جــــەرگم
من (شــەم) شێـوەیێ تیر دان نە جـەرگم
هـەر وەخت کــە مـــەیۆ ئاکــام مـــەرگم
ئامـــانەت کــــەفـــەن نەکـــەن وەبەرگم

بەو شەرت نەشۆران حاشیەی ئەندامم
نەواکم پێش بۆ زوخـــــاو نەزانم
شەهید وەبێ غەسل بێ کەفەن خاسەن
هەرکەس شەهیدەن هوون بێ قەساسەن
بەڵام وەســـیـــەتم جـــە لاتان ئیـــدەن
ئەر سەد دوور نە خاک گۆڕخانە و زێدەن
با هەر مـــەزارم نە ڕای خـــێـــڵان بۆ
نە گوزەرگای (شەم) جەبەڵ گێلان بۆ
مـــیلێ وە ئەندام بەژن و باڵای (شـــەم)
بکەن بەفـــەرقم بەبێ زیاد و کـــەم
تاقێ هەر نە تەرح تاق ئەبرۆی ئەو
بســـازن نە فـــەوق مـــەزارم جـــە نەو
بنیان نە ڕووی تاق مەجمووعی فەردم
بنویســـان وەدەست شـــەست ئەو مـــردم
تا هەرکـــەس وینۆ مـــیلی مـــەزارم
بزانۆ کوشتەی ئەو (شەم) ڕوخسارم
خوسووسەن ئەو (شەم) تاتاری چینەن
نە ســـەحـــرا بێزار جەبەڵ نشـــینەن
بەڵکم وێش قیسمەت جە ڕاگوزارێ
ڕاش گنۆ وە ســـەر گـڵکۆی من جارێ
بزانۆ زەدەی دەست وێشـــــــــەنان
داخ وەگڵ بەردە حـــەســـرەتکێشـــەنان

گەلێ لە شاعیران وەسیەتنامە یا ماتەمنامەیان بۆ خۆیان نووسیوە، ئەوەی ئاشکرایە ئەم دوو مەبەسە لە ناوەرۆکی شیعردا دوو شتی جیاوازن بەڵام لە یەکترییەوە نزیکن و زۆر جار تێکەڵی یەکتری دەبن، بێگومان ئەو شاعیرەی لەپێش مردن بۆ خۆی دەلاوێنێتەوە مەبەسی وەسیەتە، ئەوەی دەیەوێ بەخەڵکی بگەیەنێ دەری دەبڕێ بۆ ئەوەی لە دوای مردنی داواکانی بگەیەنرێنە ئەنجام.

لەم وەسیەتەدا وەلی دێوانە کەسی لەبیر نەبووە لە شەم بەولاوە، خۆی بەشەهید داناوە، بێگومـان جـێی بـەهەشت دەبێ، کـوشـتـەی دلبـەرەکـەیەتی، بـەڵام ئەو خۆشەویستە تاوانبار نییە، چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە، شەهید نەدەبوو، شەهیدیش نەبێ بەهەشتی مسۆگەر نییە. تا لەو بەهەشتەدا بە شـەم شاد دەبێ پێویستە گۆڕی بەو شیعرانە هەڵبەسترێ کە بۆی وتوون.

٣- «شەم»ی ناسک

وەلی دێوانە پەردە لەسەر پەیکەری «شەم»ی خۆشەویستی لادەبا و بەم ڕەنگە وەسفی لەش و ناز و نیاز و کردەوەی دەکا:

نازک ناز (شەم) نازک ناز (شەم)
نازک لارەولەنج غەمزە و ناز (شەم)
نازک قەوس قاش مودرەت ساز (شەم)
نازک باڵا سەوڵ سەر ئەفراز (شەم)
نازک لەب شەهد شەکەر ڕێز (شەم)
نازک تەبەسسوم قەند ئامێز (شەم)
نازک گەردەن مینای بەرز (شەم)
نازک سینە ساف سەدەف تەرز (شەم)
نازک زولف دێز عەنبەرین (شەم)
نازک ڕێزەی ڕاز شەکەرین (شەم)
نازک دندانان گەوهەر دانە (شەم)
نازک نەخش خاڵ لووتەوانە (شەم)
نازک دوو بازوو پەنجە و دەست (شەم)
نازک ئەنگوستان خەنابەست (شەم)
نازک پێشانی پەرشەوبەند (شەم)
نازک شێوە شۆخ شا پەسەند (شەم)
نازک زەنج زەڕ زەنەخدان (شەم)
نازک شاماران بان شام (شەم)

نازک دوو قـەندیل قـودرەت بەند (شـەم)
نـازک نـازکی کـــەمـــەربەند (شـــەم)
نازک دیدەمـەست پەڕ خـومـار (شـەم)
نـازک بینـی خـــاس ئەلف وار (شـــەم)
نـازک ئەو بەیاز بنـاگـــۆش (شـــەم)
نازک ئەگـریجـان سـەر نە دۆش (شـەم)
نازک نـان مـوشک عـەنبـەر بـار (شـەم)
نازک سـاق و سـیم مـیناکـار (شـەم)
نازک دوو گۆنـای گـوڵ دەسـتـوور (شـەم)
نازک چارە بەدر پەڕ جـە نـوور (شـەم)
نازک ڕەفت و خـاو خـەرامـان (شـەم)
نـازک نـازکـی بـێ ئـامـــــان (شـــــەم)
یاشا هەر (شەم) بۆ بەو تەور شێوەش بۆ
هـەزار پـەروانـە چـون مـن لـێــــوەش بـۆ
ئەسپەردەی قەندیل شای نەجەف ماڵ بۆ
بـە دواز بـالآش جـــــــە زوان لال بـۆ

لەم شـیعرەدا وەلی دێوانـە ویستوویەتی وەسـفی شـەم بکا بە وشـەیێک «نازک»، هەروەها ویسـتوویەتی لە هـەر ڕسـتەیێکی کورتی وەسـفیدا ناوی «شـەم» بهێنی، لەبەر ئەوە وشـەی «نازک»ی کردووە بەسـەرەتای هەمـوو نیوە دێڕی شـیعرەکەی و «شـەم»ی کردووە بەپاش قافیـە، بێگومـان ئەمـە ئاواز و ریتمـێکی تایبـەتی داوەتە شیعرەکە و گوێی مۆسیقی بەئاسانی وەریدەگرێ.

بەراوردە ڕەوانبـێژی و جوانکارییەکانی وەلی دێوانە لە دەسـتووری شـیعری کـلاسـیکی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست نەچوونەتە دەرەوە، بەڵام ئەوە هەیە سـروشـتی ڕەنگینی ناوچەی هـەورامـان بەشـیـعرەکـانەوە دیارە، بێـجگە لـەمـە هەڵوێسـتی خوێنەری کورد بەرامبەر ئەم شیعرە بەخاوەنەکەی دەگۆڕێ کە وەلی دێوانەیە، بەو کـەسـە دەگـۆڕێ کـە بۆی وتراوە ئەویش «شـەم»ە، لـەبەر ئەوە شـیـعـرەکـە ئەگـەر وەسـفێکی حیسـسی مـوجـەڕەدیش بێ، وەک سـۆزێکی بەکوڵ دەکـەوێتـە بەرگوێ

چونکە عـاشـقـێکی ڕاسـتـەقـینە بۆ کـیـژێکی نموونەی جـوانـی و ڕەوشـتـی چاک وتوویەتی.

٤- وەلی دێوانە لەگەڵ شەم دەدوێ

ئەم گـفـتـوگـۆیـەی وەلی دێوانە بەرەو ڕوو نـەبووە. شـاعـیـر لە کـونجی خـەیاڵ دانەنیشتـووە ئەم شـیـعرە بنووسـێـتـەوە و لە پاشـانا لەبەری بکا، ئەوجـا لە شـەم بگەڕێ و بیدۆزێتەوە و بەرامبـەری بوەستێ و شـیـعرەکەی بۆ بخـوێنێتـەوە، ئەمـە ڕووی نەداوە، ئەوەی ڕوویدابێ ئەوەیە لـەگەڵ ئەوەی هـەمـیـشـە و هـەرگیـز شـەم هـەر لە خـەیاڵیدا بووە، بەڵام لە دەمـێکدا تارمـایی دلبـەری نازدار لەسـەر دڵی شـاعـیر سێبـەری کردووە، ئەمـە ئیلهامی داوەتە شـاعیر ئەم دێڕە شـیـعـرانە بۆ تارمـایی پەیکەری جوانی شەم بگێڕێتەوە.

هـەی (شـەم)ی شەوان هـەی (شـەم)ی شـەوان
هـەی (شــەم)ی شــەریف شــەوچرای شــەوان
هـەی ســـــوڵتـــــان من هـەی ڕۆحـی ڕەوان
هـەی بینـایـی عــــەین دیدەی بـێ خــــەوان
هـەی ســـوڵتـــان من کــۆچ کـــەردی ســـالار
هـەی زوڵف جـە بـۆی عـەتر مـوشک نافـدار
هـەی ئـاهـووی ڕەوێڵ نـســـــاسـل کــــــەرد
هـەی تەشــریف وە مـــڵک لـەیلاخـــان بـەرد
هەی عــەنبــەرین خـاڵ ســەوســەنی کـلاف
هەی خـــانـی خـــانان ســیـــامــاڵی جـــاف
هــەی من دێـوانـە زوڵـف و خــــــــاڵی تـۆم
هــەی مـن پـەروانـە پـەڕ زوخــــــــاڵـی تـۆم
تـۆ جـــارێ نامــــەی وەســـــەر وەخـــتـــمـــدا
هـیچ نـەدیای وە ئێش زام ســــەخــتـــمـــدا
نـەپـەرســـــای ئـەحــــواڵ من پـەی تـۆ چۆنم
چـــــــون ڕەوانـــــــــەن زۆخ زام دەروونم

بێ مـروەتیت کـەرد هـەی (شــەم) دەربارەم
هەر مـن پەی تۆ قــەیس ســیــاســتــارەم
هـەوای ســـەربەرزی ئێــلاخـــان کـــەردی
ئەی (شـەم) حەیفت کەرد من جە یاد بەردی
وادەمـــــان ئـەورۆ کـــــە ڕۆی دیـوان بـۆ
مـــــەر حـــــەق بســـــانۆ حـــــەق مـن تـۆ
وەرنە تۆ وەشـبـای (شـەم)ی سـەوڵ قـامـەت
وادەی مـن و تـۆ کـــەوتـۆ قـــیـــامـــەت

لە نیوەی یەکەمی ئەم شیعرە لیریکییە وەلی دێوانە قسە لەگەڵ «شەم»دا دەکا، لە سەرەتای هەموو نیوەدێڕێک بە«ئەی» بانگی دەکا، واتە ئاووڕی لێ بداتەوە و گوێ لە قسەکانی بگرێ، دیارە قسەکانیش هەمووی ستایش و پێداهەڵدانە بەسەر جوانی و مەزنی شەم. لە نیوەی دووەمی شیعرەکە گلەیی لێ دەکا چونکە ئاووڕی لێ ناداتەوە، لێی ناپرسێ و گوێی لێ ناگرێ. بەڕاستیش ئەڤینی شاعیر کە تووشی مەینەتی کردووە هۆی بنچینەیی «شەم»ی نازدارە، مەگەر لە ڕۆژی حەشر بگاتە ئەنجام و بەبەهەشت کۆتای بێ.

٥- خۆشەویستی جافان

«شەم» بەلای وەلی دێوانەوە تەنیا سەرپشک و خۆشەویست و دیار و جوانی ناو هۆزی جاف نییە، بەڵکو جوانی جوانانی کیژی هەموو ڕووی سەر زەوییە، لێرەدا شاعیر دەیکا بەکیژی جاف بۆ ئەوەی ببێ بەڕەمزی کوردەواری خۆماڵی. لە لیریکییەکەیدا دەڵێ:

مـەحـبـووبی جـافـان مـەحـبـووبی جـافـان
مـەحـبـووبی بێ عـەیب تایفـەی جـافــان
ســـەر قـــەتار پۆل عـــەنبـــەرین نافـــان
ســـەرکـــێش ڕوێڵ مـــوشکـین کـــلافـــان
ئاهـووی مـــدبرمـــاس مـــەکـــان نـە هـەردە
چووزەی ســـەنگەرچەی نەســـاسـڵ کـــەردە

خــاوێر خــاڵدار خــەتا و خــوتەن مــاڵ
تەتار نە هـەردەی شـۆخ شـیـرین خـاڵ
وەتەن نـەزامـــەن ســـەربـەرز لـەیلاخ
ســـەید ســـەکــوان ســـەیادان بێ داخ
چەرخ و چەم سـیــا چوست چالاک پەڕ
شـەیدای شکار جـۆ چنگ وە هووناو تەڕ
لاچین شـەش دانگ سـەحـەر جـەلان خـێـز
شـمـقـار تیـژباڵ توند و چاپوک خـێـز
شـەم شـابەسـەند گـشـت سـیـابانان
نام تۆم نە بەزم خـــوســـرەوان وانان
بەو شـەوق و جـەمین (شـەم) ڕوخسـارەوە
کــــێت نەداوە دەم گــــڕەی نـارەوە
بـەو قــاش قــەتران دڵ پێ ئێــشـــاوە
ســتــوون یانەی کــێت نەکــێـشـــاوە
بەو دیدەی سیای سورمەی سای سێوەنگ
مــــوژانت وەهـوون کێ نـەکــەردەن ڕەنگ
بـەونیـم نـیگـای ناز پـێـــــواری پـەردە
ئاخــر کــێت نەکــەرد وە ئازیز مــەردە
بـەو بالای نـەوتووڵ وە ئەو ڕســــتــــەوە
بەو کـۆکـۆی کـلاف دەسـتــە دەسـتــەوە
ئێـسـتـە دڵ جـە کێت نەسـتـانان وەزۆر
ئاخــر یانەی کـێت نەکــەردەن خــاپوور
مـن دێـوانـە بـیـم جـــــــــە داغ تـۆوە
داغ نیــــان وەبان دەمـــاغ جـــە تۆوە
ژیانی کۆچەری بەڵگەی تێکەڵی و سەربەستییە، زۆر شت دیارە، نهێنی کەمە.

وەلی دێوانە ئەگەر لە ژیانی دەشت و کۆچەری کراوەش نەبێ و هەموو کچی کۆمەڵی نەدیبێ «شەم» هەر سەرپشک دەبێ، چی جا لەو ژیانی جافەتیدا هەموو کچێک دەبینرێ، کەس لە پەنا ناژی کەچی «شەم» لەناو هەموویاندا دەدرەوشێتەوە. شاعیر گەیشتۆتە باوەڕێک تەنیا «شەم» شایانی ئەوەیە پەیمانی دڵداریی پاکی لەگەڵدا ببەسترێ.

٦- «شەم» لەیلا و زولەیخا و هەموو ئەوانی دیکەیە

وەلی دێوانە کۆمەڵێک نازەنینانی مێژووی دڵداری لە گێتی خۆشەویستیدا کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەموویان لەناو «شەم»دا بتوێنێتەوە یا «شەم» بکا بەرەمزی هەموویان. لە شیعرە لیریکییەکەیدا دەڵێ:

وەخـالّی تۆوەن وەخـالّی تۆوەن
نووری لیـقـای حـەق وەخـالّی تۆوەن
شوعلەی (شەم) وەشەوق جەمالی تۆوەن
دەردینان وەداغ کـەمـالی تۆوەن
(لەیلا) کەنیزەک (شیـرین) بەندەتەن
(زولەیخا)ی میسری وەزەڕ سەندەتەن
(هومەیلا)ی زەریف (بەلقیسا)ی باڵدار
(گوڵشاد)(گوڵەندام)(عەزرای) گوڵعوزار
یەکـایەک حـەیران بەژنی باڵاتەن
باڵای نەونەمـام سـەوڵی ئاڵاتەن
(دلارام)ی دەور (سـەمـەن بۆ)ی پەری
پەنجەی (بیژەن) زوهرە و مشـتەری
(خەرامان) حەیران حوسنی زێباتەن
گوڵ جەمینی ڕەند جان وەفیداتەن
حۆرانی جەننەت فریشـتانی فەرش
سـەناخوانتەن جە زەمین تا عەرش

گــولْ بەگــوڵســتــان وەداخی تۆوەن
داغــــداران وەداغ دەمــــاغی تۆوەن
هەرچەند پەروانان هەن جە ساراوکۆ
گشت ماتەن جە شەوق شەم ئەفرۆزی تۆ
من چون پەروانان هەر جان فیدای تۆم
هیــجــرانی جــەمین بەزم ئارای تۆم
وەسەرگەردت بام شای سپی شەمان
سەرگەردانی تۆم دور جەهام دەمان
بەعەشق خاڵی وێت خاتر شادم کە
یا ڕوخسەت یا مەرگ یا ئازادم کە
ئێستە بەو چینم تۆ لادی سازبە
جە گشت عەزابێ گەردەن ئازادبە

لەم شیعرەدا ئەوە دەردەکەوێ شاعیر شارەزایی لە مێژووی دڵداریدا هەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئەو جوانانەی ناوی هێناون لە حیکایەتی ئایینی و گێڕانەوەی ناو خەڵک وەرگیراون، لە دواییدا ئەم حیکایەت و گێڕانەوانە تەنیا لەناو ئەدەبی میللی نەنووسراو (فۆلکلۆر) نەمانەوە بەڵکو ڕۆمانی شیعری بەرزیان لێ دروست کرا. جگە لەوە ئەو کچە جوانانە بوون بە «بووکی شیعر» لە ئەدەبی کوردی. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەمینەوە «شەم»ی وەلی دێوانە بوو بەبووکی شیعر و چووە ڕیزی ئەوانی دیکەوە.

٧- گیانی وەلی دێوانە لەژێر پێی «شەم»دا

لە پارچە شیعرێکی کورتی لیریکی وەلی دێوانە موناجات لەگەڵ «شەم»دا دەکا، چونکە لەو زیاتر کەسی دیکەی نییە، ڕاز و نیازی بۆ هەڵدەڕێژێ و دەڵێ:

چراغ عەبدال کەم چراغ عەبدال کەم
شەرت بۆ جە داغت وێم وە عەودال کەم
سەرتاپای باڵام سیا زوخاڵ کەم
تەرکی ئەی دنیا و ئەهل و عیال کەم

دڵـەی پـڕ دەردم پـارە پـارەکــــــــــــەم
ڕیشـــەی جـــەرگ وێم وەقـــەنارەکـــەم
هەر شـەو تا سـەحـەر من شـومـارەکـەم
ڕەقـــیـــبی بەدگـــۆ پێش ئاوارەکــــەم
مــەر ئەوسـا دڵم خـاڵی جـە غـەم کـەم
جەستەم وە پا بۆس پای سپی (شەم) کەم

وەلی دێوانـە بێ پەروایە، بەلای ئەوەوە هەمـوو کـردەوەیێکی بەرامبـەر بەشـەم نزمی تێدانییە و کارێکی کامڵ و بەرزە، لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە ئەگەر لەشی بکا بەڕێباز و شەم بەپێیە جوانەکانی بەسەریدا تێپەڕ ببێ یا پیاسەی لەسەردا بکا، لەو کاتەدا شاعیر پێیەکانی ماچ دەکا.

٨- وەلی دێوانە دێوانەی بیابان و هەردانە

وێنەی ڕاستـەقینەی هەسـتی سـایکۆلۆجی وەلی دێوانە بـەرامبـەر بەخـۆی بەپێی ڕەوشـتی کۆمـەلایەتی لەم پارچـە شـیعرە لیریکییـە کورتەدا دەردەکەوێ، شـاعیر دەڵێ:

چۆڵ نشـینە خـۆم چۆڵ نشـینە خـۆم
چون قـەیس مـەجنوون چۆڵ نشـینە خـۆم
ئارەزوومــــەندی دوو بێ دیانـە خــــۆم
ڕەفـیـــقـی وەحـــشـی وێران یانـە خـــۆم
دوورکــەفـتــەن وەتەن هـەراسـانە خــۆم
مـەحرووم مەجلیس گشـت خاسـانە خـۆم
قـامـەت غـەم زەدە ڕیسـوای عـامـە خـۆم
شـەیدای بێ هۆشـی عەقڵ و فـامـە خـۆم
بێ قـەدر و قـیـمـەت جە لای ناسـە خـۆم
تەن لوخـتـی عـوریان بێ کـراسـە خـۆم
شەرمەندەی عەشـرەت سەر ئەفگندە خۆم
ڕووسـیـای دەرمـاڵ خـودا و بەندە خـۆم

شـاعـیـر لەم شـیـعـرەدا بەچاوی کـۆمـەڵ تـەمـاشـای خـۆی دەکـا، نـەریت و خووڕەوشـتی کۆمەڵایەتی ڕێگە بەو جۆرە دڵدارییە نادەن کە وەلی دێوانە تووشی بووە. بۆ «شەم» هیچ جۆرە تەنگوچەڵەمەیێک لە خەوش و شوورەیی لە گۆڕێ نییە، هەمـووی بەسەر وەلی دێوانە دەشکێتەوە. لەو دەمەی شاعیر ئەم شیعرەی وتووە خۆی بەتاوانبـار زانیوە بەرامبەر بەخۆی، بەڵام بەگشتی تاوانبار نییە، هەرچی بۆ شەم بکا ئەوپەڕی ڕاستی و دڵسۆزی و سەربڵندییە.

***

وەلی دێوانە شاعیرێکی بەدیمەنی کوردە لە سەدەی هەژدەمدا. ئاسۆی شیعری لە ڕووی ناوەرۆکی بابەتەکانی شـیعرەوە فـراوان نییـە، بـەڵام لەو جـۆرە شـیـعـرە دڵدارییـەی ئەو دەسـتی داوەتێ، دەتوانین بڵـێین سـەرپشکی هەمـوو شـاعـیـرانە. مـەبەس لەو شیعرە دڵدارییـە ئەوەیە هەمـووی بۆ تاقە دلبەرێک وتووە ناوی «شـەم» بووە، تەنیا وەسفی ئەو کیژەی کردووە لە گێتی دڵداریی ئەو نەچۆتە دەرەوە.

شـیـعـری وەلی دێوانە لە ڕسـتـەی ئـاسـان و سـفت و ڕەوان پێکهـاتووە. ئاوازی سـوارە، قـافـیـەی بێ خـەوشـە، لە ئەدەبی مـیللیی سـەرزارەوە نزیکە، مـەشـقی تێکەڵکردنی دیالێکتەکانی گۆرانی و کرمانجیی خوارووی تێدایە، یا هیچ نەبێ لە مـاوەی دوو سـەد سـاڵدا شـیـعـرەکـانی لە کـرمـانجی خـوارووی سلێـمـانی نزیک بوونەتەوە.

## بەشی هەشتەم

# ڕەنجووری

۱۷٥۰ - ۱۸۰۹

### ژیانی شاعیر

هەرچەندە زانیاری لەبارەی ڕەنجوورییەوە وەکو زۆربەی شاعیرانی کۆنی کورد کەمە، بەڵام شیعرە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەمەندن و ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی گشتی و بەتایبەتی ژیانی شاعیر خۆی، دەکارین بەهۆی شیعرەکانیەوە تا پلەیێک بیناسین.

ڕەنجووری شاعیر مەلا عومەری زەنگنە کوڕی خالید بەگی کوڕی عومەر بەگی زەنگنەیە، لە ساڵی ۱۷٥۰ لە ئاوایی «گەڕاوێ»ی ناوچەی کەرکووک لەدایک بووە، بەڵام زۆربەی ژیانی لە کەرکووک بردۆتە سەر. بێگومان ئەم شاعیرەشمان لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی زانستی و زانیارییەوە هەروەکو شاعیرانی دیکەی کورد بووە. دەسگای بنچینەیی خوێندنی حوجرەی مزگەوت بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەوێ تەواوکردووە و بووە بەمەلا، بەڵام ئەگەر مەلایەتی کردبێ یا نەیکردبێ هەندێ لە مەلاکانی دیکە جیاواز بووە، چونکە لە دیوانەکەیدا هەست بەوەدەکرێ لەگەڵ ئەوەی سیفەتی مەلایی تێیدا ئاشکرا بووە بەڵام وەکو خوێندەوارێکی دەرەوەی حوجرەش کەوتۆتە ڕوو، وەکو ئەوەی میرزا یا قەڵەمبێن یا بەسەوادی پێ بڵێین، واتە زانستی و زانیارییەکانی تەنیا ڕەنگدانەوەی زانستییەکانی پرۆگرامی حوجرەی مزگەوت نین.

بێگومان وەک لەناوی باب و باپیرانی دەردەکەوێ دەبێ لە چینی دەوڵەمەندی سەرەوە بووبێ، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی لەلایێک بتوانێ بەئاسانی خوێندن تەواو بکا لەهەر کوێیێک بێ، لەلایێکی ترەوە توانیویەتی لە نێوەندی خوێندەواری دیوەخانی دەوڵەمەندان نزیک بێ ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی شارەزاییێکی تەواو لە

مێژووی ڕۆشنبیری کوردی کۆن و سەردەمی خۆی پەیدا بکا.

لەو کاتەی حاجی قادر پێگەیشتووە و بووە بەشاعیر ڕەنجووری لە ژیاندا نەمابوو، بەڵام حاجی ناوبانگی ڕەنجووری بیستووە و شیعری خوێندۆتەوە، لەبەر ئەوە لەیەکێ لە شیعرەکانیدا یادی دەکاتەوە:

یەکێ ڕەنجووری ئەهلی کەرکووکە
فیکری بیکری هەموو وەکو بووکە

ڕەنجووری کەسێکی دیار و لەڕوو بووە لە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، پێوەندی بەهێز بووە لەگەڵ شاعیر و خوێندەواران، لە دیوەخان و کۆڕی شیعردا دەوری باڵای بووە، جگە لەوە لە کۆمەڵانی خەڵکی جیاوازەوە نزیک بووە. وا باوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ڕەنجووری سۆفی بووە و مووریدی شێخ ئەحمەدی بۆنخۆش بووە. لە ساڵی ١٨٠٤ کە ئەم شێخە کۆچی دوایی کردووە شاعیر ماتەمنامەی بەشیعر بۆ نووسیوە. بەڵام ئەوەی نازانرێ ئەوەیە ئەم شێخە لەسەر کامە تەریقەتی سۆفیزم بووە! لەو سەردەمەدا تەریقەتی قادری و نەقشبەندی هێشتا دروست نەبووبوون لە کوردستاندا. ڕەنگە بەگشتی هەندێ تەریقەت هەبووبن و شێخی وا هەبووبێ خۆی سەر بەتەریقەتێک لە قەڵەمدا بێ و چەند موورید و دەروێشێک لە دەوری کۆ بووبنەتەوە.

ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان ئەوە دەگێڕنەوە کە ڕەنجووری لە ساڵی ١٨٠٩ کۆچی دوایی کردووە.

## شیعری شاعیر

ڕەنجووری شاعیر و ڕۆشنبیرێکی پڕ لە زانیاری بوو، هەندێ لە شیعرەکانی لە ڕووی ئیستێتیکییەوە لە سنووری هونەری داهێنان دەچنە دەرەوە و وەکو پەخشانێک دەکەونە ناو ئەدەبی کوردییەوە. زانیارییەکانی ڕەنجووری ئەوەندە بڵاو و فراوان و ڕەنگاوڕەنگ و ئەنسیکلۆپیدی ئامێز بوون، لە دواییدا بوون بەسەرچاوەی پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی خەڵکی کورد بۆ وەرگرتنی زانستی و زانیاری لە کۆمەڵی سەدەی هەژدەمدا.

شاعیری ئەم ماوەیەمان ڕەنجووری زانینی لە چێژی بەهێزترە، لەبەر ئەوە

زانیاری و ڕووداو لە داهێنانی هونەری زیاتر دەداتە خوێنەر و خوێندەواری کورد، واتە مامۆستایەتی زاڵە بەسەر ڕێبەریەتی ئیلهام لەلای شاعیر، لەبەر ئەوەیە کۆمەڵێک زانیاری و هەواڵ و ڕووداوی بەهۆی شیعرەکانیەوە پاراستووە، بۆیە بەشێکی زۆر لە شیعرەکان وەک نموونەیێکی بەرزی شیعری فێرکردن (دیداکتیکی) خۆیان دەنوێنن.

## شیعری ڕەنجووری لە ڕووی ڕوخسار

خاسیەتی هەرە گرنگی شیعری ڕەنجووری لە ڕووی ڕوخسارەوە وەکو لای خوارەوەیە:

١- زۆربەی بەرهەمی شیعری شاعیر وەکو بەگشتی لە شیعری دیالێکتی گۆرانی دایە لە ڕووی کێشەوە سیلابی خۆماڵی دە کەرتییە، وەستان لە ناوەڕاست دایە (٥ + ٥).

٢- لە ڕووی قافیەوە، وەکو لای خوارەوە وایە:

أ- زۆربەی شیعری ڕەنجووری جووت قافیەیە، واتە مەسنەوی (أأ، ب ب، ج ج... هتد).

ب- هەندێ شیعری یەکێتیی قافیەی هەیە، واتە لەم لایەنەوە لاسایی کردنەوەی قوتابخانەی غەزەل و قەسیدەی شیعری کوردی دەکا. لەم بابەتە شیعرەیدا قافیەی هەموو نیوەدێڕە شیعرەکان یەک دەبن، هەندێ جار تەنیا دوو دێڕی پێش کۆتایی جووت قافیە دەبن.

ج- زۆربەی شیعری ڕەنجووری هەر چوار نیوە دێڕی سەرەتایی شیعر لەسەر یەک قافیە دەبن.

د- ڕەنجووری کۆمەڵێک تەرجیع بەندی نووسیوەتەوە لە ڕووی ڕوخسارەوە بەم جۆرەیە: هەر تەرجیع بەندێک بریتییە لە چوار بەند تا دە بەند، واتە بچووکترین تەرجیع بەند چوار بەندە، گەورەترینی دە بەندە. سەرەتا بەچوار نیوە دێڕ دەستپێ دەکا لەسەر یەک قافیە، ئەمەیان وەکو سەرەتا وایە، ئیتر بەندەکان هەر یەکەیان بریتییە لە شەش نیوە دێڕ و بەزۆری نیوە دێڕی چوارەمی سەرەتا دەبێتە کۆتایی هەموو بەندێک، واتە ئەو نیوە دێڕە لە کۆتایی هەموو بەندەکاندا دووبارە دەبێتەوە.

## شیعری ڕەنجووری بەدیالێکتی کرمانجی خوارووو

دیوانی ڕەنجووری سێ پارچە شیعرمان بۆ دەور دەکاتەوە بۆنی دیالێکتی کرمانجیی خوارووویان لێ دێ، دوانیان پێنج خشتەکین یەکێکیان لەسەر شیعری (کارێزی)یە، دووەمیان لەسەر شیعرێکی فارسی (حافزی شیرازی)یە، شیعری سێیەمیان لەسەر بنچینەی پێنجین شاعیر خۆی هۆنیویەتیەوە. ئەم شیعرانە وەک ئاشکرایە پێش ماوەی ڕینیسانسی شیعری کوردی لە خوارووی کوردستان (سلێمانی) کەوتوون. واتە نالی یا هێشتا لە دایک نەبووە، یا زۆر منداڵ بووە و بەوە نەگەیشتووە شاگردی حوجرەی مزگەوت بووبێ. ئەمە ئەو پرسیارە دەورووژێنێ ئایا پێش نالی بەم دیالێکتە شیعر وتراوە؟ بەڵێ شیعر وتراوە، نەک تەنیا ئەمانەی ڕەنجووری بەڵکو لەم لاو لەولا تاکە بەیتێک یا غەزەلێک دەکەونە بەرچاو پێش نالی وترابن، بەڵام ئەمانە بزووتنەوەیێکی ڕەسەنی تازەی شیعری کوردییان دروست نەکردووە، چونکە لە پلەیێکی ئیستێتیکی بەرزی ئەوتۆ نین بووبن بە بەڵگەی شیعرێکی بەرز لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەدا. لەبەر ئەوە بزووتنەوە ڕەسەن و ڕاستەکە لە نالییەوە دەست پێدەکا.

## شیعری ڕەنجووری لە ڕووی ناوەرۆکەوە

یەکێ لە خاسیەتە هەرە گرنگەکانی بەرهەمی شیعری ڕەنجووری کە لە زۆربەی شاعیرانی کۆنی دیکەی کوردی جیادەکاتەوە، ئەوەیە گۆڕەپانی شیعری لە بابەت ژیانی ئادەمزادەوە، زۆر فراوانە گەلێ لایەنی ئەو ژیانەی گرتۆتەوە، لەبەر ئەوەیە بەشێکی زۆریان دەچنە ڕیزی ئەو شیعرانەی پەروەردەیی و فێربوون (دیداکتیکی)یان پێ دەڵێن.

شیعری ڕەنجووری لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەتوانین بەسەر ئەم بەشانەدا دابەشیان بکەین:

١- شیعری ئایینی لای شاعیر بەژمارە کەم نییە، دوو قەسیدەی بەقەوارە درێژی هەیە، یەکەمیان موناجات یا ئیلاهییاتە لە ٨٦ دێڕە شیعر پێکهاتووە، دووەمیان لە ستایشی پێغەمبەر یا نەعتە لە ١٥٥ دێڕە شیعر پێکهاتووە، شاعیر ئەم بەرهەمەی ناوناوە «میعراجنامە» لە ساڵی ١٧٩٤ نووسیویەتییەوە

وەکو لە دوا دێڕی شیعرەکە دەردەکەوێ:

ئەو سەنەی میعراج نەزمش وەکۆ بی

تەئریخەش هەزار و دوو سەد و نۆ بی

لە (١٢٠٩)ی هیجری نووسراوەتەوە، ئەمە دەکاتە ١٧٩٤ی مەسیحی. شیعری ئایینی و بڕێک لەو شیعرانەی وەسفی سۆفیزمیان تێدایە لە بەرهەمی ڕەنجووری دەکەونە بەرچاو.

٢- شیعری دڵداری لای ڕەنجووری وەکو هەموو شاعیرانی دیکە لە هەموو بابەتە کلاسیکییەکانی تر زیاترن. ئەمانە بەشێکیان بریتین لە دەربڕینی هەستی ناوەوەی بەرامبەر بەدلبەر واتە ئەڤین و خۆشەویستی، بەشێکی دیکەی وەسفی ڕووکەشی ئەندامی دلبەرە، بەزۆریش بۆ بەراورد و لێچواندن شتی گیاندار و بێ گیان لە دیاردەکانی سروشت وەردەگرێ.

٣- شاعیر بایەخی زۆری بەلایەنی کۆمەڵایەتی داوە، گەلێ لەم ڕووداوانە تەنیا نرخی هونەری و جوانکاریی شیعرییان نییە، بەڵکو هەندێ ڕووداوی مێژوو دەکەن بەقسەی جوان و دەیپارێزن و بەمە دوو نیشان بە بەردێک دەپێکن. ئێمە دەتوانین لە ناوەرۆکی شیعری ڕەنجووری هەندێ بابەتی مێژوو و کۆمەڵایەتی و بەسەرهاتی شاعیر و خوێندەوارانی کورد هەڵێنجین، لەمانە شاعیر ناوی کۆمەڵێک لە شاعیرانی کورد دەبا، وەسفێکی جوانی سەردەمی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تاعوون دەکا لە کەرکووک، شاعیر ئەوەی لەبیرە کە کەرکووک کانی نەوتە و گەلێ ئاوڕدانەوەی دیکە لە کۆمەڵی کوردەواری و بەسەرهاتی کورد لە ناوەرۆکی ئەو جۆرە شیعرانەدا دەخوێنرێنەوە.

٤- ڕەنجووری لە هەندێ لە شیعرەکانیدا لە ئیدیای بنەماڵە و تیرە و هۆز و عەشرەت چۆتە دەرەوە، خۆی لەناو چوارچێوەی قەومایەتی (نەتەوایەتی) دیوە، زیاتر لە دوو سەد ساڵ پێش ئێستا ڕەنجووری کوردایەتی و نیشتمانی کوردی (کوردستان)ی بەچاوێک تەماشا کردووە یا بەتەرازوویێک کێشاویەتی نزیک بووە لەوەی ئێستا.

٥- سۆزی دەروونی ناوەوەی ڕەنجووری بەکوڵ بووە بەرامبەر بەو ئازیزانەی هەتاهەتایە لێی دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە دەبینین شیعرێکی زۆری لە ناوەوەیە

دەچنە ناو خانەی ماتەمنامە و لاواندنەوە، ئەم جۆرە شیعرەی تەنیا پێوەندی بەهاوڕێیان و خۆشەویستییانەوە نەبووە، بەڵکو زیاتر بۆ شاعیر و ڕۆشنبیر و ناودارانی کوردی وتووە، تەنانەت لێرەدا دەبینین پێش مردنی بۆ خۆشی لاواندۆتەوە و ماتەمنامەی نووسیوە.

٦- پێوەندیی شاعیر بەهاوڕێ و ناسیاو و برادەرانییەوە، وەک خوێندەوارێک بووە بە بەرهەمێکی ئەدەبی، چونکە ئەم پێوەندییە بەگۆڕینەوەی نامە، بەزۆریش نامەی شیعری، گەیشتۆتە ئەنجام، بەم جۆرە ئەدەبێکی نامە نووسینی ڕەنگین لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی نامە لە نێوان ڕەنجووری و شاعیرانی دیکە کەوتۆتە ناوەوە و ئەدەبی کوردی پێ دەوڵەمەند کردووە و کەلێنێکی گرنگی لەم ئەدەبەدا پڕ کردۆتەوە.

بۆ بەڵگە ڕەنجووری نامەی شیعری بۆ ئەم شاعیرانە نووسیوە، ئەوانیش بەشیعر وەرامیان داوەتەوە: میرزا نەجەف عەلی، یووسف داڵەهۆ، وەلی دێوانە، حەماغای مەسرەف. بەپێچەوانەوە ئەم شاعیرانەش نامەی شیعرییان بۆ ڕەنجووری نووسیوە، ئەویش وەرامی داونەتەوە: شێخ حەسەنی کانی بی (هیجرانی)، شەوقی ئەحمەد بەگی ساحێبقران، مەلا حەیدەری دزڵەیی.

## گوڵبژێرێکی بەرهەمی شیعری ڕەنجووری

مەبەس لەم گەشتەماندا ئەوە نییە لە هەموو ئێسگەیێک لە داهێنانەکانی ڕەنجووری بوەستین. وە بەسەرنجێکی قووڵ و تێڕامانێکی ژیرانە بەرهەمی ئەم شاعیرە بەدیمەنەمان بخەینە بەرچاو، بەڵکو مەبەسمان ئەوەیە لە هەندێ ئێسگەی گرنگ بوەستین لە مەبەس و بابەتە جیاوازەکانی شاعیر، لەوەش گرنگتر مەبەسمان ئەوەیە نموونەی ئەو شیعرانە بێنینەوە کە دەچنە ناو شیعری چاویدانییەوە، یا ئەو کارە هونەرییانەی نامرن و هەمیشە زیندوون.

## شاعیرانی کورد

ڕەنجووری لیستەیێکی بەناوی شاعیرانی کورد کردووە، ئەوانەی بەبینین دەیاننناسێ یا ناوبانگی بیستوون ئەمەی خستۆتە ناو ڕستەی پڕ لە کێش و قافیە، ئەگەر ئەم جۆرە شیعرە نرخی جوانکارییان ئەوتۆ نەبێ بەهای مێژووییان لە

ئەدەبدا گەلێ گرانە، لەبەر ئەوە تەواوی شیعرەکە دەخەینە بەرچاو:

شـوعـەرای کـوردسـتـان گـۆیندان خـاس
هەرچی مـەشـهـوورەن پەرێت کـەروو باس
(مـەلا نەجـەف) نام (خـانای قـوبادی)
یەک (مـەلا سـاڵح) جـەرگـەی (مـورادی)
(مـەلا مـسـتـەفـای بێـسـاران) مـەنزڵ
(مـەلا حـاجی جـاف) (عـومـەر ئۆمـەرمل)
(عـەزیز دەردین) (مـحـەمـەد عـیـسـا بەگ)
(حـاجی تێلەکـۆ) (فـەقێ عـەلی لەک)
(یووسف یاسکە) (مـەلا تەمـەر خـان)
(شـێخ عەلی حـەریر) (مـەلا یەعـقووب جـان)
(شـێخ وەیس گـەڵالی) (عـەزیزوڵڵا لوڕ)
(شـێخ مـحـەمـەد جـامی) (مـەلا بایندڕ)
(ئەحـمـەد دۆلەیی) (عـەببـاس سـانی)
(باکی) و (سـیـاپۆش) (دەدەسـێـوانی)
(حـسـەین خـان لوڕ) شـاعـیـر (جـوبرائیل)
(جانگیر) و (مەنسووڕ) هەم (میر ئیسماعیل)
(ئەحمەد بەگ) چەنی (محەمەد ئاغای زەند)
(ئاخـە پاوەیی) (نەزەر کـاکـەوەند)
(عـەلی خـودا کـەرەم) (مـحـەمـەد ئاغـا) نام
(باکی بێـمـۆشی) (کـابە)ی فـام تەمـام
(وەلی دێوانە) (خـواجـەی ئەردەڵان)
(شـێخ شـەهابەدین) شـا قـەڵا ئەیوان
(مـەلا نوور عـەلی) (یووسف دەردین)
(شـافی) و (وەلی خـان) (کـارێزی) حـەزین

(ئیـــســـمـــاعـیـل داوود) (بەکــر خــاڵدانی)
(مـــحـــەمـــەد زەنگنە) و (نـەدەر ڕەوانـی)
(مـەحـمـوود ئاغـای زەند) (مـەلا کـامی) نام
(قـــەمـــەراڵی) نـام ڕەوانـی مـــەقـــام
(مـــەولانا ئیلیـــاس) (زەبوونـی) (زیننـوور)
(یەک) فـەقێ ئەحـمـەد وە (ناکـام) مەشـهـوور
هەنی مـا باقی شـوعـەرای کـوردسـتـان
دڵداران خـــاس پۆل ســـەرمـــەســـتـــان
یـانـە هـەریـەکـێ جــــــــە یـەک دیـارێ
عـــەللامـــەی دەور بـین جـــە ڕۆزگـــارێ
ســـاحـــێب کـــەیف و دیواخـــانە بین
هـەرکـــەس پەی کـــەسێ وێران یانە بـین
حـــەککاک غـــەوواس کـــان گـــەوهەر بین
سـاحێب فـەرد و بـەیت سـەودا نە سـەر بین
ئەی دنیـای بێ شـەرت چون دار شـەترەنج
یەک یەک نمانـا پێــشـــان یانەی ڕەنج
هـەر یەک وەڕەنـگێ وەندشـــان جـــە پا
خـــەڵتـانشـان کـەرد نەخـاک سـیـا
ئیـسـتـە نەمـەندەن غـەیر جـەنامـشـان
غـــەیر جـــە وانەی فـــەرد نە کـــەلامـشـان
هـەر ئێـــد مـــزانی چەرخ پڕ خـــەتەر
مـــــوەزۆت نـە دام جـــــە وان بـەتەرتـەر
وەر جـە ڕۆی مـەرگت فـەردێ کـەر ئیـجـاد
یـاران دمــــای مـــــەرگ باوەران وەیـاد
هـامـــســـەران هەر ڕۆ جـــە ڕووی زەرووری
بـواچان: ئـاخ ئـاخ پـەرێ (ڕەنجـــــووری)

(ڕەنجـــــووری) دەروون پڕ نـێش خـــــارەن
پـەی وا دەی مـــــەرگش وە ئـینتـــــیـــــزارەن

ئەم ناوانە بەشێک بوون لەو شاعیرانەی کوردستان، ڕەنجووری بەشانازییەوە ناویان دەبا و لە چاکەیان دەدوێ، ئەوە دەردەبڕێ کە ئەمانە بەلەش نەماون، بەڵام ناویان هەر دەمێنێ و کردەوەیان (شیعرەکانیان) زیندووە، ڕەنجووری چەند شانازی بەم کەسانەوە دەکا، ئەوەندەش گیرۆدەی ئەو خاکەیە کە «کوردستان»ی پێ دەڵێ و ئەم هاووڵاتیانەی گرتۆتە باوەشی خۆی.

## نەخۆشیی ڕشانەوەی کەرکووک

یەکێ لە بەرهەمە شیعرییەکانی ڕەنجووری ئەو قەسیدە درێژەیە کە ڕووداوی نەخۆشی ڕشانەوەی کەرکووکی تێدا تۆمار دەکا لە ساڵی (١٢١٤ھ/١٧٩٩م). شاعیر خۆی لەوێ بووە. ئەوەی ڕووی داوە بەچاوی خۆی دیویەتی. ئەم جۆرە شیعرە زیاد لەسەر نرخی هونەری و جوانکارییان، نرخی مێژووییيان هەیە:

قــــەیـــــووم قــــەهــــار قــــەیـــــووم قــــەهــار
قــــادر بەقــــودرەت قــــەیـــــووم قــــەهــار
عــــەزیمیت عــــەزیم حــــیکمــــەت بێ شــــومــــار
(شـــــدید العـــــقـــــاب ذو البطش الجـــــبـــــار)
والـــــی زەبـــــەردەســـــت پـــــڕ زۆر دانـــــا
تـــەوانـــایـــی بـــەخـــش هـــەر نـــاتـــەوانـــا
فـــــەرد بێ شـــــەریک واقـــــیف بەهەرحـــــاڵ
گــــــەڕانندەی دەور ڕۆژ و مـــــــاه و ســـــــاڵ
وەســـــــــفت بـەحـــــــرێوەن ناپـەیا و بـێ پـەی
بـە واتـە و قـــــــــــــەڵـەم هـیـچ نـمـە بـۆ تـەی
لوتفت بێ حـیـســاب ڕەحـمــەتت بێ شــۆن
مــەخلووق گــشت ئەرجــووش وەکــەریمی تۆن
بێ شـیـبـە و مـانـەند حـوکـوومـەت ئیـزهار
خــــەبەردار جــــەمــــاڵ مــــەخــــفی و ئاشکار

(ئێــران) تا (تووران) (شــام) تا وه (شــیــراز)
هـیـچ شـــــــهـرێ نـهبـی بـهی تـهرزه دلـواز
پـهنا پـهی فـــهقـــیـــر جـــای بێ جـــاران بـی
نیـــعـــمـــهتش پهی خـــهڵق وێنـهی باران بـی
پڕ ناز و نیـــعـــمـــهت زهوقش تـهمـــام بـی
شـــیـــرینی شـــاران جـــه ئـهو ســـهرســـام بـی
گـــفـــتـــوگـــۆی شـــاران ئـهر ســـهد وه یاد بـی
هـهوای فـــهرهح بـهخش کـــهرکـــووک زیادبـی
کـــهمـــتـــهر تـهجـــهللای قـــههـرت نمانا
زهوق مـــهعـــمـــووریت وه هـهواشـــانا
هـهیبـــهتـێ بـهی خـــهڵق نســـانای بێ چوون
مـــــوانـان نـامـش بـه وهبـا و تـاعـــــوون
چـینـێ چـون ســـــوپـای شـکـهسـت ئـاوهرده
کـــهس نـهنهز وهحـــال هـیـچ کـــهس نـهکـــهرده
هـهر کـــهس بـهتـهرحـێ کـــۆچ بـهندی کـــهردن
جـــا وهســـارا و چۆڵ پـای جـــهبـهڵ بـهردن
هـهر ئـهندۆی غـــهمـــبـــار دهروون پڕ لـه تـرس
بـهوێنـهی ڕۆی حـهشـر کـهس جـه کـهس نـهپرس
ئـایـرێ بـهی تـهور نـهقـــــودرهت گـــــڕیا
چهند ناز و نـاخـــوون گـــشت جـــه هـهم بڕیا
چهند یانه دهربـهست، چهند مـــاڵ خـــهراب بـی
چـهنـد دهروون داغ داغ چـهنـد دڵ کـــــهبـاب بـی
ڕاگـــهی ئـامـــوشـــۆی فـــهرد و قـــهوم کـــهم بـی
دهردینان ســـهرکـــهیل ســـیـــلاب غـــهم بـی
بـهڕهنگێ ڕشـــتـــی ڕهنگی پـهی فـــیـــرار
باوه جـــه فـــــهرزهنـد نـهبـی خـــــهبـهردار

دامـــێش تەندەوە شـــەیتـــان ئیـــبلیس
یەک بەیەک مـــوات: یە پاکـــەن یا پیس
هیچ کـــەس کـــردەی حـــەق نمەوانان
مـــەرگ حـــەق پەی خـــەڵق وە عـــار مـــزانان
گـــڕە و گـــەرمی باد لوولەی گـــێـــجـــەلوول
مـــشـــانا جـــە هەم کـــۆگـــای زوڵف لوول
نازک ئەندامـــان ســـەهەند پەروەردە
نەزاکـــەت داران خـــودا خـــاس کـــەردە
وێڵ بین نە پای هەرد چۆڵ وەیۆرت کـــەردن
پەنا وەســـای ســـەنگ پای جـــەبەڵ بەردن
چەند کـــەس کـــە والا وە بالاش بار بی
دەســـتش هام گـــرۆی خـــاشـــاک و خـــار بی
چەند کـــەس کـــە جـــاشـــان پەردە و پەنا بی
پۆشـــیـــدەی پەردەی شـــەرم و حـــەیابی
نیـــشتن نە ڕووی دەشت بێ پەروا و بێ شـــەرم
عـــەرەق مـــرێزان جـــە ڕووی دەشت گـــەرم
جـــە ســـوب تا ئێـــوار خـــۆ مـــرۆ لێـــشـــان
منیـــشن غـــەمناک وێنەی دڵڕێشـــان
تـــەبارەکـــەڵڵا زاتت عـــەزیمـــەن
جـــە زەڕەی قـــەهرت عـــالەم پڕ بیـــمـــەن
یا حـــەی تۆ عـــەللام عـــالـــم وەزاتی
با خـــەبەر جـــە حـــاڵ گـــشت مـــەخلووقـــاتی
ڕەحـــمێ کـــەر وەحـــاڵ خـــەلق ئەی شـــەهرە
با هەم جـــەلوتفت بوینـــان بەهرە
وەس وێڵ نە هەردان پای جـــەبەڵ گـــردبان
وەس سەرعی و سەرســـام ئەی هەردا و هەردبان

سەفحەی دەروونان خاڵی جە غەم کەر
پەڕگەندە ئیشان جە تۆ وە جەم کەر
باجەتی پەنج کەس شەشەم جوبرائیل
محەممەد ئەمین پەی ئوممەت دەلیل
عەلی بوو تالیب فاتیمەی ڕەسوول
حەسەن و حسەین شەهید مەقتوول
مەخلووقات جەی دام زوڵمەت ئازادکەر
باجەتی ئەی شەش شەشدەر گوشادکەر
باران فەزلت باوەڕ وە هوجووم
بماڵۆ خاشاک ئەی هائیلەی شووم
تۆ ساحێب ئەلتاف ئێمە خەتاکار
بەخشندەی ببەخش ئیسمتەن غەففار
(ڕەنجووری) ئەرجووش ئێدەن جە دەرگات
ڕەحم کەر ڕەحیم پەی گشت مەخلووقات
مەعلووم بۆ جە لای تەواریخ وانان
حیساب ئەییام نێک و بەد زانان
ئەوسا کە کەرکووک حالش وا تار بی
جە(ئاخوڕ حوسێن) تاعوون ئیزهار بی
بەعزێ خەڵق فیرار بەعزێ فانی بی
ئەو تاعوون فڕان سلێمانی بی
سەنەی تەئریخش (غریبا) بی نەقش
هەزار و دووسەد یەک هەشت و یەک شەش (١٢١٤ھ)

ڕەنجووری لەسەر دەستووری شیعری کلاسیکی بەموناجات دەست پێدەکا، چونکە بەرهەمەکەی قەسیدەیێکی درێژە و ڕوودا و دەگێڕێتەوە. ئەو نەخۆشی ڕشانەوەیەی لە شاری کەرکووک بڵاوبووەوە، شاعیر بەکارەساتێکی دەزانێ، لەسەر ڕووی زەوی مەینەتی وا ڕووی نەدابێ. خەڵکی شار ماڵیان وێران بووە، ڕوویان کردۆتە سارا و چۆڵ و هەرد و شاخ. کەس بەکەس نەبووە، چونکە هەموو

کەسێک نەخۆش بووە، تەنیا ئاگای لە خۆی بووە، وەک لە ڕۆژی حەشر کەس لە کەسی نەپرسیوە، باوک ئاگای لە منداڵی خۆی نەبووە. ماڵ و موڵک ڕووخاوە، جەرگ و دڵ داغ بوون و شیرازەی کۆمەڵ بەتەواوی تێکچووبوو.

شاعیر لە شیعرەکەدا ناوی گەڕەکی «ئاخور حوسێن» دەبا، لەناو خەڵکی وا ناسراوە، بەڵام خەڵکی تریش هەن بە «ئەخی حوسێن» ناوی دەبەن. هەرچۆنێ بێ یەکێکە لە گەڕەکە کۆن و گرنگەکانی دیوی ڕۆژهەڵات (قەڵا) لە شاری کەرکووکدا. بەقسەی شاعیر نەخۆشی ڕشانەوەی کەرکووک لە گەڕەکی ئاخور حوسێنەوە بڵاوبووەوە گەڕەکەکانی تری شار.

### نەوتی کەرکووک

ڕەنجووری شاعیری کەرکووکی زیاتر لە دوو سەد ساڵ لەمەوپێش و دانیشتوانی کەرکووک هەستیان بەگڕی باباگوڕگوڕ کردووە و ئاشنایەتییان لەگەڵ «نەفت»دا بووە، ئەو ئاوەی ڕووناکی و گەرمیانی داونەتێ. ئەم نەوتە دیاردەی دوێنێ و پێرێ نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە ڕۆژگارانی پێش مێژوو لەو کاتەوە ئادەمزاد هێشتا لە ئەشکەوت دەژیا.

شاعیر بەم جۆرە وەسفی نەوت و ئەو کەڵکە دەکا کە دەیبەخشێتە ئادەمزاد، بەچاوی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژی:

ئیمشەو جە نەحس و سیایی چارەم
گوشاد بی پەردەی قاپی پەژارەم
هەریەند خەیاڵان دەروونم تاودا
ناغافڵ خێزا گڕەم جە ئاودا
جە گڕەی ئاییر بەرز بڵێزە
دەرلاد هەوام سەند وە سەد ستێزە
جە بەرزی بڵێس گربەستەی تاوم
جە هەی داد هەی داد! هەی ئاو هەی ئاوم
تمەز ئاوایی جە سەر تا پایین
گشت مبان بێدار جە خاو شیرین

مـــیـــان مــــوینان کــــوورەیـێ وە تـاو
دەومـــــــــــدەن وە دەو پـەی ئـاوەردی ئـاو
وەر جــە گــشت کـەســان نـەزان حـاڵەیێ
دنـیــــا نـەدیـدەی چـواردە ســــــاڵەیـێ
جـەڵد و چاپـووک خـێـز بەرمـیـۆ نە خـاو
چـون تـەیر تیـــژباڵ دەو مــــدۆ پەی ئاو
مــیــۆ مــونـیــۆ ها گــۆزی کـــەوتەن
مــــواچـو ئـاوەن تمـەز ئـەو نـەفـــتـــەن
وەدەس ئـیــــــشـــــــارەت وە زوان لالام
هـەی نـەفـتـــەن هـەی نەفت مــەشنـەوە بالام
جـــە نـەحـــسی تاڵەم هـەرچەند واتم نەفت
ئـەو ئـامــــا وەلام ســـــەدای مـن نەشنـەفت
دەس بەرد وە بـالا گــۆزەی نـەفــتش شـــەند
بڵــێـــســـــەی بـەرزم ئـەوج هـەوا ســـەند
شـــــەوبی وەشــــوعلـەی چراخـــان نـوور
مـن گـــــــرم تـاو بـەست چـون تـاو تـەنوور
تا ســـەحـــەر ســووزام من بەی نەفــتـەوە
بڵـێـســـەم گـرِ بەست هەی نەســرەفـتـەوە
سـەحەر سـفـتەی سـۆم چون چڵـۆسک دار
بـی وە زووخـــــاڵین وا مــــــەنـدەی هـەوار
(ڕەنجـــووری) هەرکـــەس دڵ دا وە خـــەیاڵ
ئـاخـــر ســـەرتاپاش مــبــۆ وە زووخــاڵ

لەو وەسفەدا شاعیر ئەو خاسیەتانە لە نێوان نەوت و ئاو دەدۆزێتەوە، هەندێ جار لە یەکتری دەکەن، هەندێ جار بەپێچەوانەی یەکترین، بەڕەنگ و ڕوو و شلی و نەرمی وەکو یەکن، کەچی یەکێکیان دەبێتە مایەی ئەوەی گەرمایی و ڕووناکی بداتە ئادەمزاد و ئاگر بکاتەوە بەلام ئەوی دیکەیان ئاگر دەکوژێنێتەوە. ڕەنجووری

هونەروەرانە سەرنجی داوەتە گڵپە و گڕی باباگوڕگوڕی پڕ لە جموجۆڵی و هەمیشە زیندوو، لەوانەیە خۆشی یەکێک بێ لەو کەسانەی سیفەتی «ئاگری هەمیشەیی»یان داوەتە باباگوڕگوڕ چونکە لە نزیکەوە ئاشنای بووە و لەگەڵیدا ژیاوە.

## شاعیر یاری بە قافیەی شیعر دەکا

لەم پارچە شیعرە لیریکییەیدا شاعیر یاریی هونەری بەقافیە و بینای ناوەوەی شیعرەکە دەکا لە ڕووی مانا و دووبارە و سێ بارەکردنەوەی وشەکانی قافیەوە:

بەخـــــارانەوە بەخـــــارانەوە
قـیبلەم وەس سـفـتەم بەخـارانەوە
وەس جـــەرگم بدەر بەخـــارانەوە
باوەس دڵ خـــار بۆ بە خـــارانەوە

وەس زاڵـم بـەنـێش شـکـاوانـەوە
باوەس بگێـــڵـــوون بەکـــاوانەوە

مـــایەی بێ مـــەیلیت بشـــارانەوە
با باست نەشـــۆ بەشـــارانەوە
بـکـینا پـەیکێ بـەیـارانـەوە
مـــەجنوونت جـــە نەجـد بیـارانەوە

عــەرزەی وەفــا و بەین مـەپێچـانەوە
بــا هــەر بمــانـۆ بــەو پـەیمـانـەوە

لەیل ئاسـای قـەدیم وەر جە ڕۆی وەفـات
با عـــام بزانان بەشـــەرت و وەفـــات
نەبا نا غـــافڵ جـــەرگـــەی بەد واچان
جـــە ڕووی بێ بەینیت حـــەرفی بواچان

(ڕەنجـــووی) ڕەنجـــەن بەڕەنجـــانەوە
هـەنـی وەس دڵش بـڕەنجـــــــانەوە

هەرچەندە ئەم پارچە لیریکەی شاعیر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە قورسی و گەرمی و سەرتیـژیکی تێدابێ، درک و داڵ و جەرگ و برین و ئاوارەیی و بیابانی نەجدی مەجنوون و گەلێ وێنەی شیعری دیکەش، بەڵام وشە لەناو هەواییکی ناسک مەلە دەکەن، ئاوازێکی پڕ لە سەمای نهێنی دەگەیەننە گوێی خوێنەر، بەمە ئارامی گیانی پێ دەبەخشن.

وەسفی ئەندامی دلبەر و سوێندی بەیارسان

ڕەنجووری لە شیعرێکی لیریکیدا وەسفێکی وردی هەست پێکراوی ڕوخسار و ئەندامانی لەش و لار و بەر و سنگ و مەمکی دلبەر دەکا، ڕەوانبێژی و جوانکاری شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتیانە بەکاردێنێ، لە شیعرەکەدا دەڵێ:

قـیـبلەم خـاڵانەن قـیـبلەم خـاڵانەن
سـەردار سـوپای سـۆسـەن خـاڵانەن
شـای نەونەمـامـان دیدە کـاڵانەن
فـیـداش بام نە شـەکڵ لەیل سـاڵانەن
زولفش چون کـەمـەند بەهرام دڵبـەندەن
چون دام نـە دەوران جـەمـینش تـەندەن
پێشـانیش چون شـەمع دیوان خـانانەن
پەی شـۆڵەی شـەوقش دڵ چون پەروانەن
یا مـای دوو هـەفـتـەن یامـینای سـافـەن
مـیناکـەی بەی تەور تـەمـام شـەفافـەن
ئەبرۆش چون هـیلال قودرەت خـەمـیدەن
ئوسـتـادان بەنووک جـەدوەل کـەشـیدەن
یا قـەوس قـودرەت قـەزەح دەسـتـوورەن
یا ڕشـتـەی سـوبحـان تەجـەللای توورەن
چەم پـیـاڵەی مـەست جـە بادە کـەیلەن
یا (تەحـتـەلهـیـلال) سـۆمـای سـوهیلەن
یا دیدەی غـەزال مـودبیـر مـاسـانەن

یا قــــەزا فـــرۆش لاڵ شــــوناســــانەن
بێنـی وێنـەی حـــەرف ئەلف ئەبجـــەدەن
عـــەکــسش چـون بلوور یـا زەبەرجـــەدەن
یا مـەددەن چون مـەد بیـسـمـیـلا عـەزیم
هەر جـــە یـای هیـــلال تـا وە یانـەی مــیم
گۆناش گـوڵدەسـتـەن یا شـوعلەی نوورەن
یا دەســتـە چراغ مــووسـای پـای توورەن
یا گـوڵ گـومـبــەتەن یا سـافی عـاجـەن
یا کەعبـەی شـەریف وایەی حەجـجاجەن
دەم چەشـــمـەی حـەیات زیندەگـانیـیـەن
هەرکــەس منۆشـــۆ خـــزر ســانیــیـەن
یا مــــائلـوەردەن یا هـەر شــــەکـــەرەن
یازەمـــزەم ئاســـان یاخـــۆ کـــەوســـەرەن
نەفـەس بۆی عـەبیـر مەجـمـەرەی خـانەن
یا عـــەتر عـــەتتــار مـــەندەی دوکــانەن
یا ڕائیــحـەی ڕەوح ڕەوزەی بەهەشـتــەن
یا نەفخ جیـبـریل مـەسـیـحـا چەشـتـەن
دندان چـون دانەی شـــەوچرای شــــەوەن
یا ســەدەف ئامـێـز مـۆزەی خـوسـرەون
یا مـــرواریـیــــەن مــــەعـــدەنش دوورەن
یا نـوخـتـــەی پەڕگــار تـەلیـسـم نوورەن
زەنەخ وێنـەی سێب غـەبغـەب بێ عـەیبـەن
چای زەنەخ چـون تۆپ ڕەژیدەی غـەیبـەن
یا مــــاوای هارووت یا چای مــــارووتەن
یا دارولئـیـــقلیم جـــای مـــەلەکـــووتەن
گـەردن شـووشـەی زەر یاسـیم پەروەردەن

هوون عـــالـەمـــیش هـەر ها نـە گــەردەن
یـا تـەخـــتـــەی بـلوور یـا ڕای تـەوافـــەن
یا ســوارحـیـیـەن بەی تـەور شـەفـافـەن
ســینـە ســەدەفــوار عـــەین کــافــوورەن
نەســەتح ســینـەش دوو قـوبـبـە نوورەن
یـا تەخت ســەردار سلێـمــانیــیــەن
یا قـوبـەی نووربـەخش مـوسـڵـمـانیـیـەن
یـا دانەی یـاقـــووت جـــەواهـیـــر دانـەن
تەڵای دەست ئـەفشـار مـەندەی زەمـانـەن
ســەرتاپا بـەی تەور تەمــام بێ گــەردەن
فـریشــتـەن نـە باغ جـەننـەت پەروەردەن
یا ڕەوزەی ڕەســـووڵ مـــەندەی مـــەدەنی
یا قـــوبـبـــەی پڕ نوور (وەیـسلـقـــەرەنی)
یـا بارگـــەی (باڵووڵ) هـەردەی (داڵەهـۆ)
یا (عومـەر گودروون) ماوا (گودروون کۆ)
هـەر تـا خـــۆر نـە بورج خـــاوەر ئاوین بۆ
قـیبلـەم دوور جـە حـەرف واتـەی بەدبین بۆ
ڕۆ بـە ڕۆ جـــــــە زەوق پـایـەش زیـاد بـۆ
(ڕەنجـووری) پەرێش خــاتر گــوشــاد بۆ

وەک لە ناوەڕۆکی ئەم شـیـعـرە دەردەکەوێ ڕەنجـووری لـە تەوقی سـەری دلبـەری خـۆشـەویـسـتـیـیـەوە دەسـت دەکا بەوەسـفی ئەنـدامـانی ئەم لـەشـە جـوانـە تـا دەگـاتـە ئاقاری سنگ و مەمکی ئەو خۆشەویستە.

بەگشتی شـاعیر جوانی دلبـەر لەگەڵ هـەندێ دیاردەی پیرۆز بەراورد دەکا، ئەم دیاردانە لە دیمەنی سروشت دەبینی، هـەروەها لە دیمەنی ئەو شـوێنە پیرۆزانەشدا دەبیـنی کـە ئەوانیش لە سـروشت وەرگـیـراون، وەکـو: بـاغی بەهـەشت، ڕەوزەی ئارامگەی پێـغـەمـبـەر لە مــەدینە، ئارامگەی وەیسی قــەرەنی، بـارگـەی باڵووڵی

ناوچەی داڵەهۆ، پیرەمەگروونی شاخی پیرەمەگروون. شاعیر دیمەنی دلبەر لەگەڵ ئەم دیمەنە پیرۆزانەدا بەراورد دەکا.

ئەو باڵووڵەی لێرەدا ناوی هاتووە، هەر ئەو کەسەیە بەشێتۆکە ناسراوە و بووە بەڕەمزی (عاقڵی شێتان)، لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی هاروونی ڕەشید ژیاوە، یارسانانی کورد ئەم کەسەیان کردووە بەیەکێ لە گەورە پیاوانی ئایینی خۆیان و هەندێ شیعری کوردی ئایینییان وەک بەرهەمی ئەو ناسیوە. جا ڕەنجووری کە باڵووڵی بەداڵەهۆ پێمان ناساندووە بێگومان مەبەسی ئەو باڵووڵەیە کە لای یارسانانی کورد پلە و پایەی ئایینی بەرزی بووە، دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین لە مێژوودا ناوی چەند کەسێکی ناسراو بەم ناوەوە لە قەڵەم دراون.

جگە لەمە ناوی پیرەمەگروونیش هەروەکو کەسێکی پیرۆز هاتووە، ئەگەر ئەم پیرەش یەکێ نەبێ لە پیری یارسانان بێگومان پلەی کردگاری هەبووە لە ئایینی میترایی کۆندا وەکو مامۆستامان تۆفیق وەهبی بۆی چووە. ئارامگەی پیرەمەگروون هەر لەو شاخەدایە لە نزیک سلێمانی، شاری گرتۆتە باوەشی خۆی وەکو نالی دەڵێ.

## دڕک و دڵ و دڵداری

لەم پارچە لیریکەدا شاعیر باس لە دڵداری دەکا وەکو نیشتەرێک دڵ دەکوڵێنێتەوە یا برینداری دەکا، بەڵگە دێنێتەوە باس لەو کەسانە دەکا کە گرفتاری ئەو دڵدارییە بوون. لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

میرزام پەرەی دڵ میرزام پەرەی دڵ
یا خارێم نیشتەن نە تۆی پەڕەی دڵ
بەتەرتەر نە خار پەیوەست نە پای گوڵ
ئەو خارە کەردەن یەکسەر من خجڵ
چون برووسکەی بەرق نیشتەن نە جەرگم
دیارەن پێوەن نیشانەی مەرگم
هەرچەند مەلالوون نە دەردەداران
دانایان دەور حەکیم شاران

کـــــــــەس نمـەزانـۆ پـەی دەردم چـارە
خـــەریکم جـــە ئێش مـــەودای ئەی خـــارە
بەڵێ مـــزانوون مـــایەش جـە عـــەشـــقـــەن
نەکارخـانەی عـەشـق ڕنگ گرتەی مـەشـقـەن
نە ئەی خـارە بەرد (مـەجنوون) وە کۆسـار؟
جـــە زێد زامـن (فـــەرهـاد) کـــەرد فـــیـــرار
(سـەنعـان) کەرد نە دین ئیسـلام هەراسـان
سـوجـدەی سـەنەم بەرد کـلـێـسـا ناسـان
زەوق ســەڵتــەنەت جـــە لای (بەهـرام) بەرد
(واميق) بەرد وەکۆ (سـام)ش سەرسام کەرد
(وەرەقـــە) چەنـی جـــەوردا وەچـەرخـــــەوە
چـون واران وارا وە ڕووی فـــــــەرخــــــەوە
(نـەوفـــــەل)دا وەبـەرق بـەنـد شــــــــەڕەوە
جـــــانـی دا وەکـــــوشـت نـە پـای پـەڕەوە
ســـەیفـولـمـولووکش وسـت نە ڕووی گـێـژاو
(حـاتەم) کـەرد بێـزار جـە خـۆراک و خـاو
شـــاهـێ چون (یـووسف) نەزێد کـەرد ئـاوین
(مـیـهـر)ش بێزار کەرد جـە گیـان شـیـرین
هـەنی چەند کـــەســـان هـەر بەی خــــارەوە
تـەک دان وەتەکـــيـــەی ســـای مــــەزارەوە
نـەبی پـەی عـــــيـــــلاج ئەی دەردە چارە
دەرد بـێ دەرمـــــــــــــان ئـالـوودەی ژارە
ئـیـســــتــەهـا نەتۆی جــــەرگ من ســــەردان
مـن کـــەردەن بـەتـەر نـە (قـــەیس) هـەردان
هـەر وەقـتـــەن جـە ئێش سـزای ئەی خـارە
خــــار بێ دەرمـــان کـــۆی جـــەرگ پارە

مـپۆشـوون کەڵپۆست هۆر گیروون کـەشکۆڵ
چون تـەنهــا عــەبداڵ ڕوو کــەڕوون نـە چۆڵ
تـا زیـنـدەم نـە زەوق دڵ هــەراســــــــــانم
(ڕەنجــووری)م ڕەنجــوور خــار خــاســانم

شـاعیر لەباتی تیر یا نیشتـەر دڕک بەکاردێنێ بۆ بریندارکردنی دڵ. برینی دڵ ڕەمـزی دڵداریی ڕاستـە، ئەم دڵدارییـە بەدرێژایی مێژوو تووشـی گەلێ کـەس بووە. ناوی هـەندێ لەم دڵدار و دلبـەرانە دەبا کە بەیەکتری نەگەیشتـوون، لەوانە «لەیلا و مـەجنوون» و «شـیـرین و فـەرهاد» و «سـەنعـان و تـەرسـا» و «بارام و گـوڵەنام» و «وامیق و عـەزرا» و «وەرەقـە و نۆفـەل» و «یووسف و زلێخـا» و «مـیـهر و وەفـا» هـی دیکە. دڵداری ئەمانە نەگەیشە ئەنجام و بەکارەسات کۆتایی هات، بەڕاستی دەبوو هیوای ئەم عاشقانە نەگاتە ئەنجام، چونکە ئەگەر بگەیشتایەتە مەبەس، داهێنانی ئەدەبی لێ دروست نەدەبوو و ئەو شـێوە سـۆفیزمـییـەی وەرنەدەگرت کە بووە هۆی بەرزی بەرهـەمە ئەدەبییەکانی لەم بابەتە لە ڕووی هونەرییەوە.

## نامەی شیعری ڕەنجووری و وەلی دێوانە

ڕەنجووری و وەلی دێوانە لە شـاعیرانی کوردی سـەدەی هەژدەمین، هـاوچەرخی یەکترین و ئاشنایەتی لە نێوانیاندا بووە، نامەی شیـعرییـان بۆ یەکتری نووسـیوە، ئەم شیـعرانە لە پاشانا بوون بەبەرهـەمی دیوانـی تایبەتییان و کەلێنێکی دیکەیان لە مێژووی ئەدەبی کوردی پڕ کردۆتەوە.

لێرەدا هـەندێ دێڕە شیعری نامەی ڕەنجووری بۆ وەلی دێوانە دەخەینەڕوو:

مـیـرزای خـاس خـەیاڵ مـیـرزای خـاس خـەیاڵ
مـیـرزای خـولاسـەی خـاسـەی خـاس خـەیاڵ
دانـای دورشـنـاس کـــان کـــۆی کـــەمـــاڵ
ســــەڕراف بێ لاف با خـــەبـەر جـــەحـــاڵ
شـوعـەرای سـینە سـاف گـەنجـینەی ئەبیـات
بەیت و فـەرد شیـرین (شـێخ سـەعدی) سیـفات
جــا نوشـین نە جــای (جــامی) جـەوهـەر بـار
جـەواهـیـر فـرۆش سـەرچەشـمـەی ئەشـعـار

لێــــــــوەی لەب لاڵ لەیلێ بەینەتان
شەیدای شێوەی ناز شیرین خەسڵەتان

***

بەڵێ میرزای خاس عاقیبەت وەخەیر
تۆ جە بارەی من هیچ نەداری سەیر
هیچ نمەپرسی جارێ جە جەستەم
جەستەی پەشێوحاڵ سەرتاپا خەستەم
ئومێدەن میرزا مین بەعدلئەییام (من بعد الایام)
نامەی ئنشای تۆ کەم نەبۆ جە لام
دایم یادێوە پەرێم بکیانی
ئاداب و تەرتیب یەک ڕەنگ بنمانی
پەی چێش وەنامەت دڵ مبۆ گوشاد
یاد ئاوەری کەر تا نەشی جە یاد
جەی وەرتەر یاران و پەردەی ئەییام
یاد کەردەم یاران باقی وە سەلام
(ڕەنجووی)م ڕەنجوور ماجەرای دنیام
پەی جەواب نامەی فەردت چەمەڕام

وەلی دێوانە بەنامەیێکی شیعری وەرامی نامەکەی ڕەنجووری دەداتەوە، لێرەدا هەندێ لە دێرە شیعری نامەی وەلی دێوانە بڵاودەکەینەوە:

مەولای لاڵ شوناس مەولای لاڵ شوناس
مەولای ئەولەوی دانای لاڵ شوناس
هەیاس دوڕناس ئەسڵ و نەسەب خاس
نەژاد پاکان نیزامی قیاس
(فیردەوسی تووسی) (جامی) موڵک جام
(خاقانی) خەیاڵ (ئەنوەری) ئەییام
(سەعدی) سوخەن دان بەحر مەعانی
(حافز) شیراز (سائیب) سانی

بەتای بێ هەمتا قەییووم بێ چوون
هەمتای تۆ کەمەن نە ڕووی دەور دوون
(شەوکەت) خۆشە چین پەیدای مەعناتەن
(عیسمەت) نە ئەوساف سیفاتت ماتەن
(مەولانا زەهیر) (فاریابی)ی دەور
فوزەلای فازیل نادیرەی خۆش تەور
هەنی چەند شوعەرای ئاسەف نیشانان
دەرس نە مەدرەسەی عیلم تۆ وانان
غەوواس موحیت دەریای عولوومی
شیعر مەسنەویت مەر(مەولای ڕۆمی)
***
کەلامت سەرمەشق ئینشای زەینمەن
نامت بینایی هەر دوو عەینمەن
لا تەشبیهە چون وەیس ڕمووودەی ڕەسووڵ
هەر هام نە تەحسیل وەسڵت کەم وسوول
نەوا بواچی جەو زامن دووریم
(دێوانە)م بەندەی مەولای (ڕەنجووری)م

وەک لە نامەی هەردوو شاعیر دەردەکەوێ هەریەکەیان هەوڵی داوە بەشان و باهووی ئەوی دیکەیاندا هەڵبڵێ. دیارە لێرەدا مەبەس پیشەسازیی شیعرە، بۆیە هەریەکەیان برادەرەکەی دەکا بەهاوڕێی شاعیرە گەورەکانی کلاسیکی ڕۆژهەڵات و پلەی شاعیریەتی بەشێوەیێک دیاری دەکا لە دوای ئەو پلەیە هیچی تر نەبێ. هەردوو شاعیر بایەخی گرنگیان بەسۆزی مرۆڤایەتی داوە بەرامبەر بەیەکتری. ڕەنگە کەسی وا هەبێ بیر لەوە بکاتەوە شیعری لەم بابەتە کە لە بنجدا دەچێتەوە سەر شیعری پێداهەڵدان (مەدح) زیادەڕەوی و موبالەغەی تێدا دەبێ، بەڵام ئەم موبالەغەیە بەرهەمی ئەدەبی لە گێتیی خەیاڵ و ئەفسانە دەگوێزێتەوە گێتیی ڕووداو و حەقیقەت.

ڕەنجووری و دەروێشی

له کۆمەڵێک شیعری ڕەنجووری ئەوە دەردەکەوێ موریدی شێخ ئەحمەدی بۆنخۆشی عەودالان بووبێ. لەو کاتەدا تەریقەتی دەروێشی لە کوردستاندا بووە، بەلام ڕێکوپێک نەبووە، لەوانەیە لەم لاو لەولا شێخ بووین و خۆیان لەسەر تەریقەتێک حسێب کردبێ، یەکێکی وەکو ڕەنجووری ئەو شێخەی خۆشویستبێ و خۆی بەمریدی ئەو دانابێ، وەکو چۆن قوتابی مامۆستای خۆی گەیاندبێتە پلەی شێخی تەریقەتی دەروێشی.

ڕەنجووری لە شیعریدا بەرهەمی داهێنراوی ئەوتۆی نییە ئیلهامی لە سۆفیزم وەرگرتبێ وەک وێنەیێکی ڕۆمانتیکی هێنابیەتییە ناو ئەدەبی کوردییەوە، بەڵکو زیاتر لە وەسفی سۆفیزمە. لەم بارەیەوە لە شیعرێکیدا، لە ستایشی شێخ ئەحمەدی بۆنخۆشدا دەڵێ:

جـا نـە ئەودالان جـا نـە ئەودالان
یا شـێخ شـەهباز جـانە ئەودالان
نیشتەجای شێخان ویەردەی سالان
سەفا بەخش قەلب سافی خەیالان
خەلیفەی موتلەق نە ڕاگەی تەریق
تەریق جەلای تۆ یاوان وە تەحقیق
شەریعەت دائیم گوفتەی ڕەواتەن
تەریقەت کردار دوور جە ڕیاتەن
مەعریفەت سۆزەن نە ڕووی خەیاڵت
حەقیقەت تەحقیق بییەن وەحاڵت
تەریقەت شەریف (قوتبی گەیلانی)
قابیلەن پەی تۆ وە خەلق بنمانی
سلووک تەسلیم (ئەلوانی) دڵبەند
بەوێنەی بەیداغ تۆ کەردەن بوڵەند

واتەی (قـەسـیـدی) تۆ وانای تـەمـام
ڕوقـعـەی (ڕفـاعی) تۆ زانای تـەمـام
شـەرح (شـازلی) تـۆ کـامـڵ وەنـدەن
مـدارات جـە دەست (مـداری) سـەندەن

***

جـازیبـەت بـەو تـەور دڵ مـدۆ نـە گـاز
مـاوەرۆ مـورید نـە شـام و شـیـراز
وڵگەی (کوردسـتان) تا وە(کەرکووک) شار
بـەند بیـیـەن وەدام سـەییـادیت تـەیار
(ئەربیل) و (مـووسڵ) تا سـەرحـەد (شـام)
تـۆ وە شـێخ عـەسـر مـزانان وەعـام

لەم شیعرەدا ڕەنجووری ناوی چەند شێخێکی تەریقەتی بردووە، شێخی خۆی ئەگـەر لـەوانیـشی گـەورەتر حـسـێب نەکـردبێ، هێناویـەتیـیـە ڕیزی ئـەوانەوە. ناوچەیێکی جوگرافی فراوانـی دەستنیشـان کـردووە لە خـاکی کوردسـتـانەوە تا قاپیی شام، ئەمە مەڵبەندی ئەو تەریقەتەیە کە شێخی ڕەنجووری مورشیدیانە.

جگە لە مـەلای شـاعیـر شێخ ئـەحـمـەد ڕێبـەری تەریقـەت و شـەریعـەتە، ئەوەی لەسـەر ئـەم بیروڕایە بێ بەرهـەمی شیعری دەبێتە وەسـفی سـۆفیـزم و دەچێتـە ناو بابەتی شیعری فێرکردن و پەروەردەیییەوە (دیداکتیکی).

## ڕەنجووری و عەبدولڕەحمان پاشای بابان

بەپێی شیعرێک ڕەنجووری نووسیویەتی لە ستایشی عەبدولڕەحمان پاشای بابان (١٨١٣ کۆچی دوایی کردووە) ئەوە دەردەکەوێ کە پاشای بابان لە شـاری حیللە دەستبەسەر بووە یا بەندکراوە. لەم پارچە شیعرە لیریکییەدا دەردەکەوێ ڕەنجووری سۆزێکی بەکوڵی بووە بەرامبەر بە پاشای کورد کە بەڵگەی سەربەرزی و سـەربەخۆیی کورد بـووە. لە دواییدا ئـەم پارچە شـیعرە و شـانازیکردن بەخـاکی نیشـتـمـانی کـورد «کوردسـتـان» ڕەنجووری وەک نیشـتـمانپـەروەر و هـەڵگری بیـری کوردایەتی بەمەفهوومی سەدەی هەژدەم دەخەنە ڕوو.

له شیعرەکەدا شاعیر دەڵێ:

شــەمــاڵ شنیــار شــەمــاڵ شنیــار
شــەمــاڵ شــەوگــەرد شــەمــیم شنیــار
شەن کەردەی شکەنج گێسووی لوول یار
شــانا و تاناکــەر بەڕەزای مــوغــار
بۆ وەشــتــەر نە عــەتر عــەبیــران بێــزەن
بۆی ئەشــەد بووان پەی وێ ئاخــێــزەن
مــەحــرەم پەردەی پەردە نیــشــانان
زینەت ئەفزای زەوق خورشید جەمینان
گــوســتــاغ یا تاغ جــا نە پێــواران
ڕازدار ئەســــرار مــــابەین یاران
شـادی بەخش قـەلب دەردەداران گشت
کلیل قـــاپـی ڕازیار وەمــــشــت
چون شــای جــەوانان گۆش دەربەواتەم
شــەرحێم نویســان ســەرکــەیل ماتەم
ڕەوان بــەڕاهــی چــون بــەرق ڕەهــوار
مــدارا مــەکــەر تا وە (بەغـدا) شــار
نە بارگــەی خــاســان بوازە هیــمــەت
ڕووکــەر نە مــاوای قــەیس پڕ بەینەت
دەور بدەر نەمــوڵک (بابل) بێ ئەندێش
بشــۆ وەجــایێ (حــیللە) مــاچان پێش
شــەهزادێ جە نەسل بەگزادەی (بابان)
جــە نەوەی ئۆجــاغ مــالیک ڕیقــابان
والی ویلایەت (گـشت کـوردســتـان)ەن
ئیــسم شــەریفش (عــەبدولڕەحـمان)ەن
ســتــارەی بەخــتش قــیـران نەحــســەن
جە حیلەی دنیا نە (حیللە) حەبسەن

بشۆش ئەو خیدمەت وێنەی خێرخواهان
باوەرە وە هەم ئاداب شاهان
جەو دما عەرزکەر ئادابان سەخت
سەرگەشتەگی حاڵ بەرگەشتەگی بەخت
واچە ئاغایان نەدیمان خاس
خاسەی غولامان قۆچاغ ئیخلاس
دوور بۆ قورعەی فاڵ نەرد نەحس شەندن
نامەی نا ئومێد بەخت تۆ وەندن
تکەی زووخ نە تۆی پڕەی دڵ وەردن
پا بۆس دامان خوا جای نۆ کەردن
چەند کەسێ چون کۆر ئومێد وەدیدە
بەویر تۆوە بین ئارەمیدە
جە خۆف ئاسیب تەعنەی ئەغیاران
وێشان ئاوین کەرد نە گۆشەی شاران
مات و سەرگەردان پەرگەندە و فیرار
بێ سەبر و ئارام وێنەی دەردەدار
پۆل خاڵخاسان پەروەردەی سەهەند
سەرسام بین نە جەور زمانەی پڕ بەند

لەم شیعرەدا ڕەنجووری بای شەماڵ دەکا بەپەیک و دەینێری بۆ بابلی هەزاران ساڵ پێش ئێستا و شاری حیللەی سەردەم چونکە پاشای بابان لەوێ دەستبەسەرە یا بەند کراوە. شێوازی نامەبەر لە ئەدەبی کلاسیکیدا، بای شەماڵ بێ، یا باڵندە یاشتێکی تر بێ، ئەوەیە شاعیر بەرنامەی بۆ دادەنێ، بەکوێدا بچی و چی ببینی و حاڵی ئەوەی نامەی بۆ دەبا بەیان بکا!

شاعیر لە چوار نیوە دێڕ شیعری سەرەتای لیریکەکە گەمە بەدەنگی تیپی (ش) دەکا، دووبارە و سێ بارەی دەکاتەوە، بەمە لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە هارمۆنیێکی جوان لە کێش و ڕیتمی شیعرەکە دروست دەکا و وەک مۆسیقایێکی نەرم دەکەوێتە بەرگوێ.

ئاوازی ئەم شیعرە هەرچەندە سووک و نەرمە، بەڵام ڕەمزی ماتەم و غەم و پەژارەیە چونکە پاشای کوردستانی ئەو سەردەمە کەوتۆتە دەست دوژمن و ڕەمزی سەربەخۆیی کوردستان لە مەینەتی دایە، هۆی ئەمە بەلای شاعیرەوە بەدبەختی و قەدەری کوردە.

## ڕەنجووری وەلی دێوانە دەلاوێنێتەوە

هەردوو شاعیری کورد ڕەنجووری و وەلی دێوانە لە سەردەمێکدا ژیاون، پێوەندی لە نێوانیاندا هەبووە، بەنامەی شیعری یەکتریان بەسەرکردۆتەوە. لە پاش کۆچی دوایی وەلی دێوانە، ڕەنجووری برادەری شیعرێکی ماتەمنامەی هۆنیوەتەوە تیایدا دەڵێ:

هامسەران ماتم هامسەران ماتم
یە خەیلێ وەختەن دڵ جە غەم ماتم
مات و پەشێو حاڵ ڕوو نە زوڵماتم
بێزار جە شادی ڕووی سەربیساتم
بەندەن بەندەران دوو کانچەی فەردم
کۆ بەستەن چون کۆ کۆکۆ کۆی فەردم
لێلاوەن سەراو سەرچەشمەی زەینم
تاریکەن تەمام ڕۆشنی عەینم
سەردەن کوورەی گەرم دەروون ئاهم
قەڵاخین جە دوود جەرگ سیاهم
پەی چێش پەرێ مەرگ میرزای زەمانە
مەنشوور نە عالەم (وەلی دێوانە)
شوعەرای وەش کەلام نادیرەی ئەییام
دێوانەی پڕ عەقڵ (میرزا وەلی) نام
ساحێب بەیت و فەرد کامیل کەماڵ بی
نەزم و کەلام تەڕ شیرین خەیاڵ بی

شــوعــەرای باش ســەڕاف زەمــانــە و دەوربی
جـە گـشت شـاعـیـران ئەی عـەسـره بەوربی
ســــــەناخـــــوان بـەزم خــــان و وەزیـربی
فـــەرد و بـەیت ڕەوان ڕەوشـــەن زەمـــیـــربی
چرای (بـاجــــەڵان) مــــوڵک (دەڕنـە)بی
هـام قــــیـــران ئـەو جـــەی قـــەرنـە نـەبی
ئـاوازش بـەرز بی نـە گـــــردیـن شــــــاران
بـوڵـەند کـــــــەردەبی نـام نـامـــــــداران
وه عـەشـرەت (گـێـژ) بی بەڵێ وەش تـەرزبی
نام گـشت عـەشـرەت جـە فـەیزش بـەرزبی
(زەند) و (زەنگـنـە) و (جــــاف) و (پـاڵانـی)
گـشـت خـاتـر شـادبـین بەو قـــەیس ســـانی
***
زووان ڕەوانـــان (زەنـــگـــنـــە) هـــەم (زەنـــد)
جـــە واتـە و فـــەردش هۆر مـــەگــرتـن پەند
حـەیف حـەیف ئەی چەرخ چەواشـەی چەپگەرد
مــــیـــرزای نـادیـرەی ڕۆی ئـەییـــامش بـەرد
بادەی مەوت جە دەست جان ستان نۆش کەرد
دنیـاش ئـاست وه جـا جـاش وه خـامـۆش بەرد
***
خـــوداوەند بـەلوتـف ببـــەخـــشـــۆ گــونـاش
جــــەننەتوننەعـــیـم باقی کـــەرۆ جــــاش
(ڕەنجـووری) پـەی مـەوت مـیـرزای (دێوانە)
هـەر ئـاخ ئـاخـــشــــەن نـە ڕووی زەمـــــانـە

بێگومان شیعری لەم بابەتە ئەوە دەخوازێ ڕەنجووری کە شیعر بۆ مردنی وەلی

دێوانە دەنووسی دەبێ بەشاعیری گەورە و خوێندەواری بەرز و پیاوچاکی لە قەڵەم بدا. لێرەدا هەرچەندە قسەکانی ڕەنجووری موبالەغەی تێدابێ لە ڕووی حەقیقەتەوە و مەبەس ڕەوانبێژی و داهێنانی ڕۆمانتیکییانە بێ، بەڵام ئەگەر ئێمە هەندێ لەو موبالەغەیەی شاعیر بخەینە لاوە، لە زانیارییەکانیدا بایی ئەوەندە دەمێنێ وەلی دێوانە بەکەسێکی نەخوێندەوار نەزانین، بەڵکو بەپێی شیعرەکانی لە پلەیێکی باشی خوێندەواری دابنێین.

### لەگەڵ پەپوولە

ڕەنجووری لە پارچە لیریکێکیدا وەسفی پەپوولە دەکا و دەیدوێنێ و ئامۆژگاری دەکا. پەپوولە وەک قارەمانێکی دڵداری لە خۆبوردوو لە ئەدەبی کلاسیکیدا مایەی داهێنانی شاعیران بووە، بەم پارچە شیعرە شاعیر توانیویەتی گوڵێکی جوانی دیکە بخاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

پەروانە سەد بار جە بوڵبوڵ بەدتەر
وێڵ و سەرگەردان ڕیسوا و دەربەدەر
دایم دەور مەدۆ وێنەی دێوانان
نە بەزم خانان شاهان سوڵتانان
جە هەرکۆ شوعلەی شەم وینۆ وە چەم
فیکر نام و نەنگ جە لاش مبۆ کەم
پەڕ مەدۆ پەرواز مبۆ بێ درەنگ
بێ پەروا جە باس حەیا و نام و نەنگ
چونکە بێ بەرین جە ناموس و عار
ئاخر مسووچۆ وەشەرارەی نار
ئاداب عاشق مبۆ پەنهان بۆ
چەنی ڕەزای دۆست وێش سەرگەردان بۆ
وە تەرز ئادا و شیرینی و نەرمی
بیاوۆ وە وەسڵ دڵبەر وەگەرمی
وەختێ چەند ئەییام تەن دای وەمەینەت
پەرێ وەسڵ دۆست نمانای بەینەت

ئەووەل جــە لای دۆسـت پـایـەدار مـــبـی
سـاحـێب وەفـا و بەین ئـیـعـتـیـبـار مـبی
حــاسڵ مــوددەعــا و کــام ڕەوا مــبی
قـــابیـل پەرێ وەسـڵ ئەو لـیـــقـــا مـــبـی
ئەر ســـەودابـازی بەی تـەورەن ئەحـــواڵ
ئەرنە (ڕەنجـووری) وێش کـەر وە زوخـاڵ

لەم شــیـــعـــرەدا ڕەنجـــووری حــیـکایـەتی دڵداری پەپـوولە (پـەروانە) و مـــۆم دەگێڕێتـەوە، شـاعیـر پێش ئەوەی بڵێ هـالاوی مـۆم پەروانە دەسـووتێنی، بەراوردی دەکا لەگەڵ حیکایەتی دڵداری بلبل و گوڵ، ئەمەش ئـەنجامی ئەوەیە دڕکی گوڵەکە وەک نیشتەر بلبل بریندار دەکا و دەیکوژێ.

لەپێش ئـەم شـاعـیـرەمـاندا مـاوە فـراوان بوو لە ڕەمـزی دڵداریی پەپـوولە و مـۆم وێنەی داهێنراوی ئەوتۆ دروست بکا ئەدەبی پێ دەوڵەمەند ببێ، نەک دووبارەکردن یا وەرگرتنی ئەو خەیاڵانە بێ کە شاعیرانی پێش ڕەنجووری وتبێتیان.

نهێنییەکانت بەکەس مەڵێ

لە ژیاندا گـەلێ دیاردە هـەیە بەسیفەتـی تایبەتیی خۆییەوە دەناسـرێ، زانستـیی مـەنتـیقی کۆن خـەریکی ئەم جۆرە بابەتـانەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا مـەبەسـمـان ئەوە نییە، بەڵکو پارچە لیریکێکی ڕەنجـوورییە، شاعیر لەو سیفەتە تایبـەتییانە دەگەڕێ لە هـەر دیـاردەیێک (یا شـتـێکی) ئارەزوو دەکـا باسـی لێـوە بکا، ئەم سـیـفـەتانە کـارێکی مـەنتـیقی نین، بەڵکو لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیێکی هەسـتی شـیـعرایەتی دروست بوون.

لە شیعرەکەیدا ڕەنجووری دەڵێ:

نـــالـــەی دەردەدار بـــێ ئـــاخ نمــەبـــۆ
دەروون عــــــــــــاشــق بــێ داخ نمـەبـۆ
عـــــاشـق تـا دەمـێ جـــــەفـــــاش نمـەبۆ
بێ جــەفــا هـەرگــیــز ســـەفـاش نمـەبۆ
گــوڵ جــە گــوڵســتــان بێ خــار نمـەبۆ

بولبـــول جـــه عـــەشـــقش بێـــزار نمەبۆ
هەرکـــەسـێ عـــەشـــقش ڕەفـــیق نمەبۆ
واســـــیل بەتەریق حـــــەقـــــیق نمەبۆ
تا مـــــەجـــاز نە بۆ حـــەقـــیق نمەبۆ
بێ مـــەجـاز حـەقـیق تەحـقـیق نمەبۆ
شـــێـــوەی مـــەجنوونـی بێ لەیل نمەبۆ
کـــۆکـــەنـی فـــەرهـاد بێ مـــەیل نمەبۆ
هەرکـــەس بە عـــەشـقش دڵشـــاد نمەبۆ
قـــاپـی خـــەیر پەرێش گـــوشـــاد نمەبۆ
حـەق ڕاگـەی ڕاسـەن فـەن وازی نیـیـەن
حـەق جـە فـەن بازان هیچ ڕازی نیـیـەن
حـەق وە حـیـسـابات پارە و پووڵ نیـیـەن
لاش بەندەی دوو ڕەنگ هیچ قەبوول نییەن
ڕاگـەی حـــەقـیـقـەت بگیـرە نە دەست
بشـــۆ نە مـــەیدان بێ پیـــاڵەی مـــەست
نوتق نـەزانیت بەرەش بەقـــــەفـــــەس
ڕاز پەنـهـــــانیت مـــــەواچە بەکـــــەس

دەتوانین دوو تێبینی لە بابەت ئەم پارچە شیعرەی ڕەنجوورییەوە بخەینە ڕوو:

١- هەرچەندە کێشی شیعرەکە دە سیلابی ئاساییە و وەستان لە ناوەڕاست دایە، بەڵام ئەو هەناسەیەی لە ڕووی ڕیتم و مۆسیقا دراوەتە شیعرەکە لە شیعری تری ئەم کێشە جیای دەکاتەوە، جگە لەمە ئەوەی زیاتریش لایەنی ڕیتمی پڕ ئاوازتر کردووە بەشێکی زۆری قافیەی شیعرەکە یەکێتیی پاش قافیەیە لە وشەی «نمەبۆ»دا دەردەکەوێ، ئەمەش ڕەوانیێکی دیکەی داوەتە شیعرەکە.

٢- لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە بەڵگەی مەنتیقی هێناوەتەوە بەڵام لە حەقیقەت و تەجرید دەریهێناوە و هەناسە و هەستێکی شیعرایەتی تازەی داوەتێ وەکو

پەند و ئامۆژگاری و ئاوڕدانەوەی فەلسەفی دەکەوێتە بەرچاو.

***

ڕەنجووری یەکێکە لە گەورە شاعیرانی سەدەی هەژدەم. مەیدانی شیعری گەلێ فراوانە. هەموو لایەنێکی ژیانی ئادەمزادی گرتۆتەوە. کوردێکی دڵسۆز بووە، حەزی لە سەرکەوتنی میللەتی کورد کردووە. هۆگری خاک بووە، لە گیانی ناوچەگەری و عەشرەتگەری دوور بووە، هەر لەبەر ئەوەشە دەتوانین بڵێین زمانی شیعری ڕەنجووری تایبەتییە.

لە سەردەمی ژیانی ئەودا دیالێکتی گۆرانیی زمانی کوردی لە ناوچەکانی هەورامان و دەشتی گەورەی گەرمیانی کەرکووک باو بوو، شیعر بەم دیالێکتە دەوترا، بەڵام ڕەنجووری هەوڵی داوە کوردی ناوچەی سلێمانی و شارباژێڕیش لە شیعری بگەن، لەبەر ئەوە شیعری ئەم شاعیرەمان دەچێتە ناو دڵی خەڵکێکی زۆر لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

ئەم سۆزەی بەرامبەر بەمیللەت، ئەم هەڵوێستەی بەرامبەر بەخاک، لەهەر کوێیێک بووبێ بۆتە هۆی ئەوەی هەوڵ بدا شیعر بەدیالێکتی کرمانجی خوارووش بنووسێ، بەڵام لەمەدا سەرنەکەوت چونکە زەمینە بۆ ئەو کارە لەبار نەبوو. لە دوای ئەو ئەم هەلە بۆ نالی هەڵکەوت لە کۆمەڵی میرنشینی مۆدێرنی سلێمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا، بۆیە تاقی کردنەوەکەی نالی هەر لە سەرتاوە گەیشتە لووتکە.

بەشی نۆیەم

## ڕینیسانسی ئەدەبی کوردی لە باکووری کوردستان

دابەشبوون

ئەو کاتەی سەدەی شازدەم ڕۆژگارێکی یەکجار تەماوی بوو بۆ دیارکردنی دواڕۆژی میللەتی کورد، سەردەمێکی یەکجار گرنگیش بوو بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی ڕژێمی هەردوو ئیمپیراتۆرییەتە تۆتالیتاری (فاشستی) و ئێکسپانسیۆنی (توسعی)یەکەی عوسمانی و سەفەوی.

لەو سەدەیەوە دەوری زێڕینی عوسمانییەکان دەست پێدەکا پاش سەرکەوتنیان بەسەر فارسەکاندا لە ئەنجامی جەنگی چالدیران (١٥١٤م) ئەم سەرکەوتنە گەورە و گرنگە بووە هۆی ئەوەی ساڵی ١٥١٦م بکەن بەسەرەتای کشان و خزین و بزووتنەوە و پەلهاوێشتن بۆ هەر چوار لا و داگیرکردنی خاک و میللەتان لە پێناوی فراوانکردنی سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی تورکە عوسمانییەکان، بۆ چاکەی تورک نەژاد و خراپەی نەتەوەکانی تر.

لەولاشەوە بنەماڵەی سەفەوی لە ئەنجامی شۆڕشێکی سۆفیزم ئامێزەوە ڕژێمی شایەتییان بەناوی خۆیان لە ساڵی ١٥٠٢م نوێ کردەوە، ئەگەرچی لە جەنگی چالدیراندا شکستیان هێنا، بەڵام ئایینزای شیعی کە بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی سیاسی گرتە دەستی خۆی، یارمەتی دان کە خۆیان بپارێزن و زۆربەی هەرەزۆری شیعە بچنە ژێر ئاڵایانەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە جەنگی چالدیران لەسەر خاکی کورد ڕووی دا، ناوەرۆکی زۆرانبازی بوو لە نێوان ئایینزایانی سوننی و شیعی، هەرلایەنێکیان سەربکەوتانایە قازانجی کوردی تێدا نەدەبوو.

بێگومان ئەنجامی جەنگی چالدیران کارێکی گەورەی کردە سەر ڕێباز و گۆڕانی کۆمەڵی کورد لە هەموو ڕوویێکەوە. ئەو قسەیە زۆر ڕاست و بەجێیە کە دەڵێ: سەرەتای مێژووی تازەی کوردستان لەپاش ئەو جەنگەوە دەست پێدەکا.

گۆڕانەکە ئەوەندە قووڵ و کاریگەر بوو، دەبوو خەڵکی کورد بەجۆرێکی تر بیر لە خۆیان و دوارۆژیان و پێوەندییان بەخاکەوە بکەنەوە. خوێندەواری کوردی ئەو سەردەمە پتر هەستی بەبوونی نەتەوایەتی خۆی کرد و بۆی دەرکەوت کە ئەم نەتەوەیە ناتوانێ پارێزگاری بوونی نەتەوایەتی خۆی بکا بەبێ زمانی کوردی. بەڕاستیش زمان جەوهەری هەرە گرنگی کەسایەتی کورد بووە.

## مەڵبەندی خوێندەواری

مزگەوت مەڵبەندی بنچینەیی خوێندەواری بوو، لەبەر ئەوە بیری نەتەوایەتی لەوێوە هاتە دەرێ. بنیادی مزگەوت بۆ عیبادەتی ئایینی ئیسلام بوو، ئینجا حوجرەی خوێندنی تێدا کرایەوە بۆ مەبەسی فێرکردنی زمانی عەرەبی و هەموو زانستییەکانی کە پێوەندییان بەزمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلامەوە هەیە.

بەکوردی کردنی خوێندەواری لەو ڕۆژگارەدا، لە دوو گۆڕەپاندا دەستی پێکرد:

١- گۆڕەپانی زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلام.

٢- گۆڕەپانی ئەدەب.

١- گۆڕەپانی زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلام:

گومان لەوەدا نییە کە مەلایانی کورد لە حوجرە وانەکانی زمانی عەرەبیشیان بەکوردی دەوتەوە، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا بەپێویستیان زانی ئەم سەرچاوە و کەرەستانە بەزمانی کوردی بخرێنە سەرکاغەز، ئەم هەستە تازەیە کۆمەڵێک خوێندەواری بزواند، وابوو عەلی تەرەماخی هەوڵی دا زانستی سەرف (صرف) بەکوردی بنووسێتەوە (١٥٩١). لەگەڵ ئەوەی ناوەرۆکی ئەو زانستییەی لە عەرەبییەوە وەرگرتووە و گۆڕیویەتییە سەر زمانی کوردی، بەڵام دەستوورەکانی بە بەڵگەی زمانی کوردیشەوە دەبەستێتەوە.

مەلا یوونسی هەلقەتەینی (١٧٨٥م کۆچی دوایی کردووە) سێ نامەی خوێندنی حوجرەی بەکوردی نووسیوەتەوە: «تەرکیب = ترکیب»، «تەسریف = تصریف» و «زورووف = ظُروف»، گرنگترینی ئەمانە «تەرکیبا مەلا یوونس»ە لە زانستی نەحوودا، لێکدانەوەشی کردنەوەی «عەوامیلی جورجانی = عوامل الجرجانی»یە، سەرەتای بەم جۆرەیە: «تو بزانە دوو مەزهەب جاری بوونە د تەرکیبا (بسم

الله)یێ دا، مەزهەبی بەسرییان و مەزهەبی کووفییان...».

مەلا خەلیلی سیرتی (سعرتی) (١٧٥٣ - ١٨٤٣) لە بواری وشەی کوردی لە حوجرەی مزگەوتدا کۆششێکی باڵای هەیە. نزیکەی سی نامەی بەزمانی کوردی نووسیوەتەوە، بەڵام هەموویان دەست نەکەوتوون، نامە گرنگەکانی ئەمانەن:

(١) کتێبی «نەهجولئەنام = نهج الأنام» لە زانستی «عەقیدە» دەدوێ، بەشیعر ڕێکی خستووە.

(٢) کتێبێکی تری لە زانستی «تەجوید = تجوید»دا هەیە.

(٣) کتێبی «زورووف» لە نەحوودا، لێرە لاسایی «تەرکیبا مەلا یوونس»ی کردووە.

لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەی لە ئەنجامی تیرۆری زەبر بەدەستان بەسەر کوردی سەروودا هاتووە، تا ئێستاش ئەم نامیلکانە وەکو سامانێکی نەتەوایەتی لە مزگەوت وماڵی کورد بەتایبەتی لە گوند و دێهاتەکاندا پارێزراون و لە حوجرەی مزگەوتدا دەخوێندرێن.

٢- گۆڕەپانی ئەدەب:

لەناو جەرگەی ئەدەبی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی و تاقیکردنەوەی نەتەوەکانی تری موسڵمان لە داهێنانی ئەدەبی کلاسیکی «غەزەل و قەسیدە»دا لە ناوچەی بۆتان بەرهەمی ئەدەبێکی ڕەسەن و ڕەنگین و نایاب سەری دەرهێنا و لە هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستان دەنگی دایەوە.

ئەم دیاردە تازەیە دوو ڕێچکەی گرتبوو لە ڕووی ڕوخسارەوە:

١- ئەدەبی گشتی یا ئەدەبی میللی یا ئەدەبی زۆربەی خەڵکی کورد ئەدەبێک بوو زیاتر لە ئەدەبی میللییەوە (فۆلکلۆرییەوە) نزیک بوو، شاعیر هەوڵی دەدا زۆرترین خەڵک لە شیعرەکانی بگەن، هەر لەبەر ئەوەش بوو لاسایی بابەت و هونەرەکانی شیعری میللی دەکردەوە. وەکو بابەتی لیریکی و بەیت کە لەسەر کێش و قافیە هەمەجۆر و ڕەنگاوڕەنگ ڕێک دەخران. بنیادنەرەکانی ئەدەبی کوردی لە باکووری کوردستان زۆربەیان شاعیری ئەم چەشنە بەرهەمە بوون، وەکو عەلیی هەریری، فەقێ تەیران، مەلای باتەیی و مەنسووری گێرگاشی.

٢- ئەدەبی تایبەتی یا ئەدەبی کلاسیکی یا ئەدەبی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد

ئەدەبێک بوو لەسەر بنج و بناوانی ترادیسیۆن (تقالید)ی ئەدەبی ئیسلامەوی و ئەدەبی ڕەسەنی خۆماڵی دامەزرا.

مەلا جزیری یەکەمین شاعیری کورد بوو کە تاقیکردنەوەی «غەزەل و قەسیدە»ی هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە، ئەحمەدی خانیش هونەری چیرۆکی شیعری گەیاندە پۆپە لە «مەم و زین»دا. جگە لەم دوو شاعیرە گەورەیە، شاعیرانی تری وەکو عەلی هەریری دەستێکی درێژی هەبوو لە شیعری «غەزەل و قەسیدە» و سەلیمی سلێمان لە چیرۆکی شیعری و مەلای باتەیی لە هەردووکیاندا.

## مەبەسی شیعر

ئەدەبی کوردستانی سەروو لە سەدەی شازدەمدا دەستی پێکرد، سەدەی حەڤدە و هەژدە دەوری زێڕینی بوو، سێ کوچکەی لووتکەی شیعر فەقێ تەیران و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی هەموو بابەتەکانی شیعری کوردییان خولْقاند، ئەوەی خۆماڵی کە سەر بە ئەدەبی نەنووسراوی میللی بوو (فۆلکلۆر) و ئەوەی سەر بەشیعری ئیسلامەوی بوو کە لە ئەنجامی لێکدانی مەدەنییەتی عەرەب و فارس و تورکی عوسمانی و کورد پەیدا بوو.

شیعری ناوچەکانی کوردستانی سەروو لەچاو شیعری ناوچەکانی کوردستانی باشوور، لەسەر بنج و بناوان و جەوهەری کۆمەڵی کوردەواری دامەزراوە و مەیدانی گەلێ فراوانە بەشێوەیێکی گشتی لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەکرێ بە دوو بەشەوە:

١- چیرۆکی شیعری (ڕۆمانی شیعری)

٢- شیعری غەزەل و دڵداری.

چیرۆکی شیعری بەشێوەیێکی گشتی لە قالبی سروودی سوارچاکی و حیکایەتی مەلحەمی و چیرۆکی دڵداری ڕۆمانتیکی خۆی نواندووە. ئەمە لە ئەدەبی کوردستانی باشووردا نابینرێ. کاری ئەدەبی بێگانە لەسەر ئەمە زۆر کەم بووە، ئەگەر هەندێ جار لە ناوەرۆکدا ئەم کاریگەرییەی دەرەوە دیاربووبێ، لە ڕوخساردا بەتەواوی دیار نەبووە.

ئەم ئەدەبە بەپێچەوانەی ئەدەبی کرمانجیی خواروو جەوهەرەکانی لە ئەدەبی

میللی نەنووسراوی فۆلکلۆری وەرگرتووە.

کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری ڕەسەن لە ڕووی ڕوخسارەوە وێنەیان لەو شیعرە موسڵمانەوییە وەرنەگیراوە کە شاعیرە کلاسیکییەکانی وەک مەلای جزیری غەزەل و قەسیدەیان پێ نووسیوە، لەمانە بۆ بەڵگە چیرۆکی شیعری «شێخی سەنعان»ی فەقێ تەیران و «مەم و زین»ی ئەحمەدی خانی و «مەولوود نامە»ی مەلای باتەیی.

شاعیرانی کورد تەنیا خەریکی دڵداری نەبوون، هەندێکیان بەچاکی لە دواکەوتوویی کورد گەیشتبوون، هۆی ئەو زوڵم و زۆرییەی کە دەستی بەسەری داکێشابوو لایان ئاشکرابوو. لە کاتێکدا ڕێزیان لە هەندێ میری دەرەبەگ دەنا وەک ڕەمزی سەربەخۆیی میللەت تەماشایان دەکردن چونکە کردەوەی باشیان هەبوو هەر لەو کاتەدا بەچاوێکی نزم دەیانڕوانییە ئەو میر و دەرەبەگانەی هەڵسوکەوتیان لە چاکەی داگیرکەر بوو لە سوڵتانانی عوسمانی و شاهانی عەجەم.

لایەنێکی دیکەی گرنگی ژیانی کۆمەلایەتی مەسەلەی زمانی کوردی بوو. شاعیرانی ئەو سەردەمانە مەبەسی سەرەکییان پارێزگاری زمانی کوردی و تێکۆشان بۆ پێشخستنی. ئەوەیان باش دەزانی لە ڕوو بوونی زمان نیشانەیێک بوو بۆ بەرزبوونەوەی ئەدەبی کوردی، بەتایبەتی لە دەور و زەمانێکدا زمانی کوردی لەچاو زمانەکانی تری وەکو تورکی عوسمانی و فارسی باو نەبوو.

ئەو شاعیرانەی ڕینیسانسی کوردستانی سەروو بەهۆی کۆمەڵە بەرهەمێکی جوان و بەرزی ئەوانەوە زمانی شیعری کوردی دروست بوو، پێشەنگی کاروانەکە بوون، ئەمانە زنجیرەیێک بەرهەمی چیرۆکی شیعری و مەلحەمەیان گەیاندە ئەنجام، ئەمانەیان لە سەرچاوەی نەتەوە هاوسێکانیان وەرگرتووە، لەو بەرهەمە بەناوبانگانە دەتوانین ناوی ئەم کارە ئەدەبیانە ببەین: «یووسف و زولەیخا»ی سەلیم سلێمان (سەدەی هەڤدەم)، هەروەها ئەم شاعیرە «لەیلا و مەجنوون»یشی نووسیوەتەوە، ئینجا مەلا مەحموودی بایەزیدی ئەویش «لەیلا و مەجنوون»ێکی دیکەی داناوە لەساڵی ١٨٥٩.

ئەم بەرهەمە شیعرییانە بەهۆی هونەری بەرز و ئەو وەستایەتییەی شاعیران تیایاندا خەرجیان کردووە و بەزمانی زکماکی خۆیان نووسیویانەتەوە، بووە

بەبەشێکی گرنگ لە سامانی نەتەوایەتی و چۆتە ناو دڵ و گیانی خەڵکی کۆمەڵی کوردەوە.

ئەگەر کاریگەری شیعری موسڵمانەوی لە چیرۆکی شیعری کوردی زۆر کەم بووبێ، ئێمە لە بابەت غەزەل و قەسیدەوە بەرامبەر بەوێنەیێکی پێچەوانە دەوەستین.

ئەو پارچە شیعرە دڵدارییانەی کە لەسەر کێشی عەرووز دانراون و پێڕەوی هەموو ئەو جەوهەرانە کراوە کە بۆ غەزەل پێویستن، ئەمە لەگەڵ پەیدابوونی شیعری کوردستانی باکوور وەکو زمانێکی شیعری سەری هەڵدا.

سەرۆکی قوتابخانەی غەزەل لە کوردستانی باکووردا مەلای جزیری بوو. دیوانی جزیری لە ڕووی خەیاڵی شیعری و داهێنانی هونەرییەوە لەڕێزی دیوانی شیعری شاعیرە هەرە گەورەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەوەستێ.

عەلی هەریری

بەشی دەیەم

# عەلی هەریری

١٥٣٠ - ١٦٠٠

## ژیانی عەلی هەریری

عەلی هەریری (حەریری) یەکێکە لە شاعیرە هەرە کۆنەکانی باکووری کوردستان. مێژووی ئەدەبی کوردی زیاتر ناوی پاراستووە، لەوەی بەرهەمی شیعری خستبێتە بەردەست.

کۆنترین زانیاری تۆمارکراو لەبابەت شاعیرەوە ئەو چەند دێڕەیە کە دەسگای کوردناسی ڕووسیا لە ساڵی ١٨٦٠دا بڵاوی کردۆتەوە. ئەلێکساندر ژابا بەزمانی کوردی و فرەنسی ئەم شاعیرەی بەیەکەمین شاعیری کورد داناوە و دەڵێ: عەلی هەریری (حەریری) دیوانێکی بچووکی هەیە، شیعر و قەسیدەکانی تێدا تۆمارکراوە. هەرچی حەریریشە گوندێکە لە ناحیەی شەمزینانی سەر بە سنجەقی هەکاری. شیعرەکانی زۆر بەناوبانگ و خۆشی لە کوردستان ناسراوە، لە گوندی خۆی کە حەریرە نێژراوە.

هەموو ئەوانەی لە دواییدا لە کوردەکان خۆیان و ڕۆژهەڵاتناسەکان کە باسی شاعیریان کردووە تەنیا لە دەوروبەری ناوەڕۆکی ئەو چەند دێڕەدا سووڕاونەتەوە.

لەپاش تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیێک بەسەر ئەو زانیارییانەی لە بابەت ژیانی عەلی هەریرییەوە کەوتنە ناوەوە، لە ساڵی ١٨٨٧ ڕۆژهەڵاتناس و کوردناس ئەلبێرت سوسینی پارچەیێک لە شیعری شاعیری بڵاوکردەوە.

بەڵام کوردناسی ئەوروپا عەلی هەریری بەخەڵکی کورد نەناساندووە، بەڵکو بە ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپا و لە دواییدا بەرۆشنبیرانی کوردی سەدەی بیستەمی ناساندووە. بەڕاستی کورد ئەم شاعیرەی خۆی لە ڕێگەی سەرچاوە

کوردییەکانەوە دۆزیوەتەوە.

کۆنترین کەسێکی کە یادی عەلی هەریری کردبێ ئەحمەدی خانییە، لە «مەم و زین»دا ناوی سێ شاعیرە کلاسیکییەکانی باکووری کوردستان دەبا، مەلا جزیری، عەلی هەریری، فەقێ تەیران:

گەر دی هەبووا مە ژ خودانەک
عالی کەرەمەک لەتیف دانەک
عیلم و هونەر و کەمال و ئیزعان
شیعر و غەزەل و کیتاب و دیوان
من دی عەلەما کەلامێ مەوزوون
عالی بکرا ل بانی گەردوون
بیناڤە روحا (مەلێ جزیری)
پێ حەی بکرا (عەلی حەریری)
کەیفەک وەبدا (فەقیهی تەیران)
حەتتا ب ئەبەد بمایە حەیران
چ بکەم کو قەوی کەسادە بازاڕ
نینە ژ قوماشێ را خریدار

لە پاش سەدە و نیوێک حاجی وتوویەتی:

دوو عەلین شاعیرن وەکو حەسسان
بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان

لە بابەت ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی ئەم شاعیرەمان لە لێکدانەوە و بەراوردکردن و وردکردنەوەی هەموو ئەو بیروڕایانەی کە لەم بابەتەوە کەوتوونەتە ناوەوە گەیشتووینەتە ئەوەی کە عەلی هەریری لە دەوروبەری ساڵی ١٥٣٠م لە گوندی هەریری ناوچەی شەمزینانی هەرێمی هەکاری لەدایک بووە. هەر لەوێش لە دەوروبەری ساڵی ١٦٠٠ کۆچی دوایی کردووە.

عەلی هەریری لە دەرچووانی حوجرەی مزگەوتە، وەکو لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێ شارەزاییێکی تەواوی لە شەریعەت و زانیارییەکانی ئیسلام بووە.

هەروەها ئاگاداریێکی باشیشی لە ئەدەبیاتی سۆفیزمی ئیسلامی سەردەمی خۆی بووە. نازناوی شیعری ناوی ڕاستەقینەی خۆی «عەلی» بووە و لە قەسیدەکانیدا بەکاریهێناوە.

لەم دواییەدا عەبدولڕەقیب یوسف هەندێ زانیاری تازەی هێناوەتە ناوەوە لە بابەت عەلی هەریرییەوە، بەهیچ جۆرێ نابێ پشتگوێ بخرێ. ئەو زانیارییانە زانینی نێوەندی ئەدەبی و بۆچوونەکانی ئەلێکساندر ژابا ڕەت دەکەنەوە دەڵێن عەلی خەڵکی هەریری خۆشناوەتی ناوچەی سۆرانە. عەبدولڕەقیب بەهۆی ئەوەی شارەزاییێکی تەواوی لە ناوچەی هەکاری و وان هەیە لەسەر ئەو باوەڕەیە لەوێ ئاواییێک نییە بەناوی «هەریر»ەوە، هەروەها لەو ناوچانەی کوردستانی سەروو بەناوبانگ نییە و بەشاعیر نەناسراوە و شیعریشی لەناو خەڵکیدا بڵاو نییە. کەچی بەپێچەوانەوە لە هەریری سۆران و ناو خۆشناوەتیدا ناوبانگی هەیە، هەندێ کەس بە«عەلی عاشق» ناوی دەبەن و شیعری بەگۆرانی دەچڕن، جگە لەوە بە «مەلا عەلی شاعیر»یش ناوی دەهێنن.

عەبدولڕەقیب یوسف گۆڕی شاعیریشی دۆزیوەتەوە ئێستا گۆڕەکە لە حەوشەی خانووی عەلی حوسێن سوورچی دایە، ئەم دڵسۆزە گۆڕەکەی هەڵگرتووە و دیواری بۆ کردووە، ناوی شاعیری لەسەر کێلەکان نووسیوە و شانازی بەوە دەکا کە پارێزگاری گۆڕی شاعیرە. دیارە لەکاتی خۆیدا جێی گۆڕی هەریری گۆڕستان بووە، لە پاشانا گۆڕەکان هەموویان تێکدراون، تەنیا قەبرەکە وەک پیاوچاک (قسن) ماوەتەوە.

لێرەدا چەند پرسیارێک دروست دەبێ: شیعری عەلی هەریری شەقڵی شیعری کوردستانی سەرووی پێوەیە، ئایا لە سەردەمی ئەودا دیالێکتی کرمانجی سەروو لە ناوچەی هەریر لە ناوەوە بووە؟ ئەمە ئاشکرا نییە، لە پاشانا دەتوانین بڵێین لە تەمەنێکی دیاریکراودا لە ناوچەی هەکارییەوە هاتبێ بۆ سۆران و لە هەریر ناوبانگی دەرکردبێ و لەوێ کۆچی دوایی کردبێ.

عەلی خەڵکی هەکاری بێ یا سۆران، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و خۆی و شیعری سەر بەڕینیسانسی ئەدەبی کوردین لە باکووری کوردستان. یەکەمین کەس بووە لە بزووتنەوەی شیعری کوردیدا بەشداری کردووە.

## شیعری عەلی هەریری

تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەناو کۆڕی ڕۆشنبیرانی کورد بەرهەمی شاعیر لە ناوەوە نەبوو. خەریک بوو گومان لە بوونی دەکرا، ئەگەر گەواهی خانی و حاجی لە ناوەوە نەبووایە ڕەنگ هەبوو بەیەکجاری لەبیر بکرایە. بەڵام لە دواییدا لە ئەنجامی کۆششی مامۆستایان و ڕۆشنبیرانی کورد و ئەدەب دۆستانەوە بایی ئەوەندە شیعری عەلی هەریری کەوتە ناوەوە کە ڕاستی قسەکانی خانی و حاجی بسەلمێنرێن. ئەو شیعرانەی دەست کەوتوون لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە وەکو لای خوارەوەن:

١- لە ڕووی ڕوخسارەوە

ئەو بەرهەمە شیعرییانەی عەلی هەریری ئێستا لەژێر دەستدان لە ڕووی کێشەوە هەموویان شێوەی چوارینی هەشت سیلابی و قافیە (ا ا ا ب)یان هەیە، ئەم کێشە لە کێشە سووکە خۆماڵییەکانی فۆلکلۆری کوردییە بەهەموو دیالێکتەکانیەوە. تەنیا بەرهەمێکیان نەبێ، ئەگەرچی ئەویش وێنەی ئەوانی تری هەیە بەڵام هەر دێڕێکی لە ڕووی کێشەوە حەوت کەرتی سیلابییە.

لایەنگرانی کێشی عەرووز چوارینە هەشت سیلابییەکانی عەلی هەریری دەکەنە یەک دێڕە شیعری عەرووزی، کە لە دوو نیوە دێڕێک پێکدێ (سەدر و عەجز)، ئیتر سەدر دەبێتە دوو ڕستە و عەجزیش دەبێتە دوو ڕستەی تر، بەم جۆرە سێ ڕستە لەسەر یەک قافیە دەبن و ڕستەی دواییش لەسەر قافیە گشتییەکەی شیعرە عەرووزییەکە دەبێ. ئەمە «موسەممەت»ی پێ دەڵێن. ئەم دیاردەیە لە «غەزەل و قەسیدە»ی خوارووی کوردستانیش دەکەوێتە بەرچاو کە لە ئەنجامی ڕینیسانسی ئەدەبی کوردی لە خوارووی کوردستاندا لەسەر دەستی نالی پەیدابوو.

شیعری عەلی هەریری سووک و ڕەوانە، وشەکانی لە فەرهەنگی گشتی زمان هەڵبژێرراون. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی مانای شیعرەکان دیار و ئاشکرابێ. زۆربەی وشەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانەی ئەدەبێکی میللی بەرز کە لە نێوان قوتابخانەی شیعری ئیسلامی ئەتنۆلۆجی (ئیسلامەوی)و شیعری کوردی فۆلکلۆری خۆماڵی دەوەستێ.

٢- له ڕووی ناوەرۆکەوە

دڵداری مەبەسی بنچینەیی شاعیرە، دلبەر شۆخێکی بێ هاوتایە، شیعرەکانی تەرخانکردووە بۆ پێداهەڵدانی ئەو. بەشوێن وردە وێنەی سروشت دەگەڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ دلبەر بەراورد و بەرامبەری بکا. پێوەندی نێوان شاعیر و دلبەر ئەو هێزەیە کە «عەشق»ی پێدەڵێ. ئەم دڵدارییە ئەو دوو ئادەمزادە لە یەکتری نزیک دەکاتەوە. شاعیر پەنا دەباتە بەر هەندێ وشە و زاراوە و وێنەی کە سۆفییان بەکاری دەهێنن، بەڵام ئەم کۆششە شیعرەکانی نابەنە ناو گێتی نهێنیی سۆفیزمەوە، بەڵکو هەندێ وێنەی وەسفی سۆفیزم دەدەنە دەست، لەبەر ئەوەیە شیعرەکانی عەلی هەریری لە چوارچێوەی دڵداری و سروشت و بەهەوای ڕۆمانتیکییانە و دیمەنی هەست پێکراوی کلاسیکییانە ناچنە دەرەوە.

شیعرە لیرییەکانی عەلی هەریری:

١

پەریزادە تو وا هاتی
ل سەر چاڤێن د من شالا
مە لەوزانی تو وا هاتی
ژ دەنگێ تەوق و خرخالا
ژ دەنگی بازن و زەندا
نەما عەقلێ عەقلمەندا
هندی من گۆت سی و چەندا
تو چێتر بووی ژ هەڤالا
تو چێتر بووی ژ لەیلایێ
شرینتر بووی ژ زولەیخایێ
مەم و زین هەر دوو یەک تایێ
سیا زولفێ کرم تالا
سیا زولفێ تو ناترسی
ژ ئەحوالی مە ناپرسی
موبارەک بیت تە ئەو کورسی
تو ڕوینی گۆه د عەبدالا

تـو روینـی گـــــــۆهـ بده بـەیـتـێ
ل پێـــــشـی تـو وەکـــــو زەیتـێ
د سـۆژیت مـــەجلیـســا مـــەی تـێ
وەکـی پـویشـێ ل کــــــەندالا
وەکـی تــە ڤـنـووس بـــێ پـــەروابم
دەخـــۆم ســـــوندێ جـــودا نـابم
حـــــەزینم ئـەز قـــەت تێـــر نـابم
ژ دیـدارا خــــــەت و خـــــالا
ل دیـدارا تـە ئـەز زیـن کـــــــــەم
حـــەتا کـەنگی ڕوح تێ تەن کـەم
کـەسـەر بووم جـارەکی بین کـەم
خـــودانا بتت و دەســـمـــالا
خـــودانـا تیت و جـــەبهـــەت بی
خـــەراج و ئەرد و قـــیـــمـــەت بی
دیداری تـە ب قـــیــــمـــــەت بی
ل عید و جـەژن و سـەرسـالا
ئەووەل کـــار و کـــەسێ مـن توی
یەقین فــــرنـا دەرسـێ مـن تـوی
کـــــەسـێ من و بـەسـێ مـن تـوی
ل زێـڕ و مـــــــــال و پـر نـالا
ل زێـڕ و مـــــــــال و پـڕ ڕەنجـم
کـــەسـادم ســاحـیــبی گـــەنجم
ل بـاژیڕا گـــــوهــەر ســـــەنجـم
ســـــەفـــەر دویرە هەتا مـــالا
ســـــەفـــەر دویرە شــــەبی تـاری
ئـەی (عـــــەلی) بۆ! تـو پـڕ بـاری

دا بکەین زیکرێ جـــەببـــاری

بەلکی لەمە خوەش بت شالا

ئەم شیعرە نموونەی لیریکی ترادیسیۆنی ڕۆژهەلاتییە. شاعیر لەگەڵ دلبەر قسە دەکا، هەر خۆی دەدوێ و یار نایێتە وەرام و دیالۆج (گفتوگۆ) دروست نابێ. ئاشکرایە کە دلبەر لەبەر جوانی لە نەژادی ئادەمزاد چۆتە دەرەوە و لە نەوەی پەرییانە، یا حۆری بەهەشتە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بەسیما و ئەدگار ئادەمزادە، چونکە خۆی بەخشڵ ڕازاندۆتەوە، ڕەوتی خان و خەرمانی پڕ لە نازی تۆق و تەلیسم و دوگمەی سەر مەمکان و خرخاڵی پێ و بازنی دەستی دەبزوێنێ و ئاواز و مۆسیقاییێکی نهێنی دروست دەکا. ئەو دەنگ و ئاوازە لە زڕەی خشڵ و چەکی ژنانی تر ناکا، شتێکی تایبەتییە، لەبەر ئەوەیە شاعیر هەر کە گوێی لە دەنگی ئاوازی خشڵی ئەو ببێ دەزانێ ئەوا پەریزادە و ناز و نازکی بەژیان دەبەخشێ.

پەریزاد لەلای شاعیر نەک تەنیا جوانە بەڵکو دروشمی دڵداریی ڕاستەقینەیە، لە نموونەکانی دڵداریی کوزمۆسیش تێپەڕی کردووە، لە زولەیخای فیرعەونی و لەیلای عەرەب و زینی کوردیش بالاترە.

٢

خـــەلقـــینە وەرن ببـــینن

چ حـــوسنەک ب کـــەمـــالە

حـــــەیران ژ دل ببــــینن

ژ ســـونعـــا زولجـــەلالە

ســـونعـــا خـــودێ کـــو دایی

ســـەفـــحـــە ژ نوور دانایی

عـــەنبـــەر ل ســـەر کـــێـشـــایی

ئەبرۆ وو خـــەت و خـــالە

خـــالێن شـــوبهی عـــەنبـــەری

دێم هەر وەکی قـــەمـــــەری

ئـەز تـێـــــــرنـابم ژ نـەزەری

مـن ناچـت ژ خـــــەیالـە

مـن قـــــەت نـاچـی ژ بیـــــرێ
زولفـــــێت شــــبـێ هـەریرێ
ل ســــــەر بـەدرا مـــونـیـــرێ
داگـــــرت بـوون هـیــــــلالـە
ئـەبرۆ هـیــــــلالا عـــــیـــــدێ
ئـەبـلـەق شــــــبـێ نـاهـیــــــدێ
دێم هـەروەکــیــخـــورشــیــدێ
جـــەبهـــەت مـــەها کـــەمـالە
جـــەبـهـــەت مـــەها تـەڤـــاڤـــە
ڕوو ســــۆرگـــولا خـــونـاڤـــە
ڕحـــــــان هـاتـنـە هـنـداڤــــــە
نـەســـــــــرینـان دا وو پـالـە
نـەســـرینان جـــوقت بەســـتـــە
مـن نێـــری پـێ هـەوەســـــتـــە
عـــەقـــڵێ مـن چوو ژ دەســــتـــە
حـــــەیران کـــرم دەرحـــالـە
حــــــــــەیـران بـووم ئـەز ژ دنـێ
ســــــۆهـتـم ژ دەست ئـەڤـــینـێ
ژ خــــۆ نـاکـم هیـــــڤــــیـــا ژینـێ
لم کـێم بوون مـــاه و ســـالـە
مـــوســحــەفــا خــەت و خـــالان
مـــــــــــــــەتــنـی ژ لام و دالان
ژ بـەر زەحـــمـــەت و ئـیـــشـکالان
کــــەسـێ نـاکـــەت مــــوتـالا
ژ چـاڤـــــان خـــــوون دبـاری
ژ بـەر ئـەبـلـەقــێت خــومـــاری

وەکی ئاڤـــێـت تـێ جــــاری
بێ وەقت و بێ مـــەجـــالە
گــــەردەن شــــووشــــە نەباتـێ
لێڤ شـــــەربـەتا حــــەیاتـێ
ژ حـــــــــوسـنـا بـت و لاتـێ
ب مـن جــــاهـ و جــــەلالە
وەســــــفــــێـت د نازەنیـنان
مــەدحـێت د خـوون شـیـرینان
وەک دوڕ و یاســــەمـــــینان
ئـەز هـەردکم ئـەمـــــالـە
باغێ کـــو ســـەد بـهـــار لـێ
ســـــونبـــــول و لالـەزار لـێ
چەند کــولیلکێت ب خـــار لـێ
بـلـبـلـی نـالـە نـالـە
مــــەحـــبـــووبە بێ هەمــتــایە
قــــامــــەت ســــەروی بالایە
گــێــســـوو شــەڤـا یەلدایە
گـــەردەن ب خــۆ شــەمـــالە
گــەردەن شـەمـعـا کـافـووری
پـەردە ل ســـــــــەر ژ نـووری
ڕەونـەقـی دا ڤـــــــە نـووری
تـەجـــەللا کــر جـــەمـــالە
تـەجـــەللا کـــر بـۆ جـــارەک
حــوسنا خـــۆیا مـــوبارەک
ئـەحـــــســــــەنـەڵڵا تـەبارەک
چ شــــەمـــســــە بێ زەوالە

زولفێن د شەهلەوەندان
بسکێن مەحبووب و ڕەندان
ئێخستمە قەید و بەندان
بەردانە ڤە مەحاله

چاڤێ د شۆخ و شەنگان
غەمزێت د دل فەرەنگان
دل داڤێ بەر خەدەنگان
خوون ڤەخارن حەلاله

مەحبووبا دل نەوازان
عالەم قڕکر ب نازان
بلندا سەرفرازان
قەت نابێژت وەباله

ژ هیندێ بکن تاراجێ
ژ میسرێ بینن خەراجێ
ژ رۆمێ بستینن باجێ
ژ بۆ خەملەیا دەلاله

دێما خالێت د هوور لێ
ئەینا زولفێت ستوور لێ
ڕەونەقا کۆهێ توور لێ
مەحبووبە بێ میساله

حوسنا تە یا حەبیبە
دلێ من ژێ غەریبە
عەلی تو بکی نەسیبە
دەست بدەین ویساله

حوسنا تە یا دلخاواهە
دلبەر لبسی سیاهە

ب من کـــەعـــبـــەتولّلاهـە
تـەواف دکـم هـەر ســـــالـە
ژ هـــیـــنـــدێ بـــیـــن تـــالانـــی
بـکـرن کـلـێ ســـــوبـحـــــانـی
ژ بۆ چـاڤـێ ســـــــوڵـتـــــانـی
دەمـــا تێـتن ســـەرســـالـە
چەند بێـــژی (عـــەلـی) ســـادیق
ژ ئـەســـــــرار و دەقـــــــایـق
ژ وان وەســـــــــــفـــێ د لایـق
ژ حـــــــــوسـنـا یـا دەلالـە

لەم شیـعرەدا شـاعـیر خـەڵکی بـانگ دەکا بێن و ئەو جـوانەی کـە دۆزیویەتیـیەوە ببیـنن، دیارە جـوانەکە بەلای ئـەوەوە پەیکەرێکە نەوەکـو تەنیا لەبەر ئـەوەی پەیکەر قـەت ناشـیرین نابێ و هەمـوو ئەندامی ڕێکوپێک دەبێ، بەڵکو لە گـێتیی گـیان دەیبـاتـە دەرەوە بۆ گـێـتـیـی مـەتریالی، بەتەواوی دەبێـتـە پەیکەرێکی جـوانی هـەمیشـەیی. وەسفی ئەندامـە هـەست پێکراوەکانی دەکا. خـەت و خاڵ دەم و چاوی ڕازاندۆتەوە، زولف بۆنی عـەنبەر دەپژێنێ، برۆی کـەوانی وەکو مـانگی یەک شـەوەی جـەژنی ڕەمـەزان، گـەردنی بلوورینە، لێوی سـەرچاوەی ئاوی ژیانـە. ئیـتر شـاعیر دەبێ حـەیران بێ لە دەست دڵداری چونکە بێ بەشـە لەم هەمـوو گەنجینە جوانە، هـەمیشە کـار و پیشـەی گریە و زارییە و لەباتی فرمێسکی ئاسایی خوێن لە چاوی دێتـە خـوارێ. ئـەمـەش دیارە نەوەکو تەنیـا بەشی شـاعیـرە، بەڵکو بەشی هـەمـوو کەسێکی خاوەن هـەست و جوانی پەرستە.

٣

دلێ مـــەحـــزوون کـــەفـــارەت بێت
کە ئیـمشـەب تازە میـهمـان تێت
ب مـــزگـــینـی بەشـــارەت بێت
کە مـیـهـمـان جـانی جـانان تێت

کـه مـیـهـمـان جـانی جـانانه
ل سـەر چەهڤێ مـه مـیـهـمـانه
ب مـــالا جـــوملەیی خـــانه
کـه شـاهی جـوملەیی خـان تێت
وەره ئەی شـــاهیــدێ شـیــرین
ژ عـەشـقـاته دل ئێـخـسـیـرین
ب جــان مــەنزلگەهی مـیــرین
تەلەبکارێ کــه ســولّتــان تێت
تــەلـەبــکـارێــن دل ئــارایـیــم
مـــه دیم یارێن بویی شـــاییم
ل بـەژنا عـــــەرعـــەرین داییم
سـیـەهـ مـار لێ ب جـەولان تێت
سـیـەهـ مـاران کـره سـەیران
ل جــۆتێ شـبــهـەتێ حــەیران
کو خـاس و عـام ببـوون حەیران
ل جەیران عـەنبـەر ئەفشـان تێت
دوو زولفـێـن عـەنبـەر ئەفـشـانن
دوو لەعلێن شـــەککەرســـتـــانن
عـــەقـــیق و دوڕ و مــــەرجــانن
ل حـــەوزان ئابی حـــەیوان تێت
عـــەجـــیب بر کـــه مـــراری تێ
ل ســـــەددێ قـــەوسێ تاری تێ
سـیـــەهـ پـەنجین خـومـــاری تێ
ژ مـەخـمـووران دو ئەسـلان تێت
ژ مـەخـمووران تو مـەخـمـووری
بەجێ هێـشت عـەقـرەبا ژووری

تەوافـا بەیتێ مـەعـمـووری
ل برجان خوون ب سەیران تێت
عـەقاریب هات و بێ حـەد هات
ل وێ برجـا زەبەرجـەد هات
ل بالا قـەوسێ ئەسـوەد هات
ل تەلبـەی مـاهی تابان تێت
ل هەیڤـا کـەوچەرین کـامل
ل ئـەهـلان ڕا نـەهـشـتن دل
ل جوملەدا سەفێن سونبول
ل هنداڤێ گـولسـتـان تێت
گـولسـتـانا خـوەدا ڕەسـتـە
ل چار ئەتراف دلال خـوەسـتـە
بنەفش و نێرگـزا مـەسـتـە
جنسری لەعل و ڕەیحـان تێت
ڕەیاحین سـووسن و وەردن
ل شێخ عەلی یێ غەریب فەردن
وەرسـتـی ئەحـمـەر و زەردن
هەڕۆ سەد جار د ئەفغان تێت
ژ ئەفـغـانان نەمـایم تیـر
دوعـاگـۆیی تە ئەزبی ڤـیـر
ببـیـتـە شـەر دوو ئەسلەح دیر
حـەتتا ڤی قاسیدێ جان تێت
ببـینە ڕەوشـە مـالینێ
وەرە هـنـداڤـی بـالـیـنـێ
ژ دەسـت ئـاهـان و نـالـیـنێ
چ ڕەنگ فـەریاد ژ ئاسـمـان تێت

ب فـــــــــــەریـاد و ب هــاوارە
ژ دەسـت ئـاهـان مـن ئـەو کـــارە
مـــــــــــە لازم بـەنـدەیـی ژارە
ژ سـەیـیـدێ چ فـەرمـان تـێت
سـەیـیـدی حـــەق نەزەر ڤـێـرا
د ئـیـقلیـمـان عـەلەم گـێـرا
قـیـتـارا گـەوهەران ڤـێـرا
ژ نێڤ کـانا بەدەخـشـان تـێت

عەلی هەریری مژدە دەداتە دڵی و پیرۆزبایـی لێ دەکا کە لە پاش چاوەڕوانییێکی درێژی پڕ لـە مـەینەتی بەجـانی جـانان شـاد بوو. هـەر چەندە ئەو خـۆشـەویـسـتـە «گیـان»ە، بەڵام شاعیر دەیخاتە ناو پەیکەرێکی هەست پێکراوی بینراو، دیارە ئەو پەیکەرە تا باڵابەرزتر بێ جـوانتـر و دڵگیـرتر دەبێ. هەمـوو بزووتنەوەی ژیان لە دلبەردا دەبینێ، ئەمە هێز و توانای پێ دەبەخشێ. جووتێ مـار (بسک)ی هەیە، عـاشقانی پێ دەترسێنێ، لەعل و عەقیق و دوڕ و مـەرجـان (لێو و دەم و کوڵم)ی خۆشی و ژیانی هەمیشەیی بەعاشق دەبەخشن، چونکە ئاوی دەمی ئاوی حەیاتە.

ژیانی خـۆشی لە بەهەشت دایە، بەهەشـتیش لەو پەیکەرەدا هەسـتی پێدەکرێ، هەر ئەندامـێکی بەدیمەن گوڵێکە، بەناەرۆکیش بۆنی گـوڵەکەیە، دیارە نەمـریشـە، چونکە کە دیمەن ون دەبێ بۆن هەر دەمێنێ.

٤

دیســان لە عـیـشـقـا دلبـەرێ
سـەر تـا قـەدەم سـووتـام ب نار
چاو مـــامـــزێ گـــەردەن زەرێ
سـتـاندی ل مـن سـەبر و قـەرار
ستـاندی ل من سەبر و سـوکوون
قەد عـەرعـەرێ گەردەن ب خـوون
زولفێ د شـۆخ وەسـتـان ب جوون
تـا تا ل ســەر را هـاتنە خــوار

تـا تـا ل ســـــەر را راخـــــوشـین
عـــەقل و دلـم هـەردووک فـــڕیـن
ئـەی دلبـــــەرا حـــــالـم ببـین
ل دلـم دەرین تیـــــری ب خــــار
ل دلـم دەرین تـیـــــــری ب پـەڕ
لەت لەت بـوین جـەرگ و جـەگـەر
سێ سـەد حـەکیـمم بێنە سـەر
بیلـلا شـــیـــفـــام نابێ چ جـــار
بیللا ل بۆم نـابێ شـــیـــــفـــا
چەندم هـەنە جـــەور و جـــەفـــا
ســـووتام گــــەلۆ زەیی قــــەفــا
زام و بـریـنـم ســـــــــــەد هـەزار
زام و برینم بێ حـــیـــســــــاب
عـیـشـقـی حـەبیـبێ مـاهـتـاب
دل مــاهـی یێ بـەحـری عــەزاب
بـرین کــــــرن ل مـنـی هـەژار
برین کـــــرن ل منی غـــــەریب
گـــــەر بۆم بێتن هـەزار تـەبیب
بێ مـــەرهـەمــا وەســلا حـــەبیب
چـون دۆزەخـــــە بێ وەسـلـی یـار
بـــێ وەســــلـــی یــاری دل ڕوا
بێ گـــولـهـــوزاری جـــان فـــیـدا
جـەننە و نەعـیـمـیش بێـتـەجـا
شـــوبـهی ســـەعـــیـــرە پڕ ل نار
شـــوبـهی ســـەعـــیـــر پڕ ئـاگـرە
دۆزەخ گـــــــەلـەک لـەو چاتـرە

نـاری فــــــیــــــــراق دژوارتـره
جـان و جـەگـەر تێک هـاتنەخـوار
جـان و جـەگـەر تێک هـەروەشــان
فــەریاد ل دەســتێ مــەهوەشــان
دایم ب دل چـون واوشــــــــــان
ســەر تـا قــەدەم خـوون و جـۆبار
خــــــوون د ڕژێ جـــــاری دکم
شــەب تـا ســەحــەر زاری دکم
بـێ خـــــــاب و بـێ زاری دکـم
قـــەت ســـــاتەکی نـادا قـــەرار
قـەت ســاتەکی نـابم ســوکـوون
عـیـشـقی حـەبیب کـردم زەبوون
پری سـیــا چشــمــا ب خــوون
ئـیـــــرۆ ل (عــــەلـی)یـێ هـەژار

لەم شیعرەدا شاعیر هێشتا بە دلبەری شاد نەبووە و چاوەڕوانیەتی، ڕۆژگاری چاوەڕوانی بریتییە لە سەردەمی نەخۆشی شاعیر، ئێش و ئازاری لە دووری یارەوەیە، دیارە یار دەبێتە پزیشک تەنیا بە سەردانێکی برینەکانی نەخۆشی تیمار دەبێ. شاعیر بەشوێن هەموو ئێش و ئازارێک دەگەڕێ، هەمووی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، تەنیا نەخۆشییێکی نییە، بەڵکو دوچاری هەموو نەخۆشییەکانی گشت ئادەمــزادی ســەر ڕووی زەوی بووە. چاوەڕوانە و هێــشــتــا یاری پزیشک نەگەیشتووە.

شــاعـیــری کـوردی ڕۆژهـەڵاتمان ئـەگـەر نەتـەوەی ئازاد بـوایە، ڕەنگ بـوو بەم شـێـوەیە بیـری نـەکـردایەوە، ئـیـتـر هـەسـتی بەژێردەسـتی کـردبێ یا نەکـردبێ، هۆشیارانە یاری کردبێتە دروشمی ئازادی یا بێ ئاگایانە، ڕاستی ژیانی تایبەتی خـۆی و نەتەوەکەی وای لـێ کردووە لە ئەقڵی ناوەوەیدا عـەوداڵی ئەو یارە جـوانە (ئازادی)یە بێ، ئیتر هـەرچی ناخـۆشی هـەیە لە خۆیدایە و هەرچی خۆشی هـەیە لە

یاردایە، گەیشتن بە یار، کە خۆشی هەمیشەییە، هەموو ناخۆشییەکە دەسڕێتەوە هەتا هەتایە.

٥

هەرچی شـێخ و مـریدن
کـو بێـژن قـەد وەناکم ئەز
ئەگـەر ڕووحم دکن غـارەت
ژ یـاران را بـنـۆشـم ئـەز
بلا سـاقی مـەیی بینت
ژ یـاران را بـنـۆشـم ئـەز
ژ کـەربا جـومله سـالووسـان
دەرێ کـۆپـان ڕەواکـم ئـەز
هەچی شـەملەک لەسـەر پێـچا
ئـولاچـیـک لـفـک ژێ بـەردا
ئەگـەر سـینگی دنێڤ راکت
دەبێ سـاحـێب سـیـواکم ئەز
مـەکن باوەڕ ژ سـەرکـەسکا
ئەگـەر شـاشک ژ نووری بت
دگـەل کـەزی یێ دبت کـافـر
دبێـژن ئەسـڵی باکم ئەز
ژ سـەرکـەسکا مـەکن باوەڕ
د جـەهلێـدا دبن کـافـر
دبێن ئەز شـێـخێ سـافی مـە
ب جـارەک قـەت چاکم ئەز

لێرەدا شاعیر گەلێ ساکارانە لە هەندێ لایەنی پراکتیکی نێگاتیڤی سۆفیزم (دەروێشیزم) دەدوێ. وا پیشان دەدا کە خۆی لە «وشکەسۆفی»یان نییە و سۆفی ڕاستەقینەیە و لە دەستی یاران بادەی مەی وەردەگرێ و دەینۆشێ. بەڵام دیارە

ئەم جۆرە شیعرە دەچێتە ناو شیعری پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە، هیچ پێوەندییێکی بەداهێنانی ئەدەبی سۆفیزمی پرتەوییەوە نییە. ئەم بابەتە ناوەرۆکە لە سەدەکانی داهاتوودا شێوەی سیاسی – کۆمەڵایەتی وەردەگرێ بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا.

٦

گەر هوون ببینن نارێ عیشق
تێن ل بۆ من زاری دکەن
هەر کەس د زانێت حالێ عیشق
بەخیل و دژواری دکەن
ب حالێ عیشق بەخیل دبم
هەردەم ب دەم زەلیل دبم
بێ راھ و بێ دەلیل دبم
هەر کەس ب غەم خواری دکەن
هوون بار مەکن غەمێن د زۆر
ژ حەسرەتا دەردێن د مۆر
چاڤێن د ڕەش بسک تێن ل دۆر
عەینا ژ نوور تاری دکەن
عەینا ب نوور زولف تێن ل سەر
ڕەنگین دبن شەمس و قەمەر
ڕەش مار ژ حەبسان تێنە دەر
ل عەرعەرا یاری دکەن
خۆش عەرعەر و شەمسا دوو قەد
ژ من ڕەڤان سەبر و خێرەد
داد و مەدەد، ئاھ و مەدەد
چەشمان چ خەمماری دکەن

جـۆتـێ خـومـاران کـرمـه دەف
تەفسـیـر دکەن سـونعێ سـەدەف
ڕۆژ خـــەملـین هـەر چار تـەرەف
ب مـــــسکێ تـاتـاری دکـــــەن

بسکان ل ڕووی نـێ بوونـه کـــۆم
جـــــامێ مـــــەیی ئـینـا ژ بـۆم
حـوکـمێ دەکـر لازم ڤـه خـــۆم
مــەســـتی ل من جــاری دکـەن

مــەســـتی شـــەراب و قـــەندەڤێ
یێـســیـر و بەندێت ڤێ شـــەڤێ
گـــەر وەســـــفێ یـاری ئەز بڤـێ
هوون تـەرکی هوشـیـاری دکـەن

هۆشم چوو بوو مـابووم د هۆش
هەردەم بـەدەم لەوتـێن ب جـــۆش
مـــێـرا قـــەوی زەوق و خـــرۆش
ب شــاهی خـــوندکــاری دکـەن

ب شــــــاهــی وان دان و کـــــەرەم
خـزمـەت دکـەن تورک و عـەجـەم
مــریدێ عــیــشـــقێ دەم ب دەم
ل نەقـــشـێ جــەببـــاری دکـــەن

نەقش و نیگارێ نـەقـــقــاشـــان
دیوان و وەســـفــێت شـــاوشـــان
هەی هـەی ل جــۆتێت پادشـــان
عەجـەب خـۆش سـەرداری دکەن

ســـــەردارا شـــــاها ڕەونـەقـــــە
مـوعـجـیـزا ڕەمــزێت ئەبلەقـه

(عـەلی) و مـەبێـژە ئەحـمـەقـە
ل بـازار ئـینـكـاری دكـــــــەن

وەســفی ڕووكـەشی یار لـەلای عـەلی هـەریری هـەمـوو بـەرهـەمـەكـانی گـرتـۆتەوە. بێگومـان گـەلێ وێنە و ڕووداوی داهێـنراوی ڕەسـەنی دووبارە و سێ بارە كـردۆتەوە. بەڵام لەمەشدا وەستایـەتی نواندووە بەوەی شێوەی دەربڕینی وێنە و ڕووداو لە جارێک بۆ جارێكی تری گۆڕیوە. بەپێی دەستووری «دڵداری» دەبێ هـەمیشە خۆی «بەندە» بی و یاریش «شـا» بێ. بەڵام كـە لە دێڕێكی چوارخشـتـەكـییـەكـەدا دەڵێ «هەی هەی ل جۆتێت پادشان» مەبەسی جووتە شاكانی تورک و عەجـەم (عوسـمانی و سـەفەوی)یە نەک كیژە جوانەكەی شای دڵداری. ئەم دوو دەوڵەتە لەو ڕۆژگارانەدا لە هەڕەتی زەبر و زەنگیـان بوون بەتایبەتی لەناو خـاكی كوردەواریدا، شـاعیر پیاو دەخاتە بۆشـایێكی پڕ تەم و مژەوە، بەوەی «شا» كە «یار»ە، بەرامبـەر دوو سوڵتـانەكەی تورک و شاكەی عـەجـەم دادەنێ، یاری خـۆی دەناسێ بەڵام نازانێ ئەم دوو شـایە چۆن سـەرداری دەكەن، ئایا دادپەروەری لەگەڵ هاووڵاتیـان دەكەن یا خـەریكی شـتێكی ترن!؟ دیارە زەبر و زەنگی «یار» كارێكی بەجێیە، بەڵام زۆرداری سوڵتان و شا نابەجێیە.

٧

دیســـان ژ نوو عـیـشـقـــا بەری
پـڕ ئـەنـدەروونم ئـاتـەشـــــــــە
زولفـــا مـــوزەییـــەن عـــەنبـــەری
دەعـــوا د گـــەل خـــالا ڕەشـــە
خـــــالا ل دێمـی دل ڕەڤـــــا
ســـەد ڕووح و جـــانم بـن فـــیـدا
ســـۆتم گـــەلۆ چوم تێ نەمـــا
تەركم كـــرن عـــەقل و هـوەشـــە
عـــەقل و هـوەشم بوونـە ئەسـیـر
دونیـا كـو گـەهـ گـەهـ تێـتـە بیـر
دێم شـــوبهـــەتا بـەدرا مـــونیـــر
زولفـــان ژ وەردێ بێن خـــوەشـــە

وەردان ژ نێڤ زولفـــــا دەرین
شــوعـــلا بنـەفــشـێ تێ وەرین
بـالا وو قـــەددا عـــەرعـــەرین
هـەژیـان ل ســـەر مـارێ ڕەشـــە
دیســـانـێ حـــەی تێت و دچێت
ئـەحـــیـــایـی ئـەمـــواتـان دبێت
وەجــهـان مــودام نوو ژێ دچێت
دێم شـوبـهـەتی شـەمـعا گـەشـە
شـــەمـــعـا شـــەبـسـتـانـێ ئەوە
وەردا گـــولـســـــتــــانـێ ئـەوە
ســـــڕڕێ تەبـســــتـــانـێ ئـەوە
شــۆخـــا حـــەریرێ دل گـــەشـــە
عـــەجـــیب لـەتیف و جندییـــە
ئـەزمـــان نـەزان و ڕۆمـــیـــیـــە
ئاگــەهـ ژ عـیـشـقـبـازان نـیـیـە
مـەست و خـومـار و سـەرخـوەشـە
سـەرخـوەشێ جـامـا شـــەربـەتێ
حـــــووری د بـاغـێ جــــەنـنـەتێ
دێم شــوبـهی شـــەمـــعـــا زولـەتێ
ســـەرداری چەندین مـــەهـوەشـــە
مەهوەش کو وەستان سەف بەسەف
ئەو هـاتە دەر مـیـسـرێ د کـەف
وان گــۆت (عــەلـی) یۆ(لاتـخـف!)
مــە ب مـردنـێ قــەوی خــوەشــە
بێگومـان هـەمـوو شتێکی بەهـێز و پاک و جـوان لە خـۆشـەویسـتدا کـۆ دەبێـتـەوە.
ئەو شـۆخـەی لەنـاو مـێـشـک و دڵـی عـەلی هـەریری دایە کـچـێکی کـوردە، بەڵام لە

کوردایەتی بێ بەش دەکا و دەبێ بەڕۆمی (تورک)، کە بێ بەش بێ مانای ئەوەیە کوردی نازانێ، کە کوردی نەزانێ دیارە لە گفتوگۆدا ناگەنە هیچ ئەنجامێک، ئەمەش مەبەسی بنچینەیی شاعیرە، بۆ ئەوەی خۆشەویست بێ پەروا لەسەر سەرکێشی خۆی بڕوا.

***

عەلی هەریری بەم کۆمەڵە شیعرەی بەڕاستی دەتوانێ خۆی بکا بەیەکێک لە شاعیرە گەورەکانی ڕینیسانسی ئەدەبی کوردی لە باکووری کوردستان. گومانیش لەوەدانییە کە بەرهەمی گەلێ زیاتر بووە لەوەی لەبەردەست دایە، با ئەوەش وترابێ گۆیا «دیوانێکی بچووکی هەیە». لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە لەگەڵ هەڵسوکەوتی کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی و کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی شازدەمدا دەگونجێ.

فەقێ تەیران

بەشی یازدەم

# فەقێ تەیران

١٥٦٣ - ١٦٤١

هەبوونە دەنگبێژ و شاعیر
ب ڕووح و دل قە پر فەقیر
میر و بەگارا سترانە
بێ قیمەت و مەلوول مانە

## ژیانی

ئەگەر خۆشەویستی میللەت بگاتە پلەیێکی بەرز بەرامبەر بەیەکێک لە گەورە پیاوانی خۆی لە ڕێزی ئادەمزاد دەری دێنن و دەیکەن بە دروشمێک لەودیو گێتی دەژی، بەمە دەبێتە نموونەی گێڕانەوەیێکی ئەفسانەیی. بەم جۆرە چۆن فەقێ تەیران گێتییێکی جوانی لە داهێنانی شیعری سۆفیزم دروست کردووە، هەر واش میللەتی فەقێ لە ژیانی فەقێ دنیایێکی جوانی ئەفساناویی دروست کردووە. بەلاّم فەقێ تەیران شاعیرێکی داهێنەرە، ئەگەر زمانی باڵندەشی زانیبێ - بۆ ڕێز لێ گرتن ئەمەیان بۆ هەڵبەستووە - هێشتا شیعرەکانی لە زانینی زمانی چۆلەکە پڕ هونەرترن.

ناوی محەمەدە، بەفەقێ تەیران ناوبانگی دەرکردووە. خەڵکی قەزای مۆکس «مکس Miks»ی ناوچەی هەکارییە، لە دەوروبەری ساڵی ١٥٦٣ لە گوندی «تەیران» لەدایک بووە، ئەمە دەکەوێتە نێوان «مۆکس» و «هیزان» و تا ئێستاش ئاوەدانە. زۆربەی ژیانی لە مۆکس بردۆتە سەر لە گوندی «وەرەزووز»ی سەر بەمۆکس، لە ساڵی ١٦٤١ کۆچی دوایی کردووە، هەر لەوێش نێژراوە، ئارامگای بەڕێزەوە لەلایەن خەڵکییەوە زیارەت دەکرێ. «میم و حێ = م ح» نیشانەی نازناوی بووە، لە

شـیـعـردا بـەکـاری هێناوە، ڕەنگە ئـەمـە لە تـیـپـی یـەکـەم و دووەمـی «مـحـەمـەد» وەرگیرابێ وەکو بچووککراوەیێکی ناوی خۆی. ئەوەی پشتگیری ئەم قسـەیە دەکا ئەوەیە لە دێڕێکی بـەیتی «هـەی ئاف و ئاف...»دا سێ تیپی «میم، حێ، دال»ی ناوی خۆی کە «محەمەد»ە بەکاردێنێ «هەر میم و حێ و دال ببێژ...»

ئەحـمـەدی خـانی کـە شـانازی بـە سێ شـاعـیـری کـوردی پێش دەوری خـۆی کردووە، شاعیرێکیان فەقێ تەیرانە، خانی دەڵێ:

کـەیفـەک وە بدا فـەقـیـهی تەیران
حـەتتـا ب ئـەبەد بمایـە حـەیران

لە ناوەڕاسـتـی سـەدەی نۆزدەمـەوە ناو و ناوبـانگی ئەم شـاعـیـرە کـەوتـۆتە ناو تۆمـارکـراوەکـانی کـوردناسـانی ئەوروپا. ئـەلێکسـاندر ژابا دەڵێ: فـەقێ تەیران سێـیـەمین شـاعـیـری کوردە لە دوای عـەلی هـەریری و مـەلای جزیری لـە باکووری کوردستـاندا. محـەمەد فـەقێ تەیران لە قـەزای «مۆکس»ی ناوچەی هـەکاری ژیاوە، چیـرۆکی «شـێـخ سـەنعـان» و «بەرسـیس» و «قـەولی هـەسـپێ ڕەش»ی بەشـیـعـر هۆنیوەتەوە. شیعری فەقێ ڕەسەن و بەهێز و جوانە، نازناوی «میم حێ» بووە.

گـەلێ هـەواڵ و سـەر و سـەربردە لەبابـەت فـەقێ تەیرانەوە دەگێـڕڕێتـەوە، وەکـو ئەوەی لە چیـرۆکی شـیـعـری «شـێـخ سـەنعـان» ئـەوە نووسـراوە، چیـرۆکـەکـە لە هۆنراوەکانی میر محەمەدە کە بەفەقێ تەیران ناوی دەرکردووە. ئەگەر میر بووبێ دیارە مـیری مـۆکس بووە، چونکە لەو ناوچەیە لە دایک بووە و هـەر لەوێش ژیانی بردۆتە سەر. لەلایێکی دیکەوە زانیاری وا لە ناوەوەیە کە وەلی خودایە و کەراماتی بووە و زمانی هەمووو باڵندە و فڕندانی زانیوە.

فەقێ تەیران خوێندن و ژیانی ئاسایی لە ناوچەی هەکاری بووە، بەڵام ماوەیێک لە جزیرەشـدا ژیاوە، بەتایبـەتی لـە ئاوەدانییـەکانی «هـێشت» و «فینیک». فـینیک ئێستا گوندێکی بچووکە لەسـەر زێی دیجلە لە باکووری جزیری بۆتان بە(٢٥کم) ناوچەیێکی گـەلێ دێرینە، لـە کۆنا «پیناک»یان پێ وتووە، مـەڵبـەندی نـەتەوە هـەرە کۆنەکانی باپیرانی کوردی ئێستا کاردۆخی و کورتییەکان بووە.

لەو زانیـارییە کـەمانەی لـەبەردەسـتـمـان دایە لە بـابـەت ژیان و بـەرهـەمـی فـەقێ تەیرانەوە، لەگەڵ ئەو تێبینییانەی لە بەرهـەمی شیعری شاعیرەوە دەست دەخرێن

دەتوانین بگەینە ئەنجامێکی وا کە بڵێین فەقێ تەیران خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی چاکی سەردەمی خۆی بووە، شاعیر لەگەڵ ئەوەی شارەزایی تەواوی لە ئەدەبیاتی نەتەوە هاوسێکاندا بووە و بێگومان هەر بەهۆی زانستییەکانی موسڵمانییەوە کە بەزمانی عەرەبی بووە بە خوێندەوار ناسراوە، بەڵام نە ئەدەبیاتی فارسی کە لە ئەنجامی لێکدانی مەدەنیەتی نەتەوە موسڵمانەکان کاریان لێ کردووە، وە نە پێڕەوی زانستییە موسڵمانییەکانیشی کردووە کە بەزمانی عەرەبی بووە بۆ دانانی شیعرەکانی. هەروەها دەبێ ژیانی بە دەروێشی بردبێتە سەر و پێوەندیێکی زۆری لەگەڵ کۆمەڵی خەڵک بووبێ و بۆ چاکەی ئەوان کۆششی کردبێ و بەزمانی ئەوان شیعری وتبێ. هەر لەبەر ئەوەش لە میللەت نزیک بۆتەوە، بۆیە ناوبانگی فەقێ تەیران لە باکووری کوردستان لە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی زیاترە، چونکە جزیری و خانی بەزۆری لەنێوەندی ڕۆشنبیر و خوێندەواراندا دیارن، کەچی فەقێ تەیران لەناو هەموو چینەکانی میللەتدا بەڕۆشنبیر و نیمچە خوێندەوار و خوێندەوارەوە خۆشەویستە.

بەرهەمی

بەرهەمی فەقێ تەیران لە ڕووی ڕووخسارەوە نموونەی شیعری ڕەسەنی میللی کوردییە، لەبەر ئەوە لە بابەت وشەوە کوردی پەتییە، لە ڕووی داڕشتنی ڕستەوە ساکارە، لەمەڕ کێشەوە خۆماڵیی سووکە، لە ڕووی قافیەشەوە ڕەنگاوڕەنگە، لەبەر ئەوەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە نزیکە. وای لێ هاتووە هەندێ جار بەرهەمی شاعیر لەناو ئەدەبی میللی سەرزاردا ون ببێ، یا هەندێ ئەدەبی فۆلکلۆری بەناوی فەقێ تەیرانەوە تۆمار بکرێ.

جگە لەمە کۆمەڵێک لە بەرهەمی ئەدەبی میللی کەوتۆتە ناوەوە خاوەنەکانیان بەشانازییەوە خۆیان بەقوتابی فەقێ تەیران دەزانن، هەندێ لە بەرهەمەکانیان بەڕەنگدانەوەی بەرهەمی فەقێ تەیران لە قەڵەم دەدەن، جگە لە بەرهەمێکی فۆلکلۆری زۆر هەمووی بەناوی فەقێی تەیرانەوە کەوتۆتە ناوەوە.

کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی کوردی نوێی سەر بەقوتابخانەی فەقێ تەیران ئێستا لە ناوەوەیە، لەمانە هەندێ لە بەرهەمەکانی عەتاری شەرۆ و ئارامی چەچان و عەگیدی ئەحمەد و شاعیری دیکەی کوردی قەفقاسی ڕووسیا.

بەشێکی زۆر لە بەرهەمی فەقێ تەیران گۆرانیبێژان بەگۆرانی دەیچڕن، وا باوە کە فەقێ تەیران خۆشی گۆرانیبێژێکی دەنگ خۆش بووە، شیعرەکانی خۆی بەدەنگ و ئاوازەوە بۆ خەڵکی وتووە، لەبەر ئەوە ئەم شیعرانە لەگەڵ ئەدەبی میللی سەرزار تێکەڵ بوون، چونکە لێیەوە نزیکن، بۆیە لە ئەدەبی میللی وەردەگرن و لە پاشانا هەر خۆشی دەبێ بەسەرچاوە بۆ ئەو ئەدەبە. لەبەر ئەوەی شاعیر زۆر خۆشەویست بوو لەناو خەڵکیدا بۆیە ژیانی بوو بەئەفسانە. کەسانی ساکار فەقێ تەیرانیان کرد بەشتێکی لە ئادەمزاد بەرزتر بەوەی زمانی باڵندە و دڕندە و زمانی گیاندار و بێ گیانی سروشت دەزانێ، ناوی تایبەتیی خۆی واتە «فەقێ تەیران» مانای «قوتابیی باڵندان» دەگەیێنێ. بەم جۆرە فەقێ بوو بەدروشمی ئەفسانە ئامێز لەناو گێتی ئەدەبی کوردیدا.

بەرهەمی شاعیر لە ڕووی هونەری شیعرییەوە دەکرێ بەدوو بەشەوە:

١- ئیپیک (ئێپۆس)، چیرۆکی شیعری، بەیت.

٢- لیریک: پارچە شیعرێ کە خەریکی دڵداری و سروشت و دانایی و فەلسەفە و ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستی دەروونی دەبێ.

## ئیپیک

لە ڕووی ناوەرۆکەوە هونەرێکی یەکجار کۆنە، هەموو شاعیرانی کورد ئەوانەی کێشی خۆماڵییان بەکارهێناوە و پێڕەوی ئەدەبی میللیان کردووە ئەم هونەرەیان بۆ دارشتنی بیر و خەیاڵ و ئەندێشە و تێبینی بەرامبەر بەژیانیان بەکارهێناوە. دیارە ئەم جۆرە هونەرە لەسەر بنچینەی ڕووداو و گێڕانەوەی دڵداری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و سۆفیزم و هی تر دادەمەزرێ، بێگومان کەم و زۆر گیانی ئیپیکی (مەلحەمی) تێدا دەبێ.

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە بەیتەکانی فەقێ تەیران لە ڕووی ڕوخسارەوە هەمووی لەسەر بەندی دوو بەیتی (چوارین)ی هەشت سیلابی قافیە (ا ا ا ب) دانراون، دێڕی چوارەم لە زۆربەی دوو بەیتی چیرۆکە شیعرییەکاندا بە «ـەتێ» کۆتایی دێ.

فەقێ تەیران کۆمەڵێک چیرۆکی شیعری (بەیت)ی جوانی بۆ نەوەکانی کوردی

داهاتوو بەجێ هێشتووە، هەرگیز شوێنی دیاریان لەناو گەنجینەی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردیدا هەیە، ئەو بەیتانە بریتین لەمانەی خوارەوە:

(١) شێخ سەنعان (٢) زەمبیل فرۆش (٣) دمدم (٤) هەسپێ ڕەش (٥) بەرسیسی عابید (٦) هەی ئاف و ئاف (٧) دلۆ رابە.

## شێخ سەنعان

بەسەرهاتی شێخ سەنعان دروشمێکە یا بابەتێکە بۆ ڕوون کردنەوەی هەندێ لایەنی فەلسەفی سۆفیزمی ئیسلامی کە بەشێکی گرنگە لە سۆفیزمی کۆزمۆسی پەیدا بووە. کورتەی ڕووداوی شێخ سەنعان بەم جۆرەیە:

«شێخ سەنعان موسڵمانێکی سۆفی بووە، دڵی چۆتە کچە گاوورێک، بۆ مەبەستی نزیک بوونەوە لە خۆشەویست لە ئایینی موسڵمانی دەرچووە و بووە بەگاوور و زوناری لە پشتی بەستووە و لە دێری دیانان ژیاوە و بووە بە بەرازەوان. لە پاش ئەوەی کە چاوی بەکچەکە کەوتووە (یەکێتی بینین = وحدە الشهود) پشتی لە وڵاتی کچەکە کردووە و گەڕاوەتەوە مەڵبەندی خۆی، ئەمجارە کچەکە گرفتاری شێخ بووە. ئیتر سواری وڵاغ بووە و بەدوای کەوتووە، لە ڕێگە تووشی هاتووە، لە وڵاغ هاتۆتە خوارەوە و دەستی ماچ کردووە، شێخ لە خودا پاڕاوەتەوە کە گیانی بستێنی، ئیتر عیزراییل پەیدا بووە و گیانیانی کێشاوە، بەم جۆرە لە بەهەشتدا بەیەکتری شاد دەبن».

ئەمە ناوەرۆکێکی داهێنەرانەیە بۆ ئەدەبیاتی سۆفیزم، چونکە موسڵمانێک لە ئایین وەرناگەڕێ، نوێژ بۆ چەلیپا (خاچ) ناکا، لە بەراز نزیک نابێتەوە چونکە گڵاوە. بەڵام سۆفیزم کە باوەڕی بە«یەکێتی بوون» هەیە، بۆی هەیە کردگار لە کچێکی جوانی گاوور ببینێ و هەردووکیان بکەونە سەر ئایینی ڕاست.

چیرۆکی شێخ سەنعان یەکێکە لە چیرۆکە بەراییەکانی سۆفیزم، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسییەکان لە سەدەی نۆیەم (سێیەمی هیجری) پەیدابووە، لە پاشانا لە ئەدەبی نەتەوە موسڵمانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

یەکەمین هەواڵ لە بابەت چیرۆکی شێخ سەنعان ڕەنگە ئەو گێڕانەوەیە بێ کە ئەبوحامیدی غەزالی (٥٠٥ھ/١١١١م کۆچی دوایی کردووە) لە کتێبی «تحفە

الملوک»دا تۆمـاری کـردووه، ئەو ڕووداوه لـه بەسـەرهـاتی شـێخ سـەنعـان دەکـا.
یەکەمین داستانی تۆمارکراوی بەسەرهاتی شێخ سەنعان چیرۆکە بەناوبانگەکەی فەریدەدینی عەتاری نیشـابووری (٦٢٨هـ/١٢٣٠م کۆچی دوایی کـردووه) بەناوی «شـێخ سـەنعـان». بێگومـان فـەقێ تەیران ئاشنایەتی لـەگەڵ ئـەم بەرهەمـه بووه، ڕەنگه ئاگاداری هەمـوو «شـێخ سـەنعـان»ەکـانی تریش بووبێ ئەوانەی بەزمـانی فارسـی و زمانه تورکییەکان هۆنرابوونەوه تا سـەردەمی خۆی. «شێخ سەنعان»ی فـەقێ تەیران تـاقیکردنەوەیێکی تازەیه، جـەوهـەری چیـرۆکـەکـەی له گـێـڕانەوەی فۆلکلۆری ناو خـەڵک وەرگرتووه، ئینجا شـێخ عـەتاریشی کردووه بەقارەمـانێک له قـارەمـانەکـانی بەیتـه ڕەنگینەکـەی و دیمەنێکی داهێنەر و ناوەرۆکێکی پڕ مـانای هێناوەته ناو ئەدەبی کوردییەوه.

له سـەردەمی ژیانی فەقێ تـەیرانەوه تا ئێـسـتا گـەلێ دانەی دەسنووسی شـێخ سـەنعان کـەوتۆته بەردەسـتـمان، لەناو ئـەمـانەدا دانەیێک لەو چوار دانەی کـه له نامـەخـانەی گشـتی سـانت پیتـرسبورگ پارێزراون بوو بەبنچ بۆ بڵاوکـردنەوەی تێکسـتی ڕەخنەیی (کریتیکی) بەرهەمـەکه و بۆ یەکەمین جار له ساڵی ١٩٦٥دا بڵاوکـرايەوه. ئـەم بەرهـەمـە بريتـيـيـه لـه ٣١٣ دوو بەیت. ئەوەی پێـویسـتـە بوترێ ئەوەیه ئەلبیرت سـۆسین زانیاری تر بەدەسـتەوه دەدا، گۆیا دەسنووسێکی شـێخ سـەنعـانی دەست کـەوتووه، هـەروەها تێکسـتـێکی تری له گـێـڕانەوەی کـوردێکی خـەڵکی زاخـۆ نووسـیـوەتەوه، ئەو تێکسـتـه بەتەواوی وەکـو ئەوەی دەسنووسـەکـەی پێـشـووه، تێکسـتی دەسـنووسـەکـە ٣٣٤ دوو بەیتـە، ئەو دانه دەسنووسـانەی له ناماخانەکاندا پارێزگاری کراون جگه له نرخی یادگاری کەڵکێکی زۆریان هـەیه بۆ سـاغکردنەوەی بەراوردکـاری و ڕەخنەیی له پێناوی هێنانەدی دانەیێکی پوخت و تەواوی ئەم بەرهـەمە.

ڕەنگدانـەوەی بەسـەرهـاتی شـێخ سـەنعـان لـه ئەدەبی مـیللی کـوردی له هـەمـوو ناوچەکانی کوردستـاندا کـەمتر نییـه له بەرهەمی کلاسیکی تۆمـارکراو. لەوانەی بڵاوکراونەتەوه تا ئێستا بۆ نموونه ناوی هەندێکیان دەهێنین: «مەنزوومەی کوردی شێخ سـەنعان» قادر فەتاحی قـازی نووسیویەتییـەوه؛ «شێخ سەنعان» عـەلی کوڕی محـەمـەدی ڕەوشـەن له سـاڵی ١٨٠٨ تۆمـاری کردووه و مـحـەمـەد عـەلی قـەرەداغی بڵاوی کردۆتەوه، گەلێکی دیکەش.

گەشتێک لە گێتی «شێخ سەنعان»دا

هەرچەندە ناوەرۆکی چیرۆکی شێخ سەنعان خەریکی بیروباوەڕێکی سۆفیزمی کۆزمۆسییە و لە سەرووی نەتەوە و ئایینەوەیە، بەڵام بۆ مەبەسی داهێنانی هونەری فەقێ تەیران شێوەیێکی نەتەوەیی و ئایینی داوە بەقارەمانانی چیرۆکەکەی لە ڕووی ڕوخسارەوە. شێخ سەنعان (عاشق) موسڵمان و سۆفییێکی کوردە، کچەکە (مەعشووق یا مەعشووقە) دیانێکی کچە ئەرمەنی یا کچە گورجە.

فەقێ تەیران باس لە دڵداری سۆفیزم دەکا، ئەو دڵدارییەی هیچ جۆرە سنوورێکی بۆ نییە. بەسەدان پیاوی ئایین (مفتی و شێخ و مەلا) تووشی دەبن، بەلایەوە پیاوانی ئایین کە پابەندی شەریعەتن دەبێ لە هەموو کەسێک دوورتربن لە دڵداری، بەڵام بەلای ئەوەوە سۆفیزم (بزووتنەوە) لە شەریعەت (دەستوور) بەهێزترە، بۆیە ئەو پیاوە ئایینییانە تووشی ئەم دڵدارییە دەبن. بەلایەوە «یار» یەکێکە نابێ بەدوو، کردگاریش یەکێکە، واتە مەعشووق خۆیەتی، بەمە بەدیمەن دەبن بەدووان، بەڵام بەجەوهەر هەر یەکێکن:

ژ نینکا عەکس دبی
ئەڵڵا ژ جە نا قەلبی
مەحبووب یەکە نابی دوو دی
ئیللا کو شاهی حیکمەتێ

بەسەرهاتی شێخێک دەگێڕێتەوە ناوی سەنعان یا سەنعانیان بووە، لە ڕێکخراوی پراکتیکی سۆفیزمدا ڕێبەری پێنسەد سۆفی و مریدی کردووە:

شێخەک هەبوو سەنعانیان
سەرداری پانسەد سۆفیان
چووبوو مەقامێ ئەولیان
دایم د زیکر و تاعەتێ

شێخی پیری تەمەن حەفتا و حەفت ساڵ پیاوێکی پاک و بێ گەرد بوو، خاوەنی کەرامات بوو، حەکیم و دانابوو، نەخۆش و شێت و شەل و کوێری تیمار دەکرد، بیری لە زلف و خەت و خاڵی جوانان نەدەکردەوە:

مـــەعنا د مـــەجـــزووبـان ئەڤن
مـــــيـــــرى د بـاتـين د خـــــڤن
لـەو حـــــــال دبـيـن د كـــــــڤن
خـــەلقـــۆ ژ چە كـــەم تاقـــەتـێ
جـەزبە سـيـڕڕە سيـڕ خـاتيـمـە
گـــــرتن ب مـــێـــــران لازمــــە
جـــيگە قــــەوی بن قـــــايمـە
ئـيــــزار بكن ڤێ شـــــوورەتـێ
***
تـاعــــەت دكـــــر دايم مـــــەدام
گـــەه ژ قـــوعـــوود گـــەه ژ قــيـام
حـــەفـتێ و حـــەفت سـالان تەمـام
خـــــالـی نـەبوو ژ خـــــزمــــــەتـێ
حەلقەی زیکری شێخ نەوەکو تەنیا خەڵکی سەر ڕووی زەوی بەشدارییان تێدا دەکرد، بەڵکو مەلایەکەت و جنۆکەش دەچوونە ناویەوە:
مـــــــــەلـەک و جـن ژ هـــەوايـێ
د فــــــرت شـــــوبـهــــەتـی بـايـێ
تێــتــە نێڤ زیكر و ســـەمـــايێ
د وەقت و حـــــينا دەعـــــــوەتـێ
هەمــوو كــەسێك شـاگـرد و مـريدی شـێخ بوون، گــەورە و بچـووک، هـەژار و دەوڵەمەند:
ئەر غـولام بوون ئەر ئـەمـيـر بوون
ئەر گـەدا بوون ئەر فـەقـيـر بوون
تێکدا گـــۆهـداری پـيــر بـوون
ل عـــەشـــقـێ دين و ســـونـنـەتـێ

ئینجا شاعیر باس لە گۆڕرانی دەروونی شێخ دەکا، چۆن شیخ خەون دەبینێ، لە خەونیدا کچە جامێ مەی دەداتێ و سەرخۆشی دەکا، لە ئەنجامدا شێت دەبێ، ئەم کردارە دەبێتە شوورەیی و ناوزڕانی وەلییێکی گەورەی وا لەناو کۆمەڵدا:

ژ دەفتــەرا ســاحـیب جـەمـالان
شـەرحـی مــەتنی زلف و خـالان
شـــێخ تو جــار نـاکت خـــەیالان
تـەبیـــعـــەتـی شـــێخ نـادەتـێ
تەبعـەتـی حـوسـن و جـەمــالان
شــــێخ تـوجــــار نـاکت بـەبالان
یـان ژ چـێـی یـان ژ کـــــــالان
یان ژ خــەوف و خـــەشـــیـــەتـێ
خـــەشـــیـــەتـی دل نالـەنال بـوو
عــومــرەکێ بـێ حـــەد ل بـال بوو
ری سـپی بوو شـوبـهی کـال بوو
ئـەو فــــەنـا بـوو ژ قــــووەتـێ
عـومـری وی بێ حــەد جـمـا بوو
یەک مــووەک ڕەش تێ نـەمــابوو
حـــوریـیـــەک دی وە تەمـــا بـوو
ڕۆهـیـنـا فــــــەنـدێ کـــــــەتـێ
ڕوهـینا فـــەندێ گـــهـــشـــتـی
حـــــوریا بیکرا بـهـــشـــــتـی
دی ل ســـەر بانـێ کــەنشـــتـی
دی کــــــو چ بـانـگ دکـــــــەتـێ
بـاتینـی کچ فــــە دەخـــــوونـی
پـەردێ ژ بـەر خـــوە هـلـتـــینـی

شـــێخ د خـــەونیـــدا دبینـی
جـــام و تاســـەک مـــەی دەدەتێ
خـــەمـــر و شــــەراب پڕ دکـــە
شـــێخ د خـــەونێ دا فـــڕ دکـــە
نـەزەر لیـــــیـــا دیم دڕ دکـــە
دین بوو دنێـــڤـــا خـــەلقـــەتێ
دنێـڤـا خـەلفـەتێ ئـەو دین د بوو
تژی دەمـــــاغی خـــــوون د بـوو
شـــەیبـــا ســـپی ڕەنگین د بـوو
ئەڤ حـــال و ڕەنگ قـــەد ژ نـەتێ

یاران و مریدانی شێخ و هەموو خەڵکی شاری هێشەت بەگەورە و بچووکەوە دەکەونە پرسیار و گفتوگۆ و ناوبژی، بەڵکو دانایێکی وەکو شێخ کە خۆی ڕێی ڕاست بەخەڵکی پیشان دەدا لەو کارەی پەشیمان ببێتەوە و ڕێی ڕاست بدۆزێتەوە:

ئاه و فـیـغـان دەربـوون هەزار
هـنـگێ هـەبـوو دەروێـش و یـار
هەمـیـان ل شـێخ کرن پسـیـار
بـاژار و ئـەهلێ هـێـــشـــــەتێ
ئـەهلی تەریق ئەهلی ســولـووک
هـەرچی مـەزن هەرچی بچـووک
ئاغـــا وو خـــواجـــە وو مـــولـووک
پرسین ل شـــێخ زەحـــمـــەتێ

بەڵام بێ سوود بوو، شێخ گوێی نەدایە هیچ ئامۆژگارییێک، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ڕەوت و کردەوەی گەیشتە ئەوەی مزگەوت برووخێنی و وێرانی بکا:

دێ مـــــزگـــــەفت وێران بکم
بـــر بـــە دەرێ دێـــران بـــکـــم

بچم گــاڤــەک ســـەیران بکم

بنی دنیـــا جـــوران لێ تێ

سـۆفی و مـریدان وازیان لێ نـەهێنا، بـەرۆکـیـان بەرنـەدا، چونکە بـاوەڕیان بەم ڕێبــەرە گـەورەیەی خـۆیان هەبوو، گـومــانیـان لـەوەدا نەبوو کـە ئـەم ڕەوشت و کردەوەیە نهێنییێکی تێدایە:

ئەو سـۆفی سـاحـێب کـەمـالە

بێ تـەکـــەللوف چونە بـالە

حـەمـیــان ژێ کـرین سـوئالە

ئـەڤ چە ترسـه ب ســەر تەتێ

ئـەڤ چە ترســە ئەڤ چە دەردە

مـــــەوو تـە نینـە چو پـەردە

ڤێ ســرڕێ ژ بۆ مــە خــەبەردە

دا ئـەم بزانـن هـەیئـــــــەتێ

بەڵام شێخ هەر سـوور بوو لەسـەر بیروباوەڕ و ڕەوشتی، ئـەوەی پێ ڕاگـەیاندن هەتا ئەگـەر عیسـا و لوقمـانیش تکای لێ بکەن، بەقسـەیان ناکا و ئـەو ڕێگەیەی گرتوویەتی بەری نادا:

شـێخ گـۆ حـەکیم عـیسـا رابتن

لوقـــمـــان ژ تربـان رابتن

داغـــا مـن هـێـــدی نـابتن

دەسـتێ حـەکـیـمـان لێ نـەتێ

ئینجا شێخ باس لە حاڵی ڕاستەقینەی خۆی دەکا، بەوەی کردگاری لە جوانی ئەم کچەدا دیوە:

نـارا کـــچێ داگـــرت هـناڤ

دیما کــۆ تێـــدا نـوور و تـاڤ

عــەکـســا ئیــلاهـی هاتە ناڤ

مــەزهـەر دەبە ســەبر ژی نە تێ

حـــوسنا كـــچێ بـوو مـــەزهەرە
ئـەو حـــــۆريا ديم قــــەمــــــەرە
شـێخ دی بو جـيــهـان چووبەرە
شـــــەرم و ئەدەب قــــەت ژ نەتـێ

سۆفی و مـريدان تەماشـای ڕووكـەشـی ئـەم حـەز لێكردنـە سـەيرە دەكـەن، سـەريان سـورِ دەمێنێ، پیرێكی وا تەمـەن گـەورە و بـەسـالاچوو حـەز لـە كـچێكی بچـووكی وا تازە نـەمـام بكـا! ئـەمـە بێگومـان دەبێـتـە مـايـەی لۆمـە و سـەرزەنشـتی و قـسـە و قسـەلۆكی ناو خـەڵكی:

ئـەو پيــــرەمــێـــرێ كــــال بويی
نێــزيكی هـەشــتـێ ســـال بـويی
ژ عـەشـقـا كـچێ بـەدحـال بويی
دەرحـــــــەق بدين لێ لۆمـــــەتـێ

لەبـەر ئـەوە دەروێش و مـريدان وای بـەباش دەزانن لـە شـاری هێشـەت باربكـەن و بچنە دەرەوە بۆ ئەوەی مـەسـەلـەی دڵداری شێخ لـە خـەڵكی بشـارنەوە، ئیتر ڕوويان كردە مەڵبەندی كچی گاوور:

يا قــەنج ئـەوە مــەســتـــوور بـكين
نابت ســرِرێ مـەشــهـــوور بـكين
دايم ژ عـــــــــامـێ دوور بـكـين
ب دەركـــــەڤين ژ هێــــشــــەتـێ

ژ هـێـــــشـــــەتێ ب دەركــــەڤين
پانســـەد مـــريد ڤــبــەركــەڤين
پێـــشـی كـــچــا دلبـــەر كـــەڤين
زائـيل بكين ڤـێ حــــەســــرەتـێ

پۆلی دەروێشـان بـەزيكر و تـەهـليلە بـەرِێ دەكـەون و لـە شـاری هـێشـەت دەچنـە دەرەوە بەرەو مەڵبەندی كچی گاوور بۆ ئەوەی شێخ چاوی پێی بكەوێ، بەڵكو ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی بگەرِێتەوە سەر رِێی رِاست:

سـۆفی ژ عـەشـقـان بـوونە رەف
دەرویش د بەر شێخ بوونە سەف
چـەرخـــان ددەن ب زیکر و دەف

ب دەشت و ســـەحـــرایێ کـــەتێ

لە مـەڵـبـەندی کچی گـاوور نزیک دەبنەوە، خـاچ پەرسـتـان و سـەربازانیـان دێنە دەرەوە و تەماشای زیکر و تەهلیلەی دەروێشان دەکەن:

کـــــرهان و کـــــۆ دۆلاب و ئاش
چەرخین ل بەر شێخ پێش و پاش
مـا خـاچ پـەرست بێـتـە تەمـاش

ژ عـــەسکـەران تەمـــاشـــە تێ

کە پۆلی دەروێشان لە دێر نزیک دەبنەوە، زیکر و تەهلیلەیان گەرمتر دەکەن بۆ ئەوەی کچە گاوور لە پەنجەرەوە تەماشا بکا و ئەوجا شێخ چاوی پێی دەکەوێ:

حـەمـیـان ژ دوورڤـە ئەڤ فکر
ئەم دی ب جـۆش بچـینە زیکر
دا بێـتـە پێش قـیـزا بیکر

دا شـێخ ببـینت سـوورەتێ

کچە گاوور لە پەنجەرەوە خۆی پیشان دا:

دەنگی مـــریدان چوو فـــەلەک
دێرا کـــو راهیب تێ گـــەلەک
ئـانینـە پـێش یا چاڤ بەلـەک

هـاتە شـــەباکـــا قـــیـــبلەتێ

هـاتـە شـــەباکـــا پەنجـــەرێ
کڤش بوو ژ سینگ حەتا سەرێ
ژ وی نـەزەردا عـــــەسکـەرێ

بووکـــا دلی جـــەمـــاعـــەتێ

ل زیکران کچ ســـــەیـیـــــری
مـــــورشـــیـــد وی دەمـێ فکری
یـارەب هـەنـە ئـەڤ ڕەنـگ پـەری
نـازک بـەدەن ڤـێ شـــوبـهـــەتـێ
حـاشـا هـەبن ئەڤ ڕەنگ بەشـەر
ڕۆژ بـوو ژ شــــەرقـێ هـاتـە دەر
بـوونـە قـــــران هـەردوو نـەزەر
ئەحـســەن ژ فـەزل و نیـعـمـەتێ
ســـــەکنی پـال دا شـــەباکێ
سـاحـیـبی شـەمل و سـیـواکێ
بـروان ئـانـیـنـە ز کـــــــاکێ
یوجندی ژ هـەســـپێ کـــەتێ
عـاشق ل مـەعـشـووقێ فـەرجی
بـەحـــرا ئەڤـــینێ حـــەجـەجی
مـورشـــیـد دخـــوونێ مـــەووجی
ژ تیـــرا کـــڤـــانی جـــەبهـــەتێ
نـەســـــرانی یا زەرین گـــوهـار
ســـۆفی کـو شـــاد ڕەس ل بـال
شێخ دەست ب دەست ئاڤێتەخوار
بێ هـش کـــــر و هـش پێ نـەتێ
سۆفی و مریدان کە جوانی کچە دەبینن دەڵێن شێخ ناهەقی نییە:
حـەمـیـان کـو دی ئەو ڕوو مـەهـە
قـــوچە کـــەتە بەر دەرگـــەهـە
وان گــــۆ تـە هـەڤ لۆمـــــە نەهـە
ئـیـــرۆ ژ شـــێخ و خـــەلوەتێ

خــەلقــۆ ل شــێخ لۆمــان مکن
ئەڤ ڕەنگ پەری زولفـــان ڤکن
دەی عـــاشـــقـــان دێوانە کن
ژ تەبعی مـەعـشـووقــان وەتێ

لەپاش ئەوەی شێخ بەبینینی کچە گاوور شاد دەبێ، یا دەگاتە قۆناغی گەیشتن (الوصول) و یەکبوون (الاتحاد)، لە هۆش خۆی دەچێ، سێ شەو و سێ ڕۆژ بێ ئاگا دەبێ ئینجا دێتەوە سەر خۆی. زیاتر ئاگری دڵداری جەرگ و هەناوی دەبرژێنێ، تا دێتە سەر ئەوەی کە دەنگی ئەم نازەنینە بەلایەوە خۆشتر بێ لە ئاوازی بانگی نوێژ:

شـێخ گـۆتـە وان لبـسی قـەبیح
دەنگێ کـــچـــا بیکرا مـــەلیح
نـادم ب وێ بانگا ســـەحـــیح
دووزم ژ وێ ســـەمـــعـــیـــەتێ
ئـەر عـــاقلن من تێک مـــەدەن
هوون شـیـرەتان بێ هوودە دەن
ئیـــرۆ کـــچـــا نازک بەدەن
نـادم ب وێ جـــەمـــعـــیـــەتێ
مــەجنوون کـرم عـاج گـەردەنێ
ئەو ئەفـعی یا ژ ڕەنگێ خــەنێ
کـــوشـــتم ل ئەرزێ ئەرمـــەنێ
شـــەهـمـــارە زلف و قـــامــەتێ
مـــاری ملی وی گــەســـتـــمـــە
ب زلفی نـازک بەســـــتـــمـــە
سـانیـعی سونعان خـوەسـتمـە
دا تێـــر بەبینم سنعـــەتێ

لە پاش ئەمە شێخ بەتەواوی بیروباوەڕی یەکێتیی بوون (وحدە الوجود) و یەکێتیی بینین (وحدە الشهود) ئاشکرا دەکا و ئەستووری فەلسەفەی سۆفیزمی کۆزمۆسی دەخاتە ڕوو، لە دێڕی یەکەمی چوارینی دووەمی داهاتوو (نارێ فیراقا سەرتەمێ) ڕەنگە «سەرتەم» نازناوی مەعشووقەکەی بێ:

بێ ئیسم و جیسمی دلبەری
چ بکم ب ئاڤا کەوسەری
دێ ئیختیار کم سەقەری
نار خوەشترە ژ فرقەتێ
نارێ فیراقا سەرتەمێ
واسیل دبیتە جەهەنەمێ
ئاگر دچیتە عەدەمێ
ئەسلەن برووسکەک ژێ نەتێ
خەلقۆ جەهێ ناڤ لێ جەحیم
ب بەرەکەتا شاهی ڕەحیم
دبیتە جەننەتا نەعیم
ژ بهن و بخوورا جەننەتێ

ئینجا سۆفییان دیسانەوە دەکەونە ئامۆژگاری، بەڵام بێ سوود، ئیتر دێنە سەر ئەو باوەڕەی کە شێخ واز لەم ڕەوشتە ناهێنێ:

مەجنوون سیفەت نابت ب کێر
مەجزوون بوویە ئەڤ پیرەمێر
شێخی مە وو ناقووسی دێر
بەو حوججەتا تەرکییەتێ

بەم جۆرە ناچار دەبن وازی لێ بهێنن و بەجێی بهێڵن:

سۆفی هەمو رابوون ژ بال
هشتی ل وێ ئەو پیرەکال

حـەمـیـان ل سـەر دینی بەتال

وان بێ حیـساب کـەرب ژ ڤـەتێ

مـرید و سـۆفییـان لە شـێخیـان دوور دەکـەونـەوە، بەڵام شـێخ لە نزیک کـچـەکـە دەمێنێتەوە، کچە بەچاوێکی بەرز تەماشای شێخ دەکا و ڕێزێکی زۆری لێ دەنێ:

ئیکرام کـر دۆتا گـورجـیـیـان

شێخ نەخوەش بوو رابوو پێیان

ژ بەر کـچـی و هـەڤـرییـان

مـەیلی کـشـانده خـزمـەتێ

مـەیلا حـەبیـبـا دلبـرە

قـامـەت نەیا لەب شـەککەرە

پرسی ژ شـێخ چە خـەبەرە

ب کـۆڤـە دچی ژ کـۆڤـەتێ

پاش ئەوەی شـێخ باسی دڵداری و ئەڤینی خۆی بۆ کچـەکە دەخاتە ڕوو کـچـە دەڵێ:

دلبـەر دبێ یا مـیـر مـەزن

ئـیـرۆ ژ تـە بـبن کـفـن

تو مـحـەمـەدی نابی ژ بۆ من

ئەز عـیـسـایی تو سـوننەتێ

بەلای شـێخـەوە مەسـەلە گەورە و بچووکی تەمـەن نییـە، پیرێکی هـەشـتا سـاڵە و کـچـێکی چواردە سـاڵە نـیـیـە، بەڵکو دڵدارییێکە لـە پەیکەری مـەتریالی لەش چۆتە دەرەوە، بەم جۆرە شێخ لە وەراما دەکەوێتە موناجاتەوە:

عـەشق و مـەحـببـەت ئیسـمـەکن

عـاشق و مـەعشـووق جیسـمـەکن

هەر چار د هـەڤـدا قـیـسـمـەکن

شـێـخـەک دڤێ مـەعنی بدەتێ

شـێخ گـۆت تو نەجـاتا منی
ئیـحـرام و مـیـقـاتا منی
نینک و مـیـرئاتا منی
سـەرتا پیـیـان تێ روئیـەتێ
سـەر تا پیـیـان تێک نینکی
مـیـسـبـاح و نوورا بێ شکی
لەب لەعلی سـیـمـا نازکی
تو مـیـهـرییـا لەتافـەتێ
تو ڕوهنیا میـهرا شـەفیـفی
نینکا شـێـخی شـەریفی
مـەزهـەرا شـاهی لەتیـفی
مـەعـدەنا وەحـدانەتێ
یان مـەعـدەنی یان جـەوهەری
یان سـانیـعی یان مـەزهەری
یان عـەکسا شـاهی ئەکبـەری
یان تێ ژ تە نەقـشی روئیـەتێ
کـاتبی نەقـشی لاڤی
شـووشـەیا ئاڤـا گـولاڤی
نوور ژ بالا تێـتـە ناڤی
نار ژ زەیتـا حـیکمـەتێ
ئاگـر و زەیتـا فـتـیلی
پرتەوا ئیـسـمی جـەمـیلی
دا دلی شـێخ قـەبیلی
ڕوهنیـا وەحـدانەتێ
کە لە موناجات دەبێتەوە، کچە بادەی مەی بۆ ڕادەگرێ:

ڕوهـنـیــــا دابـوو وجـــــوودی
ژ مـــهحـبـــهتا شــاهی وهدوودی
ناگـههان شـێخ چوو سـجـوودی
مـهی ڤـهخـودار د وێ سـاعـهتێ
ئهو مــــهیا گــــولگونه ئاله
دلبـــــــهری دایه پـیـــــاله
نۆشـی جــان کــر پیــره کــاله
بـا دهیا عــــافـــــیــــــهتێ

له پاش ئـهمـه شـێخ هـهمـوو ئایینهکـانی بوون بهدیان دههێنێتـه دی، زونار له پشتی دهبهستی، خاچ به ملییهوه دهکا، دهبێ به بهرازهوان. وه بۆ ئهوهی بهتهواوی بێته سهر ئایینی کچهکه واز له قورئانیش دههێنێ:

دلبــهری جــام دابوو دهســتــه
وی زونار ئانینه بـهســــتــــه
زاهیــری دین چوو ژ دهســتــه
باتینی چـوو مــــهشـــیـــــهتێ
شــێخ گــۆته باتین ڤــهکــرم
عــهشـقــا ته ئهز غـارهت کـرم
ئیـــرۆ دگــــهل ته کـــافـــرم
حــهتتــا کــو دهورانا مــه تێ
لـــهولــهبــی دهوران ب دوورن
گـــهه ل ژێرن گـــهه ل ژوورن
مـــن و تــه نــۆبــهت ب دوورن
تا زهمــــانی فــــرســــــهتێ
فــرســهت و تالع و بـهخــتــه
هودهود و بهلقـیس و تـهخــتــه

شـــێخ دزانـی هێـــژ نەوەخـــتـــە
وەخـت د پەی ســـــەبرێ ڤـــەتێ
ســـــەبری بادە ڤـــــەخـــــوارە
وان ل پـشـــــــتـی بـەسـت زونـارە
شـێخ مـسـحـەفێ ئاڤـێـتـە نارە
ژ مـــــسكری دینـان ڤـــــەتێ
حـــیكمـــەتا وان ڕەمـــز و ڕازان
مـــورشـــــیـــــدی ناز و نیـــازان
مـەی ڤـەخـوار چوو بەر بەرازان
پێـخـاس د پێ وەحـشـان ڤـەتێ
ئەو مـورشـیـدی پێـخـاس و تازی
چوو ل ســـەر پۆســـتی بـەرازی
ســـــەدەفـــا دوڕ تـێ دخـــــوازی
ژ هـەر دوو لێـــڤـــان شـــەربەتێ

شێخ سـاڵێكی تەواو دەبێتـە دەرگاوان و بەرازەوانی دێر، بۆ ئـەوەی لە نزیكەوە هەمیشـە كچـە گـاوور لە پێش چاوی بێ. لە پاشانا سۆفی و مریدان دێنەوە لای و پێی دەڵێن:

تـو شـــێخ عـــەتارێ ســـادقـی
ڕاسـت و دروســـتـی خـــالقـی
ئیــــرۆ وەكـــــیلێ مـــوتلەقی
هیـــمـــەت ژ مـــەر مـانا تـەتێ
ئەم جـوملە پانســەد مێـر هـەین
ئیـــــرۆ د فــــــەرمــــانا تـەین
وەڵڵا ل ســـەر عـــەهدا خـــوەین
هیـــمـــەت بكە شـێخ مـــەتێ

گفتوگۆ دەکەوێتە نێوان سۆفیان و شێخ، لە ئەنجاما سۆفییان ڕاستییان بۆ دەردەکەوێ کە عەشقی شێخ عەشقێکی پاکە:

ئەو ســــۆفی بە ئەوراد و دەف
وان مەجلیسەک دانی ب شەڤ
شێخ سەحەرێ چەهڤ چوونە خەڤ
زوو دی شـــەفــیــعی ئوممەتێ

ڕووحی وی دی زاتی ڕەســـوول
مـــزگـــینیـــا تە بوو قـــەبوول
ئیـــرۆ بدە خـــەلقی مـــەلوول
دا ســـەح بکن کـــەرامـــەتێ

داهوون نەبێن شـــێخ کـــافــرە
زێر باتینە زیڤ زاهیــــــرە
ژ هەردوو وجـــوودان تاهیـــرە
عـــەشـــقی برە توو هوورەتێ

حـــالی ل شـــێخ ڕەحـــمـــانییـــە
دا هوون نەبن نەفـــســانیـــیـــە
وی یەک ب یەک زانیـــــیـــــە
دین کـــر بیـــا وەحـــدانەتێ

کچەکەش پەری بەهەشتە، لە بابەتی شێخە، یەکتری تەواو دەکەن، یاخود گیانێکن لەناو دوو پەیکەردا:

ئەو حـــۆری یا شـــێخ بابەتە
بەیزا یەدە جـــە نەنەتە
لەب شـــەکـــەرە نەی قـــامـــەتە
تێک تەییـــبـــاتا نیـــعـــمـــەتێ

بۆیە کچی گاوور گیرۆدە و گرفتاری شیخ دەبێ:

سـەکنی گـــۆهـ دا خـــرۆشـێ
سـۆفـیـیـان دا نۆشـە نۆشێ
باتـینـی کچ هـاتـە جـــۆشـێ
ئەسـەرا وان ڤـێ کـەتـێ
نـار ب نـوور هـاتـە نێـڤـە
سـۆفـیـیـان شـێخ بر ب رێڤـە
مـوبتـەلا بوو کچ د پێـڤـە
بێ قـەرار کـر هـیـمـمـەتێ

شـێخ واز لە بەرازەوانی دەهێنـێ و پشت لە وڵاتی گـاووران دەکا، ئەمـە دەبێتـە هۆی گریە و زار و فیغانی کچەکە:

دلبـەری بەردا گـــرینـێ
هـسـتـری وی نـازەنـینـێ
بوونـە جـــۆباری د خـــوونـێ
تێتن ژ هـەورا فـیـرقـەتـێ

خـەڵکی بەکـچی گـاووری خـۆیان دەڵێن، تۆ کـچی مـیـری گـورجـانی، جـوان و نازەنینـی، مـەی دەنۆشـی، ئەتلەس و غـارا دەپۆشی، ئەم شـێخـە پیـرە ڕزیوەت بۆ چییە!:

چەهـڤـان ژ کێ را کل بـکم
بـسـکـان ژ کـێ را چـێ بـکـم
دی پوسـتـەکی ل مـل بکم
ئـەزێ هـەریمـە جـەننـەتـێ
جـەننـەتی حـاسـیل بکم
ئـیـدی ل دنیـا مـن تەعم نەتـێ

کـچـە داوای ئەسـپـێکی کـەحـێل دەکـا بۆ ئەوەی بەدوای شـێخ بکەوێ، سـواری ئەسپ دەبێ و ئاوزەنگ لێ دەدا، کە دەگاتە ڕاستی شێخ لە ئەسپ دێتە خوارەوە و

دەستی دەخاتە ناودەستی، شێخ لە شەرمان و لە ترسی توانەوەی مەتریالی لەناو کچەدا لە خودا دەپاڕێتەوە کە گیانی دەربێنێ:

دما کو ئەو گیهای وی
پیا بوو دەست ئاڤێتە دەستی وی
شێخ ژ شەرمان دوعاکری

عیزراییل پەیدا دەبێ و گیانیان دەکێشێ و لەسەر ئایینی ڕاست بەبەهەشت شاد دەبن:

عیزرائیل ڕووحێد وان ل وی
قەبز کر و ب جەننەتێ شا کری
ئەومان ل وێ دین و سوننەتێ

فەقێ تەیران لەم چیرۆکە شیعرییەدا وەستایانە توانیویەتی هەندێ لە ڕەمزەکانی سۆفیزمی کۆزمۆسی و ئیسلامی بەکاربێنێ لە حیکایەتە دڵدارییەکەدا، بۆ ئەوەی لە ئایین دوور نەکەوێتەوە کۆتایی بەوە دێنێ هەردووکیان «دڵدار» و «دلبەر» لە بەهەشت دەگەنەوە یەکتری و لەناو ژیانی جاویدانیدا دەمێننەوە.

زەمبیل فرۆش

زەمبیل فرۆش تەنیا وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی میللی سەرزار ناسرابوو، تێکستی یەکجار زۆری کەوتبووە ناوەوە بەدرێژایی ڕۆژگار. گرنگترینی تێکستە فۆلکلۆرییە جیاوازەکانی زەمبیل فرۆش کە بڵاوکراونەتەوە ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- لە ساڵی ١٨٧٠ ئەلبێرت سوسین لە کوردستانی عوسمانی تێکستێکی تۆمارکرد، لە پاشانا لەلایەن قوتابییێکییەوە لە شاری بەرلینەوە تێکستێکی تری بۆ ڕەوانە کرابوو، ئەویش لە شامەوە لەلایەن کوردێکەوە پێی گەیشتبوو، هەردوو تێکست بڵاوکراونەتەوە و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی ئەڵمانی.

٢- لە ساڵی ١٩٠٣ ئۆسکارمان تێکستێکی لە سابلاغ (مەهاباد) نووسیوەتەوە و گۆڕیویەتییە سەر ئەڵمانی و بڵاوی کردۆتەوە.

٣- هۆگۆ ماكاش پارچەیێكی لە زەمبیل فرۆش بڵاوكردۆتەوە لەگەڵ وەرگێڕانی ئەڵمانی، لە كوردێكی خەڵكی مێردین (ماردین)ی وەرگرتووە.

٤- ڤۆن لۆكۆك لە ساڵی ١٩٠٣ سێ تێكستی ئەدەبی میللی زەمبیل فرۆشی بڵاوكردۆتەوە.

٥- حاجیی جندی تێكستێكی لە كتێبی «فۆلكلۆرا كورمانجی» لە ساڵی ١٩٣٦ لە یەریڤان بڵاوكردۆتەوە. ئەوەی پێویستە لێرەدا بووترێ ئەوەیە تێكستی دووەم وەكو ئەو تێكستەیە كە محەمەد تۆفیق وردی بەزمانی عەرەبی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٥ بڵاوی كردۆتەوە.

٦- ئەمینی عەبدال دوو تێكستی بڵاوكردۆتەوە یەكەمیان لە كتێبی «فۆلكلۆرا كورمانجی»؛ دووەمیان لەناو «كتێبا زمانێ كورمانجی بۆناكۆما چارا» لە شاری یەریڤان لە ساڵی ١٩٣٣.

٧- لە ساڵی ١٩٦٧ گیوی موكریانی لە هەولێر تێكستێكی ئەدەبی میللی زەمبیل فرۆشی بڵاوكردەوە بەدیالێكتی كرمانجی خواروو، بریتییە لە ١٦٠ دێڕە شیعر لەگەڵ پەخشاندا تێكەڵ كراوە؛ لەناو كتێبەكەی موكریانی تێكستێكی تری زەمبیل فرۆش هەیە بەدیالێكتی كرمانجی سەروو لە ساڵی ١٩٦٣ نووسراوەتەوە، گۆیا لە ساڵی ١١٩٠ھ/١٧٧٧م لەلایەن مرادخانی بایەزیدییەوە نووسراوەتەوە و (٥١٢) دێڕە شیعرە.

٨- ئۆردیخانی جەلیل و جەلیلی جەلیل دوو تێكستی تریان بڵاوكردۆتەوە لە مۆسكۆ لە ساڵی ١٩٧٣.

٩- لە ساڵی ١٩٦٤ ژاكلین موسەیلیان لە گورجستان و ئەرمەنستان دە تێكستی تازەی دەست خست و هەمووی لە مۆسكۆ لە ساڵی ١٩٨٣دا بڵاوكردەوە.

چیرۆكی شیعری زەمبیل فرۆش وەكو یادگارێكی ئەدەبی كلاسیكی نووسراو ئەگەرچی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە هەندێ دەسنووس كەوتبووە نامەخانەی گشتی سانت پیترسبورگ بەڵام لە دوای پەنجاكان و سەرەتای شەستەكانی سەدەی بیستەم پێی زانرا و لە ساڵی ١٩٨٣ تەواوی تێكستی چیرۆكەكە بەزمانی كوردی و ڕووسی كەوتە دەست خوێندەوارانەوە.

هەندێ كوردناسانی ئەوروپا بەتایبەتی ژاكلین موسەیلیان بڵاوكەرەوەی

چیرۆکی شیعری زەمبیل فرۆش ئەم بەرهەمە بەشتێکی تایبەتی دەزانێ، لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەگەر لەگەڵ بەرهەمەکانی تری لەم بابەتەی کوردی وەکو مەم و زین، شێخ سەنعان و لەیلا و مەجنوون بەراورد بکرێ لە ڕووی ناوەرۆکەوە ئەمە وەکو یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی شار (شارستانی، پێچەوانەی گوند و دێهات) لە کوردیدا خۆی دەنوێنێ.

ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ ئەوەیە کە ئەدەبی شار لەناو عەرەبدا لە سەدەی دەیەم پەیدابوو لە شێوەی مەقام (مقام، مقامە)؛ لە ئەوروپا لە سەدەی سێزدەم پەیدابوو، لە ئەدەبی فارسیدا –ئەوەی سەر بە دەرباری شا نییە– لە نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەم پەیدابوو، بەم پێیە لە ئەدەبی کوردیدا ئەدەبی شار لە سەدەی هەڤدەمدا پەیدا بووە.

بێگومان پەیدابوونی میرنشینە سەربەخۆ و نیوە سەربەخۆکانی کورد لە سەدەکانی پازدە و شازدە بووە هۆی ئەوەی شار پەیدا ببێ و پیشەسازی بکەوێتە ناوەوە. ئەم ژیانە تازەیە ڕەنگی لە ئەدەبدا دایەوە و نەوەکو تەنیا چینەکانی سەرەوە بوون بەقارەمانی داهێنانی ئەدەبی بەڵکو چینەکانی خوارەوەش بەشدارییان تێدا کرد.

نویشکی ناوەرۆکی چیرۆکی شیعری نووسراوی زەمبیل فرۆش و هەموو تێکستە فۆلکلۆرییەکان بەم جۆرەیە:

«خاتوون یا خانم ژنێکی گەنجی یەکجار جوان بوو، ژنی میرێکی کوردی دەوڵەمەند بوو، لەناو قەڵا و کۆشک و سەرا دەژیا. ڕۆژێ لە ڕۆژان کابرایێکی زەمبیل فرۆشی هەژاری زەحمەتکێش بەپێش کۆشک و باڵەخانە تێپەڕ دەبێ. خاتوون چاوی پێدەکەوێ و یەکسەر حەزی لێ دەکا. مێردی لە ماڵ نابێ، هەموو فڕ و فێڵێک بەکاردێنێ بۆ ئەوەی زەمبیل فرۆش بچێتە ناو باڵەخانەوە. خاتوون هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دەدا و بەڵێنی دەداتێ هەموو شتێکی بۆ بکا و چی دەیەوێ بیداتێ ئەگەر دەستی لەگەڵ خاتوونا تێکەڵ بکا. زەمبیل فرۆش هەموو ئارەزوویێکی خاتوون ڕەت دەکاتەوە، بەلایەوە هەژاری باشترە لە تاوانباری. لە پاشانا ناچار دەبێ داوا لە خاتوون بکا کە ڕێی بدا بۆ ئەوەی بچێتە سەربان و دەسنوێژ بشوا و نوێژ بکا. لەوێ لە خودا دەپاڕێتەوە لەم کارە ڕزگاری بکا و

بەتەما دەبێ خۆی لە سەربانەوە فڕێ بداتە خوارەوە، بەڵام خودا داوای دێنێتە دی و جبرابیل دەنێرێ، زەمبیل فرۆش دەخاتە سەر باڵی و لە کۆشک دەیهێنێتە خوارەوە. زەمبیل فرۆش ئەو ڕۆژە بەدەست بەتاڵی دەگەڕێتەوە ماڵەوە. کەچی خێزانی تەندووری داخستبوو وەکو هەموو ڕۆژان بۆ ئامادەکردنی نان و خواردن، بەڵام ئەو ڕۆژە هیچیان نەبوو. ئەو ئێوارەیە ژنێکی هاوسێیان بۆ ئاگر دێ، کە ژنی زەمبیل فرۆش سەری تەندوور هەڵدەداتەوە دەبینێ تەندوورەکە پڕ لە نان و خواردەمەنی بەهەشتە».

قارەمانی بنچینەیی ئەم چیرۆکە دوو کەسن، هەردووکیا شارستانین، یەکەمیان ژنی میری کورد و دانیشتووی کۆشک و باڵەخانە، دووەمیان کابرای پیشەسازی هەژاری شارستانی بەدەست زەمبیل دەچنێ و لەسەری دەژی.

ئەوەی ڕوون و دیارە لە کۆمەڵی گوند و دێهاتیدا ژنی کورد لەوە بەدوورە دەستی خۆی لەگەڵ هیچ کەسێکی تر تێکەڵ بکا جگە لە مێردی، حەز حەزۆکەی ژنی میر کردەوەیێکی شارستانییە.

هەرچەندە ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکە ڕەسەنەکانی ئەدەبی کوردی، بەڵام ناوەرۆکی لەم بابەتە لە حیکایەتەکانی «هەزار و یەک شەو»دا هەیە، دەبێ ئەوەش بزانین ڕەنگە چیرۆکەکەی هەزار و یەک شەو لە چیرۆکی ئەدەبی میللی کوردی و چیرۆکی ئەدەبی میللی نەتەوە هاوسێکان وەرگیرابێ. لە بنەڕەتیشدا وەکو ئاشکرایە چیرۆکەکانی کتێبی هەزار و یەک شەو لە ئەدەبی میللی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی وەرگیراون.

لەلایێکی ترەوە ناوەرۆکی بەرزی داهێنانی ئەدەبی میللی لە هەموو نەتەوەیێک دەبێتە سەرچاوە بۆ داهێنانی تێکستی تری فۆلکلۆری، لەبەر ئەوە گەلێ تێکست دەکەوێتە ناوەوە، نەوەکو تەنیا ئەمە بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی شاعیر و نووسەران ئیلهامی لێ وەربگرن و گەلێ بەرهەمی تازەی لێ دروست بکەن.

ئەم چیرۆکە بەرهەمی کێیە؟

لەنامەخانەی گشتیی سانت پیترسبورگ شەش تێکستی دەسنووسی زەمبیل فرۆش هەیە، کۆنترینیان لە سەدەی هەژدەم نووسراوەتەوە لە هەموو دەسنووسەکاندا چیرۆکەکە بریتییە لە ٢٤٠ دێڕە شیعر (٦٠ چوارین).

ئەلێکساندر ژابا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەم بەرهەمە لە نووسینەکانی مەلای باتەییە، بەڵام کە لە ژیانی باتەیی دەدوێ و باسی بەرهەمی دەکا ناوی زەمبیل فرۆش نابا. زانای تریش جگە لە ژابا لە هەموو ئەو کەسانەی باسی مەلای باتەییان کردووە «زەمبیل فرۆش»یان بەبەرهەمی ئەو لە قەڵەم نەداوە.

ئەوەی ئەم نهێنییەمان بۆ دەکاتەوە شیعرەکانی زەمبیل فرۆش خۆیەتی. ئەگەر بەراورد لە نێوان زەمبیل فرۆش و بەرهەمەکانی مەلای باتەیی (شیعری لیریکی و مەولوودنامە) بکەین دەبینین لە زمان و شێوە جیاوازی هەیە. زەمبیل فرۆش زیاتر دەشکێتە سەر زمان و شێوەی ئەدەبی خەڵکی کورد، لەبەر ئەوە لە بەرهەمی مەلای باتەیی ناکا.

سەرەڕای ئەوەی کە زەمبیل فرۆش لە ڕووی تەکنیکییەوە هی ئەو شاعیرەیە کە «شێخ سەنعان»ی داناوە، دەبینین لە دوو بەیتی دوایی دەسنووسەکانی ژمارە ٢٦، ٢٧، ٣٦دا دەڵێ:

«ئەی میم و حێ خوەش دەفتەرە...»

دیارە «میم و حێ»ش نازناو یا ناوی نهێنیی شیعری فەقێ تەیرانە، زیاد لەسەر ئەم هەموو بەڵگانەش لەناو خەڵکی باکووری کوردستان «زەمبیل فرۆش» بەبەرهەمی فەقێ تەیران ناسراوە.

### گەشتێک لە گێتی «زەمبیل فرۆش»دا

زەمبیل وەکو شتێکی پێویست پێوەندی بەژیانی شارەوە هەیە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا. بوونی بازاڕ بەڵگەی هەرە گرنگی شارە، چونکە شێوەی پێوەندی ئابووری لەناو کۆمەڵدا دیاری دەکا، زەمبیل دەورێکی باڵای هەیە لە ژیانی بازاڕدا چونکە بۆ گواستنەوەی هەموو ئەو شتومەکانە بەکاردێ کە لە بازاڕدا دەفرۆشرێن.

پیشەسازی زەمبیل لە ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ پەیدابوونی شار کەوتۆتە ناوەوە. ئەو وەستایەی زەمبیل دەچنێ و ئامادەی دەکا لە چینی خوار ناوەڕاست دەژمێررێ. ئیتر ئەم وەستایە شاگردی دەبێ، لەلایێک یاریدەی دەدەن بۆ چنینی زەمبیل، لەلایێکی تریشەوە بۆی دەفرۆشن و کرێی خۆیان وەردەگرن. یاخود زەمبیل فرۆش

کۆمەڵێک زەمبیل بەهەرزانتر لە وەستای دەکڕێ و لەناو بازاڕ یا کۆڵانەکانی ناو شار دەیفرۆشێتەوە کڕیاران و شتێکی لێ قازانج دەکا و پێی دەژی. زەمبیل فرۆشی ئێمە وەک دەردەکەوێ لەسەر قازانجی زەمبیل فرۆشتن ژیاوە.

لەم ماوەیەدا تەواوی تێکستی «زەمبیل فرۆش»ی فەقێ تەیران بڵاو دەکەینەوە، ئەم تێکستەی ئێمە لە ئەنجامی بەراوردکاری لە نێوان هەموو تێکستە دەسنووسەکانی نامەخانەی گشتیی (سانت پیترسبورگی ئێستا) و تێکستە ساغکراوەکەی ژاکلین موسەیلیان هاتۆتە ناوەوە، ئەوەی شایانی باسیشە ئەوەیە ساغکردنەوەکەی موسەیلیانیش دیسانەوە هەر بەئیملای کۆن نووسراوەتەوە، تێکستی ئێمە بەئیملای تازە تۆمارکراوە و ئەو وشانەی بەڕاستمان زانیوە ئەوانەمان نووسیوەتەوە. فەقێ تەیران بەم جۆرە دەست بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکا:

ئەی دل وەرە دیسا ب جۆش
جارەک ژ جاما مەی بنۆش
بکم قیسسەتا زەمبیل فرۆش
دا سەح بکن حیکایەتێ
زەمبیل فرۆش لاوەک ڕەوال بوو
ب کلفەت و ئەهلی عیال بوو
حوسنەکە یووسف ل بال بوو
حەققە ڕەززاقێ قیسمەتێ
ئەو قەوی لاوەک فەقیر بوو
دائیما خوەدێ د بیر بوو
د پشتێ سەلکان ژیر بوو
دەست دکر ب وێ سنعەتێ
شوغلێ وی سەلک و تەبەق بوو
دائیما ئەو ڕاست و حەق بوو
قیمەتی سەلکان وەرەق بوو
ئەو پی د دیرا کلفەتێ

كلفـەتی قـیـسـمـەت ل وی بوو
ژ تشـت و مــــــال چ وی نـەبوو
د پیـــشیٚ ســـەلكان قـــەوی بوو
هـەر ب دەست مـــەشـــغـــەلەتـیٚ
هەر رِۆ ب دەست زەمبیل دبەست
دبـرنـە بـازارِان ب قـــــــــەست
خــــــارن و نـان دهـات ب دەست
رِازی دبـوو ب قـــیـــســـمـــەتـیٚ

رِۆژێ لە رِۆژان زەمـبیل فـرۆش بەپێش قـەلاّ و كـۆشـك و باڵەخـانەی مـیـری شـار تێدەپەرِی، ژنی مـیر چاوی پێی دەكەوێ و حـەزی لیٚ دەكا. بێگومـان ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی ئەوەیە كە ژنی شـارسـتانی بەتایبـەتی ژنی گەورەپیاو و دەوڵەمـەندانی كە لـە ناو كـۆشـك و سـەرا دەژین پیـاو زۆر دەبیـنن و ئاشنایەتیـان لەگـەڵدا پەیدا دەكــەن، ئـەمـــانە بـەزۆری هـاورِێ و برادەرانی خـــانەوادە لـە گـــەورەپیـــاوان یـا دەستوپێوەند لە باغەوان و خزمەتكاران دەبن.

میر و دەوڵەمەند و گەورە پیاوان چاو لەدەر دەبن، پێوەندی لەگەڵ ژنی تر پەیدا دەكـەن، یـا هـەریەكـێكی چەند ژنێكی ئاشكراو نهێنـی دەبیٚ، لەبەر ئـەوە ژنی ئەم گـەورە پیـاوانە هـەوڵ دەدەن بۆشـایی ناو دەروونیـان پرِ بكـەنەوە، بەوەی تۆڵـە لە مێردیان بسـەننەوە، بۆیە بەلایانەوە ئاساییـە ئەگەر پێوەندی لەگەڵ هەر كەسێك پەیدا بكـەن كـە بەدڵیـان بیٚ، ئـەمـە وەكـو ناوەرِۆكـێكی هونەری بەنـاوی «مـەكـری ژنـان»ەوە چۆتە ناو ئەدەبی گێتییەوە:

رِۆژەكی ســــەلكان كـــو تینـە
خـــــــــاتوونەک ژۆردا دبـینـە
ب دل و جـــــان د حـــــەبینـە
كـەتیـیـە بەندا مـەحـەبـبـەتیٚ
مـەحـبـەتیٚ كچ مـوبتـەلا كـر
ســـر ل جـــاریا ئاشكرا كـــر

لاوەکی قـــەلبم جـــودا کـــر
من ژ عـــەشـــقـــان خـــەو نەتێ
ئەو لـەتیـفـا بـێ ئیـخـتـیـارە
جـــاریـیـــەک ژۆردا هـەنارە
تـو هـەرە بـیـــــــژی ب زارە
مـــا بـین ســـەر مـــەسلەحـــەتێ
ئەو جـاریانە د خـەوفا خـودێنە
لاو ب ڤـێ حـــــــیلـە دبـینـە
مـــیـــر ژ تـە ســـەلکان دڤـــینە
لـێ دکـتن حـــــــــــیلـەتـێ
تو چێکە ســـەلکان د چاکـــە
بینە دەرگـــــاهـی بـەهاکـــە
مـــیـــر حـــەقـێ تە دی ئـەداکـە
شــــوغلـەک خــــێـــرا تـەتـێ
لاو ڕابـوو چـوویـە مـــــــــالـە
چـێکرن ســــــــەلکی دەلالـە
ئـانینـە دەرگـــــــاهـی ڕەوالـە
ڕزق ئـەڤـــــە حـــــەق بـدەتـێ
ســــــــەلک برن ب ژۆر هـەنارە
دیت جـــاریـیـــەک هاتـە خـــارە
مـــــــیـــــــر ژ تـە دڤـێ دیدارە
دێ بـدەتـە قـــــیـــــمـــــــەتێ
گـــۆ بلا قـــیـــمـــەت ب وی بـە
ئـەڤ نزانت بـەند و لیـــبـــە
چوونە بـال مـــیـــران چبـــە
ئـەوی نـزانـت حـــــــــالـەتـێ

زەمبیل فرۆشی ئێمە بێگومان کوڕە جووتیارە، لە گوندەوە کەوتۆتە شار، لە ڕەنجبەری کوڕی جووتیاری گوندەوە بووە بەهەژاری شار، ژیانی نەمر و نەژی لەسەر قازانجی زەمبیل فرۆشتنە:

لاو بوی لیـــــــــبی نزانی
بێ فکر ئەو چوویە بانی
دەرکـــــە دادا دەرکـــــەڤـــانی
ئەڤ چ بەلا بوو لاو کــــــەتێ
وی کـــو دی دەر پێـــڤـــەداڤـــە
غـــەیرییـــە لێ ڕەنگ و چاڤـــە
گـــۆ یەقین ئەڤ حـیلە داڤـــە
ئەز دێ ببـــینم زەحـــمـــەتێ
ئەو جـــارییـــا پڕ لیپ و بەندە
لا ببـــال مـــیـــران ڤـــەخـــەندە
دی شـــپـــرالەک لەب ژ قـــەندە
قـەت کـەس نەدابوو وەسـفـەتێ
لاوی ڕاسـت ب خــــــــودێ را
پر ژ وی قــــەنجی دگـــێـــڕا
مـــن ژ تـــەنـــاڤـــێ تـــو زێـــڕە
من خـــلاس کـــە ژ زەحـــمـــەتێ

لە پاش ئەوەی کە زەمبیل فرۆش دەگاتە سەرا و پەردە و ژووری نوستنی ژنی میر لەگەڵ یەکتری دەکەونە گفتوگۆ. لێرەدا ژنی میر هەوڵ دەدا هەر لەو دەمەدا زەمبیل فرۆش لەگەڵی بچێتە ناو نوێنەوە، بەڵام زەمبیل فرۆش خۆی بەدەستەوە نادا. ئەگەرچی فەقێ تەیران وا پیشان دەدا کە زەمبیل فرۆش خۆی بەبچووک دادەنێ بەرامبەر بەم ژنە میرە و ئەوە دەخاتە ڕوو چۆن دەبێ ژنێکی وا بەدەسەڵات و دەوڵەمەند حەز لە کوڕێکی بێ دەسەڵات و هەژار بکا! بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە زەمبیل فرۆش بەم قسانە دەیەوێ دەماری چینایەتی ژنە میر ببزوێنێ بۆ ئەوەی بەڵکو وازی لێ بهێنێ:

خـــــاتوون دبـێ چـاره تـو نـینـه
شــەرم مـــەکـــە وەره نڤـــینـه
مـن ب تـه دایـه ئـەڤـــــــــینـه
دا ببـــــــــینـم ژ تـه لـەززەتـێ
لاو دبـێ تـرسـم ژ جـــەببـــاری
دوو حـــــــــەرام بـینـه دیـاری
ئـاگــــرەک وی ل مـــە ببـــاری
ئــەز و تــو بـکـن تـەوبـــەتــێ
کــچ دبـێ لاوی بـبـــــــــــانــی
ئـــەز دبـــیـم داتـــو بـــزانـــی
مـــن ژ بـــۆ یـــا دل تـــو ئـــانـــی
تـو نزانـی مـــوحـــیـــبـــبـــەتێ
لاو ژ خـــــاتـونـێ دبـێـــتـــــە
تـو مـــەخـــازیا دل دڤـــێـــتـــە
دا ژ حـــەق نـبن فـــەهێـــتـــە
ڕوو ســـپـی بن و د قـــیـــامـــەتێ
کــچ دبـێ بـاوێـژ خــــــــەیـالان
وەرەنـێڤ دۆشـــــــــەک و بـالان
بـین بکـە زلـفـــــان و خــــــالان
دووره ژ ڕۆژا ئـاخـــــیــــــرەتێ
لاو دبـێ زلـفــــێت حــــــەریره
مـــا پـیــــرۆزبـن ئـەو ل مـــیـــره
چـه حـــەددی لاوی فـــەقـــیـــره
دەست بدەت ڤێ مـــەحـــەببـــەتێ
کـچ دبـێ لاوی فــــــریـڤـــــــان

وەرە ناڤ ڕەیحــان و ســێــڤــان
شـــەکـــری بمیـــژ ب لێـــڤـــان
شـــوبهی جـــامـــا شـــەربەتێ
لاو دبێ قـــەنجـــا تـەمـــامـی
هـەر وەکی شـــەکـــر د جـــامـی
ژ ســـر و پی تو ل من حـــەرامی
تـرسـم ژ مـــــــەعنـا ئایـەتـێ
کــــچ دبـــــێ لاوی ڕەوالـــــە
ئەر تە حـــاجـــەت زێڕ و مـــالە
هە چی تە خوەست من کر حەلالە
بـەس بکـە ڤـێ حـــوجـــجـــەتێ
لاو دبێ ئـەز نـی تـێــــــــــرم
زێڕ و مـــال چ وی خـــوەندێرم
ئـەز ژ ترســـا حـــــەق نوێرم
نەکـو بەعـیـد بم ژ ڕەحـمـــەتێ
کــــچ دبـــــێ لاوی ڕاس نـــــە
مـیـر ل کـرمـانجـان قـیـاس نە
تـە ژ دەســـتێ من خـــەلاس نە
هــو ل تـە ددم مــــــــوهـلـەتێ
لاو حـوجـجـەت کـر تی بگاڤێ
چـم تـەهـارەت کـم ب ئـاڤـێ
کـچ نـزانـی وی خـــــــۆ ناڤێ
دوورە ژ قـــــــەباحـــــــەتێ

زەمبیل فرۆش کابرایێکی ساکاری پاک بوو، هەندێ ڕەوشتی بەرز لە مێشکیدا چەسپابوو، بەهیچ جۆرێ نەیدەویست بیانڕووخێنێ، توانیبووی بەسەر شەهوەتیدا

زاڵ بێ، نەک لەبەر ئەوەی خۆی هەژارە و بەرامبەر بە ژنە میرێکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ژنەکەی بەکەسێکی نزم و تاوانبار دەزانی، هەروەها لاشی ئاشکرابوو کە خۆی یەکەمین و دوامین کەس نییە ژنە میر حەزی لێ کردبێ و لەگەڵیدا خەوتبێ.

بۆ ڕزگاربوون لەم تەنگوچەڵەمەیە داوا لە ژنە میر دەکا ڕێگەی بدا بۆ ئەوەی نوێژی خۆی بکا، بەم نوێژکردنە زەمبیل فرۆش دەیەوێ هەموو ڕێگەیێک بگرێ نەوەکو خوانەخواستە دڵی نەرم ببێ و لەگەڵ ژنە میردا جووت ببێ، ئیتر لە پاش نوێژ لە سەربانی قەڵا دەست بەموناجات دەکا و لە خودا دەپاڕێتەوە:

خاتوونا پڕ شۆخ و مەستە
لاو ب دل و جان د خوەستە
مەسینەک ئاڤ دا ب دەستە
ژ بۆتە بکم خزمەتێ
لاو ب دەرکەت ژ مەنزیلێ
دەچوویە سەربانی کەلێ
قەت چار نەبوو تێدا هەلێ
داما د فکر حیلەتێ
داما کو دی دل کر گری
دل شەووتی ئەو پڕ گری
ڕوودا و ئەڤراز فکری
بانگ کرە شاهی قودرەتێ
بانگ کرە پادشاهی موبین
گۆ یا دەلیلوکازیرین
تو شادکی قەلبی حەزین
خەلاس دکی ژ زەحمەتێ
یا خالیقی ڕەحمەت کەسیر
یا عالیمی ب قەلب و زەمیر
حەمی سیرڕان توی پێ خەبیر
فەتتاحی بابی شەفقەتێ

فەتتاح تویی میفتاح ب دەست
تو خالیقی هەرچی کو هەست
یەک جار ب تە من پشت د بەست
دا من نەدی هیلاکەتێ
جەرجیس ب شاران بڕی
ئەیووب وەکی کرمان دڕی
یووسف وەکی عەبدان کڕی
تە ئینان سەر سەڵتەنەتێ
وان ئیبراهیم ئاڤێتە نار
پیت و برنگ لێ بوونە سار
ڤەدا بران تە ژ بوی نار
تە خەلاس کر ژ زەحمەتێ
مووسا دنێڤ بەحرا عەمیق
تەلێ ڤەکر دوانزدە تەریق
فیرعەون دنێڤ مایە غەریق
تە دا جەزایێ شرکەتێ
یوونس وەکی حووتدا بەلعاند
یەک وەسلەک ژی نەخلاند
دیسان ب دنێ وەسلاند
من سدق و باوەڕ ب تە تێ
باوەڕ بکن ڤێ گۆتنێ
تۆفان کو هات گرتە دنێ
نووح و گەمی مان ب تەنێ
توی خالیقی ڤێ هەیئەتێ
دەشت و چیا تێک بوونە بەحر
وان عاسی یو خەلقی د خوەر

جوملە دنێڤ دا مانە قەهر

تۆی لایقی وەحدانەتێ

تە خەلاس کرن ئەو حەمی

دزانم کو تو نە نائیمی

ئەز دی خوە باڤێم ڤێ دەمی

حەول و قووەت ژ بال تە تێ

لەپاش ئەمە خۆی لەسەر بورجی قەڵاوە فڕێ دەداتە خوارەوە، بەڵام خودا جبراییل دەنێرێ و دەیخاتە سەر باڵی و بەنەرم و نیانی دەیگەیێنێتە سەر ئەرز:

لاوی ڕاستە ب جەببارە

دل یەکە نابە دوو پارە

خوە ژ بورجێ ئاڤێتە خارە

زوو هاتە نێڤا هێشەتێ

ئەو خالیقی هەر عیلم ل نک

وی گۆتە جبراییل چاپک

هەڕە عەبدی من بگر سڤک

قەنج لێ بکە سیانەتێ

ئەو جبراییل پڕ چەلەنک

هاتە خاری ژ بانی فەلەک

لاو ل هەوا گرت و گەلەک

ویرا دکت عینایەتێ

جبراییل هاتی ژ کەرەم

لاو ل هەوا دگرت ب شەرم

دانیە سەر عەردی ب نەرم

دوور کر ئەو ژ زەلالەتێ

لاوی ڕاست پاک وجوودە

ئەو سـەر بر ب سـوجـوودە
شـوكـر كـر ژ بۆ وەدوودە
تە خـەلاس كـرم ژ زولـەتێ

شوكر و مننەت ئەو لاو د خوەست
ديسـان ب مـال ڕابوو بقـەست
مـيـران سـەلك كێـشـا ژ دەست
زەنبـيـل سـتـاندن ب زولەتێ

ئەو ڕۆژە زەمـبـيل فـرۆش بەدەست بەتاڵی دەچێتـەوە مـاڵەوە. بەڵام ڕەوشـتی تەندوور داخستن ناخەنە پشت گوێ نەوەكو هاوسـێيان گومـان بكەن لەوەی كە ئەو ئێوارەيە شاميان نييە. لەكاتێكدا كە هاوسێييێكيان بۆ پشكۆی ئاگر ڕوودەكاتە مـاڵيـان خـێـزانی زەمـبـيل فـرۆش سـەری تەندوور هـەڵدەداتەوە دەبينێ وا نان و خواردەمەنيی بەهەشت تەندووری پڕ كردووە:

ژنـی هـەبوو عـەقـلـەك ل دۆر
هـەرچی سـەلك سـتـاندن ب زۆر
مـە سـپـارە پادشـاه ل ژۆر
ئەدا بكت د قـيـامـەتێ

ژنـی كـو ئەو گـۆتـن كـرە
ب يەقـين ئەو ژمـيـر قـانيع ترە
ئەوليـا خـودی چو بـوو حـازرە
تو عـاليـمـی ب غـەيبـا نيـەتێ

ژن دبـێ تـو وەرە ئـێـرە
ئەم ئاگـرەك بكن لـێـرە
وەكـی دوه و وەكـی پـێـرە
بـەتـال نـكن ڤـێ عـادەتێ

ژنـی تـەنـدوور هـەلكر دمـالە

دەری گـــــرت ئـەو چوون ژ بـالـە
دا جـیـران نکن فـیکر و خـەیالە
مـــە نـاڤێ زاتـی شـــوبهـــەتـێ
ژنـی تـەنـدوور هـەلـکر ســـــڤک
زادەک نـەبـوو بـاڤی کـــــــوچک
دەری گـــــــرت و چـووبـوو ژنـک
تەندوور ســـۆر بوو ژ نیـعـمـەتـێ
تـەنـدوور پڕ بـوو ب نـان و ئـاش
دەری گـــرت و چـوو بـوویە پـاش
خـالیق ژ جـەم قیـسمـەت مـعاش
تەندوور ســـۆر بوو ژ نیـعـمـەتـێ
جـــیـــرانـەکی وان هـاتـە ســـەر
ئاگرەک ژ وان خواست ب خەبەر
دەمـــا کـــو وان لـێ کـــر نـەزەر
تژی تـەعــــامـی جـــــەنـنـەتـێ
خێر دی ئەوان کو بێ حیساب
ئـیـنـانـە دەر نـان و کـــــــەبـاب
شـەفـەقـەت ل وان کـر ئـەی وەهـاب
تێـــر بـوون ژ زاد و نیـعـمـــەتـێ

فـەقێ تـەیران چیرۆکـە شـیـعـرییـەکـەی بـەوە دوایی پێ دێنێ کـە ئـادەمـزاد دەبێ ڕاست بـێ لە ژیاندا، نـاخـۆشـی لە پێناوی ڕاسـتـیـدا دەبینێ، بەڵام بێگومـان لە دواییدا دەگاتە خۆشی و ڕاحەتی گیانی:

ئـەر ب ڕۆژە ئـەر ب شـــــەڤـــــە
تـاعـــەت بکن هـوون ب خـــەڤـــە
هـەرچـی ڕاســـتـــە جـــەزا ئـەڤـە
دا هـوون نـبن ژ ئـاخـــــیـــــرەتـێ

یا محەمەد غەمخواری ئوممەتێ
هەرچی ژ من باوەڕ نەتێ
نە موستەحەققی شەفاعەتێ
مەخرەج دوورە ڕۆژا ئاخیرەتێ
ئەی (میم و حێ) خوەش دەفتەرە
هەرچی ژ من نە باوەڕە
نە ژ ئوممەتا پێغەمبەرە
نە مستەحەققی شەفاعەتێ

چیرۆکی شیعری زەمبیل فرۆش نموونەیێکی ڕەسەنی ئەدەبی شارستانییە، بێگومان سەرچاوەی بنچینەیی ئیلهامی فەقێ تەیران حیکایەتە فۆلکلۆرییە جیاوازەکانی ئەدەبی سەرزاری خەڵکی کوردە، دیارە لە بنەڕەتیشدا ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریان لە یەکتری کردووە و چیرۆکی لەم بابەتە ئەدگاری هەموو نەتەوەکانی تریشی تێدایە. ئەمە و ئەگەر ئاوڕێکیش لە ئەدەبی سێکس بەتایبەتی (مەکری ژنان) بدەینەوە، ئەوا بازنەکە فراوانتر دەبێ و هەموو ئەدەبی گێتی دەگرێتەوە بەوەی کە «ژن» بەدوای پیاو دەگەڕێ، نەک پێچەوانە. بەڵگەیێکی ڕۆژهەڵاتی ئەمە بنچینەی دروستبوونی حیکایەتەکانی «هەزار و یەک شەو»ەیە، کە شەهریار بەوەی زانی خاتوونی خێزانی نەک لەشی خۆی پێشکەش بەخزمەتکارە ئاساییەکانی دەکا، بەڵکو ئەو خزمەتکارانەش کە عەبد و قولەڕەشن، ئیتر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی، شەهریار هەموو ڕۆژێک ژنێ بێنێ و لە پاش کار بیکوژێ، تا شەهرزاد پەیدا بوو و جوانانی وڵاتی لەم کارەساتە ڕزگار کرد.

بەڵگەیێکی ڕۆژئاواییش ئەوەیە لە سەدەی چواردەم لە بەرهەمی «دیکامیرۆن»ی نووسەری ئیتاڵی جیۆڤانی بۆکاشیوە Boccaccio (١٣١٣ - ١٣٧٥) ڕەنگی داوەتەوە.

دمدم

ڕووداوی جەنگی دمدم ئەوەندە گەورە و مەزن بوو، تەنیا لەناو لاپەڕەکانی تۆماری مێژوو نەمایەوە. لە ڕۆژگارانی ڕووداوی جەنگی دمدمەوە تا ئێستا

قارەمانیەتی جەنگاوەرانی کورد ئەدەبی میللیی سەرزاری کوردی تەنیوە، لە سەرانسەری کوردستان بووە بەسەرچاوەیێکی گرنگ بۆ داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەهەموو بابەتەکانیەوە.

تێکستێکی زۆری ئەدەبی میللی لەم ڕووەوە تۆمارکراوە و بڵاوکراوەتەوە. ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی ئەوروپا دەوری باڵایان بووە، لەمانە ئەلیکساندر ژابا، ی. پریم، ئا. سوسین، ئوسکارمان، کوردوییڤ و گەلێکی دیکە، بڕێک تێکستیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانانی خۆیان و بڵاویان کردۆتەوە.

هەندێ لەو تێکستە ئەدەبییانە بەناوی شاعیرانی وەکو فەقێ تەیران و مەلای باتەیی تۆمارکراون، ئەوانەی لەم بەرهەمانەیان کۆڵیوەتەوە زۆربەی لەسەر ئەو ڕایەن ئەگەر لە ئەدەبی نووسراوی حسێب بکەن بە بەرهەمی فەقێ تەیرانی دادەنێن، بەڵام لێرەشدا دوودڵی لە ناوەوەیە. هەرچۆنێ بێ فەقێ تەیران سوودی لە حیکایەت و بەیتی «قەڵای دمدم»ی ئەدەبی میللی وەرگرتووە و کورتە چیرۆکێکی شیعری لێ دروست کردووە.

ئەم چیرۆکە لە ٦٧ چوارین، واتە ٢٦٨ نیوە دێڕ شیعر پێکهاتووە. کێشی خۆماڵی حەوت کەرتییە، لە هەندێ دێڕدا ئەگەر بڕگەکان نەگوشرێن، دەبێتە هەشت کەرتی. هەر چوارینێک لە چوارینەکان لەسەر یەک قافیەیە (ا ا ا ا)، (ب ب ب ب)، (ج ج ج ج)، هتد...

ئەم شیعرەی فەقێ تەیران دەبێ لە هەموو تێکستە فۆلکلۆری و کلاسیکییەکان کۆنتربێ، چونکە کە جەنگی قەڵای دمدم ڕووی داوە فەقێ تەیران لە ژیانا بووە و لە نزیکەوە ئاگاداری بووە.

## بەیتی ئەسپی ڕەش

ئەم چیرۆکە شیعرییە کورتە تێکستێکی یەکجار زۆری تۆمارکراوە و لە نامەخانەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپا پارێزراون. ئەوی ڕاستی بێ ناوەرۆکی حیکایەتەکە سەرانسەری ئەدەبی کوردی لە باکووری کوردستان داگیرکردووە، نەک تەنیا ئەدەبی نەنووسراوی سەرزار بەڵکو بووە بەسەرچاوە بۆ بەرهەمی ئەدەبی کلاسیکی نووسراویش. ئەم دوو جۆرە تێکستە چوونەتە ناو یەک و تێک ترنجاون بەجۆرێک جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە. جگە لەمە ئەم چیرۆکە

شیعرییە بەناوی جیاوازەوە کەوتۆتە ناوەوە، هی وەکو «بەیتی ئەسپی ڕەش»، «قەولی ئەسپی ڕەش»، «نەوالەیی سیسەبان»، «دۆڵی سیسەبان لە قەفقاس» و هی دیکە.

لەبنجدا ناوەرۆکی ئەم حیکایەتە پێوەندی بەغەزەواتەکانی ئیسلامەوە هەیە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام. بەزۆری قارەمانەکانی لە عومەری کوڕی خەتاب و عەلی کوڕی ئەبووتالیب خۆیان دەنوێن. ناوەرۆکی چیرۆکەکە ئەوەیە گۆیا عەلی کوڕی ئەبووتالیب خەودەبینێ لە خەونەکەیدا هاوار و فەریادی ئەو ئیسلامانەی دەکەوێتە بەرگوێ کەوا لە جەنگدان لەگەڵ کافران لە دۆڵی سیسەبان لە قەفقاسدا. دەستبەجێ لە خەو ڕادەپەڕێ و دەست دەداتە زولفەقار و سواری دوڵدوڵ دەبێ و بەچاوقوچانێک فریای موسوڵمانان دەکەوێ و کافران تەفروتوونا دەکا.

ئەم حیکایەتە تەنیا لە ئەدەبی کوردی ڕەنگی نەداوەتەوە، لە ئەدەبی میللی عەرەبیش ئەم حیکایەتە بەرچاو دەکەوێ و بەچاپکراوی لە وڵاتانی عەرەبی باکووری ئەفریقاش دەس دەکەوێ، حیکایەتێکیان بەم جۆرە ناوی بەعەرەبی تۆمارکراوە «غزوه السيسبان وماجرئ فيها للأمام علی ابن أبی طالب = غەزای سیسەبان و بەسەرهاتی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب تێیدا».

ئەو تێکستە ئەدەبییە میللییانەی لە ناوەوەن زۆرن، بەڵام لە تێکستە ئەدەبییە کلاسیکییەکان کەمترن. خاوەنی ئەمانە بەتەواوی نەناسراون، هەندێکیان بەناوی عەلی هەریری و فەقێ تەیران و مەلای باتەیی تۆمارکراون، هی دیکەیان بێ خاوەنن. ئەمە و مێژوونووسانی ئەدەبی کوردی بیروڕای جیاوازیان هەیە نەک تەنیا لەبابەت خاوەکانیانەوە، بەڵکو لە ڕووی ئەوەی کامە تێکست لەمانە سەر بەئەدەبی میللییە و کامەیان ئەدەبی نووسراوە!

## بەیتی بەرسیسی عابید

چیرۆکی شیعری بەرسیسی عابید یەکێکە لە بەرهەمە بەرچاو و گرنگەکانی فەقێ تەیران، تێکستی ئەم چیرۆکە لە نامەخانەکانی ئەورووپا پارێزراون بەتایبەتی لە ڕووسیا. ناوبانگی بە«بەیتی بەرسیسی عابید» و «بەیتی بەرسیسایێ» دەرکەوتووە.

فــەقێ تەیران ئەم چیــرۆکــەی لـە «هێــشـــەت» لە ســـاڵی (١٠٣٠ھ/١٦٢٠م) هۆنیوەتەوە. بیناسازی شیعرەکە لەسەر بنچینەی بابەتی موسەممەتە (مسمط) ئەمە لە شیعری کوردستانی سەروودا باوە. شیعرەکە لە ڕووی کێشەوە لەسەر کێشی ڕەجەز و ڕەمەلی عەرزوو ڕێکخراوە، بەڵام زیاتری کێشەکان ڕەجەزە و کەمتری لەسەر ڕەمەل ڕێکخراوە.

بەسەرهاتی بەرسیس بریتییە لە ٢١١ چوارین، واتە ٨٤٤ نیوە دێڕ شیعر، ئەگەر بەحسێبی مەسنەویش بێ دەکاتە ٤٢٢ دێڕ شیعر. لە چوارینەکاندا سێ نیوە دێڕی یەکەم لەسەر یەک قافیەیە، دێڕی چوارەمیش لە سەرانسەری شیعرەکە لەسەر یەک قافیەیە (ا ا ا ـەتێ، ب ب ب ـەتێ، ح ح ح ـەتێ...) تا دوایی.

نویشکی بەسەرهاتی بەرسیسی عابید بەم جۆرەیە:

«بەرسیسی عابید کابرایێکی خەڵکی شام بوو، ماوەی ٦٩ ساڵ لە وڵاتی شام شەو و ڕۆژ لەناو ئەشکەوت عیبادەتی کردووە، لەگەڵ مەڕ و ماڵاتدا ژیاوە، خواردنەوەی ئاو و خواردنی گیا بووە. هەموو شەل و کوێر و کەڕ و سەقەت و نەخۆشێکی دیکە بەدوعای ئەو چاک دەبوونەوە.

بەهۆی ئەوەی بەرسیس وەکو سۆفیێک شێخی نەبووە، شەیتان ئەمەی بەهەل زانیوە و هەوڵی داوە بیخەڵەتێنێ. زۆری هەوڵ دا، کارێکی دژوار بوو نەیدەتوانی زەفەری پێ ببا. شەیتان کوڕێکی هەبوو ناوی «وەسواس» بوو. ئەمە بەباوکی دەڵێ من چاری بەرسیس دەکەم، کەچی بۆ ماوەیێکی زۆر هیچی پێ نەکرا، لە دواییدا فێڵێکی دۆزییەوە بەمە نەبوایە نەیدەتوانی بەسەر بەرسیسدا زاڵ بێ، پیلانەکە ئەوە بوو بەهۆی کچێکی شۆخ و شەنگەوە لەڕێ دەری بکا.

بۆ ئەم مەبەسە شەیتان خۆی کرد بەعابیدێک، لە نزیک بەرسیسەوە دەستی بەعیبادەت کرد. وا بوو بەرسیس چووە زیارەتی و خۆی پێ ناساند و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیدا، شەیتان وتی: کەسی سۆفی و بەدین پێویستە شێخی هەبێ بۆ ئەوەی ڕێبەر و ڕێپیشاندەری بێ، سۆفی بەبێ مورشید نابێ. وابوو لە ئەنجاما بەرسیس ئەوی کرد بەشێخی خۆی.

میری وڵاتی شام کچێکی جوان و ڕەند و بەدەوی هەبوو، لە وێنەی حۆری بەهەشتدا بوو. شەیتان خۆی کرد بەپیرێژنێک و چووە لای کچەکە، کچ نووستبوو،

پیرێژن لە بناگوێدا قیڕاندی، کچە ڕاچەنی و لەرز و تا گرتی، لە دواییدا تووشی نەخۆشی دەمارگیری بوو.

میری شام زانا و پزیشک و مونەجیمی هەموو لایێکی کۆکردەوە، چارەی نەخۆشی کچەکەیان بۆ نەکرا. لە دوای سێ ڕۆژ شەیتان چووە خەونی دایک و بابی کچەکە، پێیانی وت: ئەگەر دەتانەوێ کچتان چاک ببێتەوە بیبەنە لای بەرسیس، شەوێک بەتەنیا لای ئەو بمێنێتەوە لە نەخۆشییەکەی چاک دەبێتەوە. میر بۆ ئەم مەسەلە پرس بە وەزیر دەکا، وەزیر دەڵێ: ئەم خەونە ڕاست نییە، بەڵام میر بەقسەی وەزیری نەکرد. ئیتر کچەیان ئامادە کرد و بردیانە ئەشکەوتی بەرسیس، بەڵام بەرسیس بەگوناهی دەزانی تەماشای دەموچاوی بکا. شەیتان پەردەی لەسەر ڕوخساری کچەکە لادا بە بەرسیسی وت تەماشای بکا. بەرسیس کە چاوی پێکەوت خۆی پێ نەگیرا و کچەکەی لە کچێنی خست، بەڵام زوو پەشیمان بووەوە، بەشێخی خۆی، واتە بەشەیتانی وت زینای کردووە. شەیتان پێی وت: دەترسم کچەکە زگی پڕ ببێ و ئەم نهێنییە ئاشکرابێ، لەبەر ئەوە باشترە بیکوژی. بەرسیس کچەکە دەکوژێ لە ژێر لم دەیشارێتەوە.

کچەکە شەو دەچێتە خەونی باب و دایکی و پێیان دەڵێ بەرسیس کوشتوومیەتی و لەژێر لم شاردوویەتیمەوە. باوک و دایک دەچنە لای شانۆی کارەسات و لاشەی کچەکەیان دەدۆزنەوە، بەرسیس دەگرن بۆ ئەوەی لە سێدارەی بدەن. لەو کاتەدا شەیتان دێتە لای، بەرسیس پێی دەڵێ ڕزگارم بکە! شەیتان دەڵێ سوجدەم بۆ ببە خەلاست دەکەم. بەرسیس سوجدەی بۆ دەبا و لە دین و ئیمان دەردەچێ و لەسێدارە دەدرێ، بەم ڕەنگە هەموو عیبادەتەکەی بەفیڕۆ دەڕوا».

فەقێ تەیران گێڕانەوەی چیرۆکی بەرسیسی عابید بەم دێرە شیعرانە دەست پێ دەکا.

گـوھ بدنە پیـرێ دەفـتـەران
دا ئەز بخـونم ڤێ خـەتێ
خـودێ ئیـزنا مـە بدە
ل جـوندییێ د خـزمـەتێ

***

خـزمـەتا سـولْتـان و مـيـران

سـنعــــــەتـا دانـا و وەزيـران

هوون مـەكن بـێ شـێخ و پيـران

گـــوە بـدن ڤـێ شــــيـــــرەتـێ

***

ئەڤ پـەندە خـاسـسـە شـيـرەتە

شـــەرتـی غــولامـــان خــزمـــەته

بـاخــــو نـەبيـن زەحــــمـــــەتە

حـــەقێ ئـينسـاف و مــروەتێ

وەكو لەم پێشەكييەدا ديارە شاعير لە دەستووری دارشتنی چيرۆكی شيعری لە ڕووی نـاوەرۆكـــەوە هـەنـدێ لای داوە و بەمـــونـاجـــات و نەعت و پێـــداهـەڵدانی پێغـەمبـەران و ئەوليايان دەسـتی بەگێڕانەوەی چيرۆكەكەی نەكردووە، بەڵكو تـەنيا لە سـوودی مـانـای ناوەوەی ڕووداوەكـان دەدوێ و يـەكـسـەر دێتـە سـەر بـاسی قارەمانی چيرۆكەكە بەرسيسی عابيد.

هـاتم قـســا بـەرسـيس ببـێم

شـــەيتـانی يا ئـيـبليس ببــێم

ل عــابيــدێ حـــەبيس ببــێم

ئـيــزهـار بكم وێ شــــوهرەتـێ

***

ئيــزهـار بكم بەحــسێ د عــام

بەرسـيس ڕيجـالەك بوو د شـام

تـاعـــەت دەكــر دائيـم مــودام

زەربـوو ژ خـــەوف و هـەيبـــەتـێ

***

زەر بـوو ژ وەعــزێ ســـەروەران

دوور بـوو ژ بەحس و خـــەبـەران

کـەفـتـە مـغـار و کـونبـەران

جـوو بوو مـەقـامێ وەحـدەتێ

***

بەرسـیس نموونەی عـابیـد و سـۆفـیـێکی ڕۆژگـارانی پەیدابوونی فـەلسـەفـە و ئیدیۆلۆجییـەتی سـۆفـیزم بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا. بەرسـیس سـۆفـیـێکی خۆڕسک بوو، واتە شێخ و مورشیدی نەبوو. ئەم دیاردەیە هەڵویستێکی جوانکاری تێدایە شـاعـیر بەکـاری هێناوە بۆ ئـەوەی هێزی ناپاک (شـەیتـان) وەری بگرێ و کۆتایی چیرۆکەکە تراجیدییانە بکەوێتە ڕوو.

ترسـا خـودێ پڕ لێ هـەبوو

ژ عـامێ و غـەیرانی ڤـەبوو

سـەد حـەیف کو شـێخـەک نەبوو

مـابوو دوێ خـەبینـەتێ

***

ئـەر ئـەولیـا ئـەر ئـەنبـیـا

ئەر عـابیـد و ئـەر ئەسـفـیـا

بێ شـێخ و پیـر جـائیـز نیـیـە

تـاعـەت بکن ڤـێ وجـهـەتێ

***

شەیتـان بەوێنەی عابیدێکی سۆفی خۆی دەنوێنێ و دەکەوێتە عیبادەت لە نزیک بەرسیس کونجێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و خەریکی عیبادەت دەبێ.

ئەو ساحـیرێ ڕەنگ سامـیـری

خـەملی ب لبـسێ زاهـیـری

نیـزیکی بـەرسـیس ئـیـوری

ب حـوجـەتا عـیـبـادەتێ

***

وی عـیـبـادەت بێ حـسـێب کـر
بەرڤـە قـیـبلێ سـەر ڤـەجێب کر
تێک و ڤـێک حـیلـەئو لێب کـر
زاهـیـــری شـــێخ شـــوبـهـــەتێ

بۆ هێنانەدی ئەو مەرجەی پێویستە هەموو عابید و سۆفی و دەروێشێک شێخ و مورشیدی هەبێ بەرسیس هاتە سەر ئەو باوەڕەی عابیدی هاوسێی بکا بەشێخی خۆی.

بـەرســـــیـس دبـێ ئـەو دێ وەبێ
دێ کێ ژ تـە چێـــتـــر هـەبێ
ب پیـــر و ئوســـتـــادێ مـــەبێ
ئـەز ژێ بـیـنن نـەفـــــعـــــەتێ

***

خـــەیر و شـــەڕ و مـــەکـــر و بەلا
مـــوهـرا نـەســــیـب و ئـەجـــەلا
ڕاســـــت بـــوو ژ ڕۆژا ئـــــەزەلا
ئـەمـــــــڕۆ بـەرات ژ بـال تـە تێ

***

ئەزەلی بـەرسـیس حـەمـوول کـر
شـێـخی یا ئیـبلیس قـەبوول کـر
خـێر و شـرومی یێ فوزوول کـر
چوو تـەلیـــــســــــمـــــا دولـەتێ

لە دوای ئەوەی عابیدەکە بوو بەشێخی بەرسیس، ئیتر کەوتە پیلان دانان لە پێناوی ئەوەی لە ڕێی ڕاست دەری بکا. بۆ ئەم مەبەسە نەخۆشی کچی میری شام بەکاردێنێ. فەقێ تەیران بەم جۆرە وەسفی ئەو کچە نازەنینە دەکا.

مـیـرەک هەبوو بێ حـەد ب مـال
بکرەک هەبوو قـامـەت شـەپال

سـيـمـا وەكـو بەدرا كـەمـال

قـەت كـەس ئەدا كت وەصـفـەتێ

***

قـەت كـەس ئەدا كت مـەدحـان

شـەبيـهێ هەيڤـا چاردەهـان

عـومـر ژ وان سـال و مـەهان

ويلدان و حـوورا جـەننەتێ

***

ويلدان و حـوورا بێـهن خـوشـە

ئەشك و غـەزالا چاڤ ڕەشـە

دێم قـەمـەرە خـال حـەبەشـە

حـيبـرا بی بێ سـەر كـاغـەتێ

***

خـالێ ژ رەنگێ فلفـلان

ئيـلان و جـووتێ قـاتيـلان

ئەو فـرِ دكـن خـوونا دلان

باكـر چ زانـت مـروەتێ

***

ئەو کچە جوانە تووشی نەخۆشی دەبێ، شەیتان دەچێتە خەونی باوک و دایکی، ڕێنماییان دەکا بیبەنە لای بەرسیسی عابید، سۆزی دایکێتی و باوکێتی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێ، بڕیار دەدەن بیبەنە لای بەرسیس و بیر لە هیچ جۆرە ئەنجامێک ناکەنەوە.

د خـەوێن دبـين بـاب و دێ

وە دڤێ كـچێ خـوش كت خـودێ

بـاندێ بـنـە بـال زاهيـدێ

ڕۆژەک بدەن لـێ مـوهلـەتێ

***

کـــارا کـــچێ کن ب ئاواکی
ســـەری بشـــون ب ئاڤـــەکی
دا شـــێخ ببـــینێ گـــاڤـــەکی
قـــەنجـــە ل بـو مـــەسلەحـــەتێ

***

ڕابوونە خـــــەمــــلا وێ بکن
کـــارێ کـــو باب و دێ بکن
لازم قـــــــــەوی دێ چـێ بـکـن
ژ زیڤ و زێڕێ ســـبـــیـــــەتێ

***

یـەک جـــــار د زیڕی وەردکـن
کـــاشـــــانیـــــا د بەر دکن
تێکدە جـــــلا مـــــاوەر دکن
ژ بێـــهن و بوخـــورا حـــوسنەتێ

***

دێمـــا گـــولی ســـوراڤ دکن
زولفـــان ل ســـەر داڤ داڤ دکن
ب حـــنـــنـــەئـو زەربـــاف دکـن
ب جـــەوهـەرێ د قـــیـــمـــەتێ

بەرسیس کە چاوی بەکچەکە دەکەوێ لە هۆش خۆی دەچێ و خۆی لە نێوان دوو ئاگـردا دەبینێ، یەکـێکیـان وەک سۆفـی، ئەویـتریان ئادەمـزادێک دەکەوێـتـە داوی شۆخێک گەلێ ئاستەمە کەسێک بتوانێ لەو داوە ڕزگاری ببێ.

ئەو عـابیـدێ حـەیران و مــەست
بـەند بـوو ب تـەقـــدیرا ئـەلەسـت
شێخ ئیـختیار چوو بوو ژ دەست
شـــــەرمـــــەندە بـوو د خـلـوەتـێ

***

شـەیتـان دبێ قـەت شـەرم مـەکە
یـەک ئـادەمـــەک نـین بـێ لەکـــە
بـاندێ ژ عـــەیبـــان توبـە کـــە
مـــووســـا دکت شـــەفـــاعـــەتێ

***

قـــەت غـەم مـــەکـە دونـیـــا وەیە
بـەنـگ و زینـا قـــەتـل و مـــــەیـە
ل وان حـــەمـــیــــان تـەوبە هـەیە
پـاقـــــــــژ دبـت ب تـەوبـەتـێ

***

ب تــەوبـــێ دچـن بـــێ ئــەدەبـی
ترسم کـــچـێ حـــەملـەک هـەبـی
بـاندی تـو ژی شـــەرمـــەندەبـی
کو بکن گـەلۆ ژ ڤێ قیـســسـەتێ

***

شـەیتـین ژ بـەرسـیس لـەومـە کـر
تـە فــتـنـەکـــە هـەڤ خـــوە کـــر
چا خـــو ژ مـــیـر شـــەرمـــەندەکـر
داخـل بووی د خــــەتیـــئـــەتـێ

***

شەیتان توانی بەرسیس بخەڵەتێنێ و بەناوی دوعا و تیمارکردنی نەخۆش ئەو کـیـژە نازک و نازەنینەی لە کـچـێنی خست، شـەیتـان هـانی دا بۆ ئەوەی لەم کارەساتە ڕزگاری ببێ بەکوشتن تاوانەکەی بشارێتەوە.

پـاش کـــو بـەلا بـوو ســـــادیرە
قـــــەتـلا کـــــــچێ ئـەولا تـرە

دا ســــــەح نـەكـن بـاب و بـرا

ترسـم ژ تە ژ ســــيـــاســـەتێ

***

ڕەنگ و ڕووی شـێخ شـەحـتـاند

ئـەو ل تـەریـقـێ غــــــەلـەتانـد

كچ كـوشت و خـون لـێ شـەبتـاند

شــــــــەرعـێ ژ بـابـێ دیـە تـێ

لە دوای کوشـتنی کچی میر، شـەیتـان دەچێتـە خـەونی باوک و دایکی و تێیـان دەگەیەنێ کە کچیان خراپ کراوە و لەژێر لم شاردراوەتەوە.

بابـێ ژ خـــەونـێ دل ڤـــەگـــەشت

شـاھ و غـولام ڕابوون ب قـەست

چوونە شکەفتێ دەست ب دەست

داخــــواز دکـن ئـەمـــــانـەتێ

***

میر فەرمان دەردەکا بەرسیس لە سێدارە بدرێ.

جـــەلاد ژ گــەنجـــان کـــار دکت

بەرســـیس ژ دەست هـاوار دکت

مـەلعـوون خـوە لـێ ئیـزهـار دکت

دیســـــان گــــهــــایە لەعنەتێ

***

بەرســـیس گـــری گـــوتی ب زار

نیــیـــەت خــرابـێ قـــەلسـێ یار

چـرا نـەهـاتیـــــــیــــــە دیـار

بێ شـــەفـقـەت و بێ ڕەحـمـــەتێ

شـەیتـان بۆ بەئەنجـام گەیاندنی پیلانەکەی، داوا لە بەرسیس دەکا ئیمانی پێ

بێنی ئینجا له کوشتن ڕزگاری دەکا، ناچار دەبێ ئیمانی پێ دێنێ. بەم جۆرە بەرسیس لەدین و دنیا دەبێ. بە لەسێدارەدان گیانی بەدۆزەخ شاد دەبێ.

فەقێ تەیران بەم چوارینانە دوایی بەچیرۆکە شیعرییەکە دێنێ.

بێ حیساب (مکسی) خەبەردان
ژ یارا قەلس و نەمەردان
دێ نەدامەت بێ ب سەردان
(میم و حێ) ب روایەتێ

***

(میم و حێ) ئەڤ بەند دگۆتن
ئەم ب مەعنایێ هەڤۆتن
عوجبێ گشت خێزان دشۆتن
لەو ریا ب کێرنەتێ

***

فیعلا خراپ خو د بینییە
عوجبێ مەکن ل دینییە
دەربا سەر راست مسکینییە
ژ دەروێشی و حەقارەتێ

فەقێ تەیران لەم چیرۆکە شیعرییەدا مەبەسی ئەوەیە ئەنجامێک بخاتەڕوو بەپێچەوانەی چیرۆکی «شێخ سەنعان» بێ، هەردوو گێڕانەوە بەهەناسەیێکی سۆفیزم بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە یەکەمیاندا ڕاستی سۆفیزم دەخاتەڕوو کە شێخ سەنعان و کچە گاوور لەناو یەکتری دەتوێنەوە و لە بەهەشتدا بەژیانی جاویدانی شاد دەبن، بەڵام لە دووەمیاندا شێخ بەکافری سەر دەنێتەوە، چونکە لە بیروباوەڕیدا ڕاست نەبوو بۆیە بەرگری خراپەی (شەیتان)ی پێ نەکرا.

### هەی ئاڤ و ئاڤ

بەیتی «هەی ئاڤ و ئاڤ» یەکێکە لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی فەقێ تەیران، زیاتر شاعیر لەم شیعرەدا خەریکی ئامۆژگاری و بینینی خۆیەتی بەرامبەر

بەجـوانـی سـروشت، لـە لایێکی تریشـەوە دانـایی دەردەبڕێ لـە ڕاست کـردەوەی ئادەمـزاد. ئەم بـەرهـەمـە بەنـاوی «بەیتی فـەقێ تەیران بەر ئـاڤـێـرا خـەبـەردایە» تۆمـارکـراوە، وا باوە شـاعـیـر ئـەم گـفـتـوگـۆیەی لەگـەڵ ڕووبار دیجلە (ڕووباری بۆتان)دا کردووە لە گوندی فینیک.

فـەقێ تەیران پێش ئەوەی دەست بکا بەگفـتـوگـۆ لەگـەڵ ڕووبار، دەڵێ «بەیتـا من پڕ خوەشە، گۆهـ بدن، خودان کەمال».

هەی ئاڤ و ئاڤ هـەی ئاڤ و ئاڤ
مـاتو ب عـشق و مـوحـبـەتێ
پێـلان د دی خـورت و بـەلاڤ
بێ سـەکـەنی و بێ ڕاحـەتێ
بێ ڕاحـەت و بێ سـەکـەنی
یان عـاشـقێ یاخـوە خـوەنی
یان شـوبهـەتا قـەلبێ منی
ژ عـشـقـاکێ ناتەبتێ
ژ عیـشـقـا کێ هەر تێی و تێی
هـەتا کـەنگی هـەر بێی و بێی
بۆ من بێـژە حـەیرانی کـێی
دا ئـەز بزانم قـیـسـەتێ
دا ئـەز بـزانم ڤـێ سـڕێ
ژ هـنـدکـێ هـەتـا پـڕێ
ژ مـەعنیـا ڤێ گـورگـورێ
ژ کـێـرا دکی ڤێ تاعـەتێ
ژ کێ را دکی زیکرێ ب حـال
قـەت کـشکشێ ناکی بەتال
تەشـبییـە من ڕەهـەت و عـەمـال
شـەڤـان و ڕۆژان خـەو نەتێ

شـــەڤـــان و ڕۆژان بـێ خـــەوی
ژ مـــــحــــبـــــەتا کێ دتـەوی
شـەڤ تـارییــان قـەت نـەخـەوی
ژ ئـەمـــــری کێ ڤـلـەز کــــەتـێ

هـەی ئاڤ مــــال خـــراب ب بـەز
ژ عــــــەردەکی تـو تێـی ب لـەز
ســــەوداســــەری وســــا ژ ئـەز
تـو وەهـا دهـەری خـــــزمـــــەتـێ

خـــزمـــەت دکی بێ پـێ و دەست
چـەندی دکی چوونا گـــوهـەست
خـــودێ نەگــۆ گـاڤـەک نـەوەست
دایم دچــی دەنـــگــــێ تـــە تـــێ

دەنـگێ تـە تێ ب ڕۆژ و شــــەڤ
تـاعـــەت دکی بـێ قـــەلب و دەڤ
پـێل را ددن ژ مـــــەوجـێ کـــەف
شـین بووی ژ ڕەنـگـێ قـــودرەتـێ

وەکو لە پێشەکی ئەم موناجاتە دەردەکەوێ فەقێ تەیران گفتوگۆ لەگەڵ ڕووباری دیجلە دەکا، دەیەوێ ئەوە بخاتەڕوو نەنوستن یا بێ خەوی ڕووبار بکا بە بەڵگە بۆ زیندوویێکی هـەمیشـە هـوشـیـار، ئەم سـیـفەتە بـەکاردێنـێ لە پێناوی دروسـتکردنی وێنەی جـوانـی شـاعـیری. وێنەی بزووتنەوەی ئـاو لە گـۆڕان دایە، لە چرکـەیێکدا دیمەن دەگۆڕێ، شاعیر دەڵێ:

گـەه گـەه سـپی تەشبی بەشـیـر
مـــسلی تـە قـەت ناچن چو تیــر
دەنگی تـە تێ یار تێــتــە بیــر
مـێــلا حـەبیـبێ ب چوونا تە تێ

لازم تە مـــەحـــبـــووبەک هەیە
یان مـــەیل و مـــەتلووبەک هـەیە
یان دۆست و مـەنسـووبەک هەیە
یان سـرڕ و مـەرمـووزەک هـەیە
لەو بـێ لیـبـاس و کـەسـوەتێ
لەو بـێ لیــبـــاس و تـازی یـی
د شــێــر و ڕەقس و گـــازی یی
ژ کـێـرا دکی عـشق بـازی یی
ڕەمـزان و خـوەش ئیـشـارەتێ
ڤـان تەشـبـیـهـان ژ کێـرا دکی؟
ڕەمــز و سـەوادان فـێکرا دکی
حـەمـیـان ژ بـال خـوە را دکی
دگـەڕی ژ مـەحـەلا غـوربـەتێ
دگــــەڕی د ڤـێ پـیـــــرە دنـێ
قــــەت نـانـڤی نـاســـەکـنـێ
ڕەنگ شـوبـهـەتێ قـەلبێ منێ
ژ مـیـحنەتـا ئەو زەحـمـەتـێ
زەحـمـەت بەری مـحبـەت کەشی
تـو نازکی تـەبعـــەت خـــوەشـی
بـێ ڕوح ل عـــەردا دەمــــشی
بێ دەسـت و پـێ تـو ژ کـۆڤـەتێ
بێ دەسـت و پێ بـێ چەنگ و پەڕ
ئەڤ پێل و مەوج و فـەتل و گـەڕ
پـەیدا دبن ژ تـە کـــەڕ و فـــەڕ
نـاکـی بـەیان ڤـێ عـــیللـەتێ

ڤـێ عــــــيللـەتـێ بـەيـان بكـە
تۆ ڤـێ ســـڕڕێ پـەنـهـــان بكە
جـــــارەک ل مـن عـــــەيـان بكـە
دا ســــەح بكـين حـــيكـايـەتـێ
دا سـەح بكـين ڤـى مـەسـئـەلێ
جــوزئـەک ژ بـەحــســا ئـەووەلێ
بـنـيــــــاد بـۆنـا مـــــــەنـزەلـێ
دەوران و چـەرخــا خـــيـــڤــەتـێ
خـــيــــڤـــەتـا عـــالـەم د نـاڤـێ
ژ بـەركــەتـا فـــەيـز و گـــولاڤـێ
مـن تـەمـــــــەنـنـا كـــــر ژ ئـاڤـێ
ژ مـــەعنيــيــا حـــەقـيــقــەتـێ
حـــەقـيـقـەتـا ڤـان جــەوهـەران
مـــەعــريـفـەتـا عــەنـاسـيـران
پـەنـهــــان نـەكــــە ژ يـار و بـران
بێ فـــەم ببـيــژە حـــيكمـــەتـێ
بێ فـــەم و قــيـل و قـــال ببــێــژ
ژ مـن را ب لـەفـزى حـــال ببــێـژ
هـەر (مــيـم و حـێ و دال) ببــێــژ
شــــەرح و بـەيـانـا كـــــاغــــەنـێ
ڤـێ كـــاغـــەتـێ ئـيـســبــات بكـە
قــەيـد و ســيــر ئـيـخــتــيـار بكـە
قـــەنـج ڤـێ ســـڕڕێ بـنيـــا بكـە
دا ئـەم بـزانـن ڕەبـێـــــيــــــەتـێ
ديـدار و ديـنـا ســـــــــەرتـەمـى

ئـاڤێ ب ڕەبـبـێ عـــــالـەمـی
تـو حـــادیـسـی یان قـــیـــدەمـی
یان تـو نـزانـی حـــیـکمــــەتـێ

ڕۆژەک ژ بـنـیـــــادا مـــــەزن
گـەر چ نە مـەشـروور ئەشـخن
بـیـنـا قــــــەدەح ژ هـاتـە مـن
ئـەو بـێن ژ بـنـیـــــادا تـە تـێ

یـانـێ ژ بـنـیـــــــایـادا دەلال
بـۆری ل مـن کـــو چـەند ســـال
قەت کەس نەکر ئەڤ ڕەنگ سوئال
هـەتـا نـهــا ڤـێ ســـەحـــەتـێ

هـەتـا گـــهـــامــــە ڤـێ دەمـێ
جــا یـەک نەبـوو ژ ڤـێ عــالەمـێ
عـــەبـدەک ژ پـشــتـــا ئادەمـێ
ب فـکـرادا هـەوالـێ شــــــەتـێ

کـــەهـنـی دزێـن شـــەت ژێ دچـن
هـەنـگـێ خـــودی دان ئنس و جن
ئـادەم نـەکــــر پـرســــەک ژ مـن
نـەژ ئـەنـبـــیـــا یـێ ئـۆمـــەتـێ

شاعیر هەمیشەیی ڕووبار لە هەمیشەیی کردگار دەبینێ، لە بنجدا هەمیشەیی بۆ کردگارە، ئەگەر ئەو سیفەتە لە شتێکی تردا هەبێ، بێگومان ئەو شتە کردەوەی کردگارە. فەقێ ئەمە لە پێغەمبەرانیشدا دەبینێ. هەر لەو چەند دێڕەدا ئاوڕ لە «سەرتەم» دەداتەوە، باس لە ئایینی دەکا و ئارەزووی دیداری هەیە. سەرتەم ناوی ئەو کچە گاوورە (ئەرمەنە، یا گورجە)یە کە لە بەرهەمە سۆفیزمییەکانی فەقێ تەیراندا هاتووە.

پێــغــەمــبــەران عــەقل هـەبوون
قـەت هـەوجـەیێ پرسـان نەبوون
مـــەكـــسـی دبێ ئاڤێ وەبـوون
وان دەست گـهـابوو سـوحـبـەتێ
ئـەو سـوحـبـــەتا جــارا ئـەول
پێــغــەمــبــەران دزانـن شــوغل
عـــەیبـــە ل بال ئـەهلێ عـــقـل
تەفـتـیش بكـن مـەعـریفــەتێ
مـەعـریفـەتێ تـەفـتـیش بكن
پـرسـێ ژ بـو نـا پـیـش بـكـن
قـەنج ڤێ قـسـێ تەفـتـیش بكن
ژ عـــارفـــان كـــەراهـەتێ
خـــەلقـێ خـــوەدی عـــەقل كـــرن
هەم عــاریف و كــەمــال كـــرن
نـــوورەك د دلـــدا هـــلـــكـــرن
ئـەسلێ قـســا وی پـێ كــەتێ
یێ مـیسلی مـن بێ عیلم و خـەت
مـەجنوونەكێ حـەیوان سـیـفـەت
تەفـتـیـشـا پرسـان ئەو دكـەت
لەومـا كــولیـــپــە ل ئۆممەتێ
پرســا (فــەقێ) بـێ جــه نـەبوو
لـەو را د قــــــورئـانـێ هـەبـوو
عــەرشێ خــودێ ل ســەر تـە بوو
ئاڤێ گــــەلۆ بـیــــراتـه تـەتێ

شـاعـیـر پەنا دەباتە بەر ئەفسـانەی سـۆفـیـزم، دەیەوێ هەندێ لە حـیكایەتی

دروستکردنی گەردوون بگێڕێتەوە، بەوەی عەرشی کردگار لەسەر ئاو بووە، یاخود لە سەرەتادا ئاو دروستکراوە، ئینجا پەنجە بۆ فەلسەفەی پێش فەلەسەفەی گریک درێژ دەکا، چوار فەیلەسووفەکانی بەرایی کە «ئاو» و «با» و «خاک» و «ئاگر»یان بەبنچینەی دروستکردنی «گەردوون» داناوە یا جەوهەرە بنچینەییەکان.

ئاڤێ جـەواب دایە سـووخـەن
ئەزمـان نـەبو ب حـال گـۆتـە من
ڕەمـزێن د پادشـاهـێ مـەزن
سـوبحـان ژ وێ سـەلتـەنـەتێ
سوبحان ژ مـەعبـوودێ ل سـەر
کێ دی ژ خـودێ کت خـەبـەر
ئـەم جـارەکی ئـینـانـە دەر
کـەچ بوون د کـەنرا قـودرەتێ
کـەچ بوون د کـەنزا ئەقـدەمێ
با خـوە ژ عـەشـقـا ئادەمێ
ئینـانـە کـارێ عـالـەمێ
زاهـیـر کـرن ڤێ سـوورەتێ
زاهـیـرکـردن چار باکـرە
ئاڤ و هەوا خـاک ئاگـرە
حـەیوان هەمی ژ چی کـرە
دار و نـەباتـا کـسـوەتێ
دار و نـەبـات لـەعـل و زەر
حـەیوان و ئەسنافین د سـەر
تـەیر و تویـوور و دەعـبـەوەر
تـەرکـیب کـرن ژ نوتفـەتێ
چ تشت پیـچـە نا فـەرجن
ئینسـان ژ تینی خـارجن

لـەو جـن ژ نـاری مـــــــــارجـن
رۆژەک ژ مـن یـەک تـەبعـــــەتـێ
چار تەبعـــەتین ڤـــێکرا ز دین
هــن ئـــاتــەشـــین هــن بــاردیــن
د بـەحـــــرا (هـەیوولا) دواردین
مـەلبـووس کرن ب ڤێ وجـهـەتـێ
ب چار وەجـــهـــان ئەم یابسـین
قـــەدیم یـەکـــە ئـەم حـــادیسـین
لـەومـــــــا ژ تـیـنـا یـابـسـین
هـندێ دخـــوازن ڕەفـــعـــــەتـێ
هـەم ســــــــوفـلـەوی بـازی دکن
هـەم مـــــەیلی ئـەفـــــرازی دکن
هەم (کـەینـوون)هـەم گـازی دکن
جـــــــــارەک بـیـن ڕەویـەتـێ
جـــارەک بیـن ئەم چا خـــوەهـین
بێ مـــەسلەحـــەت نا کــەڕهـین
ژ مــــەشـــــیـــــەتـێ نا بـەتـهـین
جـــودا کـــرن ژ وەســـفـــیـــەتـێ
ژ وەســـفـــەتـێ جـــودا کـــرن
ژ ســــوحـــبـــەتـێ ئـەم ڕاکـــرن
حـــەتـتـــا قـــیـــام ســـەودا کـــرن
ســەرگـەشـتـە بوون د حـیـرەتـێ
د حـیـرەتـێ ســەر گـەشـتـە بین
قــائـیم ل ســـەر زاتـێ خـــوە بین
چاردە تـەبـەق کـــــــارێ وەبـین
را بوو ژ مـــــازا غـــــەفـلـەتـێ

لە ئەنجـامی خـوێندنەوەی ئـەم شـیـعـرە دوو ڕاسـتـیـمـان بـۆ ڕوون دەبێـتـەوە، یەکـەمیـان ئەوەیە فەقێ تەیران وەک ڕۆشنبیرێکی هۆشیار خـۆی پیشـانمان دەدا، ئەوە دەردەخـا کـە شـارەزایی لە مـێـژووی گـریکدا هـەیـە، بەتایبـەتی فـەلسـەفـەی سـەرەتایی کـە بەفـەیلەسـووفـەکانی بەرایی پێش سـوقـرات و ئەفلاتوون و ئەرسـتـۆ ناسـراون. دووەمـیـان هـەسـتی بەژیانی هـەمـیـشـە زیندووی پڕ لە جـمـوجـۆڵی ئاوی ڕووباری دیجلە کـردووە، لـەم تیـۆرییـە و لە بزووتنەوەی ئـاوەکـە هـەندێ وێنەی شیـعری داهێنراوی دروست کردووە لەم پارچە شیـعرەدا کە بەڕاستی مۆنۆلۆجە، بەڵام بەوێنەی دیالۆج خۆی دەنوێنێ.

دلۆ ڕابە

ئەم بەیتـەی فـەقێ تـەیران دەچێـتـە ناو ئەو بەرهـەمـانەی بەچیرۆکی شـیـعـری دەژمـێـردرێن. لەسـەر بنچـینەی چوارین هۆنراوەتەوە، کـێـشی هـەشت سـیـلابی خۆماڵییە، قافیـەی سێ نیوەدێڕی یەکەمی هـەموو بەندێک یەکێکە (ا ا ا، ب ب ب...) نیوە دێڕی چوارەم لە هـەموو بەندەکاندا (ارە)یە، تەنیا بەندی یەکەم نەبێ لە ڕووی قـافـیـەوە (ا ب ا ب)یە، شـاعـیر ویسـتـوویەتی لەم لایەنەوە جـۆرە جـوانکارییێکی مۆسیقی بنوێنێ.

بەیتەکە لە ٧٧ بەند پێکهاتووە، بەم چوارینانە دەست پێدەکا:

دلـۆ ڕابـە، دلـۆ ڕابـە
ڤـەکـە چاڤـان کـو ئێـڤـارە
نـەزان و بـەس د خـەودابـە
ژ نـەومـێ را مـەبـە یارە

***

ل خـوە شیـرین مەکە نەومێ
ژ نەفـسـا خـوە بکە لـەومێ
مـەچـە نێـزیکی ڤێ قـەومێ
مـەبـە غـافـلێ بێکارە

***

دلۆ نەومــا مــە ژی بەحــســە
بەیانا غــەفلەتێ نەحــســـە
نە هشـیاری گەلەک نەحسـە
مــەنێڤ خـوا بە کو مـرداره

***

دلۆ ڕابـە ژ ڤـێ خـــــوابێ
وەکی باپیــــر وەکی بابـێ
ئەم ژی دێ چـینـە تـورابـێ
ل بال بـا خـــوی وەفـــرداره

***

بەیتەکە بەم دوو چوارینە کۆتایی دێ:

(مـیم و حێ) حـەفـتێ فـەلەک چوون
ژ هیــجـرەتی دەوران گــەلەک چوون
ســـاڵ (هـەزار و چل و یەک) چـوون
ئـەڤ غــــــــەزەل ئـانـی دیـاره

***

ئـەم بـچـن هـەڤـــال بمـیـن
(مـیم و حێ) بیرا خـوە بیـن
فـــاتیـــحـــان ژێرا بخـــوێـن
هـەر حـوسن دەر ئینتـیـزاره

لەم بەیتـەدا دیالۆجی شـاعیـر لەگەڵ دڵی دایە، بەلای ئەوەوە دڵ نابێ بخـەوێ، چونکە نوسـتن بـێ ئاگایـی ساز دەکا، ئەمـە دەبێـتـە کـارەسـات، وێنەی ئەو ڕووداوە ئاژاوەی ناوەوەی دەروونی ئادەمزادە.

لە چوارینی پێش دوایی شاعیر کاتی دانانی بەیتە غەزەلەکە دەستنیشان دەکا و ساڵی ١٠٤١ی هیجری بۆ داناوە، ئەمە دەکاتە ساڵی ١٦٣١ی میلادی.

## ليريک

ئەو پارچە شیعرانەیە کە خەریکی جوانی و دڵداری و سۆفیزم و سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتین. فەقێ تەیران بەپێچەوانەی هەندێ لە شاعیرانی تر تەنیا لەگەڵ دلبەر قسە ناکا و وێنەی پەیکەری جوانی ئەو ناکێشێ، بەڵکو گفتوگۆ لەگەڵ ڕووباری دیجلە و قاز و قولینگ دەکا، لە چارەنووسی ئادەمزاد دەوێ، دەرد و غەمی تایبەتی خۆی دەردەبڕێ، خوو و ڕەوشتی ژنی زمان درێژ دەخاتە ڕوو، ڕاز و نیاز و گفتوگۆی لەگەڵ مەلای جزیری بەڵگەی قسەی جوان و نیشانەی مانای جاویدانییە، جا لەگەڵ مەلای جزیری پێکەوە وتبێتیان، هەر کەسە و قسەکانی خۆی، یا شیعرەکە هەمووی فەقێ تەیران وتبێتی بەزمانی خۆی و مەلای جزیرییەوە ئەمەیان ئەوەندە گرنگ نییە.

باغچەی شیعری فەقێ تەیران گەورە و فراوانە، گوڵی هەمە جۆری تێدایە، هەموو ڕەنگێک دەنوێن، هەموو بۆنێک دەپژێن، بلبل ئەگەر لە ئاسمانی ئەو باغەدا لەنجە بکا ناتوانێ لانەدا.

١

ئەم پارچە شیعرە بەهاری و نەورۆزییەی فەقێ تەیران لە ڕووی کێش و قافیەوە لەسەر بنج و بناوانی کێشی هەشت سیلابی فۆلکلۆری خۆماڵی دانراوە، قافیە لەسەر دەستوورە گشتییەکەی فەقێ تەیران و شاعیرانی میللی دیکەی کوردستانی سەروو بەڕێوەدەچێ (ا ا ا ب، ا ا ا ج ...هتد) بەڵام ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە نیوەدێڕی چوارەم لە هەموو چوارینەکاندا دووبارە دەبێتەوە، واتە نیوە دێڕ «دیسا ب خێر بێتن بهار...»، ئەم بابەتە شیعرە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و نەتەوەکانی دیکەی ئیسلام فارس و تورک «تەرجیع بەند»ی پێ دەڵێن، بەڵام ئەوە هەیە لەوێ شیعرەکان لەسەر کێشی عەرووز دادەنرێن.

فەسلا بهارێ جەننەتێ
خوەش خوەش ل زۆزانێ مەتێ
مەن لەم یەراهو زینەتێ
دیسان ب خێر بێتن بهار

فـــەســـــلا بـهـــار پـيــــرۆزييـــــە
بـەژنـا زراڤ نـەورۆزيـيــــــــــــــــە
تـەيران هـەوار و گـــــــازييـــــــە
دیســــا ب خـــێـــر بێتن بـهـــار
ئەوان تـەيران ئـاواز دگــــــۆت
شـــــالويل و بلبل بـوونه جـــۆت
ئەوان كــەيفــەك ب من فـــرۆت
دیســــا ب خـــێـــر بێتن بـهـــار
ئـــەوان تـــەيــران ئـــاواز ئـــاواز
نـێ ســـور دبن ئـەو سـی و قـــاز
ڕەڤـــدا قـــولينگ تێتن ب ناز
دیســــا ب خـــێـــر بێتن بـهـــار

٢

ئەم بڕە شـيـعـرەی فـەقێ تەيران گـازاندەيێكی ئاسـاييـيـە وێنەی لە غـەزەلی نەتەوەكانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەبینێ، شاعير بير لە جوانی دەكاتەوە، بەلام دەسـتی ناكـەوێ، كـەچی ئەو دەست نەكـەوتنە دەبێـتـە هـۆی ئەوەی بەرهـەمـێكی داهێنراوی جـوان لە شيـعـردا بكەوێتە نـاوەوە. ئەم بڕە غـەزەلەش كـە بريتـيـە لە (١٩) چوارين وەكو غەزەلەكەی پێشوو نيوە دێڕی چوارەم لە هـەموو چوارينێكدا دووبارە دەبێـتـەوە، واتە نيــوە دێڕی «ئـای دڵی من ئـای دلۆ...». غــەزەلـەكــە بەم چوارينانە دەست پێدەكا.

دل ژ مـن نـاكــــەت خـــــەيالان
بـوومــــە پەروانـا ســــەمــــالان
بێـــری یا حــوسن و جـــەمـــالان
ئـــــای دلـــێ مـــن ئـــای دلـــۆ
جـــــان ڤــــــرێتم تە نـە بينم
دەفـــتـــەرا عـــشـــقێ بخـــوينم

سـەرخـوەش و سـەكـران و دینم

ئـــای دلـــێ مـــن ئـــای دلـــۆ

سەرخـوەش و سەكران و مـەستم

ئەفـعـــایێ ئـەسـوەد دگـەسـتم

ســەبر و ئارام چوون ژ دەســتم

ئـــای دلـــێ مـــن ئـــای دلـــۆ

بەم چوارینانەش دوایی دێ:

گـەزمـەیا جـەرگ و هەناڤــان

هـورترا ئـەژنۆ ئوگـــاڤــــان

تـارومـــار كـــر بووم ژ راڤـــان

ئـــای دلـــێ مـــن ئـــای دلـــۆ

تارومـار كـر جـان و جـیـسـمـە

بیـركـردن جـیـران و خـزمـە

ئەڤ عـیللەت بایەت تـەلیـسـمـە

ئـــای دلـــێ مـــن ئـــای دلـــۆ

(مـیم و حێ) وەسـفی خـۆ هـلدا

خـوەش مـیـسـالن چون د جلدا

جـەرح و كـۆڤـان چون د دلدا

ئـــای دلـــێ مـــن ئـــای دلـــۆ

ئەم غـەزەلە و شـیـعـرەكانی دیكەی فـەقێ تەیران ئەگـەر لە ڕووی ڕوخسـارەوە لەگەڵ چیرۆكە شیعرییەكاندا بەراورد بكرێن، جیاوازییەكی ئەوتۆ بەدی ناكرێن لە بارەی جۆری وشـە و كێش و قـافیـە و ڕیتم و هـەمـوو جـەوهـەرەكانی ڕەوانبـێژی ترەوە.

٣

فـەقێ تـەیران لەلایەن ڕوخسـارەوە دەورێكی باڵای هـەیە لە گـۆڕانی شـیـعـری كوردی و دروستكردنی بابەتی تازە لە ڕووی قافیـەوە، بۆ بەڵگە لەم برە غـەزەلەیدا

هونەرێکی نوێ دەنوێنێ بەوەی لەســەر بنچـینەی کـوپلەی سێ نیـوەدێڕی پارچە شــیـعـرێک دادەنێ نیـوە دێڕی دوایی وەکـو «خــەرجـە»ی مـووەشـشــەحـەکـانی ئەندەلووسی وایە و هەر سێ «سێ یین»ەکەی پێ دادەخا.

بزانـە کـــــو مـن یـار تـو وی
تە ئەز کوشتـم یەکجار تو وی
بـێ دەسـت و هـەم پـا تـو وی

***

پێ ب غــەزەب خـوەندی ئەزم
زنجــــیـــــر ب زەندی ئـەزم
عـــــاشــــــقـی جندی ئـەزم

***

خــوەش قـــەد و ئەهـلا تو وی
خـــــوەش بەژن و بـالا تـو وی
پــڕ بــەخــت و تــالا تــو وی
دوور ژ وەســــــــــلا ئـەزم

٤

فەقێ تەیران لەناو کوردانی قەفقاسی ڕووسیا جێگە و ڕێگەیێکی تایبەتی هەیە، بەناوبانگە، خۆشەویستە، گەلێ لە شیعری جوانی میللی فۆلکلۆری دەدەنە پاڵ ئەم شـاعیرە، لەبەر ئەوەیە هەندێ جار هەست بەوە دەکرێ شـیعرێکی میللی بەناوی شاعیر ناوبانگی پەیدا کردبێ یا بەپێچەوانەوە هەندێ شیعری فەقێ تەیران ناوی خاوەنەکەی ون کردبێ و بووبێ بەشیعری میللی سەرزاری بێ خاوەن. لەم لایەنەوە قـەناتی کوردۆ دەوری دیاری هەیە لە کـۆکردنەوەی هـەندێ لەو شـیـعـرانەی لەناو خەڵکیدا بەشیعری فـەقێ تەیران ناسراون. زۆریان لە دوای جەنگی یەکەمی گێتی لەلایەن هەندێ لە زانایانی ئـەرمـــەن و کــوردەکــان خــۆیـانەوە تۆمــارکــراون و بڵاوکراونەتەوە.

ئەم شـیـعـرەی خـوارەوە بەناوی «دلبـەر» لە کـۆکراوەکانی ڕۆشنبیـری ئەرمـەنی (س. مـووڤێسیان)ە لە کتێبی «زمانناما کورمانجی» لە سـاڵی ١٩٣٥ لە یەریڤان

بڵاوی کردۆتەوە. قەناتی کوردۆ تێکستی ئەو شیعرەی بەتیپی لاتینی نووسیوەتەوە و لە کتێبی «تاریخا ئەدەبیاتا کوردی» بڵاوی کردۆتەوە.

ئەی دلبـــەرا گـــەردەن زەری
وەی نـازکـــا دێم قـــەمـــەری
قـــامـــەت ژ مـــوومـــا فـــەنـەری
وێران ئەزم مـــــالم خـــــراب

ئەی دلبـــەرا گـــەردەن لەتیف
وەی نـازکـــا قـــامـــەت ئەلیف
قـامــەت ژ رەیحــانا خــەفـیف
وێران ئەزم مـــــالم خـــــراب

ئەی دلبـــەرا گـــەردەن دوراج
وەی نازکـــا مـیــسلی زوجــاج
قـــامـــەت ژ ڕەیحـــانا قـــەراج
وێران ئەزم مـــــالم خـــــراب

ئەی دلبـەرا قـامـەت مـیـسـال
وەی نـازکـــــــا دلـی هـەژار
تـە ژ خـــــاندن کــــرم بەتال
وێران ئەزم مـــــالم خـــــراب

ئەی دلبـــەرێ وەی دلبـــەرێ
فـــەریاد ژ دەســـتێ کـــەســـەرێ
ئاڤـــەک ژ ئاڤـــا کـــەوســـەرێ
وێران ئەزم مـــــالم خـــــراب

ئەی دلبـــەرا گـــەردەن زراڤ
دێم شـــووشـــەیە، تژی گـــولاڤ
ئەی دوخـــتـــەرا بەژنا زراڤ
وێران ئەزم مـــــالم خـــــراب

چاڤـان كـو هلـتـينى ب مـەسـتـە
ئەو چەند يا ميسرى ب دەسـتـە
ل كـوشـتـنا من تـە ب قـەسـتـە
وێران ئەزم مـــالـم خــــراب
ئەو ب قـــەســـتـــا مـن بكوژى
ئەو كـــافـــرە دل نـاســـۆژى
گـــەلەك ســـۆتم كـــرم ڕژى
وێران ئەزم مـــالـم خــــراب
گـــەلەك ســـۆتم كـــرم كـــەباب
كـريە ب من سـەد ڕەنگ خـراب
يا لەيتـــەمى كـــونتـــو توراب
وێران ئەزم مـــالـم خــــراب
يالەيتـــەنى كـونتـو ڤـە خـــوور
وەى نـازكـــــا مـن تـە ژ دوور
بێ هش كـــرم زلفـى د حـــوور
وێران ئەزم مـــالـم خــــراب
بێ هـش كـــــرم زلـفـى د ڕەش
بسكێ سـيـاهـ، بـهنێ د خـوەش
ئەى دوخـــتـــەرێ چابک بمەش
وێران ئەزم مـــاڵم خــــراب
بێ كـــێف كـــرم زلفێ د رەش
بسكێ سـيـاهـ زلفـێـد قـەمـەر
عـەشق و حـبـەتا مـن ل ســەر
وێران ئەزم مـــالـم خــــراب
ســۆتم بەرشـــاتم بى حـەســاب
لێ پرسى بۆ كـــرمـــە كـــەباب

کریە ب من سەد ڕەنگ عەزاب
ویران ئەزم مالم خراب
سوبحان ژ شاهە ب تەنێ
خالیق ل خالا گەردەنێ
ئەز دین کرم بەردان دنێ
ویران ئەزم مالم خراب
عەشقا مەزا ج پەیدا بوویە
ئیرۆ ل من دژڤار بوویە
هیڤی دکم حەقیقیە
ویران ئەزم مالم خراب

فەقێ تەیران لەم برە شیعرەیدا ئەفسانەی دڵداری گیانی دەخاتە ڕوو، زیاتر بەسیحر و جوانی دلبەر هەڵدەڵێ ئەوەی دڵی خۆی هەستی پێدەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەچاو و بسکی ڕەش دوور نەکەوتۆتەوە ئەوەی ڕەمزی دیاری کەرەستەی جوانکارییە لە شیعری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٥

ئەم غەزەلەی فەقێ تەیران بەناوی «فەقێ تەیران و ئەڤینا دلا» موناجاتێکە لەگەڵ دڵ، ڕەنگە وەکو دیالۆجێک بکەوێتە ڕوو، بەڵام لە ڕاستیدا مۆنۆلۆجە، واتە فەقێ تەیران لەگەڵ خۆی قسە دەکا، هەر خۆشی بەدڵ داناوە، لەبەر ئەوەیە دڵ وەرامی ناداتەوە بۆیە دەبێتە مۆنۆلۆج.

لە ڕووی کێش و قافیەوە شاعیر پێڕەوی هیچ دەستوورێکی نەکردووە، کێش ئاساییە، خۆماڵی و هەشت سیلابییە، بەڵام یاریی بەقافیە کردووە لە غەزەلەکەدا سیستێمی کوپلە بەدی دەکرێ، بۆ ئەم مەبەسە سێ جۆرە کووپلەی بەکارهێناوە: هەندێکی مەسنەوی، جووت قافیە، یا دوونیوە دێڕ شیعر، بڕێکی سێیین (سێ نیوە دێڕ شیعر)، هی دیکەی چوارین (چوار نیوە دێڕ شیعر).

نەرۆ دلۆ دلێ بازی
چ ژ حالێ من د خوازی

بەســـــە بكی هـەوار و گـــازی
تـە ئـەز کـــرمـــــە بـەلـەنگازی

***

ئیـرۆ سـڤـەکـە ژ هـەر سـڤـامـە
ئـەز خـــــەیالا دلدا مـــامــــە
نـزانم شـــەرقێ هـاتمە شـــامــە

***

نـــــەرۆ دلـــۆ تـــو ب تـــفـــق
تـو رێوی یـی هـاتـە مــــفــــرق

***

هـەرۆ دلۆ چرا وو سـا د کـەوگری
بـەســـــە دکـی شـین و گـــــری
حـیـسـاب بتـە گـەت نـە ل ڤـری
چـرا ژ ئـەڤنـا زۆر د گـــــــری

***

برینـا دلـێ مـن ســــــاغ و سلـی
ژ کـــــــــــەزەڤـێ دا دخـلـی
هــەر دل بـکـە شـین و گــــــری

***

دلـێ من ئـیـــسـنانـێ بـێ زمــان
ل مـن دکـــە هـەوار و فـــەرمـــان

***

گـــەلۆ ژ بۆ چ ئـەز ل ڤــر نـەمــام
سەد و پێنج سالّی من بوون تەمام

***

ڤـێ ســـــــەیـادی ل مـن دا بـوو
ل بـن بـەحـــــرا مـــــەزن را بـوو

هـەرۆ دلـۆ ژ خــــــــەوێ رابـە
غــــــــەمـــــــا دل وێ بـەلابـە
ژ بـەلقــیــســـایێ نـایێ جـــابـە

***

کـۆفـیـا هلکەڤ خـەملی سـەردا
کــــــەچک هـات رابـووم بـەردا
گـــەلۆ کێ ژ دلێ مـن خـــەبـەردا

***

شــــەربەتا لـەوز و کـــــلامــــان
دا دەسـت خـــاس و عـــامـــان
دلـێ من ئـینـســـانـێ بـێ زمـــان
ل مـن دکـــە هـەوار و فـــەرمـــان

***

بـوو پـاییـــــز ل ڤـــــان دەران
خـەزان زەر بـوون سـەرێ داران
ســــــەفــــا نـا بـە ل وان دەران

***

دلۆ چـمــــا تـو هـا خـــــواری
تو ژ مـن را بێ ئـیـعــتــیـبــاری
گـــەلا هەیە ئینسـانـێ نەمـــری

ئەم پارچە غەزەلە لە کۆکراوەکانی کوردی قەفقاسی ڕووسیایە، بۆ یەکەمین جار قەناتی کورد بڵاوی کردۆتەوە.

٦

ئەم غـەزەلەی فـەقـێ تەیران نموونەیێکی پراکتـیکیـیـە لـە بەڕەنگاوڕەنگ کـردنی قـافـیـە و ژمـارەی کـوپلە (بەنـدەکان) بەئارەزووی خـۆی دیاری دەکا، کـوپلەی دوو نیوەدێڕی و سێ نیوەدێڕی و پێنج نیوە دێڕی بەکارهێناوە. لەمانادا دلبەری لێ ون

بووه، هەوار بەهەوار لە دوایدا دەگەڕێ.

وای دلبـــــەرا دێم ب شــــــەمـــــال
بــۆتــە دگــــــــــــــەڕم وار ب وار
هــەر بۆتـە بووم خـــــراب مـــــال

***

تــو دلـبــــــــــــــەرا ئــەسـل زادە
تـــە ژ مـــن بـــریـــە چـــاخ و وەدە
قنیـــــات دل دا بوویە بـێ ســــــەودە

***

تـو دلبــــــــەرا مـن عـــــــــەنـەلا
ئیـــرۆ قـــەوی ژ من بووی جـــودا
ئـەز مـــــامـــــە بـێ هش و ســــــەودا

***

تـو دلبـــــــەرا دەرێ بـێ قـــــــەبـایـێ
ب ئوسـول جـەمـال تفـفی ڕوو دنیـایێ

***

قـــەوی ئیـــرۆ من جـــەد کـــرییـــە
درهـەم لـە خـــەلقێ زەف کـــرییـــە
سێ سەد و شێست بەیت حـازر کرییە
ل ناڤ خــــەلقێ بـەلاڤ کـــرییـــە
هـاڤـــەکی رند ل خـــوە کـــرییـــە

گەڕانەکەی شاعیر بەدوای دلبەردا لەبەر ئەوەبووە پێی بڵێ چیرۆکێکی شیعری داناوە لە سێ ســەد و شــەست بەیت پێکهـاتووە. ئەمـە یەکـێکە لە چیـرۆکـە شیعرییەکانی لەوانەیە «شێخ سەنعان» بێ ئەگەرچی لەوە کەمتریشە.

٧

لەم پارچە شیعرە لیریکییەدا شاعیر لەگەڵ قاز و قولینگ دەدوێ، قولینگ لە ئاسمان، شاعیر لەسەر زەوی، فەقێ تەیران وەک هەموو ئادەمزادێک خۆزگە

بەباڵندە دەبا، ئازاد و سەربەستە، بێ جێ و مەکانە، ئاگاداری هەموو ڕووداو و هەواڵێکە، زۆر شت دەزانێ، دەیەوێ فێری هەموو شتێکی بکا.

هەی قولینگۆ خوە نەوەستینە
پەڕ و باسکان هەر هلینە
هەرە ژ تەبیبەتێ گلیا بینە
ئیرۆ ل سەر ڕێیان ئەز ڕەویمە

***

تو ل هەوا خوەش جەبار بە
سەر گاز و گێد بلند خوار بە
هەما ژ دەردێ من هشیار بە
هەی مال خراب تو گۆداری کە
پەڕ و باسکان ل سەرمن سی کە
من ژ دگەل خوە ڕێوی کە
چەند گلییان ل من سافی کە

***

مال خراب بکە ل من قیرین
دل و جەگەرا من تەڤ بوارین
ئەزم ئیرۆ بێ سەودا سەرین
گەلەک ڕەفێد ل من دا بهرین

***

هەی قولینگۆ تو دفڕی ل دنیایێ
هەرە جها بێ بدە عەینەلایێ
بێژە فەقێ تەیران نها نایێ

دوا ئارەزووی شاعیر ئەوەیە، بەقولینگ دەڵێ: تۆ لە هەموو جێیێک هەی، هەر جێیێکی بچی کردگاری لێیە، بەهەموو کەس بڵێ فەقێ تەیران جارێ نایە!

٨

لەم برە غەزەلە کورتەدا فەقێ تەیران موناجات لەگەڵ ڕۆژدا دەکا، لە بنجدا

بەئەلفوبێی لاتینی بڵاویان کردۆتەوە بەناوی «فەقێ تەیران و ڕۆژ» لە چاپیان داوە.

شاعیر لەم شیعرە لیریکییەدا هەرچەندە باس لە ڕاستییێکی فیزیکی دەکا لەبارەی گرنگی ڕۆژەوە لە ژیاندا، واتە ژیانی مرۆڤ و سروشت (ئاژەڵ و ڕووەک) بەبێ ڕۆژ هەڵ ناکا. بەڵام هەناسەیێکی جوانکاری داوەتێ بەجۆرێک بۆمان بکرێ ئەم شیعرە وەک هۆنراوەیێکی پەروەردەیی (دیداکتیکی) بخەینە ڕوو.

ڕۆژهـــلات و ئـــاڤـــــــــــــــا بـــوو
عەرش و ئاسمان جێکی ڕاوەستابوو
دنیـــا ب تـەبیـــعـــەتێ شـین و ئاوابوو

***

هـەی ڕۆژا ســـۆر ب ڕەنگێ خـــوەڤـــا
بێ تە هێـــشین نابە گـــول و گـــهـــا

***

تـەنـین ب ڕێوی قــــــــەت ڕێ نـابـەت
تـو ڕۆژەکـــــــە ئامـن و تـاقــــــــەت
بێ تـە ناژین ئینســان و مـــەخلوقـەت
ب تـە دبن هـەر گــــاڤ فـــرقــــەت

***

تـو بـلـنـدی هـەر گـــــــاڤ پـەروازێ
عـــــــــەرد ژ تـە هـەر گـــــــاڤ دزێ

***

تو مـــینا پێلێت ئاگـــر ل ئاســـمـــان
گـــــــــــەرمی ددی دەشـت و زۆزان
تـو گـــــــەرم د کی ســـــــەر و بـنـە
تـەڤـــــا و ڕەوور ب تـە دبن قــــــەنج

ئەم شیعرە وەک تەعریفێکی زانستگاییانە بۆ «ڕۆژ» بەهۆنراوە دەکەوێتە بەرچاو.

٩

ئەم بەرهەمە شیعرییەی فەقێ تەیران لە ٣٣ چوارین پێک هاتووە، واتە ١٣٢ نیوە دێرە شیعر، دەتوانین زاراوەی «قەسیدە»ی عەرەبی بۆ بەکاربێنین، ئەمە لەلایێک لەلایێکی دیکەوە قەوارەی گەورەیی شیعرەکە بە ژمارەی دێڕی شیعری بۆ چیرۆکی شیعری (ئیپیک) بەکاردەهێنرێ، بەتایبەتی فەقێ تەیران ناچار بووە پێڕەوی ئەمە بکا لە چیرۆکە شیعرییەکانیدا، بەڵام لێرەدا دەبینین درێژەی بەشیعرە لیریکییەکەی داوە بەبێ ئەوەی جێگە و کات و بزووتنەوە و قارەمانی تێدا بێ بەو شێوەیەی چیرۆکی شیعری گەرەکییەتی. ئەم جۆرە شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا لە «قەسیدە»ی عەرەبی و «پۆیێم»ی ئەوروپاییەوە نزیکە. با گەشتێک لەم گێتییە جوانەی فەقێ تەیراندا بکەین. شاعیر دەڵێ:

ئیرۆ ژ دەست حوسنا حەبیب
سەرکەشتە وو حەیرانم ئەز
من عەشق و موحەبەت بوون نەسیب
سەوادێ سەرگەردانم ئەز

عشقێ گەلەک سەوداکرم
بێ مال و بێ مەئوا کرم
نوورا چرا وونـدا کرم
موسایێ عیمرانم ئەز

مووسا ژ دەست حوسنا ب نوور
شیرینی یا خاڵێن د هوور
سەجدە برە بەر کۆهێ توور
نێزیکی ڕەمزێ وانم ئەز

ڕەمزێ کو دێ دلبەر بکن
جارەک ب چەشمان سەیر بکن
دێ کۆهی قاف کەرکەر بکن
مەجرووحێ پڕ کۆڤانم ئەز

ئاه ژ دەست کــۆڤــان و قـــەهران
مـن ســـەبر نـایێت ل ســـەحـــران
شـــوبهـــەتێ مـــەوجـــێن د بەحـــران
قـلــزم و عـــــــــوممـــانم ئـەز
قلزم و بـەحـــــرێن د هـەفـــــتێ
ئـاگـــرێ عـــشـــقێ کـــو کـــەفـــتێ
دێ دســـــۆژیت شـــــوبهێ نـەفـــتێ
مـــن دیـیـــــــــــە پـــێ زانم ئـــەز

مـوناجـاتێکە فـەقێ تەیران لەگـەڵ دلبـەری دڵداری حـەقیـقی دەیکا، بەڵام نەک بەرەوڕوو بـەڵکو وەکـو کـــەسی ســـێـیـــەم ناوی دەبا. جـــوانی خـــۆشـــەویست سووتاندوویەتی وەکو جوانی نووری کردگار چۆن مووسای عیمرانی سووتاندووە لەسـەر کێوی توور (سینا = حۆریب) و خاکەکەی کردووە بەکل و چاوی جوانانی پێ دەڕێژرێ. گەرمایی و سارای بیابان شاعیر بێزار دەکا، پەنا دەباتە بەر زەریا، ڕوو دەکاتە زەریاکانی قلزم (زەریای سوور) و زەریای عوممان، شوێنی ئیلهامی شـاعـیـرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمـانە «عـوممان»ی پێدەڵێن کـەچی عـەرەب بە«عومان» ناوی دەبا.

من دییـــە مـــوحـــبـــەت چ ڕەنگە
ســــۆهـتـــــمـــــە دۆژا پرینگە
مـن مـــــــودام دل ژێ بـەهـنـگە
ب نالین و ئـەفـــــغـــــانم ئەز
نــالــیــنــا تــەیــر و تــویــووران
کـــــــالینا چەنگ و بلـووران
غولغولێن د قـەسر و قوسـووران
بلبلـێ خـــــۆش خـــــانم ئەز
بـلـبـلـم دایـیـم دخـــــــــوینـم
ئـــەز یـــەقـــین ئـــەز تـــە نـــەبـــینـــم

دین دبم ســــــەودا دمــــــینم
ســەرخــۆش و ســەکــرانم ئەز
ســەرخــۆش و ئـەبتــەر کــرم تە
ژ عــیللەتان ڕەنگ زەرکــرم تە
ســـۆتم و کــەرکــەر کــرم تە
تـو ئـاگــــــــر و بـوریـانم ئـەز
ئاگـــــر و پێـــتــــا د دل دا
مـــەعنەیان داغـــان کـــو هلدا
ئەو کـیـتـاب ناچیت دوو جلدا
حـــافـــزێ مـــەدحـــانم ئـەز
حـــافـزێ مـــەدح و پەســـەندان
ڕۆهینا مـــەحـــبـــووب و ڕەندان
بێ حـیـسـاب وەربوون د فندان
ســـــۆتی یێ بـێ جــــانم ئـەز
ســــۆتمە قـــەت قـــەت و نـارن
کــوشــتـــمـــە زەرب لێ دیارن
من دەمـــەک ســـەبر و قـــەرارن
نـەخـــــــــوەشـێ پـڕ ژانم ئـەز
نـەخـــوەشـێ ڕەنگ لێ نـەمـــایی
دەست ل ســـەر فـالی نیـهـایی
وان دگــۆت ژ چاڤــان کــهـایی
کـــوشـــــتی یێ عـــەینانم ئەز
کـوشـتـمـە هەردوو عـویوونان
یان کی یێد نیسبـەت ژ نوونان
رادکــەت ئەو قـــەتل و خـــوونان
گــــــــــرتـی یـێ زیـنـدانم ئـەز

فـەقێ تەیران لـەم شـیـعرە و لـەگـەڵێ بەرهـەمـە ئەدەبیـیـەکـانی تریدا خـەریکی باڵندانە. جریوە و جووکە و ئاوازیان تەسبیحات و تەهلیلەیە بۆ توانا و گەورەیی کردگار. شـاعیر لە حاڵەتی ئاسایی مرۆڤ دەچێتـە دەرەوە و سـەرخۆش دەبێ، ئینجا ڕووبەڕووی نەخۆشی دەبێتەوە، سەرەڕای ئەم هـەموو ئەشکەنجە و ئازارە، بەندکراوی بەندیخانەی عەشق دەبێ.

گـرتیـمـە ئینسـاف ل مـیـرن
قـازی یو مـوفـتی ڤـە بیـرن
قـەید کـرم کـەس بێ خـەبیـرن
بەندەیـێ هـیـجـرانم ئـەز
مـا د بەندا فـیـرقـەتا تـە
جـان فـیـدایێ خـدمـەتا تە
دا ببـینم، ڕەحـمـەتا تە
نـۆبـەدارێ خـانم ئـەز
نۆ بەدارێ قـوللەهـێ خـوە
دەرگـەڤـانێ دەرگـەهێ خـوە
بینە بیـر و ئاگـەهـی خـوە
تـوولـەیـێ ئاسـتـانم ئـەز
تـوولـەیێ دەرگـاهـێ یـارم
شـەڤ و ڕۆژان نـۆبـەدارم
وەسـتـایێ دەر ئینتـیـزارم
چاڤـڕێیێ سـوڵتـانم ئەز
چاڤـڕێیێ سـڕڕا ل پێـشم
مـەقسـەدا ئـەز لێ ڤـەنیـشم
هیـجـرەتا یووسف دکـێـشم
یەعـقـووبی کـەنعـانم ئـەز
کـۆرە بوو یەعـقـووب ژ دینێ
ژ پـەردەیا داغـا ئەڤـینێ

گـــەر دبێن ڤـــەکـــە برینـێ
حـــەوجـــەیـێ لوقـــمـــانم ئـەز
وان دگـۆت لوقـــمـــان تەبیـــبـــە
گـۆتە مـن خـــەف عـــەندەلیـــبـــە
شـــافی یـێ دەردان حـــەبیـــبـــە
بـێ باوەڕ و ئـیـــــــمـــــانم ئـەز
سـوند دخـۆم ساعیدو دەسـتـان
کـەڤـر و سـەیلێت ل بـەسـتـان
من ب خۆ ل جورحان ب بەستان
بـێ ڕاحـــــەت و ئـاســـــانم ئـەز
عـاشـقـان راحـەت یا کـێـمـە
ئاگـــــر و پێـــتـــــا دلـێ مـــــە
چەند هەزار مـەدحـان دبێـمـە
مــــوحـــیـــتـێ ئـاســـمـــانم ئـەز

لەم پارچە شیعرانەدا شاعیر بچووکە وەک لەشێکی ئادەمزاد، خۆی دەکا بەدیل و کـۆیلە و پێش خـزمـەت، بـەڵام گیـان و دەروون لە پایەی پێـغـەمبـەرانە، «دووری یووسف» و «ئازاری یەعقووب» دەچێژێ.

خـۆزی من سـەد سـەر هەبوونا
سـەد هەزار دەڤ پێـڤـەبوونا
ئەو هەمـوو ل مـەدحـێن تـە بوونا
هـێـــــژ ب وان نوقـــســـانم ئـەز
ئـەز کـز و زەر بووم ژ قـــەهـرێ
دێ دەڤک چ بکەت ژ بـەحـــــرێ
یان دووچاڤ چ بکن ژ سـەحـرێ
بـێ دیـتـنـا عـــــــەینـانم ئـەز
ســـەد هـەزار چاڤ من دڤــێنا

بـایــەکــی پــەردە هــلــێــنــا
خـــەت و خـــال مـن تێــر بدینا
عــشـــقـــە قـــووتێ جـــانم ئـەز
هەر کەسێ عشق تێ ئەسەر کت
ســـــەد هـەزار پـەردان ل بەر کت
هەمــوویان دێ کـەر ب کـەر کت
تــازی یـوو عـــــــــوریـانم ئـەز
پـەردە چوو ئەز مـــامـــــە تازی
دل ســەرا مــەحــبــووب دخــازی
من عــیــبــادەت عــشـق و بازی
بێ مـــــەیوو مـــــەیخــــانم ئـەز
خـــــانـی یا بادەوو مــــــەی تێ
موغنی یوو هەم چەنگ و نەی تێ
من ژ عــشــقــان هـەیە هـەی تێ
ســـەرخـــوەش و ســـەکـــرانم ئەز

شـاعـیـر ئاواتەخـواز بوو سـەد سـەری هەبوایە، هەر سـەری هـەزار دەمی بوایە، هەمووی بۆ پێداهەڵدانی دلبەر بەکار بهێنایە، هێشتا نەیدەتوانی وێنەی جوانی خۆشەویست بکێشێ.

فەقێ تەیران بەم چوارینانە دوایی بە شیعرە لیریکییە بەرز و جوانەکەی دێنێ:

ســـەرخـــوەشی ئاڤـــا حـــەیاتێ
مـــەجلیـــســـا ڕەقس و ســـەمـــاتێ
دی چ کـەم ب ســەوم و ســەلاتێ
ب کــــووزە وو فــــینجــــانم ئـەز
ئـەو مـــــەیێ گـــــەردەن درێژان
شـــیـــشـــــە وو وان بادە ڕێژان
مـن نـەمــــا هـش ل نـڤـــێـــژان
ل دەفـــــــتـــــــەرا دینـانم ئـەز

(مـــیم و حیّ) عـــەقل ڤـــەدەردا
ســـــجلـەیا عــــشـــــقیّ و دەردا
لـەو قـــــەلـەم ئـانـی ب ســـــەردا
مـــەعــفـــوویێ غـــوفـــرانم ئـەز

١٠

لەم غـەزەلە پڕ لە سـۆزەدا فـەقیّ تەیران ئەوەی ناو دڵی دێنێتـە سـەر زمـانـی، ئەو جوانە یا ئەو نیگارانەی دەیانپەرستیّ لەگەڵ سروشت تێکەڵیان دەکا، ئینجا هەوڵ دەدا خۆشی ببیّ بە بەشێک لە سروشت. لەو کاتەشدا گومـانـی لەوەدا هەیە ئەو جوانانە لە دەردی دڵی بگەن:

ئـەز چ بێـــــــژم چ بـەیان کـم
مـــەخـــفـــیـــا تە ئـەز عـــەیان کم
ســــــــڕڕی دلـی ئـاشـكـەراكـم
كــــەس ب حــــالیّ من نـەزان

چـەندی بێـــژم ســـڕڕ و حــــالان
ئـاه ژ دەســـــتیّ چاڤ غـــەزەلان
هـەر دنـاڵم مـــــاه و ســـــالان
كــــەس ب حــــالیّ من نـەزان

مــــــاه و ســـــالان ئـەز دنـالـم
شـــــەڤ و ڕۆژ تالیب ویســـــالـم
عــــاشــــقیّ بەژنا شــــەپالـم
كــــەس ب حــــالیّ من نـەزان

عــــاشــــــقیّ بـەژنا لـەتیـــــفـم
خــەســتــە حــالم پڕ زەعــیــفـم
مــــوبتـــەلا قـــامـــەت ئەلیــفـم
كــــەس ب حــــالیّ من نـەزان

مــــوبتـــەلا قـــامـــەت فـــەنانە

ژ یار و دۆسـتـان جـودامـه
عـاشـقێ نوورا خـودامـه
کـەس ب حـالێ من نەزان
عـاشـقێ سـێڤ و بهـامـه
ژ بۆ جـەمـالا مـوبتـەلامـه
گـەر ببـینم جـان فـیـدامـه
کـەس ب حـالێ من نەزان
ئەو باغێ سـۆر گـول د نیـڤـێـدا
یار و مـەحبـووب مـەشیـان تێدا
خـوەشـە ژی کـەیفـا دنێ دا
کـەس ب حـالێ من نەزان
ئەو مـەحـبـووبا وەکـو سـتـێـرا
تەعـەسـیـرا کـچـا مـێـرا
تـه حـەلاندی (فـەقێ تێـرا)
کـەس ب حـالێ من نەزان

فەقێ تەیران ئەم غەزەلەی لەسەر بنچینەی چوارین داناوە، نیوە دێڕی چوارم لە هەمـوو بەندەکاندا دووبارە دەبێتـەوە، لە سێ نیوە دێڕە بەندەکاندا لەلایێک ئەوە دەردەخـا ئەوەی ناو دەروونی گـەلێک قـورسـە، لەلایێکی دیکە باس لە جـوانی خۆشـەویسـت و سـروشت دەکا، ئەو سروشـتـەی بەجوانی خۆشـەویست جوانتر بووە، بەڵام هەمـوو ئەوانەی باسـی لێـوە دەکـا ویست و ئارەزووە و ئەو لێـیـان بەدوورە، بۆیە حاڵی خراپە و کەس پێی نازانێ.

سێبەر و تارمایی ئەم شیعرە لە غەزەلێکی میهرەبان خاتوونی کچە شاعیری کوردی سـەدەی نۆزدەم دەجووڵێتـەوە، شیعرەکەی میهرەبان زیاتر دەچێتەوە سەر کێشـی عـەرووز. لە بەرگەکانی داهـاتووی ئەم «مێژووی ئەدەبی کـوردی»یە باسـی لێوە دەکرێ.

***

فـەقێ تەیران گـەورەترین شـاعـیـرێکی کـوردی کـوردسـتـانی سـەرووە لە

دروستکردن و پەیداکردنی شیعری کوردی، بەشداریێکی زۆری کردووە لە دانانی بەردی بناغە و پەرەسەندن و بۆ پێشەوەچوونی شیعری کوردی. بەرهەمی شیعری شـاعـیـر نموونەی بەرزی ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهەلاتە، لە ڕووی ناوەرۆکەوە خەریکی دڵداری و کۆمەڵایەتی و دانایی و فەلسەفە و سۆفیزم و گەلێ لایەنی دیکەی ژیانی ئادەمزادە، لە ڕووی ڕوخساریشەوە کێش و قافیە و ڕیتمی میللی و زمانی ساکار و ڕستەی ئاسانی بەکارهێناوە و شێوەیێکی ڕەسەنی داوەتە شیعرەکانی.

مەلای جزیری

بەشی دوازدەم

# مەلای جزیری

١٥٦٧ - ١٦٤٠

گــوڵی باغێ ئرەمێ بوهتـــانم
شـەبچراغێ شـەبێ کوردستـانم

بەسـەرهات

مـەلای جزیری یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیری کوردستانی سەروو. ناوی ئەحمەدە، ناوی باوکی محەمەد بووە، لە بنەماڵەی «ئەنسارییان» بووە کە یەکێکە لە بنەماڵە دیار و ناودارەکانی جزیری بۆتان. لە شاری جزیرە لەدایک بووە. ڕاستترین بۆچوون لەبارەی سەردەمی ژیانی مەلای جزیرییەوە ئەوەیە کە مەلا ئەحمەدی زڤنگی نێوان سەدەی دەیەم و یازدەمی هیجری (سەدەی شازدەم و حەڤدەمی مەسیحی) دەستنیشان کردووە.

لە ئەدەبیاتی جوگرافیدا دوو زاراوە لە بابەت «جزیرە» و «بۆتان»ەوە بەکاردەهێنرێن، یەکەمیان «جزیری بۆتان» و دووەمیان «جزیر و بۆتان». ئەوەی ئاشکرایە زاراوەی «جزیرە» بۆ ناوی شارەکە بەکاردەهێنرێ و «بۆتان»یش بۆ ناوی ناوچەکە بەکاردەهێنرێ، بەم پێیە «جزیری بۆتان» ئەوە دەگەیەنێ ئەو شارەی ناوی «جزیرە»یە سەر بەناوچەی بۆتانە، هەرچی «جزیر و بۆتان»یشە ناوهێنانی شار و ناوچەکەیە بەدوای یەکەوە. جگە لەمە زاراوەی «جزیرە» ناوچە گشتییەکەش دەگرێتەوە کە بریتییە لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیا کە شاری جزیرە پایتەختیەتی هەروەها خاکی کوردەواری هەموو سوریا و ناوچەی زاخۆ لە کوردستانی عێراقدا.

مەلای جزیری لە ساڵی ٩٧٥ھ/١٥٦٧م لەدایک بووە. زانیارییەکی ئەوتۆ لە

ناوەوە نییە لەبارەی پەروەردە و خوێندنی سەرەتایی، بەڵام بەمەزندە و ئەو گێڕانەوانەی لەبەردەست دایە لەبابەت ژیانی خوێندەواری لە سەدەکانی شازدەم و حەڤدەم لە کوردستاندا دەتوانین بڵێین مەلای جزیری لە حوجرەی مزگەوت دەستی بەخوێندنی قورئان کردووە، گۆیا ئەمە لەلای باوکی بووە، چونکە ئەویش مەلایێکی ناودار بووە. لە پاشانا زانستییە ئیسلامییەکان و ئەوانەی پێوەندییان بەزمانی عەرەبییەوە هەیە بەرێکوپێکی و بەسەرکەوتوویی شارەزایان بووە وەک لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا دەردەکەوێ.

هەندێ لە سەردەمی فەقێیەتی لە چەند شوێنێکی وڵاتی کوردەواری بردۆتە سەر بەمەستی خوێندن، لە ئامێدی و جۆلەمێرگ و ئامەد (دیاربەکر) ژیاوە. ڕۆژگارێکی درێژ لە گوندی سترباس لە نزیک دیاربەکر ژیاوە و کۆتایی بەخوێندنی مەدرەسەی حوجرە هێناوە و ئیجازەی دوازدە عیلمی مەلایی لەسەر دەستی مەلا تەها ناوێک وەرگرتووە.

لە دوای ئیجازە وەرگرتن کراوە بەمەلای گوندی سربال لە ناوچەی دیاربەکر، لە پاشانا ڕووی کردۆتە حەسەنکێف و لەوێ بووە بەمەلا، وانەی زانستییە ئیسلامیەکان و زمانی عەرەبی وتۆتەوە، هەروەها ئیجازەی مەلایەتیشی داوە بەفەقێیان، ئینجا گەڕاوەتەوە وڵاتی خۆی و لە جزیری بۆتان زیندەگانی کردووە تا گەیشتۆتە سەرووی تەمەنی حەفتا ساڵی و لە ١٠٥٠ھ/١٦٤٠م کۆچی دوایی کردووە.

هەندێ ئیسگە لە ژیانی ڕۆشنبیری مەلای جزیری ڕوون و ئاشکرایە، ئەمانە ڕاستی سەردەمی ژیان و هەندێ لایەنی بەرهەمەکانی ڕوون دەکەنەوە، وەکو:

١- شیعرێکی لە تەمەنی چلساڵیدا وتووە (١٠١٥ھ/١٦٠٦م).

٢- شیعرێکی دیکەی لە تەمەنی سی ساڵیدا وتووە (١٠٠٥ھ/١٥٩٦).

٣- لە ڕۆژی سێ شەمموی ١ی موحەررەمی ١٠٤١ی هیجری بەرامبەر بە(٢٩ی تەمووزی ١٦٣١ مەسیحی) جزیری کۆتایی بەنووسینی دیوانی خۆی هێناوە، ئەو کاتە تەمەنی ٦٦ ساڵان بووە.

٤- لە ساڵی ١٠٣١ھ/١٦٢١م لە جزیرە لەگەڵ فەقێ تەیران دیالۆجێکی شیعری داناوە.

هیچ سەرچاوەیێک لەبەردەستدا نییە دیاری ئەوە بکا مەلای جزیری ژنی هێنابێ. ئارامگای لە شاری جزیرەیە لەژێر زەوییێکە لە مەدرەسەی سۆر و بووە بەجێ زیارەتگا و نەزرگای خەڵکی ئەو ناوە. مەدرەسەی سۆر گەورەترینی ئەو نۆ مەدرەسەیە بووە کە لەو سەردەمەدا لە مزگەوتە بەناوبانگەکانی ئەو شارەدا بوون.

وەک لە شیعری مەلای جزیری دەردەکەوێ نازناوی شیعری «مەلا یا مەلێ» بووە، بەڵام نازناوی «نیشانی»شی بەکارهێناوە. هەندێ جار ناوی ڕاستی خۆی کە «ئەحمەد»ە لە هەندێ شیعریدا هاتووە.

## دیوانی مەلای جزیری

لە ڕۆژگاری ژیانی ئەم شاعیرەوە دەسنووسی دیوانی کەوتۆتە ناوەوە لە کوردستانی سەروودا، تا ئێستاش ناو بە ناو دەسنووسی تازەی دیوانی شاعیر دەدۆزرێتەوە، دەتوانین بڵێین دەسنووسی دیوانی مەلای جزیری لە دەسنووسی بەرهەمی هەموو شاعیرانی ئەو ناوچانە زیاترە، یەکێ لەو دەسنووسە نایابانە ئەوەیە کە کوردناسی ئەڵمانی مارتن هارتمان لە ساڵی ١٩٠٤ لە بەرلین بەڕێگەی لیتۆگراف بڵاوی کردۆتەوە، واتە ڕۆژهەڵاتناس وێنەی فۆتۆگرافی لاپەڕەکانی دەسنووسەکەی گرتووە وەک خۆی دانەی ئامادە کردووە بۆ نامەخانە و زاناکانی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەوروپا، هەروەها پێشەکییێکی بەئەڵمانی بۆ کارەکەی نووسیوە. ئەم دانەیە یەکێکە لە دەسنووسە چاکەکانی دیوانی مەلای جزیری.

جگە لەمە هەندێ دەسنووسی دیکە تا ئێستا پارێزراون و نرخی تایبەتی خۆیان هەیە هی وەکو:

١- دەسنووسی شاعیری بادینی، میری ئامێدی، محەمەد تەیاری کوڕی ئیسماعیل پاشا لە ساڵی (١٢٣١ﻫ/١٨١٥م) ڕوونووس کراوە و لە نامەخانەی مەلا تەهای مایی پارێزراوە.

٢- دەسنووسی مەلا مستەفای یووسفی لە ساڵی (١٣٥٧ﻫ/١٩٣٧م) ڕوونووس کراوە و لە نامەخانەی مەلا مەحموودی یووسفی پارێزراوە.

٣- دەسنووسێک ناوی نووسەری لەسەر نەنووسراوە لە ساڵی ١٣٥٧ﻫ/١٩٣٧م) ڕوونووس کراوە، ئەوەی تێدایە خاوەنی دەسنووسەکە عومەری کوڕی ئەسعەد، ئێستا لە نامەخانەی موحسین دۆسکی پارێزراوە.

٤- دەسنووسی مەلا تەها کۆفلی لە ساڵی (١٣٦٩ھ/١٩٤٩م) ڕوونووس کراوە لەسەر دانەی شێخ تاهیری شۆشی، لەنامەخانەی موحسین ئیبراهیم دۆسکی پارێزراوە.

دیوانی چاپکراوی مەلای جزیری بەم جۆرەیە.

١- چاپی محەمەد شەفیق ئەرواسی لە ئەستەموول لە ساڵی ١٩١٩ بڵاوکراوەتەوە.

٢- «العقد الجوهری فی شرح دیوان الجزری»، مەلا ئەحمەدی زڤنگی بەعەرەبی لێکی داوەتەوە لە ساڵی ١٩٥٩ لە قامشلی بەچاپی گەیاندووە، چاپی دووەمی لە ساڵی ١٩٨٧ لە دیمەشق (شام) بڵاوکراوەتەوە.

٣- دیوانی مەلای جزیری تێکستی زڤنگی بەبێ لێکدانەوە بەڕێگەی ئۆفسیت لە (دار الکتاب العربی) لە میسر بڵاوکراوەتەوە، ساڵی چاپی دیاری نەکراوە.

٤- گیوی موکریانی لە ساڵی ١٩٦٤ لە هەولێر دیوانی مەلای جزیری بەچاپ گەیاندووە.

٥- سادق بەهائەدین ئامێدی لە ساڵی ١٩٧٧ لە بەغدا دیوانەکەی بەچاپ گەیاندووە.

٦- هەژار تێکست و لێکدانەوەی دیوانی جزیری لە ساڵی ١٩٨٠ لە تاران بەچاپ گەیاندووە.

٧- زەینولعابیدین زنار و م. ئەمین نارۆزی دیوانی مەلای جزیرییان گواستۆتەوە سەر تیپی لاتینی و لە ساڵی ١٩٨٧ لە سوید چاپیان کردووە.

٨- زەینولعابدین زنار و فرات پایتلاری بۆ جاری دووەم دیوانی جزیرییان بەتیپی لاتینی لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئەستەموولّ بەچاپ گەیاندووە.

٩- دیوانا مەلایێ جزیری، بەراوردکردن و هەڵبژاردنی موحسین ئیبراهیم دۆسکی و پێداچوونەوە و کۆکردنەوەی ئیسماعیل تەها شاهین، لە ساڵی ٢٠٠٠ لە دهۆک چاپ کراوە. ئەم دیوانە چاکترین دیوانی مەلای جزیرییە ئەوەی تا ئێستا بڵاوکراوەتەوە.

١٠- لە ساڵانی ١٩٤١ - ١٩٤٣ کۆواری «هاوار»، لە شام، لە ژمارەکانی (٣٥-٥٨) دیوانی مەلای جزیری بەزنجیرە بڵاو کردۆتەوە.


بسم الله الرحمن الرحيم

الله سحرگاها ازل ذاتێ تجلا یا خودا
نورا جمالا لم یزل لیموج عشقێ شعله دا
ذاتێ تجلا بو للذات بێ اسم و اثار و صفات
ژ سرّ احرونا عالیات خفا بو د سرّ پرده دا
ذاتک مقدس بو وجود جوش شبه بو بحر جود
وصف و اضافات و قیود یک ژ تجلا نی ندا
حسن و جمالێ خوش ستاقین قیکو اتیک ذاتێ حقی
نورا قدیم بو عشق و قین وان پیک نازو عشوه دا
عشق

دەستنووسی مەلای جزیر نوسخەی مارتن هارتمان

## شیعری مەلا جزیری لە ڕووی کێش و قافیەوە

مەلای جزیری یەکەمین شاعیری کوردە سیستێمی کێشی عەرووزی و یەکێتی قافیەی شیعری کلاسیکی عەرەبی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، سوودی لە تاقیکردنەوەی ئەدەبی فارسی و تورکی عوسمانی وەرگرتووە.

ئەگەر ئێمە لەلایەن کێشەوە سەرنجێکی ورد بدەینە دیوانی شاعیر، ئەم کێشە عەرووزییانە لە شیعرەکانیدا دەدۆزینەوە: ڕەمەل، هەزەج، ڕەجەز، بەسیت، سەریع، موزاریع، خەفیف، لەناو ئەمانەدا بەشی هەرە زۆری لەسەر کێشی ڕەمەل و هەزەج و ڕەجەز ڕێکخراون، ئەوانی دیکە لە هەر یەکەیان دوو سێ شیعری هەیە.

لەڕووی قافیەوە شاعیر زۆرترین دەنگەکانی زمانی کوردی و هەندێ لە دەنگەکانی زمانی عەرەبی بەکارهێناوە، لەم لایەنەوە مەلای جزیری یەکێکە لەو شاعیرە کلاسیکییانەی کورد کە زۆرترینی دەنگ (تیپ)ی زمانی کوردی و عەرەبی لە شیعرەکانیدا بەکارهێنابێ.

گەڕانەوەیێک بۆ دیوانی شاعیر دەبینین ئەم دەنگە (تیپە) کوردی و عەرەبییانە کراون بەقافیە (ا، ب، پ، ت، ث، ج، ح، خ، د، ر، ز، س، ش، ص، ض، ط، ظ، ف، ق، ک، گ، ل، م، ن، ە ـ ـە، و، ی، ێ).

## مەلای جزیری سەرداری غەزەلی کوردییە

داهێنەری غەزەلی کێشی عەرووزی و یەکێتی قافیە لە ئەدەبی کوردیدا مەلای جزیرییە. دیوانی مەلای جزیری لە ڕووی پلە و پایەی هونەرییەوە لە دیوانی کەڵەشاعیرانی فارسی هاوچەرخی خۆی کەمتر نییە. لەم لایەنەوە مینۆرسکی کە قسەی دێتە سەر ئەوەی باس لە شیعری کلاسیکی کوردی بکا، دەڵێ: هونەری شیعر لەلای کورد گەلێ فراوانە، ئەگەر بیرمان بۆ ئەوە بڕوا بەپێی ئەو نموونە شیعرییەی لەبەردەستمان دایە بڵێین شیعری کوردی نەگەیشتۆتە شیعری نەتەوە هاوسێکانی لەبەر ئەوەیە بەتەواوی لە زمانی ئەدەبی کوردی نەکۆڵراوەتەوە. بێگومان ناشارەزایی لەبەرهەمی شیعری بەرزی مەلای جزیری بووە هۆی ئەوەی ڕووی ڕاستی شیعرەکانی نەکەوێتە بەرچاو. هەروەها مەلای جزیری وەکو



دەسنووسی دیوانی جزیری نوسخەی محەمەد تەییاری پاشای ئامەد (دیاربەکر)
١٢٣١ هـ - ١٨١٥ م

کۆنترین کوردی خاوەن دیوان، ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپا نەیتوانیوە پسپۆڕێک بدۆزێتەوە توانای ئەوەی هەبێ دیوانی مەلای جزیری وەربگێڕێتە سەر زمانێکی ئەوروپایی، ئەگەر ئەم کارە بکرێ ڕووی ڕاستی شیعری کوردی کلاسیکی وەکو بەرهەمێکی هونەری بەرز دەکەوێتە بەرچاو.

مەلای جزیری دەورێکی گەورەی هەبوو لە دروستکردن و مشتوماڵ کردن و گۆڕانی غەزەلی کوردی، بەوەی ئادەمزادی تێکەڵ بەسروشت کردووە و پەردەیێکی سۆفیزمی زۆر تەنکی بەسەردا کێشاوە، مەرجەکانی پێویست بەباوەڕی ئایینی کۆ کردۆتەوە.

غەزەل و قەسیدەکانی شاعیر نموونەی زانایی و هۆشیارین لە هونەری شیعردا، وێنەی بەرزییان لە هەڵبژاردنی وشەی بەتین و کێشی عەرووزی پێویست و قافیەی سفت وەرگرتووە. تەم و مژی ئایینی و سۆفیزم قورسی و سەرتییان داوەتە مانای شیعرەکان، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی هەموو کەسێک لە مانای شیعرەکان نەگا، تەنیا بەشێک لەو کەسانەی لە پلە و ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری شاعیر بوون، واتە چینی خوێندەواری مومتازی ئەو ڕۆژگارانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی یەکجار گەورەیان کردە سەر پەرەسەندن و گۆڕان و دیارکردنی دواڕۆژی ئەدەبی کوردی وەکو سامانێکی گرنگی نەتەوەیی.

بەرزی شیعری مەلای جزیری لە ڕووی هونەرییەوە ڕاستی تیۆری «بەتەواوەتی لەدایکبوونی بەرهەمی شیعری و هونەریی» دەگەیەنی. بەو مانایەی بەرهەمی باش پێوەندی بەپلەی ڕۆشنبیری شاعیرەوە نییە، واتە شاعیر وەکو زانا نییە لە سەرەتاوە بەتاقیکردنەوە تێبپەڕێ و ڕۆژگارانی پیریەتی لووتکەی بیرکردنەوەی بێ لە زانستیدا.

غەزەل و قەسیدە لای مەلای جزیری بەزمانی کوردی بەکاملی لەدایک بوو، ئەگەر یەکێک بڵێ مەلای جزیری دەبوو بەفارسی شیعر دروست بکا باوەڕ ناکەین خەتای کردبێ، چونکە لەو سەردەمەدا زمانی فارسی باو بوو، بەڵام مەلای جزیری لەبەر ئەوە ئەو ڕچەی شکاند، چونکە بیروباوەڕی نەتەوەیی، یا بەواتایێکی تر «کوردایەتی» لە دوای جەنگی چالدیران (١٥١٤) بەشێوەیێکی دیکە کەوتە ناوەوە لەو کاتەی خاکی کوردەواری لە نێوان شای عەجەم و سوڵتانی عوسمانی دابەش

کرا. ئەمە بووە هۆی پەیدابوونی هەستی نەتەوەیی، لەبەر ئەوە مەلای جزیری کە شیعری کرد بەکوردی مەبەسی ئەوە بوو بڵێ کورد نەتەوەیێکە مافی ژیانی هەیە، پێویستە ئەدەب و هونەری نەتەوەیی خۆی هەبێ و ئەم ئەدەبە وەکو ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی بێ، چونکە ئەویش بەئایین موسڵمانە و خزمەتی ئایینەکەشی کردووە.

مەلای جزیری هەستی بەوە کردووە کە کوردە، بیری لەوە کردۆتەوە ئەو زمانەی قسەی پێ دەکا زمانی زانستی ئەو سەردەمە نەبوو، ئەوەی زانیوە کە خوێندەواری لەڕێی زمانی عەرەبییەوە وەرگرتووە چونکە زمانی ئایینی ئیسلام بووە، لەلایێکی تریشەوە تەماشای کردووە زمانانی فارسی و تورکی عوسمانی لەگەڵ زمانی عەرەبی تاقیکردنەوەیێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری تازەیان دروست کردووە، ئەم تاقیکردنەوەیە تەنیا ئایینی نەبووە، پێوەندی بەهەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانەوە بووە. ئیتر لەمە گرێیێک لەناو دڵی شاعیر دروست بووە، بۆ کردنەوەی ئەم گرێیە هەوڵی داوە زمانی کوردی بخاتە ناو ئەم تاقیکردنەوەیە لە ئەدەبدا. بەم جۆرە زمانی کوردی بەشداری کردووە لەو ئەدەبەی کە ئەدەبی ئیسلامی پێ دەڵێن و لە ئەنجامی لێکدانی کولتووری هەموو نەتەوە موسڵمانەکان، ناوەرۆکی ئەم ئەدەبە ئیسلامییە تەنیا ئایین نییە بەڵکو هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی لەلایەنە ئیسلامییەکە جیا بکرێتەوە، ئێمە بەباشی دەزانین زاراوەی «ئیسلامەوی» بۆ بەکاربهێنرێ.

### چوارخشتەکییەکەی جزیری لەسەر شیعری حافز

چوارخشتەکییە ناودارەکەی مەلای جزیری «نەوایا موتریب و چەنگێ...» لەسەر غەزەلەکەی حافزی شیرازی (١٣٢٥ – ١٣٨٨م) «ألا یاأیها الساقی» هەردووکیان لە گێتی ئەدەب دەنگیان داوەتەوە، زۆرتر لە ناو کۆمەڵی ڕۆشنبیرانی کورد.

ئەمە تەواوی چوارخشتەکییەکەیە:

نەوایا موتریب و چەنگێ فەغان ئاڤێتە خەرچەنگێ
وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشۆیین دل ژ ڤێ ژەنگێ
حەیاتا دل مەیا باقی بنووشین دا ب موشتاقی
(ألا یا ایها الساقي أدر کأساً وناولها)

کو کاتیب دێمی جەدوەل کت شکەستە خەت موسەلسەل کت
ژ یەک حەرفان موفەسسەل کت کیە ڤێ موشکلێ حەل کت
دزانێ ڕوودو عـــوود ئەووەل چ داڤــێتن ســـروود ئەووەل
(کـــه عـــشق آســـان نمود أول ولی أفـــاد مـــوشکلهـــا)

***

وێ شەفەق ژ مـهرا سەعدێ شرین لەعلێ شەکەر وەعدێ
دنالم شـوبهـەتی ڕەعـدێ عـەجـیـبم لێ ژ ڤێ جـەعـدێ
(کـــه دل را تاب هـر چینش بکفـــری مـــیـــبـــرد دینش
ز تاب جـعـد مـشکینش چه خـون أفـتـاد در دلهـــا)

***

د ڤێ تاقێ د ڤێ خـانێ مـە عـەیش و ئێـمنی کـانێ؟
کەسێ دەست دت ژ دەورانێ نهالەک ڤێ گـولسـتـانێ
(در آغـوشش چه می آرد کـه از دل جـانش بسـپـارد
جـــرس فـــریاد می دارد کـــه بر بندید مـــحـــملهـــا)

***

ب قـــورئانێ ب ئایاتێ ئەگـــەر پیـــرێ خـــەراباتێ
ببـــێـژت ســـەجـــدە بن لاتێ مـــوریدێ وی دبن قـــاتێ
(مـــرید أر بی بصـــر نبـــود ز فـــرمـــانش بدر نبـــود
کـــة ســـالک بی خـــبـــر نبـــود ز راه و رسم منزلهـــا)

***

ژ ڤێ زولمات و دەریایێ ژ مـەوجـان قـەت خـەبەر نایێ
شکەستی کەشتی یا بایێ عـەجاجی وێ شـەڤێ دایێ
ژ حەرفا ماه و سالێ ما نەهات در شـەکلێ فالێ ما
(کـــجـــا دانند حـــال مـــاســـبک باران ســـاحلهـــا)

***

مـە ڕا ژئەووەل چ بر خـامی کـشاند ئاخر ب بەد نامی
ژ ڕەنگێ سەعدی و جامی ژ شوهرەت پێ حەسین عامی

ب دەنگ و بانگ و ئاوازێ دبێــژت نەغــمــەیا ســازی
(نـهــان کی مــاند آن رازی کــز و ســازند مــحــفلهــا)

***

ژ حـافـز قـوتبێ شـیـرازێ (مـەلا) فـەهم ئـەر بکی رازێ
ب ئـاوازێ نـەی و ســـــازێ ببـێ بـەر چـەرخـێ پـەروازێ
(تزد مـن حــبـــه الصــفــوی به أهل الـهــوی نشــوی
مــــتي مــــاتلق من تـهـــوی دع الـدنـيـــا وأهـمـلـهـــا)

دێرە شـیــعـرێک بەزمــانی عــەرەبی بـەناوی «ألا یا أیـهـا السـاقی...» لە مــەی و مـەیخانەی کۆڕی سـەرخـۆشـانی عەشق دەدوێ دەدرێتە پاڵ یەزیدی کوڕی معاویە (٦٤٦–٦٨٣م). ئەم شـیـعرە بووە بەسـەرچاوە بۆ حـافزی شـیرازی و شـیـعـرێکی بەفارسی هۆنیوەتەوە و هەندێ ڕستە و مانای وەکو خۆی لە شیعرە عەرەبییەکە وەرگرتووە و لە شیعرەکەی خۆیدا بەکاری هێناون. ئەوەی ئێمە ئاگاداربین مەلای جزیری یەکەمین شاعیری کوردە غەزەلەکەی حافز کاری لێ کردبێ و لەم چوار خشتەکییەدا ڕەنگی دابێتەوە. لە دوای چوار خشتەکییەکەی مەلای جزیری، گەلێ شـاعـیری کـورد ئیلهـامیـان لە هەردوو بەرهـەمـەکـەی حـافـز و مـەلای جـزیری وەرگــرتووە، هەندێ تەزمــینیــان کـردووە، هـی دیکە چوار خــشــتــەکی و پێنج خـشـتـەکـیـان لێ دروست کردووە و ناوبانگیان گـەیشـتـۆتە پلەیێک هیچ کۆڕ و گۆشەیێکی ئەدەبی کوردی نییە ئاگاداری بەسەرهاتی «ألا یاأیها الساقی» نەبێ.

گەلێ بۆچوون و لێکدانەوە لە ئەدەبی کوردی لە گۆڕێیە لە بابەت ئەم غەزەلەوە، بیروڕای پێچەوانە کەوتوونەتە ناوەوە، هەندێ کەس بۆچوونی دڵداری مەجازی و شەرابی سەرزەمینییان هەیە، هی دێکە بەچاوێکی سۆفیزم تەماشای مەسەلەکە دەکەن، بۆچوونی غەزەلەکە بەدڵدارێکی حەقیقی و سەرخۆشـیێکی لاهووتی کردگاری لێک دەدەنەوە.

## ڕەنگدانەوەی سۆفیزم لە شیعری شاعیردا

پێش هەموو شتێک پێویستە ئێمە سنوورێک لە نێوان ئەم زاراوانە بکێشین، «سۆفیزمی کۆزمۆسی» وەک فەلسەفەیێک «سۆفیزمی ئیسلامی» وەک دیاردەیێک

له «زوهد»ەوە پەیدابووە، «دەروێشیزم» هەندێ لایەنی پراکتیکییە لە «سۆفیزمی گشتی»، ئینجا ڕێکخراوەکان، واتە تەریقەتەکان، لە دواییدا ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی سۆفیزم لە ئەدەبدا، ئەمەیان مەبەسی بنچینەیی ئێمەیە.

لە گێتی ئەدەبی کوردیدا مەلای جزیری وەک شاعیرێکی «سۆفی» ناوبانگی دەرکردووە، دیارە ئەم بڕیارە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بووە لە شیعری شاعیردا. ئینجا پرسیارێک لەم لایەنەوە دروست دەبێ: مەلای جزیری چ سۆفیێک بووە؟

بەلای ئێمەوە ڕەنگدانەوەی سۆفیزمی ئیسلامی لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تا پلەیێکیش تورکی عوسمانی کاری گەورەی کردۆتە سەر خەملاندنی خەیاڵی ئەدەبی سۆفی لەلای مەلای جزیری، ئەدەبی سۆفیزمی فارسی بەگشتی کاری گەورە بووە، لە هەموویان زیاتر بەرهەمی شیعری جەلالەدینی ڕۆمی (١٢٠٧م-١٢٧٣م).

لەلای مەلای جزیری سۆفیزم لە خزمەت ئایین دایە، ئەم دیاردەیە ئیسلامییە و هەندێ لە سۆفیزمی کۆزمۆسی جیای دەکاتەوە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین مەلای جزیری لەسەر هیچ تەریقەتێکی سۆفیزم نەبووە ئەوانەی لە کوردستاندا باو بوون، لە سەردەمی مەلای جزیری تەریقەکانی دەروێشی لە کوردستاندا وەک ڕێکخراوێک لە ناوەوە نەبوون. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە لە دوا ساڵانی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم شێخ مارفی نودێ (١٧٥٢-١٨٣٨) و شێخ خالیدی شارەزووری نەقشبەندی (١٧٧٩-١٨٣٠) پەیدا بوون، بۆ یەکەم جار یەکەمیان بەردی بناغەی ڕێکخراوی تەریقەتی قادری (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) (١٠٧٧م-١١٦٥م) دانا و دووەمیان ڕێکخراوی تەریقەتی نەقشبەندی (شیخ بەهائەدینی نەقشبەندی) (١٣٨٩م کۆچی دوایی کردووە) دامەزراند. بەم پێیە ئەو دوو تەریقەتە وەک ڕێکخراوێک لە ناوەوە نەبوون تا مەلای جزیری دەروێش یا سۆفیی یەکێکیان بووبێ، چونکە دەنگ هەیە مەلا نەقشبەندی بووبێ.

مەلای جزیری سەر بەتەریقەتێکی سۆفیزم بووبێ یا نەبووبێ هیچ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، ئەوەی گرنگ بێ ئەدەبی سۆفیزمی موسڵمانی کاری تێ کردووە و ئەدگاری بەرهەمی شیعری جەلالەدینی ڕۆمی پێیەوە دیارە و لەبەر ڕۆشنایی خەیاڵ و ئەندێشەی سۆفیزم بەرهەمێکی بەرزی بەزمانی کوردی دروست کردووە.

بۆ نموونە لە غەزەلێکیدا دەڵی:

دل یەکــە دێ عــیــشــق یەک بت عــاشــقــان یەک یار بەس
قــیــبلـە دێ یـەک بت قــولووبان دلبــەرەک دلدار بـەس
مـن د بەندا زولفــەکێ دل دا ب دەســتێ پیــری عــیــشـق
لەو د عــیــشــقێ دامـە بـەست ئیـحــرام و یەک زوننار بەس
تـەرح و تـەرزێ بـوونـە زوننـار و چـەلیــپــا یـەک بـەیەک
لـەو م زوننـار و چـەلیــپــا یـەک تنـێ یـەکــجــار بـەس
هـن ژ نک دێرێ ڤــەتێن قــەســتــا کنشــتێ هـن دکن
نــەی ژ وانم نــەی ژ وانم مــن دەرێ خــــەممــار بــەس
گـەر چ تێن ڕەقس و سـەمـایێ هەر سـەحـەر سـەد نەی شـەکەر
مـن د بەزمــا ســورِ شــرینان ئـەو شــرین ڕەفــتــار بـەس
وەهـ چ والا گـــەوهــەرن هاتن لیــبــاســێ جــسم و جــان
مـن ژ وان حــوور ســرشــتــان ئەو پەری ڕوخــســار بـەس
حــەوجـە ســیـحــرێ ســامــیــری نینن کـو زولفـا ڕەش بکت
چـەشم بەندا دلروبایان کــاکــولا عـــەیـیــار بـەس
بولبــولان ســەد گــول د چاڤن چاڤ ل ســەد گــول دی دکن
مـن ژ بـاغێ گــولعــوزاران یەک گــول و گــولنار بەس
من د بـاغێ گـولفـرۆشـان دی عـەجـەب ڕەسـمـەک غـەریب
خــار تەبعــان گـول ب دەست و گـولپـەرسـتـان خـار بەس
ئـەو جــەفــا چوو دەر ژ حـــەد زولما تە بر حــەتتــا ب چین
ڕەحــــمـــەکێ جــارەک نـەکی هـەی زاڵم ئەڤ ئازار بەس
غــــەرقێ دەریایێ گـــوناهـین تشـنـەیێ لوتفـــا حـــەقین
ڕەحــمــەتێ ئامــووزگــار و شــەفــقــەیێ غــەفــفــار بەس
ئەهلـێ دونیـــایێ ســــەراســەر دژمـنین مـن بن (مـــەلا)
پشــتــە مــێــرێ من عــەلی بت حــەیدەرێ کــەررار بـەس

ئـەگــەر لـەنـاو ئەم غــەزەلـەدا لەوێنە و مــانـای داهێنان بگەڕێین لـەژێر پـەردەی

زاراوەکانی سۆفیزمی ئیسلامی گەلێ لە مانا و وێنەکان دەدۆزینەوە بۆ یەکەمین جار لە ئەدەبی کوردیدا، مەبەس ئەوەیە بەرهەمێکی ئەدەبی کوردی بەرامبەر بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورکی عوسمانی بوەستێ لەم ڕووەوە.

هەرچەندە شاعیر لەم شیعرەدا مەبەسی لە خۆشەویستی دڵداری ئاسمانی یا حەقیقییە، بەڵام هەندێ جار ئەگەر بۆ ڕوونکردنەوەش بێ ئەو دڵدارییە لە پەیکەرێکدا دەبینێ، واتە گیان دەخاتە قاوغی مادەوە، ئەوەی مەبەسیەتی هەستی گیانییە، بەڵام دەیکاتە هەستی مەتریاڵی کە بەچاو دەبینرێ، مەبەسی شاعیر لەمەدا ئەوەیە دیاردە مادییەکە بۆ دیاردە گیانییەکە بەکاربێنێ.

شاعیر گەشتی ناوگێتیی دڵداری دەکا. دڵ کە لانەی دڵدارییە یەکێکە، دەبێ دڵداریش یەکێک بێ. دلبەر کە تاقە کەسێکی دانیشتووی ناو دڵە، تەنیا خۆیەتی، ئەویش بووە بە قیبلە.

شاعیر گیرۆدەی داوی بەند بووە، پرچی کۆت و پێوەندیەتی، حاجیان بۆ تەواف دوو پارچە پەڕۆ دەکەن بەئیحرام، بەڵام شاعیر لە قژی یار زونناریک دروست دەکا. کەزی یار دەبێتە زوننارى کەمەری شاعیر. تەلێ داوی قژ وێنەی خاچ دروست دەکەن، زوننار و خاچ (چەلیپا) یەک شتن.

یار (کردگار) لە هەموو جێیێک هەیە. گاور دەچنە دێر و جوولەکە دەچنە کەنشتە، شاعیر دەڵێ من نە لەوانەم، نە لەمانەم، دەرگای مەیخانە قیبلەگای منە. بەلای مەلای جزیرییەوە بەڵام دڵی ئەو لای یەکێک لەو جوانانەیە. خووبان و جوانان زۆرن، ئەو گیانانەی لە قالبی لەشدا خۆیان دەنوێنن، لەناو ئەم هەموو حۆری و پەری و فرشتانەدا چاوم لەیەک یارە، لە دەرەوەی ئەو شتێکی دیکە نییە. ڕەشی زولفی ئەو یارە لە ئەنجامی سیحر و جادووی سامیری دروست نەبووە.

شاعیر بولبول بەدڵداری ڕاست دانانێ چونکە چاوی لە سەدان گوڵە، بەڵام خۆی لەناو گوڵعوزاراندا یەک گوڵی بەسە. هەروەها سەری سوڕماوە لەو دیمەنە غەریب و بیانییەی لە بەرچاوە. ئەو کەسانەی لە دڕک دەکەن دەسکەگوڵیان بەدەستەوەیە، کەچی ئەوانەی گوڵپەرستن بەشیان دڕکە.

مەلای جزیری ئاوڕ لە یار دەداتەوە و دەڵێ ئازاری دلبەر بێ سنوورە بۆی، هیچ

نەبێ با جارێک دڵی پێی بسووتێ، چونکە لە زەریای گوناهدا خنکاوە، پێویستی بەلێبووردنی خودا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بەکەسێکی بەهێز دەخاتە ڕوو و دەڵێ: ئەی (مەلا) هەموو گێتی بەربەرەکانی من بکەن، باکم نییە. ئیمامی عەلی کە حەیدەری کەرارە، ئەمەم بەسە.

ئەم وشە و ڕستە جوانانەی شاعیر لە داهێنانی ئەم شیعرەدا بوون بەمایەی بەرزکردنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی، وەک سامانێکی نەتەوەیی جێی ڕاستەقینەی کورد لەناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیار دەکەن.

لە قەسیدەیێکیدا مەلای جزیری حیکایەتی دروستکردنی «گەردوون» و بەسەرهاتی «بوون» دەگێڕێتەوە، ئیلهامی لە گێڕانەوەی کتێبە پیرۆزەکانی ئایینی ئاسمانی تەورات و ئینجیل و قورئان وەرگرتووە و بەهەندێ لایەنی فەلسەفە میتافیزیکییەکەی سۆفیزم قانگی داوە و دەڵێ:

هێ د بەر (قالوا بلی)یێ بەلکو ئەڤ عالەم نەبوو
چەرخێ دەوران دەورێ گەردوون گونبەدێ مینا نەبوو
عەرش و کورسی هێژ د مەخفی بوون د کەنزا قودرەتێ
حوسنێ حەق بوو د ئیستوائێ لامیعا عیشقێ هەبوو
نەهتبوو حوکمێ سیفاتان ئەو ژ زاتێ (لم یزل)
عاشق و مەعشووق یەک بوون شەمع و هەم پەروانە بوو
حوسن و حوب زاتێ قەدیمن لێ جودا بوون ئەو ژ یەک
لێ نها ئیسمێ حودووسێ حیکمەت و تەفسیل وەبوو
یەک دزانێ سوڕشرینان بوو جەمال و حوسن و سوڕ
یەک د قەلبێ ئەهلێ دل نار و جەلال و جەزبە بوو

بەلای شاعیرەوە بنج و بناوانی هۆی دروستکردنی «گەردوون» پێوەندی بەسۆفیزمەوە هەیە، واتە مەبەس لە بوون قانوون و ڕێکخراو نییە بۆ پاراستنی «گەردوون»، بەڵکو دڵدارییە کە هەموو «شت»ێکە و لە یەک شتیشدا کۆدەبێتەوە و لە دەرەوەی ئەو شتی تر نییە.

حوسنێ حوب ئانی زوهوورێ عیشقە ئەسلێ عالەمێ
ئەسلێ ئەشیادا بزانی وان چ ئەسل و ماددە بوو

عاشق و مەعشووقێ ئەلحەق هەر دوو مرئاتێ یەکن

بوو د عەینی جەمعێدا ئەسلی قەدیم ئایینە بوو

جەزبە و سەیرا سولووکێ بێ مەحەببەت نابتن

جەهدە یا بێ عیشق و حوب چەندی کو کر بێ فەیدە بوو

سالیکێن عیشقێ یەکا یەک حەوجە نین ئەز ببێم

جامەیا پیرێ تەریقێ سەر ژنک شەهزادە بوو

ڕەنگ ڕەنگ ئەهلێ مەقاماتێ تەریقێ چوونە سەیر

هن جەلال و هن جەمال و سەرمەیان ئەڤ بادە بوو

ئێ بری عەینی بەقایێ بادەنووشێ عیشقێ بوو

ئێ بوویێ مەحوێ فەنایێ عاشیقێ بێ چارە بوو

هەرچییێکی کردگار دروستی کردبێ، نەمر نەبووە و دوایی هاتووە، هەموو دیاردەکان تواونەتەوە، ئەمە پەروانە (پەپوولە) بێ کە بەبڵێسە سووتاوە یا عاشق و مەعشووق بێ بەتوانەوە لەناو یەکتریدا بوون بەیەک.

ئێک ژ وان پەروانە بوو سوهت و فەغانەک ژێ نەهات

ئێک ژ وان تەشبیهی گۆیینێ ب ئاه و نالە بوو

ئاوڕێن ئەسوەد عویوونان عاقلان سەودا دکن

گەزمەیا عاشق ڤ دل کەفتی ژ چەهڤێن شەهلە بوو

عاشق و مەعشووق دا واسیل ب یەک بن بێ حیجاب

مەحوو بوو (بالذات) عاشق لەو د عیشقێ پەردە بوو

لەو د عیشقێدا فەنابوو دا ببت باقی ب دۆست

عاشقێ فانی نەبوو واسیل حەتا باقی نەبوو

نوقتە وو عیلم و سەوادێ حەرف و نەقشێ عالەمی

سەر ددن مەعنایەکێ ئەسلێ سەوادێ نوقتە بوو

هەریەکە و دێ یەک بمینت ئەووەل و ئاخیر یەکە

(لاجرم) نابت دو بن ئێ دێ بمینت هەر هەبوو

هەر چ دەعوایێ د عیشقێدا (مەلێ) سابیت کری

عەینی دەعوایێ د (نفس الأمر) دیسا شەهدە بوو

شاعیر کۆمەڵێک زاراوەی تیۆریی سۆفیزمی بەکارهێناوە، نەژادی ئەم زاراوانە وشەی فەرهەنگین، سەر بەهەر زمانێک بن گرنگ نییە، چونکە بوون بەزاراوەی شیعری لە بەرهەمی شیعری سەر بەسۆفیزمی ئیسلامی.

***

لە گێتیی سۆفیزمدا مەڵبەندی بوون لە ئادەمزاددا (دڵ)ە، هەروەکو چۆن لە داناییدا مێشکە. لەبەر ئەوەیە لە داهێنانی هونەریدا دەڵێن دڵ کارەکە دەسوورێنێ و ملکەچی هیچ جۆرە یاسا و دەستوورێک نییە. بۆ ئەم مەبەسە مەلای جزیری وشەی (دڵ)ی کردووە بەپاش قافیە، لە پێناوی ئەوەی بەئارەزووی خۆی دووبارە و سێ بارەی بکاتەوە، چونکە لەو شیعرەدا پێویستی بەوە هەیە وشەی (دڵ) زۆر بەکاربێنێ، دیارە ئەگەر بیکا بەپاش قافیە لە کێشەی ناشیرینی بەکارهێنانی زۆری وشەکە ڕزگاری دەبێ و هەناسەیێکی جوانیش دەداتە وشەی (دڵ).

لەم شیعرەدا شاعیر بەڵگە و ڕەمزەکانی سۆفیزمی ئیسلامی و پێش ئیسلام تێکەڵ بەیەکتری دەکا، زۆربەی بەڵگە کۆنەکانی پێش ئیسلامیشی لە قورئان وەرگرتووە. بەمە ئەم برە شیعرەی دەبێتە داهێنانی هونەری لە گێتی سۆفیزمدا، هەروەها وەسفی سۆفیزم وەکو لە مێژووی مەسەلەکە و بەسەرهاتی سۆفییە گەورەکان هاتووە دەخاتەڕوو.

لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

ئیرۆ ژ ڕەمزا دێم دوڕێ

مینن‌ەت کو من مەسرورە دل

دلبەر ب فنجانا سوڕێ

مەی دامە و و مەخمورە دل

ڕەمزەک نهین ئاڤێتە دل

میهری ژ باتین مێهتە دل

شەهزادەیێ سوڕ ڕێهتە دل

شەهکاسەیا فەرفورە دل

هۆسـتـایێ عـیـشـقێ دل هـەڤـۆت
سـەر تا قـەدەم هنگی دەسـۆت
ڕەمـزا (أنـا الحق) هـەر دەگـۆت
بـاوەڕ بـکن مـەنسـوورە دل
دل لـێ بـدت نـوورا مـەیـێ
وەقـتـێ سـەواش و هـەی هـەیـێ
فـەهـم ئەر بـکـی وەحـیـا نەیـێ
ژێ دت خـەبـەر مـەئـمـوور دل
نـوورا ژ قـودرەت لـێ دو نـوون
ژێـرا دنـالـن ئـەرغـەنـوون
وەر ئـایەتا عـیـشـقێ بخـون
خوەش نـوسخەیەک مەستوورە دل
تەفـسـیـرێ سـیـڕڕا ئـایەتـێ
عـارف دڤـێتن گـوهـ دەتـێ
ڕازا رمـوززێن قـودرەتـێ
گـەر دەین بـکین مـەعـزوورە دل
دل کـەعـبـەیە مـەولایـەلـێ
نـاری کـەلیـم ئـیـسـایـەلـێ
بـانـگـێ (أنـا الـلـە) دایـەلـێ
هـەم کـەعـبـە وو هـەم تـوورە دل
سـەد جـۆ و سـەد جـۆبـارە تـێ
سـەد گـوڵشـەن و گـوڵزارە تـێ
چـەندان ژ عـیـشـقـێ نارە تـێ
سـافـی نـەزەر دی نـوورە دل
سـوحـبـەت کـو کـامـیل بـوو برێ
جـارەک ب جـایـی عـەنبـەرێ

قــەلبێ مــە باقێ مــەجــمــەرێ

خـوەش عـەنبـەر و كـافـوورە دل

شــــۆخ و شـــەپالا لەب ژ قـــەند

ئەو نـازكــــا وێ قـــــەنج و ڕەند

وێ دل ژ دل دلـدا و خـــــــوەنـد

ئـیـــرۆ یەقین فـــەغـــفـــوورە دل

ئەو دل ژ تـە مــــــەســــــروور بـتن

مـن ژ (مـــەلـێ) دەســــتــــوور بـتن

دێ كت جــــــەهـان پـور نـوور بـتن

لـێ دائـیــــمــــەن ڕەنجــــوورە دل

وەک چۆن لەم شـیـعرەدا پاش قافـیـە وشـەی «دڵ»ە، قافـیـەی بنچـینەیی (ر)یە، وشـەكان لەسـەر كێشی «مـەسـروور، مەخـموور...»ن. لە مـانادا وشـەكانی قافـیـەی بنچینەیی بۆ مـەبەسی ڕوونكردنەوەی جێگەی پاش قـافیـە هـاتوون – واتە وشـەی «دڵ» – لەلایەنـی ڕەوانبـێـژییـەوە. بەم جـۆرە «دڵ» وەكـو قـاووغـێک یا لانەیێک یا گـەنجینەیێكی شـارراوە جێی هـەمـوو شـتێكی لێ دەبێـتـەوە، زۆر جـار ئەو شـتـانە بەپێچەوانەی یەكتریش دەبن.

لەلای مـــەلای جـــزیری لەناو «دڵ»دا گـــەلێ دیـاردە دەبینرێ وەكــو: خـــۆشی و سـەرخۆشی و زۆرداری و فـەرمـانڕەوایی و كوشـتن و لێ خۆش بوون و گەلێ شـتی تریش. ئەمـە وەک ئـاژاوە و بێ سـەروبەرییێک دەكەوێتە بەرچـاو، بەڵام لە ڕاسـتیدا بەڵگەی ئـازادی و سـەربەسـتـییـە، ڕەمـزی گـۆڕان و بزووتنەوەیە، چونكە بەرێگەی قانوونی هـەمیشـەیی نەگۆڕاوی دەست لێ نەدراو ڕاستی (حەقیقەت) نادۆزێتەوە.

مـەنسـووری هـەلاج بەشـوێن كـردگـار (مـامـۆسـتـای عـیشـق) دەگـەڕا لەبەر ئەوە لەناویان برد. بەڵام شـاعیری ئێمـەی كـورد پەنا بۆ كێوی توور (حـۆریب) و كـەعبـە دەبا لە یەكەمـیـاندا خـودا لەگەڵ حـەزرەتی مـووسـا قسـەی دەكـرد و لە دووەمـیـاندا ماڵی خۆی بوو لە كۆنی كۆنەوە تا دەوری مـوسـوڵمـانەتی ئەمانەش كـەعبـەیان هـەر بەماڵی خوا بەخەڵكی ناساند.

***

لە پارچە شیعرێکیدا مەلای جزیری دەڵێ:

ژ مـــابـەینـا دو ئـەبرۆیـان دبینـم قـــابە قـــەوســـەینـێ
(تعـالی اللـه) بنێ ڕەمــزێ چ ڕەنگ ئاڤـێـتـە مـابەینێ
بنێ نوونێن ل سەر (صادان) کو کاتیب گۆشە لێ بادان
ســەراســەر قـاف تـا قـافـە رومــوزا (حکمـە العین)ێ
بە قـا نـینن ل بۆ تشـتـێ حــەتا کــەنگێ بکین پشــتـی
د عـیـشـقـا وان پەری ڕوویان وەرن دونیـایێ دادەینێ
ب بەرقا شـیر و ئەڵماسـان ب تیرێژێن د شـەهـکاسـان
ســەراســەر ئەهلـێ دونیـایێ د ســۆژێ (طرفـە العین)ێ
(مـــەلا) (باللـه) دڤـێ دەورێ ب ڤێ ڕەنـگێ ب ڤـێ تەورێ
نیشـان دا وەک نیشـانی کەس دەرانین دوڕ ژ بەحرەینێ

شـاعیر لەم پارچە شیـعرەدا هـەنـدێ زاراوەی سۆفـیزم و قـالبی شیـعری ڕەمـزی (سیمبۆلی) بەکار هێناوە بۆ دروستکردنی وێنەکانی. بەڵام ئەوەی گرنگ و سەرنج ڕاکێشـەر بێ لەم مـاوەیەدا ئەوەیە شـاعیـر پەنا دەباتە بەر وێنەی تیـپی ئەلفـوبێی نووسین لـە ڕووی ئەندازیارییـەوە وەکـو ئەوەی هـەنـدێ ئەندامی «یار» بەوێنـەی ئەو تیـپـانە دەچوێنێ. بـۆ بەڵگە تیـپـەکانـی «ن» و «ص» و «ق»ی بەکـارهێناوە، لێـرەدا «نوون» و «صـــاد» بـۆ چاو و بـرۆ کـــارێکی بـەجێ و شـــیـــاوەیە، هـەرچی تـیـــپی «قـاف»یشــە ئەمـەیان دیاری کـردنی ئەو جـێگە جـوگـرافـیــەیە کـە پێ دەڵێن، لە ئەفسـانەی ڕۆژهەڵاتدا بۆ کیشـوەر و کۆنتینێت و شـاخ بەکارهاتووە، دوور نیـیە مەبەس شاخەکانی قەفقاس بێ بەتایبەتی ئەلبورز.

ئەم کـارەی شـاعیـری ئێمـە واتە بەکارهێنانی تیپەکانی ئەلفـوبێ لە ڕووی وێنەی ئەندازیارییـەوە، جیـاوازە لەگـەڵ بۆچوونی تەریقەتی حورووفیـیـەکانی سـۆفـیـزمی ئیـسلامی چونکە ئەمـانە مـامـەڵە لەگەڵ تیـپـەکانی ئەلفـوبێ دەکەن لە ڕووی نرخی ژمـارە و وەکو ڕەمزێک بۆ هـەندێ نهێنیی گێتیی سۆفیزم.

***

لە پارچە شـیـعرێکی کـورتیـدا مـەلای جزیری هـەندێ دیاردەی هـەست پێکراوی سـروشت بەکـار دەهێنێ بۆ ئەوەی لەگـەڵ چەند ئەندامـێکی «یـار» بەراوردیان بکا.

هەروەها شەعائیرەکانی نوێژ و حەجی ئیسلامی لە قاڵبی خۆیان دەریان دێنێ و بەشێوەیێکی دیکە دەیانگەیەنەتە ئەنجام:

دەرێ مەیخانەیا عیشقێ سەحەر عارف زیارەت کر
ب ئابێ چەشم و خوونێ دل ووزوو بەست و تەهارەت کر
وەرین جاما هیلالی دا ژ عەکسێ ماهێ نەوبینی
کۆ خانێ میهر و جەرگێ چەرخ و خوانی رووزە غارەت کر
ب میزان قەوسێ ماهێ نەو ب وەجهێ دلبەرێ من دی
ژ چەشم و گۆشەیێ ئەبروو ب دۆر جامی ئیشارەت کر
ب ئەبساران نەزەر من چوو ژ چەرخێ قەوسێ ئەبروویان
شوکور خوازین کو چەهڤان کار بەرعەینێ بەسارەت کر
ژ بەر دێمی نیقاب ئاڤێهت و دەستوورا تەوافێ دا
د سەعیێ بەیت و ئیحرامێ و من ئەسوەد زیارەت کر
د دیدارێ هەزاران جان نساریێ مەقدەمێ یارن
کەسێ جانان ب جان بینت ب عیشقێ وی تیجارەت کر
ب دینارێ دەنی زینهاردا یاری خوە تو نەفرۆشی
کەسێ یووسف فرۆتی وی د عالەمدا خەسارەت کر
تنێ ئەو سەجدە یا شوکرێ تە بت میحرابێ قەوسەینان
کو دەلق و شەمل و سوججادە ب ڤێ ئاڤێ قەسارەت کر
د بەحسێ لەعلێ لەب هەر خام نارت تەبعێ ئەلماسی
وەلێ تەئسیرێ فەیزێ میهرە تەدبیرێ حەرارەت کر
د ئیعجازا بەیانێ دا سوخەن گەر بێتە ئینسافێ
دزانت موختەسەر هەر کەس (مەلێ) سیحرێ عیبارەت کر

شاعیر هونەروەرانە گێتیی سۆفیزم و ئایینی تێکەڵ بەیەکتری دەکا. مەیخانە ڕەمزی یەکەمیانە، مزگەوت هی دووەمیانە. وەکو سۆفیێک بەیانی زوو ڕوو دەکاتە مەیخانە لە باتی ئاو بەخوێنی دڵ خۆی دەشوا و بەفرمێسک دەسنوێژ هەڵدەگرێ.

لە مەیخانەدا مەیگێڕ دەگەیەنێتە پلەی موتلەق و دەیکا بەڕەمزی کردگار. ئەو

مەیگێڕە پێویستە بەڵگەی جوانی هەمیشەیی بێ. ئەو جوانییە لە برۆی کەوانی دلبەر و مانگی نوێدا دەبینێ.

شاعیر دەچێتە ناو گێتی تەماوی سۆفیزم، وەسفێکی «شیعر» بەجۆرێک دەکا دەبێتە داهێنانێکی جوانکاری کە دەڵێ: مەلا ئەو شیعرەی کە دەینووسێتەوە لە قسەی کەس ناکا، کەس نەیوتووە و کەسیش نایڵێ چونکە حەقیقەت نییە و کارێکی جادووگەرانەیە.

***

لە قەسیدەیێکی دیکەیدا مەلای جزیری هەوای داهێنانی جوانکاری گێتیی سۆفیزم تێکەڵ بەرەمزەکانی دڵداری سەرزەمینی دەکا. خۆشەویستەکەی کچێکی شۆخ و شەنگە، بۆ خۆی قارەمانی دڵداریی سۆفیزمە، بۆ خوێنەر نموونەی ئەو جوانییە مێینەییەیە کە هەموو کەسێک حەزی لێ دەکا:

فەلەکا ئەتلەسێ سەرگەشتە د جاما مەحەبابە
مەوج ددت قولزومێ عیشقێ مە ل سەر دەست غورابە
دل کە مەر بەستەیێ عیشقە و ب خوە زونار پەرستین
مەی و مەعشووقە دوعایێ مەو سەججادە قیبابە
ژ حیجابێ وەرە دەر نازک و مەستانە بمەش تو
تە جەهان زیر و زەبەر کر ب خودێ ئەڤ چ حیجابە؟
دەستێ جبریل هلاڤێت ژ بەژنا تە نیقاب
ب یەقین قافە ل ڕۆژێ وەرە دەر سینە نیقابە
مە ب ئیشرافی سوئالەک ژ لەبێ غونچە گوشا کر
گۆ ب ئیلهامێ دزانی د سوئالا مە جەوابە

لەلای شاعیر دڵداری ئەوەندە فراوانە هەموو «بوون»ی گرتۆتەوە، ئەو دڵدارییە لە جوانی یار و سەرخۆشی مەیدا دەبینێ. جوانی و سەرخۆشی وەک جەوهەرێک لە یاردا خۆیان دەنوێنن، ئەو جەوهەرە لە زەریا و فەلەکی ئەتلەس فراوانترە. زەریا لەسەر ڕووی زەوی فەلەکی ئەتلەس ئەو ئاسمانە بێ دواییەی لە پاش ئاسمانەکان دێ و ئەستێرەی لێ نییە.

مەلای جزیری پەنجە بۆ فەلسەفەی پرتەوی (ئیشراق) دەرێژ دەکا، ئەو ڕێبازە سۆفیزمەی شێخ شەهابەدینی سوهرەوەردی (لەساڵی ١١٩١م کوژراوە) دایهێناوە بەو مانایەی زانستی ڕاست لەو ڕووناکییە هەڵدەقوڵێ کە لە ناخی دڵدا پەیدا دەبێ. لێرەدا شاعیر زاراوەی سۆفیزم بەکاردێنێ بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی کە شیعر دروست دەکا.

لە بەشێکی دیکەی قەسیدەکەیدا دەڵێ:

کەسک و سۆران تو بنێ چەرخ ل دۆرا دو هیلالان

دو قران مانە بەرابەر شەفەقێ پەردە عیسابە

عەرعەران تا د شەپالن وەرەقان جەزبەیە ڤێرا

نێرگزان سەر د گرانن ل بە نەخشان خەم و تابە

چیچەکێن قەوس و قوزەح ڕەنگ هەزار ڕەنگ سەمایە

سونبولان گرتی خوناڤ و ل گولان تازە گولابە

مەست و هشیار هەمی کەچ کولەهن ڕەقس و سەماتێن

ئەز نزانم چ نەسەق کەیفە نزانم چ شەرابە؟

شاعیر وێنەی گیانی ناوەوەی سۆفیزم کە لە تاکە یارێکدا بەدی دەکرێ دەگوازێتەوە و وێنەی پۆلەپەری و فرشتەیێک دروست دەکا، هەموویان لە یەکتری دەکەن و بەدیمەن جوانی مەتریالی دەخەنە بەرچاو. ئیتر هەرچی جوانێکی لە سروشتدا هەیە بەتایبەتی گوڵ و موڵ بەکار دێنێ بۆ وەسفی ئەندامە جوانەکانی ئەو کیژە پەری ئامێزە نازدارانە.

مەلای حزیری بەم دێڕە شیعرانە کۆتایی بەقەسیدەکەی دێنێ:

تە دڤێ بەرق و برووسکان برەشینی تو نەزەر دە

تە دڤێ ڕۆژ خویا بت ژ شوباکێ تو خویا بە

تە دڤێ زیر و زەبەر کی مە دوو زولفان بدە بەر با

تە دەڤێ قەنج قیامەت ل مە ڕابت ب خوە رابە

قەسدێ سەرچەشمەیێ حەیوان حەقیقەت کە نیشانی

ب جەهانی مەبە مەغروور کو جەهان عەینێ سەرابە

ســـەركـــەشـی شـــیـــوەیێ ئـەربابێ وەفـــا نینە ڕحێ من

نە ژ دل ســوهـت (مــەلا) بەس ب مــەلـێ ڕا ب جــەفــابە

دووبارە شاعیر دەگەڕێتەوە لای یار و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکا. هەندێ دیاردەی ســروشـت هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕەوانبـێـژییــەوە بەراوردیان بکا لـەگـەڵ هەڵســوکـەوت و بزووتنەوەی یار. وەکـو ئـەوەی نیگای دلبـەر وەکـو برووسک وایە. ئەگەر سەر لە پەنجـەرە دەربێنی وەکو ئەوەیە خۆر هەڵبێ، یا کە هەڵسێتە سەرپێ، هەڵسانی قیامەتە.

لە دواییدا مەلای جزیری گلەیی لە یار دەکا و هەموو ئەو ئازارانە دەخاتەڕوو کە لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە چێشتوویەتی، بەو ئازارە بەختیارە بەڵام دەڵێ با بەس بێ.

***

لە پارچە شیعرێکی دیکەیدا مەلای جزیری خودای تاک و تەنیا لە کردەوەکانی جیا ناکاتەوە، هەموو «بوون» لە کردگارەوە هـاتووە و هەمووشی هەر یەکێکە، لەم لایەنەوە دەڵێ:

سیڕڕی وەحدەت ژ ئەزەل گرتییە حەتتا بەئەبەد

واحید و فـەردە ب زاتێ خـوە وی نینن چو عـەدەد

د قـیـدەمـدا ئەزەل و عـەینی ئەبەد هـەردوو یەکن

سـەرمـەدییـەت وە دخوازت نە ئەزەل بت نە ئەبەد

فەرقـە واحید ژ ئەحـەد لێ د مـەقـامێ ســەمـەدی

ب حەقیقەت کو یەکن هەر دوو چ واحید چ ئەحەد

یەکـە دەریا تو بزان قــەنج چ مـەوج و چ حـــەباب

د ئەسلدا کـو حــەمی ئاڤـە چ ئاف و چ جـەمــەد

ئافـتـابێ ئەحـەدییـەت د خـوەدا گـرتـیـیـە کـەون

نەکو عەورەک هەیە لێ گرتییە چەهڤێن مە رەمەد

حـوسنێ زاتێ بوت و لاتان ژ جـەمـالا ســەمـەدە

ژ میسـالێ سـەنەمی وەهـ کـو تەجـەللایا سـەمـەد!

هەموو دیار و نادیارێک وێنەی کردگارە و لە کردگارەوەیە. بتپەرستان جوانی لە

بتەکانیاندا دەبینن، ئەمەش لە جوانی خوداوە هاتووە، کردگار لە بتانیشدا وێنەی ئاشکرایە.

شاعیر بەم دێڕە شیعرانە کۆتایی بەپارچە شیعرەکەی دێنێ:

چ زەمـان و چ مـەکـان و جـیـهـاتن چ حـودوود

چ مـەقـادیر و تەفـاسـیل و حـیـسـابن چ عـەدەد

چ مـونافـات و لوزوومن چ قـیـاس و چ مـیـسـال

ئەڤ چ تەولید چ تەرکیبە چ ڕووحن چ جەسەد

سـەر ب عـەجزێ د درت قـووەتێ دەر راکـەیێ مـا

(رَجَعَ القَلْبُ کَلیـلاً و مـتـی قـامَ قَـعَـدْ)

حـیـرەت و عـەجـزە سـەرەنجـام د بابێ نەزەرێ

(کَیْ بخـالقْ نظرِ قـاصـرٍ مـخلوق رسـدْ؟)

گوفتوگووی مـەعریفەت چەندی (مەلا) پەیدا بکی

گـەوهەرا مـەعـریفـەتێ ناگـهتێ کـەس ب خـیـرەد

شـاعـیـر لەم پارچە شـیـعـرەیدا لە تەڕایی و وشکایی گۆی زەوی (ئاو و خـاک) دەدوێ. کردگار لە پێشانا ئاوی داهێناوە، ئینجا خاک و لەدواییدا ئەوانی دیکەی دروست کـردووە. مـەلای جـزیری لـە سـەرانسـەری ئەم شـیـعـرەدا بەشـێـوەیێکی ناڕاسـتـەوخـۆ و نادیار بـاس لە «یەکـێـتـیی بوون» دەکـا. کـردگـار هەر خـۆی هەمیشەییە و هەرچی دروستیشی کردووە لەخۆیەوەیە و لە خۆی دەکا.

ئەم شـیـعـرەی مـەلای جزیری لە ڕووی زمـانەوە وەک جۆرە مولەممەعێک خۆی دەنوێنێ، چونکە شاعیر لە داڕشتنی شیعرەکەدا مانای هەندێ نیوەدێڕی بەزمانی عەرەبی و فارسی دەربڕیوە.

***

مەلای جزیری لە قەسیدەیێکیدا ئاوڕی لە بەسەرهاتی دڵداری شێخی سەنعان داوەتەوە. ئەمە یەکێکە لەو گێڕانەوە ئەڤینییانەی ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتـیـان داگـیـر کردووە، کـۆنـتـرین بەرهەمی ئەدەبی لەم ڕووەوە چیـرۆکی «منطق الطیر»ی عەتتاری نیشابوورییە (١٢٢٩م کوژراوە).

لە ئەدەبی کوردی خۆشماندا چیرۆکی «شێخی سەنعان»ی فەقێ تەیران جێگەی دیار و بڵندی خۆی هەیە.

مەلای جزیری بەم جۆرە قەسیدەکەی دەست پێدەکا:

مەی نەنووشی شەیخێ سەنعانێ غەلەت
ئەو نەچوو نێڤ ئەرمەنستانێ غەلەت
میسلی مووسا وی تەجەللایا تە دی
ئێ تو دی کانێ خەتا کانێ غەلەت
وی نەدی بەژنا تە وو دایێ قیاس
حیکمەتێ لەو چوویە بورهانێ غەلەت
سەتوەتا لەیلێ یەقین مەجنوون تەپاند
وەرنە قەیس ناکەت بیابانێ غەلەت
وەک (نیشانی) نەقش و نیشانەک تە دی
ئێ کو نیشانەک تە دی کانێ غەلەت
ئەز گهام ئاڤا حەیاتێ خەڤ ژ دل
خزر ڤا ژی چوویە حەیوانێ غەلەت

شاعیر وەک سۆفییێک لەسەر ئەو باوەڕەیە شێخی سەنعان بەهەڵە نەچووە لەو کاتەی ڕووی کردۆتە وڵاتی گاووران و بووە بەمەسیحی چونکە کردەوەی کردگاری لەو کچە مەسیحییەدا دیوە، هەر وەک چۆن مووسا لەسەر شاخی توور (حۆریب) پرتەوی خوداوەندی چاوپێکەوتووە لەو کاتەی قسەی لەگەڵدا کردووە. هەروەها هەستکردن بەدڵداری لە لەیلاوە هەڵقوڵاوە، ئەمە شەقڵی کردگاری پێوەیە لەبەر ئەوەیە قەیس شێت بووە و ناوی بە«مەجنوون» دەرچووە، بێ گومان شاعیر خۆشی یەکێکە لەو عاشقانەی نازناوی خۆی بە«نیشانی» بردووە، ئەویش وەکو مەجنوون ئەدگاری کردگاری لە لەیلا بینیوە، لەبەر ئەوە بەهەڵە نەچووە.

شاعیر درێژە بەقەسیدەکەی دەدا و دەڵێ:

پەهنیا ڤێ چەرخ و دۆلابێ دنێ
نیسبەتا دەر بابێ عیرفانی غەلەت

نوســخــەیێ عــالەم هــەمی عــینوانــەکــە

نوقــتــەیەک نابت د عــینوانێ غــەلەت

قــولزوم و بــایێن مــوخـــالیف تێ پوڕن

دا نەکــەلشـین دارێ ســوککانێ غــەلەت

دابزانــی پــەهلــەوانی مـــــوویــەکـــــە

دەست نەدی (للـە) مـــیـــزانی غـــەلەت

لێرەدا مـەبەسی مـەلای جـزیری لەوە ئاشکرا دەبێ کـە دەڵێ توانـای کـردگـار لەوەدانییـە ئەوەی ئێمـە بەچاو دەیبینین دروسـتی کردووە، بەڵکو بەتێکڕایی هـەموو (بوون) دروشـمێکی بچـووکی توانایی کردگارە. نابێ دەست لەکاری هەڵسـووڕانی «بوون» بدەین، ئەو کەشتییەی ئامێری هەڵسووڕانی بەدەست خودایە هیچ جۆرە هەڵەیێکی تێدا نییە، وا زان مەکە دەتوانی دەسکاری بکەی.

لە دواییدا شاعیر قەسیدەکەی بەم دێڕانە کۆتایی پێ دێنێ:

مـــەشـــرەبێ تورکـــان فـــورات و نیل کـــر

تشنـە لەب چوو تەرفـێ عــوممـانێ غـــەلەت

پیـرێ حـیکمـەت بـین ل ویفـقـا مـەشـرەبان

کـەس نەدی مەی ڕێهتـە فینجانێ غەلەت

ڕاســتــە یەک قــانوون ســەراســەر نینە تێ

خـوەهـری و پێـچـێن پەریشـانی غـەلەت

پـاک تەبـع و قـــووەتەک مـــەوزوون دڤـــێت

دا ژ ســەنعــەت دت ب ئیـدمـانێ غـەلەت

مـەردومێن چەهڤین (مـەلێ) عـەکسا خوەدی

وەک (نیـشـانی)مـا ل نیـشـانێ غـەلەت

لێرەدا شاعیر دەڵێ تورکان، واتە یاران، جوانان ئارەزووی خواردنەوەی ئاوی شـیرینی ڕووباری فـوڕات و نیل دەکـەن، بەڵام تینوو نـاچارە ئاوی تاڵ و سـوێری زەریای عوممان بخواتەوە.

دەســتــووری بەڕێوەبردنی گـێـتـیی مـەیخـانە لەلایەن پیـری مـەیخـانە (پیـری

حیکمەت، پیری موغان) بێ کەموکوورییە، قانوون و دەستووری یەکسانییە، لەو کۆمەڵەدا هەموو خەڵک و کەسان وەک یەکن.

مەلای جزیری وەک عاشقێک لە ڕوخساردا، یا لە یاردا، یا لە ئاوێنەی جوانیدا وێنەی خۆی دەبینێ، ئیتر «نیشانی» واتە شاعیر وایزانی نیشانەی (خاڵی) سەرگۆنا بەهەڵە چووە.

***

ڕینیسانسی ئەدەبی کوردی لە دوای جەنگی چاڵدیران (١٥١٤) کە لە جزیری بۆتان سەری هەڵدا، کۆمەڵێک بابەتی تازەی هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە لە رووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، ڕوخسارەکە لە کێشی عەرووز و یەکێتیی قافیە و ڕەوانبێژی شیعری ئیسلامەوی (عەرەبی – فارسی – تورکی عوسمانی) خۆی دەنوێنی و لەناوەرۆکیشدا مەلای جزیری دەوری باڵا و دیاری هەبوو لە داهێنانی هونەری لە ڕووی جوانکارییەوە لە چوارچێوەی گێتیی سۆفیزمی کۆزمۆسی و ئیسلامیدا و سامانێکی بەنرخی بەجێ هێشت.

## دڵداری بەشێوازی ڕۆژهەڵات

ئێمە لێرەدا کە بەپێی بابەت و ناوەرۆکی شیعر گەشتێک بەناو دیوانی مەلای جزیری دەکەین، ئەوی ڕاستی بێ سنوورێکی دیاریکراومان نییە بۆ مەبەسی دابەشکردنی شیعرەکان بەپێی بابەت و ناوەرۆکەوە. واتە شیعری وامان دەست ناکەوێ سەرتاسەری شیعرەکە دڵداری یا وەسف یا هەر مەبەستێکی دیکە بێ. لە شیعرێکدا گەلێ بابەت کۆ دەکرێنەوە، بەڵام ئەوە هەیە دابەشکردنەکە بەو پێیە دەبێ کە مەبەسێک بەسەر مەبەسەکانی دیکەدا زاڵ دەبێ، لەبەر ئەوە دەتوانین بەگشتی شناسنامەی شیعرەکە دیاری بکەین لە پێناوی ڕوونکردنەوە بۆ شیعرخوازان و بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی.

بەڕووکەش ڕەنگدانەوەی ئەڤین و خۆشەویستی لە شیعری نەتەوەی کورد و هاوسێکانی ئێش و ئازار و بەندیخانە و قەسابخانەیێکە ئەوپەڕی دیاری نەبێ. دلبەر زۆردارە و دڵدار دەچەوسێنێتەوە، وەک دوو کەسی دوژمنی یەکتری بن دەکەونە بەرچاو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لایەنی سۆز و جوانکاری تێدا هەیە، چونکە شاعیر دەیەوێ ئەوە بخاتە بەرچاو کە خۆشەویستییەکەی بەرامبەر بەدلبەر

گەیشتۆتە ڕادەیێک گەورەییە بۆ ئەو ئەگەر خۆی بەکۆیلەی دلبەر دابنێ، بێگومان بۆ خاوەن کۆیلە مافی خۆیەتی هەرچی لە کۆیلەکەی خۆی بکا، ئیتر بەم جۆرە مەلای جزیری باس لە دەستدرێژییەکانی دلبەر دەکا:

دلبەرێ ئیرۆ سەحەر ئاڤێتە جەرگی من دو دۆخ
یەک ل سینە یەک ل دل دا لەو ژ من تێن ئاخ و ئۆخ
ئاخ و ئۆخێن من ژ دل تێن لێ ژ بەر تیرا قزل تێن
یان ژ کۆڤانێن د کول تێن ژێ دزێت هەر خوون و زۆخ
خوون ژ دل جۆ جۆڕەوان تێ وەک عەقیق و ئەرغەوان تێ
لێ ژ دەست سەلوا جوان تێ ئەوشەپالا شەنگ و شۆخ
ئەو شەپالا شۆخ و شەنگە کافرا ڕۆم و فەرەنگە
دامە بەرجوهتەک خەدەنگە زالمێ کوشتم ب دۆخ

لێرەدا شاعیر باسی جەنگە چەکدارییەکە دەکا، دلبەر بەنیگای چاوی دوو تیری ئاراستەی سنگ و دڵی کردووە بۆیە ئاخ و ئۆخی لێ هەڵساوە چونکە تیرەکە خوێناوی بووە بەخوێنی دڵ، لافاوی خوێن چەند جۆگەلەیێکی دروست کردووە. ئەم کارە مایەی خۆشییە، ئێش و ئازار نییە، ئارامی دڵە چونکە سەلوا یا سەلما نیشانی لە دڵم گرتووە. سەلما و سەلوا جوانانی نادیار و بووکی شیعری دڵداری کورد و نەتەوەکانی هاوسێیانن وەکو: هیند و دەعد و لەیلا و شیرین و عەزرا و زین و ئەسڵی و هی دیکە. ئەو دلبەرە شۆخ و شەنگە، جوانە، بێ بەزەییە، باکی بەهەموو کەسی گێتیدا نییە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ڕۆم و فەرەنگ، ئاسیا و ئەوروپا، بۆیە بەسەرشۆڕی کوشتمی.

شاعیر بەم دێڕانە کۆتایی بەغەزەلەکەی دێنێ:

لەو هەڕفتم ئەز ژ مەیلێ شوبهەتی سەهل و سوهەیلێ
موحبەت و عیشقا د لەیلێ ئەز کرم یەکسەر پلۆخ
دەست نەهێلم ئەز ژ دینێ شوبهی فەرهاد و شرینێ
وەر ژ بەر عیشق و ئەڤینێ من درێ چت ئەڤ کلۆخ
سوحبەتا چەرخ و سەما تێ وەک (مەلا) سەد موبتەلا تێ
زەمزەم و ئاڤا حەیاتێ موشتەری سەد شەیخ و شۆخ

شاعیر لەگەڵ ئەم هەموو چەوساندنەوە و زۆردارییەی لەگەڵیدا دەکرێ دڵی نارەنجێ بەڵکو زیاتر هۆگری ئەم یارە دەبێ و خۆی لەگەڵ فەرهادی شیرین و قەیسی لەیلا بەراورد دەکا و وا دەخاتەڕوو مەیلی بۆ سەلمای خۆی لە هی ئەوان کەمتر نییە بۆ شیرین و لەیلای خۆیان، هەروەها هەمیشە ئامادەیە ئازاری زیاتر بچێژی لە دلبەر چونکە لەسەر ڕووی زەوی لەو خۆشەویستتری نییە.

***

لە غەزەلێکی تریدا مەلای جزیری یاری لە تایێکی ترازوو دادەنێ و هەموو «بوون»یش لە تاکەی تری دادەنێ، بەڵام بێگومان ئەو تایەی یاری تێدایە لە ئەویتر قورسترە، لە غەزەلەکەدا دەڵێ:

شەربەتا لام و بێ یان ئەز ب حەیاتێ نادم
بادەیا لەعلێ ب ئاڤا زولوماتی نادم
حوور و ویلدان و پەری جوملە جەما بن ئیرۆ
موویەکێ پێ ژ خەتێ وێ بوت ولاتێ نادم
گەر بدت دەست تەوافا پێ و دەستان بگرم
وێ مەجالێ ب وقووفا عەرەفاتێ نادم
ئەز و یار گەر شەڤەکێ هەرد و هەم ئاغووش ببین
(لَیلَةُ القَدْرَ) مە ئەو شەڤ ب بەراتێ نادم
جانێ شیرین کو ژ یار ڕا ب خودان ئەز دکرم
نە ب یارێ خوە د وەختێ سەکەراتێ نادم
نە ب قانوون کو ئیشارەت ب شیفایێ بکرت
ئەز هەلاکا خوە د عیشقێ ب نەجاتێ نادم
شەربەتا زەهری هەلاهیل کو حەبیبێ مە بدت
ب گولاب و شەکەر و قەند و نەباتێ نادم
تەلبەکر وەسل ژ دلبەر م ب عینوانێ زەکات
گۆ: تو عەبدی ب عەبدێ خوە زەکاتێ نادم
دێ ب پەیکی بکرین مات ڕەقیبی دیسا
ب ڕوخ و فیل و فەرەس ئەز شەهـ ماتێ نادم

د ســـەمـــایا ســـەحـــەرێ دەست ب کـــەس دی ئیـــرۆ
غـەیری شـیـرین قـەد و مـەوزوون حـەرەکـاتێ نادم
هاتـە دەسـتـێ مـــە د ڕەقـسـێ و دگـۆ: بل ژ (مـــەلێ)
دەست ب کـەس دی د سـەمـایا کـو مـەلاتـێ نادم

شـاعـیـر هەمـوو شـتێکی خـۆشـەویسـتی بە هـەمـوو شـتێکی دەرەوەی ئەو نادا، شـەربەتی لێوی لە ئاوی ژیان خۆشترە، تاڵێک لە مووی لە هەموو حۆری و غیلمان و پەری بەهەشت جوانترە، ئەگەر لـە حوزووری یار بم و دەستم بە دەسـتـی بکەوێ لە لام لە مـاچکردنی بەردی ڕەشی کـەعبـە و ڕاوەسـتـانی چیـای عەرەفـات باشترە. ئەگەر شـەوێک لەگەڵ یار بکەوینە لای یەک، ئەو شـەوە شـەوی قـەدرە و من بەشـەوی بەراتی نادەم. ئەگەر لە دەستی یار بادەی زەهری هەلاهیل وەربگرم، ئەمە لە گوڵاو و شـــەکـر و نـەبات خـۆشـتـرە. شـاعـیـر داوای زەکـاتی جـوانی لـە یار دەکـا، خۆشـەویست لە وەرامدا دەڵێ: تۆ کۆیلەی زەکاتت پێ ناشێ. ئەمە و شاعیر گەلێ وێنەی ڕەوانبـێژی خـسـتـۆتە ڕوو و وەسـتـایانە مـامـەڵەی لەگـەڵ وشـە و تـەعبـیـر کردووە، ئەمە بۆتە ئەوەی هەسـتی ئادەمـزاد ببزوێ و شنەبای جوانی ببـەخشـێتـە مێشک و دڵ.

### وەسفی دلبەر و سروشت

مەلای جزیری وەک ڤـانگدراوێک بەهەسـتی گیانیی ناوەوەی ئادەمـزاد، بە گشتی شیـعرەکانی لە بیروباوەڕێک هەڵقوڵاون لە سێ کـوچکەی کردگار و یار و تـەبیـعەت دروسـتـبوون، هـەر یـەکە لەمـانە بوونی خـۆی هـەیە، هـەمـووشـیـان پێکەوە هـەر تـەنیـا بوونێکن. لەبەر ئەوە وەسف لەلای شـاعـیـر وەک بابـەتێک پێداهـەڵدانیش دەگـرێتـە خۆی (مەدح) و هـەرسـێ جـەوهـەرەکە دەور دەکاتەوە. ئێمە لێرەدا تەنیا بە مەبەسـی ڕوون کـردنـەوە ئەم دابەشـانـە دەکـەین، ئەگـەر نا هـەمـــوو بابەت و ناوەڕۆکـەکـان یەکتری دەگرنەوە و دەچنە ناو یەکترییـەوە، لەبەر ئەوەیە گێتی مەلای جـزیری لەم ڕووەوە گەلێ فراوانە.

لێـرەدا هـەوڵ دەدەین گـەشـتـێکی جـوانکاری بەناو بـەرهـەمـە شـیـعـرییـە بەرز و بڵندەکانی دیوانی شاعیر بکەین و ڕەنگینترین دەستەگوڵی بۆنخۆش بچنین.

لە شیعرێکیدا مەلای جزیری دەڵێ:

من دی سـەحـەر شـاهـێ مـەجـەر لـیـبـسـێ دبـەر مـەخـمـوور بوو
ئەو دێم زەری سـورِ مـوشـتـەری یارەب پەری یا حـوور بوو
حـووری وەشـە شـیـرین مـەشـە کـاکـول رەشـە خـال حـەبەشـە
خـالێن د قـەر مـسـکێ تەتەر نازک بەشـەر کـافـوور بوو
نازک لەتیف گەردەن زەریف لیبسێ شەریف کەمخەو قەدیف
من دی ب وەخت ئەونیک بەخت ئیرۆ ل تەخت فـەغـفـوور بوو
فـەغـفـوور سـورە سـیـمـا دورە هەیبـەت پورە دل کـر گـورە
ئەو ها تە مـەش من چوونە هەش دل من ژ عـیشـقێ فوور بوو
دل بـوو کـــەری زایـا بـەری لازم هـەرِی دێ ئـەو زەری
من دی گەلەک ئەو سورِمەلەک وەک مەشعەلەک پورِ نوور بوو
دێم فـەنەرە خـال عـەنبـەرە بوومـاوەرە لەب شـەککەرە
ئەو مەی پەرست مەشـها و مەست جاما د دەست فەرفوور بوو

بەزۆری شاعیر دڵدارییە گیانییەکەی لە قاڵبی پەیکەری مەتریالی کچێکی شۆخی جواندا دەنوێنێ، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە شیعرانەی دەبن بەو غەزەلەی کە ئێمە بە «وەسفی دلبەر» ناوی دەبەین. لێرەدا شاعیر بەهەستێکی ناسک و سۆزێکی گەرم و بیرێکی تیژ وێنەی مـەتریالی لە سروشت وەردەگرێ لە پێناوی ئەوەی ئەندامە جوانەکانی لەش و لاری دلبەر لەگەڵ ئەم وێنانەدا بەراورد بکا.

مەلای جزیری بەم دێرە شیعرانە غەزەلەکە دەگەیەنێتە ئەنجام.

پاش فورقەتێ زۆر موحبەتێ م ژ تەلعەتێ چووم حەزرەتێ
وەسلا حەبیب من بوو نەسیب مەلعوون رەقیب رەنجوور بوو
جاما زەلال خەمرا حەلال یارێ شەپال دا من ب حال
عیشقا غەدار سوهتی ستار نێڤ مەویار سەد سوور بوو
شاهێ جەڤین غەم ژێ رەڤین مارێ شەڤین ئیساند ئەڤین
دەرد و بەلا وێن چوون هەلا عومرەک مەلا مەهجوور بوو
پورِ من زەجر دیتن هەجر مابوو ئەجر سوبح و فەجر
شەمامەهل بوو سەد عەمل میننەت مەدل مەسروور بوو

ئیحرام مەبەست ئەسوەد ب قەست یار هاتە مەست ئەز چوومە دەست

جوهتێ حەبەش تیر دان ب وەش حەججا مەخوەش مەبروور بوو

یار وەعدەدا ب لەعلێن خوەدا وەربا مەدا چین پەردەدا

د سپێدەیێ چوم وەعدەیی کو ژ بادەیێ مەخموور بوو

وێ کاکۆلێ چینێن دلێ قەلبێ (مەلێ) داڤ دانەلێ

داڤا دلان نێڤ سونبولان سەرسۆر گولان مەنقوور بوو

لەم دێڕانەدا مەلای جزیری لە وەسفی ئەندامی یارەوە دێتە سەر باسکردنی هەستی ناوەوەی خۆی بەرامبەر بەیار، پێوەندی دڵداری کە دوو دڵ کۆ دەکاتەوە، جارێک ڕاز و گلەیی، جارێک بۆنکردن و لە ئامێزکردن، جارێ دڵدار و دلبەر شاد دەبن، جارێ ڕەقیب هەناسەی خۆشی دەکێشێ.

لە ڕووی ڕوخسارەوە ئەم شیعرە جۆرە نەغمە و تەنتەنەیێکی تێدایە بەهۆی ئەو کێشە عەرووزییەی شاعیر بەکاری هێناوە. شیعرەکە لەسەر کێشی ڕەجەز (ئورجووزە)ی تەواوی هەشت جار (مستفعلن) هۆنراوەتەوە. ئەم کێشە لە شیعری عەرەبیدا لە کێشە هەرە سووکەکانە، زیاتر بۆ شیعری پەروەردەیی (دیداکتیکی) و شیعری ڕاوشکار و گۆرانی بەکاردەهێنرێ.

کێشی (مستفعلن) بە پەنجە و برگە (سیلاب) دەکاتە چوار برگە سێیانی درێژ و یەکێکی کورت (–– ب –).

هەر دێڕە شیعرێکی قەسیدەکە بریتییە لە هەشت جار (مستفعلن) واتە هەشت ڕستەی تەواوی پڕ مانا کە بەحسێبی کێشی خۆماڵی دەکاتە ڕستەیێک لە چوار برگە پێکهاتووە. هەموو ڕستەکان قافیەیان وەکو یەکە:

«نازک لەتیف، گەردەن زەریف، لیبسێ شەریف، کەمخەو قەدیف». ئەم یارییە بە وشە و دروستکردنی ڕیتمێک جۆرە هارمۆنییێک دەبەخشێتە کێشی ڕەجەزەکە کە خۆی لەخۆیدا لە کێشە سووکەکانە. بەڵام ئەم یاریکردنەی شاعیر کێشەکە سووکتر دەکا. دووبارە و سێ بارەکردنەوەی ڕستە قافیەدارەکانی لەسەر کێشی (مستفعلن) شیعرەکە وەک تابلۆیێکی مۆزاییک ئامێزی ڕەنگین خۆی دەنوێنێ دەست و پەنجەی هونەروەرێکی بەتوانا و داهێنەر ڕەنگرێژی کردبێ.

برۆی دلبەر

مەلای جزیری پارچە شیعرێک و قەسیدەیێکی تەرخان کردووە بۆ وەسفی برۆی یار. برۆ لە جوانکاری شیعری کلاسیکیدا بەچەند مەبەستێک بەکار دەهێنرێ، لەوانە بەراوردی وێنەیی. برۆی خۆشەویست هەندێ جار لە مانگی نوێی یەکشەو دەکا، جاری دیکە لە کەوان دەکا ئەوەی بەتیرەکەی دڵی خاوە دڵان دەسمێ. مانگ بەڵگەی نوێیی و ژیان و تازە لەدایک بوونە: تیر رەمزی برینداری و ئازار و لەناوچوونە. دڵدار هەمیشە دوچاری جوانییە، ئەگەر ئازاریش لە پێناوی ئەو جوانییە بکێشێ خۆشییە لەلای ئەو.

هەر بۆ ئەم مەبەستە مەلای جزیری رستەی «ماهی نەو» واتە (مانگی نوێ) بەکاردێنێ بەمانای برۆی خۆشەویست و مانگی یەک شەوە. لە دوو شیعرەکەی پێشوودا «ئەبروو» دەکاتە پاش قافیە و لە شیعری سێیەمدا «ماهێ نەو» دەکاتە پاش قافیە. ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێ هەر دوو شیعری یەکەم و دووەم لەسەر کێشی عەرووزی (هەزەجی هەشتی سالم) دانراون. هەرچی شیعری سێیەمیشە لەسەر کێشی (رەمەلی هەشتی مەحزووف) دانراوە.

١- مەلای جزیری شیعری یەکەم بەم جۆرە دەست پێدەکا:

مە لەو فینجان ل سەر دەستە کو مەهتابا هیلال ئەبروو

نومایین من د میرئاتێ مەیا سافا زەلال ئەبروو

ب شیرینی ب زیبایی ب رەفتاری ب بالایی

بنێ نوونێن د توغرایی ل بالا هەردو خال ئەبروو

بلابێت (صائم الدهر) و بلا ئیڤار جارەک بت

کەسێ زانی ژ دلبەر وێ خویا بن هەر دو سال ئەبروو

مەشی مەستانە رەیحانێ دلێ من دی د ئامانجێ

رەشاندی سینەیێ تیران ب قەوسێ هەر دو مال ئەبروو

شاعیر لێرەدا روخساری دلبەر بەمانگ و برۆی بەمانگی یەکشەوە دەچوێنێ، مانگی یەکشەوە بەڵگەی رۆژوو گرتنی مانگی رەمەزان و رۆژوو شکاندن و گێرانی ئاهەنگی جەژنە. شاعیر دیاردەی سروشت لە رەنگ و رووی دلبەردا دەبینێ

بەهۆی ئەوەی پێوەندییێکی لە یەکچوون لە نێوان مانگی یەکشەوە و برۆدا هەیە لە ڕووی قالبی مەتریالی دروستبوونیانەوە، بەوەی وێنەی دیاریان لەیەکتری دەکەن.

مەلای جزیری لەم شیعرەدا لە پێوەندی مەتریالییەوە لە نێوان برۆی دلبەر و مانگی نوێ خۆی دەرباز دەکا و لە پێوەندیی گیانیدا دەگەڕێ، لەم لایەنەوە دەڵێ:

د باتین سەجدەگاها من ژ بۆ وێ هەردوو ئەبروونە
ب عەینی تاقێ میحرابن عیلمێ ئەهلێ حال ئەبروو
ئەگەر دەعوایێ مووسایی د عیشقێدا بکم جائیز
(مەلا) دائیم تەجەللایە ژ وێ تەرحا شەلال ئەبروو
ب شیرینی ب زیبایی، چ کاتیب بوو وەکێشایی؟
(تعالی الله) نیشان دانە وەشیرین ئەڤ میسال ئەبروو
ب شیرینا ل دەربەندێ نە مەحبووبێ سەمەرقەندێ
نەکێشاین ب ڤێ ڕەنگی ل نەقشێ بێ زەوال ئەبروو
نیشانا قابە قەوسەینێ کو قەوس ئاڤێهتە ئەبساران
د تەقویما تەجەللایێ ب سەر لێ بوون هیلال ئەبروو

پێوەندی شاعیر بەدلبەرەوە گیانییە، لە گێتی سۆفیزمدا سەجدەگایێک دروست دەکا لە دوو تاقی برۆی خۆشەویست، لێرەدا لە یەکچوون لە وێنەی مەتریالییەوە دەگوێزرێتەوە وێنەی میتافیزیکی، بەوەی شاعیر زۆر بەختیارە کە گەیشتۆتە پلەی مووسا پێغەمبەر. مووسا پێغەمبەر بەهەزار و یەک وشە قسەی لەگەڵ خودادا کردووە، بەڵام شاعیر هەموو دەمێک ڕوخساری کردگار لە خۆشەویستدا دەبینێ.

٢- شاعیر لە پارچەی دووەمدا بەم جۆرە هەست و نەستی دەردەبڕێ:

د دەستدا یەنگییەک نووبار من دی ئەو کەمان ئەبروو
لە بالا جەدوەلەک جەبباری تێدا هەمقران ئەبروو
کو حەق ئەڤ حەرف و خەت کێشان ل تالایی مە دەرویشان
دو قەوسان گۆشە لێ بادان و سەر پەیوەستەمان ئەبروو
تە دیداری تە ڕفتاری تە ئەلماسێن شەکەر باری
ب عەینی ڕێ ل سەر (صادان) دو نوون ڕەیحان نومان ئەبروو

(بحــــمــــدالله) ب فـــيـــرووزی ل وەجـــهێ دلبـــەرێ من دی
کـــو مـــاهی نەو نیـــشــــان من دان ل تاقێ ئاســـمــــان ئەبروو
(تعـــالی الله) نیـــشــــان دانه ب حـــوسنێ ئەڤ نەســــەق دانه
ژ نەقش و سەنعەتێ حەق ئەڤ نیشان جەشم ئەڤ نیشان ئەبروو
ژ ڕەعنا نێـــرگـــزێن شــــەهلا مــــەجـــالێ هەمــــقــــران بینم
هەزار ڕەمـــز و ئیـــشــــاراتن ژ وان قـــەوســـێن چەڤـــان ئەبروو
(مـــەلا) دل تێک تە پەیکانن ژ مـــەحـــبـــووبان مـــە نیـــشـــانن
کـــەمــــەندارێن د غـــەدداران د بورجـــا ئەســــمـــــەران ئەبروو

لەو پارچە شیعرەدا مەلای جزیری وێنەی هەستپێکراو دەستنیشان دەکا، ڕاستە مەبەسی بنچینەیی «برۆ»یە، بەڵام وێنەی ئەندامانی دیکەی خۆشەویستیش دەگرێ. بەژن و باڵای دلبەر جغزی هێڵکاری کردگارە، هەمووی هەر جوانە، ڕەمزی هەموو ئەو جوانییە بێ پایانە چاو و برۆیە، برۆی وەک مانگی یەکشەوە، برۆی وەک حـــەرفی (ن)، چاوی وەک حـــەرفی (ص)، هەردوو حـــەرف یەکـــتـــری دەپارێزن، بزووتنەوەیان هێمای نهێنییە، هەموو کەس لە مانای بزووتنەوەکانی چاو و برۆ ناگەن چونکە جادوو و ئەفسانە و سیحریان تێدایە.

٣- شاعیر لە پارچەی سێیەم دەڵێ:

وەی سپێدە ژ بورجێ قەوس ئەبروو نوماندن ماهێ نەو
خوەش ژ قەوسێ ئەبرووان ڤێرا کشاندن ماهێ نەو
گۆشەیێن نوونان ب سەر بادان ژ قەوسێ بێ وەتەر
میسلی ئەنگوشتا نەبی سەد سەر بەیاندن ماهێ نەو
کەشــشــفی بەدرا تەمام ئەحســەن ژ بالا تەلعەتێ
ژ ئیستیوا دا گەزمەیان چەرخێ ڕەشاندن ماهێ نەو
وێ ل وەجـــهێ ئافتابێ گاهێ کەفش گاهێ خەف
عارفێن ساحێب بەسارەت حەیراندن ماهێ نەو
مل دزانم دانە بەر قـــەوسێ هیـــلالی گـــۆشـــە زەر
لەو ژ بالا گـــۆشــــەیێن نوونان لڤـــاندن مــــاهێ نەو

ئەز دبێــژم دێ ل مـن دیســا جـــەگــەر ســـەد پـارە کن
وێ ب مــیــزان هـەر دو شــیـرازی چـەڤـاندن مـاهـێ نەو
داخیلی مەجلیس بوویی ئیشـەڤ نیشانی لەو کو خـەف
جـامـێ ڕووحــانی ل ئـەهلێ دل نیـشــاندن مــاهـێ نەو

شـاعیر لە دوو شیـعرەکـەی پێشـوودا «ئـەبروو = برۆ»ی کردووە بەپاش قـافیـە بۆ ئەوەی بـە مـانگی یەک شـەوەی بچـوێنـێ، یا ئەم دوو شـتـە بـەراورد و بەرامـبــەر بەیەکتریان بکا. لـەم شیعرەدا ڕستەی «مـاهی نەو»ی کردووە بەقافیـە، ئەمە مانگی یەکشـەوەیە، لێرەدا گومـان لەوەدا نییـە کـە بە پێچـەوانەی دوو شیـعرەکـەی پێشـوو مانگی نوێ یا یەکشەوە دەکاتە بنج و بناوان بۆ ئەوەی لەگەڵ برۆ بەراوردی بکا.

لەبەر ئەوەی مەلای جزیری مانگی یەکشەوەی کردووە بەڕەمز بۆیە بەقەدەر دێڕە شیـعرەکـان دووبارە بووەتەوە، ئەمـەی بەرامـبـەر بـەو کـەوانە داناوە کـە تیـرەندازی پێدەکـرێ، هـەروەهـا بەرامـبـەر بورجی کـەوان و برۆی دلبـەر و شـتـی تریش. بەلای شــاعـیـرەوە ئـەم هـەمـوو دیـاردانە بەوێنە و ڕوخـســار لە یەکـتـری دەکـەن، بەڵام لە هـەموویان بـاڵاتر برۆی دلبـەرە، چونکە دیاردە بنچینەییـیـەکە ئەوە و ئـەوانی دیکە وێنەیان لەو وەرگرتووە.

## ڕەوانبێژی ڕۆژهـەڵات

مـەلای جـزیری یەکێکە لە شـاعـیرە گـەورەکـانی شـیـعـری کـلاسیـکی کـوردی کـە بایەخـێکی زۆریـان بـەڕەوانبـێـژی داوە لە هـەردوو لایەنی مـانا و وشـەوە. لێـرەدا مـەبەسـمـان ئەوەیە زیاتر باس لـە وشـە و ڕسـتـە بکەین لە ڕووی تەبایی لە نێـوان تیپـەکان و ڕیتم و ئـاواز و مـۆسـیـقـاوە. بێگومـان بۆ ئەم مـەبـەسـە شـاعـیـر کێشـە سـووکـەکـانی عـەرووز هـەڵدەبژێرێ و ئەگـەر لەگـەڵ کـێشـی خـۆمـاڵیش بەراوردیان بکەین ئەوانەی ئێمەش هـەر لە کێشی سووکی خۆماڵی دەژمێردرێن.

لە شیعرێکیدا مەلای جزیری وەستایی دەنوێنێ لەو کاتەی بایەخ بەڕیتم و ئاواز دەدا، ناچـاریش دەبێ کـێـشـێکی سـووکی وەکـو ڕەمــەل هـەڵـبـژێرێ. لەکـاتی خوێندنەوەی ئـەم جۆرە شیـعرەدا گوێ زیاتر خـەریک دەبێ، زەین دەورێکی ئەوتۆی نابێ.

شاعیر قەسیدەکەی بەم شیعرانە دەست پێ دەکا:

شۆخ و شەنگێ زوهرە ڕەنگێ دل ژ من بر دل ژ من
ئاورێن هەیبەت پەلەنگی دل ژ من بر دل ژ من
وێ شەپالێ میسک خالێ دێم دوڕێ گەردەن شەمالێ
جەبهەتا بسکان سەمالێ دل ژ من بر دل ژ من
زولف و خالان نوون و دالان وان ژ من بر دل بەتالان
گۆشەیێ قەوسێ هیلالان دل ژ من بر دل ژ من
دێم نەدیرێ بوو عەبیرێ خەمری و گیسوو حەریرێ
سینە کر ئامانجێ تیرێ دل ژ من بر دل ژ من
سوڕ شیرنێ نازەنینێ کوشتم و ناکت یەقینێ
وێ ب چەنگالا ئەڤینێ دل ژ من بر دل ژ من

لەو برە شیعرەدا شاعیر بەڕستەی کورتی پڕ ئاوازی قافیەدار وەسفی خۆشەویستەکەی دەکا، ئەم ڕستانە وەکو ئیدیۆمێک یا ڕستەیێکی دروستکراوی هونەراوی دەچنە ناو داهێنانی ئەدەبی کوردییەوە، خەڵکی بۆیان هەیە لە قسەکردندا بەکاری بێنن، یا پەخشانی کوردی ڕۆمانتیکی ئامێزی پێ برازێننەوە.

مەلای جزیری بەم دێڕانە کۆتایی بەشیعرەکەی دێنێ:

(سروناز)ێ سەرفرازێ شوبهی زێڕ ڕەمزا مەجازێ
دامە بەرچاکووچ و گازێ دل ژ من بر دل ژ من
بەژن و بالا تۆخ و عالا من کرن ڤێکرا متالا
چیچەکا تەرحین والا دل ژ من بر دل ژ من
مێرێ غازی شیرێ تازی ڤێکرا من دین ب بازی
کر ل م ژ غەفلەت ڤەگازی دل ژ من بر دل ژ من
شیر و خشتن زولف و قشتن هن وەشارن هن وەهشتن
پەهلەوانان دەست ڤە مشتن دل ژ من بر دل ژ من
ڕوهنیا چەهڤێن (مەلا)یی ئەو تەجەللایا تە دایی
یا ژ (ئەحمەد) دل ڕەڤایی دل ژ من بر دل ژ من

خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم قەسیدەیە خەیاڵی بۆ گێتیێکی سیمبۆلی تەلیسماوی دەچی، دیمەنێک لە ڕوویدا دەکرێتەوە: جەنگەی بەهارە، لە ئاسمانەوە تیپێک پەری یا پۆلێک فریشتە دێنە خوارەوە، بۆ ناو مێرگ و مێرغوزاری تەڕ و ئاودار، لەژێر وردە باران و بەرامبەر پەلکەزێرینە و چاوشارکێی سێبەر و هەتاو دەکەونە سەما و هەڵپەڕکێ، نازەنینانی ڕازاوەی گوڵ لە سەمایاندا شایی حێولانێیان لەبیر ناچێتەوە، سەرچۆپی جوانی جوانان سەلمایە یا سەلوا دێڕە شیعرەکانی مەلای جزیری بەئاوازی پڕ سۆزەوە دەچڕێ، سەماکەران بۆی دەگێڕنەوە، ئەمانە کۆرسی زەماوەندەکەن، ڕستەی «دل ژ من بر دل ژ من» دەڵێن و دەڵێنەوە.

زەبری ئاواز لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە لەم شیعرەی مەلای جزیری دیار و ئاشکرا بوو، بەڵام شاعیر لە لایەکی دیکەشدا وەستایێکی بێ هاوتایە، مەبەس لووتکەی نموونەی جوانی ڕەوانبێژییە لە ڕووی ماناوە، بەڵگە بۆ ئەم جۆرە داهێنانە لە شیعری کلاسیکیدا، ئەم پارچە شیعرەی مەلای جزیری دێنینەوە:

سەنەمێ ژ قەوسێ ئەبروو دو هیلالی نەونوماندن
دو کەمان ل بورجێ میزان ب غەزەب ل من کشاندن
نە دو نوون قەلەم موقابیل ب بەدیع خەت نڤیسین
دو هیلالێ دەستێ قودرەت ب قرانێ یەک کشاندن
چ بەراتێ حوسنە یارەب ب نیشانێ پادشاهی
ب تەرەف دو توڕڕە، توغرا وە ب ماوەرێ ڕشاندن
ئەلیف و دو لام و هێ دین مە د ئایەتا جەمالێ
ژ جەگەر مە کر تەسەللی و ژ سینە دەست ڤەشاندن
نە تنێ قشت و زولفان مە د سینە سەد کولابن
ل جەگەر سیەهـ کەمانان دو هەزار تیر ڕەشاندن
ژ جەگەر (مەلا) پلنگان ب کولابێ پەنس کەر کر
ئەسەدان ژ پەنجە ڤێران دل و سینە هەڕەشاندن

شاعیر بەمەبەسی لێکچواندن لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە، سێ شتی بینراوی هەست

پێکراوی وەکو کەوان و مـانگی یەکشـەوە و برۆ کۆ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی برۆی دلبەر بەکەوان و مـانگی یەکشـەوە بچوێنێ، یا بـەپێـچـەوانە. ئەم وێنانە لـەوانەن خـەڵکی دەیانبینێ و هەستیان پێدەکا.

لە وێنەیێکی دیکەدا بەراورد لە نێوان توغرای (ئیمزای) پاشایان دەکا بۆ ئەو فـەرمـانەی دەری دەکەن بۆ پێشکێشکردنی خـەڵات و پاداش، ئەو توغرایە تەنیا یەکێکە بەڵام بسکی دلبەر دوانن، لەم لاو ئەولای بناگوێی وێنەیێکی جوانی توغرا ئامێز دەنەخشێنن.

ئینجـا ڕووی یار بـەلاپەڕەی قــورئان دەچوێنێ، لـەوێدا تیــپی ئـەلف (أ) لـووتی دلبـەرە و دوو کونە لووتی چاویلکەیە، دوو بسکی خـوار و خێـچی پێچ خـواردوو لە تیپی لام (ل) دەکەن، پیاو نووسینەکە بە(الـه) دەخوێنێتـەوە. لە دواییـدا شـاعیر دەڵێ نیگای چاوی دلبـەر لە هێرشی شـێر و پڵنگ تیژترە، برژانگ چڕنووکیـان لە دڵی گیرکردووە و لەت لەتیان کردووە.

ئەمە وێنەیێکە لە مانای داهێنان لە ئەدەبی کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتدا، بـەڵام ئەگەر بەمـەفـهوومی ئەوروپاییـیان لۆجێکییانە تـەماشـای ئەم داهێنـانە هونەرییـە بکەین موبالەغەیێکی زۆری تێدا دەبینین.

## بەهار و سروشت و دلبەر

وەســـفی بـەهار و ســـروشت و دلبـــەر و بلبل و شـــتـــومـــەک و دیمـەنی دیکە ســەرانســەری دیوانی جـزیری گرتۆتەوە، ئێـمـە لـەم مـاوەیەدا سـێ پارچە شـیـعـر دەخەینە پێش چاو تا پلەیێک تینوویەتی هۆگرانی ئەدەبی کوردی دەشکێنن.

١- شـیعری «چوومـە تەمـاشـا چەمـەن» لە حـەوت بەند (کووپلە) پێکهـاتووە، بەندی یەکەمی شیعرەکە:

چوومــە تەمــاشــا چـەمــەن
تازە گـــوڵ و نـەســـتـــەرەن
غــونچـــە و پشکۆ ب کــەن
چیچەک و نەسرین سەمـەن

***

تێک سـەحـەر مـەست بوون
مـوحبـەتەکێ خـوەست بوون
زولفـــەکی ئـەو بەسـت بوون
عـەقرەبییـان گـەست بوون

***

یـەک بەیـەک ئەو خـــەمملـین
بوغــچـــە ب وان کـــەمملـین
بـولبـــولێ ســـوهـتی دلـین
تـێـک ژ وان دەســت بـلــین

***

بەندی دوایی:

دل ب شــــــەپـالان بـدە
ب ئـاسک و غـــەزالان بدە
ســــــینـەب تـالان بـدە
ڕووحـێ ب خـــــالان بـدە

***

نــووریّ چــرایـــێ دلـــن
چـهــرەگـــوســـایـێ دلن
شــــەیخ و مـــــەلایی دلن
قـــیـــبلەنـەمـــایی دلن

***

کـەعبـە و ئەسـوەد حـەجـەر
پـــەردە هـــلـــیـــنن ژ بـــەر
لازمـــە یەک ســەجـدە فــەر
ســەجـدەیێ شـوکـرێ ببـەر

شیعرەکە بەم بەندە کۆتایی دێ کە وەک کلیل و کلّۆم یا خەرجە وایە بۆی:

داتو ببی ســـــەرفــــراز
ڕەوزەیێ باغێ مـــەجـــاز
مـەست و خـەرامـان ب سـاز
لێ د مـــەشـن سی و قـــاز

دەتوانین ئەم شـیـعـرە بەجـۆرە مـوەشـشـەحـێکی ئەندەلوسی لە قـەڵەم بدەین، هەروەها لە بـابەتەکـانی تەرجیع بـەندیش دەکا چونکە لە حـەوت بەند پێکهـاتووە، هەر بەندی بریتییە لە چوار دووبەیت (چوارین). قـافیـەی نیوەدێڕەکـانی سێ دوو بەیتی سـەرەتا هەموویان وەکو یەکن (ا ا ا ا)، (ب ب ب ب)، (ج ج ج ج)، قـافیـەی دوو بەیتی چوارەم لە هەموو بەندەکاندا یەکێکە (از).

دوو بەیتی چوارەمی هەمـوو بەندەکان سێ نیوە دێڕی دووەم و سێیەم و چوارەم لە هـەمـوو بەنـدەکـاندا دووبـارە دەبێـتـەوە تەنیـا نیـوە دێڕی یەکـەم دەگـۆڕێ، قـافیـەکـانیـان دووبـارە نابنەوە و ئەمـانەن (سـاز، ناز، ئیـحـتـیـراز، گـاز، بخـواز، دلنەواز، سەرفراز).

لەڕووی کێشـەوە پەنا دەبەینە بەر کێشی عـەرووز لەبەر ڕۆشنایی ئەو تیۆرییـەی دەڵێ کـێـشی شـیـعـری کـلاسـیکی ئیـسـلامـەوی لە ئەدەبی کـوردیدا بە عـەرووز دەکێشرێ، بەم پێیە کێشی شیعرەکە بەسیتی چوارگۆشەیی مـەتوییە بەعـەرەبی (الوزن البـسـيط المشطور المطوێ) (مـفـتـعلن فـاعلن)، بەهـەمـوو جـۆرێکیش لەم هەڵوێستـەدا نابێ خۆمان لە کێشی خۆماڵی لابدەین. ئەم کێشە عەرووزییـە لەگەڵ هەندێ کێشی سیـلابی خۆمـاڵی یەکتری دەگرنەوە. ئەم بابەتە شیعرە لە شیـعری مـیللی کـوردیدا زۆر باوە بۆ مـەتەڵ و شـیـعـری منداڵان و بەیتی ئەفـسـانـەیی بەکاردەهێنرێ.

ئەمـــە لەبارەی ئاواز و مـۆسـیـقـا و ڕیتـمی ئەم شـیـعـرەوە، هـەرچی وێنە شیـعرییـەکانیشـە، دیمـەن چیمـەنە، شـانۆی ڕووداوە، قـارەمـان هـەمیـشـە دلبـەرە، هـەمـوو دیاردەی سـروشت لـەپێناوی ڕشـتـنی قـالبی جـوانی ئەو جـوانەیـە: گـوڵ بەهەموو بابەتەکانیەوە باڵندە بەهەموو چەشنەکانیەوە.

٢- لە شـیـعـرێکی تریدا جزیری لە پێوەندی گیـانی خۆی دەدوێ لەگـەڵ پەیکەری خۆشـەویسـتـییـەکەی، هەرچەندە هەناسـەیێکی سـۆفـیزم فـەزای شـیـعـرەکەی

گـولاویژێن کـردووه وەکـو زۆربەی بـەرهـەمی شـاعـیـر، بەڵام وێنەکـانـی بەچاو دەبینرێن، بەدڵ هەسـتیان پێدەکرێ، سەرەتای شیعرەکەی بەم جۆرە دەست پێدەکا:

ڕەمــــزێن تـه د جــــانـان نـه ب ئـەندازە درازن
هـەر یەک ب هـەزار ڕەنگ ڕەوانـێ مــە دخـــوازن
وان دربە ل جــانـێ مــە وەکـی بەرق و برووسـکان
ڕەمـــزێن تـە د جــانان نە تنێ ســینە گــودازن
جــــانا ژ جـــەفــایا تـەو زولـێ چ خــــەبەر دین
کــــو تیـــر ژ جــەورا تـە د دلدا مـــە ب گـــازن
پەروانـه و بولبــول ب دلن شـوعلـەیێ عـیـشــقێ
لێ گەر تو نەزەر دی ب خوە ئەو گولشـەنی ڕازن
پەیوەســتــه د وەسلێ کـو دمـین ب ســەراســەر
بشـکۆژ و تەلیـــسم و وەرەق و نـەترەک و بـازن
سـوبـبـووحی و قـوددووسی و حـوورێن د بهشـتێ
پەیوەســتــه شــەبێ قـەدرێ لیـقـایا تە دخـوازن

ڕاز و نیــاز و مــوناجـاتی دڵداری تیــرێکی ئـەوەندە بەهـێـزن وێنەی برووسکەی ئاسـمـان خـۆیان پیشـان دەدەن. ناڵەی من لـه زامی تیری نیگای تۆوەیە، تیـریش گلەیی لـەبەدبەخـتی خۆی دەکـا، چونکە لە خۆت دوور خـسـتـۆتەوە و نـاخی دڵمت کـردووە بەجێگەی ژیانی. دەبینـی چیرۆکـی عەشـقی مـن و تۆ وەک چیرۆکی بلبل و پەپووله وایە. بەســەرهـاتێکە لـه کـتـێـبی گـوڵشــەنی ڕازدا (بـاغـچـەی نـهێـنی) تۆمـارکـراوه. ئەم کـتـێـبە یەکـێکە لە دانراوەکـانی شـێخ سـەعدەدین مـەحـمـوودی شەبستەری (١٢٨٦ – ١٣٢١م). ناوەڕۆکی بریتییە لە وەرامدانەوەی پازدە پرسیار لە گێتیی عیرفـانی سـۆفیزمـەوە، بەرهـەمێکی ئـەدەبی بەنرخـه بەشیعری مەسنەوی خۆی دەنوێنێ.

شـاعـیر شـانۆییێکی ڕۆمـانتیکی دروست دەکا، دوو تـیپ لە فریشـتـەی بەهەشت یەکـەمـیـان هـەر دەڵێ: سـوببـووح... سـوببـووح... دووەمـیـان هـەر دەڵێ: قـودووس...

قـودووس... ئەمـانە هەتا هـەتایە بەتەهلیلەوە حـاڵـیان گرتـووە و ئەم وشـانە دەڵێن و دەڵێنەوە. دیارە هـەردوو وشـەی «سـوبـبـووح» و «قـودووس» لە ناوەکـانی خـواوەندن. ئەمانە چاوەنۆڕی شەوی قەدرن بۆ ئەوەی بگەن بەیار.

جزیری شیعرەکەی بەم دێڕانە دوایی پێ دێنێ:

سـونبـول ب سـەمـا تێن و گـولان پەردە دڕاندن
بـشـکـفـتـنـە ئـالال و هـشـین بـوونـە تـەرازن
جـۆبـار د ڕەوانن چەمـەنـان تـەرح جـوانـن
مـەسـتـانـە ب ڕەف ڕەف ل کناران سـی و قـازن
هەریەک ب تـەمـاشـا گـەهـێ حـوسـنا تە ژ هەر جـا
تـەشـبـیـهـی نیگاران ب جـەمـالا تە دنـازن
تیـران ل مـە دت دۆست مـە تێ سـینە هەدەف کـر
نـازان ل مـە کت یـارێ مـە زاری و نیـازن
مـیـحـرابێ دو ئەبروو کـو ژ بالا ڤـە خـویا بن
دەر سـەجـدەگـەهێ عـیـشـقـێ نیـازی مـە نەمـازن
گەر حـوسن و مەحـەببەت ب سەراپەردەیێ جان بن
گەهـ شـاهـ و گەدا، گەهـ ب خـوە مەحـمـوود و ئەیازن
ئەڤ حـوور و پـەری چهـرە بوت ولاتـێ جـەمـالێ
دەر سـووڕەتێ تـەحـقـیق (مـەلا) عـەینی مـەجـازن

یەکێک شارەزای ئەو مەڵبەند و ئاقار و مێرغوزار و شاخ و دەرەی مەڵبەندی ژیانی مـەلای جـزیری نەبێ بەخـەیاڵ ناتوانی نەخشی ئەو دیمەنـانە بکێشی بەتایبـەتی لە جەنگەی بەهـاری کـوردستـانی ڕەنگین، بەڵام مـەلای جزیری بەخـەیـاڵیش بێ، ئیلهام لەو بەهـارە ڕەنگاوڕەنگە وەردەگرێ، ئەوجـا ئەگـەر بەهـارەکـەی شـاعـیـر لە بەهـارە ئەسـڵیـیەکە جوانتـر بێ ئەویان زیانێکی ئەوتۆی لێ نەکـەوتووە چونکە بووە بەهۆی ئەوەی ئەو داهێنانە جوان و بەرزە بێنێتە ناو لاپەڕەی ئەدەبی کوردییەوە.

ئەم هـەمـوو جـوانکارییـەی سـروشت لە پێناوی نزیکبـوونەوەیە لە دلبـەر، چونکە سـروشت جـوانـی لە دلبـەر وەرگرتووە و لـەناو ئەودا تواوەتەوە. ئەگـەر یەکـێکیـان

سـولّتان و ئـەويتريان گـەدا بێ لە گـێـتـيی وردبوونەوەی سـۆفـيـزمـدا گـەورەيی و بچووکی نامێنێ، ئەوەتە سـولّتان مەحـمـوودی غـەزنەوی و ئـەيازی ياوەری پەردەی ئەتيكێتی کۆمـەلآيەتی لە نێوانيانـدا لاچووە و هـەردووکيـان يەک سـەنگيـان هـەيە و بوون بەيەک. لە کوردەواری لای خۆماندا ئەياز بە «هـەياسـی خاس» ناوی دەبرێ.

٣- مـەلای جـزيری شـيـعـرێکی تەرخـان کـردووە بۆ وەسـفـی گـولّ و بلبل و پێوەندی لەنێـوانيـانـدا، وەکـو ئاشکرايە نزيکی گـولّ و بلبل لە يەکـتـرييـەوە ڕەنگی لە ئەدەبی کـلاسـيـکی کـوردی داوەتـەوە. باسـی گـولّ و بلبل لە ديوانـی مـەلای جزيريدا جێگەيێکی تايبەتی هـەيە، ئەمە نموونەيێکە لەوانە:

گـەر چ بولبـول جـەوهـەرێ زاتـی گـولە
لێ گـولـێ ڕەونەق ژ عـيـشـقـا بولبـولە
گـوهدە زيکرێ حـال و جـووشـا بـادەيێ
وێ ب بـولبـول ڕا دەخـوونت بـولبـولـە
سـووسنان سـەد ڕەنگ ئاڤێـهتن کـەمـەند
وان نەگـۆ دل بەندێ تايەک سـونبـولە
سـونبـولان سـەيوان ل دێمی تازە کـر
ئافـتـاب ئيـرۆ د بورجـا سـونبـولە
قـەت ڤـەڕێکی ڤـی دەمێ حـازر دبت
قـيـسـسـەيا فـەسـلّی نەکـارێ سـونبـولە
عـەرعـەرا ڕەنگين ژ تـايێ سـۆر و زەر
قـومـرييـان سەد ڕەنگی شـيـرين غـولغـولە
ڕەمـزيا عـيـشـقـێ ژ بالا هاتـە خـوار
قـودسـييـان ئاڤێـهتـە چەرخێ غـولغـولە
من ژ دل نـاسـوورەکـێـدا هـەسـتـيـيـان
(لاجـرم) هێـژ نـەشـئـەيا داغـا کـولە
بـولبـول و پـەروانـە و فـەسـل و دەمـن
جـينسـێ عيشـقـا من تـنێ دەردێ کـولە

نێـرگـزا نازک قـەدا شـەهلایە مـەست
دین کـرم ئەز بولبـولان سـەودا گـوله
تەبعێ لامیع وەش ز مننەت بولحـەسـەن
مـن د دەسـتـدا زولفـەقـار و دولدوله
هەشقـەرێ بەد فیعلێ چی هیکر عەجەب
(بارک الله) خوەش بـەزی هەسـپێ قـوله
زولف و بسـکان پـوڕ ژ من دل بـر بـەلێ
ڕشـتـەیا جـانـێ (مـەلێ) ئەو کـاکـوله

جزیری لەم شیعرەدا پێوەندیی گوڵ و بلبل دەخاتە بەرچاو، دەڵێ: بلبل عاشقی جوانی گوڵە، ئەگەر گوڵ نەبوایە، بلبل ئەو سرووده پڕ ئاوازه خۆشانەی بەسەریدا هەڵنەدەوت، گوڵیش زیاتر لەبەر ئەوە لە خۆی بایییە چونکە بلبل عاشقیەتی و گۆرانیی ئەڤینی بۆ دەچڕێ.

بلبل و گوڵ وێنەی دڵدار و دلبەرن، ڕەمزی خۆشەویستی و هۆگرین، بلبل دڵدارە و گوڵ دلبەرە، هەروەها وەکو چۆن پەپووله «مەعشووق»ە و چرا «مەعشووقە»یە.

شاعیر خۆی دەکا بەبلبل، یارەکەی گوڵە. دوو چاوی دلبەر نێرگسی کاڵن، کەزی و بسک و کاکۆڵی وێنەیان لە گوڵی سمڵ (سونبول) وەرگرتووە، گەلێ مانای داهێنراوی دیکە لەو شیعرەیدا دەخاتەڕوو.

مەلای جزیری وەکو هەموو شاعیرێکی دیکە سەرکەوتنی لە دانانی شیعری جواندا دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوە بنچینەییەکە کە دلبەرە. ئەسپی ئیلهامی شیعرم ڕەوان و ڕەهوەن بوو، مەبەس لەو ڕۆژگارەیە کە هێشتا گرفتاری دڵداری نەبوو بوو، بەڵام لە کاتێکدا ئەسپی ڕەسەن و ئازا و خۆشڕەو کەوتە دەستی هی وەکو ولاغەکە و شمشێرەکەی ئیمامی عەلی، دولدول و زولفەقار، لەو کاتەوە کانی شیعری تەقییەوە و توانایی ئەوەی پەیداکرد شیعری پڕ مانا بڵێ.

## جزیری یادی نیشتمانی دەکاتەوە

دڵداری هەرچەندە سنووری ئایینی و نەتەوەیی بۆ نییە بەڵام نزیکترین بەڵگەی دڵداری لەناو هەموو کۆمەڵێکدا کیژی نەتەوەیە. واتە خاوەن هەست لە کۆمەڵەکەی

خـۆیدا تـووشـی ئـەو نازەنینانە دەبێ بەزمـانێک قـسـە دەکـەن زمـانی دایکی هەردووکیانە. مەلای جزیری لە بڕە شیعرێکیدا لە وەسفی خۆشەویستەکەیدا دەڵێ:

لاتێ حوسنی و شەهێ خووبانی
ب خوە هەم خانی و هەم خاقانی
یووسفی سانی تو ئیرۆ خانم
کو ب حوسنا خوە نەدیری سانی
ب سورِ و هەیبەت و سەهمێ خوە پەری
ب تە شێتن ل بۆتان سوڵتانی
ب تەبلخانەیێ شاهی وەرە تەخت
کو تو ئیرۆ شەهێ کوردستانی
کاکولێ بەردە ب سەر خال و خەتان
کو موسەلسەل بنومت ڕەیحانی
ئیسمێ ئەعزەم مە دڤێ چل ئیسمی
ژ دو حەرفان ب موعەمما زانی

لێرەدا شاعیر ئەوە دەردەخا خۆشەویستەکەی جوانی جوانانە لەو جوانتر نییە، یا جوانی وەک ئەویش نییە یووسفی کوڕی یەعقووب نەبێ، جا ئەگەر یووسف یەکەم بێ، یاری جزیری دووەمە، بەڵام ئەگەر یووسف دووەمی هەبێ خۆشەویستی شاعیر دووەمی نییە و هەر خۆیەتی.

یاری جزیری جوانی جوانانە، واتە کچانی کورد هەموویان جوانن، بۆیە دەبێتە سوڵتانی هەرێمی بۆتان، شاعیر تەنیا بەوەش ناوەستێ بەڵکو گەورەتری دەکا و دەیکا بەشاهی هەموو کوردستان. ئەمەش بێگومان بەسۆزترین بەڵگەی ئەڤینییە بەرامبەر بەنیشتمان و ڕۆڵەکانی نیشتمان.

جگە لەمە جزیری قەسیدەیێکی بیست و دوو دێڕە شیعری هەیە بەناوی «ئەی شەهەنشاهێ موعەززەم» بۆ پێداهەڵگوتن و ستایشی میری بۆتانی وتووە، لەوێدا گەورەی دەکا و دەیگەیەنێتە پلەیێک وەکو ئەوەی شاهنشاهی هەموو گێتی بێ نەک تەنیا نیشتمانی خۆی کە «کوردستان»ە، لە شیعرەکەدا دەڵێ:

ڕایەتا فـەتحێ ب نەسـرا (لم یزل) مـەنشـوور بوو

شـەهسـوارێ فەردێ سوبحـانی عـەلەمدارێ تە بی

نەی تنێ تەبریز و کـوردسـتـان ل بەر حوکمێ تە بن

سـەد وەکی شـەهـێ خـوراسـانێ د فـەرواریێ تە بی

گەر چ دەر ئیـقلیمێ رابیع هـاتی تەختێ سەلتەنەت

پادشـاهـێ هەفت ئیـقلیـمـان سـەلامکاریێ تـە بی

چیـمـەنا سـولـتـانیـیێ یەک لا لە یەک باغێ تە بت

گـولشـەنا خـاقـانیـیێ خـارەک ژ گـولزارێ تە بی

لەم شیعرەدا شاعیر قسە لەگەڵ میری بۆتان دەکا لە هەموو مەدحەکانی پەنجە بۆ ئەو درێژ دەکا و پێی دەڵێ ئالای سەرکەوتن هـەمیشـە بەدەست تۆیە، تۆ لەلایەن کردگارەوە تەنیا تەورێز و کوردستانت پێ نەبەخشراوە، بەڵکو شای خوراسانیش ملکەچی تۆیە، تۆ ئەگەرچی لە ئیقلیمی چوارەم تەختی سەڵتەنەتت دراوەتێ، بەڵام پاشاکانی هەر حەوت ئیقلیم دەستی ڕێزیان خستۆتە سەر سنگ بۆ تۆ.

ئەوەی جێی خۆیەتی لێرەدا بوترێ ئەوەیە، بەپێی دابەشکردنی گۆی زەوی ئێمە لەلایەن جـوگـرافـیـیـە کۆنە کـلاسـیکیـیـەکـانی ڕۆژهەڵاتەوە هـەمـوو زەوی کـرابوو بەحـەوت ئیـقلیم (هەرێم)، خـاکی کـوردسـتـان بەناوچەی بۆتانەوە لە ئیـقلیـمی چوارەمدا بوو.

## سروودی بەیانی باش (صباح الخیر)

ئەم شیعرە جۆرە تەرجیع بەندێکە لە نۆ پارچە (کوپلە) پێکهاتووە. هەر پارچەی لە سێ دوو بەیت خۆی دەنوێنێ، دوو بەیتی یەکـەم و دووەم هەر چوار نیـوە دێڕی لەسـەر یەک قـافیـەن (ا ا ا ا)، (ب ب ب ب) هتـد... دوو بەیتی سـێیـەم بەحـسـێب تەرجیعـەکەیەتی، نیوە دێڕی یەکەم قافیەی (ـانم)ە، نیوە دێڕەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم لە هەر نۆ کۆپلەدا دووبارە دەبنەوە، نیوە دێڕەکان ئەمانەن:

(صبـاح الخیـر یا خـانم)

وەرە بیناهـیـیا چەهڤـان

ببـــینم بەژن و بـالایێ

ئەم سـرووده ڕەوان و پڕ ئـاوازه سـووكـەی شـاعـیـر لەسـەر كـێـشی عـەرووزی «هەزەجی چواری سـالم» (مـفـاعـیلن مـفـاعـیلن) هۆنراوەتەوه، ئەمـە هـەندێ لە بەندەكانی تەرجیع بەندەكەیە:

(صـبـاح الخـیـر) خـانـێ من
شــەهـێ شــیــرین زەبانـێ مـن
تــویــی ڕووح و ڕەوانــێ مــن
ببت قــوربان تە جــانـێ مـن
(تـعــــالی اللـه) چ زاتـی تـو
چ وەی شـیــرین سـیـفـاتـی تو
نـەوەک قـــــەنـد و نـەبـاتـی تـو
یـەقـین ڕووح و حـــــەیاتـی تـو
حــــەیات و راحـــەتا جـــانم
(صــبــاح الخــیــر یا خــانم)
وەره بیناهـیـــیـــا چەهـڤــان
ببــــــــینـم بـەژن و بـالایـێ

***

(صـبـاح الخـیـر) مـەسـتـا من
لەتیـفـا جـام ب دەسـتـا من
خـومـار و مــەی پەرسـتـا من
تویی مـەقـسـوود و قـەسـتـا من
ژ مــەقـســوودان تویی بـەس من
بـبن بـەر چـەرخـێ ئـەتـلـەس مـن
ژ غــەیری تە نـەڤــێت كــەس من
ب ڕەشـتـۆ زێن مـوقـەووەس من
د بـەندا زولـفـێ چـەوگــــــانم
(صــبــاح الخــیــر یا خــانم)

وەرە بیناهیـــیـــا چەهڤـــان
ببــــــــــینـم بـەژن و بـالایـێ
***
ژ شـەهکاسـا کـو قـەرقـەف تێ
مـــەیا نـوورین مـــوشـــەررەف تێ
نیـــشـــانەک دلبـــەرێ کـــەفـــتێ
ژ بۆ من هـەر سـەحـەر خـەف تێ
ژ وی جـــــــامـی دنـووشـم ئـەز
ســـەحـــەر لەو نەی ل هووشم ئەز
ژ عـــــــامێ لـێ دپـووشـم ئـەز
ب جـــان هـەر لێ دوکـــووشـم ئەز
کـو غـالیب مـەست و سـەکرانم
(صـــبـــاح الخـــیـــر یا خـــانم)
وەرە بیناهیـــیـــا چەهڤـــان
ببــــــــــینـم بـەژن و بـالایـێ
***
وەرە پێـشـبـەر (مـەلایێ) خـوە
شـــەهیـد و مـــوبتـــەلایێ خـــوە
ب شـەفـقـەت کـە لیـقـایێ خـوە
(مـــەلا) نـەمـــرت ب دایێ خـــوە
مـــەســیـــحـــایی ل بیـــمـــاران
کـەسێ گـەزتی دو ڕەشـمـاران
شـەهیـدێن شـیـر و مـووکـاران
کـــــری ئامـــــانجێ نووباران
ل دیـدارا تـە حــــــــــەیـرانم
(صـــبـــاح الخـــیـــر یا خـــانم)

وەرە بیناهیـــیـــا چەهڤـــان
ببـــــــــینـم بـەژن و بـالایـێ

ئەم برە شـیـعـرە مـۆنۆلۆجـێکە شـاعـیـر بـەرەو ڕووی یاری نازداری دەکـاتەوە، خۆشـەویسـتـەکەی تەنیا گوێ دەگرێ و وەرام ناداتـەوە، جزیری دەمێک بەبەژن و بالای هەڵدەڵێ، دەمـێکیش قـسـەجـوانـەکـانی دەبـن بەمـونـاجـات لە خـوارەوە بۆ سەرەوە. شاعیر بەرامبەر پەیکەرێکی ئەڤینی گۆرانیی پڕ ئاوازی خۆشی دەچڕێ. یاری نیگارین کیژۆڵەیێک نییە لە چواردە بەهاری تەمەنی وەستابێ، بەڵکو ژنێکی قـەیرەی خـانومانـە، دنیا دیتـەیە، هەمـوو هـەرزەیێک و مێـردمنداڵی تازە سـمێڵیـان سەوز بووە ئەوانیش گرفتاری ئەفسانەی دەبن و خۆیان بەحەیرانی دەکەن.

## مەدح و ستایشی خانی خانان

یەکێ لە شیعری مەدح و ستایشـەکانی مەلای جزیری ئەو قـەسیدە ناوداره‌یەتی کـە بۆ مـیـری بۆتـان شــەرەفـخـانـی وتووە بەنـازناوی خـانـی خـانان بـەخـەڵکی دەناسێنێ:

خـانـێ خـانان لامـیـعێ نەجـمـا تـە هـەر پوڕ نـوور بی
کـەشـتـیـیـا بەخـتـێ تە ئـەز بایێ مـوخـالیف دوور بی
کـەوکـەبا ســەعدا شــەرەف تالیع دنێڤ بورجـا تە بت
داتنێ ژ چەرخێ بـەلا شــوبـهی مـــەهـێ مـــەنزوور بـی
ئەنجـومێ چەرخێ موحـەددەب هـەر ژ زاتێ تەی شـەریف
کـەسـبێ ئەنواری بکن حـەتتـا کـو نـەفـخـا سـوورِ بی

بەلای شـاعـیـرەوە مـیـری بۆتـان لە شـاری جـزیرە لە هەمـوو گـەورەیێکی گـێـتی گەورەترە، لەبەر ئەوە دوعای بۆ دەکا هەمیشە ئەستێرەی دواڕۆژی لە گەشەکردندا بێ و کەشـتیی بەخـتی لە ڕەشـەبا بەدووربێ. ڕۆژگاری پڕ لە بـەخـتـیـاری و ژیانی سـەربڵندی و دەسەڵاتی فراوانی تا ڕۆژی مەحشەر بێ.

ئینجا شـاعیر میر دەخاتە تای تەرازوو و لەگەڵ گەورە پیاوانی مێژوو بەراوردی دەکا و دەڵێ:

پاشی نەوشـیروان، دبێم دێ حـاکیمێ عـادیل تویی

میسلی حاتەم دێ ب دانێ دەر جەهان مەشهوور بی

مـا جـزیرێ شـوبـهی دارێ تەخـتـێ هەفت ئیقلیم بت

هەم ب حوکم و سەلتەنەت ئەسکەندەر و فەغفوور بی

مـیسلی جـەم جامـا زەرین خـالی نەبت تە ژ بادەیێ

دا ژ خـەمـرا شـادمـانـی دائیـمـەن مـەخـمـوور بی

مـا دباغێ عـەیش و نووشێ هەر ب ساز و ئەرغەوان

کامـران و کام بەخش و دل خـوەش و مـەسروور بی

لێرەدا جزیری دەڵێ: بۆتان لە فەرمانڕەواییدا گیانی یەکسانی لەلای وەکو ئەوەی نەوشیروان وایە، لە دەستبلاوی و چاوتێری حاتەمی تایی بەناوبانگی ناو عەرەبانە، دەسەلاتی لە شاری جزیرە نموونەی دەسەلاتی هەر حەوت ئیقلیمە لە ولاتی گریکەوە تا چین، میر خۆی لە شێوەی ئەسکەندەری مەکدۆنی و فەغفوور (خاقان)ی چین دەنوێنێ، وەکو جەمشیدی جەم با جامی زێڕینی بە مەیی بەختیاری شادمانی بکا، هەردەم ژیانی ئاواز و بەختیاری و خۆشی بێ.

شاعیر لە دوعایدا بەردەوامە و تەمەنی هەمیشە زیندوویی بۆ دەخوازێ:

مـا تە عومـرێ خـزر و نووح و مـولکێ زولقـەرنەین بتن

گـونبـەدا چەرخێ مـولەممەع هەر ب تە مەعـمـوور بی

خـاسێ تەشـریفێ تە بن دەریا و دەربەندێ عـەجـەم

داخەلاتێن هەر سـەحەر سـەد زەرکەش و مەخـموور بی

شاعیر تەمەن درێژی خدری زیندە و نووح پێغەمبەر و دەسەلاتی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ میری بۆتان دەخوازێ بۆ ئەوەی ڕۆژگاری والا بەو ئاوەدان بێ، کە دەسەلاتی میر ئەوەندە فراوان بێ پێویستە فەرمانڕەوایی زەریا و خاکی عەجەم بکەوێتە بەردەستی بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژی بەسەدان پارچەی ئاوریشم و قوماشی مەخمەل و زەڕین داو بەخەلات بداتە نزیکەکانی.

جزیری بەم دێڕانە دوایی بەشیعرەکەی دێنێ:

مـا لیسـانێ من دوعـا گوویێ ل دەرحـەق وەسـفێ خـان

مـەزهـەرێ سـیـڕرا کـەلامی وەک درەخـتـا تـوور بی

هەر د مەدحێ تە و سەنا ئێ سینە و قەلبێ (مەلێ)
بێ تەفاوت قولزوما پورِ لوئلوئێ مەنسوور بی (منثور)
ژ ئاستانێ دەولەتی غائیب نەبی جارەک (مەلا)
دا ژ فەرمانێ موکەررەم دەم ب دەم مەئموور بی

لە سەرانسەری ئەم قەسیدەیەدا وەکو بلێی مەلای جزیری وێنە و ڕستە و مانای ڕەوانبێژی داهێنراوی ئامادەکرا و بەکار دێنێ، واتە ڕەنگە ئەم وێنە و ڕستانە لەبەر چاومان شتێکی نامۆ نەبن و لە گوێماندا وەک ئاوازێکی بیستراو بزرنگێنەوە. ئەمە ڕاستە ئەگەر مەسەلەکە بە بیروڕای ڕۆشنبیری کوردی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و هەموو سەدەی بیستەم وەربگرین، واتە ڕۆژگارانی دوای دروستبوونی قوتابخانەی شیعری نالی، بەڵام ئەگەر بیرمان بۆ نیوەی دووەمی سەدەی شازدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەم بڕوا کە مەلای جزیری تیایاندا ژیاوە، ئەو کاتە بۆمان ئاشکرا دەبێ هەندێ لەم وێنە و ڕستە و مانا داهێنراوە جوانکارییانە بۆ یەکەمین جار مەلای جزیری لە بەرهەمی ئەدەبی ئیسلامەوی (عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی)یەوە هێناویەتییە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

## تەرجیع بەندی شاعیر

دیوانی مەلای جزیری دوو تەرجیع بەند دەور دەکاتەوە:

١- تەرجیع بەندی یەکەم بریتییە لە پێنج پارچە غەزەل، هەر پارچەی لە دە نیوە دێڕ شیعر پێکهاتووە، لەمانە نۆ نیوە دێڕ شیعر لەسەر یەک قافیەن (ا ا ا ا ا...)، (ب ب ب ب ب ...) هتد. نیوە دێڕی دەیەم لەهەر پێنج پارچەکەدا ئەوانیش لەسەر یەک قافیەن (...وودێ).

تەرجیعەکە لە دوای هەر پارچەیێک دووبارە دەبێتەوە، هەروەها سەرەتای پارچەی یەکەمیش بەتەرجیعەکە دەست پێدەکا، واتە شەش جار لە تەرجیع بەندەکەدا دووبارە دەبێتەوە.

ئەمە دوو نیوی دێڕە تەرجیعەکەیە:

سەنەما سورِ ژ سەمەد شەوقێ ژ حەق دایە وجوودێ
گەر عەزازیلی بدیتا نە دبر غەیری سووجوودێ

لە غەزەلی یەکەمی تەرجیع بەندەکەدا جزیری دەڵێ:

غەرقی بووم ئەز د غەما عیشقێ د وەقتێ سەحەری بوو
کو تەجەللایێ جەمالێ ژ میسالێ بەشەری بوو
نە ژ لەونێ بەشەران من دییە لێ دێم زەری بوو
ئەز دبێم ڕووحێ قودس بوو ب خوە یا حوور و پەری بوو
لەو ب حوسن و نەزەرێ ڕەمزەک ژ سرِا قەدەری بوو
خەمری یێن سەیر ل دێم حەلقە ل دۆرا قەمەری بوو
سەد خەدەنگ دانە جەگەر سینە ژ زەربێ ب کەری بوو
ل مە ئێش و ئەلەمان زێدە ژ تیرا قەجەری بوو
دل ژ مە بوویە پەلەک جان و جەسەد تێک سەقەری بوو
لەو مە شەب تا ب سەحەر نالەیە وەک موغنی و عوودێ
(سەنەما سورِ ژ سەمەد شەوقێ ژ حەق دایە ووجوودێ
گەر عەزازیلی بدیتا نە دبر غەیری سووجوودێ)

لە غەزەلی پێنجەم کە دوایی تەرجیع بەندەکەیە، شاعیر دەڵی:

بێ حیساب شۆخ و شەپالێ ل (مەلێ) قەهر و غەدەر کر
نە ئەم ئانینە خەیالێ نە ل حالێ مەنەزەر کر
قەت نەکر شەفقە، لیباسێ غەزەبێ زێدە د بەر کر
عیللەتا جەور و جەفا و ئەلەمێ جە ل جەگەر کر
عەللاندین د فیراقێ ستەمێ سینە بکەر کر
ئاه حەتتا مرنێ ئەڤ ژ مە ڕا داغ و کەسەر کر
سەفەرا شام و عیراقێ ل مەخوەش لازم و فەر کر
ب مەدا ژەهر و ڕەقیبان د دەڤی شەهد و شەکەر کر
ئەم بووین پێت و پەڕەنگ لەو ژ ویسالێ مە حەزەر کر
نازک و نەی شەکەر و خووب و شرین قەدد و حودوودێ
(سەنەما سورِ ژ سەمەد شەوقێ ژ حەق دایە ووجوودێ
گەر عەزازیلی بدیتا نەدبر غەیری سوجوودێ)

٢- تەرجیع بەندی دووەم بریتییە لە پێنج پارچە غەزەل، هەر پارچەی لە دوازدە نیوە دێڕ شیعر پێکهاتووە، یەکێتیی قافیە لەهەر دوازدە نیوە دێڕ شیعری هەر پارچەیێک دیار و ئاشکرایە (ا ا ا ا ا ا...)، (ب ب ب ب ب ب...) هتد.

تەرجیعەکە لە دوای هەر پارچەیێک دووبارە دەبێتەوە، لە سێ نیوە دێڕ شیعر پێکهاتووە، قافیەی بەم جۆرەیە (ا ا ب).

ئەمە سێ نیوە دێڕی تەرجیعەکەیە:

ئەوە من رووح و حەیات و ئەوە من قیبلەیی زات
سەنەما سورِ ژ سەمەد نەی شەکەرا لەب ژ نەبات
(أحسن الله تبارک) ژ سورا وێ سەنەمێ

لە غەزەلی یەکەمی تەرجیع بەندەکەدا جزیری دەڵێ:

ئەنوەرا رەنگ فریشتە بەشەرا حوور سروشت
یا ژ مسکێ ختەنی خال و خەت و کاکول و قشت
گەر خوە نیشان سەقەرێ دت دکرت حوور بهشت
کەعبەیا تێ نەبت ئەو بوتکەدەیە و دێر و کنشت
کو نەسیب دان ژ ئەزەل حەق ژ مەرا عیشق نوشت
فەیدە ناکن ل مە ئیسم و نە تلسم و نە نقشت
زاهیری دا مە عەزابەک وەها کو باتین ڤە بهشت
سوهتنێ دایە هناڤان و جەگەر تێک برشت
قەسدێ وەسلێ مە ب جان کر کو ڤەداین و نەهشت
دەست نەهلین ژ تەلەب ئەرمە درێ چت سەروتشت
پشتێ نادین دو هەزار خەنجەر و تیر و رم و خشت
مە سەرێ دانییە رێ و ب خو دێ بەستییە پشت
ئەوە من رووح و حەیات و ئەوە من قیبلەیێ زات
سەنەما سورِ ژ سەمەد نەی شەکەرا لەب ژ نەبات
(أحسن الله تبارک) ژ سورا وێ سەنەمێ

له غەزەلی پێنجەم کە دوایی تەرجیع بەندەکەیە، شاعیر دەڵێ:

د ڕییا دۆستێ (مەلا) یەک جهەت و سادە دلین
مە حەتا جان هەیە حاشا ژ تەلەب دەست بهلین
یا درێ سەر بدرین یا ب موورادێ وەسسلین
مە چ پەروایێ ڕمێن پەڕوەش و شیرین قزلین
تا ئەبەد مەست و هەلاکین ژ شەرابا ئەزەلین
ژ جەفا و ستەما وێ ژ جەگەر پوڕ د کولین
پەردەیا گۆشە قەسەب بێ تو ژ سەر دێمی هلین
کو د شەرقێ مەه و خورشید ژ شەوقێ بەتتلین
لەو ژ سوڕ سورمە د دیرین و نە موحتاجی کلین
مەست د نێڤ تۆڕ و لەفان مار ل سەلوێ فتتلین
سورمەدارین ژ سوڕێ مەستێ ژ قودرەت کەمملین
مە ژ غەفلەت دو ژها دین و ژ سەهمێ خەجلین
عیشوەگەر شیوە نومایا مە ژ وێ ڕووح و حەیات
سەنەما سوڕ ژ سەمەد نەی شەکەرا لەب ژ نەبات
(أحسن الله تبارک) ژ سوڕا وێ سەنەمێ

هونەری تەرجیع بەند لە ئەدەبی کلاسیکیدا کەمە، هەموو شاعیرێک پەنای بۆ نەبردووە، لە شیعری عەرەبیدا نەبووە، لە شیعری نەتەوە موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، زیاتر بۆ مەبەسی گۆرانی بەکاردەهێنرێ، بەتایبەتی لە کۆبوونەوەی ئایینی وەکو مەولوودی پێغەمبەر لە کۆمەڵی کوردەواریدا، لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە تەرجیع بەند هەموو بابەتەکانی موناجات و نەعت و وەسف و پێداهەڵگوتن و ئەوانی دیکە دەگرێتەوە.

## چوارینی جزیری

دیوانی جزیری حەڤدە چوارینی گرتۆتە خۆ. چوارین لە ئەدەبی کوردیدا لە چوارنیوە دێڕ شیعر پێکهاتووە، واتە ئەگەر دێڕی یەکەم و دووەمی هەموو غەزەل و

قەسیدەیێکی شیعری عەرووزی کلاسیکی وەربگرین، دەتوانین ناوی بنێین «چوارین»، بەم پێیە لە ڕووی قافیەوە نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم یەک دەبێ، بەڵام نیوە دێڕی سێیەم دەگۆڕێ (ا ا ب ا). هەروەها چوارینی یەکێتی قافیەش دەبینرێ، واتە هەر چوار نیوە دێڕ شیعر لەسەر یەک قافیە دەبن (ا ا ا ا). چوارینەکانی مەلای جزیری هەموویان نیوە دێڕی شیعرەکانیان لەسەر یەک قافیەن.

لە چوارینێکدا جزیری دەڵێ:

قەوسێ تە هیلالی ب دەلالی کەشها
بەژنا تە ژ شەنگی ب درەنگی مەشها
مارێ ژ حەریرێ د عەبیرێ خوەشها
ماوەر بوو ژ وان زولفێ د زەنگی وەشها

لەم چوارینەدا شاعیر زانیارییێک وەک لە برووسکەیێکی کورتدا هاتبێ وەسفی دوو برۆی دەلال و بەژنی شۆخ و شەنگ و بسکی ئاوریشمین دەکا، لەناو قالبی مەتریالی یارە خۆشەویستەکەی.

لە چوارینێکی دیکەدا دەڵێ:

سەر دەفتەرێ وەسفێن تەیە دیباجەیێ دل
یەک قەترە ژ لوتفا تەیە سیراجەیێ دل
زیکرێ تە دکت دوڕ و زیا لەهجەیێ دل
تەیرێ نەفەسا های و هوویا لەهجەیێ دل

لەم چوارینەدا جزیری موناجات لەگەڵ یاری دەکا و پێی دەڵێ: دیباجەی بەسەرهاتی دڵ و ڕووناکی ناو دڵ لە وەسفی جوانی تۆ و دڵۆپێک لە سۆزی تۆ وەرگیراون. زمانی حاڵی لە زیکری تۆ دایە، حاڵ و های و هووی دەروێشان بۆ یادی تۆیە.

لە چوارینی سێیەمدا دەڵێ:

پەردە حەبابی ب حیجابێ تە ڤەدائین
سەروی د چەمەندا و دبەندا هەوە دائین

هەرچەندە تو میری مە فەقیر و گەدائین
زانی ژ گیانێ خوە ب خانێ خوە فیدائین

لەم چوارینەدا شاعیر دیسانەوە لەگەڵ یاری قسە دەکا و ئەوە دەردەخا کە گەورەیە، کەسانی وەک شاعیر لەژێر باڵی ئەون، لەناو بەندی ئەودا دەژین، هەرچەند یار میرە و ئەوان گەدا و هەژارن، بەڵام گیانیان بەقوربانی گەورەی خۆیان دەکەن.

چوارینەکانی مەلای جزیری لەگەڵ ئەوەی وێنە و مانای ڕووکەشیان وەسفی کچێکی زەمینی دەنوێنێ و بووە بەیاری نازداری شاعیر بەڵام هەناسەیێکی سۆفیزمی ئیسلامی تێدا بەدی دەکرێ، ئەو جوانە دەبێتە وێنەیێکی ماقووڵ لای ئەو سۆفییانەی باوەڕیان بە«یەکێتی بوون» هەیە.

## دیالۆجی نێوان مەلای جزیری و میر عیمادەدینی جزیری

دیالۆجێکی شیعرییە لە نێوان مەلای جزیری و میر عیمادەدینی جزیری. قسەکانی هەردوولایان هەریەکەی لە شەش نیوە دێڕ شیعر پێکهاتووە، کێشی عەروزییەکەی هەزەجی تەواوە (مفاعیلن مفاعیلن). لە ڕووی قافیەشەوە نیوە دێڕی یەکەم و سێیەم و پێنجەم یەکێکە، دووەم و چوارەم و شەشەم یەکێکی دیکەیە (ا ب ا ب ا ب)، ئەگەر هەمووی بەسەریەکەوە بخوێنرێتەوە وەکو قەسیدەیێک دەکەوێتە بەر چاو لە سی و نۆ بەند پێکهاتووە، نیوە دێڕی هەموو دیالۆجەکە بخرێنە پاڵ یەکترییەوە ژمارەی نیوە دێڕەکان دەبێتە (٢٣٤) نیوە دێڕ شیعر.

بیست بەند لە دیالۆجەکە قسەی مەلای جزیرییە و نۆزدە بەندی قسەی میر عیمادەدینە، چونکە دیالۆجەکە بەقسەی مەلای جزیری دەستی پێکردووە و کۆتاییەکەشی هەر قسەی ئەوە.

بەڵام پرسیارێکی سەرەکی لە ناوەوەیە، ئایا دەکرێ دوو شاعیر بەرامبەر بەیەکتری دابنیشن، یەکەمیان شیعرێک بڵێ و ئەوی دیکەیان وەرامی بداتەوە، بەمەرجێ قسەکانیان شیعرێکی ڕێکوپێک بێ لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە؟ ئێمە لامان وایە ئەمە کارێکی قورسە، بیروڕا لەم لایەنەوە زیاتر بۆ ئەوە دەچێ مەلای جزیری خۆی خاوەنی هەموو شیعرەکەبێ، بەخەیاڵ بۆچوون و وێنە

شیعرییەکانی خستبێتە ناو بابەتێکی دیالۆج لە نێوان دوو کەسدا بێ. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش هەیە.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ناوونیشانی میر عیمادەدین بەتەواوی لە مێژووی نەتەوەی کورددا ئاشکرا نییە. بێگومان ئەگەر ئەم مەسەلەیە ساغ بکرێتەوە کەڵکێکی زۆری دەبێ بۆ مێژووی میللەت. بەڵام لە ڕووی ئەدەبییەوە بۆ ئێمە گەلێک گرنگە جێگەی ئەو کەسەی لەگەڵ مەلای جزیریدا بەشداری کردووە لە ڕێکخستنی ئەم دیالۆجە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دیاری بکرێ. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ناوەوەن ئێمە بۆ ئەوە دەچین شیعرەکە هەمووی لەلایەن مەلای جزیرییەوە هۆنرابێتەوە.

لە سەرەتای دیالۆجەکەدا مەلای جزیری دەڵێ:

سەلاما من سەنا خوانی
سەحەر گەھ گەوهەر ئەفشان بت
ب خدمەت عەرزێ سوڵتانی
عەبیر و عەنبەر ئەفشان بت
ب سوورەت ئەمرێ سوبحانی
سەر ئەلقابێ زەرئەفشان بت

میر بەم شێوەیە وەرامی دەداتەوە:

سەلاما سانیعێ قادر
(مەلا)دا پێ موعەتتەر بی
موفەررەح بت مەلێ خاتر
پەیاپەی لێ موکەررەر بی
ژ جاما خاترێ عاتر
مە ژێ ئایینە ئەنوەر بی

لە قسەیێکی دیکەیدا لە دیالۆجەکە مەلای جزیری دەڵێ:

میسالا سوورەتا چینێ
غەلەت مانی خەتا کێشا

کــــــو مـن دی بــوو د ئـایـیـنـیٚ
ژ بـەر زولفـــا دو تـا کـــێـــشـــا
مـــەدی بوو شـــەکلـیٚ شــیــرینیٚ
تو ئوســـتـــادان وه ناکـــێـــشـــا

له وەرامدا میر دەڵێ:

کــو کـــێـــشـــا کــاتبیٚ غـــەیبیٚ
خـــەتیٚ ڕەیحـــان ل کـــافـــووریٚ
چ ئـــایـــەت بـــوو ژ (لاریـــب)یٚ
ڕەشـــــاندی زوڵمــــەت و نووریٚ
د یاقـــووتا مـــە دیٚ مـــەی بیٚ
ژ دەســتیٚ ویٚ سـیـفـەت حـووریٚ

له کۆتایی دیالۆجەکەدا میر دەڵێ:

د بـاغـیٚ لەفـــــز و مـــــەعـنـایـیٚ
مـە کـێـشـا شـانه شـمـشـاده
ژ ڤـیٚ ئیــــمـــــلائو ئینشـــایـیٚ
مــــە لەوحـیٚ دل نومـــا ســـاده
ژ حـــوسنیٚ رەوەنـەقـــەک دایـیٚ
کو شـەیخ ئەحـمـەد مـە ئوسـتـاده

له وەرامدا مەلای جزیری بەم ڕەنگە کۆتایی بەدیالۆجەکە دێنێ:

د بەحـــرا قـــولزومـــا مـــیـــران
ب غـــــەوواسـی گـــــوهـەر چینم
د بەحسـا شـەرح و تـەفسـیـران
تـــو دەریـــایـــان وه نـــابـــیـــنـــم
ژ مـــیـــــر و بەگـلەر و چیـــران
غــولامیٚ مـــیــر عـــیـــمـــادینم

له دوای خوێندنەوەی ئەم دیالۆجه له هەموو دێڕه شیعرەکاندا یەک شێوازی

دەبینرێ، ئەوەی مەلای جزیری وتوویەتی دیارە شێوازی خۆیەتی، ئەوەی بەناوی میرەوە تۆمارکراوە ئەویش شێوازی مەلای جزیری پێوە دیارە، ئەگەر میر شاعیر بووایە و شیعری دیکە بەناوی ئەوەوە لە ناوەوە بوایە بێگومان شیعرەکانی ئەومان لەم دیالۆجەدا بۆ خۆی دادەنا. مەسەلەکە هەرچۆنێ ئەم دیالۆجە شیعرییە لە بەرهەمە جوان و ڕەنگینەکانی ئەدەبی کۆنی کوردییە.

دیالۆجی مەلا و فەقێ

ئەگەر دوو شاعیر بکەونە گێتیی خەیاڵەوە ڕاز و نیازی دڵی خۆیان بۆ یەکتری هەڵبڕێژن هەروا بەقسەی ڕووت، بێگومان ئەو قسانە دەچنە ناو ئەدەبی داهێنان با مەرجە ڕووکەشییەکانی شیعریشیان تێدا نەبێ، خۆ ئەگەر بە ماقوولیش نەزانرێ وا کتوپڕ دوو شاعیر بەرامبەر یەکتری دابنیشن و وەکو کۆتری هاقوو بۆ یەکتری بخوێنن، خۆ هەر شاعیرێک لەم دووانە کۆمەڵێک «شتی» خۆی هەیە، لە خەڵکی تر جیای دەکاتەوە، ئا لەم گفتوگۆیەدا ڕەچاوی ئەوە کراوە، ئەوەی مەلا وتوویەتی شەقلی شاعیرییەتی مەلای پێوەیە، بەتایبەتی لە ڕووی ناوەرۆکەوە، ئەوەی فەقێش وتوویەتی ئەدگاری شاعیرییەتی خۆی پێوەیە. ئەمە بێگومان پێش ئەوەی ببێتە شیعر هەر قسەی ڕووتە خەیاڵبازییەکەی ئەم دوو شاعیرەیە لە پاشانا بۆتە شیعر. خۆ ئەگەر بیریش بۆ ئەوە بڕوا شاعیرێک لەم دووانە بەناوی هەردووکیانەوە ئەم گفتوگۆیەی دروست کردبێ، لەو کاتەدا هەر کامەیان بووبێ ڕەچاوی «شتی» شاعیرەکەی تری کردووە. بەڵام هەرچۆنێ بێ ئەم گفتوگۆیە بەرهەمی دوو شاعیری گەورەی کوردە، ئەمانە ڕەنگە مامۆستا و قوتابیش بووبن.

ئەم دیالۆجە شیعرییە لە شاری جزیرێ لە ساڵی ١٦٢١م لەلایەن مەلای جزیری و فەقێ تەیرانەوە ڕێکخراوە. وتەکانی هەر شاعیرێک لەم دیالۆجەدا خراونەتە ناو چوارچێوەی شەش نیوە دێڕ شیعر، قافیەیان (ا ب ا ب ا ب)یە.

هەردوو شاعیر کە دەکەونە گفتوگۆی شیعرییەوە لە پێشانا سڵاو لەیەکتری دەکەن:

فەقێ: سەلاما من حەقیرێ
سەدەفەک دڤێ تێکن
ئیرۆکە ل جزیرێ

حـەقـقـە كـو ل (مـەلێ) كن

هـەلا كـــە ژ دەربا تيــــرێ

دەرمــــان هـەيە كـــو لێكن.

مـــەلا: ســـەلامـــێن مـــەلايكەتـان

بی حـــەدد و بێ حـــســـێبن

شـــوبهـــەتی ئاڤـــێن شـــەتان

ژ (مـەلا) ل (مـيم و حێ) بن

هـەلاكـين ژ زەحــــمــــەتـان

دەرمـــــــان ژ لام و بـــێ بـن

ئينـجـا دەكـەونە ڕەمـز و داخـراو و مـەسـتـوور و نهـێنيـيـەوە، هەندێ زاراوەی سۆفـيزم بەكـاردێنن (نەک داهێنانی سۆفـيزم) بۆ ئەوە پەنا دەبەنە بەر ئەو تيپانەی لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتەكانی قورئانا هاتوون. ئەم تيپانە دەكەنە ڕەمز نەک بۆ كردنەوەی نهێنييـەكـان بەڵكو پتر خـەسـتكردنی نهێنييـەكان كە ئەمـە لە دوا جـاردا دەبێ بەهەوێنی داهێنان لە گێتيی پڕ لە تەمومـژی شـەوقی ناديار كە تەنيـا دڵ هەسـتی پێدەكا نەوەكو چاو. هەندێ جاريش بەشێوەيێک ئەم تيپە (حـەرف)ە دروشـمـيـيـانە بەكـاردێنن پـياو بـير و خـەياڵی دەڕوا بـۆ لای پێـڕەوانی تەريقـەتی حورووفی لە سۆفيزمی ئيسلاميدا كە مەلا پەرێشانی كورد نوێنەری ئەم ڕێكخراوە سۆفيزمە بووە لە ئەدەبی كورديدا:

فــــەقێ: شـــەربەتـا لام و بێــــيـــــان

ئـەز نـادم ب حـــــــــــەيـاتـێ

مــــەعـــــدەنـا دال ڕێـيــــان

دبــــاريـــــن نـــــەبـــــاتـــــێ

زاهـيــر دكن مـــەعنێـــيــــان

ز حــــــــوسـنـا بـوت ولاتـــێ

مـــــــەلا: ژ نـەقـــــشـێ بـوت ولاتـان

مــــە ســــينە بوتخــــانەيە

تەعـــەيـيـونا ســيــفـــاتـان

تەجـــەللا قـــەلبێ مـــەیە
د عـــیـــد و شـــەڤ بەراتـان
ژوان را مـــە ســـەجـــدەیە
فـەقێ: سـەجدەیا شـوكـرێ جارەك
مـــە فـــەرزە د ویســـالێ
نەپەردە نـە ســـتـــارەك
ل بـەر وەجـــهێ هیـــلالێ
(أحـــسن الله تبـــارک)
ژ ســـوڕڕا وێ جـــەمـــالێ
مـــەلا: جـــەمـــالا نوورێن ســافــە
د وەجـــهێ تەجـــەللایێ
ب حـەرفین خوە كـەشـشـافـە
زەمـــیـــر ددن مـــەعنـایێ
حـا مـیم عـەین سین قـافـە
د ڕەمـــزا مـــوعـــەممایێ
فـەقێ: حێ یێن د حـەفت حـامـیمـان
نوقـــتـــەیان لێ پەیدا كن
ئیـسـمێ دو تـاسین مـیـمـان
دو مـــیـــمـــان ژێ جـــوداكن
باڤـێنە جـەم دو جـیـمـان
عـیـشـقێ كـو ژێ پەیداكن
مەلا: حەفت خومێ تەژی بادە
د مـــەیكەدا قـــیـــدەمێ
ژ خـــومـــا كـــو مـــەی ئرادە
عـیشق ڕهتـە جـامـا جـەمێ
لەوحێ لێ نوون و ســـــادە
لەو فـــەیزێ دا قـــەلەمێ

فــەقــێ: ســـاقی ژ خــــەمـــرا ئەزەلــێ
نوون و قــەلەم ژێ ئەفــراندن
دارێـت لـەوحـــــــا ئـەووەلــێ
ڕزق و نەســـیب قـــەددراندن
ئەو بـوو مـــوراد مـــەسـئـــەلێ
نەقـشـێ مـەجـاز سـەووراندن
مـــەلا: نـەقـــشـێ مـــەجـــاز تلســـمـــە
مـــەزهـەر ژ ڕەنگ مـیـــرئـاتـێ
سـوورەت ل بال مـە ئـیـسـمـە
مــــــەعنا ب تـەجـــــەللاتـێ
حـەرفێن د نوورین جـیـسـمـە
کـــــــاف هـایە د ئـایـاتـێ
فـەقێ: کـاف هایە ئـیـســمێ کـوورە
تـوغــــــــــرایە د تـەنـزیـلـێ
ب جـیـســمی کـووهـێ توورە
ئـیـــجـــمـــالە د تـەفـســیلێ
جـــەمــــال ژ عـــەینی نـوورە
کـــــەوکـــــەبە د قـــــەندیلێ

ئینجا دێنە سەر «وێنە» و «جوانیی ڕاستەقینە». جوانیی ڕاستەقینە لە هـەموو وێنەیێکدا دەبینن، بەڵام وەکو هەمـوو سـۆفـیێک سـەریان لێ دەشـێوێ، دەکـەونە بیابانی بێ پایان، ناچار پەنا دەبەنە بەر کردگار کە کارگەری هەموو شـتێکە و خاوەنی هەموو شتێکیشە.

مــــەلا: کــــەوکــــەبە دێم بـەشــــەرە
نـوورەکـــــە مـــــونـەززەهـ تـێ
چ حـــوسنـەک مـوســــەووەرە
ئـیـــســـمـــەکـــە ژ (الله) تـێ

یەقین ب خـــوە مـــەزهـەرە
چەرخەکە سـەد حـەرگەھ تێ
فــەقێ: خــەرگــەهـ ب من حــیــجــابە
ســـتـــار دکت جـــەمـــالێ
عـــەورێ ڕەش و نیـــقـــابـە
ل بـەر وەجـــــهێ هیــــلالێ
پـەروانـە لـەو د عـــــــەزابـە
مــەحــجــووبە ژ شــەمــالێ
مـــەلا: شــــەمـــال تـەعـــینی نـوورە
شــەفــەق کـو لـێ ســتــار تێ
پەروانە بێ دەســـــتـــــوورە
ل چـەرخی ســـــەمــــادار تێ
حـەیران سـیـڕڕا غـەفـوورە
ل جــــانفـــیـــدایێ یار تێ
فــەقێ: یارێ حــەقـیــقی خــالیـقــە
چین جـانفـیـدا داڤێ کـەڤین
ڕاست و دروست و ســادیقــە
چ ڕەنگ ب شـووناڕێ کـەڤین
قـــەنج و لەتیف و لائیــــقــــە
د باغـێ ئیـرەمـدا ڤـێککەڤین
مـەلا: بــــاغـــێ ژ نــوو وەرق لـــێ
یــار دێ ل وی زوهــوور بــت
ســـپـــێـــدە یا شــــەفــــەق لێ
مـــەزهـەر ژ عـــەینی نـوور بت
پرتەو ژ حــــوسنا حـــەق لێ
دا عــەکس بێ قــوســـوور بت

فـــەقـێ: عـــەكـــسـێ ژ حـــەق دبينـين
لە دۆر وەجـهـێ مـەحـبـووبان
ل حــــــالـەكێ نـامـــــينـين
ژ ســـيـــڕا وان مـــەتلووبان
گـــەه دنالـين گـــەه دخـــوينين
دوورين ژ وەســــلا خـــووبـان
مــــەلا: فـــەرياد ژ دەســــتێ فـــەرقـێ
د دوورين ژ ســــــولتــــانان
تـيـــــــــرە ژ لـــەونـێ بـەرقـێ
هـەيبـــەتا وان خـــاقـــانان
ڕۆژە هـاتـيـــيـــە شــــەرقـێ
دنالـين ژ كـــــۆڤـــــانان
فـــەقـێ: كـــۆڤــانـين مـــيـــهـــرداران
بێ حــــەدد و بێ ئژمـــــارن
تيـــرێن د وان هـــەســـــاران
ســـەد جـاران ســـەد هەزاران
خــــەدەنگێن وان نـوو باران
نـهـين و خــــــــەف دبـارن
مەلا: نـــــــهــــين دل د ڕەشـــيــنن
تيـرێن ژ سـيـاه گـووشـان
دو مـيـر ب غـەزەب دكـشـينن
ل قـــەتلا مـــە بێ هـووشـــان
ژ قــــاف و واو و ســـــيـنن
خـەدەنگێن ئەسـوەد پووشـان
فەقێ: دوو نـــوون د سيـــەه ڕەنـــگن
وان ســـەر ل مـــە دكـێـشـــان

دەربێن د وان خـــــەدەنگن
ل قـــەلبێ مـــە دەروێشـــان
عـــاشق ژ دەست ب هـەنگن
ز داغ و زەجـــر و ئێــشـــان
مـــەلا: داغین مــــە پورِ د کــــولن
خــــەبەر ژێ نایێ گــــۆتن
یەنگیــــیـــان چەرب ل دلن
هـناڤ ژ بـەر دســـــــۆتـن
کـــەمـــەندار ڕەش قـــاتیلن
گـــەز مــــە ل دل ب جـــۆتن
فـــەقێ: گـــەزمـین عـــەین و ســـادان
ب ئیشـارەت ڕەمز و سـرِن
کـشـــاندن گـــۆشـــە بادان
مـــەحـــبـــووب د تیـــژ ئاورِن
تیـــــرێ د وان جـــــەللادان
بـاتـین د دل دفـــــــــــرِن

ئەوجا هەوڵی ئەوە دەدەن گێتیی نهێنی لە هەستی دڵ دەبینرێ لەگەڵ گێتیی ئاشکرا کە بەچاو دەبینرێ لە یەکتری نزیک بکەنەوە، جا ئەمە ئەگەر لە پەیکەری «پەری» و «دلبەر»دا ببین بەلای هەردوو شاعیرەوە «نهێنی» و «ئاشکرا»، «پەری» و «دلبەر» هەموویان دەبن بەیەک «شت»:

مـەلا: ئـــاورِێـــن چۆتـــێ بـــــەلـــەک
بەرقـــەکـــە ژ ســـــەمـــاواتێ
خـورشـیـدە چەرخـا فـەلەک
هـاتیـــیـــە نێڤ مـــیـــرئاتێ
ئینسـانە ب سـوورەت مـەلەک
یـان حــــوورە د جـــــەنـنـاتێ

فـــەقێ: حـــووری کـــو تێک جـــەمـــابن
پـــەری هـــەم د وێ گـــــــــاڤـێ
هـــەمـــــــــوو ژ ڕەنـگ چـرابـن
تێـــــزیکی شــــــەمس و تاڤـێ
ژ شــــــەرمـــــا خــــویا نـابـن
ژ حــــوسـنـاوێ گــــولـبــــاڤـێ
مـــــەلا: وان شــــەرمــــە ژ دێمـێ زەری
عـــــەقـــــرەبـان دەرب ل دل دان
خـورشـیـد مـاه و مـوشـتـەری
پێــــرۆ د مـــــوقـــــابـیل دان
ئینســـــە ب شــــــەکلێ پـەری
یان حـووره سـیـفـــەت ویلدان
فــــــەقێ: پێــــرۆ یەقین کــــو خــــالن
د عـــیــــقــــدا ســـــورەییـــــایێ
دو ڕۆژ و دو هـــیـــــــــــــلالـن
ل دێـــمــــــی وێ لـــــەیـــلایـــێ
بێ وەسف و بێ مـــیـــســــــالن
د رەمـــــزا شـــــەکــــەر خـــــایێ
مـــــەلا: ب ڕەمـــــز و گـــوفت و ســـــوڕان
نـــــــەبـــــاتـــــێ ئـــــەو درێـــــژن
عــیــشــوەیێن لـەعل و دەوڕان
لوئلوء شـــــەکــــەر ب هێـــــژن
خـــــــــــــەدەنگێـن د ئـاوڕان
عـــــــاشـــــــقــــــــان د برێژن
فـــــەقێ: عـــاشـــقــێن لەب و لێــڤـــان
شـــــــاباشـــــــە ژ خـــــــودێ ڕا

ســـەلوا و بەهـ و ســێــڤــان
بــەلــچــم ژ زیــڤ و زێـــرا
حـــەرامن خـــەوێد شــێـڤــان
ل کــەسێ مــوحــبــەت ڤــێـرا
مـــەلا: کـــەسێ کـــو یەک دڤـــێتن
ســـوهتـــیــیـــە ب ئولفـــەتێ
شـــەڤان کـــوو وی خـــەو تێتن
ژ تیـــرا مـــەحـــەببـــەتێ
عـــــــاشـق ل پەی وی تـێـتن
ژ جـــەزب و ژ فـــورقـــەتێ
فـــەقێ: فـــیـــراق تێک حـــرقـــەتە
بەعـــــیـــــدە ژ خـــــەیالێ
توو تاکـــە ب زەحـــمـــەتە
بولبـــول ژ بەر جـــەمـــالێ
گــۆیین خــەو قــەت ناکــەتە
کـــــو دووره ژ ویســــــالێ

مەسەلە بەلای هەردوو شاعیرەوە گەیشتنە بەیەکتری (ویسال = وصال). پەپوولە ناسووتێ بەڵکو لەپاش سووتان دەگاتە ژیانی جاویدانی.

مـــەلا: زەحـــمـــەت ب من ویســـالە
عـــاشـق ژ بـەر جـــەزبـەیێ
لـەو تـێـت ب دەرد و حــــالە
ژ بەرقــا شــەعـشــەعــەیێ
دەمــا کـــو تێت شـــەمـــالە
نـــەزەر دا پـــەروانـــەیـــێ
فەقێ: پـــــەروانـــە لـــــەو دمـــرت
خـــــوەش نینە ئەو ب ژینێ

زەعــــيــفـــە خـــوە ناگـــرت
تيـــــژە بەرقـــا ئەڤـــــينـێ
ب پـەردێ نـاســـــــــــەبـرت
پەردە كــــــەمـــــالا دينـێ
مـەلا: پـــــەروانـــــــە لـــــەو سۆژى
ژ لـەمـــعـــــەيا جــەزبا تـێ
فــيـــداكـــرن عــومـــر و ژى
د كـەشــفـا ســەببـەحـاتـێ
كـــو دا ژ نـووڤـــە ڤـــەژى
بـاقـى بـت د حـــــــــەيـاتـێ
فــــەقـێ: حـــەيات ب من هـەر وەسلە
دولات گـــــــــەر بـبن لاتـەك
مـــوراد ب خـــوە هەر ئـەسلـە
تێكدا ببنە ســـيـــفـــاتـەك
ژ هـەڤ ئێك نينـە فـــەسلـە
واحـــــيـــــد بمينت زاتـەك
مــــەلا: واحـــيــد زاتـەكى فــــەردە
تـەجــەللا ددا ســـيــفــاتـان
ل عــــــــــەينـى دل نـەزەر دە
ل جـــوملـەى تـەعـــيــيناتـان
تـەوەهــهـــــوم بوويـە پـەردە
ب ئيـــســـــمـێ بوت ولاتـان

لە پاشانا هـەردوو شاعير لە ديالۆجە شيعرييەكەياندا دێنە سەر پێداهەڵدانى ديمەنـى شـێخ و مـوريد و پيـر و ســۆفى و دەروێشــان، وێنەيێكى خــەيالاوى و ئەفسانەيى ڕۆمانتيكييانە دەگرن لە كۆڕى نهێنيى مەى نۆشانى خوداييدا.

فـــەقێ: لات ســـوورەتەكى حـــەقــە
ژ ئەســمــائێن حـەقـقـانى

ل بال مـن مــوحـــەقــقـــەقـــە
د نێف كـەشـفـا سـوبحـانی
لاهـووتـە هـەر مـــــوتـلـەقــــە
د ناســـــووتا ئینســــــانی
مـــەلا: ئینســـــان ب من نـاســــووتـە
گـــەوهـەر د نێڤ ســـەدەفـێ
عـــالـەمـــا جــــەبـەڕووتـە
شــەمـســـە هاتـی شــەرەفـێ
تـــەنـــەززول ژ لاهــــووتـــە
مــەحـبــووبـە جـام د كــەفـێ
فـەقـێ: كـەفـفـا كـو كـووز و تاس تـێ
نـازک و ســــــــپـی زەنـدن
جـامــا كـو مـەیا خـــاس تـێ
بـنـێــــــرن تـالـیـب چـەنـدن
ڤـەخـۆن ژ دەســتـێ ڕاسـتـێ
ب مەدحان مەحبووب خوەندن

ئەم دوو شاعیرەش وەكو هەموو شاعیرانی دیكەمان نایانەوێ لە ڕاست چیرۆكی هەمـیـشـەیی «گولّ و بلبل» یا «پەپوولە و چرا»ی گێتی چاو بنووقێنن، هەروەها گولّزاریش لەبیر ناكەن چونكە نیشتمانی بلبلە و وێنەی بەهەشتی جاویدانییە لەسەر ڕووی زەویی ئێمە با نەمریش نەبێ.

مـــەلا: وەســـفـێن د مــــەحـبــووبان
ل داغـــێن كـــو ل حــــەیاتن
قـــــووتـە ژ بۆ قــــولووبان
گـــــولاڤ قـــــەند و نـەباتن
ژ نەغـمـا مـــەدحـا خــووبان
عـــــاشـق ب جــــەزبـە هـاتن

فەقێ: عاشق ب وەسف و مەدحان
د فیراقێ سەببری
نەسیم بێت ژ وان تەرحان
بولبول خوهێ بگری
خوون دێ دەربت ژ جەرحان
ب داغێن کول بمری
مەلا: بولبولێ وێ گولشەنێ
ژ ئەزەل ئەو د بێژن
حەتتا ئەبەد ژ مەعدەنێ
گەوهەراندا برێژن
حەرفەک ژ وەسفان تەنێ
عالەم تێک ناپەرێژن
فەقێ: جەماکن تێک عالەمێ
هەمووان ب ئوستادکن
حەرفەک لەوحێ قیدەمێ
بینن ب شەرح سەودا کن
نائێتە بەر قەلەمێ
بەحران ئەر ب میدادکن
مەلا: نەسرین و گول تەبەقەک
سەحەر ژ باغێ گولان
ژ نەستەران وەرەقەک
بەسە مە ساحیب دلان
عوروفخواهی سەبەقەک
چێتر ژ سەد سیجلان
فەقێ: ئەحسەن ژ نەو سەبەقان
قەلەم ژ قەند و نەباتێ

ل ســـەحـــیـــفـــا وەرەقـــان
درێژن ئاڤـــــا حـــــەیاتێ
دەست ب دەسـت ژ تەبـەقـــان
مـــــەلەک تێنە جـــەنناتێ
مـــەلا: نەفـــەســـا تە ژ عـــەنبـــەرە
زەباد و مـــــیــــسک درێژن
چ شـــاخێ نەی شـــەککەرە
نـەبات و قـــــــەند درێـژن
نوقـــتـــا تـە خـــوە گـــەوهەرە
ســـەد بـار گـــەوهـەر درێژن
فـــەقێ: گـــولم د دەســـتی خـــاران
ب ئیسمێ (موحەممەد) ناڤم
بولبـــــولـم د گـــــولزاران
ژ عـــیــشـــقێ لەو زەر باڤم
د ڕەمـــزا مـــیـــهـــرداران
تــو ڕۆژی ئـەز هـــەتـــاڤـــم
مـــەلا: دوورم ژ گـــولێن ب خـــوناڤ
لەو زەر شـــوبـهـــەتی بـهم
ســـووسنا عـــرق ژ گـــولاڤ
د فــــــورقـــــەتێ دبـژهـم
ژ مـــیــــهـــرداران تـەڤـــاڤ
تـو هـەتـاڤی ئـەز ســــــهـم

هەردوو شـاعیر بەدەربڕین و خستنەڕوو سۆزێکی قوول و خۆشەویستییێکی بێ سنوور بەرامبەر بەیەکتری دەنوێنن و بەم دێڕانە دوایی بەدیالۆجە شیعرییە بەرزەکەیان دێنن.

فـــەقێ: بریندارێ عـــیــشـــقـــێـــمـــە
دوورم ژ ســـــهــــا بـهـــان

دزانن مــەدداحێ کــێــمــە
د هـەزار و یەک و ســـهـــان
(١٠٣١هـ)
ســەناخــوانێ (مــەلێ) مــە
ل هەمـــوو عـــەرد و جـــهـــان
مـــــەلا: چـەندی کـــو د گـــــەرِهـم
دکـێـشم ســەبر و حـیـرێ
شـــوبـهـــەتی چـەنگ و ژەهـم
هـەلاکـم ژ دەربـا تـیـــــــرێ
ســەناخـوانێ (فـەقـێ)هـم
ئـیـــــرۆکـــــە د جـــــزیرێ

مـەلای جزیری بەهـەردوو بەرهەمە دیالۆجە شیعرییەکەی «دیالۆجی لەگەڵ میری بۆتان» و «دیالۆجی لەگەڵ فـەقێ تەیران» کـەلێنێکی یەکجـار گرنگی لە مێـژووی ئەدەبی کـوردی پڕ کـردۆتەوە، ناوەرۆکی جـیاوازی هـەڵبژاردووە بۆ دیالۆجـەکـان، ئەوەی لەگەڵ فەقێ تەیران ڕەنگدانەوەی لایەنی خـەیاڵی سـۆفیزمە بێ پایانەکەی هەردووکـیانە، کـۆن نابێ لەبەر ئەوە لەســەر زاری خـوێنـەری کـورد ناکـەوێ و هەمیشە زیندووە.

***

مـەلای جزیری یەکەمین کەس نییـە لە کـوردسـتـانی باکووردا شـیـعری بەرزی بەزمـانی کوردی داهێنابێ، بەڵکو یەکێکە لە سێ کـوچکەکە، دوانەکـەی دیکەیان عـــەلی هەریری (١٥٣٠ - ١٦٠٠) و فــەقێ تەیران (١٥٦٣ - ١٦٤١)ن. ئەم سێ شـاعیرە ژیانی شیعرایەتییان کەوتۆتە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەم و نیوەی یەکەمی سـەدەی حەڤدەم. عـەلی هەریری شیعری کەمە، زانیـاری لەبابەت ژیانیەوە کەمترە، هەرچی فەقێ تەیرانیشە وەک شـاعیرێکی گەورە و خاوەن قوتابخانەیێکی تایبـەتی دامـەزرێنـەری لایەنی شـیـعری مـیللـیـە لە ئەدەبی کـوردیدا، لەلایەنی هونەرییەوە دەچێتەوە سەر جەوهەرەکانی خۆماڵی بەتایبەتی لەڕووی کێش و قافیە و ڕیتم و زمـان و تـەعـبـیـرەوە لەبەر ئـەوە مـەلای جـزیری بەداهێنـەرێکی گـەورە

دادەنرێ چونکە لە ڕووی ڕوخسارەوە شیعری ئیسلامەوی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە بەکێشی عەرووز و یەکێتی قافیە و ڕەوانبێژی تایبەت بەو شیعرانەی بەئیسلامەوی ناویان دەبەین. ئینجا بابەتەکانی شیعر غەزەل و قەسیدە و چوارین و موستەزاد و تەرجیع بەند و هەموو بابەتەکانی دیکە.

لەڕووی ناوەرۆکیشەوە مەلای جزیری داهێنەر موناجات و نەعت و وەسف و پێداهەڵدان بوو، لەمانە لەهەموویان گرنگتر ئەدەبی سۆفیزمە ئەمەیان بەڕوونی لە بەرهەمە داهێنراوەکانی مەلای جزیری بەرچاو دەکەون، بەمە دەبێتە شاعیرێک لە شاعیرە هەرە گەورەکانی نەتەوەی کورد.

خانی

## بەشی سێزدەم

# خانی

١٧٠٧ - ١٦٥٠

### مێژووی ژیان

شاعیر و ڕۆشنبیری گەورەی کورد خانی ناوی ئەحمەد بووە، کوڕی ئەلیاس کوڕی ڕۆستەم نازناوی شیعری لە هۆزی «خانیان» وەرگرتووە. بەشێکی ئەم هۆزە لە دەوروبەری ناوچەی بۆتان بوون، بەڵام بنەماڵەی شاعیر باریان کردووە بۆ شاری بایەزید.

ئەحمەدی خانی لە ساڵی ١٦٥٠ لە شاری بایەزید لەدایک بووە. وەک لە سەرچاوەکانی ژیان و کردەوە ئەدەبییەکانی شاعیر دەردەکەوێ باب و باپیرانی لە ڕووی داراییەوە ژیانیان ئاسان بووە و بە بەختیاری ژیاون.

مەڵبەندی ڕۆشنبیری لەو سەردەمانەدا حوجرەی مزگەوت بووە، شوێنێکی وەکو بایەزید مزگەوتی گەورە و جێگەی خوێندنی بەرچاوی لێ بووە. ئەحمەدی منداڵ لە یەکێ لە حوجرەی ئەم مزگەوتانە کە مزگەوتی مرادییەیە دەخرێتە بەر خوێندن. پرۆگرامەکانی خوێندنی بەرایی و ناوەندی لە بایەزید دەگەیەنێتە ئەنجام، ئینجا وەکو ڕەوشتێکی کوردەواری لە قۆناغی خوێندنی سوختەییدا ڕوو دەکاتە ئەو شارانەی مزگەوت و حوجرەی بەناوبانگیان لێ بووە و زانایانی ئایینی زیرەک و ناودار وانەیان تێدا وتووتەوە. لەمانە لە شارانی وەکو ئورفە و ئەخلات و بدلیس لای زانا گەورەکان زانستیی ئایینی وەرگرتووە.

لە دوای ئەم گەشت و گەڕانەی فەقێیەتیدا ڕووی کردۆتەوە بایەزیدی زێدی لەدایکبوونی، لە پاش ماوەیێک بەرەو شاری جزیرە چووە و خوێندنی لەوێ تەواو کردووە و ئیجازەی دوازدە عیلمی مەلایەتی بەپێی بەرنامەی خوێندنی ناو کوردەواری وەرگرتووە.

لەپاش تەواوکردنی خوێندن مامۆستایی هەڵبژاردووە وەک پیشەیێک، ئیتر بووە بەمامۆستا لەیەکێ لە مزگەوتەکانی شاری بایەزید، ئەمڕۆ مزگەوتی دۆغۆ بایەزید (Dogu Bayezit)ی پێدەڵێن. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە هەستی کوردایەتی وا شاعیری هاندابوو بەپێچەوانەی مەلایانی ئەو ڕۆژگارە لەسەر دەرگای ئەو مزگەوتەی وانەی تێدا دەوتەوە ناوی مزگەوتەکە لە پاڵ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی بەزمانی کوردیش بنووسێ.

خانی وەک مامۆستایێک وانەی لە حوجرەی مزگەوت بەزمانی کوردی بەمنداڵانی کوردی وتۆتەوە، بۆ ئەم ئامانجە «فەرهەنگی نووبهار»ی بەعەرەبی و کوردی نووسیوەتەوە بۆ ئەوەی شاگردانی حوجرە فێری زمانی عەرەبی بېن. لەپاش کۆچی دوایی شاعیر یەکێ لە قوتابییەکانی ناوی ئیسماعیل بووە بۆ ماوەی بیست ساڵ لەجێی مامۆستای دانیشتووە و وانەی ئایینی وتۆتەوە، بۆ ئەوەی جێی مامۆستای کوێر نەبێتەوە.

وەک لەو زانیارییانە دەردەکەوێ کە لەبەر دەستماندان، شاعیری ئەم ماوەیەمان ئەحمەدی خانی هەموو ژیانی بۆ خوێندەواری و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی سیاسی خەرج کردووە لە کۆمەڵی کوردەواریدا. ئەمە دوو لایەنی ڕووناکی بووە، یەکەمیان بەرهەمهێنانی داهێنانی ئەدەبی، واتە شیعری، دووەمیان فێرکردن و پێگەیاندنی منداڵان و لاوی کورد لە ڕووی خوێندەوارییەوە.

شاعیر لە مەڵبەندی لەدایکبوونی، شاری بایەزید، لە ساڵی ١٧٠٧م کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە. ئەو زانیارییانەی لە ناوەوەن ئەم مێژووە بەڕاست دەزانن، جگە لەمە بەڵگەیێکی تریشمان بەدەستەوەیە، پشتگیری ئەم ڕایە دەکا ئەویش ڕستەی عەرەبی «طار خانی الی ربە» کە بۆ مردنی شاعیر دانراوە بەحسێبی ئەبجەد دەکاتە ساڵی (١١١٩ھ)، ئەم ساڵە بەرامبەر بەساڵی ١٧٠٧ی مەسیحییە، یا ڕاستتر کەوتۆتە نێوان هەردوو ساڵی (١٧٠٧ و ١٧٠٨)ی مەسیحییەوە.

## دیوانی خانی

تا دوای جەنگی دووەمی گێتی و ناوەڕاستی سەدەی بیستەم خانی تەنیا بەشاعیری «مەم و زین» و «نووبهاری بچووکان» و «عەقیدا ئیمانێ» ناسرابوو، بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران و عێراقدا، ئەگەر لە دەسنووسدا شیعری

هەبووبێ و لە ڕۆژنامەی «ژین»ی ئەستەموولیش هەندێکی بڵاوکرابێتەوە، خەڵکی ئاگادارییێکی ئەوتۆیان لە شیعرەکانیدا نەبووە، لەبەر ئەوە تەنیا حسێبی «مەم و زین»ی بۆ دەکرا و بەشاعیرێکی گەورە لەقەڵەم دەدرا.

بێگومان لەو سەردەمانەدا ڕۆشنبیرانی کورد هەندێ موبالەغەیان لە شاعیریەتی خانی دا دەکرد، هۆی ئەمە ئەوەبوو لە دیباجەی «مەم و زین»دا خانی جۆرە کوردایەتییێکی سەردەمی خۆی بەشێوەیێک کردووە وەکو شاعیرێکی گەورە بکەوێتە ڕوو. بەڵام لەو کاتەوە کە کۆمەڵە غەزەل و قەسیدەکانی سەر بەقوتابخانەی عەلی هەریری و مەلای جزیری لە کوردستانی سەروودا کەوتنە ناوەوە، هیچ گومانێک لەوەدا نەما کە شاعیرییەتی خانی تەنیا لە «مەم و زین»دا ناکەوێتە ڕوو، بەڵکو غەزەل و قەسیدەکانی لە پلەیێکی جوانکاری کلاسیکی ئەوتۆ دان ئەحمەدی خانی دەخەنە پاڵ شاعیرە کلاسیکییە هەرە گەورەکانی ئەدەبی کوردی. بەڕاستی دیاردەیێکی ماقووڵ و بەجێ نەبوو شاعیرێکی وەکو خانی خاوەنی «مەم و زین» بێ و غەزەل و قەسیدەی مەلای جزیری ئامێزی نەبێ.

ئەم تەلیسمەی شیعری ئەحمەدی خانی لە ساڵی ١٩٦١ لەسەر لاپەڕەکانی کۆواری زانستی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە شاری سانت پیترسبورگ کرایەوە. ئەمە بۆ یەکەمین جار بوو کوردناسی ئەوروپا ئاشنایەتی لەگەڵ غەزەل و قەسیدەکانی خانی پەیدا کرد. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە لەناو لاپەڕەی ئەو دەسنووسانەی ئەلیکساندر ژابا دەستی خستبوون و کۆمەڵێک غەزەل و قەسیدەی خانی پارێزرابوون. کارگەری ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی مارگریت ڕوودێنکۆ ماوەیێک خەریکی ئەو شیعرانە بوو لە پاشانا حەوت پارچە لە غەزەل و قەسیدەی دەسنووسەکانی لە «کۆواری نەتەوەکانی ئاسیا و ئەفریقا» (ژمارە ٣، ساڵی ١٩٦١)ی بڵاوکردەوە. تێکستی شیعرەکان بەتیپی لاتینی و وەرگێڕانی بەزمانی ڕووسی بڵاوکرانەوە، ئەوەی جێگەی سەرنج ڕاکێشانە لەم لایەنەوە ئەوەیە نرخی وتارەکە لەوەدایە کە کوردی ئاشناکرد بەو بەرهەمە گرنگەی خانی کە تا ئەو کاتە نەناسراو بوو، ئەگینا وەرگێڕانە ڕووسییەکەی باش نییە، چونکە لەگەڵێ لە مانای شیعرەکان نەگەیشتبوو، جگە لەوەی دێڕی تەواو لەناو شیعرەکاندا بەدی دەکرێن خاوەن وتار تێیان نەگەیشتووە و ناچار بووە جێی وەرگێڕانە ڕووسییەکانیان بەبەتاڵی بەجێ بهێڵێ.

هەرچۆنێ بێ ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەلای خۆشمان لە نیشتمان هەوڵ بدرێ بۆ دۆزینەوەی بەرهەمی دیکەی غەزەل و قەسیدەی خانی. لە ڕۆژگاری ئێستاماندا دیوانی ئەحمەدی خانی گەیشتۆتە قەوارەیێک دەتوانین شانازی پێوە بکەین و بەیەکێک لە شاعیرە کلاسیکییە گەورەکانمان دەژمێررێ.

بابەتی غەزەل بەمانای پارچە شیعر یا «شیعری لیریکی» لە سەردەمی ئەحمەدی خانیدا زیاتر پێشکەوت، چونکە ئەم جۆرە شیعرە پێوەندی بەرۆشنبیری کوردییەوە هەبوو و هەوڵی پێشکەوتنی دەدا، شیعرەکانی نموونەی ژیری و دانایی و نیشتمانپەروەری بوون، زانستی و زانیاری لەلای شاعیر مایەی پێشکەوتنی کۆمەڵ بوون.

خانی لە غەزەلەکانیدا کەمتر وشەی قورسی پڕ لە نهێنی بەکارهێناوە، بێگومان لە بنجدا مەبەسی لەمە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بووە لەناو کۆمەڵی کوردەواری بە زمانی کوردی، چونکە ئەو زمانە لەڕوو نەبووە، زیاتر بایەخ بەزمانانی عەرەبی و تورکی عوسمانی و فارسی دراوە، لەبەر ئەوەی ئەمانە زمانی ئایین و ئەو فەرمانڕەوایانە بوون کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو لە کوردستاندا.

### شیعری دانایی

شەقڵی بیری قووڵی فەلسەفییانە و ئامۆژگاری پیری دنیادیتەی پڕ لە مانای دانایی لەو برە شیعرەی خانی کە لەبەر دەستمان دایە، ڕوون و ئاشکرایە.

لە پارچەیێکی پێنج دێرە شیعریدا دەڵێ:

میرێ مەجلیس نەکەنت موتریبێ گوویا چ بکت
غونچەی خەندان نەبتن بولبولێ شەیدا چ بکت
نەینکا حوسنێ بتان لازمە ساحێب نەزەرەک
کەسێ بینا کو نەبت دلبەرێ زیبا چ بکت
بێ کەرەم ناچیتە تیپا عەدووان مەردێ شەجیع
تیغێ ئاهێختە بێ دەستی تەواناچ بکت
تالیبی عیلم و کەمال نەبتن قابیلێ فەیز
حیکمەت و تەربیەتا عالیمێ دانا چ بکت

تەبعێ (خانی) سەدەفا، گەوهەرێ عیرفانە وەلێ

مەتن خوانەک نەبتن ساحیبێ مەعنا چ بکت

لەم پارچە شیعرەدا خانی دوو دیاردە لە ژیانی ئادەمزاددا بەرامبەر بەیەکتری دادەنێ، ئەگەر یەکێکیان لە ناوەوە نەبێ ئەویتریشیان بوونی نابێ، بەڵام ئەو دیاردانەی شاعیر هەڵوێستی جوانکارین، ئەو شتانەن دەبنە هەوێنی داهێنانی شیعر و هونەرەکانی دیکەی جوانی. دیاردەکان ئەوەیە ئەگەر خۆشی نەگەیەننە گیانی میر ئەرکی گۆرانیبێژ بەفیڕۆ دەڕوا. شاعیر لەم پارچە شیعرەدا ئەگەری زۆرە، ئەگەر غونچەی پشکووتوو لە باغا نەبێ بلبلی شێتی دڵداری دەبێ چی بکا! ئاوێنەی جوانی جوانان لە ناوەوە نەبێ کەسی خاوەن بیر و هۆش چی بکا! ئەگەر کەسی چاو ساغ لە ناوەوە نەبێ، دلبەری جوان چی بکا! کەسی ئازا بێ لە خۆبوردن هەڵمەت بۆ سەر دوژمن نابا، چەک و سیلاح بێ دەستێکی بەتوانا چی بۆ دەکرێ! ئەگەر قوتابی عیلم و مەعریفەت توانای گۆڕان و پەرەسەندنی نەبێ دانایی و تەربیەتی زانای گەورە چی بکا!

لە دواییدا شاعیر لە مەدحی خۆیدا دەڵێ: شیعری خانی بەردی بەنرخ و گەوهەر و عیرفانە، بەڵام ئەگەر کەسێک نەبێ بیخوێنێتەوە و لە ماناکانی بگا، خاوەنی مانا واتا خانی خۆی چی بکا!

خانی شیعرێکی لەسەر شێوەی چوار خشتەکی داناوە، بریتییە لە پێنج بەند (پێنج چوار خشتەکی) قافیەی بەندەکان بەم جۆرەیە:

سێ دێڕی یەکەمی هەموو بەندێک لەسەر یەک قافیەیە (ا ا ا)، دێڕی چوارەم لەهەر پێنج بەندا ئەویش لەسەر یەک قافیەیە (ا ا ا ا ا)، واتە بەندی یەکەم لە ڕووی قافیەوە (ا ا ا ا)یە، بەندەکانی دیکە (ا ا ا ب)یە. لە شیعرەکەدا خانی دەڵێ:

زاهیدێ خەلوەت نشین پابەندێ کرداێ خوەیە

تاجیرێ ڕیحلەت گوزین در بەندێ دیناێ خوەیە

عاشقێ دلبەر حەبین دل ناڕێ دلداێ خوەیە

دا بزانی هەر کەسەک بێ شوبهە غەمخوارێ خوەیە

بێ عەمەل تو ژ کەس مەکە هیڤی عەتا و هیممەتێ

بێ غەرەز ناکێشتن قەت کەس ژ بو کەس زەحمەتێ

کــەس نەهـن قــەت هەڵگرت بارێ تـە ئەوبێ ئوجــرەتێ
گــەر چ عــیــســابـت ئەوێ فـیـکرا کـەروبـارێ خــوەیە
هوشیار بی دانەکی تو عومرێ خوە بێ حاسیل تەلەف
لەو کـو ناکت فـائیـدە مـال و گـەنج و ئەولاد و خــەلەف
مــاجــەرایا (خــدری) دیـوارێ یەتیــمــا بوو ســەلەف
ڤی زەمـانـی هەر کـەسـەک مـیـعـمـارێ دیوارێ خـوەیە
جـا نەزەر کـە عـیـبـرەتێ پێلا کـو واقـیـع بت سـەواش
گـەر نەبیتن ئیلتـیـفـات و مـووچـە و دەبر و مـەعـاش
جندی یێ ڕمـــبـــازی فـــارس نادەتن جـــانی بـەلاش
ســاعــەتا ســەربازی یێ هیــڤی ژ ســەردارێ خــوەیە
(خـانی)یا زایع مـەکـە وەختـێ خـۆ ئەی نـادان عـەبەس
بێ تـەلەب نابی ژ وەسلێ بەهرەمــەند ئەی بولهــەوەس
سـانیعێ موتلـەق کو نینە ئیحـتـیـاجـەک وی ب کـەس
لوتف و ئیـحـســانا ژ وی دەرهەق تـەلەبکارێ خــوەیە

لەم شـیـعـرەدا خـانی لەسـەر ئامـۆژگـارییـە قـووڵ و پڕ مـاناکـانی دەڕوا و ئەوە دەردەخـا کە پێـشکەوتن و هێنانەدی هـیـوا و ئامـانجی گـەل و ئاسـایشی خـەڵک و هێمنی کۆمـەڵ پێوەندی بەکۆشش و هـەوڵ و تەقەلای تاکی کۆمـەڵەوە هـەیە، ئەمـەیە مەدەنیەت دروست دەکا.

ئامـۆژگـاری گشـتی کـە وێنەی لە بنج و بناوانی کۆمـەڵەکەوە وەرگرتووە ڕەنگە هـەندێ سادە بێ و هـەموو کـەسێک بۆی بچێ، بەڵام ئەحمەدی خانی خسـتوویەتییە قـالبێکی هونەری شـیعری ئەوتۆوە وەکو داهێنانێکی شیعری بەرز دێتـە بەرچاو. بەلای شاعیرەوە کاری ئادەمزاد لەسـەر سـوود و قازانجی کەسێتی وەستاوە بەڵام دیاردەیێکی کۆمەڵایەتییـە بۆیە دەبێتـە هۆی پێشکەوتن، ئەمە بەلای شـاعـیـرەوە لە قـاووغـی تیـۆرییـەوە ناچێتـە دەرەوە، لایە پراکـتـیکییـەکەی گـیـروگـرفـتی دروست کـردووە، هـەمـوو شـتـێکی کـۆمـەڵ لەجـێی خـۆی نیـیـە بۆیە دەکـەوێتـە گـێـتـیی ڕەشـبـینییـەوە بەلایەوە کـۆمـەڵ بەجـۆرێک شـێـواوە، شـێـوان بـووە بەدەسـتـوور و نەشێوان لە قـاعیدە دەردەچێ، ئیتر بەخۆی دەڵێ: ئەی نەزان و شێت وەختی خۆت

بەفیرۆ مەبەسەر، خراپییەکە دەستوورە و چاکییەکەی تۆ لە دەستوور دەرچوونە.

خانی لە قەسیدەیێکی دیکەیدا خۆی وەکو دانایێکی شارەزا لە گێتی سۆفیزم پیشان دەدا. ئەم قەسیدەیە زیاتر خانی وەکو شارەزایێک لە شەریعەت و تەریقەتدا دەخاتەڕوو، نەک داهێنانێکی شیعری بخوڵقێنێ لە شیعری عیرفانیدا وەکو ئەوانەی جەلالەدینی ڕۆمی و ئیبنولفاریز وتوویانە.

شاعیر قەسیدەکەی بەگێڕانەوەی حیکایەتی خەلق (خلق) دەست پێدەکا، لەلایەن کردگارەوە:

نەققاشێ ئەزەل ڕۆژا سەر لەوحەیێ ڕەنگیندا
پەرگاری د دەستان بۆ سەرسەفحە کو تەزییندا
تەزهیبێ دەر ئەفشان کر سەر لەوحێ کیتابا عیشق
ڕەسما ئەزەلێ کێشا نەقشێ خوە نوالیندا
دیباجە کو ئینشا کر، فەهرەستە کو ئیملا کر
جلدێ ژ عەناسیر بەست نەفخەک ب سەفالیندا
ئەرواح و مەلەک هاتن وەستان ل دەبستانێ
(لا علم لنا) گۆتن ئەبجەد ب خوە تەلقیندا
وان سادە ڕوخان مەشقێ عیشق کو تەمەننا کر
خەتتاتێ ژ (حسن الخط) سەر مەشقەکێ زێڕیندا
ما سوجدە تەنێ من بر بەر سووڕەتێ مەحبووبان
ئیبلیسی نەبر سوجدە لەو مایە د نەفریندا

وەکو لەم بڕە شیعرەدا بەڕوونی دەردەکەوێ خانی دروستکردن (خلق) تەنیا بەپێی بینینی شەریعەت نابینێ، بەڵکو سۆفیزمیش تێکەڵ بەو دەکا. بەڕاستی لەودەمەی باس لە کاری کردگار دەکا بۆ دروستکردنی گەردوون (بوون) لەگەڵ ئەودا دڵداری سۆفیزم بەکردەوەی کردگار دەزانێ.

لەکاتێکدا ئایین سەر نەنواندنی شەیتان بەرامبەر بەخودا چونکە ئەوی لە ئاگر دروست کردووە و ئادەمزادی لە خۆڵ دروست کردووە بەتاوانێکی گەورە دەزانێ، دەبینین خانی ئەمە تێکەڵ بەدڵداری سۆفیزم دەکا بەوەی کردگار کە لە مەشقی دروستکردنی جوانان بووەوە و ئەمانەبوون بەرەمزی کردگار خۆی، ئێمە

سـوجـدەمـان بردە بـەر ئەو جـوانانە، بەڵام شـەيتـان سـوجـدەی نەبرد لـەبەر ئەوە نەفرەتی لێ کرا.

شاعیر بەم دێڕانە کۆتایی بەقەسیدەکەی دێنێ:

ئـەز چـووم‍ـــــە دەرێ دێرێ مـن دی کـــــو (روح اللـه)
تـەکــرارێ مــوســـەووەر بۆ هـەتـتـــاکــو نە هـالیندا
وان جـوملە (أنـا الحق) گـۆت من واحـیـدێ مـوتلەق گـۆت
ســاقی ب خـــۆ ئـەز گــرتم، جـامــا مــەیێ نۆشـــیندا
من نۆشیی و سەر خوەش بووم(فی الحال)ی موشەووەش بووم
ئـەز چار و نـەهـ و شــەش بـووم، من تـەکــیـــە ب بالیندا
هـەر چ کــومـــە بـەر لێ کــر هـندی مـــە نـەزەر لێ کــر
مـن ســـــەیرەک ل یەکێ کـــر، لـەو رامـــە دل و دیـندا
مـن دی هـەمـــە یـەک پـرتـە و ســــاری د مــــەزاهـیــــردا
مــــومکین هـەمــــە ژی پـور بـو ئـەمما نـە د تـەمکیندا
ئـەو بـو ژ زولـەیخــــائـێ لـەو دیتــــە د یـووســـــفـــــدا
مــــەجنوونی د لـەیلائی فــــەرهـادی د شـــــیــــریندا
مــیــســـبــاحـی ئـەبەد من دی ئیــرۆکــە د قـــەندیلـێ
کـــونجــــا ئـەزەلـێ من دی مـــــەکنوون د گل و تیندا
مــەعــزووره ئەگــەر ســۆفی بـو مــونکرێ مــەحــبــووبان
گــەر دێ چ تەســـەووڕ کــەت ســیـــڕڕا کــو د دوزیندا
شــاهـیـد بی تو ئـەی زاهـیـد مــەحــبــووبە پەرســتـم ئەز
بێ شــاهـیـد و مــەی نـابم شـێــخێ مــە ئەڤ ئاییندا
جــانا ژ جـــەمــــالا تە ئـەز دێ کـــو بکەم ســـەبرێ
شــێــخــان و (أولو العـرفـان) جـانێ خــۆ د کـالیندا
جــانی ژ تـە ئـەی (خــانی) جــانـان کــو ب خــوازیـتن
هـا نـەقـدە ل ســەر خــانی (فـی الحــال)ی د مـزگـیندا

لەو شیـعرانەدا خـانی وەسـتـایانە هەندێ هەڵوێست و ئێسگەی گێتی سۆفـیـزم

دەدۆزێتەوە لەوانەیە هەندێکیان بەر گوێی خەڵکی کەوتبن و پێش خانی وترابن، بەڵام خانی بەرگێکی دووراوی دەستی خۆی بۆ دروست کردوون، ئەو بەرگە بەزمانی کوردییە پێش ئەو شاعیری کورد بۆی نەچووە، لەبەر ئەوە شیعرەکە بەوەسفێکی ڕازاوەیی کوردی دەکەوێتە بەرچاو.

هەندێ لە بەسەرهاتی دڵداری لە حیکایەتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست هی وەکو «یووسف و زولەیخا» و «لەیلا و مەجنوون» و «شیرین و فەرهاد» و هی دیکە خراونەتە سەر بەرهەمی ئەدەبی سۆفیزم، لەم پارچە شیعرەدا خانی هەرسێ چیرۆکە شیعرییەکەی بۆ یەک مەبەس بەکارهێناوە، ئەویش دڵداریی سۆفیزمییە، بەڵام ئەگەر لای مەجنوون و فەرهاد دوولایی بێ واتە لەیلا و شیرینیش بەشدارن لەم چیرۆکی ئەڤینییەدا، دەبینین مەسەلەی دڵداری یووسف و زولەیخا یەک لاییە، ژنەکە یا کچەکە گرفتاری یووسف بووە، بۆ یووسف دەبوو گیرۆدەی زولەیخا نەبێ چونکە لەناو تاقیکردنەوەی کردگاردا بوو، خودا بەپێغەمبەری خۆی هەڵیبژاردبوو و تووشی جوانێکی وای کردبوو هیچ نێرینەیێک نەتوانێ بەرگری لە خۆی بکا بەرامبەر بەم جوانە ئەفسانەییە، بۆیە ئەگەر بەڕاستیشی نەبووبێ دەبوو خۆی لەو کچە نزیک نەکاتەوە.

کەسایەتی شیعری خانی خۆی لە چوارچێوەی بیری قووڵی فەلسەفی ئامێز و قسە و بۆچوونی دانایانە دەردەخا، وەسفی سۆفیزم بۆ بەهێزکردنی وێنەی شیعری داهێنراو بەکاردێنێ، ئەم دیاردانە لە ئەدگاری هەموو قەسیدە و غەزەلەکانیدا دەردەکەون.

## غەزەل و قەسیدە

بەشی هەرە زۆری بەرهەمی شیعری خانی وەکو هەموو شاعیرانی دیکەی کلاسیکی لەم بابەتەیە. لە ڕووی ڕوخسارەوە ئەم جۆرە شیعرە لە ژمارەی دێرە شیعرەکانی ناوی زاراوەیی وەردەگرێ، هەموو غەزەلێک لە پێنج دێرە شیعر پێکبێ تا دەگاتە هەژدە دێڕ شیعر غەزەلی پێدەڵێن، لە دوای ئەو قەسیدەی پێ دەڵێن. بێگومان هەر غەزەل و قەسیدەیێک لەسەر کێشێکی عەرووزی دەبێ، لە قافیەشدا یەکێتیی قافیە دەبێ.

لە شیعرێکیدا خانی دەڵێ:

ئەی ئایینەئێ دل ب جـەمـالا تە مـوجـەللا

سـەد سەفحە ب یەک زەڕڕە ژ نوور تە موتەللا

ئینسـان ژ تە بو عـالـەمێ کوبرا کریە نوسـخـە

لەو مـوزفیـەکێ ژ تو دکێی عـەرشی موعـەللا

وەحدەت ب حبێ کیسرەتێ ئەعیانێ مەزاهیر

هـەر سـەد سیفـەتان دکـەتن کـەشف و تەجـەللا

لەو (مـختلف القول) و عـەمـەل بوونە خـەلائیق

کـافـر ژ سـەنەم بوونـە ب ناڤێ تـە تەسـەللا

سیڕڕا خوە نیهانی تەکودا (ئەحمەدی خانی)

ئەز غـەیری بـەری شـود ب تو ئاوەر دتـەوەللا

لەم شیـعرەدا خانی ڕوو دەکـاتە دڵ و موناجات لـەگەڵ ناوەرۆکیـدا دەکا، ئەو ناوەرۆکەی لە ئاوێنەدا ڕەنگی دەبینێ، لەبەر ئەوەیە وەکو بڵێی لەگەڵ ئاوێنەکەدا قـسـە دەکـا، بۆیە بەئاوێنـەی دڵ ناوی دەبا چونکە ئـەوەی لەناو دڵ دایە وێنەکـە پیشانی دەدا.

ئەسـتووری بۆچوونی خانی کە ئاوڕدانەوەیێکی سۆفیزمی تێدایە لە هەندێ لە بیروڕاکانی شێخ مـحیەدینـی کوڕی عـەرەبی (١١٦٣ – ١٢٤٠م) دەکا، چونکە ئەو سۆفـیـیـە گـەورەیە بت پەرست بەمـولحـید حسـێب ناکـا، ئەو لەو بـاوەڕەدایە بت پەرست لە شێوەی بتەکەیدا وێنەی نادیاری کردگار دەبینێ.

لە غەزەلێکی تریدا خانی دەڵێ:

سـەیدێ چەنگالا سـەرێ زولـفا شـەها شـەهبـازم ئەز

مـەسـتێ جانا عیـشوە یا شـەهنـازێ نازک نازم ئەز

ڕەمـز و ئیعجـازێ د خووبان بێ عیبادەت سـەح دکم

مورشـیـدێ کامـیل ئەزم ئیـرۆکە ساحـێب ڕازم ئەز

بەیزەیا ئەز تێ عـەبەس بـوو، ئاشـیـانا مـن قـەفـەس

گـەرچی دل پڕ من هـەوەس بـوو بێ پەڕ و پەروازم ئەز

ڤێ حـەیاتا عـیـبـرەتێ چ بکم بەقـا نین ژ بۆ

لەو شـەهـیـدێ غـەمـزەیا وێ دلبـەرا تـەننازم ئەز

دەردمەندەک من دڤێتن هەم نەفەس بت (خانی)یا

کو مە هەمدەستەک هەبیتن سازێ خوەش ئاوازم ئەز

لەم شیعرەدا خانی سیفەتی ئادەمزادی تەواو و بێ کەموکورِی (سوپەرمان) لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. شاعیر شای دڵدارانە، سەرخۆشی نازی دلبەرە، دانای بێ هاوتایە، هەر ئەوە لە رەمز و ئیعجازی جوانان دەگا. بەڵام ئەمە هەمووی بێ سوودە، مەڵبەندی ژیانی بەندیخانەیە، بێ پەرِ و باڵە، ژیان وەفای بۆ کەس نییە بۆیە شەهیدی غەمزەی شۆخی جادووگەرە. گەورەیی شاعیر خەیاڵە چونکە خۆی لە خۆی دەگا و خەڵکێکی کەمیش تێی دەگەن واقیعەکە پێچەوانەیە، تێ نەگەیشتن باوە و بووە بەدەستووری ئاسایی کۆمەڵ. شاعیر لە غەمخۆرێک دەگەرِێ وەکو خۆی بێ، ئەگەر ئەو هاودەمە هەبێ سوودی بۆ خۆی دەبێ، چونکە خانی گەورەیە و مۆسیقایێکی خۆش ئاوازە.

## چوار خشتەکی

خانی لە دیوانی شیعری خۆیدا بابەتی چواخشتەکی فرە بەکارهێناوە، ئەو چوار خشتەکییانەی لەم ماوەیەدا هەڵیان دەبژێرین لە کۆمەڵێک بەند (کوپلە) پێکهاتوون. هەر بەندی چوار نیوە دێرِ شیعرە، بەندی یەکەم لە هەموو شیعرەکاندا لە رووی قافیەوە لەسەر (ا ب ا ب) دامەزراوە، کەچی هەموو بەندەکانی دیکە لەسەر (ا ا ا ب) دامەزراون.

نموونەی چوارخشتەکییەکانی خانی ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- لە چوارخشتەکیێکیدا شاعیر دەڵی:

هەرِۆ سەد جار ژ ئولفا وێ

دبم کەیفێ ل مەیخانێ

ڤەبیر من تێت زولفاوێ

دنالم ئەز ژ هیجرانێ

ژ سەهما عەقرەب و ماران

دنالم ئەز گەلی یاران

ژ چەهڤان خون دچت باران
وەکی ئەو تێنە لێکدانێ
وەکی ئەو تێنە سەر خالان
ببینن نوقتە ئو دالان
بنەفش و تەرح و ئالالان
د سەردا ماهێ تابانێ
د سەردا ئەو مەها ئەنوەر
ژ ڕەیحان سونبولاندا سەر
کرم سەوداو و هەم ئەبتەر
ژ من دل بر ب تالانێ
ژ من دل بر کو ڤێ جارێ
کو من دی قامەتا یارێ
وەکی سەلوێ ل جۆبارێ
ڤەمەشیا هاتە ئەیوانێ
ڤەمەشیایا سیفەت حووری
ژ ڕەنگێ سۆر گولا ژووری
ڕوحا شیرین تکەم گووری
ژ بۆ خالێ ئو نیشانێ
ژ وان خالان تەجەللێدا
عەتارید بو د برجێدا
دلێ من کێزمەیەک لێدا
بەشیر ئەو هاتە مەیدانی
بەشیر ئەو هات پەری پەیکەر
شەقێ ماها تژی ئەنوەر
ل من دا باتینی خەنجەر
دنالم ئەز ژ ئێسانێ
ژ وی دەربێ ئێ گێژم ئەز

شـــبێ بـولبـــول دبێـــژم ئـەز
ژ چـەهڤـــان خـــون درێژم ئەز
وەكـی تـاڤـــــــێـت ب بـارانـێ
ژ چـەهـڤـــان خـــون دبـارینم
ژ عــیــشــقـــا ته ئـەزێ دینم
شـــبی فـــەرهـاد و جنوینم
دبێم: لـەیـلا گـــەلۆ كـــانـێ
كـــو عـــاشـق وێ دەنـالیتن
شـــەق و ڕۆژان دگـــــالـیتن
ژ چـەهڤـــان خـــون دمـــالیتن
مـــەجـــالە بێـــتـــە زۆزانـێ
مـــەجـــالێ مــە نكر كـــارەک
ل ســـورمـــە وێ هـەبوو مـــارەک
ڤـــرێكەم ئـایـەتـێ جـــــارەک
دگـــەل بـایـێ شـــەبســـتـــانـێ
دگـەل بـایـێ ســەحـــەر خـێــزێ
ببـــیـــژ عـــومـــبـــەرا مـــێـــزێ
تـەعـــاشـق كـــوشت بـەڤێ ڕێزێ
بكه لـوتـفی ئـو ئـیـــحـــســـانـێ
كـــو من دیبـــو ل ســـــەربـانـی
دبێـــژیت (ئـەحـــمـــەدی خـــانی)
بـده ڕووحێ دگـــەل گـــیـــانـی
دبێــــــــــژم ئـەز: بـگـر هـانـێ!

ئەم شیعرەی خانی وەسفێكی ڕووكەشی سادەی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتییە، له ئەدەبی میللییەوە نزیكه، شاعیر لەم بابەته شیعرەی هەیە، پیاو ئەگەر سەرنجێكی سەرپێیی ئەم بابەته شیعرانەی خانی بدا، بەئاشكرا بۆی دەردەكەوێ كه

کاریگەری شیعری فەقێ تەیران پێیەوە دیارە.

شاعیر ئەندامە جوانەکانی دلبەری بەهەندێ لە دیاردەکانی سروشت چواندووە. زولف و ڕوومەت خاڵی لەش و دەموچاوی خۆشەویست بوون بەدووپشک و مار و مانگی چواردە و ئەستێرە و بنەوشە و هەلاڵە و سونبول و ڕەیحانی بەهار. خاڵ دەموچاو و لەشی دلبەری ڕازاندۆتەوە وەک ئەو ئەستێرانەی ئاسمانیان ئارایش کردووە.

لەشی یار نەرم و نۆڵ و نیانە بەڵام هەمیشە تیر و شیری بەدەستەوەیە، ئەگەر ئەو چەکانە بەڕاستیش نەبن برۆ و برژانگ و نیگا بن لە ئەنجامدا لەگەڵ تیر و شیری بەڕاستی یەکتری دەگرنەوە، یاری خانی دەبێتە یەکێک لەو ئەمازۆنە جوانانەی ڕۆمانی کۆن کە هەمیشە تیر و کەوانیان بەدەستەوە بوو.

یاری خانی بەهێزە، بەڵام خۆی هەروەک ئەو بلبلە بێ دەسەڵاتەیە کە لە ناڵین ناکەوێ، فرمێسکی بەڕەنگ سوورە، بەسەنگ تاوە بارانە. لە ئەنجامدا شاعیر لە جوانی ئەو یارە شێت دەبێ.

خانی دوایی بەشیعرەکەی دێنی بەڕەنگێک کردەوەی کوردانەیە: بەکۆلانێکدا تێدەپەڕێ، لە سەربان چاوی بەنازەنینێک دەکەوێ، ئیتر بەزمانی یارەوە دەڵێ: دڵ و گیانت بدە بەمن، ئەویش لە وەرامدا دەڵێ: فەرموو پێشکێشت بێ!

٢- لە چوار خشتەکییێکی دیکەیدا دەڵێ:

ئەز چوومە باغێ سۆر گولان
وەقتێ سەحەر گاهێ ب خەف
من دی سەدایا بولبولان
داگرتبوون هەر چار تەرەف
سەوتا هەزار و قومرییان
دەنگێ ڕەباب و موغنییان
تەشبیهی بەزما بەنگییان
هەڤ دەنگی هەڤ بوون چەنک و دەف
مانەندێ مەست و سەرخوەشان

ئەز چوومــــە بـەزمـــا مـــەهوەشــــان
ئەبروو کـــەمـــان و چاڤ ڕەشـــان
جـــــەرگ و دڵـی مـن کـــــر هـەدەف

پـەیکـان د جـــــەرگـێ دلبــــــەرێ
تـەن بـوویـە سـنـدووقـــــــا بـەرێ
ســــــەددەق ژ حـــــوسـنـا ڤـێ پـەرێ
هـێـــژا ل مـن کـــر کـــەرب و گـــەف

هـێـــــژا ل مـن بـوو کــــــەرب و کـین
زاهـیـــر غـــــەزەب بـاتـین کــــەنـین
لـێ غـــــــەمـــــــزەیـەک دا مـن نـهـین
عـــەقلـێ مـــە دیســـــان کـــر تەلەف

دیســـــان حـــەبیـــبـــا چاڤ بەلەک
ئیــحــســان د گــەل من کــر گــەلەک
لەورا د گـــــــەل زولفــــێن هـەلەک
ئـالـۆز مـــــە بیـتن قـــشـت و لەف

خـــەمـــریی و قــشـت و زولف و خـــال
هەمـــیـــان ل ســـەر ڕوخـــســـارێ ئال
دیگەر هـەبوون جـــەنگ و جـــیـــدال
لێک ئالیـــیـــا بوون ســـەف ب ســـەف

ســەف ســەف مـە دی وێ کـریـە جـەنگ
هـنـدەک حـــــەبەش هـنـدەک فـــــرەنگ
فـــــێـکرا بـراندن وەک خــــــەدەنگ
دیــگـــەر هـــەبـــوون وان لاف و لـــەف

دیگەر هـەبوون دەعـــــوا و شـــــەڕ
دەربـوون ل مـن تـیـــــــپـــــا تـەتـەر
ژێک راکـــــرن قـــەلب و جــــەگـــەر
ڕهــتن ژ دل خـــــــوونـا ب کـــــــەف

ڕهــتن ژ دل خــــــــــــوونــا دلان
شـــەهمـــارە زولفـــێن ســـەر مـــلان
بێ ڕەحم و مـــەســـتـــا قـــاتیـــلان
مـــەی خـــوار ژ فـــینجـــانا ســـەدەف
وان مـــەی خـــوەران ئەبتـــەر کـــرین
بێ قــــووەت و ڕەنـگ زەر کــــــرین
وەڵڵا ژ دل کــــــەرکــــــەر کــــــرین
(خـــــانی) بەســـــە ئاه و ئەســـــەف

ئەم شـیـعرەی خـانـی گۆرانیێکی خۆش ئاوازە، وشـەی جوان، تەعـبـیری ڕەوان، مـانـای ڕووکەش لەگەڵ بزووتنەوەی ترپەی پێ و لـەرزینی لەشی ناسکی فریشتـە و پەرییانی بەهەشت چەرخ و فەلەک دێننە سەما، گەردوون هەمووی لەژیان دایە.

خانی بەیانی لەگەڵ دوا هەناسـەی شەو دەچێتە ناو باغی «سۆرگوڵان»، مێرگ و مـیـرغـوزاری نەخـشـێنراو بەگـوڵی سـوور و نـازدارانی کـوڵم سـوور، ئەم هەمـوو سـوورانە مـایەی سـروشـتن، بلبل هەزار و قـومـریـیـان دەخـوێنن و ئـاواز دەپژێنن. خـانی وەکو سـەرخۆش ڕوودەکاتە کۆڕی سیـاچەمـانە و ئەبرۆ کەمـانان. تیپ تیپ دلبــەرانی حــەبەشـی و فـرەنگ و تـەتەر لە نـازەنیـنانی ئـەســمــەری حــەبـەشـی و چاوکـاڵانی ئەوروپایی و حـۆریانی قـازان و سـەمـەرقـەند تێکەڵ یەکـتـری بوون بۆ ئەوەی ژیان ببەخشنە هەرچی لەسەر ڕووی زەویدا هەیە.

٣- لەم چوار خشتـەکییـەدا خانی خـەریکی بەهارە، چونکە بەهار ئیلهامی گەلێ لە بەرهەمە شیـعرییەکانیـەتی، جا ئەگەر لە بەرهاردا خۆشەویستـەکەی بدۆزێتەوە دەبێ پایەی ئەو بەهارە چەندە بڵند و بە بەها بێ لەناو دڵ و دەروونی شاعیردا.

لە چوارخشتەکییەکەدا خانی دەڵێ:

دلۆ ڕابـە خــوە دڵ خــوەش کــە
هـلۆ دا بچـــــینە ســــــەیرانێ
جـارەک بەســە خـوە بێ وەج کـە
بچین ســـــەیرا گــوڵســـتـــانێ

گـوڵـسـتــان وەکی سـۆرگـول تێ
چیـمـەن مـیـلاک و سـونبـول تێ
هەزار بـولبــول ب غــولغــول تێ
د فــەســلا مــاهێ نیــســانێ
د فــەســلا جــادەئێ نیــســان
مــە دیبــوو دلبــەرەک دیســان
ب دل مــەشــعــەل چرا ئیــســان
مـــــەجــــان دا وەکی پەروانێ
مــەجــان دا دلبــەرەک ســادە
شــــۆخ و لەتیف و بەگـــزادە
ژ قــــەیدان کـــرد مــــە ئازادە
نیــــهــــان خــــوەندیمە دیوانێ
نیــــهــــانی خــــەلوەتەک دا مـن
ژ لەعــــلان شـــــەربەتەک دا مـن
گـــوهـ بدن نـوکـــتــــەیەک دا مـن
کـــــرم بەندە د فـــــەرمــــــانێ
ژ فــەرمــانێ کــو ســادیق بت
ئـو ناخـــوازی مـــونافــــیق بت
دڤـی هەردەم مــــوافــــیق بت
وەکی شــێــخێ د ســەنعــانێ
وەکی شـــێـــخێ دێ هـادیر بت
ل فــــەرمــــانێ کـــــو نـازیر بت
ب ئەمــرێ دۆســـتـێ کــافــر بت
د ســـۆژت ســوحــفێ قــورئانێ
د ســۆژم ســوحــفێ مــەکـتــووبە
ب ئەمــرێ یار و مــەحـــبـــووبە
دەمــــــا دل دم ب مــــــەتلووبە
د دم ئەز دین و ئیــــــمـــــــانێ

ئەگــەر دلبــەر مــەجــازی بت
ژ ڕەنگێ لەبسێ خـــازی بت
بلا ســـۆفــــیــــیێ ڕازی بت
ب مـــینە ئەو د هورمـــانێ
بنێ ســـــۆفـی قــــەوی دینە
وەکی خــەفـفـاشـێ مـسکینە
ل نێک وی ڕۆژ تـو ڕەنگ نـینـە
خــوە ناســپــێــرت ژ ئیــمــانێ
دلێ وی کــۆرە ئەعـــمـــایە
ژ وەسـلـێ دووریێ دا مـــــایـە
ل بـەر وی دەرگـــــــە دادایە
نەهـشـــتـــە بێـــتـــە دیوانێ
ئەزم ســەرخــوەش ژ وی جـامی
ئـەزم ســــەودا نێڤ عـــامـی
ئەزم عـــەنـقـــا کـــەتم دامـی
ب زولفــا ســەر ل خـــال دانێ
ب زولفـــان هاتە ســـەرخـــالان
ب نـەفــشـــا تیـــتـــەک و ئالان
دلۆ جـــانـی مـــە عـــەبدالان
دبـت دیـســـــــــا د تـالانـێ
د تالانێ کـو ســەد ســەرچوون
هەزاران گەنجێ جـەهوەر چوون
دلێ ســەد پارە کـەرکــەر چوون
تو (خـانی) بەس کـە ئەفـغـانێ

خانی لە گەشتی بەهار و مانگی نیساندا تووشی دلبەرێک دەبێ، بەشێوەیێک دەیەوێ لێی نزیک ببێتەوە، وەکو ئەو دڵدارییەی شێخی سەنعانی لە کچی گاوور نزیک کردەوە. فەقێ لە ئایین وەرگەڕا و چووە سەر ئایینی کچە گاوورە

خۆشەویستەکەی. ئەم بەسەرهاتە لە ئەدەبی ئیسلامەوی نەتەوە موسڵمانەکان بووە بەسەرچاوەیێکی گرنگ گەلێ بەرهەمی ئەدەبی سۆفیزمی خستۆتە ناوەوە. نویشکی ئەم بەسەرهاتە ئەوەیە عاشیق وێنەی کردگار لە «مەعشووقە»دا دەبینێ، ئەم دیاردەیە لە ئەدەبدا لە قالبی مەتریالی (مادده) چۆتە دەرەوە و حاڵەتێکی گیانی وەرگرتووە، بۆ خانی زۆر ئاساییە ناوی شێخی سەنعان بێنی و پێڕەوی بۆچوونەکانی بکا، چونکە بەشانازییەوە ناوی فەقێی تەیران و مەلای جزیری و عەلی هەریری لە «مەم و زین»دا دەبا.

تەرجیع بەند

تەرجیع بەند لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا هەیە، ڕەنگە ئەم تەرجیع بەندەی خانی بەتەواوی تەعریفی ئەو هونەرەی بۆ نەگونجێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەموو شتێکیدا لە تەرجیع بەند دەکا تەنیا ژمارەی دێڕە شیعرەکان نەبێ بۆیە لە خانەی تەرجیع بەندمان دانا.

ئەم تەرجیح بەندەی خانی لە حەوت بەند (کوپلە) پێک هاتووە، هەر بەندەی شەش نیوە دێڕ شیعرە. لەم شەش نیوە دێڕ شیعرە چوار نیوە دێڕ شیعری هەر بەندێک لە شێوەی شیعری چوارین دایە، لەسەر یەک قافیەیە (ا ا ا ا)، دوو نیوە دێڕ شیعری بەندەکەش یەک قافیەی هەیە (ا ا)، لە هەموو بەندەکاندا ئەم دوو نیوە دێڕە وەکو خۆیان دووبارە دەبنەوە. دوو نیوە دێڕی شیعرەکە ئەمەیە:

گەر بزانم ئەز د حەشرێ دا نەبینم دلبەرێ
جەننەتێ دێ چ پێ کەم پێوەر بکم خاکستەرێ

لێرەدا پێویستە ئاگاداری ئەوەبین تەنیا هەر شەش نیوە دێڕ شیعری کوپلەی یەکەم لەسەر یەک قافیەیە (ا ا ا ا ا ا)، واتە لەسەر قافیەی ئەو دوو نیوە دێڕەی دووبارە دەبنەوە.

خانی لە تەرجیع بەندەکەیدا دەڵێ:

ئەی دریغا مامە تەنها ئەز ژ شەمسا خاوەری
خان و مان تێک بوونە زولمەت پاشی وێ دێم ئەنوەری
پاشی لێڤێد وێ ڤەناخوم موتلەق ئاڤا کەوسەری
بێ قەرارم شبە زیبەق بێ ئەوی سیمەن پەری

گـــەر بزانم ئەز د حـــەشـــرێ دا نـەبینم دلبــــەرێ
جـەننەتێ دێ چ پێ کـەم پێـوەر بکم خـاکـسـتـەرێ
سـەد مـوخابن چوو ژ بال من ئەو حـەبیبـا چاڤ بەلەک
ئاه و ئـەفـغـانێ د مـن دائیم د چوون چەرخـا فـەلەک
وێ ژ فـریادێ د مـن عـاجـیـر د بـوون ئینس و مـەلەک
مـام د قــەیدا داغ و دەردان پاش وان زولفێ د هـەلەک
گـــەر بزانم ئەز د حـــەشـــرێ دا نـەبینم دلبــــەرێ
جـەننەتێ دێ چ پێ کـەم پێـوەر بکم خـاکـسـتـەرێ
هیــجـرەتا یارێ بـهـارتم شــوبهی فندا شــوعلەدار
کـەتمە حـالێ ئیـغـتـیـراقێ ژ ئیـحـتـیـراقێ بوومـە نار
ئەز وجـوودەک بێ وجـوودم سـۆهـتم تێکدا بـووم غـوبار
من ئەڤێ دونیـا ب جـارەک پاشی وان چاڤێـد خـومـار
گـــەر بزانم ئەز د حـــەشـــرێ دا نـەبینم دلبــــەرێ
جـەننەتێ دێ چ پێ کـەم پێ وەربکم خـاکـسـتـەرێ
گـەر د حـینا ئەز وەفـات بم بێـتـە سـەر مـن عـزرەئیل
مــوژدەیا خــولدێ د وێ گــاڤێ بدەت من جـیـرەئیل
خـــزرێ فـــەرەخ بێ ژ مـن ڕابت دوێ ڕێ دا دەلیل
دی ببێـژم من نەڤێتن خـولد و کـەوسـەر سـەلسـەبیل
گـــەر بزانم ئەز د حـــەشـــرێ دا نـەبینم دلبــــەرێ
جـەننەتێ دێ چ پێ کـەم، پێـوەر بکم خـاکـسـتـەرێ
چەرخـێ کـەچێ ڕەفـتـارە و بلا کـو ئەز حـەیران کـرم
سـەر ب گەردان بووم ئەز، وەلێکن زێدە سـەرگەردان کرم
بێ دل و عـەقل و هـەوەس جـارەک کـو بێ ئیـزعـان کـرم
پاش کــو دێ بێ مــروەتێ ئـەڤ ڕەنگە ئەز تـالان کـرم
گـــەر بزانم ئەز د حـــەشـــرێ دا نـەبینم دلبــــەرێ
جـەننەتێ دێ چ پێ کـەم، پێـوەر بکم خـاکـسـتـەرێ
زینـهـارە ئەی دۆســتــان وەقـتـێ دکم ئەز هـیـجـرەتێ
ڤـان دو مـیـسـراعـان کـیـتـابەت ل بەرگێ کـاغـەتێ

دا د دەسـتـێ من دا سـەنەد بیتن د حـینا حـەزرەتێ
عەرز و حـالا من ئەڤ بیتن مەزموون د حـینا ڕوئیـەتێ
گـەر بزانم ئەز د حـەشـرێ دا نـەبینم دلبـەرێ
جـەننەتێ دێ چ پـێ کـەم پێـوەر بکم خـاکسـتـەرێ
(خـانـی)یا! ئەڤ هـزرە گـۆتـی خـەتەئو ناسـەواب
چەند ژ تە سـادیر ب بن ئەی بێ ئەدەب ئەی بێ حیجاب
ئەڤ قـەزایا بـارییـە، پێ ڕازی ببـە ئەی مـال خـراب
بەلکی بێـتـە مـووجـیـبێ ناری ژ بۆتـە ئەڤ جـەواب
گـەر بزانم ئەز د حـەشـرێ دا نـەبینم دلبـەرێ
جـەننەتێ دێ چ پـێ کـەم پێـوەر بکم خـاکسـتـەرێ

لەم شـیـعـرەدا خـانی لە هـەڵوێسـتـی خـۆی دەدوێ لەو کـاتەی لە یاری دوور دەکەوێتەوە، لێرەدا لەلایێک لە پەرێشانی خۆی دەدوێ کە گەیشتۆتە پلەیێک شێت و شـەیدا بووە، لەلایێکی ترەوە باس لە جوانی خـۆشـەویست دەکا: خـان و مـانە، چاو بەڵەکە، چاو خومارە، لێوی ئاوی کەوسەر دەپژێنێ.

مەبەسی شـاعیر لەم پارچە شیعرەدا ئەوەیە بڵێ، ئەو یارەی خۆشی دەوێ بووە بە«موتلەق»، بەبێ ئەو ناژی، بەهەشت و کەوسـەریشی دەست بکەوێ ئەمانە جێی ئەو یارە نازدارە ناگرنەوە و پێویستی پێیان نییە.

موستەزاد

موسـتەزاد بابەتێکە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، هـەر دێرە شیعرێکی لە دوو نیوە دێڕ شیعر پێکهاتووە، لەسەر کێشی عـەرووز دەهۆنرێتەوە. نیـوە دێڕی یەکەم درێژە، واتە تەفـعیلەی زۆرە، نیـوە دێڕی دووەم کـورتە، واتە تەفـعیلـەی کـەمـە. لە خـوێندنەوەدا وا دەکـەوێتـە بەرچاو وەکو نیـوە دێرە کـورتەکـە وەرامی نیـوە دێرە درێژەکـە بێ. لە بابـەت قـافـیـەوە دێرە درێژەکـان لەسـەر یـەک قـافـیـە دەبن و دێرە کورتەکان لەسەر قافیەیێکی دیکە.

ئەم موسـتـەزادەی خـانی لـە ڕووی هونەرییـەوە خـاسیـەتی تایبـەتی خـۆی هـەیە. شیعرەکە لەسـەر بنچینەی کوپلە دامـەزراوە، هـەمووی بریتییە لە شـەش کوپلە، هـەر

یەکەی چوار نیوە دێڕ شیعرە، دوو نیوە دێڕی درێژە و دوو نیوە دێڕی کورتە، وەکو چوارین دەکەوێتە بەرچاو. بەم پێیە کوپلەی یەکەم قافیەی بەم جۆرەیە (اب اب)، بەڵام پێنج کوپلەکەی دیکە دوو نیوە دێڕی یەکەم یەک قافیەیە، دوو نیوە دێڕی دووەم لەگەڵ دوو نیوە دێڕی کوپلەی یەکەم یەکتری دەگرنەوە. هەموو کوپلەکانی شیعرەکە، تەنیا کوپلەی یەکەم نەبێ قافیەیان بەم جۆرەیە (ا ا ج د).

لە موستەزادەکەیدا خانی دەڵێ:

ئەز چوومە دەرێ مەیکەدەئێ سوبحەیەکێ زوو
من دی یەکا ئەسمەر
قامەت ب میسال دارێ د شمشادێ دو گێسوو
مانەندێ دو ئەژدەر

***

ماهێ موتەرەققیب مەیکەدە وو مەزهەرێ ئیعجاز
جارەک ب دو سەد ناز
حالێ مە تەفەحوس بکە بێژە کو ئەسیروو
ئەز بۆ تە مە غمخوەر

***

چین چین د مەشن بسکێ ل سەر گولشەنێ ڕوخسار
مانەندێ دو شەهمار
گەه گەه دخشن زولفێ ل سەر قەوسێ دو ئەبروو
مانەندێ دو شەهپەر

***

من گۆتێ: د وەقتێ سەحەرێ ئەو چ تە دا من
ئەی سەروێ قەدا من!
گۆ: ما تو نزانی چییە من دا تە فەقیروو
(أَعْطَيْتُكَ كَوْثَر)

***

هندێ مــــەلەک و حـــوور و پەری بێنە تەمـــاشـــا
(حــــــاشــــــا ثُـمّ حــــاشــــــا)
کــــەنگی دبن ئەو لائیق و هەڤـــرەنگێ دو ئەبروو
ئــەی دل مــــــــــەکــــــــــە بـاوەڕ

***

یـارێ ژ دەرێ مـــــەیکەدەئێ من مـــــەکــــە بـێ بـار
ئەی ســــەیـیـــدێ مــــوخـــتـــار
ســـاقی کـــو تو وی (أَشْـــهَــدُ بالله)ی د ئـیـــروو
(خـــــانـی) بوویە مـــــەی خـــــوەر

لەم موستەزادەدا خانی وەسفێکی ڕووکەشی ئاسایی ئامێزی دلبەری دەکا، هەر ئەو وێنە بەراوردیانە بەکاردێنێ کە لە غەزەل و قەسیدەکانیدا هاتوون، هەندێکیان لە داهێنانی شاعیرن، هی دیکەیان لەژێر کاریگەری شیعری ئیسلامەوی نەتەوە موسوڵمانەکانی هاوسێی کوردن.

## مولەممەع

مولەممەع هونەرێکی شیعرییە پێوەندی بەڕوخساری شیعرەوە هەیە لەڕووی زمانەوە. شاعیری کورد هەندێ جار دوو زمان بەکاردێنێ بۆ هۆنینەوەی غەزەلێک یا قەسیدەیێک، بێگومان زمانی یەکەمیان کوردی دەبێ، دووەمیان یەکێ لە زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی عوسمانی. جاری وا هەیە لە شیعرێکدا سێ زمان بەکاردێنێ، هەندێ جاریش دەگاتە چوار زمان، واتە زمانی کوردی و هەرسێ زمانی هاوسێیانی نزیکی کورد، عەرەب و فارس و تورکی عوسمانی.

خانی لە مولەممەعێکدا هەر چوار زمانەکە بەکاردێنێ، شیعرەکەی لەسەر بنج و بناوانی چوارین داناوە بەمەرجێک دێڕەکانی چوارینی یەکەم لەسەر یەک قافیەن (ا ا ا ا)، بەڵام چوار چوارینەکەی دیکە، سێ نیوە دێری یەکەم و دووەم و سێیەم لەسەر یەک قافیەن، نیوە دێڕی چوارەم لە هەموویاندا دەگۆڕێن و دەچنەوە سەر قافیەی چوارینی یەکەم (ا ا ا ب). شیعرەکە بریتییە لە پێنج بەند (چوارین) دێڕی یەکەم عەرەبی و دێڕی دووەم فارسی و دێڕی سێیەم تورکی عوسمانی و دێڕی چوارەم کوردییە.

شیعرەکەی خانی بەم جۆرە هاتووە:

فاتَ عُمْري في هواكَ ياحبيبي كُلّ حال
آە و نالم همدمم در فراقت ماه سال
گر بنم قانم دلرسن چوقدن اولمشدر حلال
دین و ئەبتەر بووم ژ عیشقێ من نەمان عەقل کەمال

***

أنتَ فكرٌ في فُؤادي أنتَ روحٌ في الجسد
لشکر غمهای تو ملک دلم ویران کرد
دادە گلدم عشق آلندن إسترم سندن مدد
وان تەتاران برنە یەغما عەقل و دین و مولک و مال

***

طالَ غَمِّی زاد هَمِّی شاع سرِّی في الملا
تشنەای جام وصالم چون شهید کربلا
یوقسە سن دیوانە أولدن نیجە حالم أی دلا
یا ژ نووڤە عیشوەیەک دا من حەبیبا چاڤ کەژال

***

بِتُّ هِجْراناً حَبيبي لَسْتَ مِنِّى عالِماً
هر دم أز درد فراقت غافلی أز حال من
جان و دلدن عرض قلدم حالمی جانانە بن
عەرزوحالا من تو غافیل قەت نەپرسی عەرزوحال

***

هَل لنا من نعمةِ الوصْلِ حبيبي مِن نَصيب
اوفتادە ام بر درت بیچارە سرگردان غریب
درد من چوق لیک سندن اونە یوق هیچ برطبیب
ئەی تەبیبێ من دەوائێ دەردێ (خانی) هەر ویسال

لێرەدا دێڕە شیعرە عەرەبی و فارسی و تورکییە عوسمانییەکان وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی و لەگەڵ دێڕی چوارەمی کوردییەکان دووبارە دەیاننووسینەوە:

له هەموو حاڵێکدا ئەی خۆشەویستم تەمەنی من بەدڵداریی تۆوە چووە سەر
ئاه و ناڵەم هاودەمم بوون لە دووری تۆوە بەساڵ و مانگ
ئەگەر خوێنی منت گەرەکە لەمێژە بۆت حەلاڵ بووە
دین و ئەبتەر بووم ژ عیشقێ من نەمان عەقل و کەمال

***

تۆ هزری لەناو دڵمدا، تۆ گیانی لەناو لەشمدا
لەشکری غەمەکانی تۆ موڵکی دڵمی وێران کرد
له دەست عیشق هاوارم لێ هەڵسا یارمەتیم له تۆ گەرەکە
وان تەتاران برنە یەغما عەقل و دین و مولک و مال

***

غەم درێژەی کێشا و زیادی کرد، نهێنیم لەناو خەڵکیدا ئاشکرا بوو
تینووی جامی گەیشتنم بەتۆ وەک شەهیدی کەربەلا
یاخود تۆ شێت بووی، له چی حاڵێک دام ئەی دڵ
یا ژ نووڤە عیشوەیێک دا من حەبیبا چاڤ غەزال

***

من له دەردی دووریم ئەی خۆشەویستم، تۆ بەمن نازانی
هەردەم له دەردی دووریت، تۆ له حالی من غافلی
بەگیان و بەدڵ حاڵم عەرزی تۆ کرد ئەی خۆشەویستم
عەرزوحالا من توغافیل قەت نەپرسی عەرزوحال

***

ئایا بەشمان له خۆشیی گەیشتن بەخۆشەویست هەیە ئەی دلبەری من
لەبەر دەرگات بێچارە و سەرگەردان و غەریب کەوتووم
دەردم زۆرە، بەڵام له تۆ زیاتر هیچ پزیشکێکی بۆ نییە
ئەی تەبیبێ من دەوائێ دەردی (خانی) هەر ویسال

غەزەل و قەسیدەکانی خانی ڕێ خۆشکەرەوە بوون بۆ پەیدابوونی گەلێ بابەتی دیکە لە بزووتنەوەی شیعری کوردی لە کوردستانی باکووردا لە دوای دابەشکردنی کوردستان لە ئەنجامی جەنگی چالدیران (١٥١٤)دا.

بەرهەمی شیعری لەناو لاپەڕەکانی دیوانی خانیدا بەگشتی مەرجی شاعیرییەتی ئەو فرەزەندەن، چونکە نموونەی بەرز و ڕەوان و بێ وێنەی شیعری کوردین، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خانی بە«مەم و زین» دەناسرێ و لە یەکتری جیاناکرێنەوە.

مەم و زین

لەڕووی ڕوخسارەوە

چیرۆکی شیعری (ئیپیک) وەک بەرهەمێکی ئەدەبی مێژوویێکی گەلێ کۆنی هەیە، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هونەرە میللییە لەگەڵ ژیانی ئادەمزادی ناو ئەشکەوت پەیدابووە، لەو سەردەمانەدا تۆمار نەبووە، دەماودەم گێڕاویانەتەوە.

ئەم بابەتە بەرهەمە لەناو نەتەوە موسڵمانەکاندا باو بووە، میراتێکە پێش دەوری ئیسلام لەباب و باپیریانەوە بۆیان ماوەتەوە، مێژووی ئەدەبی نەتەوە و میللەتە ئێرانییەکان و هیندۆ ئێرانییەکان و تورکی عوسمانی و تورکە مەغۆلەکان بەچیرۆکی شیعری ڕازاونەتەوە. لە ئەدەبی کوردیدا چیرۆکی شیعری یەکێکە لە بابەت و هونەرە خۆشەویستەکانی ناو خەڵک. سەرچاوەی چیرۆکە شیعرییەکان لای کورد و لای هاوسێکانی لە دوو جێگە هەڵدەقوڵێن، یەکێکیان لە ناوەوەیە، واتە خۆماڵی، ئەوی دیکەیان لە دەرەوەیە، واتە بێگانە، لەبەر ئەوە دەبینین گەلێ چیرۆک لە ناوەوەن، لە بنجدا یەک بابەتن، بەڵام هەریەکەیان بەجۆرێک لە ڕووی هونەرییەوە خراونەتە بەرچاو، وەکو «شیرین و فەرهاد» و «شیرین و خوسرەو» و «لەیلا و مەجنوون» و «مەنیجە و بیژەن» و گەلێکی دیکە. ئەوە ئاشکرایە لە کاتێکدا چیرۆکی میللی فۆلکلۆری عەرەبی «لەیلا و مەجنوون» لە لای عەرەبەکان خۆیان بایەخی پێ نەدراوە، بەڵکو هەر دانی پێدا نەهێنراوە وەکو بەرهەمێکی بەرز دەبینین ئەمە بووە بەسەرچاوەیێکی یەکجار گرنگ بۆ داهێنانی شیعری ڕەسەن لە چوارچێوەی چیرۆکدا. بەم پێیە کۆمەڵێک چیرۆکی شیعری بەرزمان لەبەردەست دایە لە ئەدەبی کوردیدا لەلایەن شاعیرانی کوردی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان هۆنراونەتەوە بەناوی چیرۆکی شیعری «لەیلا و مەجنوون».

چیرۆکی شیعری ڕۆژهەڵات بە ناوەرۆک لە ژیانی ئادەمزاد دەدوێ، بە ڕوخسار زمان و ئاواز و مۆسیقایێکی وای تێدایە سەرنجی گوێگر ڕادەکێشێ بۆ مانا. لەناو ئەم چیرۆکە شیعریانەدا ناوەرۆکی دڵداری بەسەر هەموو ئەوانی دیکەدا زاڵە. ئێمە دەتوانین چیرۆکی شیعری کۆمەڵایەتی و سوارچاکی و ئەفسانەیی و دڵداری و ئایینی و سۆفیزمی و هی تر لە ئەدەبی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەدی بکەین.

ڕەنگە ئەم قسەیەمان بۆ مەبەستێکی ئەکادیمی و ڕوون کردنەوە بێ بۆ ئەدەب دۆستان و قوتابیانی ئەدەب، ئەگەر نا هەر بابەتێک لە چیرۆکی شیعریدا کە دیاری جۆرەکەی دەکا وەکو ئەوەی بڵێین چیرۆکەکە دڵدارییە، هەر لەو چیرۆکەدا وێنەی ژیانی گشتی ئادەمزاد دەبینرێ وەک چاکە و خراپە، جوانی و ناشیرینی، بەدبەختی و بەختیاری.

چیرۆکی شیعری «مەم و زین»ی خانی یەکێکە لەو چیرۆکانەی بووە بەشانازی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی هەموو گیتی لە ڕووی نرخی ئیستێتیکییەوە بەرامبەر بەشاکارەکانی ئەدەبی عالەمی دەوەستی.

مەم و زینی خانی و مەمی ئالانی میللی

چیرۆکی مەم و زین گێڕانەوەیێکی ئەدەبی میللی سەرزار بووە بۆ ماوەیێکی زۆر پێش سەردەمی ژیانی ئەحمەدی خانی. چیرۆکەکە هەرچەندە بەناوی مەم و زین ناوبانگی دەرکردووە بەڵام بەناوی «مەمی ئالان»یش ناسراوە، ئەمە چیرۆکێکی فۆلکلۆری نەتەوەی کوردە وێنەی ئێش و ئازار و هیوا و ئامانجەکانی دەکێشێ.

چیرۆکی ناوبراو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەدرێژایی ڕۆژگارێکی زۆر درێژ لە ناوەوەیە بەدیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی. گۆرانیبێژانی میللی هەوڵیان داوە بەشیعر و پەخشان و گۆرانی چیرۆکەکانیان بگەیەننە ئەنجام. بێگومان لە ناوەرۆکی گۆرانی و چیرۆکەکاندا جیاوازی بەدی دەکرێ، بەڵام ڕووداو و قارەمانە سەرەکییەکان لە هەموو تێکستە جیاوازەکاندا وەکو خۆیان ماونەتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەم و لەلای خۆمان لە دەوروبەری جەنگی دووەمی گیتی دەستکرا بەبڵاوکردنەوەی تێکستی ئەدەبی میللی، لەناو ئەمانەدا بایەخێکی زۆر بە«مەمی ئالان» درا.

ئێمە ئەگەر لەم لایەنەوە سەرنجێکی مەسەلەکە بدەین وا دێتە بەرچاومان کە تا ئێستا تێکستێکی یەکجار زۆری ئەدەبی میللی کۆن و تازە لەلایەن کوردناسەکان و خۆمانەوە بڵاوکراونەتەوە، لەناو ئەمانەشدا «مەم و زین = مەمی ئالان» بەشی لە هەموویان زیاترە.

لەو ماوەیەدا لە هەندێ کارەکانی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکان دەدوێین و پەنجە بۆ بڵاوکراوەکانیان درێژ دەکەین:

١- تێکستە کۆکراوەکانی کوردناس ئەلبێرت سۆتسین لە شاری سانت پیترسبورگ لە ساڵی ١٨٨٧ بەزمانی کوردی بڵاوکرانەوە، وەرگێڕانی ئەڵمانی ئەو تێکستانە لە ساڵی ١٨٩٠ بڵاوکرایەوە.

٢- گۆڕینی ئەرمەنی تێکستی تری کوردی لە ساڵی ١٨٩٧، وە گۆڕینی کۆمەڵێکی تێکستی دیکەی کوردی لە ساڵی ١٩٠٤ بڵاوکرانەوە.

٣- کۆکراوەکانی تێکستی مەم و زینی فۆلکلۆری لەلایەن زانای ئەرمەنی ئایکوونی لە ساڵی ١٩٠٤ بڵاوکرانەوە.

٤- تێکستێکی دیکە بەزمانی کوردی و لەگەڵ وەرگێڕانی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩٠٤ بڵاوکراونەتەوە، ئەم تێکستە پەخشانە.

٥- تێکستە کۆکراوەکانی زانای ئەڵمان ئۆسکارمان بەزمانی کوردی لە ساڵی ١٩٠٦ بڵاوکراونەتەوە، وەرگێڕانی ئەم تێکستانە بەزمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٠٩ لە بەرلین بڵاوکراونەتەوە، ئەم تێکستە بەدیالێکتی کرمانجیی خوارووی ناوچەی موکریانە.

٦- تێکستە کۆکراوەکانی زانای نەمساوی هۆگۆ ماکاش بە زمانی کوردی و ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٢٦ لە سانت پیترسبورگ بڵاوکراونەتەوە، ئەم تێکستە بە دیالێکتی کرمانجیی سەرووی ناوچەکانی جزیرە و توور عابدینە.

٧- سێ تێکستی جیاوازی حاجیی جندی و ئەمینی عەبدال بە زمانی کوردی لە شاری یەریڤان لە ساڵی ١٩٣٦ بڵاویان کردوونەتەوە.

٨- تێکستە کۆکراوەکانی زانای ڕووس ئو. ل. ڤیلچێڤسکی بە زمانی ڕووسی لە ساڵی ١٩٣٨ بڵاوکراونەتەوە. ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە تێکستە کوردییەکانی ئەم کۆکراوانە لە ئابلوقەدانی شاری سانت پیرترسبورگ

(لینینگرادی ئەوسا) لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتی لە ناوچوون.

٩- تێکستە کۆکراوەکانی کوردناسی فرەنسی ڕۆژێ لیسکۆ بەزمانی کوردی و فرەنسی لە ساڵی ١٩٤٢ بڵاوکراونەتەوە.

١٠- تێکستێکی تر بە زمانی ڕۆمانی لە ساڵی ١٩٤٢ - ١٩٤٣ بڵاو کراوەتەوە.

١١- تێکستێکی عەبدولمەسیح وەزیر (نووسەری عیراقی) بەزمانی عەرەبی ناوەرۆکی لە «مەمی ئالان»ی فۆلکلۆرییەوە کراوە بەعەرەبی لە ساڵی ١٩٤٢ لە کۆواری «الرسالە والروایە»ی میسری بڵاوکراوەتەوە.

١٢- پێنج تێکستی جیاواز بە زمانی ئەرمەنی لە ساڵی ١٩٥٦ بڵاوکراونەتەوە.

١٣- تێکستە کۆکراوەکانی حاجی جندی بەزمانی کوردی لەساڵی ١٩٥٧ لە شاری یەریڤان بڵاوکراونەتەوە.

١٤- تێکستی «مەم و زین» یا «مەمی ئالان»ی فۆلکلۆری لە کۆکراوەکانی زانای ئەڵمان مارتن هارتمان لەلایەن نووسەری ئەم کتێبە مارف خەزنەدارەوە لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی شایانی باسە لەم ماوەیەدا ئەوەیە دەسنووسی ئەم تێکستانە لە ساڵی ١٨٩٩ تۆمارکراون و لە نامەخانەی گشتی شاری سانت پیترسبورگ پارێزراون.

ئەمە هەندێ لەو کارانە بوو کە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسانی ئەورووپا گەیاندبوویانە ئەنجام لە بابەت کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە «مەم و زین»ی فۆلکلۆری، لای خۆشمان لە ماوەی زیاتر لەو پەنجا شەست ساڵەی دواییدا گەلێ تێکستی ئەدەبی میللی بەگشتی و مەم و زینی فۆلکلۆری بەتایبەتی بڵاوکراونەتەوە.

چیرۆکی میللی «مەم و زین» یا «مەمی ئالان» پێش ئەحمەدی خانی بەشێوەیێکی فراوان لە ناوەوە بووە، ئەحمەدی خانی هەر لە منداڵییەوە گوێی لە گەلێ لەو حیکایەتانەی مەم و زین بوو، بەشیعر و پەخشان، بەگۆرانی و گێڕانەوە. گومانمان لەوەدا نییە بەشێکی زۆر لە مەم و زین ئەوانەی لەبەر دەستمانن لە سەردەمی خۆیدا خانی بەگۆرانی و حیکایەت بیستوونیەتی، چێژی لێ وەرگرتوون و کاریان تێ کردووە و لە دواییدا حیکایەتەکان بوون بەسەرچاوەی ئیلهامی خانی بۆ نووسینەوەی «مەم و زین»، بەرهەمێکی ئەدەبی ڕەسەنی بەرزی هێنایە ناوەوە هەتا هەتایە کورد شانازی پێوە بکا.

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ناوەرۆکی ڕووداوەکان و قارەمانانی تێکستی چیرۆکی شیعری مەم و زین و حیکایەتە پەخشانییەکانی لەگەڵ ناوەرۆکی «مەم و زین»ی خانیدا بکەین، بەڕوونی ئاشکرا دەبێ لە یەک چوون و لەیەک نەچوون لە نێوان قارەمان و ڕووداوەکانی تێکستە فۆلکلۆرییەکان و «مەم و زین»ی خانیدا هەیە، دەتوانین بە بێگومان کردن ئەوەش بڵێین قارەمانانی تێکستە فۆلکلۆرییەکانی «مەم و زین» لە قارەمانانی «مەم و زین»ی خانی زیاترن.

وێنەکە وەکو لای خوارەوە دەکەوێتە بەرچاو.

قارەمانانی «مەم و زین»ی فۆلکلۆری ئەمانەن:

١- مەم: کوڕی میری یەمەنە.

٢- زین: کچی عەبدەل (ئەبدال) و خوشکی میر زێندینی میری جزیری بۆتانە.

٣- خدر و ئەلیاس (خدر ئەلیاس): پێغەمبەرە.

٤- عەبدەل (ئەبدال): باوکی زین و میری جزیری بۆتانە.

٥- زێندین: کوڕی میر عەبدەل و برای زینە.

٦- بەنگین (بەنگۆ): هاوڕێی مەمە.

٧- ستی: خوشکی زینە.

٨- قەرە تاژدین: وەزیری میر زێندینە.

٩- مەلەک ڕحان: خوشکی بەکر (بەکرۆک)ە.

١٠- بەکر (بەکرۆک): پیاو و سەرکاری میر زێندینە.

١١- گورگین: هاوڕێی مەمە.

١٢- چەکۆ: هاوڕێی مەمە.

١٣- عارف: هاوڕێی مەمە.

قارەمانانی «مەم و زین»ی خانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١- مەم: کوڕی میرزا (دەبیر)ی دیوانی میر زێندینە.

٢- زین: خوشکی میر زێندینە.

٣- زێندین: میری بۆتانە، برای زین و ستییە.

٤- بەکر: سەرکار و دەرگاوانی میر زێندینە.

٥- گورگین: هاوڕێی مەم و سەرۆکی پاسەوانانی میر زێندینە.

٦- ستی: خوشکی زینە.

٧- تاژدین: هاوڕێی مەمە و کوڕی ئەسکەندەری وەزیری میر زێندینە.

٨- عارف: ناوی یەکێک لە براکانی تاژدینە.

٩- حەیزەبوون: دایەنی زینە.

١٠- چەکۆ: ناوی یەکێک لە براکانی تاژدینە.

١١- خدر: پێغەمبەرە.

لەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان هەموو قارەمانەکانی «مەم و زین»ی خانییان تێدایە، تەنیا «حەیزەبوون»ی دایەنی زین نەبێ، سەرەڕای ئەمانەش سێ کەسی دیکەی تێدایە لە «مەم و زین»ی خانیدا نین:

١- عەبدەل: باوکی زین و زێندینی میری جزیری بۆتانە، تەنیا ناوی هاتووە و دەورێکی ئەوتۆی نییە.

٢- بەنگین (بەنگۆ): هاوڕێی مەمە.

٣- مەلەک ڕحان: خوشکی بەکر (بەکرۆک)ە.

لەمەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ خانی جەوهەری چیرۆکە میللییەکەی وەرگرتووە و کردوویەتی بە یەکێتییەک، چونکە بەسەرهاتەکە لە ئەدەبی میللی سەرزاردا بڵاوە، لەگەڵ لە ناوچە جوگرافییەکانی کوردستاندا لە ناوەوەیە بەدیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی، هەروەها حیکایەت خوان و گۆرانیبێژی کورد بەپەخشان وتوویەتی و بەگۆرانی چڕیویەتی، گێڕانەوەی وایان تێدایە ئەوەندە درێژن شەوانی زستانێکیان دەوێ، کەچی هی واشیان تێدایە لە ماوەیێکی کەم گۆرانیبێژ دەتوانێ ڕووداوەکان بگێڕێتەوە.

ئەم هەموو زانیارییانە بوونەتە هەوێن بۆ خانی و شاکارێکی ئەدەبی بەرزی لێ دروست کردووە.

## مەم و زین لەڕووی کێش و قافیەوە

خانی لە هۆنینەوەی چیرۆکی شیعری «مەم و زین» هەموو مەرجەکانی ئەم هونەرەی بەجێ هێناوە کە لە ئەدەبی نەتەوە موسڵمانەکانی هاوسێی کورددا بەرچاو دەکەون لە ڕووی کێش و قافیە و سەرەتای چیرۆک و دابەشکردنی ڕووداو

و زانیارییەکانی کە پێوەندییان بەناوەڕۆکەوە هەیە بەسەر بەش و فەسڵەکانی چیرۆکەکە.

«مەم و زین»ی خانی لەلایەن کێشەوە هەمووە دێڕەکانی لەسەر کێشی هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووفە (الهزج السداسي الأخرب المقبوض المحذوف) (مفعول مفاعلن فعولن)، وەکو:

هەر مێرەکێ وان ب بەزلی حاتەم

هەر مێرەکێ وان ب ڕەزمی ڕۆستەم

بەڵام لە هەندێ جێگەدا، لە باتی (مەحزووف)، عەرووز و زەرب مەقسوور دەبن (مفعول مفاعلن فعولان)، وەکو:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد

بێ مەعریفەتن، بێ ئەسل و بنیاد

لەڕووی کێشەوە، «مەم و زین» لەسەر بنچینەی مەسنەوی دانراوە، لەبەر ئەوەیە لەو کاتەی ئەم جۆرە هونەرە شیعرییە چیرۆکی شیعری و داستان و مەلحەمەی پێ دەوترێ «مەسنەوی»شی پێ دەڵێن، چونکە لە ڕووی قافیەوە هەردوو نیوە دێڕی هەر دێڕە شیعرێک لەسەر یەک قافیە دەبن (ا ا)، (ب ب)، (ج ج)... هتد. ئەم جۆرە قافیەیە لە ئەدەبی کوردیدا بۆ شیعری لیریکیش بەکاردەهێنرێ.

## دەسنووس و چاپی مەم و زین

ژمارەیێکی زۆر لە دەسنووسی «مەم و زین»ی خانی لە کوردستان و نامەخانە گەورەکانی ئەوروپا پارێزراون. لە سەدەی نۆزدەمدا هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا باسیان لێوە کردووە و ناویان هێناوە، بەڵام کەسیان تێکستی «مەم و زین»ی خانی یا وەرگێڕانی بۆ زمانانی خۆیان بڵاونەکردۆتەوە. بایەخدان بە«مەم و زین» لەلایەن ئەوروپاییان و کەسانی لای خۆمان لە سەدەی بیستەمدا کەوتۆتە ناوەوە.

ئەگەر بمانەوێ شارەزایی لە چاپ و وەرگێڕانەکانی مەم و زین پەیدا بکەین پێویستە ئەم زانیارییانە دەرببڕین، چونکە گرنگترین کارن لەم مەیدانەدا.

هەندێ پارچەی «مەم و زین» لە ڕۆژنامە و گۆوارە کوردییەکاندا چاپکراوە،


ژ نشریات ( ژین ) :

هژمار : ١

مم و زین

اثرا

سرتاج ادیب کردان ومدار

افتخارا حیان

احمد خانی

استانبول

نجم استقبال مطبعه‌سی

١٣٣٥ — ١٣٣٧

"مەم و زین"ی خانی چاپی ئەستەمووڵ



کاکل کربونه طرهٔ هر سو / پرچم کربونه زلف و گیسو
وان لو کربو لباس تصریف / داقط نبتن لوان چو تکلیف
پوشیده لباس د کبرانی / سیران دکرن بسر شکرانی

ملاقی بو تا جدین و ممیه بهستی و زینی مستغرق بونا وانه د بحرا عشق و ڤینی

14 وان هردو کری دجامه تبدیل / وقتی دگرن دشهری تحویل
ناشکا عجایبک نما وان / یک جزء ژ عقل قط نما وان
دیتن د محله و ژ کاکان / هر کوچه و غرفه و شباکان
صد تازه جوان ژ رنگ سروان / دیبا و حریر و خز دبر وان
پانصد ژ کچ و کر و هروالان / او چند ژ قسم پیر و کالان
انواع مذکر و مؤنث / هندک دبرهنه هن ملبس
هندک د اعالی و اکابر / هندک د ادانی و اصاغر
بی خواس هنک هنک د سرکول / کاشو ژ پیان و سرو کی هود
سرمست هنک هنک د سرخوش / دم بسته هنک هنک د دم گش
گوینده هنک هنک د خاموش / پوینده هنک هنک د مدهوش
هن جامه دریده هن د سرخوش / هن عقل رمیده هن مشوش
هندان دکرن فغان و فریاد / هن بوی ژ قید عقل ازاد

دەستنووسێکی "مەم و زین"

لەمانە گرنگترینیان لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و کۆواری وەکو «کوردستان – قاهیرە» و «ژین – ئەستەموول» و «هاوار – شام» و هی دیکە بووە.

بڵاوکردنەوەی «مەم و زین» بەکتێب وەکو لای خوارەوە خۆی دەنوێنێ.

١- بۆ یەکەمین جار «مەم و زین»ی خانی لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەموول، لە چاپخانەی «نجم استقبال» لەژێر ژمارە (١)ی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی «ژین»ی ئەستەموول چاپکراوە. پێشەکیی بەچوار لاپەڕە لەلایەن هەمزە مۆکسی (١٩٥٨ کۆچی دوایی کردووە)یەوە نووسراوە.

ئەم چاپەی ئەستەموول لەڕووی دەسنووسێکەوە گەیەنراوەتە ئەنجام لە ساڵی (١١٦٥ھ/١٧٥١-١٧٥٢م)دا عەزیزی کوڕی شێر مامزیدی ڕوونووسی کردووە. ئەم چاپەی ئەستەموول یەکێکە لە چاپە هەرە چاکەکانی «مەم و زین» و تا ئێستاش وەک سەرچاوەیێکی گرنگ تەماشا دەکرێ و نرخی ئەدەبی و زانستیی خۆی ون نەکردووە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بوترێ ئەوانەی باسی ئەم چاپەیان بەرگوێ کەوتووە و چاویان پێی نەکەوتووە هەندێکیان سوورن لەسەر ئەوەی لەکاتی خۆیدا کەمالییەکان لە دوای چاپکردن هەموویان سووتاند و دانەیێکیش لەو چاپە نەماوە، ئەمەیان بۆ ئەوە بووە هەر کارێکی لەم لایەنەوە کردبێتیان و «مەم و زین»ی ئەستەموولیان نەکردبێ بەسەرچاوە کەس گلەییان لێ نەکا. بەڵێ ڕاستە لەگەڵ دەستپێکردنی تیرۆر لەلایەن کەمالییەکانەوە، هەوڵیان دا خەڵک و شارستانیەت و سامانی نەتەوایەتی کورد لەناو ببەن، بەڵام بەتەواوی بۆیان نەچووە سەر و «مەم و زین»ی خانیش زۆری سووتێنرا و کەمی ماوەتەوە.

٢- چاپی دووەمی «مەم و زین» لە ساڵی ١٩٤٧ لە چاپخانەی «ئاراس»، لە حەلەب دەرچووە، ئەم چاپە لەسەر کیسەی بەشیر شێخ حەسەن هاشمی کەوتۆتە ناوەوە. دەتوانرێ ئەم چاپەی «مەم و زین» بەبێ کەم و کووڕی بەچاپەکەی ئەستەموول بناسرێ، چونکە بەبێ دەسکاری وەکو خۆی لەسەر چاپی ئەستەموول تیپچن کراوە.

٣- لە ساڵی ١٩٥٤ گیوی موکریانی لە هەولێر چاپێکی دیکەی «مەم و زین»ی خستۆتە نێوەندی ئەدەبی کوردییەوە. لە ڕووی ڕاستی و زانستییەوە نابێ

باوەڕ بەم چاپە بکرێ، چونکە بڵاوکەرەوە دەسکاری هەندێ وشە و ڕستەی کردووە، لەمانە هەندێکیان لە سەردەمی ژیانی خانی لە ناوەوە نەبوون.

٤- محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتی کوردی سووریای عەرەبیزانی بەتوانا نویشکی «مەم و زین»ی خانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لەساڵی ١٩٥٧ بەناوی «مەم و زین»ەوە لە شام (دیمەشق) بڵاویکردۆتەوە. ئەوەی جێی داغە سانسۆری سووریا هەموو ئەو بەندانەی کە خانی کوردایەتی تێدا کردوون بە بڵاو کردنەوەیان ڕازی نەبووە. بەربەرەکانی کردنی کورد لە سووریا سیاسەتێکی هەمیشەیی و نەگۆڕاوە لە دوای دەستخستنی سەربەخۆیی وڵاتەکە لەپاش جەنگی دووەمی گێتی.

٥- لە ساڵی ١٩٦٢ مارگریت ڕوودێنکۆ لە مۆسکۆ تێکستێکی تەواوی کوردی «مەم و زین»ی بڵاوکردەوە لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ زمانی ڕووسی. ئەم چاپە لەسەر بنچینەی تێکستی نۆ دەسنووسی جیاوازی نامەخانەکانی سانت پیترسبورگ کەوتۆتە ناوەوە. ئەم چاپەی «مەم و زین»ی خانی نرخێکی زانستیی هەیە، بەڵام پێویستە هۆشیارانە وەکو سەرچاوەیێک بۆ لێکۆڵینەوە بەکار بهێنرێ چونکە مارگریت ڕوودێنکۆ لەگەڵێ جێ لە مانا نەگەیشتووە. هەر ئەویش یەکێکە لەوانەی لەسەر ئەو باوەڕەن تاکە دانەیێکیش لە «مەم و زین»ی چاپی ئەستەمووڵ لەبەردەستماندا نییە!

٦- لە ساڵی ١٩٦٨ گیوی موکریانی لە هەولێر جارێکی تر «مەم و زین»ی خانی چاپ کردەوە. ئەم چاپەی لە چاپی (١٩٥٤)ی باشتر دەکەوێتە ڕوو، چونکە هەندێ لەو دەسکارییانەی لە چاپی پێشووی کردبوونی، لەم چاپەدا چاکی کردوون و گەڕاندوونیەتییەوە بۆ ئەسڵەکە.

٧- لە ساڵی ١٩٦٨ محەمەد ئەمین بۆزأرسلان تەواوی تێکستی «مەم و زین»ی لە تیپی عەرەبییەوە گۆڕییە سەر تیپی لاتینی لەگەڵ وەرگێڕانی لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی تورکی بەشێوەیێک لاپەڕەی لای دەستی چەپ (جووت) تێکستی کوردییە، لای دەستی ڕاست (تاک) وەرگێڕانە تورکییەکەیەتی. کتێبەکە لە ئەستەمووڵ چاپکراوە. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشی بڵاوکەرەوە لە بەشی پێنجەم کە خانی باس لە کورد دەکا ناچار بووە (٢٣) دێڕی لێ لابەرێ،

ئەمانە ئەو دێڕانەن کە شاعیر باس لە شا و میر و سوڵتان دەکا بۆ کورد. بۆ زانستییەتی چاپەکەی بڵاوکەرەوە ئەو دێڕانەی لابردوون جێگەکانیانی بەنوختە پڕ کردۆتەوە، ئیتر سانسۆر دەستی لەم کارەدا نەبووە، بەڵکو بۆزارسلان ژیرانە ئەم کارەی کردووە بۆ ئەوەی کتێبەکە نەسووتێنرێ یا قەدەغە نەکرێ.

٨- محەمەد ئەمین عوسمان لە ساڵی ١٩٩٠ چاپێکی دیکەی «مەم و زین»ی خانی لە بەغدا بڵاوکردەوە. گرنگیی ئەم چاپە لەوە دایە ئیملای نووسینەکەی تازەیە و لە هەموو چاپەکانی پێش خۆی ڕێکوپێکترە، هەروەها مانای وشەکانی لێکداوەتەوە بەهەناسەیێکی فەرهەنگی، جگە لەوەی مانای هەندێ ڕستە و تەعبیری قورسیشی ڕوون کردۆتەوە. ئەم چاپە یەکێکە لە چاپە چاکەکانی «مەم و زین»ی خانی.

## چیرۆکی مەم و زین لە ڕووی ناوەرۆکەوە

فەسڵەکانی مەم و زین وەکو لە چاپی یەکەمیدا هاتووە و یەکێکە لە چاپە باشەکان لە (٦٠) فەسڵ پێکهاتووە. بەڕاستی ئەمە هەندێ لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە ڕوون دەکاتەوە، ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاشکرا بکرێ ئەوەیە چاپی ئەستەموولْ و حەلەب پارێزگاری ناوی فەسڵەکانیان کردووە و وەکو خۆی تۆماریان کردووە، بەڵام لە چاپی محەمەد ئەمین بۆزارسلان و محەمەد ئەمین عوسمان ناوی فەسڵەکان کورت کراونەتەوە.

ئێمە لەم ماوەیەدا ناوی تەواوی فەسڵەکان دەخەینە پێش چاو:

١- فەسڵی یەکەم ناوی بۆ دانەنراوە، بێگومان لەبەر ئەوەیە بەموناجاتی مەزن دەژمێردرێ، وەکو پێشەکی پێشەکییان لە هەندێ چیرۆکی شیعری ڕۆژهەڵاتیدا دەنووسرێ و ئینجا ئەو «موناجات» یا «ئیلاهییات»ە دەنووسرێ کە وەک پێشەکییێکە لە هەموو کارێکی ئەم بابەتانەی بەرهەمی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێ.

٢- تیعدادێ نیعمەت شماری و تیکرارێ شوکر گوزارییا باری د سوورەتێ ئایینەداری و پەردە بەرداریيا پەروەردگاریدا د گەل ئیختیتاما ب موناجاتەک موختەسەرێ کوردی.

٣- د نەعتا قەلەمێ مەسنووعات و سیرڕێ دەفتەری مەوجوودات و عەقلێ مەعقوولات و پێش دەستێ مەخلووقات حەزرەتێ سەیید و لسادات محەمەد ئەلموستەفا (علیه أفضل الصلوات).

٤- ئیستیدعایێ شەفاعەت و ئیستیشفاعێ مەغفیرەتە ژ جەنابی ساحیبی سەریری شەفاعەت د سوورەتی میعراجێ دا ب بال حەزرەتی عیززەت.

٥- ئەشعارا مەدحییەتا تەوائیفی د کوردانە ب شەجاعەت و غیرەتی و ئیزهارا بەدبەختی و بێ تالیعییا وانە دگەل هەندە سەماحەت و حەمییەتێ.

٦- سەبەبی نەزما کیتابە ب ڤێ ئەزمانێ، د سوورەتێ شەکوایا ژ دەورانێ و گلیا ژ ئەبنایێ د زەمانێ کو ل بال وان یەکسانە هونەرا دانایی دگەل عەیبا نادانێ.

٧- فەهرەستێ سەر ئاغاز کیتابی ئەخبار و ئەشعار نەعتی ئەلقاب و ئاسارە د سوورەتێ ئیعتیراف و ئیقرارا ب عیجز و ئینکیساری دگەل ئیعتیزارا گوفتارێ.

٨- مەبدەئێ مەقالە د نەعتا حاکمێ بوهتان خودانێ ئیقبال ئەمیر زەینوددین ئیبن ئەمیر ئەبدال دگەل وەسفا هەردو هەمشیرەیێ دوی د ساحیبی جەمال زین و ستی و بێ میسال.

٩- تەحسینا قوماش و کالایێ والایی حوسنا حەبیبانە عموومەن، تەعریزا جەوهەرێ بەهای جەمالا ستی و زینانە مەخسووسەن.

١٠- عەتفێ عەنان و لیجامە ب سەر ئەنجامێ کەلام.

١١- داستانا بەیانا نەوروزا سولتانی تەسمییەیی موسیمی سوروور و شادمانی ب مەرسوومێ قەدیمی کوردستانی کو وان دگوتی سەر سال عەد دکرن ب عیدی ویسال.

١٢- ب دەرکەتنا شهریانە ب دەشتی ژ بۆ سەیرانا سەر سال و گشتی.

١٣- مورەخخەس بو ناو شاقان ب بکلکشتا سەر سالی رەغبەت کرا وانە ببازارا حوسن و جەمالێ.

١٤- مولاقی بۆنا تاجدین و مەمییە ب ستی و زینێ موستەغرەق بۆنا وانە د بەحرا عیشق و ئەڤینێ.

١٥– هشیاریيا مەمێ و تاجدینێ ژ بێ هۆشی و مەخمووریا شوربێ عیشقێ ئاگاهی و خەبەر دادیا وانە ژ سەبەب و واسیتەیێ و مقێ.
١٦– موعاوەدەتا ستی و زینێ ژ سەرسال و کشتێ ئیستیتلاعا دایەیی لیماجەرا و سەرگوزەشتێ.
١٧– تیکرار ئیستیخبارا دایەیی ژ کنه ماجەرایێ تەسریح تەقریر ئەوانە ژ کەیفییەتا تەئسیرا هەوایی.
١٨– تەفەحوس و تەفائولا دایەیی ژ رمالێ ژ کەشفا حەقیقەتا وی ئەحوالێ.
١٩– دەوڵەت و تەقریرا رمالیە ژ بو پیری موافیق ما فیلزەمیر و موخالیف تەقریری.
٢٠– هەم سوحبەتا و شاقان ب هەم خەلوەتییا موشتاقان واقیفیا ویە ل سەر وەقتێ عوششاقان.
٢١– فیکریانا دایەیی ڤیا دلداران ئاکە کر ناوانە ژ ئیسم و ڕەسمێ بریندااران.
٢٢– شیفا بەخشیا تەبییەیی ل دەردێ عەلیلان شەفەقەت و مەرحەمەتا میرە ل حالێ زەلیلان.
٢٣– عەرووسیا ستی یێ ژ بۆ تاجدین تەهییەیی ئەسبابی شاهیە ژ تەهنیا غەمگینی.
٢٤– مەقالی ئیشتیعالی شەمعی جەمالی مەحبووبە مەقامی ئینتیقالی ئیشتیغالی ویسالی مەتلووبە.
٢٥– ووسوولی کەعبەیی موراد و تەوافە وەحوسوولی مەقسەدی مەرام و زەفافە (وصول کعبهء مراد و طوافه و حصول مقصد مرام و زفافه).
٢٦– حیلە پردازی و فیتنە ئەنگێزیا بەکرە ژ حەسەد و رزیا ل تاجدین کو ب وی سەبەب میر نەدا مەمی زین.
٢٧– نائومێدییا زینییە ژ دەولەتا وەسلەت و حەزرەتی دەرد مەندییا وییە ژ کەربەتا فیرقەت و حەسرەتێ.
٢٨– هەمدەمییا زینێ دگەل غەمان ب سەبەبێ نیفاق و نا ئیعتیمادییا هەمدەمان.
٢٩– موعاتەبیا زینێ دگەل ستی یێ گازندا حووری ژ پەری یێ.

٣٠- موکالەمەیی هەمزاری شەمعە موداوەمەیی خوونڕێزی دەمعە.

٣١- بولبولییا زینێیە دگەل پەروانییا وییە دگەل دیوانەیی.

٣٢- مەجنوونیا مەمییە ژ عیشقا لەیلایی وامیقیا وییە ژ دەردی عەزرایی.

٣٣- موخاتەبییا مەمییە دگەل شەتتی جزیری موجاوێبییا ژ عیشقا بێ نەزیری.

٣٤- موباحیسیا مەمییە دگەل بایی هەوادارییا دگەل هەوایی.

٣٥- موجادەلییا مەمییە ب دل گول را موحارەبەیا پەروانەیی ب بولبول را.

٣٦- چوونا میر زێندینە ب سەید و نێچیرێ ئازادییا مەمی و زینە ژ قەید و زنجیرێ.

٣٧- داستانی بوستانی جەننەت نیشان مێرانە کو بوویە مەجمەعولبەحرەینا عیشقا هەردو دلفگاران مەتلەعولنەییرینا حوسنا هەردو گولعوزاران.

٣٨- ڕەهاییا زینێیە ژ قەیدا تەعەلوقا ئەغیاران تەنهایی و تەکەلووما وییە دگەل پەلک و داران.

٣٩- تەقازایی داعییەیی دیداری دلدار و مولاقاتە ژ بۆ مەمی ڕا ژ جەنابی واهیبولەرام و قازییەلحاجات (تقاضای داعیەء دیدار دلدار و ملاقاتە ژ بو ممی را ژ جناب واهب المرام و قاضی الحاجات).

٤٠- فیکریانا میر و میرزانە ژ شکاری سەرخوەشیا مەمێ و زینییە ب مەیا دیداری بێ خەبەرییا وانە ژ سرِ داهاتنا میرە د وەقتێ ئێڤارێ.

٤١- ڕابوونا تاجدینە ژ دیوانی د وی دەمیدا سۆهتنا مال مولکانە دەرییا مەمیدا.

٤٢- ئاگاهییا میرە ل عیشقبازی و یارییا مەمی زینان ب ئیفشا و ئیلقایا نەیاران و موزەبزیبینان.

٤٣- شترەنج بازییا مەمێ و میرە ب شەرتی دڵخواز قدانا دامی تەزویرە ژ بۆ کەشفی ڕاز.

٤٤- خولووسییەت و خەلاسییا مەمییە د خەلوەتا زیندانێدا ژ سیفاتی د حەیوانی موشارەکەت و موشاکەلەتا وییە ب ئەخلاقی د ڕووحانی.

٤٥- مەئیووسییا زینێیە ب سەبەبی مەحبووسییا مەمی مەئنووسییا وییە ب غەم و دەرد و ئەلەمی.

٤٦– تەهەووا تاجدینە ژ غیرەتا برایی مەشوورەتا دگەل برانە ل خەلاسییا بی نەوایی.
٤٧– تەعەسسوبی تەدارکا تاجدین و برانە ب ئەمرێ غیرەتی سورایا وانە ل هەسپی حەمییەتی.
٤٨– تەدبیرا بەکرە ژ بۆ دەفعا مەزەننە و عینادی تەزویرا وییە ژ ترسا فیتنە و فەسادی.
٤٩– نەسیحەتا ساحیب غەرەزی پڕ مەڕەزی دل کل ژ بۆ میری بێ تەمەییز سادە دل.
٥٠– ڕوخسەت دانا میرە ل دیتنا دڵداری بی هوەش بوونا زینێیە ژ زەوق و شەوقا دیداری.
٥١– تەوسییە و تەدارکا زینێیە ژ بو سەفەرا ئاخیرەتی تەهییئەیی ئەسبابی جیهازە ژ بۆ عەرووسییا جەننەتێ.
٥٢– پەشیمانیا میر زێندینە ل مەحەببەتا مەم و زینان مەرحەمەتا وییە ل حالی نازەنینان مرنا مەمییە ب ئاخەفتنا برینان.
٥٣– تەعزییە و ماتەم و مەرسییە و شیوانا مەمی شەهیدە مرنا بەکری شەقی ب دەستی تاجدینی سەعیدە.
٥٤– ئیلتیماس و ئیستیدعایا زینییە ژ بو بەکری موفسیدرا عوزر خواهییا وییە ژ بۆ ئەوی مولحیدرا.
٥٥– تەجهیز و تەکفین و تەدفینا مەمی مەحرووم غەمگینە هەم نەفەس و هەم قەفەس بوونا ب فەوتا زینا نازەنین و غەم ڕەڤینە.
٥٦– تەسویلی تەفاووت و ئیختیلافی خیلقەتە تەمسیلی تەقازای سورشت تینەت و فیترەتە.
٥٧– میسالی سەرەنجامی بەنی ئادەم و مەئال نە ب حەسەب زاهیری سووڕەتی حالە بەلکی موتەعەللیقی باتینی مەعنا و مەوقووفی مەشیئەتی زولجەلالە.
٥٨– ئیسباتی خەواس و کەمالی جەوهەر عیشقە کو کیمیایی ئەکبەر و گوگردی ئەحمەر ژ بۆ خودانی لەورا بەهیمی و درندی و شەیتانی دکەتە ملک د نەفسا ئینسانی.

٥٩- بەیانی مەراتیب و مەداریجی سولووک و وسوڵ ئیلله ڵڵاه و مەراسیمی فەنا فیللایە و بەقای بیللاهە (بیان مراتب و مدارج سلوک و وصول الی الله و مراسم فنای فی الله و بقای باللهه).

٦٠- خاتیمییا کیتاب و نامەیی د سووڕەتی خیتابە دگەل خامەیی هەرچەند غەرەز خەتمی کەلامە لاکین ل موتەکەللیمی ئیهامە.

کە لە خوێندنەوەی ناوی فەسڵەکانی «مەم و زین» دەبینەوە ڕاستییێکی شاراوەی گرنگ دەدۆزینەوە، ئەویش ئەوەیە ئەم ناوانە یا ڕستە ئەدەبییانە بەهەناسەیێکی شیعرایەتی نووسراونەتەوە، نویشکێکی چڕی ناوەڕۆکی فەسڵەکان دەخەنەڕوو. هەرچەند ئەم ناوانە لە شێوازی نووسینی خانی دەکەن، بەڵام ئێمە نازانین ناوەکان لە داهێنانی شاعیرن، یا ئەوانەی لە پاشانا دەسنووسی «مەم و زین»یان نووسیوەتەوە، ئەوان ئەم ناوانەیان بۆ فەسڵەکان داناوە! ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە ئەو کەسەی چاپی یەکەمی ئەستەمبووڵی بڵاوکردۆتەوە یا لەو دەسنووسەی تێکستەکانی لێ وەرگیراون ناوی فەسڵەکان تۆمارکراوە، یا خۆی ئەم ناوانەی داناوە. هەرچۆنێ بێ ئێمە مەیلمان زیاتر بۆ ئەوە دەچێ ناوی فەسڵەکان لە دانانی خانی خۆی بێ، یا کەسێکی یەکجار شارەزا لە گێتیی ناوەوەی خانی و چیرۆکی شیعری نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایناوە.

## مەم و زین لە پاڵ دڵداریدا لە ژیانی ئادەمزاد دەدوێ

خانی شاعیرێکە ئەو لایەنەی ژیانی گرتووە ئادەمزاد لە سەردەمێکدا بەختیارە لە کاتێکی دیکەدا لەناو تەم و مژی بەدبەختیدا خنکاوە. وەکو سیاسیێک خۆی پیشان دەدا، بەڵام سیاسەتەکەشی بەشیعرایەتییەوە بەستراوە. واتە ئیستێتیکی شیعرەکانی بە جۆرێک نیشتمانپەروەری و کوردایەتی و سیاسەت دەخەنە بەر چاو، وەکو ئەوەی ئەم بیروڕایانە گۆڕانیان بەسەردا نەیە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەم دیاردانە دەگۆڕێن، لەو حاڵەتەدا ئەگەر بشگۆڕێن لە نرخی شیعرەکان هیچ شتێک کەم نابێتەوە چونکە بەهۆی داهێنانی شاعیر مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژانەش دەبن بەموتلەق.

خانی لە «مەم و زین»دا زاراوەیێکی یەکجار زۆری سۆفیزم بەکاردێنێ، زیاتر خەریکی وەسفی سۆفیزمە، لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلام نەچۆتە دەرەوە،

واته بەشێوەیێک سۆفیزم بەکاردێنێ وەکو شەریعەت تەماشای دەکا. بەم جۆرە بۆچوون و وێنەکانی لە دەوری زاراوەی سۆفیزمی موسڵمانی دەسووڕێنەوە و ناچنە ناو شیعری داهێنانی سۆفیزم (عیرفانی). بەڕاستیش خانی خۆی ئارەزووی ئەمەی نەکردووە. شتی هەرە گرنگ بیروبۆچوونە سیاسییەکانیەتی لە بارەی چارەنووس و دواڕۆژی کوردەوە.

چیرۆکی شیعری «مەم و زین» وێنەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە، شاعیر لەو ڕۆژگارەدا لەوە گەیشتبوو کە پێویستی سەرشانیەتی زمانی کوردی بپارێزێ و پێشی بخا، چونکە لەو سەردەمانەدا زمانانی نەتەوە داگیرکەرەکان (ڕۆم و عەجەم) سەپێنرابوونە سەر کورد.

مەم و زین شانازی شیعری کلاسیکی کوردییە، ئەم بەرهەمە بەرزە لە لایەن هەموو میللەتەوە پەسەند کراوە، نەک تەنیا لە ڕووی جوانکاری شیعرایەتییەوە بەڵکو لەبەر ئەوەی شاعیر بۆ یەکەمین جار مەسەلەی نەتەوایەتی (کوردایەتی) هێناوەتە ناو شیعرەوە، بۆ ئەم ئامانجە فەسڵی پێنجەمی «مەم و زین»ی تەرخان کردووە. لە دوای ئەوەی پێویستییەکانی سەرەتای چیرۆکی شیعری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەیاندۆتە ئەنجام، ئەو فەسڵەی بۆ مەبەستێکی تازە تەرخان کردووە، ئەم مەسەلەیە لەم جۆرە شیعرانەدا، لەو سەردەمانەدا باو نەبوو.

زۆر کەس باسیان لە خانی و مەم و زین کردووە، بەڵام ئێمە تەنیا قسەکانی یووسف ئوربێلیی دۆستی کورد بەبەڵگە دێنینەوە:

«... ئەگەر بیر لە نیشتمانپەروەری و لە شاعیرییەتی بکرێتەوە، پێویستە بەراورد لە نێوان سێ شاعیری مەزنی ڕۆژهەڵات بکرێتەوە، فیردەوسیی عەجەم، ڕووستاڤێلیی گورج و ئەحمەدی خانیی کورد، چونکە ئەم شاعیرانە بوون بەشاعیری نەتەوە و شیعرەکانیان بوونەتە گۆرانیی میللەت، هەتا لەناو ئەو کەسانەی تەنیا تیپێکی زمانەکەشیان ناناسن».

مەم و زین بەهەموو قورسایەتیێکی هونەرییەوە دەچێتە ناو درەوشاوەترین چیرۆکی شیعری تراجیدی لەناو بەرهەمی شیعری هەموو نەتەوەکانی گێتی.

گەشتێک لە گێتی شیعرایەتی مەم و زین

مونـاجاتی مەزن و مونـاجاتی چیرۆکەکە

ئەم بەشە سەرەتا و فەسڵی یەکەمی «مەم و زین»ە، وەکو قەسیدەیێکی سەربەخۆ دەکەوێتە بەرچاو و دەچێتە ناو بابەتی شیعری موناجات و ئیلاهیاتەوە، بەتایبەتی خانی نازناوی خۆی لە دوا دێڕی شیعرەکەدا بەکاردەهێنی. قەسیدەکە بەم دێڕانە دەست پێدەکا:

سەر نامەیێ نامە نامێ ئەڵڵا
بێ نامی وی ناتەمامە وەڵڵا
ئەی مەتلەعێ حوسنێ عیشقبازی
مەحبووبێ حەقیقی یو مەجازی
نامێ تەیە لەوحێ نامەیا عیشق
ئیسمی تەیە نەقشێ خامەیا عیشق
بێ نەقشێ تە نەقشێ خامە خامە
بێ نامی تە نامە نا تەمامە
نامێ تەیە شاهێ بەیتێ مەقسوود
فیهرستێ موکاتەباتی مەحموود

بەم دێڕانەش دوایی بەشیعرەکە دێنێ:

ئەم غافیل و عاتیل و گونەهکار
مایینە د قەیدا نەفسا ئەممار
نین مە د قەلبێ فیکر و زیکرەک
ناکەین ب زەبانێ حەمد و شوکرەک
(خانی) کو نەهن ب قەلبی زاکیر
باری بدە وی زەبانی شاکیر

لەگەڵ ئەوەی خانی لەم شیعرەدا شاعیرییەتێکی بەرزی نواندووە، بەڵام گرنگی بەرهەمەکە زیاتر لەوە دایە بۆ یەکەمین جار ئەم بابەتە شیعرە کلاسیکییە ئیسلامەوییەی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

له موناجاتی سەرەتایی چیرۆکی مەم و زیندا خانی دەڵێ:

ئەی شـوکرێ تـه جـەوهـەرا زەبـانـی
وەی زیکرێ ته سـەیقـەلا جـەنـانـی
ئەی واحـیـدێ بێ شـەریکێ یەکـتـا
وەی واجـیـدێ بێ نەزیر و هـەمـتـا
ئـەی بـاقـی یـێ بـێ زەوالـێ دائـیـم
وەی هـادی یێ بێ فـەنایـێ قـائیم
ئەی خـالیـقێ ئەرز و ئـاسـمـانان
وەی خالیقێ جوملە ئینس و جانان
مـولک و مـەلەک و فـەلەک ب جارەک
بیلـجـوملـە تە چـێ کـرن تەبارەک

بەم دێڕانەش دوایی بەشیعرەکە دێنێ:

خـانی ب نەزانـیـیـا خـوە دەرحـەق
گـومـراهـ ببت نە دوورە ئـەلحـەق
ئیلـلا کـو مـەگـەر مـوعین خـودا بت
یان ڕەهـبـەرێ وی مـوسـتـەفـا بت
یارەب تو ب حـەققێ موسـتـەفا کـەی
(خـانـی) ب خـوە ڕا تو ئاشـنـا کـەی

ئەم برە شیعرەی شاعیریش دەکرێ بەقەسیدەیێکی سەربەخۆ بژمێررێ، ئەگەر خانی دەفتەری دیوانی شیعری بوایە، هیچ گومان لەوەدا نەبوو ئەم پارچە شیعرە و موناجاتە مەزنەکەی پێشوو و هەموو نەعتەکانی «مەم و زین» لە سەرەتای دیوانیدا تۆماری دەکردن.

نەعتی پێغەمبەر

لە دیباجەی «مەم و زین»دا خانی دوو قەسیدەی لە نەعتی پێغەمبەر تۆمار کردووە. لە سەرەتای قەسیدەی یەکەمدا دەڵێ:

ئەشیا ب حەسەب دەلیل و بورهان
نابن چو ئەگەر وجووب و ئیمکان
واجیب یەکە زاتێ کیبریایە
مومکین پڕە جەمعێ ماسیوایە
وی واجیبی مومکیناتی بەرقەع
مومکین وی ژ بۆ خوە کرنە مەتلەع
یەعنی ئەوی ڤی ببت موبەرهەن
حوسنا وی بدەرکەڤت ژ مەکمەن
گەنجینەیێ جەوهەرێ ببت فاش
سابیت ببتن ژ نەقشێ نەققاش

بەم دێڕانەش دوایی بەشیعرەکە دێنێ:

سەد جار ب ژی تە ئەی کەرەم کار
گەر دێ مە هەبن گونەه دو سەد جار
سەد مەرتەبە گەر چ ئەم خرابین
ئەمما ژ تە نائومێد نابین
حەتتا بگەهێتە (خانی)یێ ژار
ناپاک و پەلید و (واجب النار)
ئەو ژی ب خرابی یو سەیینی
دەعوا دەکەتن ب ئوممەتینی
وی بەد عەمەلێ وەکی کیلابان
باری بکە پەیڕەوێ سەحابان

لە قەسیدەی دووەمی نەعتەکەدا خانی گەورەیی پێغەمبەر بەسەر دەکاتەوە و بەنزیکی لە خوداوە هەڵدەڵێ، واتە شیعرەکە وەکو بابەتێک لە بابەتەکانی موناجات دەکەوێتە ڕوو. لە پێشەکییەکەیدا دەڵێ:

ئەی واسیتەیێ وجوودێ کەونەین
شایستەیێ قوربی قابە قەوسەین

شـاهـنشـەهـێ تەخـتـگەهـێ مـەدینە
مـوعـجـیـز ژ تە ئەو قـەدەر مـە دینە
سـەیرا فـەلەکـان ل نک تە گـاڤـەک
فـەخـرا مـەلەکـان ژ تە سـلاڤـەک

بەم دێڕانەش دوایی بەشیعرەکە دێنێ:

ئەلقیـسسـە بکەی کـو دێوێ سـەرکەش
تـەنهــا وو تـەنێ بـچــیــتــە ئاتـەش
فـیلجـوملە مـە جـوملە خـاس و عـامـان
عــاسی یـو شـــەقی یـو نا تـەمــامــان
تێـکرا ب شـەفـاعـەتا خـوە خـاس کـە
ڤــێـکرا مــە ژ ئاگــرێ خـــلاس کـــە

تا ئێـرە خـانی لەسـەر بەرنامەی چیـرۆکی شیـعری کـلاسیکی لاسـایی نەتەوە موسڵمـانەکان ڕۆیشتووە، سەرکەوتووانە پێڕەوی هـەموو دەسـتوورەکانی ئەم جۆرە شیعرەی کردووە بەتایبەتی لەڕووی ناوەرۆکەوە.

کەچی خـانی لە دوای نەعتی پێغـەمبەر دەبوو بچێتە ناو چیرۆکەکەوە، بەڵام ئەم ڕچەی شـکاند و باسـکردنی مـەسـەلەی نـەتەوایەتـی کـوردی (کـوردایـەتی) کـردە جەوهـەرێک لەو جەوهـەرە گرنگ و پێویستانەی دەبێ لە پێشـەکیی هـەموو کارێکی لەم جۆرەی «چیـرۆکی شیـعری»دا لەبەرچاوبن. ئـەم کـردەوەیەی خـانی لـەم بابەتە شیعرانەدا پێش ئەو ڕووی نەداوە.

لەم مـاوەیەدا تەواوی ئەو بڕە شیـعرانـە دەخـەینە پـێش چاو کە بـریتییـە لە (٩٨) دێڕە شیعر، بەگشتی لە «کوردایەتی» و «سـامانی نەتەوایەتی» دەدوێن.

## کوردایەتی

خـانی لە پێشـەکیی ئەو بڕە شیـعرە کۆمـەڵایەتی – سیـاسییـانە لەسـەر ڕێ و شوێنی ئەدەبی کـلاسیکی دەڕوا، ڕوو دەکاتـە مەیگێڕ، داوای شـەرابی لێ دەکا، بۆ ئەوەی سەرخۆش بێ، چونکە سەرخۆش بۆی هـەیە هـەموو نهێنییێک ئاشکرا بکا.

سـاقـی تو ژ بۆ خـودێ کــەرەم کـە
یەک جورعە مـەیێ د جامێ جەم کە

دا جامی ب مەی جیهان نوما بت
هەرچی مە ئیرادەیە خویا بت
دا کەشفی ببت ل بەر مە ئەحوال
کانێ دبتن مویەسسەر ئیقبال
ئیدبارێ مە وا گهـا کەمالێ
ئایا بووە قابیلێ زەوالێ
یا هەر وەهە دێ ل ئیستیوا بت
حەتتا وەکو دەورێ مونتەها بت

لە دوای ئەوە خانی کۆمەڵایەتی و سیاسەت دێنێتە ناو شیعرایەتییەوە، بێگومان لەو جۆرە شیعرەدا بیر بەسەر خەیاڵدا زاڵ دەبێ، بەڵام شاعیرێکی وەکو خانی توانیویەتی ئەو حەقیقەتە ڕیالیزمییانە بخاتە ناو خەیاڵی شیعری بەرزەوە، جۆرە شیعرێکی پەروەردەیی (دیداکتیکی) هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

لە دوای جەنگی چالدیران (١٥١٤) و بۆ یەکەم جار دابەشکردنی خاکی کورد بەسەر هەردوو دەوڵەتەکەی عوسمانی و عەجەم، بیری نەتەوەیی بەشێوەیێکی نوێ کەوتە ناوەوە، هەستکردن بەبوونی نەتەوە بزووتنەوەیێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە کوردستانی سەرووەدا دروستکرد، شاعیرانی وەکو عەلی هەریری و مەلای جزیری و فەقێی تەیران پەیدابوون، کاری ئەوان ئەوە بوو بڵێن کورد هەیە و زمانەکەی ئەو زمانەیە کە ئێمە شیعری پێ دەنووسین.

ئەگەر قۆناغی ئەم شاعیرانە دروستبوونی «هەست» بووبێ، خانی کەوتە دەربڕینی ئەو هەستە و بەپراکتیک خستییە ناو شیعرەکانیەوە، بۆچوونەکانی شاعیر دوو مەسەلەی یەکجار گرنگی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ دەور دەکاتەوە یەکەمیان دواکەوتوویی و پەژمردەیی و ژێردەستی و هەژاری میللەتی کورد و دووەمیان داوای سەربەخۆیی لە پێناوی ئەوەی کۆمەڵی بەدبەختی کورد وەربگێڕێتە سەر کۆمەڵێکی بەختیار.

خانی نەبوونی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی سەربەخۆ بەهۆی بنچینەیی دادەنێ بۆ هەموو ئەو مەینەتییەی کورد تێیدا دەژی:

قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب
تالیع ببتن ژ بۆ مە کەوکەب
بەختێ مە ژ بۆ مەرا ببت یار
جارەک ببتن ژ خوابێ هشیار
ڕابت ژ مە ژی جیهان پەناهەک
پەیدا ببتن مە پادشاهەک
شیرێ هونەرا مە بێتە دانین
قەدرێ قەلەما مە بێتە زانین
دەردێ مە ببینتن عیلاجێ
عیلمی مە ببینتن ڕەواجێ
گەر دێ هەبوا مە سەرفرازەک
ساحێب کەرەمەک سوخەن نەوازەک
نەقدێ مە د بوو ب سیککە مەسکووک
نە دما وەهە بێ ڕەواج و مەشکووک
هەرچەندی کو خالیس و تەمیزن
نەقدەینی ب سکەیێ عەزیزن
گەردی هەبوا مە پادشاهەک
لائیق بدیا خودێ کولاهەک
تەعیین ببوا ژ بۆ وی تەختەک
زاهیر ڤە دبو ژ بۆمە بەختەک
حاسیل ببوا ژ بۆ وی تاجەک
ئەلبەتتە د بو مە ژی ڕەواجەک
غەمخواری دکر ل مە یەتیمان
تینانە دەرێ ژ دەست لەئیمان
غالیب نە د بو ل سەر مە ئەڤ ڕووم
نەدبوونە خرابەیێ د دەست بووم

مـەحکوومێ عـەلـیـیـە وو سـەعـالیک
مـەغلووب و مـوتیـعی تورک و تاجـیک

لەو سەردەمەدا خانی بیری لەوە کردۆتەوە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا کەسانێکن یا میللەتانێکن کورد لە هەموو لایەنێکی هۆش و فامەوە لەوان کەمتر نییە، لێرەدا پەنا بۆ بەخت دەبا و لە کردگار دەپاڕێتەوە کارێکی وا بکا کوردیش بەختی یار بێ. لێرەدا ئەگەر شاعیر بەچاویلکەیێکی میتافیزیکییانە لە مەسەلەکە بیربکاتەوە، لەلایێکی دیکەوە ڕیالیزمییانە هۆی دواکەوتنی کورد لەوە دەبینێ چونکە دەوڵەتی نییە. لەو دیاردەیە سەری سوڕ دەمێنێ و دەڵێ:

ئەمما ژ ئەزەل خـودێ ووسـا کـر
ئەڤ ڕووم و عەجەم ل سەر مە ڕاکر
تەبەعـیـەت وان ئەگـەر چ عـارە
ئەو عـار ل خـەلقێ نامـدارە
نامـووس ل حـاکم و ئەمـیـران
تاوان چیـە شـاعـیـر و فـەقـیـران
هەرچی برە شیرێ دەستی هیممەت
زەبت کر ژ خوە را ب مێری دەولەت
لەورا کو جیـهان وەکو عـەرووسـە
وێ حوکمێ ددەستێ شیرێ ڕووسە
لێ عـەقـد و سـەداق و مـەهر و کـابین
لوتف و کەرەم و عـەتا وو بەخـشین
پرسی ژ دنێ من ئەڤ بە حـیکمـەت
مەهرا تە چ؟ گۆتە من کو هیممەت
حاسیل کو دنێ ب شیر و ئیحسان
تەسـخـیـر دبت ژ بۆیی ئینسـان
ئەز مـامـە د حـیکمـەتا خـودێ دا
کـرمـانج د دەولەتا دنێ دا

ئایا ب چ وەجــهی مــانه مــەحــرووم
بیلجــوملە ژ بو چ بوونە مـــەحکووم
وان گرتی ب شیری شەهرێ شوهرەت
تەســخــیــر کــرن ب لاد هیــمــمــەت
هەر مــیــرەکێ وان ب بەزلی حـــاتەم
هەر مـیرەکێ وان ب ڕەزمی ڕۆســتـەم
ب فکر ژی عـەرەب حەتا ڤـەگــورجـان
کـرمـانجـیـیـه بوویە شـبـهی بورجان
ئەڤ ڕووم و عـەجـەم ب وان حـەسـارن
کـــرمـــانج هەمی ل چار کـــەنـارن
هەردوو تەرەفــان قــەبیلێ کــرمــانج
بۆ تیــری قـــەزا کــرینە ئامـــانج
گـوویا کـو ل ســەر حـەددان کلیـدن
هـەر تائیــفـــە ســـەددەکن ســـەدیدن
ئەڤ قـولزومێ ڕووم و بەحـرێ تاجـیک
هندی کـو بکەن خــورووج و تەحــریک
کــرمـــانج دبن ب خــوونێ مــولەتتــەخ
وان ژێک ڤــە دکەن مـیسـالێ بەرزەخ
جـوامێری یو هیـمـمـەت و سـەخـاوەت
مـــێـــرێنی و غــیـــرەت و جـــەلادەت
ئەو خـــەتمە ژ بۆ قـــەبیلێ ئەکـــراد
وان دانە ب شــیــر و هیــمــمـــەتێ داد
هندی ژ شـــەجـــاعـــەتێ غـــەیوورن
ئەو چەند ژ مــــینــنەتێ نوفــــوورن
ئەڤ غیرەت و ئەڤ عولوووێ هیممەت
بوو مـــانیــعێ حــەملێ بارێ مــیننەت

لەو پارچە شیعرەدا خانی ئەوە دەردەبڕێ گریمان ڕۆژگار یا هەر هێزێکی دیکە ئەگەر ئارەزووی ئەوەی بووبی تورکی عوسمانی و عەجەم بەسەر ئێمەدا زاڵ بن و پێویستە ئێمە ببین بەکۆیلەی ئەوان، دیارە ئەمە شوورەییە بۆ ئێمە، بەڵام تاوانی ئەمە دەکەوێتە سەر ناودارانی نەتەوە، شەرم بۆ فەرمانڕەوا و میرانە، شاعیر و فەقیر تاوانیان نییە. لە هەموو کۆمەڵێکدا و لە هەموو ڕووداو و کردەوەیێک فەرمانڕەوا بەرپرسیارە خەڵکی ناو کۆمەڵ بەرپرسیار نین.

خانی سەری لە حیکمەتی کردگار سوڕماوە، بۆچ کورد دەوڵەتی نییە؟ هەر خۆی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ سەربەخۆیی خۆی هەبێ چونکە هەموو مەرجەکانی بوونی دەوڵەت لەناو کورددا هەن، بیر و هۆش و فام و مێرخاسی و ئازایی و چاوتێری و کارکردن.

شاعیر مەینەتی کورد لە نەبوونی دەوڵەت دەدۆزێتەوە و دەڵێ:

لەو پێکڤە هەمیشە بێ تفاقن
دائیم ب تەمەررود و شیقاقن
گەر دێ هەبوا مە ئیتتیفاقەک
ڤێکرا ب کرا مە ئینقیادەک
ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەرا د کر غولامی
تەکمیل دکر مەدین و دەولەت
تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت
تەمییز دبوون ژ هەڤ مەقالات
مومتاز دبوون خودان کەمالات

خانی ڕاستییێکی مێژووییمان بۆ دەوردەکاتەوە بەوەی لەناو کۆمەڵی کورددا «یەکێتی» نەبووە، لە سەرەتای مێژووی کوردەوە ئەم دیاردە نالەبارە لەناویاندا بووە، تا سەردەمی خانی.

شاعیر بەو داخەوە سەری ناوەتەوە کە سەربەخۆیی کوردی نەدیوە، گیانی پاکی لەوانەیە هەست بەوە بکا کە ئەو نەبوونی یەکێتییە تا ئێستا لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەناو نەچووە.

لە خوێندنەوەی ئەم فەسلەی «مەم و زین»دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ خانی دوو مەبەسی سەرەکی پاڵی پێوە ناوە ئەم چیرۆکە شیعرییە بێنێتە بەرهەم. بەڕاستی لەم کارەیدا هەر دوو مەبەسی پێکاوە. یەکەمیان لە پەنای ئەو دڵدارییەی نەگەیشتۆتە ئەنجام و بەڕاستیش دەبوو نەگاتە ئەنجام و تراجیدییانە کۆتایی پێ بێ، شاعیر دەیەوێ بەشێوازێکی سیمبۆلییانە (ڕەمزییانە) دەردی دڵی خۆی دەرببڕێ، هەر ئەمە خۆشی وەکو کارێکی ئەدەبی مەبەسی دووەمی شاعیر دەهێنێتەجێ. لێرەدا خانی وەکو شاعیرانی پێش خۆی و پاش خۆی لە کورد و بێگانە گومانی لەوەدا نییە کە کورد پێویستییەکانی بوونی بەنەتەوەی تێدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاکاری ئەدەبی بۆ دروست دەکا، یا هیچ نەبێ جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ دەنووسێتەوە کە نەیبێ، بۆ ئەوەی کەس نەڵێ، لە ئەدەبی کوردیدا چیرۆکی شیعری یا مەلحەمە و ئیپیکی پلە بەرز نییە.

خانی ژ کەمالێ بێ کەمالی
مەیدانا کەمالێ دیتی خالی
یەعنی نە ژ قابیل و خەبیری
بەلکی ب تەعەسسوب و عەشیری
حاسیل ژ عیناد ئەگەر ژ بێداد
ئەڤ بیدعەتە کر خیلافێ موعتاد
سافی شەمراند ڤەخواری دوردی
مانەندێ دەری لیسانێ کوردی
ئینانە نیزام و ئینتیزامێ
کێشایە جەفا ژ بۆیی عامێ
دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن بێ ئەسل و بنیاد
ئەنواعێ میلەل خودان کتێبن
کرمانج تەنێ د بێ حسێبن

هەم ئەهلی نەزەر نەبیێن کو کرمانج
عـیشـقێ نەکـرن ژ بۆ خـوە ئامـانج
تێکدا نـە د تـالیبن نـە مـــــەتلـووب
ڤێکرا نە مـوحیبن ئەو نە مەحبـووب
بێ بـەهرەنە ئـەو ژ عـیـشـقـبـازی
فـاریـغ ژ حــەقـیــقی یو مــەجـازی
کـــرمـــانج نە پڕ د بێ کـــەمــــالن
ئەممـا د یـەتیـم و بـێ مــــەجـــالن
فــیلجــوملە نەجــاهیـل و نەزانن
بەلکی د ســـەفــیل و بێ خـــوەدانن

خانی لەوە گەیشتووە کە کورد بێ بەهرە نییە، توانای ئەوەی هەیە خۆی گەورە بکا و وەک کـەسـانێک خـەڵکی حسـێبی بۆ بکەن، بـەڵام ئەو هەڵسـوکـەوتەی بۆ هەڵنەکەوتووە بگاتە ئەو ئەنجامە. سەرکەوتن بەکۆششی سەرداری دڵسۆز دێتە دی، لەو کۆشـشـەشـدا ئەو سـەردارە و فـەرمـانڕەوا و کاربەدەسـتـانەی دەوروبەری ئەگەر بەرنامـەی پتـەوی زانستییانە و داناییانەیان نەبێ، کورد ناگاتە ئەو هیـوا و ئامانجەی خانی و گەلێ دڵسۆزی دیکە خەونیان پێوە دیوە.

گـەر دێ هەبوویا مـە ژ خـوەدانەک
عــالی کــەرەمــەک لەتیــفــە دانەک
عـیلم و هـونەر و کـەمـال و ئیـزعـان
شـیعـر و غـەزەل و کـیتـاب و دیوان
ئەڤ جنس ب بووا ل باوی مەعموول
ئەڤ نەقدی ب با ل نک وی مـەقبوول
من دێ عــەلەمــا کــەلامێ مــەوزوون
عـــــالی بکرا ل بـانـێ گـــــەردوون
بیناڤـــە ڕحـــا مــــەلێ جـــزیری
پێ حــەی ب کـرا عــەلی حــەریری

کـەیفـەک وە ب دا فـەقـیـهـێ تەیران
حــەتتــا ب ئەبەد ب مــایی حــەیران
چ بکم کـو قــەوی کــەســـادە بازار
نـینن ژ قـــومـــاشـێ را خـــەریدار
خاسما د ڤـێ عەسرێ دا کو هـمیان
مـەعشووق و حـەبیبـە بۆمە هەمیـان

خـانی دەڵێ: بایی ئەوەندە سـامـانی گیـانیـی نەتەوایەتیـمـان هەیە شـانازی پێوە بکەین، بەڵام دام و دەسگا و کەسـایەتیمان بڵند نەبووە تا بگاتە ئەو پلەیەی گیـانی پاکی شـاعـیرانی گەورەی وەکو عـەلیی هـەریری و مـەلای جـزیری و فـەقێی تەیران پێی شاد بێ.

لە پاشانا شاعیر دەکەوێتە ئامۆژگاری و دەربڕینی هەموو ئەو کەموکوڕییانەی بوون بەهۆی دواکەوتنی کورد.

یـەعـنـی ژ تـەمـــــــەعێ دراڤ و دیـنـار
هـەر یـەک ژ مـــــــەرا وە بـوونـە دلدار
گـــەر عـیلمێ تـەمـام ب دی ب پوولەک
بفـــرۆشـی تو حـــیکمـــەتێ ب ســۆلەک
کـەس ناکـەتە مـەیتـەرێ خـوە جـامێ
ڕا نـاگـــرتـن کـــەســـــەک نـیــــزامێ
وەقـتێ کـو مــە دی زەمـانە ئـەڤ ڕەنگ
فـیلجـوملـە ل سـەر دراڤـێ بوو جـەنگ
حــەز کـر مــە ببـینە کـیـمـیـاگـەر
گـاڤـا کـو مـەدی نـەبوو مـویەسـسـەر
نیـسـفـیـیـە مـە پێلەکی عـەمـەل کـر
تەسـفـیـیـە بێ جـەوهـەرێ دەغـەل کـر
قـــەلبێ مـــە نـەکـــر قـــەبوولـێ حـــیلـە
قـــەت بۆ غـــەرەزێ نەبـوو وەســـــیلـە

دین چوو و نەکەت ب دەست مە دینار
پاشێ ژ نەچاری بووینە سەفار
سفرێ خوەیێ خەف مە ئاشکەرا کر
قیرتاسییە بوو مە لێ دوعا کر
دەعوەت گەرییا ب سدق ئیجابەت
بوو واسیتەیێ قەزایێ حاجەت
ئەو پوول ئەگەر چ بێ بەهانە
یەک ڕوونە و ساف و بێ بەهانە
بێ حیلە وو خوردە و تەمامن
مەقبوولێ موعامەلا عەوامن
کرمانجییە سرفە بێ گومانە
زێڕ نینە ب بین سەپیدەمانە
سفرێ مەیێ سۆرە ئاشکارە
زیڤ نینە ببێن کو کێم عەیارە
نەقدێ مە مەبێژە کێم بەهایە
بێ سککەیێ شاهی شەهرەوایە
گەر دێ ب بووا ب زەربێ مەنقووش
نە دما وەهە بێ ڕەواج و مەغشووش
مەحبووب ب کەسێ نە نام زادە
لەو بەخت سیاه و نامرادە

زۆرانبازی لە نێوان ڕاستی و درۆ، چاکە و خراپە لە سەردەمی خانی لە پۆپەدا بووە، خراپە لە تای تەرازووی یەکسانیدا زۆر قورس بووە، چاکە زۆر سووک بووە، ئەمە کۆمەڵی کوردەواری بەرێوە بردووە، بەڵام خراپە هەمیشە لە جەوهەری دروستبوونی نەتەوەی کورددا نەبووە. خوو و ڕەوشتێکە لە دەرەوە بۆی هاتووە، بێگانە و دوژمن کوردی فێری ئەم خەسیەتە نالەبارە کردووە.

خانی لە چیرۆکی «مەم و زین» و غەزەل و قەسیدەکانی دیوانی شیعری خۆیدا گەلێک خەریکی باسکردنی پارەیە، مەبەس ئەو نەقدەیە کە لە مەعدەنەکانی زێڕ و

زیو و زەرد و هی دیکە دروست دەکرێ، ئەمە لە بەرهەمی ئەدەبیدا بووە بەڕەمزی «ڕەسەنی» واتە ئەو پارەیەی لە مەعدەن دادەڕێژرێ یەک قالبی هەیە، لەبەر ئەوە هەر چەندی لێ دابڕێژی هەموویان وەکو یەک دەبن، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو قالبە بنچینەییەدا قالبی تر دابڕێژرێ ئەو پارەیەی لەمە دروست دەکرێ «ڕەسەن» نابێ، لەبەر ئەوە پارە «ناڕەسەن» یا «قەڵب»ی پێدەڵێن. لە ئەدەبیاتدا ئەم دوو جۆرە پارەیە، یا سیککەیە بوون بەڕەمزی ڕەسەنی و ناڕەسەنی هەموو شتێک. لەناو شاعیرانی کورد خانی داهێنانی بەرزی لە شیعرەکانیدا هەیە لەم ڕووەوە. بەم جۆرە شاعیر لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرییە گەلێ هەڵوێست لە ژیانی کوردەواری ڕوون دەکاتەوە.

قیرتاسییەیا مە بێ پەناهان
بێ زەربێ قەبوولێ پادیشاهان
مەعلوومە ل با گەلەک عەلیمان
مەقبووله ل باگەلەک حەکیمان
لێ حاکمێ وەقتێ مەعریفەت ناک
مەسمووع نەکر ب سەمعێ ئیدراک
لەو ڕا کو ئەوی نەکر پەسەندە
بە ئەسل و نەسەبا خوە ئەو ڕەوەندە
میرێ کو ب ناڤ میرزایە
مەحزا نەزەرا وی کیمیایە
قەلبێد زەل دکەت بلووری
پوولێد دەغەل دکەت فلووری
سەربارى هەبن فلووسێ ئەحمەر
دەرحال دکەت ب یەک نەزەر زەر
ئەعلایی دکەت ب قەهرێ ئەدنا
ئەدنایی دکەت ب لوتفێ ئەعلا
پاشان دگرت وەکی ئەسیران
ئازا دکەتن وەکی فەقیران

هــەر ڕۆژێ هــەزارێ بــێ نــەوایــان
هەر لەحـزە ب لوتفێ ســەد گــەدایان
زەنگین دەکـەتن ب دەستێ هیـمـمـەت
حـیکمـەت ئەوە ناکــەتن چ مـیننەت

خـانی باوەڕی تەواوی بە«قـەدەر» هەیە، زانایانە و بە بۆچـوونێکی فـەلسـەفـیـانە ئەم تیـۆرییـە بۆ حـاڵی مـیللەتی کـوردی سـەردەمی خـۆی بەکـاردێنێ. لەو کـاتەی لەسـەر ئەو باوەڕەیە «قـەدەر» هەرچی بیەوێ دەیکا، یا چۆنی بۆ دانرابێ دەبێ بێتە دی ئاوڕ لە «هـیـمـمــەت»یش دەداتەوە، ئەمــە لەلای شـاعـیـر ڕەمـزی کـارکـردنە، ئادەمزاد بەکۆشش و تەقەلا و هەوڵدان دەتوانێ ئامـانجی بهێنێتە دی. بەم چەشنە بەلای ئەوەوە کورد دەتوانێ بگاتە ئامانجی ئەگەر ئەو هەلەی چنگ بکەوێ.

خانی بەم دێڕانە دوایی بەم برە شیعرەی دێنێ:

گــەر دێ وی نەزەر بدا مــە جــارەک
ئیکسـیـرێ تەوەجـجـوهـا مـوبارەک
ئەڤ قــەول هەمی دکـرنە ئـەشـعـار
ئــەڤ پــوول هــەمــی دبــوونــە دینـار
ئـەمما نـەزەرا وی زێدە عـــــامــــــە
لەو خـــــاسـێ نـەزەر ژ دل نەدامــــە
ئەو ڕەحـمــەتێ خـاسـە بۆ عـەوامێ
یـارەب! تـو ب دی وی هــەر دەوامــێ

ژیری و بلیمەتی خانی وەک سیاسی و موسلیحێکی کۆمەڵایەتی ئەوەندەی باری قـورسی نالەباری دواکـەوتوویی کورد دەخـاتە سـەر شـانی کورد خـۆی و بەتایبـەتی سـەرکـردەکـانی ئەوەندە بێگانـە و دوژمن تاوانبـار ناکـا. کـەم کـەس لەناو کـۆمـەڵی کوردەواری تا ئێسـتـاش وەکـو خـانی بیردەکەنەوە، ئێمـە زۆرتر بـەرپرسـیـارین لە دواکەوتنماندا، بێگانە و دوژمن کەمتر.

سـەرەتای مەم و زین

خانی بەسـەرهـاتی مەم و زین بەشـیعری سـاقی نامە دەست پێدەکا، گیان لەناو

گێتی سۆفیزمدا دەتوێنێتەوە، گەلێ ڕەمز و زاراوەی سۆفیزم بەکاردێنێ بۆ کێشانی وێنە تەماوییەکانی کە خاوەن دڵان مەست و سەرخۆش بوون لەم گێتییە ئەفسووناوییەدا بەبادەی مەیی کردگاری. ئەم سەرخۆشە خوداییانە پرتەو لە دڵداری مەم و زین وەردەگرن.

شاعیر دەڵی:

ســـازێ دلێ کـــول ب زیڕ و بـەم بت
سـازندەیی عیـشـقا زین و مـەم بت
شــەرحــا غــەمـێ دل بکەم فـســانە
زینـێ و مـــــــەمـێ بـکـەم بـەهـانـە
نـەغـــــــمـی وە ژ پـەردەیـێ دەریـنـم
زینـێ و مـــــەمـێ ژ نـوو ڤـــــەژینـم
مــەعلوول بووین حــەبیب و عــاشـق
ئـیــــرۆ هـە وەکی تەبیـــبێ حـــازیق
دەرمــــــــان بکم ئـەز ئـەوان دەواکـم
وان بـێ مــــەدەدان ژ نووڤــــە ڕاکـم
دەردێ د دلـێ مــەمـێ جــەگــەر ڕیش
زینـا ژ دەروونـێ دل جـــەفـــاکـــێش
وێ پەردەگـەیا عـەفـیـفـە مـەسـتـوور
وێ بـێ گــونـەهـێ ژ توهـمــــەتێ دوور
مـەشـهـوور بکەم بـەتەرز و ئوسلووب
مـوممتـاز بـبن مـوحـیـبب و مـەحـبـووب
ئەو ڕەنـگ بکەم ژ نـووســـەر ئـەفـراز
دا بێـنـە تـەمـــــاشـــــەیـێ نـەزەر بـاز
دلبــــەر ل مـــــەمـێ بـکـەن گـــرینـێ
عـــــــاشـق بـکـەنـن ب دەردێ زیـنـێ

بەشێوازێکی شاعیرانە خانی لەم برە شیعرەدا پەنجە بۆ دوو مەسەلە درێژ

دەکا، یەکێکیان ئەوەیە لە پەنای ئەم بەسەرهاتە دڵدارییەی مەم و زین بیرورا و بۆچوونەکانی لە بارەی ژیانی ئادەمزاد و چارەنووس و دواڕۆژی کورد دەردەبڕی؛ دووەمیان مەم و زین جارێکی دیکەش دەژیێنێتەوە، واتە لە حیکایەت و بەسەرهاتەکانی ئەدەبی میللی بەرهەمێکی بەرزی کلاسیکی دروست دەکاتەوە.

ئەم بەشەی «مەم و زین»ی خانی، ناوونیشانێکی شیعرییانەی بۆ دانراوە وەکو لە چاپی یەکەمی ئەستەموولدا دەردەکەوێ «داستانی گێڕانەوەی نەورۆزی سوڵتانی، ناسراو بە مووسیمی خۆشی و شادمانی، بە نەریتی کۆنی کوردستانی، کە ئەوان پێیان دەوت سەرساڵ و دەیانژمارد بە جەژنی ویساڵ».

کۆتایی ئەم بەشە شیعرەی چیرۆکی «مەم و زین»ی خانی بەم دێڕە شیعرانە هاتووە:

ئەز پیلەوەرم نە گەوهەریمە
خود ڕستەمە ئەز نە پەروەریمە
کرمانجم و کۆهی یو کەناری
ڤان چەند خەبەرێد کوردەواری
ئیمزا بکرن ب حوسنێ ئیلتاف
ئیسغا بکەن ئەو ب سەمع و ئینساف
ئەسحابێ غەرەز کو گۆه ب دێرن
عەیبان ب کەرەم ل من ڤەشێرن
ئاڤا رووی شاعیرێ نەڕێژن
گەر مومکینە یێکە ڤەنج بێژن
سەهوو غەڵەتان نەکەن تەعەجوب
تەئویل بکەن ژ بۆ تەعەسوب

لەم شیعرانەدا خانی ڕوودەکاتە خوێنەری کورد و داوای لێ دەکا بەچاوێکی زیرەکانە و دڵێکی پڕ لە سۆز بنوارێتە ئەم بەرهەمە شیعرییە، شاعیر لە کۆمەڵی کوردەواری پەروەردە بووە و بۆ کوردی نووسیوەتەوە، داوا دەکا هەموو شتێکی کە لەم داستانەدا هاتووە پێویستە بۆ چاکەی کورد لێک بدرێتەوە.

نەورۆز و خاکی کوردستان

بەهار و گوڵی نەورۆز هەنگامی دیداری دڵدارانە، لەگەڵ ژیانەوەی سروشتدا ئەلقەکانی پێوەندیی ئادەمزادانی کۆمەڵ بەیەکتریەوە دەبەسترێنەوە، دڵدار و دلبەر، عاشق و مەعشووق، کوڕ و کیژ یەکتری دەدۆزنەوە. ئەو گیانە پاکانەی لە خەوندا بەیەکتری گەیشتوون، لە نەورۆزی بەهاردا لەسەر زەوی حەقیقەت بەیەکتری دەگەن.

خانی لە وەسفی نەورۆز و بەهاردا دەڵێ:

دانایێ موعەممەرێ کو هەن سال
ئەڤ ڕەنگە هە گۆ ژ بۆمە ئەحوال
گۆ عادەتێ پێشی یێ زەمانان
ئەڤ بوو ل هەمی جەه و مەکانان
وەقتێ وەکو شەهسوارێ خاوەر
تەحویل دکر د ماهێ ئازەر
یەعنی کو دهاتە بورجێ سەر سال
قەت کەس نە دما ل مەسکەن و مال
بیلجوملە دچوونە دەر ژ مالان
حەتتا دکەهشتە پیر و کالان
ڕۆژا کو دبوویە عید و نەورووز
تەعزیم ژ بۆ دەما دل ئەفرووز
سەحراو و چەمەن دکرنە مەسکەن
بەیدا و و دیمەن دکرنە گولشەن
خاسما عەزەب و کچێد باکیر
ئەلقیسسە جەواهیرێد نادیر
تێکدا د موززەیەن و مولەببەس
ڤێکرا ل تەفەرروجێ مورەخخەس
لێکین نە ب توهمەت و ب مینەت
بەلکی ب تەریقێ شەرع و سوننەت

لەو را کــو ئەوان عــەرەز ژ گــەشـــتێ
مـــەقـــســـوود ژ چوونـی یا ب دەشـــتێ
ئەو بـوو کـــو چ تالیب و چی مـــەتلووب
یەعنی دوو تەرەف موحیبب و مەحبووب
ئەڤ هـەردوو جـەلەب کـو هەڤ ببـینن
کـــوفـــوێد خـــوە ئەو ژ بـۆ خـــوە بینن

لەم دیمەنی بەهارەدا هەموو کەسێک لە سەیرانکەران بە ئارەزووی خۆی دەگا، هەر کوڕێک بووکی ون بووی خەونی دەدۆزێتەوە، هەر کچێک جوامێری بزر بووی خەیاڵی دەبینێتەوە.

بەم جۆرە خانی لەسەر وەسفی سەیرانی نەورۆز دەڕوا و دەڵێ:

دەورا فـــەلەکێ ژ بـەخـــتێ فـــەیرووز
دیســـان کـــو نومـــا ژ نووڤـــە نەورووز
مـــــەبنی ل وی عـــــادەتێ مـــــوبارەک
شـــەهری و ســپــاهیـــیان ب جــارەک
بـاژێڕ و کـــــەلات و خـــــانی بەردان
تەشـــبـــیـــهێ ب نەژدەیان و جـــەردان
سەف سەف د مەشینە کۆه و دەشتان
ڕەف ڕەف دەخشینە سەیر و گەشتان
ئەسنافێ ئومـــەم ســیـــغـــار و کـوببـار
قـەتعـا ڤـــە نەمـا د شـــەهرێ دەییـار
هـنـدەک ب پـەیایـی چوونە بـاغـــــان
هـندەک ب ســـــواری چوونە ڕاغــــان
هـندەک ب تـەبایـی یو ب کــــەســــرەت
هـندەک ب هەڤـــالی یو ب وەحـــــدەت
ڕابـوونەوە خــــــانم و خـــــــەواتـین
وان ژ تـژی گـــول کـــرن بـەســـــاتـین

حووران کره مەسەکێ خوە جەننەت
بێ پەردە وو بێ مەلال و مینەت
دووشیزە وو دوختەر و ڕووالان
پاکیزە عوزار و زلف و خالان
ئەتراب و کەواعیبێد عەزرا
موردان و مواهیقێد زیبا
ئەسحابێ قوماشێ لوتفێ ڕوخسار
ئەربابێ مەتاعێ حوسنێ دیدار
وان لێک دکرن مەتاعێ یەک عەرز
تەخمین دکرن ب توولێ وەلعەرز
سەودا کەرێ عیشقێ بوون د بازار
هەم بائیعی حوسن و هەم خەریدار
سەرسالی یو باکیر و ڕووالان
سەد سالی یو جوان و پیر و کالان
سەر سالی ل ڕەسم و ڕاهێ مەعهوود
گێرانە د چوو مەقامێ مەحموود

خانی لەم پارچە شیعرەی «مەم و زین»دا سێ سەد ساڵ بەر لە ئێستا وەکو بڵێی وەسفی ڕۆژی نەورۆزی سەردەمی ئێستامان دەکا، پۆل پۆل خەڵکی بەگەورە و بچووک، ژن و پیاو، کوڕ و کچ ڕوو دەکەنە مێرغوزار و دەشت و بەهاری نەورۆز، شار چۆل دەبێ، سروشتی ڕووتی زیندوو ئاوەدان دەبێ. لەم گەنجەفە و سەیرانەدا، لەم ڕۆژە پیرۆزەدا جوانی بەدڵداری دەکرێ، هەزاران دڵدار دڵیان دەچێتە هەزاران شۆخ، ئەمە دەستووری ژیان و بوون و تەبیعەتە، کوڕێک و کچێک لەوانە، یەکێکیان «مەم»ە و ئەویتریان «زین»ە.

بەکری مەرگەوەڕ

بەکری مەرگەوەڕ دروشمی ناپاکی و دوو ڕوویی و چلێسی و خیانەت و جاسووسییە، هەرچی خراپە هەیە لە کۆمەڵی ئادەمزاددا لە کردەوەی ئەم

بەدفەڕەیە. ڕەنگ و دەنگ، بەرنامە و پیلانەکانی لە ئیش و کاری شەیتان و ئیبلیس و ئەهریمەنی هەموو ئایین و فەلسەفەکان وەردەگرێ.

قــارەمــانی ئاژاوە و گــیــروگــرفت و تـەنگوچەڵەمــەی نێــوان مــەم و زین و نەگەیشتنیان بەیەکتری ناوی بەکری مەرگەوەڕ بوو. خانی بەم جۆرە لێی دەدوێ:

ئەلقیـسـسـە ب ئیـقـتـیـزایێ خـیلقـەت
مـیـرێ ب کـەمـال و عـیـزز و ڕیفـعـەت
ڕاگــرتی ژ بۆ خــوە دەرگــەڤــانەک
فــەتتــانێ زەمــانە ســەی پسـانەک
دائـیـم ل دەرێ وی قــــاپـوچی بـوو
قــەللاع و قــەلاش و قــاوەچی بـوو
ئەمما ب نەســەب نە مــەردێ بۆهتــان
بەلکی مــوتەوەللیــدێ ژ بوهتــان
ئـەسلێ وی دبێن ژ مــەرگــەڤــەر بـوو
مەحزا وی بە شـەڕ ب شۆڕ و شـەڕ بوو
نـاڤێ وی مــونافــیــقی بەکــر بـوو
بـەلکی ژ بەلووقــیــیــا بـەتر بـوو
مــەنناع و مــوزەبزەبین و ئیــبلیس
خــەدداع و خــەبەر بەزین و تەلبـیس
شـاگـردێ شـەئامـەتا وی شـەیتـان
شــەرمــەندە ژ گــۆتنا وی بۆهتــان
بـەد چەهرە ژ ڕەنگێ دێو و کــابووس
بەد فـیـعل و سـتـیـزەکـار و سـالووس
تاجــدین دگــۆتە مــیــر عــەیانی:
مــیــرم! بکە دەر ڤی دەرکــەڤــانی
ئەڤ لائیــــقی دەرگــــەهێ تە نینە
ئەڤ کــەلبــە نەهـین درە ب کــینە

خانی له بنجدا بەکری مەرگەوەڕی لە پێناوی دروستکردنی کێشە و تەنگوچەڵەمەیێکی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە. لێرەدا دڵداریی مەم و زینی کردووە بەبەڵگە بۆ دیاردەیێکی نەوەکو تەنیا کۆمەڵایەتی بەڵکو دڵدارییێکی بەهێزی ئەوتۆ کاکە مەم و خاتوو زین خۆیان لە گێتیی میتافیزیکی سۆفیزمدا بدۆزنەوە. وە بەکری مەرگەوەڕیش وەکو شەیتان پێچەوانەکەیە لە هەموو دیاردە و فەرمانێکدا. هەموو ئەو وەسفەی لە ئایینەکاندا بۆ شەیتان کەوتۆتە ناوەوە، خانی بۆ بەکری مەرگەوەڕی بەکارهێناوە.

## ڕاز و نیازی زین لەگەڵ مۆم

خانی بەناوی زین موناجاتێک دادەهێنێ گۆیا لەگەڵ مۆم قسە دەکا. بەراورد لە نێوان ئەوەی لەناو دڵی خۆیدا هەیە لەگەڵ چارەنووسی مۆم لەکاتی سووتان و پژاندنی ڕووناکی و تیشکی ناو دەروونی:

دەم شەمع دکر ژ ب خوە دەمساز
کای هەمسەر و هەمنشین و هەمراز
هەر چەندی ب سۆهتنێ وەکی من
ئەمما نە ب گوهتنێ وەکی من
گەر شوبهەتێ من تە ژی بگۆتا
دێ من ب خوە دل قەوی نەسۆتا
دەردێ من و تە ژ یەک ب فەرقە
ئەو فەرقە ژ غەربێ تا ب شەرقە
مەشریق تویی ئاگرێ تە زاهیر
مەغریب ئەز و باتینێ من ئاگر
دائیم دسۆژت مە ڕستەیێ جان
تە ناسوژتن ب غەیرێ ئەزمان
پێهتی مە ل سەر د دل پەرەنگە
جانێ مە دگەل پەرەنگێ جەنگە
شەوقەک تە ل سەر سەری دیارە
سەودایەکە سەر سەری دیارە

ئـەو شـــــــەوق ژ بـۆ تـەرا زەبانـە
ئـەڤ پێـــــهت ژ بـو مـــــەرا زیانـە
بێــهـتــا ژ دلـێ مـە دایـی سـەرسـەر
حـوکـمێ دکـەتـن ل بایێ سـەڕسـەڕ
هـەرچـەند ب شــەڤ دەمــینـی بیـدار
سـوبحـان دنڤـی هـەتا ڤـە ئێـڤـار
ئێڤار و سەحەر ب ڕۆژ ئەگەر شەڤ
ئەز هـەر دسـۆژم وەسـا ل سـەر هەڤ
گـەه گـەه ژ دەسـتێ دلـێ بریندار
نـاچـار دبـوو ژ جـــــانـی بیـــــزار

ڕووناکی و گـەرمی مـۆم بەسـەرهـاتێکی لەبن نـەهاتووی نەمـرییـە، دڵداران پێی دەژین، هـەرچـەندە کـارێکی گـەلێ سـەخـتـە بـۆیان، بەڵام مـایـەی هـەمـیـشـەیی و جاویدانییە. خانی زین لە تیشک و ڕووناکیدا دەبینێ لەم شیعرانەدا، ئیتر ڕێی بۆ خۆش دەکا لەگەڵ پەپوولە موعادەلەیێکی دیکە دروست بکەن.

## ڕاز و نیازی زین لەگەڵ پەپوولە

پەپوولە لێـــرەدا بەمـــانای «پـەروانە» هـاتووە، لـەگــەڵ مــۆم دڵدار و دلبـــەرن، ڕووناکییـەکـەی پرتەوی گیـانی خۆشـەویستییـە، گەرمـاییـەکـەی ڕەمزی سـووتانی عاشقە. زین ڕوو دەکاتە پەپوولە و ڕاز و نیازی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێ:

پـەروانـە دکـــــر ب ئـاتـەشێ غـــــەم
پـەروانـە دکـــر ژ بـۆ خـــوە هەمـــدەم
کـــای تائیــرێ ئاشــیـانێ فـیـرقــەت
وەی بلبلێ بۆســـتـــانـێ حـیــرقــەت
ئەی حـوجـجـەتێ عـاشـقـێد سـائیب
وەی مـوبـتـیلێ مـوددەعی یێ کـازیب
مـــەردانـە دبـەخـــشی جـــانێ ئـەرزان
حـــەیفــا کــو ب مـــر گــەرانـی لەرزان

ناوەسـتی دەمـەک ل بـەرهـەوایی
ناپوخـتـە تـەلـەب دکی فـەنایی
ئەو لەز ژ تەرا گـەلەک قـوسـووره
ئـەو لـەرزە ژ بـۆ تـەرا فـوتـووره
بێ سـەبری یو بێ سـوکـوون و بێ تاب
لـەورا خـوە دکی ب زوویی پـر تـاب
ناپوخـتـەیی عـەیبـەکـە تـەمـامـە
مـەتبـووخ دبێـژنێ کـو خـامـە
پوخـتـە دسـۆژن مـەگـەر چ جـاران
فـانـی ڤـە دبن ب نـوور و ناران
باقی دگـەرن وەکی سـەمـەندەر
وان جـیـسـم دبیـتـە جـانێ ئەنوەر
وێ جـیـسـم مـونەووەرا وەکی ڕووح
بـەیزا قـەمـەرا مـوقـابـەلەت بـووح
یەک زەڕڕە ژ ئاسـمـان و عـەردان
نه د مـا کـو نەکـەت دگـەل خـەبەردان
ژ ئەڤ ئادەمی یێـد سـاحـیب ئەغـراز
مـەحزا دکـر ئیـحـتـیراز و ئیـعـراز
فـیکرا خـوە دکـر ژ ئینس و جـانان
سـیـڕڕا خـوە دگـوتە بێ زەبانان
سـەر تا ب قـەدەم غـەریقێ غـەم بوو
نەقـشـێ دل و جـان خـەیالێ مـەم بوو

زین کە گفتوگۆی لەگەڵ مۆم دەکرد مەبەسی ئەوەبوو ڕووناکی و گەرمایی مۆم ڕەنگی لە دڵداری داوەتەوە. لەم دیمەنەدا کە زین لەگەڵ پەپوولە قسە دەکا بێگومان ئەمەش لایێکی دیکەی دڵدارییەکەیە، لێرەدا پێوەندی «ڕووناکی» و «پەپوولە» موتلەقێک دروست دەکا، ئەمە لەگەڵ دوو موتلەقەکەی دیکە «مەم» و «زین» سێ

کوچکەیێک پێکدێن و دەبن بە«یەکەیێک»، وەک خانی دەڵێ خەیاڵی مەم لەناو دڵدا هەڵکەندراوە، سڕینەوەی بۆ نییە هەتا هەتایە.

## ڕاز و نیازی مەم لەگەڵ دیجلە (ڕووباری جزیرە)

مـوناجاتـی مـەم لەگـەڵ زێی دیجلـە پەردەی شـانۆییێکە وێنـەیێکی داهێنـەرانە لە هونەری شـیعری کوردیدا دەخاتە ڕوو. خـانی بەزمانـی مەم وەسـفی کەف و کوڵی دیجلە و بێ ئۆقرەیی دەکا، ئەو هەمـوو جێ و مـەکانانـە دەگەڕێ تا دەگاتە بەغدا، مـەم داوای ئەوە دەکا ئاورێکیش لەو بداتەوە و بچـێـتـە لای بۆ ئەوەی بـزانـێ لەناو دڵیدا چییە:

کـای شــوبـهــەتی ئەشکێ من ڕەوانە
بێ ســەبر و ســوکــوونی ئاشــقــانە
بێ ســەبر و قــەرار و بێ ســوکــوونی
یان شــوبهــەتـێ من تو ژی جنوونی
قـــەت نینـە ژ بۆ تـە را قـــەرارەک
غــــالیـب د دلـێ تـە دانـە یـارەک
هـەر لەحـــزە تـە ژی چ تێـتــە بیــرێ
ســەرگــەشــتــە دبی ل ڕەخ جــزیرێ
ئەڤ شـەهرەیە گـەر ژ بۆتە مـەحبـووب
حـاسـیل گـەڕییـایە بۆتە مـەتلووب
دائیـم د دلـێ تـە دانـە مـــــەنزیـل
دەســتـێ تە ل گــەردەنـێ حــەمــائیل
هێــژا ژ خـــودێ تو فــیکر ناکـــەی
هـەر ڕۆژ هەزار شـــوکـــرێ ناکـــەی
ئەڤ چەندە دکـــەی هـەوار و گـــازی
ئێـــدی چی مـــورادەکێ دخـــوازی
بێـــهـــوودە چرا دکـــەی تو فـــەریاد
ئـاوارە دچـی دیـارێ بـەغـــــــداد

گـــــەر ئەز بـگریم و گـــــەر بنـالـم
وەر ئـەز بمـرم و گـــــــــەر بـکـالـم
هــەرچــی وەکـــــــو ئـەز بکـم ڕەوایـە
مـــەعـــقـــوول ژ بـۆ مـــەرا فـــەنایە
جـــــارەک ل دلـێ م ژی گـــــوزەر کـــە
سـەر چەشمـەیێ چەشمێ من نەزەر کە
دەردێ دلــێ مـن کـــــــــو بــێ دەوایـە
چەشـــمێ تـەڕێ من چ مـــاجـــەرایە؟
دێـوانـەمـــــــــــە مـن پـەری بـدەردا
ئـەز دیجلـەمـــە زەبنـەرێ مـــەبـەردا
وەســتـانـی یو نێـرگـزی یو سـەقـلان
دەروازە وو عـــومـــــەری و مـــــەیدان
ڤان سـەیرگـەهان تو لێ دکەی گـەشت
ئـەز مـــامـــە ژ بـۆ مـــرا دەر و دەشت

مـەمی سـەرگـەردان و ئاوارەی تەجـرید لە خـۆ تەنیـا دەر و دەشـتی بۆ مـاوەتەوە، کەچی گەشتی دیجلە بێ کۆتاییە، سنووری گەڕانی ئەو بێ پایانە، سـەر لە گەلێ سـەیرانگا و ئاوایی هـی وەکو وەسـتانی و نێرگزی سەقلان و دەروازە و عومەری و مـــەیدان و هی دیکە دەداتەوە، ئـەمـــانە ئاوەدانی و گـوند و دێهـاتـی دەوروبەری ڕووباری دیجلەن لە باکووری کوردستان.

## ڕاز و نیازی مەم لەگەڵ بای شەماڵ

لەو کـاتەی خـانی ڕووبـاری دیجلەی کـردووە بە ڕەمـزی دڵداریی ڕاست لەم بڕە شیعرەیدا بای شەماڵی کردووە بە پەیامنێر بۆ ئەوەی پەیامی دڵی ببا بۆ دلبەر و بەسەرهاتی بۆ بگێڕێتەوە:

گـــەه بـەحس دکـــر دگـــەل ســـەبایـێ
شـــــەرحـــا غـــەمێ دل دگــــۆتە بایـێ

کای جیسمێ لەتیفێ شوبهەتی ڕووح
دەرگاهێ بەدەن ل بەر تە مەفتووح
ئەز هیڤی دکەم کو بێ تەوەققوف
ڕەنجیدە قەدەم بەبێ تەکەللوف
جارەک هەڕە سوودەتولسەعادەت
گاڤەک هەڕە سیدرەتولنیهایەت
ئەووەل تو ب بۆسە ئاستانێ
پاشی هەڕە پێشی دلستانێ
ئەمما ب تەوازوع و ب تەعزیم
سەد مەرتەبە ئیحتیرام و تەکریم
ئاهەستە ژ بۆ بکە دوعایێ
وا بەستەیێ وێ بکە سەنایێ
شایستە بکە تو ئیحتیرامێ
دەست بەستە ڤەوەست بکە سەلامێ
پاشی حەرەکەت کە پێشڤە چاپوک
سیقلەت نەگەری ل تەبعێ نازوک
ئەڤ نامە کو خوون دلی میدادە
ئەڤ سەفحە کو مەردومەک سەوادە
پەردێ مە لڤین ژ بەر جەمالێ
تەنها بدە دەستی عەرز و حالێ
زینهار! دبا نەکی نیقابێ
گاڤا کو د خوونتن کیتابێ
بێژێ ژ مەدا کو پادشاهم
(بەندەن ئۆنا سۆیلە) قیبلەگاهم
لەو مەتلەعێ نووری زولجەلالی
لەو مەنبەعێ کەوسەرا زەلالی

لەو مـــەنزەر و مـــەزهـەرا ئيـــلاهـی
ئـەم بـوتـە گـــــەدا تـو پـادیشـــــاهـی
دا بۆ مـە ب حـەقـقـێ مـوتتـەسـیف بی
دەرحـەق مـە عـادیل و مـونسـیـف بی

بای شـەماڵ وەکو پـەیامنێر لە ئەدەبی کلاسـیکی میللەتانی هـاوسێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاردەیێکی هونەرییـە، دەوری گـرنگی هـەیە بەتایبـەتی لە چیرۆکی شیعریدا. ئەم وێنەیەی شاعیری کوردی ئێمە خانی بەزمانی مەمەوە وەک پەیامێک بەنووسین دەکەوێتە بەرچاو و بای شـەماڵ بۆ زینی دەبا، بەڵام بەڕاسـتی ئەم پارچە شـیـعرە وێنەی مـونـاجـات دەنوێنێ، دڵداریی مـەم و زین بووە بەدڵداری حـەقیـقی و مـەم چۆکی داداوەتەوە و ڕووی کـردۆتە بارەگای خـودا و لـەگـەڵ ئەودا قسە دەکا، بەڵگەکەش ئەو گیانی خوداییيەیە کە لە زیندا خۆی دەجلوێنێ.

لەو شیـعرەدا خانی بـەڕستەیێکی زمـانی تورکی ئەوەی لە دڵی دایە دەری دەبڕێ «بـنـدن أونـا سـویلـه = Benden ona söyle» واتە (لـە زمـانـی منەوە پـێی بڵـێ). ئەو کەسەی پێی دەوترێ دیارە زینە و لێرەدا ڕەمزی عیشقی حەقیقییە.

## باغی میر زێندین

وەسـفی بەهاری سـروشتی خـۆڕسک و دەسکرد لەبەرهـەمی غـەزەل و قـەسیدەی خـانی لەڕێزی پشـتـەوە دەوەسـتی، لەوێ زیاتر بایەخ بەشـیـعری کـۆمـەڵایەتی و دانایی و فـەلسـەفـە و ئامـۆژگاری ڕۆشنبیران دەدا، کەمـتر وەسـف بەگشـتی لەو بەرهـەمـانەیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لـە چیـرۆکی مـەم و زین لـەگـەلـێ فـەسڵ و بابەتدا وەسـفی سـروشت و ئادەمـزاد، بەتایبـەتی دلبـەر، بەدی دەکـرێ، لە هـەندێ جێ وەسفێکی سادەی جوانی فۆتۆگرافیانە دەخاتە پێش چاوی خوێنەر.

لە وەسفی باغی میر زێندیندا دەڵێ:

باغــەک وی هـەبوو ئەمــیــرێ زێنـدین
بـاغـی ئیـــــرەمـێ دچـوو ب مـــــزگـین
هـەر دەوحـــــە ژ وی و هـەر تـویـوورەک
یەک قــەسـرێ ژ جــەننەتێ و حــوورەک

بۆ شــوشــتنی دەست و پێ و چاڤــان
کــەوســـەر کــر بوو ســەبیلی ڕێزوان
هەمــســەر ب مەقام سیدرە ســەروەک
مــانەندێ فــریشــتــە هەر تەزەروەک
تەشــبــیــە مــەمێ دل ســـەنەوبەر
سەد پارە ژ عــیشــقێ قــەد عــەرعــەر
نــارنج و تــرنج شــــــــوبــەی زینـێ
زەر بوویی ژ عــــیللەتا ئەڤـــینـێ
ســـێڤ و روتەب و ئەنار بۆســـتـــان
لیڤ و زەقـــــەن ئەنار پســــتــــان
شــمــشــاد و چنار هەمــقــەدەم بوون
خوەش سایەوەر و عەلی هیمەم بوون
زێڕین قـــەدەحـــێد مــەست لە ب ریز
ڕەیحــان و بنەفشە جوملە نەوخیز
مــەجــمــووعــەیێ خوزوورات و ئەزهار
شــیــرازەیا ســـەلســـەبیل و ئەنـهــار
سـەحنا ڕەزێ موجمەلەن کیتابەک
هەر قیتعە و و فەسلە فەسل و بابەک
گـــۆیا ب ئەدەب ئەدیبێ تەنجــــیم
سەر سەفحەیا باغێ شوبهێ تەقویم
جــەدوەل کر بوو ب حــەللێ ســیمــاب
شنگەرف سیفەت گولێد سیراب
ئەتراف ژ ســــونــبـــول و ڕەیاحین
ئەلوان ژ خوتووت سەبز و موشکین
هــەر یــەک دکـــــرن بەیانێ ئەحکام
بەختێ سیەه و سفیدە ئیعلام

لەم شیعرەیدا خانی وەسفی باغ و باغاتی مێرزێندین دەکا، بە لایەوە ئەوەندە

جوان و ڕەنگینە بە بەهەشتی دەچوێنێ، ئەم باغە هەموو جۆرە گوڵێکی تێدایە، هەموو جۆرە دار و درەخت و دەوەنێک ڕازاندوویەتیەوە، تەنانەت درەختی سیدرەش بەرچاو دەکەوێ، ئەو بنەدارەی لەلای دەستی ڕاستی بارەگای خودا لە ئاسماندا دەبینرێ، هەندێک دەڵێن ئەم بنەدارەی بەری لە گوێز دەکا لە بەهەشتی بەرینیشدا هەیە.

شاعیر هەموو جوانییە ڕووکەش و بەرچاوەکانی گوڵ و میوەی ناو ئەم باغە لەگەڵ ئەندامی لەشی دلبەرا بەراورد دەکا.

مەم لە بەندیخانەدا

خانی لە پێشەکی ئەم شیعرەی بۆ بەندکردنی مەمی وتووە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە چارەنووسی ڕۆژگار (قەدەر) سۆزی نییە، کینی هەیە، بەتایبەتی بەرامبەر بەدڵداری، لەبەر ئەوەیە هەرچی ئازار و پەژارە هەیە بۆ مەمی دروست دەکا و دەیخاتە زیندانەوە:

ئاخر د کەتن مەلوول و مەئیووس
مانەندێ مەمێ زەلیل و مەحبووس
داڤێژتە مەحبەسێ ب ناکام
داتینتە مەرقەدێ سەر ئەنجام
ئەو بەخت ڕەشێ لەقەب ل وی مەم
بێ هەمنەفەس و هەژال و هەمدەم
هاڤێنتە چالەکی ب زاری
تەشبیهـ ب گۆڕێ تەنگ و تاری
مەکرووهـ وەکی دەهانێ ئەژدەر
مەنکوور وەکی نەکیر و مونکەر
ڕوونیشت د وێڤە عابیدانە
زیندان ل وی بوویە چللەخانە
ئەو چەهـ ل وی بوویە چاهێ نەخشەب
ئەو مەهـ گەری یاهیلالێ یەک شەب

سۆفی کو گەهشتە کونجێ خەلوەت
شێخینی گەها مەقامی وەحدەت
گەھ شوبهەتێ عاشقان ب دلخواز
گەھ شوبهەتێ عابیدان ب داخواز
هەر لەحزە دگەل کەلا گرینێ
ئەڤ رەنگە وی دگۆتە زینێ
کای میسلێ حەرارەتا غەریزی
ئیرۆ هە د میسرێ دل عەزیزی
سەد جاری هەر و لە قەلبێ غەمناک
پیرا هەنێ سەبرێ من تەکر چاک
گەھ گەھ چ دبت وەکی زولەیخا
پرسا مە ب کی تو ئەی شەکرخا
لەیلا تویی ئەز ژ بۆتە مەجنوون
گولگون ژ تەرا سرشکێ پڕ خوون
فەرهادم ئەز و تۆ بۆ م شیرین
سەیلابێ سرشک جۆیێ شیرین

مەم تاقی تەنیا و بێ هەواڵ و هاودەم لەناو زیندانی وەکو گۆڕی تاریک دەکات دەباتە سەر. بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە هەمیشە موناجاتی تارمایی پەیکەری زین دەکا، ئیش و کاری تەنیا بیرکردنەوە بووە لە زین. هەموو دەمی لاواندنەوەی خۆی و یادکردنەوەی زین بووە، هەستی خۆی بەرامبەر بە زین لەگەڵ هەستی عەزیزی میسر (پووتیڤار) و مەجنوون و فەرهاد دەردەبڕێ بەرامبەر بەزلەیخا و لەیلا و شیرین. ئەمانە بوون بەڕەمزی دڵداری و چاکە و خۆشی و بەختیاری ئادەمزاد ئەو حاڵەتانەی مرۆڤ خەباتیان بۆ دەکا لە ڕۆژگارانی هابیل و قابیلەوە تا ئێستا.

ڕاسپاردە و وەسیەتی زین

خانی بەزمانی زینەوە هەست و نەستی ناوەوەی دەروونی دەردەبڕێ، هەمووی سۆز و لەخۆبوردن و خۆشەویستی مەمە. لەم برە شیعرەدا چاکەی بۆ کەسی

دووەم دەوێ کەساسی و دڵگرانی بۆ خۆی. شاعیر دەڵێ:

زینێ کـو نومـانە وان کـەرامـات
ئەڤ چەندە مـەنازیل و مـەقـامـات
ڕوونیشت و وەسییەتا خوە بۆ میر
ئەڤ ڕەنگە هە کر بەیان و تەقریر
کـای پادشـەهێ ڕوحـان و قـەلبـان
هەمـشـیـرە بوی فـیـدا وو قـوربان
قوربانێ تە بن هە ڕ و دوو سەد زین
ئەز هێـڤی دکم نەبی تو غـەمگین
ڕۆژا وەکـو بر مـە مـەم ژ بۆ خـوە
بیلجـوملە برن مـە غـەم ژ بۆ خـوە
مـەنسـوورِ بویم ل کـیشـوەرێ غـەم
غـەم بوونـە ژ بۆ مـرا مـوسـەللەم
مـەم بۆ من و مـەرحـەمـەت ژ بۆ تە
غـەم بۆ من و سـەلتـەنەت ژ بۆ تە
شـاهم ب مـرا مـەبە مـونازیع
ئەز بوومە ب حیسسەیا خوە قانیع
ڕوونێ تو ل تەختێ شوبهـ خوسرەو
تاجێ خـوەیێ زێڕ بگێـڕە کـەچرەو
بـەزمـا تـەڕەبێ ب دێڕە تـەرتیب
زەوق و فـەرەحێ بگێـڕە تەرکـیب
سـەرخـوەش بکە سـادە وو ڕەوالان
چون خـوەش کە ژ نوڤە پیر و کالان
ئەسـبـابێ نەشـات و کـامـەرانی
ئادابێ سـەفـا وو زیندەگـانی

زین لە وەسـیـەتەکـەیدا کـە بۆ مـیـر زێندینی دەکا وەکـو دانایێکی هۆشـیـار

دەکەوێتە ڕوو، وەکو ئادەمزادێکە کە خۆی تووشی غەم و پەژارە و دەردی سەری دەبێ، نایەوێ خەڵکی دیکە لە ژیاندا ئێش و ئازار بکێشن، ئارەزووی ئەوەیە میر زێندین هەمیشە گەورە و مەزن بێ، لە خۆشیدا بێ و دیوەخانی زەمزەمەی بەختیاری بپژێنێ.

لە کۆتایی وەسیەتەکەیدا زین دەڵێ:

دەرحەقێ من و مەمێ نەکەی عار
گاڤا دەمرت مەمێ بریندار
ئەز دێ ب جەنازەیێ وی ڕابم
حەتتا ڤە کە مەقبەران تەبا بم
وەقتێ دمرم بدەی تو دەستوور
دا من بکرن ل گەل وی مەستوور
من ژ ئالی وی دەربەدەر نەگێڕی
بێ پەردە دگەل وی من ڤەشێری
زینێ کو کرن وەسیەت ئاخیر
غائیب گەڕیا ژ دەردێ حازیر
میر گۆ: تو هەڕە مەمێ ببینە
گەر دێ مری بت ئەوی ڤەژینە
باوەڕ تو ب کە ب سیدق و ئیمان
بوومە ل تەوو مەمێ پەشیمان
گەر هوون بمرن، وە گەر کو ڕابن
نابیت تو وو مەم ژ هەڤ جودابن

ئەستووری بیروباوەڕی زین لەم وەسیەتەدا ئەوەیە میر زێندین کارێکی وا بکا لە دوای مردن زین و مەم لە یەکتری جودا نەبنەوە، چونکە لە گێتی ئادەمزاد بەیەکتری شاد نەبوون، پێویستە لە گێتی جاویدانیدا وەکو حوور و غیلمان پێکەوە بژین. میر زێندین بەڵێن بەزین دەدا ویست و ئارەزووی بهێنێتە دی.

دوا دیدەنی و مردنی مەم

کـە زین لە دیالۆجـەکـەیدا لەگەڵ مـیـر زێندین لێی جیـا دەبێـتـەوە ڕوو دەکـاتە کونجی غـەم و پەژارەی مـەم. خـانی بەم شـیـعرانە وێنەی خـۆ ئامـادەکـردنی زین دەکێشێ بۆ سەردانی مەم:

زینـێ کـو بـهـیـسـتن ئەڤ تەکـەللوم
ئەڤ مـیـهر و وەفـا و و ئەڤ تەڕەحـحـوم
ڕابـوو خــــەمـلـی ژ پـایی تـا فـــــەرق
بوو بەحری حوسنی د گەوهەران غەرق
دایین و ســتـی یو ســـەد پەرەســتـــار
خـورشـیـد و مـەه نوجـوومـێ سـەییـار
بیلـجـــوملـە ب دەرکــــەتن ژ بـورجـــان
دوڕدانـە ب دەرکــــــەتـن ژ دورجــــــان
ســـەد جـــارییـــە وو ســـتـی یوو دایـین
هـــلـگـرتــن ئـەوێ ب رەســم و ئـایــین

زین دەڕازێتــەوە، وەکـو ئـەوەی بڵـێی بۆ مـــەم بەبووک دەچـێ، ســتـی و دەســتــە خـوشکان، کـارەکـەر و پێش خـزمـەتان، بەڕازاوەیی دەکـەونە دوای زین، لە بەرزیی ئەم مەقـامە و بەهەند هەڵگرتنی ئەم دڵدارییە پاکەی نێوان مـەم و زین ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە سلاوی پاکی گەردوون و چەرخ و فەلەکیان لەم میهرەجانەدا دەگەیاندە گیانی دڵداریی مەم و زین.

زین بەبینینی مەم شادبوو، بەڵام دوا بەیەک گەیشتنی سەرەمەرگ بوو.

خانی دەڵێ:

دایین وســتـی کـو چوون ب ســەردا
هندی کـو ئـەوان دگـەل خـــەبەردا
گۆتن: کـو مـەمـۆ تو رابـە زین هـات
ڕووحــــاتەیە بێگومــــان یـەقین هـات

ئـەو تـەشـنـە لـەبـێ زەلالـێ دیـدار
شـــــاداب نـەبوو ب نـاڤـێ دلـدار
هـندی کـــو رەیا دلـێ کـــشـــاندن
هـندی کـــو گـــولاڤ لـێ ڕەشـــاندن

کە زین لەگەڵ مـەم ڕووبەڕوو بووبوونەوە، عـەرش و قورش لەنـاو غەمـدا خنکابوون. مـەم لە دوا هـەناسـەیدا بوو، بـەم ڕەنگە خـانی لە دەرچـوونی گـیـانـی مـەم دەدوێ لە کاتێک زین لەژێر سـەریەتی:

هێڤـی دکەین ئەم ئەوی ژ مـەعـبـوود
نینن مە ب غـەیری وی چو مەقسـوود
گـاڤـا ئەوی کـر تەمـەننی ئاخـیـر
دەرگـــاه ڤـەبـوو ل بەر وی حـــازیر
تەیرێ کـو قـەفـەس ل بەر ڤـەبوویی
ئەو ڕەنگ فـــــڕی وەکی نـەبوویی
دەسـتێد خوە ژ قـەیدێ گل کشـاندن
جـەنگێـد دلـێ خـوە ڕاوەشـــاندن
شـەهبـاز ژ قـەیدێ مـەرکـەزێ فـەرش
پەرواز کـر و گـەهـشـتـە زیلعـەرش

مـەم مـرد، زین بەتەنیا مـایەوە. خـۆشی لەلای زین ئەگـەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ناوەوە بووبـێ، لەبەر ئـەوە بووە چونکە مـــەم لەســـەر زەوی بوو، ئێـــســـتـــا زین لە خـــودا دەپاڕێتەوە بیبا بۆ ئەو گێتییەی مەمـی لـێ دەژی.

## زین گەشتی لای مەم دەکا

ئەوپەڕی ئاواتـی زین لەو سـەردەمـە پڕ ئێش و ئازارەدا ئەوەبوو بەزووتـرین کـات بگاتـە لای مـەم، چونکە لەسـەر ڕووی زەوی نەگـەیشـتنە یـەک. جـێی شـادییـە لە بەهەشتدا هەتا هەتایە لەگەڵ یەکتریدا بژین.

خانی لەم لایەنەوە دەڵێ:

زین هات و ب قـــامـــەتا ســـەنەوبەر
بوو سـەروی ل سەر وی سایە گوستـەر
بێ پـەردە مـــیـــســـالێ نەی دنالی
هێـســتــر دەوەرین عــەلانتــەوالی
عــەینی تە دگــۆ د فـــەسلێ نیــســان
دەریا ڕژییـــا ژ عـــەورێ دیســـان
بـاران کــــــو ل تـوربـەتـێ دبـاری
هــەر دانـە دبـوونـە دەهـ مـــــــراری
هـەردەم کـــو دکـــر ژ دەردێ دڵ ئـاهـ
وان مـــاتـەمـــیـــان نـەعـــووز و بیللاهـ
ڤـــێـــرا ب نـەوا دگـــرتن ئـاهـەنگ
هەر نەهـ فـەلەکان ب سـەر دکـەت دەنگ

زین لەسـەر مـەم وەکو نەی دەینالاند، فرمێسکی چاوی وەکو بارانی نیسـان بوو، ئاهـ و هەناسـە و نـاڵەی دەگەیشتـە هەر نۆ فەلەک و دەنگی دەدایەوە. لە دوای ئەم هەمـوو شـۆر و غـەوغـا و بـوومـەلەرزەیە لەگـەڵ دەرچـوونی گـیـانی زین لـە لەشی، هێمنی باڵی بەسەر زەویدا کێشا و هەموو شتێک کپ بوو و لە جوولەکەوت.

خانی بەموناجاتی خودا دوایی بەم شیعرە دێنێ، لە پاش پاڕانەوەیێکی بەکول لە خودا، دەڵێ:

یـارەب ب ئەشـکێ ئـالـێ مـــەجنوون
یـارەب ب ڕوویـێ لەیـلـێ گـــولگوون
یـارەب ب مـــــەمـێ و وێ ئەڤـــینـێ
یارەب ب تـەحـــەســـســـورا ل زینـێ
وەقـتـێ کـو جــودا دکـەی ژ جـانی
بێ بەهرە نەکـەی ژ عیشـقـی خـانی

***

زاهیـر ژ وەرا سـەلیـسـە گوفـتـار
باتـین ب وەرا خـــەبیـســـە کـــردار

مـانـەندێ مـەمـێ ئەوێ مـرن جـان
تەشبـیهـ بەكـر ب بەخشـە قـەنجان

ئەمـە دوا ئـامـانجەكـانی خـانی بوو، ئـامـانجێكی لە گیانی ناوەوەی تاكی كۆمـەڵ وەرگـرتبـوو كـە دڵدارییـە، ئەوی دیكەیـانی لە هـەست و هیـوای كۆمـەڵی كوردەواری وەرگرتبوو كە سەربەخۆییە، سەركەوتووانە توانیویەتی هەردوو لایەن بخاتە قالبی بەرهەمێكی بەرز كە ناوی ناوە چیرۆكی شیعری «مەم و زین».

## كۆتایی چیرۆكی «مەم و زین»

لە پاش مـردنـی مـەم و زین خـانی لە مـەلحـەمـەكـەیدا بەردەوام دەبێ، بەهەناسەیێكی دانایانە و فەلسەفییانە فەسڵێك تەرخان دەكا بەناونیشانی «گیا لەسەر بنجی خۆی شین دەبێ»، ئامۆژگارییەكان بە شیعر بڵاو دەكاتەوە، هەروەها باس لە دڵداری ڕاست دەكا، ئینجا دێتە سـەر ئەوەی بێداری هەر بۆ خـودایە و هەمـوو شتێك كۆتایی پێ دێ ئەو نەبێ، بەم بڕە شیعرە كۆتایی تەواو بەچیرۆكی شیعری «مەم و زین» دێنێ:

وەڵلاهی ژ سـفـیـد یوو سـیـاهـی
وی قـەسـدوغـەرەز تووی ئیـلاهـی
ئەمما ب مـورەككەبا قـەبائیح
ڕوو ڕەش كـرنە گـەلەك سـەفـائیح
خەتتێ تەیە سەر نویشت و سەرمەشق
سیهـ سالە خەتێ خەتا دكەت مەشق
لەوڕا كـو دەمـا ژ غـەیب فـەك بـوو
تاریخ هەزار و شـیـست و یەك بوو
ئیـسـال گـەهشـتـە چل و چاران
وی پێـشـڕەوێ گـوناهكاران
ڤـێك دا ژ مـەناهیـان گـەلەك مـال
یەك پوول نەهن ژ خـوسنێ ئەعـمـال
ئەووەل كـو تە دا ژ عـیشـقێ مـەتلەع
ئاخـر بدێ وی تو حـوسنێ مـەقـتـەع

خانی بەموناجات کۆتایی بەچیرۆکی شیعری «مەم و زین» هێناوە. کارێکی یەکجار بەجێی کردووە کە هەندێ مێژووی تۆمار کردووە لە بابەت نووسینی «مەم و زین» و سەردەمی تەواوکردنیەوە. ئەمە بووە هۆی زانیاریی ڕاست و گرنگ لە بارەی لەدایکبوونی و کۆچی دوایی خۆی بخاتە ناو مێژووی ئەدەبەوە.

***

لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی گەلێ بەرهەمی ئەدەبی هەیە، بەتایبەتی «چیرۆکی شیعری» لە کۆنی کۆنەوە بووە بەدیارترین بابەتی گێتیی شیعری ئەو نەتەوانە. بەم جۆرە ئەگەر ئێمە شانازی بەوەوە بکەین چیرۆکی شیعری هونەرێکە باو و لە ڕووە لە ئەدەبی کوردیدا، بۆمان هەیە «مەم و زین» لە ڕێزی پێشەوە دابنێین، یا بەمەزنترین چیرۆکی شیعری بژمێرین لە سەرانسەری مێژووی ئەدەبی کوردیدا. «مەم و زین» لە ڕووی جوانکارییەوە بەرامبەر بەبەرهەمە ئەدەبییە گەورەکانی گێتی دەوەستێ.

## نووبهارا بچووکان

لە دوای دابەشکردنی خاکی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە ئەنجامی سەرکەوتنی عوسمانییان بەسەر سەفەوییانی عەجەم لە جەنگی چالدیران (١٥١٤)، لە کوردستانی باکوور بە بۆچوونی ئەو ڕۆژگارە کوردایەتی چەکەرەی کرد و دەستی کرد بەجوولانەوە. ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە مەلایان ئالای بە کوردی کردنی خوێندنی حوجرەیان هەڵکرد. لە بنەڕەتدا پەیدابوونی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی بەگشتی دەسکەوتێکی ئەو تاقیکردنەوەیە بوو. عەلیی تەرەماخی هەوڵی دانانی دەستووری زمانی دا، زانایانی دیکە مەشقی ئەوەیان دەکرد هەندێ لە زانستییەکانی ئەو سەردەمانە بەکوردی بنووسنەوە.

ئەحمەدی خانی لە هەموو کەسێک زیاتر نزیکی ئەو بیروباوەڕە بوو. ڕاستە خوێندنی منداڵی کورد لە پێناوی فێربوونی قورئان و زانستییەکانی زمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام بوو، بەڵام وانە وتنەوە بەزمانی کوردی بوو.

هەستی نەتەوایەتی پاڵی بە خانییەوە ناوە بەمەبەسی ئەوەی منداڵی کورد فێری زمانی عەرەبی ببێ، فەرهەنگۆکی «نووبهارا بچووکان»ی داناوە. گرنگی ئەم کارە لەوەدایە وشەی کوردی هێناوەتە ناو زمانی نووسینەوە، چونکە تا ئێستاش لە

حوجرەی مزگەوتی کوردەواریدا هەموو زانستییەکان پێوەندییان بەزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلامەوە هەیە، تەنیا قسەکردن و تەقریر بەزمانی کوردییە.

«نووبهارا بچووکان» فەرهەنگۆکێکە خانی بۆ منداڵانی کوردی داناوە لە پێناوی ئەوەی فـێـری زمـانی عـەرەبی بـبن. لە سـاڵی ١٦٨٢ تـەواوی کـردووە. لە فەرهەنگۆکەکەدا مانای دەوروبەری هەزار وشەی لێکداوەتەوە. کارەکەی بەشیعر هۆنیوەتەوە، وەکو دەستووری ئەو سەردەمانە. بێگومان ئەم جۆرە شیعرە شیعری فێرکردن و پەروەردەیی پێدەڵێن (دیداکتیکی = تەعلیمی).

«نووبهارا بچووکان» لە پێشەکییەک و سێزدە پارچە (قیتعە) پێکهاتووە، هەمووی زیاتر لە ٢٠٠ دێڕ شیعری گرتۆتە خۆ.

خانی لە پێشەکیی «نووبهارا بچووکان» دەڵێ:

بسم الله الرحمن الرحیم
مەبدەئێ هەر عیلمەکێ ناڤێ عەلیم
حەمد و سەناو و شوکرانی
ژ بۆ وی خالیقێ ڕەحمانی
کو فەساحەت و بەیان دایە لیسانی
لیسان دایە ئینسانی
هندی سەلەواتن هەمی
ل رەسوولێ مەئێ ئوممی
کو بوونە پەیڕەوێ د وی
عەرەب و عەجەم و کرمانج ڕوومی
ژ پاش حەمد و سەلەواتان
ئەڤ چەند کەلیمەنە ژ لوغاتان
ڤێک ئێخستن ئەحمەدێ خانی
ناڤێ نووبهارا بچووکان لی دانی
نە ژ بۆ ساحێب ڕەواجان
بەلکە ژ بۆ بچووکێت کرمانجان
وەکو ژ قورئانێ خەلاس بن
لازمە ل سەوادی چاڤ ناس بن

دا ب ڤان چەند ڕەشبەلەکان
ل وان تەبیعەت مەلەکان
دەرێ زیهنێ ڤەبیتن
هەرچی بخوەنت ڕەحمەتێ نەبیتن
ئومێدا مە ژ تفالان
کو مە عەمەل بەتالان
د وەقتێ دەور و دەرسان
بکن ئینعام و ئیحسان
ب دوعان مە بیرێ بینن
فاتیحا ژ مەرا بخوینن

لە دوای پێشەکی فەرهەنگۆکەکەی خستۆتە ناو ١٣ پارچە (قیتعە) شیعری کێشی عەرووزییەوە. کێشەکان بەم جۆرە دابەش کراون: چوار پارچە «ڕەجەز»ە، سێیانیان «هەزەج»ە، دووانیان «ڕەمەل»ە، چوار پارچەکەی دیکەیان هەر یەکێکیان لەمانەن «موزاریع» و «بەسیت» و «سەریع» و «موتەقاریب».

خانی پارچەی یەکەمی «نووبهارا بچووکان»ی بۆ موناجات و نەعت و مەسەلەی ئایینی تەرخان کردووە، باس لە خودا و پێغەمبەر و چوار خەلیفەی ڕاشیدین و چوار ئیمامی سوننییان و ئەسحابان (یارانی پێغەمبەر) و بەکورتی بەسەرهاتی پێغەمبەر دەکا.

لە پارچەی دووەمدا شاعیر دەچێتە ناو بابەتەکەوە. لە پێشانا وشە عەرەبییەکە دەخاتە ڕوو ئینجا ماناکەی بەکوردی دەڵێ، تا کۆتایی بە فەرهەنگۆکەکەی دێنێ.

خانی لەم کارەیدا تەنیا خۆی وەکو شارەزایێکی زمانی کوردی پیشان نادا، بەڵکو وەک زانایێکی گەورەی زمانی عەرەبی خۆی دەخاتە ڕوو بەتایبەتی لە زانینی زانستیی کێش و قافیەی شیعری عەرەبی کە عەرووزی پێدەڵێن.

## عەقیدا ئیمانێ

خانی «عەقیدە» کە بیروباوەڕی ئیسلامییە بەشیعری جووت قافیە (مەسنەوی) گرنگترین لایەنەکانی بەکوردی دەگێڕێتەوە. بێگومان ئەمە نویشکی چڕی گەلێ

لەو زانستیيانەيە كە لە حوجرە دەخوێندرێن بەمەبەسی شارەزایی پەيداكردن لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی.

ئەم بەرهەمەی خانی لەگەڵ هەموو بەرهەمەكانی دیكەی لە حوجرە و نێوەندی ئايينی لە باكووری كوردستان باون و ڕێزيان دەگیرێ. ئەگەر هەندێ بە وردی بنوارینە خانی لەبەر تیشكی ئەم بەرهەمەی دەبینین دیسانەوە سۆزی كوردەواری و ئەڤینی میللی هانی داوە ئەم بەرهەمە پەروەردەییيە دروست بكا بۆ قوتابیانی كورد، ئەگەر نا ئێمە دەبینین ئەو زانیارییانەی لەم كارەی خانیدا خراونەتە پێش چاو وەنەبێ لێكدانەوەيێكی قووڵ بن لە بیروباوەڕی ئايينی ئیسلامدا. خانی بۆ ئەم مەبەسە «عەقیدا ئیمانێ»ی نەنووسیوەتەوە بەڵكو بۆ ئەوەی بووە ئەم زانیارییانە بەكوردی بخوێنرێن، بەتايبەتی بۆ قوتابیان، لەبەر ئەوەيە پێویستە هەموو كارەكانی خانی لە گۆشەی نیشتمانپەروەری و كوردايەتی و مرۆڤايەتییەوە تەماشا بكرێن.

***

ئەحمەدی خانی خاسيەتێكی تايبەتی هەيە لەناو هەموو شاعیرانی كلاسیكی كۆنی كورد و بووە بەنموونەيێكی تاقانە لەناویاندا بەوەی هۆشیارانە چۆتە ناو گێتی هەردوو بابەتە كلاسیكییەكەی شیعری كوردی كۆن و تیایاندا سەركەوتووە. یەكەمیان شیعری خۆماڵی، مەرجی دیاریكراوی خۆی هەيە لە كێشی سیلابی و قافيەی تايبەتی و زمان و ڕەوانبێژی قەومی؛ دووەمیان شیعری ئیسلامەوی (غەزەل و قەسیدە)، ئەمەشیان كێشی عەرووزی و یەكێتی قافيە و زمان و ڕەوانبێژی تايبەتی خۆی هەبوو. ئەگەر فەقێ تەیران نوێنەری یەكەمیان بووبێ، مەلای جزیری سەرۆكی دووەمیان بووە، بەڵام خانی هەردووكیانی كۆ كردۆتەوە، لە گێتی یەكەمیاندا «مەم و زین»ی دروست كرد، لە دووەمیاندا هەموو بابەتەكانی غەزەل و قەسیدەی ئیسلامەوی هێنایە ناو ئەدەبی كوردییەوە.

كردەوە ئەدەبییەكانی خانی بیرفراوانی (شموولی) و خەياڵی بێ پایان و داهێنانێكی وەستايانە دەخەنە بەرچاو، لەبەر ئەوەيە بەرهەمی ئەدەبی ئەو شاعیرە مەزنە بوو بە بەشێك لە «بوون»ی نەتەوايەتی كورد.

مەلای باتەیی

بەشی چواردەم

# مەلای باتەیی

١٧٦٠ - ١٦٧٥

## ژیانی

ناوی حوسێنە، بە باتەیی ناوبانگی دەرکردووە. باتە (باتێ) گوندێکە لەناوچەی هەکاری کەوتۆتە لای ڕۆژهەڵاتی باشووری جۆلەمێرگ، مەلا حوسێن سەر بەئێلی ئەرتووشییان بووە، نازناوی باتەیی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لە شیعریدا تۆماری کردووە، لە پاشانا کە خوێندنی ئایینی تەواو کردووە بەمەلای باتەیی لەناو خەڵکیدا ناسراوە.

گەلێ کەس قسەیان لە مەلای باتەیی کردووە، بەڵام زۆربەیان زانیاریی کەسانی پێش خۆیان دووبارە کردۆتەوە، کاری بەکەڵک ئەو هەوڵ و تەقەلا و کۆششانە بووە کە لە ئەنجامدا برێ لە شیعرەکانی شاعیر دۆزراونەتەوە.

کۆنترین سەرچاوە لە بابەت ئەم شاعیرەمانەوە قسەکانی ژابایە کە دەڵێ: خەڵکی گوندی باتەی ناوچەی هەکارییە، شیعر و بەیتی زۆرە، دیوانی شیعری نایاب و چاکە، مەولوودنامەی بەکوردی نووسیوەتەوە، لە کوردستاندا بەناوبانگە، خەڵکی بەچاوێکی بەرز تەماشای دەکەن، نەوەد ساڵ ژیاوە، لە مەڵبەندی خۆی لە گوندی باتەدا نێژراوە.

وا دەردەکەوێ مەلا حوسێنی باتەیی لە دەوروبەری ساڵی ١٦٧٥م لەدایک بووبێ. لە مۆکس (مکس) و جزیرە و جۆلەمێرگ خوێندوویەتی، چونکە لەو دەورەدا ئەو ناوچانە مەڵبەندی بنچینەیی خوێندن بوون لە کوردستانی باکووردا، نەوەی باتەیی تا ئێستا ماون و لەژیان دان.

باتەیی خوێندنی حوجرەی تەواو کردووە، ئیجازەی مەلایەتی لەهەر دوازدە

زانستییەکە وەرگرتووە و هەموو ژیانی بەمەلایەتی بردۆتە سەر. وانەی ئایینی وتۆتەوە و شیعری نووسیوە. لە ژیانیدا حەجی کردووە، وا باوە قەسیدە نەعتە بەرزەکەی «هلۆ ڕابە ئەبولقاسم»ی لەسەر ئارامگای پێغەمبەر وتووە. شاعیر تەمەنێکی درێژی بردۆتەسەر. باتەیی خوداناس و پڕ باوەڕ بووە بەئایین و دەڵێن میری جۆلەمێرگ یەحیا بەگ مووچەی ساڵانەی بۆ بڕیبووەوە و بۆی دەنارده گوندی باتە.

بەپێی لێکدانەوەی هەموو ئەو سەرچاوانەی لەژێر دەستدان مەلای باتەیی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم لە دەوروبەری ساڵی ١٧٦٠م لە دێی باتە کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە، تا ئێستا ئارامگای وەک گۆڕی پیاوچاکێک بەسەر دەکرێتەوە.

## بەرهەمی

بەرهەمی شیعری باتەیی دەکرێ بە دوو بەشەوە:

١- لیریک (غەزەل و قەسیدە).

٢- ئیپیک (چیرۆکی شیعری = مەولوودنامە).

## غەزەل و قەسیدە

غەزەل و قەسیدەی باتەیی سەر بەقوتابخانەی مەلای جزیرییە، ئەم هونەرە شیعرییە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی مەدەنیەتی نەتەوە موسوڵمانەکان (بەتایبەتی عەرەب و فارس و تورک و کورد) پەیدابوو. لەسەر دەستی مەلای جزیری لە باکووری کوردستاندا گەیشتە پلەیێکی بەرز، جا ئەگەر مەلای جزیری دامەزرێنەربێ، بێگومان مەلای باتەیی یەکێکە لە گەورەترین قوتابی و دڵسۆزی داهێنەر و پارێزەری ئەم هونەرە. باتەیی هەندێکی لە مەلای جزیری وەرگرتووە و برێکی خستۆتە سەری و پێشکێشی شاعیرانی باکووری کوردستانی نەوەی دوای خۆی و هەموو نەتەوەی کوردی کردووە.

لەناو غەزەل و قەسیدەی مەلای باتەیی بەزۆری ئەم دوو مەبەسانەی لای خوارەوە بەدی دەکرێن:

١- دیوی یەکەمی غەزەل و قەسیدەی باتەیی شیعری ئایینییە.

ئەگـەرچی هونەری «مـوناجـات» بۆ خـودا و «نەعت» بۆ پێغـەمبـەر دوو هونەری جیاوازن لە شیعری کلاسیکیدا با زۆریش لە یەکترییەوە نزیک بن، بەڵام شاعیران ڕەچاوی سـەربەخـۆیی هـەردوو هونەرەکـەیان کـردووە، هەندێ جـاریش ئەم دوو هونەرەیان تێکەڵ بەیەکتری کردووە، جا لە بنەڕەتدا مـەبەسـی باتەیی لە شـیعرە ئایینییەکانیدا تەنیا «نەعت» بووە. وەکو دەستوورێکیش ڕستە و ناوەرۆک و وێنەی مـوناجـاتی لە نەعـتـەکـاندا بەکـارهێناوە، ئایەتـی قـورئانـی وەرگرتـووە بەتایبـەتی ئەوەی پێوەندی بەپێغەمبەرەوە هەیە، ڕستەی پاڕانەوە و ئامۆژگاری ئامادەکراوی بەکـارهـێناوە، هـەندێ جـاریش هەوڵی داوە زاراوەی سـۆفـیـزمی ئیـسـلامی بەکاربێنێ. دیارە نەوەکو تەنیا ئەو سۆفیزمەی لەگەڵ شـەریعەتدا دەگونجێ، بەڵکو لە خزمەت شـەریعەتدا دەبێ، ئەگەر ناکۆکییەک لە بیروڕا بکەوێتە نێوان سـۆفیزم (تەریقـەت) و ئایین (شـەریعـەت)ەوە دەبێ بیـروڕای شـەریعـەت سـەر بکەوێ. ئەم بابەتە شـیـعـرە وشـە و ڕسـتـەی عـەرەبی زۆری تێدا دەبێ، هەر ئەوەش پاڵی بە شاعیرەوە ناوە کە پێنجینی مولەممەع (کوردی – عەرەبی) بەکاربێنێ لە یەکێ لە نەعتەکانیدا.

٢- دیوی دووەمی غـەزەل و قـەسـیـدەکـانی باتەیی شـیـعـری دڵدارییـە. هەوڵ دەدا زاراوەی سۆفیزم بەکاربهێنێ، نەک داهێنـانی سۆفیزم، چونکە لەو کەسـانەیە کە سۆفیزم لەگەڵ ئایین دەگونجێنێ، لەبەر ئەوە لەلایێک دلبەرەکەی کچێکی کـوردە، هـەرچی جل و خـشـڵی جـوانی کـوردی هـەیە لـەبەری دەکـا، دیمـەنی سروشت وەکو کەرەستـەیێک بەکاردێنێ، بۆ دەربڕینی جوانـی دلبەر، لەلایێکی تریشـەوە بەلای ئەوەوە دلبـەر هـەر پەرییـەکەی بەهـەشـتـە، ئەویش لەبەر ئەوەیە چونکە ئەوەی ئێرە (دلبەر) وەختییە و ئەوەی ئەوێ (پەری) هەمیشـەییـیە بۆیە دلبەر لە دوواییدا بۆی دەبێتە پەری.

مـەلای باتەیی لەم جۆرە شیـعرەیدا وشـە و ڕستە و لێکسـیکۆنی خـوێندەوارانە بەکـاردێنێ، ئـەو وشــە و ڕســتــانەی بەبێگانە دادەنرێن، بەڵام لە ئەنجـامـی بەکارهێنانی لە شیعری کلاسیکی نووسراوی بەرزدا (مومـتاز) بووە بە بەشێک لە هونـەری نەتەوەیی تـایبــەتی کـە لە چوارچێـوەی شـیـعـری ئیـسـلامـەوی خـۆی دەدۆزێتـەوە، وەکـو ئەو دیاردە گـریکە – لاتینییـەی کـە لە هـەمـوو ئەدەبیـاتی نەتەوەکانی تازەی ئەورووپا دەبینرێ.

## نەعتی باتەیی

١

مــحـــەممەد ســەیـیــدێ عـــالەم
شـــەفـــیـــعـێ ڕۆژا مـــیـــزانـێ
چـــراغـــێ دیـــدەیـــێ ئـــادەم
خـــودانـێ وەحی یو فـــورقـــانـێ

خـــــودانـێ وەحـی یـو تـەنزیلـێ
ب ئەقـــــلام و ب تـەبجـــــیلـێ
قـــەلەم دا نـەســـخی ئینجـــیلـێ
نـەمـــا تـەورات خـــــجـــــلانـێ

چ ئـینـجــــــیـل و چ تـەوراتـن
د مـــەنسـوخن د مـــولغـــاتـن
ب وی نـاڤـێ مـــوســـــەمماتـن
حـوکم چـوو کـەنزێ ڕەحـمـانـێ

ب حـوکـمێ سـەییدێ مـورسـەل
نـەبـی یێ ئـاخـــیـــر و ئەووەل
بەتـال کـر دینەهـا مـوجـمـەل
ب ئـایـات و ب قـــــــورئـانـێ

ب ئـایات و ب تـەوحـــیــــدێ
ژ تـەشـــریفێ و تـەمـــجـــیـدێ
شـــەڤـــا خـــوڕڕەم د تـەولیـدێ
ســـەنەم هـور بوون د بوتـخـــانێ

نگوون سـەر بوون سـەنەم عـاجز
ژ تـەولیـــدا گـــولا قـــورمــــوز
ب کـیـسـرایێ گـەها مـوعـجـیـز
تـەزلـزول کـــەفـــتـــە ئەیوانێ

بوویە مزکین د دنیایێ
شکفتە وەردی رەعنایێ
ژ باغێ ئیستەفەینایێ
قورەیشی ئەسلی ئینسانێ

قورەیشی بوو پەناهی دین
خودانێ سوورەیی یاسین
شڤانێ کو دکی نۆڕین
مەلەک هاتن د فەرمانێ

مەلەک هاتن ب تەعجیلێ
دوو شەق کر سینە جبریلێ
ئەلەم نەشرەح تێ تەنزیلێ
دکت تەوزیح و تبیانێ

خودانێ تەخت و لەولاکە
سیارێ هەفت ئەفلاکە
ل عەرشێ مەرکەزی خاکە
ژ بۆ وی هاتە کێشانێ

ژ بۆ وی چێ بوو ئەڤ عالەم
نەبی بوو هێژ هەڕی ئادەم
د ئەخباری وەکی خاتەم
چراغێ ئەهلێ ئیمانێ

چراغێ ڕوهینا ئوممەت
ژ بۆ وی چێ بوو ئەڤ خەلقەت
فەتتاحێ دەرگەهێ جەننەت
ئەمیرێ سەدرێ دیوانێ

ئەمیرێ تەختێ عوقبایێ
سهاوێ دارێ تووبایێ

خـــوەزێ جـــارەک ل دنیـــایێ
ب دیتـــــا مـن تـو وی ئـانـێ
تـو ئـینـایی و د حـــــینـێ بـوو
دلـم مـــوشـــتـــاقـی دینێ بوو
ل ڕێـگـایـە مـــــــەدیـنـێ بـوو
ڕەســـوولـێ هاشـــمی کـــانـێ
ڕەســـوولـێ هاشـــمی ســـابیــر
ئـەوە تـاهـا ئـەوە حـــاشـــیـــر
دل و جـــانـێ مـــە بـوو ئاگـــر
ژ نـار و پـێت و هـیـــجـــرانـێ
چ نـار و پـێـــتـێ دا ســـەرمـــە
ئـەڤـــینـا تـە قـــەوی گـــەرمـــە
دو چاڤـــان تـێ بکم ســـورمـــە
ژ تـۆزا ڕەوزێ ئـاســـتـــانـێ
ژ تـــــۆزا وێ دڕازێـــــنـــــێ
دکـم فـــــــەریـاد و نـالـیـنـێ
خـــودێ چـێ کت د وێ حـــینـێ
ویســـالا لـوتـف و ئیــحــســانـێ
ویســـالا ســـەییـدی ئـەحـــبـاب
خـودانـێ مـینبـەر و مـیـحـراب
موییەسسەر بن ل من ئەسباب
مـــە جـان هاڤـێــتــە مـەیدانـێ
مـــە جـــان ڤـــادا فـــیــدایێ تـە
تـەنـم خـــاکـــا ســـــەرایێ تـە
زبـان وەقـــفـــا ســـــەنـایێ تـە
دلـێ مـن عـــەبـدێ فـــەرمـــانـێ

دلـم قـــــــــەنـدیـلا ڕەوزێ بـت
لـەبم نـەزدیـکـی حـــــــەوزێ بت
ژ ئەهـلـی سـیــدق و فـــەوزێ بت
ئەزم مـــوحــتـــاجـێ غـوفـــرانـێ

دوو عـالـەم پێکڤـە مـوحـتـاجێ
ژ بـۆ وان هـاتـی ئیــــخـــــراجێ
شـەڤـا ئـەو چوویە مـیــعــراجێ
چ غـــولغـــول کـــەفـــتـــە ئەیوانێ

چ غـــولفـــول هـاتە ئـەز غـــەبرا
ســــەدایێ گـــونبــــەدا خــــەزرا
کــو ســـوبحـــانەللەزی ئـەســـرا
ژ قـــــــــودسـێ چوویـە دیوانـێ

ئەلا ئـەی سـەیـیـدێ سـەفـوەت
تو ڕۆژا حـەشـــر و پڕ فـیـتنەت
بـە تـی ژیت ئـوممـی یێ ئـوممـەت
فکندە ســـــەر و چۆگـــــانێ

فکندە ســــــەر بیـــا دەربەی
دکم هیـــڤـی ژ مـــیـــرێ حـــەی
شـــیـــفـــاعـــەکی ژ بـۆ (باتـەی)
بـدە بـەر زیـلـلـی ســــــــەیوانـێ

ئاهەنگ و ڕەوانی ئـەم شیعرە شنەبایێکی ڕۆمـانتیکییـانـەی نەرم لە ئاسـمـانی چیرۆکی پەیدابوونی بیروباوەڕی مـوسوڵمـانەتی دەجوولێنێ. ئەگینا گێڕانەوەکان زیاتر پێوەندییـان بەڕاسـتی و ڕووداوەوە هەیە، بەڵام شـاعـیـر بەزمـانی شـیـعـر ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە نەوەکو بەزمـانی مێژوونووس. لەبەر ئەوەیە ئەم شیعرە بۆ کوردێکی موسـوڵمـانی پڕ باوەڕ کە پێغـەمبەر بەخۆشەویستی خـودا دەزانێ بووە بەجـــۆرە نوێژێک بەزمــانـی کــوردی زۆر باش لێی تێــدەگــا و هـەسـت و باوەڕی دەجوولێنێ و بەتێنتری دەکا.

٢

هلۆ ڕابە ئەبولقاسم
هلۆ ئەی قاسیدێ ئەکبەر
هلۆ فەخرا بەنی هاشم
هلۆ رابە تویێ ڕەهبەر
هلۆ ئەی سەییدێ عالەم
هلۆ ئەی مەفخەرێ ئادەم
ژ ڕەوزێ ڕابە یا خاتەم
ژ ناڤ وێ مەرقەدێ ئەنوەر
ژ ناڤ وێ مەرقەدێ نوورین
هلۆ تاها هلۆ یاسین
ژ دوو سۆتین ئەمێت مسکین
هلۆ مەهدەرچی پێ مەحشەر
هلۆ جارەک د حینێ دا
کو دا نوور چیت د چینێ دا
حەتا کەنگی د مەدینێ دا
نیقاب پۆشی نیقاب ل سەر
نیقاب بو پەردەیا باڤێ
ل مەهجووران دەم و گاڤێ
ب ڕەحمەت لێ بکت ئاڤێ
شەفاعەت کی ژ بۆ مەهدەر
تویی خاهێ شەفاعاتێ
سڤک سازێ موناجاتێ
هلۆ نوورا هیدایاتێ
ئیمامێ مەسجید و مینبەر
ئیمامێ ئەنبیایێ تو

ل قـــــورئـانـێ خـــــودانـێ تـو
یەقین ئەم خــوش شــڤــانـێ تو
شــڤـــانـێ ئوممەتێ یـەکـســـەر
شـڤـانێ ئـەسـمـەری گـولـبـاف
هـلۆ ئـەی نێـــرگـــزا تێـــر ئـاڤ
خــەدەنگا عــیـشــوەیێ پـر تاڤ
بکە ئەز کـیــســەوا عـــەنبـــەر
عـــــەبیـــــر و بینە زولفـــەینـێ
خــودانێ قــابە قــەوســــەینـێ
ل ســەر چاڤـێن مــە نەعلەینێ
بـنێـــرِ ئـەی داعی یـێ ســــەروەر
تـویی داعـی حـــــەبیــــبـــــەڵڵا
فــــیــــراقـێ ســــۆتن ئـەم وەڵڵا
تـەرەحــــحــــــەم یا نـەبیــــەڵڵا
ل مـــــەهجـــووران هـلۆ بـنکر
هـلۆ جـــــارەک ژ وێ خـــــاکـی
ســــیـــــاری هـەفـت ئـەفــــلاکی
بـەلـێ ســــــوڵتـــــــانـێ لـەولاکی
تویی ئەی سـاقی یێ کــەوســەر
ئـەلا یا ئـەیووهـەســـــســـــاقـی
خــودانێ عــەهـد و مــیـســاقـی
هــلـۆ ســــــــوار بـە ل بـوراقـی
هەرە پێش خـالیـقـی ئەکـبـەر
هــەرِە پێـــشـی خـــودایێ مـــە
رِەحــــیم و رِەهـنـە مــــایێ مـــە
شــەفـاعــەت کــە خــەتایێ مــە
ل دیـوانـێ بـکـە مـــــــــەهـدەر

بکـه مـــــــــەهـدەر ل دیـوانـێ
د ڕۆژا حـــەشـــر و مـــیـــزانـێ
عـەفـووکـە مـە ژ عـیـسـیـانـێ
نەبن شـەرمـەندە ئـەی سـەروەر
د ڕۆژا حـــەشـــرا پڕ هەی هـەی
هەزاران پەی ل ســـەر یەک پـەی
بکـۆمـــــارا بـیـــــا (بـاتـەی)
خـودان بەخشی برە و ب گـوزەر

ئەم پاڕانەوەیە مۆنۆلۆجێکە لە هەست و نەست بەقسە لەلایەن شاعیرەوە لەگەڵ پێغەمبەری دەکا، بەڵام پێغەمبەر لەلای نییە، لەبەر ئەوە پاڕانەوەکە وەکو مۆنۆلۆجێک دەمێنێتەوە و نابێ بەدیالۆج، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوە بزانین ئەگەرچی پێغەمبەر وەرامی شاعیر ناداتەوە، بەڵام باتەیی لەوە دڵنیایە کە پێغەمبەر ئاگادارە و گوێی لە قسەکانیەتی و دەگاتە هانای شاعیر و هەموو موسوڵمانێکی کە گوناهیان بەئانقەست نەکردووە، بەتایبەتی گوناهی پێش تۆبە.

شاعیر بەجۆرێک تەماشای پێغەمبەر دەکا وەکو مەزنترین و پاکترین نەوەی ئادەم، بەڵکو بەلایەوە دروستکردنی ئادەم لەبەر پێغەمبەر بووە. چونکە خۆشەویستی کردگارە، خودا لە کۆنەوە لەسەر لەوح نووسیویەتی ڕۆژێ لە ڕۆژان پەیدا دەبێ بۆ بانگکردنی خەڵکی بۆ ڕێی ڕاست.

محەمەد سەرۆکی هەموو پێغەمبەرانە، خۆشەویستی خودایە، بۆیە کەس چاوی بەخودا نەکەوتووە ئەو نەبێ، هەر لەبەر ئەوەشە هەموو داوایێکی دێتە دی، بەم جۆرە پیاو دەبێ لەو بپاڕێتەوە، چونکە پێوەندی نێوان ئادەمزاد و کردگارە.

٣

ئەی نەعتێ تو ئەز عەرشی هەتا فەرشی شەهیرا
ئەز پرتەوێ نوورا تەجیهان گەشتە مونیرا
ئەی سەییدێ عالەم بکە پەروایێ ئەسیرا
ئەی تاجی سەرێ شاهـ و سەلاتین و ئەمیرا

(قـد كـان لك الفـضلُ لكَ الجـودُ كـثـيـرا)
(أُرْسِلْتَ الى الخلْقِ بشـــيــــراً ونذيرا)
تاهـا تو ڕەسـوولێ مـەلەكێ عـەرشـێ عـەزيمی
دەر بەحـری كـەمـالێ تو تەنێ دوڕڕا يەتـيـمی
لوء لوء سـيـفـەتی دەرسـەدەفی بەحـرێ كـەريمی
(أحـسن تر) ئـەز يووسـفی سـدديقـێ حـەلیـمی
(مـا كـانَ لكَ الناسُ شـبـيـهـاً ونظيـراً)
(أُرسلتَ الى الخلق بشــيــراً ونذيرا)
ئەی سـەروەری دین مـەهبـەتێ ئایاتێ مـوكـەڕڕەم
ئیسمێ تەيە هـندێ سەفـەحان بوويە موفـەخخـەم
لوتفـا تە شـەياتـين ژ سـەمـا كـرنە مـورەجـجـەم
گەر تـو نەبوويا قـەت نـە دبوو چەرخێ مـوعـەززەم
(طوبى لمن أشـفـقتَ له كنت مـجـيـراً)
(أُرسلتَ الى الخلق بشــيــراً ونذيرا)
ئەی لەعلێ لەبت عـەزمی ڕەمـيـمـی دكـە ئيـحـيـا
جـۆشـان و خـرۆشـان ژ فـيـراقـا تەيە دەريا
پڕ شەوق و خوهـار و ب تە سەرگەشتە سوورەییا
هـەرچی كـو ب شـەرعێ تـە عـەمـەل دارن د دنـیـا
(كــانت لهم الخلد جــريراً وســريرا)
(أُرسلتَ الى الخلق بشــيــراً ونذيرا)
فـەخـرا مـەلەكـان پادشـاهی تەخـتێ مـەدینی
یەک لەحـزە گەها عـەرشێ خـەرامان ب مشـينی
نەھ چەرخی فەلەک بۆ نەتە سەرگەشتی ئەڤینی
خـەلقی كـو نـەئێنت ب تـە ئیـمـان و يـەقـينی
تێک بوونە خەسارات (وسيصلون سعيرا)
(أُرسلتَ الى الخلق بشــيــراً ونذيرا)

بارانی سـەلاتان ژ خـودا سـوبح و عـەشـیـیـا
بەر سـەییـدێ مـوختـارێ ڕەسـوولێ عـەرەبیـیـا
بەر ئال و وە ئەسـحـابی حـەبیـبی قـورەشـیـیـا
سـددیق و چ فـارووق و چ عـوسـمـان و عـەلیـیـا
(کـانو لَكَ في الدين مـعـيناً وظهـيـرا)
(أُرسلتَ الى الخلق بشـيـراً ونذيرا)
ئەی سـەییـدێ عـالـەم سـەنەدێ نوورا هیـدایەت
هیـڤی دکـەن ئەم ژ تە ئەی سـەدری ریسـالەت
مـەحـروومی نەکی مـە ژ دیوانا شـەفـاعـەت
(باتی) ب جـەهەننەم نەبری پەرواری قـیـامـەت
(قـد كنتُ له ثمـة شـفـيـعـاً وظهـيـرا)
(أُرسلتَ الى الخلق بشـيـراً ونذيرا)

لەم پێنج مولەممەعەدا باتەیی هونەرێکی زۆری خەرج کردووە، بەپێی ئەوەی کە بابەتی مولەممەعی هەڵبژاردووە دەبێ هەندێ دێڕی بەزمانی تر بێ. ناچار بووە وشە و ڕستەیێکی یەکجار زۆری عەرەبی ئایینی بەکاربێنێ لە قسە کوردییەکانیشدا. ئەمە و جگە لەوەی بابەتەکە کە ئەدەبی ئایینییە، لێکسیکۆنی ئایینی موسوڵمانیش زمانی عەرەبییە، دەبێ وشە و ڕستەی ئامادەکراوی زۆری تێدابێ. زیاتریش ئاهەنگی ئەم شیعرە پڕ زەمزەمە و تەنتەنەیە هەست و نەستی پیاو ڕادەکێشێ، بۆی هەیە ئەگەر لە مانا و ناوەڕۆکیشی نەگا کاری تێ بکا.

### شیعری دڵداری باتەیی

١

سـوبح و ئێـڤـارێ شـەڤـا تاری شـەمـالا کێ یی تو
لەیلەتولقـەدر و بەراتن نوورێ مـالا کێ یی تو
چیـچـەکـا باغێ ئیـرەم شـۆخ بەژن و بالا کێ یی تو
بۆ خـودێ کـەی بێـژە من کـانێ شـەپالا کێ یی تو
دێم کـتـێبە زولف و حـاشـی شـەرحی خـالاکێ یی تو

دلبــەرا گــەردەن شــەفــیــفی دانوا دوڕڕا عــەدەن
نازک و مــەوزوون لەتیـفی نەخلیـیا سـەلوا چەمـەن
گول لیباسی، گول قیاسی، گول تەنی، گول پیرەهەن
ئاهوویا دەشــتــا تـەتاری ڕەهـزەنا ئاسکا خــوتـەن
حـۆرییـا باغێ بەحـەشـتێ چاڤ غـەزالا کێ یی تو
قــیــبلەگــاها عــاشــقــانی شــەنگەلا ئەبرۆ زراڤ
هاتە بورجـا شـانەشـینێ سـەد مـەلائیک چون سـلاڤ
داغ و کـۆهـڤـانا ئـەڤـینێ سـۆتی جـانێ من تـەڤـاڤ
ئەختـەرا سـوبحا سـەعیـدی ڕەش ڕەیحـانا تا بەلاڤ
فلفــلا هـیندوســتــانێ زولف و خــالا کێ یی تـو
ئەو چ دیمە شــاهـە باغــە گــولشــەنا دارولقــەرار
ســـەد هـەزاران نـال و ئاوازێ ژ بلبل چار کـــەنـار
حـەلقە پێ دا بەست و هاتن عـەقـرەب و ئیلان و مـار
نێـرگـزا شــەهلا شــەپالی یاســەمـینا مـێـر غـوزار
لە ب خـەمـۆشی، مـەی فرۆشی، دێم پەیالا کێ یی تو
پێنجێ سالێ شەه لەوەندی کـەفتـمـە چاها ڕەسـەد
ئەز نزانم چەرخێ دێمــە تێ هـەیە بورجــا ئەســەد
جـەنگەلەک ئاڤـێـتـە دل کـون کـر ل من داد و مـەدەد
قـەلبـەکێ هشک و سـفـالین من دڤێت جـان تـا ئەبەد
شــاه ل تـەخـتێ دلبــەرێ فـیکر و خـەیالا کێ یی تو
ســەفـحــەکـێــشــا کـاتبێ غـەیبێ ژ نـوورا لایەزال
خالەکا وا ل گەردەنێ میسلێ بەرێ ڕەش ماه ویسال
سـەد هەزاران ڕەکبە حاجی تێن تەوافا زولف و خال
نەترەکـو شــتــر یو ئیـلان دانـەبەر بایێ شــەمــال
لا ئوبالی چاردە خــالی، چاردە ســالا کێ یی تو
شـەه کتێبەک من دڤێت بەحسێ مـەحببەت بیلتەمام
سـەد تەلیسم و سیکرە تێدا پێکڤە سوریانی مەقام

ئەبجەدا عیشقێ مە خوند و عەقل و وندا کرد مام
حۆرییا باغێ بەحەشتێ تووتیا تاووس خەرام
غەیرێ (باتەی) پادشاها من دەلالا کێ یی تو

ئەم پێنجینە غەزەلێکی ئاساییە، باتەیی دەیەوێ باسی ئەوە بکا کە خۆشەویستی هەیە، پێی خۆشە ئەو دلبەرە لە دانیشتوانی ئەم گێتییە و ئەو گێتییەش بێ، هەرچەندە هەوڵیش دەدا ئەوە دەربخا کە هەردووکیان یەکێکن، بەڵام بۆی ناچێتە سەر. یەکێک نین بەڵکو لە یەکتری دەکەن، ئەوەی ئێرە هەیکەلی مەتریالی هەیە، ئەوەی ئەوێ هەیکەلی میتافیزیکی هەیە. بەڵام سەرکەوتنی شاعیر لەوەدایە کە توانیویەتی ڕووداوی هەستپێکراوی سروشت بکاتە کەرەستە و لەگەڵ پەیکەری دلبەرەکەی بەرامبەر و بەراوردیان بکا.

٢

ئەلوەفایێ وەسلی جانان
غەمز و نازا من نەهات
یا تو قەلبی عاشقانی
گول نیگارا من نەهات
مام د قەیدا دەرد و داغان
غەم کوسارا من نەهات
سوبحی نابت وێ شەڤێ
دەنگی تارا من نەهات
هیڤیدارێ سوبحەیێ
بانگی منارا من نەهات
دەرد و داغم بێ قەرارم
بێ بهارم بێ چەمەن
بێ حەبیبم بێ تەبیبم
هەم غەریبم بێ وەتەن
شوبهی یەعقووبی ژ عەشقا
یووسفی گول پیرە هەن

مــوئنیــسێ دەرد و غــەمــانم
ســاکــینی بـەیتــولحــەزەن
تـار و مـــارم ئینتـــیـــزارم
شـــاهســـوارا مـن نـەهـات
پرتەوا شــەمــعـا جــەمــالێ
مـن د ســـــــۆژت دەم ب دەم
ئیـشـتـیـاقـا زولف و خـالان
تێک کـــــرم دەریایی غـــــەم
دامــە بەر پێــچـا فـیــراقێ
وەسلێ قـــەت ناکت کـــەرەم
مـــا مـــەدەد کــارێ مــە بت
ئیننا فـــەتـەحنا ســوبح و دەم
وەرنـە ســــــۆتم ئاتـەشـی دل
شـــــــەهـریـارا مـن نـەهـات
شــوبهی مــەســتــانم وەکــو
دێـوانـە ئـەز دێوانـە ســــــەر
بـاد نـۆشـم پـڕ خـــــــرۆشـم
یــێ بــێ هـــۆشــم دەربــەدەر
حـەسـرەت و هیـجـرێن کـەسـەر
مـەحـبـووب و غـەیرن بیلنەزەر
بیلفـــیـــراقی لیـــتـــتـــەلاقی
بێ سکوونم تـا ســـــەحــــەر
خـــواب و نۆشـین باعـــەزیزم
خـــوابێ نۆشـــینێ عـــەزیزم
دل نــیــگــارا مـــن نــەهـــات
مـەجلیسا بێ سـاز و هـەی هەی
مـن نـەڤـــــــێت و نـاچـمێ

بێ دەف و بێ چەنگ و بێ نەی
مـن نـەڤـــــــێت و نـاچـمـێ
بـەزمـــــەیا بێ یاری (باتـەی)
مـن نـەڤـــــــێت و نـاچـمـێ
دێ گـروشـمـان کێ ل من کت
مـن نـەڤـــــــێت و نـاچـمـێ
بێ فـــەراغـــەت یاری (باتەی)
عــیــشــوەگــارا من نەهات

باتـەیی چاوەڕوان بـوو، بەڵام دلبـەر هـەر نەهات، دەبێ نەیە، ئـەگـەر بگاتە کـۆڕی عاشقان با پیری موغانیشی لێ بێ تەلیسمی شیعرەکە دەشکێ. شاعیری ئێمە یەکـەمین کـەس نیـیـە دەردی دووری چێـشـتـبێ، لەبەر ئەوە پەنای بردۆتە بەر مامـۆسـتـای خـۆی پیری چاوەڕوانی، ئەوەندە چاوەڕوانی کرد بـەڵام یووسف هـەر نەگـەیشت تا ئاوی چاوی داهات و کـوێر بوو، چونکە ئەو چاوەی یووسـفـی پێ نەبینێ با کوێر ببێ.

٣

ئـەجـــەل ســـاقی ب دەس مـن دا
مـــــــەیا باقی د پـەیالێ دا
ژ وێ ڕۆژێ حـــــەتا ئـیـــــرۆ
دلێ من مــــا د خــــەیالێ دا
خــەیال و غــەم ل من پڕ بوون
ل تووڕێ ئـاگـــــرەک هـەل بوو
دەما من جیـسم و جـیـسمانی
وەکــی تــۆزێ د بـــایـــێ دا
وەکی تۆزی وەکی غـــــەبرێ
وەکی مــەوجـا ل سـەر بەحرێ
دگــەل دا ئەز غـەریق مـامـە
ل نـاڤ پـێـلـێـت د ئـاڤـێ دا

د ڕەنگێ دلبـــــەرا حــــۆری
گـــــــەلۆ یارەب ل مـن پەیدا
زەریفـــا شـــەنگ ژ نەها بۆری
شـــــەفـــــەق دا دەر د ڕۆژێ دا
شـەفــەق دا ئەرد و ئاسـمـانی
ل من دل بر ب ئێـــــســـــانی
دخـــۆم ســـوندێ ب ســەنعـــانی
زولەیخـــا بوو د مـــیـــســـرێ دا
تو چێـــتـــر بووی ژ زولەیخـــایێ
شـــــەپالی شـــــەنگێ لەیلایێ
نەهێن ئەڤ ڕەنگ د دنیــــایێ
ب وێ بەیتـــــا د کــــەعـــبێ دا
ب وێ بەیتـــــا د حـــــاجـــاتێ
دخـــــــۆم ســــــوندێ ب ئایاتێ
نەهێن ئەڤ ڕەنگ د جـــەنناتێ
مـــــــــونەووەر بوو د نـوورێ دا
مـــــــــونەووەر بوو ژ بـەر نوورێ
کـو من دی بوو ل سـەر شـوورێ
تـویی شـــوبـهێ پەری حـــوورێ
دلـێ من تـیـــــــــرەیێک لـێ دا
ل من دا تـیـــــــرەکــــــا دژوار
ســەرێ تیـرێ د دل چوو خـوار
لــــێ دایم ئـــەز دکـــم هـــاوار
وەکی مــەجنوون د عــەشــقێ دا
وەکی مــــــەجنوونی دینم ئەز
وەکـی بلـبـل دخـــــــــوینم ئـەز

حـــەتا كـــەنگی دمـــینم ئەز
د زینـدان و د حـــــــەبسـێ دا
ئـــەزم دایم د زیـــنـــدانـــێ
وەكی یەعـقـووب د كـەنعـانێ
گـــەلۆ دلبـــەر نـوزام كـــانێ
مـــە چاڤ مـــابوون ل وێ رێ دا
مــە چاڤ مـابوون ل وێ خـــەیلا
دكـــــم هــــاوار و واوەیـــــلا
كــو جــارەک بێــتــە دەر لـەیلا
ببـــــینم ئەز د خــــــەملێ دا
ببـــــینـم جـــــا وەكی بـایێ
شـــیـــرینتـــر بووی ژ لـەیلایێ
نـەهێن ئەڤ رەنگ د بـەغـدایێ
ل تـەوریـز د شـــــــــــامـێ دا
نـەهێن ئەڤ رەنگ د ناڤ رۆمـێ
گـــەلی خـــەلكێ نەكـــەن لۆمێ
كـــو ئەز ســـۆتم كـــەتم دۆمێ
بوومـە ئێـخـسـیـر د بـەندێ دا
بوومـە ئێـخـسـیـرێ رەیحـانا
ڤـــــەیستن زولف و چۆگـــــانا
كـــــرمـــــــە دینەک د دیـوانا
وەكی شـــێـــخێ د خـــەلوێدا
ئەزم دایم د خــــــەلـوێ مـــــە
ب دل دایم دگـــــەل وێ مـــــە
........................
هـلات بـوو رۆژ د شـــــەرقـێ دا

ژ شـــەرقـێ ڕۆژ کـــو هاتـه دەر
دنـێ پـێکـڤـــــه بـوویـه ئـەنوەر
ببـــــینیت دلبـــەرا دلبـــەر
مـــوفـــەررەح بووم دگـــەل وێ دا
مـــوفـــەررەح بووم دگـــەل یـارێ
بـرۆ قـــەوسـێ کـــەزی مـــارێ
وەرانـدن وێ ئـەڤـێ جـــــــارێ
تـەواف خـــــــالـه د چـارێ دا
وەکـی مـن دیت د ڕەقـــــسـێ دا
وەکـی مـن دیت ل کـــۆڤـــەندێ
گــــــــەلۆ یـارەب تـژی چـەنـدێ
نەهێن ئەڤ ڕەنگ ل سەمەرقەندێ
د بـەلخـێ و و بـوخـــــــارێ دا

لەم شیعرەدا باتەیی هەوڵ دەدا هەندێ دروشمی سۆفیزمی ئیسلامی بەکاربهێنێ، بەلایەوە ژیانی ئەم گێتییە بەندیخانە و دەستبەسەرییە تا گوناهی باوکی (ئادەم) پاک دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی جاویدانی. لە بەندیخانەدا هەمیشە چاوی لە گێتیی ئازادییە، بۆیە ئاشنای مەیخانەیە، چاوی لە پەرییە. پیری کەنعان و شێخ سەنعان و زولەیخا و لەیلا هەمیشە لە خەیاڵی دان. هەموو ژیانی لاواندنەوە و کرووزانەوەیە لە دەردی زیندان و ژێر دەستی (گێتیی ئێمە) و ئاواتەخوازی ژیانی سەربەستی و ئازادییە (گێتیی دوایی). دیارە باتەیی لە دەوروبەری زاراوەی سۆفیزمی ئیسلامی دەسووڕێتەوە، نەوەکو ئەدەبی داهێنانی سۆفیزمی کۆزمۆسی.

٤

ژ بـەخـــــتـێ مـن ڕەشـی ڕا بـوو
خــــــــەیـالا مـن د بـاتـیـل هـات
ل مـن ڕۆژا غـــــەم ئـاڤـــا بـوو
شـــەڤـا زولفـێ مـــوقـــابیـل هات

شـــەڤــا زولفـێ كــو پـەیدا بـوو
ژ ڕۆژێ نـــوور ونــــدا بــــوو
عـــەجـــەب نـوورەک ب من دابـوو
هەتا شــەهمــارێ قــاتیل هات
چ شـــەهمـــارێ خـــەنا پەنجێ
تەلیـســمـە وێ ل ســەر گـەنجێ
دلـۆ رابـە ببـین قــــــــەنجێ
چ پێـــشــــەنگە شـل و مل هـات
گــەلۆ پێـشــەنگە یا عــەرعــەر
گــەلۆ ئەڤ زولفــە یا عــەنبــەر
شـــــەپالا نازک و ئـەســــمـــــەر
ب خــرخــال و ســەلاســیل هات
ســـەلاســـیل تـەوق و گـــەلوازن
هــــزار ڕەنـــگ و ب ئـــــاوازن
گـــــــــوهـار و بـەربـەن و بـازن
چـرنـگـینــا بــەر و مــل هــات
بـەر و مــل دەســت و بـشـکـۆژن
جـــــەواهـیـــــرتـێ وەکی ڕۆژن
د بـەردا غــــونچــــە دلســـۆژن
عــەجـایب باغـێ کـامـیل هات
عـەجـایب باغـێ گـوڵ گـەش بوو
هـەر چی ئەو دی مـشـەووەش بوو
دەمــاغـا دل مــە پێ خـوەش بوو
بـەلێ دارا قــــــــەرەنـفل هــات
بـەلێ دارا د گـــــول پێــــڤـــــە
هـەنار و زەربـەه و ســـێــــڤـــــە

سـيــەه زولفێ كــەتێ نێـڤــە
ژ بەلگاندا جـــەلاجـــيل هـات
جــەلاجــيل بەرگی شـــيــرينە
كــــەسێ ئـەو هـات و تـەمكينـە
ژ ئـەنـيـێ گـــــــول ديـارينـە
ل ســەر چاڤـان ئەنێ گـول هات
ئـەنێ گـــول بـوو بەلێ سـی بـوو
ب گــەردەن شـوبـهـەتی سـی بوو
ســەه و ســەيوان مــەياسـی بوو
ژ ديمـێ خـــــۆ ب زەنگـل هـات
ژ دێمـێ زولف و ســـەركـێـشن
جـەگـەر بـێ حـەد ژ بەر تێـشن
قـــول و خـــاديم بەڕوو پێــشـن
شـــەمـــالا تازە مـــەنزل هـات
شـەمــالا من شـەفـەق ســەعـدێ
دنالـم شـــوبـهـــەتێ ڕەعـــدێ
شــرين لێــڤـێ شـــەكـر وەعـدێ
ســەرا مــەسـتـا ژ من سـل هات
ڤـێ مـەحبـووبـێ ب سـەرمـەسـتـان
جـــەلاد ئينا ژ كـــوردســـتـــان
ڕوحـــا من وی دەمـی بـۆســـتـــان
جـەلادی ڕەش مـوعـەجـەل هات
مـوعـەجـجـەل هات پەری حـالە
ب شــمــشـيـــر و شــەڕ و قـــالە
نـەپـرسـی ئـەڤ چ عــــــەبدالـە
ل دەرگـــاهـێ مـــە ســـائيل هات

ئـەزم ســـــائیل ل دەرگـــــاهـێ
نەگـۆ: عـەبدال چ مـیـخـواهـێ
ژ مـن قـــەت نـینـە ئـاگـــاهـێ
فـــیـــغـــان و ئـاهـێ بلبل هـات
چ گــــــــول بـوو چ بلـبـل بـوو
مـــــرادا مـــــەتلەبـا دل بـوو
ئـەگـــەرچی ئـەو ژ مـن سـل بـوو
ژ بـۆ (باتـەی) حـــەمـــایل هـات

ئەم غەزەلەی باتەیی خەریکی ئەندامە جوانەکانی یارە، بایەخێکی تەواوی بەزولفی خۆشـەویسـتـەکەی داوە، بەوەی بە بەختی خۆی و شـەوی بێ مـانگ و ڕەشـماری چواندووە. خشڵی هەموو کوردەواری کۆکردۆتەوە و خۆشەویستی پێ ڕازاندۆتەوە، گوڵی هـەمـوو کـوردسـتـانـی کـۆکـردۆتـەوە و ئەندامـە ناسـک و ڕەنگینەکـانی لەشی دلبەری پێ بەراورد کردووە، تاوەکو پەیکەری یار بووە بەباغێکی گەورە و فراوانی تەڕ و ئاودار، نە ئەم سـەری دیاربێ و نە ئـەوسـەر، هـەمـوو جـۆرە گـوڵ و مـیـوەیێکی لێ دەست دەکەوێ.

شاعیر تەنیا بەوە نەوەستاوە گوڵ و گوڵزاری نیشتمانی خۆی بەسەربکاتەوە، بەڵکو ناوی کوردستانیشی هێناوە وەک دایکی ئەم هەموو جوانییە.

٥

عــــاشـــــقێ زولـفـــــا ڕەشـم
عــــاشـــقێ شــــەیدایە زولف
بێ بادە لەو ســــەرخــــوەشـم
ســەرخــوەش و ســەودایە زولف
ســــەرەخـــوەشـم ئـەز ڤێ دەمێ
کــەفــتــیـــمــە توورا غــەمێ
ســـوهـتــیـــمـــە وی بەرچەمێ
چیــــمــــەکێ ڕەعـنـایە زولف

زنجـــــيــــــر و تـابـێ قـنـار
ســــەردا بـه گـــۆش و گـــوهـار
پێـــداخــــۆشـی هـاتـه خـــوار
شـــەهمـــارێ شـــەهـلایه زولف
ڕاحـــەت و ســـەبر و ســـەلام
تـوی چاپکی خـــوەش خـــەرام
کـــۆلـێ تـەمـــە ئـەز غـــولام
(باتـەیی) قـل شـــــایـه زولف

لەم شیعرە لیریکییە کورتەدا باتەیی وەسفێکی ساکاری ڕووکەشی زولف دەکا، هیچ شتێکی نهێنی نهێنی لەژێر مووەکان نابینێ، ئەفسانە دروست ناکا، شاعیر بێ بادە سەرخۆشە وەکو زولفی شەیدا و شێواو.

٦

ژ ئیلتـــافـــا شـــەهنشـــاهـێ
د ڕۆژا پێـنج شـــەمـــبـــێنـه
بـوویـه زەمـــــزەم ل دەرگـــاهـێ
کـو ســولّتـان هـاته شـیـرینه
بەنی ســـولّتـــان و شـــیـــرینێ
خـــــودانـا یـۆ ل و تـەمـکـیـنێ
قـــومـــاشـێ چین و مـــاچینێ
ژ سـنـدووقــــــــان دەرانـیـنـه
قـــومـــاش و ئەتلەس و خـــارا
عـــەبیـــر و عـــەنبـــەر و ســـارا
مـــوزەییـــەن بوو جـــەمـــالارا
ب تـــەوق و تـــاج و زێـــڕیـــنـــه
ب زێڕ و تەوق و خـــــرخـــــالا
مـــەشـــا (ســـەلوا) ل ئەبدالا

خـــو ئاڤـــێـــتـــه د ئالالا
شـــەپال و تازە ئـەســـمـــینه
چ ئـەســـــــمـین و تـرازن بـوو
ب ناز و عـــیـــشـــوه مـــازن بوو
خـــــــرێـنـا تـەوق و بـازن بـوو
گوهار شۆڕ بوون ب سەر سینه
گـــوهـار و شـــۆره هـەم دەسـتن
ســیـــمـــا دارن ڤـــه ناوەسـتن
ڕەیحـــانـا شـــۆره لـێ بـەسـتن
ل گـــۆڤـــەندێ چ نەســـرینه
چ نـەســـرین و قـــەرنفل بـوو
ڕەیحـان و نیـڤـه نیڤ گـول بوو
ل گـــۆڤـــەندێ شـل و مـل بـوو
لفـــو رویشـی و شـــتـــرینه
لفـــو رویشی و شـــیـــرین تێن
ب چین چین تازه خـەمـری تێن
ژ بـاغـێ تـازه قـــومـــری تێن
ب رەفـــرەف وەردەک و ســـینه
ب ڕەفـــرەف وەردەک و قـــازن
شـــەراب و شـــەربەت و ســـازن
دەلال و عـــیـــشـــوه و و نـازن
کـەمـــانج و عـــوود و مـــوغنینه
کـەمانج و عـوود و موئنیس بوو
عـەجیب سولْتـانـێ مـەجلیس بوو
ژ عـەقلـێ (باتەی) مـــوفلیس بوو
ژ فـــەهـم و عـــەقل و زانینه

لەم برە شیعرە لیریکییەدا باتەیی دیمەنێکی ئوروستوکراتیی دەوڵەمەند و جوانی ژیانی دڵداری کۆشک و سەرا دەکێشێ. جلوبەرگی ئاوریشمین، زێڕ و خشڵی گران، گوڵاوی بۆن خۆش، ئاهەنگی مۆسیقا، کۆڕی مەی نۆشان، سوڵتانی ئەم بەزم و ڕەزمە یاری نازدارە، ئیتر ئەمە چۆن لەگەڵ هەژارێکی وەکو باتەیی بەراورد دەکرێ!

٧

ژ چریا پاشی یێ پێ دا
(مەلایێ باتەیی) کانێ
سەفەرکێشا ب مکسێ دا
ل سەر دەورێ زڤستانێ
زڤستانێ ئەڤێ یۆلێ
ل ڤێ بەریێ ل ڤێ چۆلێ
گەروڤێ گرتی داهۆلێ
خوناڤی گرتی کیستانێ
خوناڤێ گرتی نەسرینە
جەمەد شین بوو ل سۆلینە
گریا مە تێ ژ بو ئەسمینە
پەریشانم ژ تالانێ
پەرێشانم ل هنگۆری
ل جۆ مەرزا گولا ژۆری
مەجالێ بەر چەلا بۆری
زەرێ ناهێنە سەیرانێ
زەری تێن و دیار نابن
چ خوەش تێن و ستار نابن
چ جندی تێن سوار نابن
بوویە تاری ل کۆلانێ

بـــوویـــه تـــاری و زولـــاتـــه
ســــرِ و ســــەرمـــا ژ نـوو هاتـه
یـەقـین کـــــــانـوونـه وا هـاتـه
بنێـــرن داغ و کـــــۆڤـــانـێ
بنێـر داغـا مـه ئێـخـسـیـرا
غـــەزام زەربوون ڕەزێت مـیـــرا
ڕەیـحـــــان بـاری د ئـاڤـێ را
ڕەیحـــان بۆرین د ئـیـــوانـێ
ڕیـحـــــــان بـاریـن د ئـاڤـێ دا
ســـــەمـــــۆمی بایـەکی لـێ دا
گـولا گـەش چوو د حـــەودێ دا
وەرانـدن کـــــاتـه ڕیـحــــــانـێ
وەرانـدن کـــاتـه مـــــەحـــزوونـه
ژ بـاغـــــا بـارکـــــــر و چـوونـه
ســپــیندار ســـەرنخـــوون بوونه
ڤـــەوەســـــتـــا بـوون ژ هـژیانێ
ڤـــەوەســـــتـــا بـوون د ترسـێ دا
فـــەمـــا بوون ئـەو د مكسـێ دا
ب دەهـ ڕۆژان د پـــــرســــــێ دا
مـــــه دەست بۆری ژ گـــــریـانـێ
مـــــــەلا لـێ بـەر چـەلا بـۆری
پـەریـشـــــــــانـن ل هـنـگـۆری
ژ چـو مـــــەرزا گـــــولا جـــۆری
کـــــــوتـێک هـەژیا ژ بـارانـێ
بۆ خـــۆ دا بچـــینـه ئـەرواسـێ
ئـەیا (باتـەی) ڤـــەخـــۆ تـاسـێ

تو ســـەردا بووی مــە نـەیناسـیٚ
د خـــــوازین داد و ئـامــــانیٚ

لەم بڕە شیعرەیدا مەلای باتەیی باس لە زستانێکی ساردی تووش دەکا، شیعرەکە زادەی گەشتێکی بووە بۆ لای میری هەکاری، گۆیا هەموو ساڵێک سەری میری مۆکسیشی دەدا. ئیتر ماوەیێک لە جۆلەمێرگ دەمێنێتەوە لای میری هەکاری تا مانگی تشرینی دووەم لەوێ دەبێ. لەوکاتەدا داوا لە میر دەکا کە ماڵئاوایی لێ وەربگرێ و ڕێی بدا بەرەو مۆکس بکەوێتە ڕێ. میر دەیویست تا زستان بە سەر دەچێ لای بمێنێتەوە، بەڵام باتەیی سوور دەبێ لەسەر ڕۆیشتن، ئیتر بەڕێ دەکەوێ و لە ڕێگا تووشی بەفرێکی ئەستوور دەبێ و ڕزگاری لێ نابێ و تا دەبێتە هۆی خنکانی لەناو زەریای بەفر، بەم ڕەنگە لەناو بەفر دەمێنێتەوە تا بەهارێکی درەنگ، کە زەوی ڕەش دەبێتەوە، لاشەی دەدۆزنەوە و ئەم پارچەیە لەناو دەفتەری شیعری دەبێ، ڕەنگە دوا شیعری بووبێ.

گرنگی ئەم شیعرە لەوە دایە کە باتەیی وەسفی دیوێکی تری سروشت دەکا، ئەمە کەژی زستانە، دروشمی گرژی و قوچانەوەیە.

مەولوودنامە

مەلوودنامەی باتەیی کۆنترین چیرۆکی شیعری لەدایکبوون و هەندێ لەبەسەرهاتی منداڵی پێغەمبەرە لە ئەدەبی کوردیدا. جگە لە خوێندنەوەی لە ئاهەنگی مەولوودی مزگەوت و ماڵە کوردان لە بەرنامەی خوێندنی حوجرەی مزگەوت و لە پاش قورئان تا ئێستاش لە باکووری کوردستان دەخوێندرێ.

لەبەر گرنگی ئەم بەرهەمە ئەدەبییە گەلێ دەسنووسی کەوتۆتە ناوەوە، لە کوردەواریدا دانەی زۆرە، هەندێکیشی کەوتۆتە نامەخانەکانی ئەورووپا و لەوێ پارێزراون. چەند جارێکیش چاپکراوە.

ڤۆن لوکۆک لە ساڵی ١٩٠٣ لە بەرلین بەزەنگوگراف وێنەی تەواوی دەسنووسێکی مەولوودنامەی بڵاوکردۆتەوە، جگە لەوە زیاتر لە دە جار بەچاپ گەیێنراوە: لە قاهیرە، ١٣٢٤ھ/١٩٠٦م؛ لە شام، ١٩٣٣م؛ لە ئەستەموول، ١٣٥٠/١٩٣١م؛ لە هەولێر ١٩٦٦؛ لە بەغدا، ١٩٨٢، لە دهۆک ١٩٩٦ ولەجێی تریش.

باتەیی هونەری مەسنەوی (جووت قافیە)ی بەکارهێناوە بۆ هۆنینەوەی ئەم یادگارە. هەمووی بریتییە لە نزیکەی شەش سەد دێرە شیعر (مەسنەوی = دوو نیوە دێر). پێشەکی مەولوودنامە بەم ناونیشانەیە «هذا مولد النبی الهاشمی بلغه الکردی أهل العراق» ئەم دێرانەی گرتۆتە خۆ:

حەمدی بێ حەد بۆ خودایێ عالەمین
ئەو خودایی دایە مە دینی موبین
ئەم کرینە ئوممەتا خەیرولبەشەر
تابیعی وی موقتەدایێ نامەوەر
ئەو خودایێ مالیکی مولکی عەزیم
دایە مە میرات و قورئانا کەریم
دینی مە کر کامیل و نیعمەت تەمام
یەعنی دامە ئەحمەد و داروسسەلام
ئەو خودایێ بێ نەزیر و زولجەلال
بێ میسال و بێ هەڤال و بێ زەوال
ڕازیقی بێ دەست و پاو و مار و موور
عالمی سیرڕانە کووتی در سودوور
کارسازی بەندە و و سوڵتانی جان
ڕاحیم و ڕەحمان، لەتیف و میهرەبان
ئاسمانی بێ ستوون وی کر بەدید
سوورەتی باخال و تەخت وی ئافەرید
هیڤی دارین ئەم ژ تە شاهی کەریم
ئیهدینا یارەب سیراتەلموستەقیم
تێ ژ مە سووچ و خەتا تێن و ستەم
لێ ژ تە ئیحسان و غوفران و کەرەم
یارەب ئیمانی دخوازین ئەم مودام
ژێری ئالایێ محەممەد وەسسەلام

ئینجا دێتە سەر پێداهەڵدانی پێغەمبەر، باس لە گەورەیی دەکا، لە پرتەوی

دەدوێ، لە پاشانا دەگەڕێتە دواوە بۆ لای ئادەم و پرتەوی پێغەمبەر دوارۆژ لەودا دەبینێ و باس لە دەرچوونی ئادەم دەکا لە بەهەشت. ئەوجا دەڵێ پرتەوی پێغەمبەر لە ئادەمەوە چووە بۆ باپیری کە عەبدولموتتەلیبە، لەویشەوە بۆ عەبدوڵڵای کوڕی، ئینجا خۆ دەرکردنی لە ئامینە و زگ پڕ بوونی. لە مانگی یەکەمەوە تا مانگی نۆیەم، لە هەر مانگێکدا پێغەمبەرێک سەر لە ئامینە دەدا و مژدەی لەدایکبوونی پرتەوی پاکی دەداتێ. ئەو پێغەمبەرانەی لە مانگی یەکەمی زگ پڕ بوونیەوە بەرێز سەریان لێ داوە و سڵاویان لێ کردووە ئەمانە بوون: ئادەم، شیت، ئیدریس، نووح، هوود، ئیبراهیم، ئیسماعیل، مووسا، عیسا. ئەوجا باس لە دایکبوون دەکا و دەکەوێتە پێداهەڵدانی، وەکو سەرۆکی هەموو پێغەمبەران و خۆشەویستترین و نزیکترین ئادەمزادێک لە خودا. ئینجا پەروەردەکردنی پێغەمبەر لەلایەن حەلیمەی مەمک دایەنییەوە.

باتەیی ئەنجامی مەولوودنامەکەی ناوناوە «در مناجات ختم الکتاب * ومولد رسول الملک الوهاب» و بەم دێڕانەی لای خوارەوە کۆتایی پێ دەهێنێ:

یا ڕەسووڵەڵڵا ڕەسوولی ئینس و جن
یا شەفیعێ سەدرێ دیوانا مەزن
تو شەفاعەت کە ژ بۆمە عاسیان
وەرنە نەفسا شوومە ناکەت قەنجیان
یا کەریم و یائیلاهەلعالمین
یا ڕەحیم و یا عەزیم و یا مەتین
هیڤیداری ڕەحم و ئیحسانا تەین
تالیبی ئیکرام و غوفرانا تەین
حازیری گوهداری مەولوودا ڕەسوول
هیڤیا مە تو بکەی یارەب قەبوول
نێ تو غەففاری و سەتتار و لعویووب
مە ببەخشینی ب غوفرانا زونووب
هەم ل دا و باب و هندی مۆئمینین
هەم ل هندی مۆئمیناتان ئەجمەعین

تابیــعی ئـان شــەهـســوواری ئوممـەتیٚ
پێکڤــە رابـین و بچـــینـە جـــەننەتیٚ
ئەووەلـەن بۆ ڕەوزەیـی نوورین نـیــقــاب
سـانیـەن بۆ ئـال و ئەزواج و سـیـحـاب
سـالیـسـەن بۆ ئەنبـیـا و و مـورسـەلین
رابیــعــەن بۆ ئـەولیــا و و مــوئمــینین
هـەم ژ بۆ حـوججـاج و غـوزاتان تـەمام
هـەم ژ بۆ ڤیٚ مـەجلیسا سـاحیب تەعام
هـەم ژ بـۆ هـەر چار ئیـمــامیٚ جــادەیی
هـەم ژ بـۆ ڤیٚ کــاتبی ڤیٚ نوســخـــەیی
بۆ جـەمـیـعی مـوسلیـمین و سـالیـحـە
بۆ فـــەقــیـری (باتـەیی) ئـەلفـاتیـحـــە

لاسایی کردنەوەی باتەیی

ئەگەر شیعری باتەیی ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ شاعیرێکی تر و لاسایی بکاتەوە بەڵگەی داهێنانی بەرز و هونەری سەرکەوتووە.

شیعری لیریکی (غەزەل) بەشێوەیێکی گشتی هەندێ ئەدگاری تایبەتی هەیە دەبێتە هۆی درێژە پێدانی، واتە خستنە سەر و دانەپاڵ و زیادکردنی بەئارەزوو، ئەو ئەدگارانە بریتین لەوەی کە یەکێتیی دێڕە شیعر دەورێکی باڵای هەیە، واتە هەر دێڕە شیعرێک سەربەخۆیە و پێوەندیێکی بە دێڕەکانی پێش خۆی و پاش خۆیەوە نییە. بەم پێیە لە شیعری غەزەلدا بەگشتی بزووتنەوە و قارەمان و کات و شوێن نابینرێن، یا ئاشکرانین، لەبەر ئەوە کارێکی ئاسانە چەند غەزەلێک ئەگەر لەسەر یەک کێش و یەک قافیە بن تێکەڵ بەیەکتری بکرێن بەبێ ئەوەی پیاو هەست بکا کە هی چەند شاعیرێکە. بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەسمان ئەوەیە ئەم دیاردەیە واتە یەکێتی کێش و قافیەی دێڕە شیعر دەبێتە هۆی لاسایی کردنەوە، وەکو ئەوەی شاعیرێک شیعرێکی دیاریکراوی شاعیرێکی تر بچێتە دڵیەوە، ئیتر هەوڵ دەدا لاسایی شیعرەکە بکاتەوە لە کێش و قافیە و وشە و لێکسیکۆن و تەنانەت

شێوە و ژمارەی دێڕی شیعرەکانیش. بەڵام ئەم شیعرە تازەیە داهێنانیشی تێدا دەبێ، بەوەی شاعیر لە مانا و وێنە شتی وا دەڵی کە شاعیری یەکەم نەیوتووە، واتە ئەم شیعرە وا دێتە بەرچاو وەکو تەواوکەری شیعری یەکەم بێ نەوەکو دووبارەکردنەوە، یا لێکدانەوەی بێ، وەکو لە پێنج خشتەکیدا لێکدانەوە بە ئاشکرا دیارە.

بەم جۆرە غەزەلێکی پێنجینی باتەیی بۆتە هۆی داهێنانی غەزەلێکی پێنجینی دی لەلایەن شاعیرێکی تری کوردەوە. ئەمە پێنجینێکی بەرز و باڵایە لە داهێنانەکانی شاعیرێکە بەناوی «ماجین»ەوە. ئەم شاعیرە بێگومان لە دەوروبەری سەردەمی باتەیی ژیاوە و بەشاعیرێکی گەورەی ناسیوە و پێنجینە جوانەکەی باتەیی «سوبح و ئێڤارێ شەڤاتار شەمالاکێ یی تو» کارێکی گەورەی لێ کردووە، تا گەیشتۆتە ڕادەیێک لاسایی بکاتەوە و پێنجینێک بنووسێتەوە لە هەموو شتێکدا لەو بکا، بەڵام دووبارەکردنەوە نییە، لە پلەی هونەریدا لە تەک ئەودا دەوەستێ، لە هەندێ وردەکاری هونەریدا لەویش بەرزترە، شاعیر نیگارێکی مۆزایێکی ورد و ڕێکوپێکی دروست کردووە، شۆڕشێکی لە هونەری موسەممەتدا کردووە، لە باتی ئەوەی نیوە دێڕی شیعر بکا بەدوو ڕستە یا چوار ڕستەی یەک کێشی، وەستایەتی گەیشتۆتە پلەیێک، نیوە دێڕی شیعرێکی کردووە بە شەش ڕستەی یەک کێشی، نەخش و نیگارێکی بەرزی بەئاوازی وشە و ڕستە دروست کردووە، هارمۆنی شیعرەکە هەستی پیاو ڕادەکێشی کە لەگەڵ ئاواز بژی و بچێتە ناویەوە لە سەرەتای پێنجینەکەوە تا کۆتایی.

ئەم پێنجینە لە دەستنووسێکی کوردی دۆزراوەتەوە کە لە ساڵی ١١٨١ھ/١٧٦٨م ڕوونووس کراوە.

ماجین لە پێنجینەکەیدا دەڵێ:

سۆرگولا    غونچە دەهەن    نازک نیهالا    کێ یی تو
مەهوەشا    دل پیرەهەن    شوخ و شەپالا    کێ یی تو
گول ڕوخا    سیمەن زەقەن    فیکر وخەیالا    کێ یی تو
ئاهویا    دەشتا خوتەن    مشکین غەزالا    کێ یی تو
نازکا    سیما سەمەن    قەنج و دەلالا    کێ یی تو

ئەو چە دیمە   ئەو چە روونە   ئەو چەزولفە   ئەو چە خال
ئەو چە گول   باغی گولانە   ئەو چە حوسنە   بێ میسال
ئەو چە ئەبرۆنە   چە قەوسن   ئەو چە نوونن   ڕەنگ هیلال
ئەو چە موژگانن   چە تیرن   ئەو چە ئەلماسن   بقال
قاتیلی خون ڕێز و خوون خوەر پوور قتالا کێ یی تو
ئەو چە بادامن   سیاهن   ئەو چە چاڤن   غەمزەریز
ئەو چە ڕەیحانن   دشەنگن   ئەو چە زولفن   مشکەبیز
ئەو چە هیندوونە   سیەهـ دل   ئەو چە خالن   فیتنەخیز
ئەو چە لێڤن   ڕووحی پەروەر   ئەو چە عوننابن   عەزیز
لەب خەمۆشی بادەنۆشی لا ئوبالا کێ یی تو
ئەو چە بەژنە   ئەو چە قامەت   ئەو چە قەد دل روبا
ئەو چە ئەخبارن   تەجان دە   ئەو چە دوررن   پڕ بەها
ئەو چە نارنج و ترنجن   ئەو چە سێڤن   سینەجا
ئەو چە مەهتابن   بناگۆش   ئەو چە سوبحە   نوورفزا
ڕۆهینا شاما فیراقێ شەمع و مالا کێ یی تو
حوور و عینی   غەم ڕەڤینی   دل تشینی   دل فریب
بێ قوسووری   هەم چە حووری   نووری تووری   پڕ عەجیب
عیشوەسازی   سەرفرازی   دل نەوازی   دل شەکیب
شەهـ لەوەندی   لەب ژ قەندی   چەشمی بەندی   پڕ غەریب
سینە سۆژی دل فروژی مەهـ جەمالا کێ یی تو
ئەو چە عاجە   ڕەنگ زوجاجە   ئەو چە نوورین   گەردەنە
ئەو چە دورجا   لەعلی کونە   جان ڕەوان تێ مەسکەنە
ئەو چە دەستین ڕەنگ خەنایی ڕشتنا   خوونا منە
شوبهێ تە   مەحبوب و خووب   ما قەد د   دونیایێ هەنە
جەبهە ڕوژی قلبی سۆژی قەد شەمالا کێ یی تو
ئەو چە دل بەندن   موسەلسەل   ئەو چە زنجیرن کەزی

ئەو چە مەهبووشن    چە ئالا کەسک و سۆر و قرمزی
نەترک و ئیلان وشتری تیک لە دێمی تو ووزی
دێ بەمەش جارەک تو سەروا من وەرە سەیرا رەزی
دا ب قوربانی تە بت (ماجین) غەزالا کێ یی تو

***

مەلای باتەیی لاسایی ئەو سیستێمە شیعرە کلاسیکییەی کردەوە کە عەلیی هەریری و مەلای جزیری بەردی بناغەیان دانابوو، بە لای ئەوەوە ئەدەبی بەرز ئەو شیعرەیە کە شاعیرانی فارس و تورکی عوسمانی لە شیعری عەرەبییەوە دروستیان کردبوو و شتێکی نوێیان هێنابووە ناوەوە. مەلای باتەیی لەسەر ئەو باوەڕە بوو میللەتی کورد ئەوکاتە مافی نەتەوەیی خۆی لە ناوەوە دەبێ کە ئەدەبێکی بەرزی وەکو ئەدەبی هاوسێکانی هەبێ. هەستی نەتەوەیی لەو ڕۆژگارەدا بۆتە هۆی بەکوردی کردنی ڕۆشنبیری و خوێندەواری، بە لای ئەوەوە ئەمە پێچەوانەی ئەوە نەبووە زمانی ڕەسمی ئایینی ئیسلام عەرەبی بێ.

پرتەو

## بەشی پازدەم

# پرتەو

١٧٥٦ – ١٨٢٥

### ژیانی شاعیر

ئەم شاعیرەمان تەخەللوسی شیعری «پرتەو» و بە «پرتەوی هەکاری» و «شا پرتەوی هەکاری» لە گێتی ئەدەبی کوردیدا ناسراوە. ناوی مستەفا بەگ کوڕی عەبدوڵڵا بەگ کوڕی محەمەد کوڕی ئێزدین شێرە، بە بنەماڵە لە میرانی ناوچەی هەکارییە. لە کتێبی شەرەفنامەدا ناوی بنەماڵە و باپیرانی پرتەو هاتووە. لە ساڵی ١٧٥٦ لە ناوچەی هەکاری لەدایک بووە. زانیاری تەواو لە ژیانی بۆمان نەماوەتەوە.

پرتەو وەکو کوڕی بنەماڵەیێکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو و بەکار توانیویەتی خوێندنی ئەو سەردەمەی حوجرەی مزگەوت تەواو بکا، ئیتر یا مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە یا لە حوجرە لەلای بەتواناترین مەلا و مامۆستایانی ئەو ڕۆژگارە خوێندوویەتی، وەکو لەبەرهەمی شیعری پرتەو دەردەکەوێ کەسێکی بەتوانا بووە لە زانستییەکانی زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلام و ڕۆشنبیرێکی بەدیمەن بووە لە زمانی کوردی و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواریدا.

پرتەوی کوڕی گەورە ماڵێک هەوڵی نەداوە وەک خوێندەوارێکی حوجرە، یا مەلایێک بناسرێ، لەگەڵ ئەوەشدا پیاو بە هیچ جۆرێ بیری بۆ ئەوە ناڕوا ئەم شاعیرە لە نێوەندی خوێندەواری ئەو سەردەمە دووربووبێ، بەپێچەوانەوە دروستبوونی وەک شاعیرێک لە ئەنجامی ئەو خوێندنە بووە، هەروەها ناوچەی هەکاری وەک نێوەندێکی ڕۆشنبیری دەوڵەمەند کاری گەورەی بووە بۆ خەملاندنی چێژ و خەیاڵی پرتەو، چونکە ناوچەی هەکاری جێی لە دایکبوون و ژیانی هەندێ لە زانا و شاعیرە هەڵکەوتووەکانی وەکو عەلیی تەرەماخی و عەلیی هەریری و فەقێی تەیران و باتەیی و خانی و گەلێکی دیکە بووە، بۆیە ناوچەی هەکاری

بەنێوەندێکی ڕۆشنبیری گەورەی خوێندەواری لە کوردستانی باکووردا ناوبانگی دەرکردووە.

## شیعری پرتەو

ئەو برە شیعرەی پرتەوی شاعیری ئەم ماوەیەمان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دۆزراوەتەوە، دەسنووسەکە لە ساڵی (١٢٢١ھ/١٨٠٦م) ڕوونووس کراوە. مامۆستامان تۆفیق وەهبی دەوری دیاری هەبوو لە ناساندنی ئەم شاعیرە بەخەڵکی کورد، وابوو لەسەر لاپەڕەکانی کۆواری دەنگی گێتیی تازە لە بەغدا (١٩٤٣ – ١٩٤٧) چەند غەزەل و قەسیدەیێکی شاعیری بڵاوکردەوە.

دیوانی پرتەوی هەکاری لەوە دەچێ هەموو غەزەل و قەسیدەکانی شاعیری گرتبێتە خۆی. چونکە ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە شیعرەکان دەبینین شیعری لەسەر دەنگی هەموو تیپەکانی ئەلفوبێی عەرەبی و کوردی هەیە، واتە قافیەی تیپەکان، تەنیا لە ئەلفوبێی عەرەبیدا دوو دەنگی (ذ، ظ)ی نییە، لە کوردیشدا تەنیا دەنگی (ژ)ی نییە. لێرەدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە دیوانی پرتەو یەکێکە لە دیوانە کلاسیکییە کەمەکانی ئەدەبی کوردی کە قافیەی غەزەل و قەسیدەکانی لە زۆربەی هەرەزۆری دەنگەکانی ئەلفوبێی عەرەبی و کوردی پێکهاتوون.

هەروەکو چۆن دیوانی پرتەو لە ڕووی دەنگەکانی قافیەوە زۆر دەوڵەمەندە، هەروەها دەتوانین بڵێین لە ڕووی کێشی عەرووزیشەوە بەشێکی زۆری بەحرەکانی عەرووزی بەکارهێناوە.

لە ئەدەبی کوردیدا کەم شاعیری کورد هەیە نۆ بەحری عەرووزی لە شیعردا بەکارهێنابێ. شاعیری ئەم ماوەیەمان لە هەموو کێشەکان زیاتر ڕەمەل و هەزەجی بەکارهێناوە، لە دوای ئەمانە کۆمەڵێک غەزەلی هەیە لەسەر کێشی ڕەجەز، چەند غەزەلێکیش لەسەر کێشی موزاریع. لە کێشی بەسیت سێ غەزەلی هەیە و لە مەقسووریش دوان. هەرچی کێشەکانی موتەقاریب و مونسەریح و خەفیفیشن لەهەر یەکەیان غەزەلێکی هەیە. وەکو بۆمان دەردەکەوێ بەدەگمەن شاعیرانی کوردی کلاسیکی ئەم کێشانەی دوایی عەرووزیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە.

شیعری پرتەو وەکو هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانی دیکەی ئەدەبی کوردی لە

غەزەل و قەسیدە پێکهاتووە. جگە لەم دوو بابەتە لە ڕووی ڕوخسارەوە کۆمەڵێک چوارین و پێنجین و موستەزادی هەیە. لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە موناجات و نەعتی پێغەمبەر و دڵداری و وەسفی خۆشەویست و سروشت هەموو لایێکی شیعرەکانیان داگیرکردووە.

شاعیر بایەخێکی زۆری بەشیعری ئایینی (موناجات و نەعت) داوە، ئەگەر شاعیرانی کورد بۆ پیرۆزبایی سەرەتای دیوانەکانیان بەیەک دوو قەسیدەی مەدحی خودا و پێغەمبەر ڕازاندبێتەوە پرتەو نزیکەی سێیەکی دیوانی بریتییە لە قەسیدە و پێنجین و چوارین، ئەمانە دەچنە ناو نموونەی شیعری هەرە جوانی ئایینی کە بەزمانی کوردی بێژرابێ.

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین چنینی شیعری جوان لەناو گوڵزاری دیوانی شاعیری ڕەند پرتەوی هەکاری کارێکی ئاسان نییە، چونکە غەزەل و قەسیدەکانی هەموویان جوانن، ئەگەر کارەکە بەڕاستی بێ پێویستە هەموو دیوانەکە بخەینە بەرچاوی خوێنەری ئەم کتێبە، بەڵام ئەمە کارێکی قورسە، بۆیە نموونەکان دەکەونە ژێر چێژی ئیستێتیکی خاوەنی ئەم کتێبە و بەم جۆرە پیشانیان دەدا.

## گوڵبژێری دیوانی شاعیر

هەر لاپەڕەیێکی دیوانی پرتەو بکەینەوە بەرەو ڕووی پارچە شیعرێکی دڵداری دەبینەوە. خۆشەویستی بەرامبەر بەیار و تێکەڵکردنی بەسروشت. بێگومان بەهار ڕەمزی گەشانەوەی ژیان و هەڕەتی لاویەتی دڵدارانە، لەبەر ئەوەیە بەبەڵگەی ژیانەوەی پاش مردن دادەنرێ.

١

خوەش بهارە وی ژ نۆشینا گوڵ و گوڵزارێ باغ
لێ دلێ من شبتی لالە پڕ ز خوون و داغ داغ
مایە مەحرووم ئەڤ دەماغا من ز بێهنا چیچەکان
زەندە خەر تەبعان دا ب وێ گول موعەتتەر کر دماغ
نینە ساحیب مەنزلا هەمسایە تەلبا نوور شەمع
لەو ژ نار هیڤی مە دا ئیشەڤ من بیە نوور و چراغ

گـەر چ مـەحـبـووبان ڕوش گرتن ژ وێ سروا خـرام

لێ شـــاكـــو ڤـینە تـەشـبـــیــهی فـــەلەنگینا تلاغ

چەرخی دەوران بێ وقـووفە نـاكتن یەک مـووی فـەرق

لـەحنێ جـــۆشـن نەوابێ بلـبـل ڕاڤـــا ڕاڤـــا را زاغ

مـوسـتـەننەدان ئەهلێ دل ئەبلەهـ مـودامێ كـامـیـاب

دەردەمـەندان ئەهلێ دانش ئەحـمـەقن سـاحیب ئەیاغ

دل چرا (پرتەو) تە دا تیـفلەک نەدانەک ســەنگ دل

نی ل جـوانان پرســشــە وی نـی ل بیـرانە سـوراغ

بەهار بەلای شاعیرەوە هەنگامی خۆشی و ئاسوودەییە بۆ هەموو كەسێک، تەنیا بۆ خۆی نەبێ. گوڵی لالە مایەی جوانی بۆ هەموو لایێک، بەتایبەتی كە وا دێتە بەرچاوی دڵداران وەكو لە كوڵمی دلبەر بكا، بەڵام بۆ شاعیر لالە لە دڵی پڕ خوێنی خۆی دەكا. پرتەویش وەكو شـاعیرانی دیكە گازاندە لە خۆی دەكا، بەوەی دڵی خۆی داوەتە كیژێكی منداڵكاری نەفام، نرخی دڵداری نازانێ و دڵڕەقانە ئازاری شاعیر دەدا.

لە حاڵەتی ئازاری دڵداری كە بەخۆشی دەگەڕێتەوە بۆ شـاعیر ئاوڕ لە گوڵی تەبیعەت دەداتەوە و لەگەڵ هەندێ ئەندامی لەشی دلبەر بەراوردیان دەكا.

ژ بادی نـەكـهـەتا سـوبـحێ چو بلبل جـانـێ مـەخـوەش بوو

ڕحـان و سـونبـول و نەسـرین ل ئەترافێ گـولا گـەش بوو

حیـجـاب و پەردەیا زولفـان ب سـەر عـاریز وەكی شـەڤ هات

نەسیحەت ڤێ كەت و شەمسا مونەووەر دەركەت و گەش بوو

هەچی شـۆر و شــەڕ و فـیـتنە دنیـایێ كـو بوون زاهیـر

ب ناسێ وان هەمی زولفـان سـیـاه وا سـۆر و ڕەش بوو

كەسێ چوو سوحبەتا ڕەندان نەما قەت و نەبوو دل خـوون

ژیا مـەخـموور و سەرمەست و مـودامێ یو مـوشـەووەش بوو

وەكی ئەسكەندەری دائیم مـە عـەزمـا عـەینێ حـەیوان كـر

وەلی سـەرچەشـمـەیا حـەیوان نەسـیبێ هیندووەک ڕەش بوو

ب ئیحرام وی تەن بەستن ت سەحرا دل لە ما مەقسەد
ژ کەعبا دل تەوافا خال تەشبیهی بەرێ ڕەش بوو
ئەگەر (پرتەو) نەشاعیر بوو وەلێ چاڤنێرێ ڤێ بەیتێ
وەکی مەستان غەزەل چێ کر لە ما بەیتەک موشەووەش بوو.

شنەبای بۆن خۆشی بەیانی وەکو بلبل خۆشی گەیاندە ئێمە، هەروەها ئەو ڕەیحانە و سونبول و نەسرینە، ئەو بسک و کەزی و قژەی دەوری ڕوخساری جوانی وەک گوڵی گەشی داوە، سەرپۆشێک بوو تاریکی خستبووە سەر ڕوخساری دلبەر، هەر ئەو شنەبایە بوو قژی لەسەر ڕوومەتی لادا و خۆری ڕووناک هەڵات.

پرتەو دەڵێ ئەسکەندەری مەکدۆنی لە سەروچاوەی کانی ئاوی ژیان دەگەڕا، ئەو دەستی کەوتبێ یا نەکەوتبێ گرنگ نییە، کەچی سەرچاوەی ئاوی ژیان بەنەسیبی دلبەرێکی خاوەن خاڵێکی ڕەش بوو، وەکو ئاشکرایە لێرەدا مەبەس لە سەرچاوەی ئاوی ژیان دەمی دلبەرە.

٢

ئەی دلێ سەرمەستێ من مەستانە ڕەقس
بوزما جانانە وەکی پەیمانە ڕەقس
گولفشانەکە مەجلیس جارەک ژ من
جامێ ت کەف میسلێ گولان خەندانە ڕەقس
لەشکرێ ئیمانێ بهل بیروون دەر
ت دەروونێ خانەیا جانانە ڕەقس
گەر تە دوڤا خەلوەتا دل بێتە سەر
دێ وەکی جۆشا مەیا جۆشانە ڕەقس
بەس نییە ئەڤ قالوقیل و سوورەتی
خۆش ب وەجهێ مەعنەوی ڕەندانە ڕەقس
گەه ت گەل دێوانەگان یا هایوهووی
گەه ت گەل فەرزانەگان فەرزانە ڕەقس

(پرتەو)ی ئاڤــــا هەیا دل بو خـــــراب
کـــەف ب کـــەف ئەز شـــادیا وێرانە ڕەقس

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا وشەی ڕەقس (رقص)ی کردووە بەپاش قافیە، لێرەدا پێش هەموو شتێک پێویستە بیرمان بۆ ئەوە بچی پرتەو زیاتر مەبەسی ئەوە بووە قافیەی دەنگی (صاد)ی عەرەبی هەبێ، بۆ ئەمە ئەم شیعرە و شیعرێکی دیکەی هۆنیوەتەوە، واتە لە دیوانیدا دوو شیعری دەنگی (ص)ی عەرەبی هەیە وەک پاش قافیە. دووبارە و سێبارەکردنەوەی وشەی «ڕەقس» خۆی لە خۆیدا دەبێتە وەسفی ئەو بزووتنەوەی لەشەی کە ئێمە «سەما» و «شایی» پێ دەڵێین. وەکو لە ناوەرۆکی شیعرەکە دەردەکەوێ شاعیر مەبەسی سەمای دەروێش و سۆفییان و مێرمنداڵ و کیژۆڵە عازەبەکانە. تەهلیلە و هایوهووی دەروێشان دەستووری خۆی هەیە، هەروەها شایی و حێولانەی هەرزە و کیژۆڵانیش دەستووری خۆی هەیە.

٣

هێـــدی بهـــژین بادی ســـەبا توڕڕەیی دلدار
هەر تایەکی پێ بەستنە سەد زەخمی و بیمار
ســـاقی دەمـــەکی من بکە بێـــهـــۆش ژ بادە
ڕاحـــــــەت ببتن بەلکی دلێ ژارێ برینـدار
قـــوربانی تە بم ڕەحم و مـــورووەت کـــو تە نینە
ژ زولم و ستـەمێ بیر بکە ڤی جانێ ل م یەکجار
جـانێ من و عیـشـقـا تە نە ئیرۆکنە دەمـسـاز
بەلکی ژ ئەزەل ئێکن و یەک نوورن و یەک نار
دوژمن لە مە دلخوەش نەکە ئەی سەروەری خووبان
دەردێ وی ئەوە دا بکتن عـــــاشق قــــــەرار
یووسف کـــەرەم و نینە بهـــا لێک وەکی پیـــر
نەقـــــدا دل و جـــــان (پرتەو)ی ئینانـدیە بازاڕ

شاعیر مەبەسی سەرەکی لەم پارچە غەزەلەدا تەنیا هەڵکردنی شنەبای شەماڵ

نیــیــه لـه پێناوی ئـەوەی ئێش و ئازاری دڵداری کـــەم بکاتەوە بـەڵکو لە ســـاقی دەپاڕێتەوە بەمەی ســەرخۆشی بکا، کە سەرخۆش بـوو بێهۆش و دەبێ و هەست بە برین و نەخـۆشی ناکا. ڕوو دەکاتە یار و پێی دەڵێ: دڵی من و دڵداری تۆ ڕووداوی ئەمڕۆ نییە بەڵکو دیاردەیێکی ئەزەلییە و یەکێکیان ڕووناکی و ئەویتریان ئاگرە. بەختیاری بۆ تۆ و بەدبەختی بۆ من.

٤

چیــیـــە دەردێ تـە بێـــژە ئەی دل ئـەی دل
ژ چاڤـــــان خـــــوون بڕێـژە ئـەی دل دل
ژ بـۆ تـەسکینا ئێش و حـــیـــرقـــەتا دل
هــەمـــــــە دەردان بڕێـژە ئـەی دل ئـەی دل
ژ مـن ئەحـــوالێ کــۆڤـــانان مـــەپرســـە
کـــــو حــــــالاتـەک درێژە ئـەی دل ئـەی دل
هـەچی داغ و بـرینـا مـن ل ســـــــینـە
ژ وێ بـــەژنـــا درێـــژە ئـــەی دل ئـــەی دل
نـە ئیـــــرۆکـــــە تـە تـەرکـــا ئـاشنایی
کـو قـــەتعـــا تە ژ مـــێـــرە ئەی دل ئەی دل
مــە زانـی عـیـشـقـا مـەحـبـووبان بـەلایە
هەچی دی سـووس و گـێـژە ئەی دل ئەی دل
وەکـــو تە گـــوهـ نـەدا پـەندێت ت (پرتـەو)
ت نـارێ غــــــــەم بـڕێـژە ئـەی دل ئـەی دل

ئەم شیعرە موناجاتێکە پرتەو لەگەڵ «دڵ»دا دەیکا. «ئەی دل»ی دووبارە کردۆتەوە و وەک پاش قافیە خستوویەتییە ڕوو، ئەم دووبارە کردنەوەیە چەشنە مۆسیقایێکی ڕەوانی داوەتە ئاوازی شیعرەکە، قافیەی شیعرەکە لە بنجدا دەنگی «ژ»یە، ئەگەر شاعیر خەریکی ئێش و ئازار و دەردی دڵ نەبوایە، بۆمان دەکرا بڵێین ئەم شیعرە وەک ئاوازێک بۆ سەما و شایی و هەڵپەڕکێ دەشێ، بەڵام ناوەرۆکەکەی زیاتر ڕەنگە لەگەڵ سەمای باڵێ بگونجێ. بێگومان لێرەدا بوون و نەبوونی باڵێ و ئۆپێرا

لەناو کۆمەڵێ ئێمەدا، ئەوە ناگەیەنێ نەتوانین شیعرێکی کۆنی کلاسیکی کوردی، یا شیعرێکی نوێی هاوچەرخ لەگەڵ ئەم جۆرە هونەرە ئەوروپاییانە بگونجێنین.

٥

جەلاوو سەیقەلا قەلبان جەماله
سەفا بەخشێ دلان بەژنا شەپاله
حەرامە ئەڤ ب بێ بەزما حەبیبان
ت گەل وان بادەیا سافی حەلاله
چ لێکم مەسجید و میحراب و مینبەر
ژ بۆ تەقبیله ئەبرۆیێن هیلاله
سەدایێ عەندەلیبان تار و ئازار
نەوایێ بلبلان هەر وەردێ ئاله
نمازی عاشقان ناز و نیازه
نیازا سادقان وەجهێ جەلاله
نەڤێ من چەشمەیا ئاڤا حەیاتێ
حەیاتا من لەبێ لەعلا زەلاله
ت وەسلێ (پرتەو)ی سەد ساله ئاتەک
ت هیجرێدا دەمەک مانەندی ساله

لە خوێندنەوەی ئەم پارچە شیعرە لە ڕووی جوانکارییەوە ڕاستیێکمان بۆ دەردەکەوێ، شاعیر کۆمەڵێک تەعبیری ڕەوانبێژی ڕۆژهەڵاتی بەکارهێناوە، وا دەکەونە بەرگوێمان لەمەوپێش گوێمان ئاشنایەتی لەگەڵیاندا هەبێ، وەکو ئەوەی دوو برۆی مانگی یەکشەوی پەرستگایە لەباتی مزگەوت، دوو لێوی دلبەر سەروچاوەی ئاوی ژیانە و هی دیکە، بەلام بەرزی شیعرەکە لەوە دەردەکەوێ پرتەو وەستایانە ئەو نرخە ئیستێتکیانەی وەرگرتووە و بەکوردی دایرشتوونەتەوە، بەم پێیە ئەم جۆرە بەرهەمانە دەچنە ناو کاری ئەدەبی داهێنراوی بەرزەوە.

٦

پرتەو کۆمەڵێک پارچە شیعر بەکاردێنێ بۆ وەسفی دلبەر، لەو شیعرانەدا هەردوو لایەنی خۆشەویستی ڕەچاو کردووە، لایەنە جوانەکانی ئەندامانی لەش و لاری کە بەچاو هەستیان پێدەکرێ، هەروەها لایەنە جوانەکانی خووڕەوشتی نادیاری مەعنەوی کە بەچێژ و خەیاڵ و ئینفیعالی ناوەوەی دەروونی هەستیان پێدەکرێ، بەمە دلبەر دەبێتە بەڵگەی کامڵی و بێ کەموکوڕی.

لە پارچە شیعرێکدا دەڵێ:

م دی یارەک نیگارەک جـــــــوانەک
گەلەک فەهمیدە زانا، نوکتەدانەک
ب عـــاریز ئافـــتـــابا بورجێ خـــوونی
خەبەردان شەهد ریز و خوەش زبانەک
ب داد و لوتف و ئیحسان و مورووەت
دەمەک دنیا بکە یەک لەحزە کارەک
ب شان و سەتوەت و تەمکین و عیززەت
شەهەک ساحیب غوروور و عیزز و شانەک
نەبوون میسلێ تە ئەسلات عالەم
سزاوارەک نە سولْتانەک نە خانەک
کـــــــو بۆ (پرتەو) دلا ڕامـــــــانە دیتن
چ بێژم نوورێ چەشمەک قووتێ جانەک

لەم شیعرەدا شاعیر لە خاسیەتە تایبەتییەکانی خووڕەوشتی دلبەر دەدوێ، دلبەر قسەزان و نوکتەچی ئەوتۆیە کە قسە لە دەمی دێتە دەرەوە وەکو ئەوەیە هەنگوین بڕژێنێ. خۆشەویست نەرم و نیانە، چاوتێرە، ئازا و بەتوانایە، وەکو شایێکی سەر بڵندە، بەڵکو لە شا و سوڵتانانیش ڕەتی کردووە.

ئەگەر لەم شیعرەیدا شاعیر دلبەری وەکو قارەمانێکی بەزەبر و زەنگ پیشان دابێ، وەک سیفەتێکی مەعنەوی، لە شیعرێکی دیکەیدا دلبەر لە ناسکی و نەرم و نیانیدا وەک پەڕەی گوڵ دەیخاتە ڕوو.

لەم لایەنەوە دەڵێ:

م دل دا دلبـــەرەک ســـەنگین و مـــەهـوەش
لەتیـفـەک نازکـەک مـەسـتـەک سـەبووگـەش
دڕ و گـــولبــــەرگ و ســـورخ و تازە و و تـەڕ
ب سەر گول خال مشکینەک عەجەب خوەش
ژ بۆ تـەعـــویزێ حـــیـــفـــزا چاڤ خـــرابان
ت عـیـشـقـێ دان ب دل دانی ســەر ئاتەش
وەرە ئـەی بـاد مـن ســــــــەلک دڤــــــێـتن
ژ من بـۆ دلبـــەرێ مـــیـسـلی تـە بێ غـــەش
ســـەراســـەر شـــەرحـــا ئەحـوالێ فـیـــراقێ
ژ خـــوونێ نـامـــە بـنڤـیــسم مـــونەقــقـــەش
هـەمی وەزن و مـوقـەففـا و مـوسـەجـجـەع
هـەمـی تەرجـیـع و تەرکـیـب و مـــوشـــەووەش
ژ (پرتـەو)دا ببـــــووســــــە ئـاســـــتـــــانێ
بەدی عـــەرزی ڤـەکـرڤـە چابەک و خـوەش

لێرەدا دلبەر قورسە، مەستی هەوای ڕۆمانتیکییانەی شیعری کلاسیکی کوردییە، سـوور و تەڕ و تازەیە و لە بەرگی گوڵ دروست کراوە، ئەو سـیـفـەتە ڕەسـەنانە بوونەتە هۆی داهێنانی شیعری بەرزی پرتەو. شـاعیر شیعر دەهۆنێتەوە هەمووی کێشی جوان و قافیەی ڕێک و ڕستەی سەجعدارە، ئەم هەموو وێنە و مانایانە خـراونەتە ناو شـیـعـری تەرجیع بەند و تەرکیب بەند و گەلێ جۆری ڕەوانبێـژی تیایاندا بەکارهێناوە.

شاعیر لەم وەسفانەوە، غەزەلێکی دیکە تەرخان دەکا وەک گفتوگۆیێک، یا موناجاتێک لەگەڵ دلبەردا، لەم شیعرەدا ئامۆژگاری خۆشەویست دەکا ئاگاداری ئەوە بێ جوانییەکەی سروشتی و خۆڕسکە و پێویست بەهیچ جۆرە شانە و ئاوێنەیێک ناکا.

لە غەزەلەکەدا دەڵێ:

مـــەكـــە ئايينە و عـــاريز بەرابەر
مـەدە شـانە سـەرێ زولفـا مـوعـەنبـەر
تەبەسـسـوم كـە ب ناز و غـەمـزە چالاک
بكە بێ قـــەدر لەعل و دورِ و گـــەوهـەر
بدە بەر با مـوسـەلسـەلهـايێ مـشـكين
دەمـــاغـا جـان بـێن دالی مـوعــەتتـەر
ژ مــێـــژە ناڤێ حـــوسنێ نينە پەيدا
ڤـەدە پـەردێ ژ بەر حـوسنا مـونەووەر
كـو دا عـاشـق ب سـەد ئەزمـان گـوويا
بخـوونن خوتبـەيان عـيشـقـا ل مينبـەر
ئو عـەنبـەر دانيـا خـالا ل ڕوويان
عـەبيـرە يا نـەدانی نێـڤـا مـەجـمـەر
نەشـێـتن (پرتەو)ی وەسـفـا جـەمـالێ
بكت پايان ب سـەد تۆمـار و دەفـتـەر

شـاعير لەم وەسفەدا بەجوانی سروشتی دلبەردا هەڵدەڵێ، قژی جوانی پێویست بەشـانە ناكا، بای شـەماڵ شانەی دەكا، زياتر جوانييـەكەی دەخـاتەڕوو، لێرەدا داهێنانی شـاعير لەوەدا خـۆی دەنوێنێ كە دەڵێ: پرتەو ناتوانی وەسـفی جوانی دلبـەر بگەيەنێتە ئەنجام، تا ئەگـەر سەدان دەفتەر و تۆماريش تەرخـان بكا بۆ ئەو وەسفە.

٧

پرتەو ئەگـەر بڕياری دابێ لە هونەری مـوسـتـەزاديش بەرهـەمـی هـەبێ بۆ ئەوەی بووە ديوانی شيعری هـەموو بابەتە تازەكانی شيعر بگرێتە خۆی، ئەوانەی لە دوای نزيكبـوونەوەی ئەدەبی كوردی لە ئەدەبی نـەتەوەكانی ديكە دروست بوون. بێگومـان مـوسـتـەزاد يەكێكە لە هونـەرە تازە داهێنراوەكـان. لە مـوسـتـەزادەكـەيدا شـاعـير دەڵێ:

ئیــرۆکــە م تالیع ســەحـــەرێ دلبـــەری ســـەلما
مەشیا ب خرامان
مـەسـتـانـە وەش، کـەچ کـولەھ و قـامـەتـی ڕەعنا
شەنگا شەبی ڕیحان

***

ئەڤ شیوەوو ئەڤ عیشوەوو ئەڤ ناز و نەزاکەت
ئەسلەن م نەدی بوون
یارەب ژ هـەمـی دەرد و بەڵا و ئـافـــەتـی دنیـــا
حافز تو ب یەزدان

***

سەیران کرە باغ و چەمـەن و گولشـەن و گولزار
یاری ت سەحەرگەھ
گەر جەننەت و فیردەوس و جینان واری سەحرا
وەک حۆری یی ریزوان
دا زولم و سـتـەم جـەور و جـەفـا وان نـەبە عـاجـز
(پرتەو) کو ژ مێژە
بەدخـــونە ترش ڕوونە جـــەفـــاچوونە ســـەراپا
نەھ عەهدە نە پەیمان

وەک لەم نموونەیەدا دەردەکـەوێ لە ڕووی ناوەرۆکـەوە مـوسـتـەزاد بەگـشـتـی لە دڵداری و وەسف دەدوێ، بەڵام لە ڕووی ڕوخسارەوە شاعیر یاری بەکێش و قافیە دەکا. دێڕە درێژەکان لەسەر یەک کێش دەبن، دێڕە کورتەکانیش لەسەر کێشێکی تر، هـەروەها قـافـیـەی دێڕە کـورتـەکـانیش دەگـۆڕێ. خـوێنـەر کـە مـوسـتـەزاد دەخوێنێتەوە وا دەکەوێتە بەر گوێی وەکو ئەوەی دێڕە درێژەکە پرسیار بێ و دێڕە کورتەکە وەرامی پرسیارەکەبێ، جا ئەگەر هەندێ جار بەڕاستی وا بکەوێتەوە، بەگـشـتـی مـوسـتـەزاد بۆ مـەبەسـی دیالۆگ دانانرێ. هـەرچۆنێ بێ مـوسـتـەزاد

دیاردەیێکی هونەرییە ئاواز دەورێکی گرنگی هەیە بۆ نزیک کردنەوەی لە دڵ و دەروونی ئادەمزاد.

٨

پرتەو لە پارچەیێکی شیعری سێ دێڕیدا نازناوی خۆی «پرتەو»ی کردووە بەپاش قافیە، لێرەدا جۆرە زانین و شارەزاییێکی نواندووە و قسەکانی لە چێژ و خەیاڵی خوێنەر نزیک کردۆتەوە.

لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

عەجەب ئاشفتە وو حەیرانە پرتەو
مەیسالی بلبلێ باغانە پرتەو
ل شەمعا عاریزان حەتتا سەحەرگەه
وەکی پەروانە بێ تابانە پرتەو
نزانم ئەز تەلیسما سحری عیشقێ
وەکی مەجنوون بێ سامانە پرتەو

نزیک کردنەوەی خوێنەر لە خۆی زیاتر لەبەر ئەوەیە چونکە نازناوی خۆی لەم شیعرەدا کردووە بەقافیە، ئیتر لەم سێ دێڕە شیعرەدا چوار جار ناوی شاعیر هاتووە. جگە لەمە بەهۆی ئەوەی چەند جارێک ناوی شاعیر دووبارە کراوەتەوە دەبێ قسەکانی پرتەو لە بابەت خۆیەوە بێ، واتە وەسفی خۆی بکا. ڕاستییەکەش ئەوەیە شاعیر ئەم پارچە شیعرەی بۆ وەسفی هەست نەستی و ناوەوە و سایکۆلۆجییەتی دەروونی خۆی تەرخان کردووە لە ماوەیێکی دیارکراوی ژیانیدا.

ئەگەر لە لایێکی دیکەی ڕەوانبێژییەوە بنوارینە ئەم پارچە شیعرە لە ڕووی وشەی «پرتەو»ەوە، دەتوانین ئەوە بڵێین بەمانای «ڕووناکی» و «تیشک» و «ئیشراقی سۆفیزم»یش دەکرێ لێک بدرێتەوە.

٩

ئەگەر چوارینەکانی پرتەو لەگەڵ قەوارەی دیوانی شیعری بەراورد بکەین دەبینین بابەتی چوارینی زۆرە. لە ڕووی ناوەرۆکەوە چوارینەکان لە بۆچوونێکی

کورت، یا وێنەیێکی شیعری بچووک پێکهاتوون، هەندێ جار وەکو وەرامی پرسیارێک دەکەونە بەرچاو، یا لێکدانەوەی نوکتەیێک، هەندێ جاریش بیری فەیلەسووف و دانایێک ورد دەکەنەوە.

لێرەدا بۆ نموونە هەندێ لە چوارینەکانی پرتەو بەرەو ڕووی خوێنەر دەکەینەوە.

١- لە چوارینێکیدا شاعیر دەڵێ:

شەڤ نینە کو من نالە نەبوون ژ فەلەک

هێستر ژ فورات و نیل بۆش بوونە گەلەک

دلبەر ب مرا وەعدە خەبەردا نەکتن

ترسم ب مرا وەفا تکت چەرخێ فەلەک

شاعیر لەم شیعرە و لە گەلێ چوارینەکانی دیکەی لە گێتیی شیعرییەتی خەیام دوور نەکەوتۆتەوە، هەندێ جار شێلەی ئەو شیعرانە بووە بەهەوێنی کوردانەی چوارینەکانی شاعیر، یا ڕاستتر بەکوردیکردنی هەست و نەستی دەرەوەی کۆمەڵی کوردەواری، بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوە.

٢- لە چوارینێکی دیکەشدا شاعیر دەڵێ:

ئاگرێ عیشقێ د سۆژیت جانێ عاشق میسلێ نار

ئاگرەک پڕ جۆش و پڕ تاب و حەرارەت بێ قەرار

عاشق و مەعشووقی یەک قەلب و زبان و یەک دلن

دائیما هەر وەقتەکی ناسەبرن سەبرێ سەبوورێ تابدار

لەم چوارینەدا شاعیر لە گێتیی دڵداریدا سێ ئیستگە دەستنیشان دەکا، یەکەمیان ئاگری عەشق، دووەمیان عاشق و مەعشووق لەناو یەکتریدا دەتوێنەوە و دەبن بەیەک، سێیەمیان سەبریان نییە. بێگومان ئەمەی وەک زاراوەیێک لە زاراوەکانی سۆفیزم وەرگرتووە.

٣- لەم چوارینەدا شاعیر دەڵێ:

ئەسلەن دلێ من ژ غەمێ قەت ئازاد نەبوو

جارەک ژ ویسال یا ژ دل شاد نەبوو

تەشـبـیـهی سـەرێ زولفـا تە وەڵڵاهی دلەک

غـــــەیری دلـێ مـن چو دل وە بـەربـاد نـەبـوو

شـاعیـر دەڵێ غـەم هـەمیـشـە نیـشـتـەجێی لە دڵی ئەودا دۆزیوەتەوە، کـەچی قـەت بەبینینی شـاد نـەبووە، دڵی بەجـۆرێک شـێـواوە وەک شـێـوانی زولفی دلبـەرە، ئەم وێنانە ئاساین لە شیعری کلاسیکی کوردیدا.

٤- لەم چوارینەشدا شاعیر دەڵێ:

چرا جـارەک تو گـوهـ نـادەی فـەقـیـران

ب ڕەسـمـا شـاهـ و سـولتـان و وەزیران

دوعـــــــایـی بـێ نـەوایـان چـیـش زۆرن

ژ بۆ دەفـعـا عـەدووێ مـولکێ مـیـران

لەم چوارینـەدا پرتەو ڕوو دەکـاتە خـۆشـەویسـتـەکـەی بەناوی ئەوەی کـەسـێکی هـەژارە، بـەلام دلبـەر دەوڵەمـەندە لە مـەقـامـی سـوڵـتـان و شـاهـانە، پێـی دەڵێ: جـارێکیش گـوێت شل کـە بۆ پاڕانەوەی هـەژاران چونکە قـازانج سـوودی هـەیە بۆ دوورخستنەوەی پیلانی دوژمنان لە ئێوە.

٥- لە چوارینێکی دیکەدا شاعیر دەڵێ:

حینا کو هەبت ژ شـاهـێ عیشـقێ تە تەلەب

داخــــواز بکە وەلـێ ب عــــینـوان و ئـەدەب

گـەردی ب کتن قـەبوول سـاحـیب کـەرەمـە

گـەر ڕەد بگرت نـەهن بێ سـووچ و سـەبەب

دەتوانین بڵێین ئەم وتەیەی شـاعیـر پەندێکە یا وتەیێکی دانایانەیە لە قـالبی ئەم چوارینـەدا داڕێژراوە، تێیـدا شـاعـیـر دەڵێ: ئەگـەر داوایێکت لە شـای عـەشق و دڵداری هەبوو، بە ئـەدەب لە مـەقامـیدا قسـە بکە، ئەگـەر بۆی کردی دیارە خـاوەن کـەرەمـە، ئەگـەر نەیکرد بێگومـان هۆیێکی بـەجێ هەیە، واتە لە هـەردوو باردا ئەو ڕاستە و لەسـەر هەقە.

٦- لەم چوارینەشدا شاعیر دەڵێ:

ئیـــرۆ کـــە م دی دلبـــەرەکـــا بسک ئالۆز
تاریکێ شـەڤـا مـەکـر وەکی نیـمـە رۆز
شۆخـەک ستـەمەک عەربەدەچوو تازە گەلەک
چاڤ مـەست و سیـەھ تیر نیگەھ سینە دۆز

پرتەو لەم چوارینەدا ڕەوانبێژی کلاسیکی لە شیعری کۆنی کوردیدا بەرجەستە دەکا، قژ و بسکی شێواوی دلبەر نموونەی تاریکی شەوە، ڕوخساری ڕەنگدانەوەی نیوەڕۆیە، شۆخێک بەچاوی ڕەشی مەست و برژانگی وەک تیر، هەرزەیێکە ئاژاوە دەنێتەوە بۆ دڵدار.

٧- لە چوارینێکی دیکەشدا شاعیر دەڵێ:

ئەز ڕوو ڕەشـم و سـیـاھ ڕوومـە چ بکەم
یارەب تو دزانی نـەفسـا شـوومـە چ بکەم
گەر چ غـەزەبا تە پڕ شـەدیدە ب عیـقاب
دل دایە بەر ڕەحـمـەتا تـە ڕوومـە چ بکەم

ئەم چوارینە موناجاتێکە شاعیر لە خودا دەپاڕێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەرۆکی شیعرەکە ڕەنگە هەموو ڕستەکان لەگەڵێ لە موناجاتی شیعر و پەخشانی کوردیدا بدۆزینەوە، واتە بەرامبەر بەمانایێکی ئاسایی دەوەستین لە شیعری پاڕانەوە و موناجات و ئیلاهییاتی شیعری ڕۆژهەڵات دەدۆزێتەوە، بەڵام شاعیری کوردی ئەم ماوەیەمان هوشیارانە چوارچێوەیێکی هونەری دروست کردووە، بەتایبەتی پەنجە درێژکردن بۆ هەندێ ئایەتی قورئان زیاتر ئەم چوارچێوەیەی ڕازاندۆتەوە، واتە ئەم جۆرە شیعرانە جوانییان لە وشەیە زیاتر لەوەی لە مانا بێ.

***

لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم کە شا پرتەوی هەکاری لە دایک بوو، لە ئەنجامی ڕینیسانسی شیعری کوردستانی باکوور کۆمەڵێک بەرهەمی بەنرخی عەلیی هەریری و مەلای جزیری و فەقێی تەیران و ئەحمەدی خانی هی دیکە لە ناوەوە بوون.

ئەم بەرهەمە شیعرییە ڕەندانە بوون بەسەرچاوەی ئیلهام بۆ شاعیرانی دیکە. قوتابخانەی شیعری کوردستانی سەروو بە بەها بوو، بەپیت بوو، هاندەرێکی گرنگ بوو بۆ بەردەوامی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە، پرتەو لەم ڕێڕەوە هونەرییەدا دەوری بالآی هەبوو و بەشیعرە جوانەکانی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەندتر کرد.

بەشی شازدەم

## ڕۆمانی شیعری لە سەدەی هەژدەمدا

یەکێ لە خاسیەتە گرنگەکانی ئەدەبی کوردی ئەوەیە ڕۆمانی شیعری بابەتێکی سەرەکییە لە داهێنانی ئەدەبیدا. بەزۆری ئەم جۆرە بەرهەمە لە ناوچە شاخاوییەکان و هەرێمەکانی باکووری کوردستان دەبینرێ. بەگشتی ڕۆمانی شیعری ناوەرۆکی لە سەرچاوەی ئەدەبی میللی نەنووسراوی سەر زار وەردەگرێ و دیارە بنەچەی ئەم سەرچاوانەش دەگەڕێنەوە ڕۆژگارێکی یەکجار دێرینی سەردەمی هیندۆ ئەوروپی و هیند و ئێرانییەکانی پێش ئیسلام، ئینجا سەرچاوە ئایینییەکان (جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام) کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر ناوەرۆکی ئەم جۆرە ڕۆمان و چیرۆکە شیعرییانە.

ڕۆمانی شیعری لە ئەدەبی کوردی لەسەر یەک کێش دەبێ، بەزۆری بەعەرووزی عەرەبی دەکێشرێ و هەندێ جار کێشی خۆماڵی (سیلابی، پەنجە)ش بەکاردەهێنرێ، هەرچی قافیەشە، پێڕەوی جووت قافیە (مەسنەوی – موزدەویج) (ا ا، ب ب، ج ج...) دەکا. ئەو ڕۆمانی شیعرییەی لەسەر کێشی عەرووز دادەمەزرێ بەزۆری کێشی هەزەجی بۆ بەکار دەهێنرێ.

ناوەرۆکی ڕۆمانی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا بەزۆری بریتییە لەمانەی لای خوارەوە:

١- ڕۆمانی قارەمانی و سوارچاکی و جەنگاوەری (مەلحەمەی پێدەڵێن).

٢- ڕۆمانی مێژوویی.

٣- ڕۆمانی ئایینی و ئایینزایی،

٤- ڕۆمانی دڵداری و دەسبازی.

٥- ڕۆمانی کۆمەڵایەتی.

٦- ڕۆمانی ئەخلاقی و پەند و ئامۆژگاری.

تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بایەخێکی ئەوتۆ بەڕۆمانی شیعری نەدەدرا لەلایەن نووسەرانی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، زۆربەی تێکستی ئەو بەرهەمانە لە نامەخانەکانی ئەوروپا پارێزرابوون، ئەوانەی لەلای خۆشمان لە ماڵە خوێندەوارەکاندا بەو چاوە تەماشا نەدەکران وەکو شیعری لیریکی کە جێگەیێکی بەرزی هەبوو لە کۆڕی ڕۆشنبیراندا.

لە دوای جەنگی دووەمی گێتی زانیارییێکی زۆر کەوتە ناوەوە لەبابەت ئەو دەسنووسە کوردییانەی چیرۆکی شیعرییان گرتۆتە خۆ و لە ئەوروپا پارێزراون، لای خۆشمان زیاتر لەبەر ئەوە بایەخی پێ درا چونکە ئەم جۆرە بەرهەمانە لە ڕووی هونەرییەوە نزیکن لە ئەدەبی میللی سەرزار.

لەو ماوەیەدا هەندێ لەم چیرۆکە شیعرییانە دەخەینە ڕوو.

لەیلا و مەجنوون

حیکایەتی میللیی لەیلا و مەجنوونی عەرەبی لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵی کوردەواریدا کەوتە ناوەوە. بەشێوەیێکی یەکجار فراوان ڕەنگی لە ئەدەبی میللی نەنووسراو (فۆلکلۆر) دایەوە. هەندێ لە شاعیرانی کورد لە ناوەرۆکی حیکایەتی لەیلا و مەجنوون ڕۆمانی شیعرییان نووسیوەتەوە لەوانە:

١- لە شاعیرانی سەدەی هەژدەم مەلا محەمەدی قولیی کەندووڵەیی، لە ساڵی ١٧٣٢ لە نووسینەوەی بۆتەوە. دەسنووسی ئەم لەیلا و مەجنوونە لە ساڵی ١٨٧٠ ڕوونووس کراوە، ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمان ئۆسکارمان لە شاری کرماشان کڕیویەتی. هەروەها دانەیێکی تری ئەو دەسنووسە لە ناوەوەیە بەخەتی مەلا سادق لە ٧ی شوباتی ١٨٧٩ ڕوونووس کراوە، ئۆسکارمان لە سابلاغ (مەهابادی ئێستا) کڕیویەتی. ئەم بەرهەمە ئەدەبییە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە، هەرچەندە ئەم دیاردەیە ڕووی ڕاستی ئەدەبی نەتەوە ناگۆڕێ بەڵام لەبەر ئەوەی نەکەوتۆتە دەست ڕۆشنبیر و خوێندەواران تەنیا ناسینی بەچەند وشەیێک تێنوویەتی خوێنەری ئەدەبی کوردی دەشکێنێ.

٢- شاعیرێکی دیکەی سەدەی هەژدەم حاریس بتلیسی، لە ساڵی ١٧٥٨ لە دانانی ڕۆمانی شیعری «لەیلێ و مەجنوون» بۆتەوە. چیرۆکەکە بریتییە لە ٧٤٠ دێڕە شیعر و لە ٢٤ فەسڵ پێکهاتووە، بەشێوەی مەسنەوی و لەسەر کێشی هەزەج

دانراوە. دەسـنووسـی ئەم چیـرۆکـە لە دوا سـالانی سـەدەی نۆزدەم بەخـەتی فەیرووز ئەفەندی ڕوونووس کراوە.

لە سـاڵی ١٩٦٥ مـارگـریت ڕوودێنکۆ ڕۆمـانی شـیـعری «لـەیلێ و مـەجنوون»ی حـاریس بتلیـسی لـەگـەڵ وەرگـێـڕانی ڕووسـی لە مـۆسکۆ بلاوکـردەوە. وەک لە ناوەرۆکی داسـتـانەکە دەردەکەوێ حاریس بتلیـسی لەسەر خواسـتی کچە کوردێک حیکایەتی لەیلێ و مەجنوونی بەشیعر هۆنیوەتەوە.

سـەرچاوەی بنچینەیی شـعیـر حیکایـەتە زۆر و میللییەکانی سـەرزاری خـەڵکی کوردەوارییە لە هـەموو ناوچەکانی کوردسـتـاندا. بێگومـان ڕۆمـانە شـیـعرییەکانی پێش حاریس بـتلیسی بەزمانی کوردی بووین یا زمانی دیکە بوونـەتە سـەرچاوە بۆ شاعیر، هەرچۆنێ بێ حاریس بەرهـەمێکی ڕەسـەنی هێناوەتە ناوەوە.

شاعیر ئەم ناوانەی بۆ هەندێ لە فەسڵی ڕۆمانەکە داناوە:

١- سەرەتای چوونە ناو دڵی یەکتری لەیلا و مەجنوون.

٢- مرازخواز نایانەوێ نهێنییان ئاشکرا ببێ.

٣- مەجنوون بە چۆڵ و بیابان دەکەوێ.

٤- مەجنوون ڕوو دەکاتە کەعبە.

٥- خوازبێنی لە باوکی مەجنوون.

٦- خوازبێنی لە ئیبن سەلام.

٧- نۆفەل دێتە ناوەوە.

٨- مێردکردنی لەیلا.

٩- مەجنوون دیسانەوە بەچۆل دەکەوێ.

١٠- ڕێگە خۆشکردن بۆ ژوانی لەیلا و مەجنوون.

١١- ژوانی لەیلا و مەجنوون.

١٢- مردنی دایک و باوکی مەجنوون.

١٣- مردنی لەیلا.

١٤- مردنی مەجنوون.

حـاریس بتلیسـی ڕۆمانی شـیعری «لەیلا و مـەجنوون»ی بەهـەناسـەیێکی دڵداری

سـەرزەمـینـی و پێـوەنـدی کـۆمـەڵایەتـی نووسـیـوە، هـیـچ جـۆرە هـەوا و چێـژێکی سۆفیزمی تێدا بەدی ناکرێ.

یووسف و زولەیخا

چیرۆکی دڵداریی یووسف و زولەیخا و کارەساتی یەعقووب بە ونبوونی یووسف بەهۆی تەورات و قـورئانەوە لەناو نەتەوە مـوسـوڵمـانـەکاندا بڵاوبۆتەوە، لە پاشـانـا بووە بەسەرچاوەیێک لە ئـەدەبی میللی سەرزار و ئەدەبی نووسراوی بەرزی هەموو نەتەوە مـوسـوڵمـانـەکـان و گـەلێ ڕۆمـانـی شـیـعـری لێ دوست کـراوە و لە ئەدەبی کوردیدا جێگەیێکی بەرزی داگیر کردووە.

لە ناوەڕاسـتـی سـەدەی بیـسـتـەمـدا کـۆمـەڵێک دەسنووسی بەنرخی «یووسف و زولەیخا» لە نـامـەخـانەکانی ئەورووپا دۆزرانەوە، بەتایبەتی لە نامـەخانەکانی شاری سـانت پیترسبورگ، ئەمە تـەنیا نەبووە هۆی ئەوەی گەنجینەیێکی دیکە لە ئەدەبی کوردی بدۆزرێتـەوە، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی شـاعـیـری دیکەی گوم ناوی کـوردیش بناسین. یەکێ لە شـاعـیـرانی سـەدەی هەژدەم سـەلیم سلێمـان بوو. ئەم شـاعـیـرە وەکو لە شیعری دەردەکەوێ کەسێکی خوێندەوار بووە، عەرەبی و فارسی و تورکی عـوسـمـانی زانـیوە، شـارەزای ئەدەبی ئەم نەتەوانە بـووە، جگە لەوە وەک دەرچووی حـوجـرەی مـزگـەوتی ئەو سـەردەمـانەی کوردەواری ئاگاداری لە ئـایینی ئیسـلام و زانستییەکانی زمانی عەرەبی بووە.

چـەنـد دانـەیێک لە دەسـنووسـی «یووسـف و زولەیخـا»ی سـەلیم سلێـمـان لە ناوەوەیە، بەهۆی ئەم سـەرچاوانەوە مـارگریت ڕوودێنکۆ لە سـاڵی ١٩٨٦ تەواوی ڕۆمـانی شـیـعـری «یووسـف و زولەیخـا»ی بـڵاوکـردەوە لەگـەڵ وەرگـێڕانـی بەزمـانـی ڕووسـی.

ئەم چیرۆکە لە ١٧١١ دێڕە شیعری مـەسنەوی (دوو نیوە دێڕ شیعر) پێکهاتووە. لە بنـجـدا حـیکایەتەکـەی بۆ مـیـری خێـزان یا بە یادی ئـەو مـیـرەی لە سـەردەمی شاعیر ژیاوە هۆنیوەتەوە، سـەلیم سلێمان چیرۆکی «یووسف زولەیخا» بەم دێڕانە دەست پێدەکا:

دیبـاچـەیێ نامـە نـامـێ مـەعـبـوود
قەیـیوم و قەدیم و حـەی یو مـەوجوود

ســـازندەیێ مــومکینـات و کــەونـەین
داردندەیێ کـــائینات و بـەحـــرەین
بێ مـــەبدەئو بیـــدایەت و قـــەدیمی
غـەفـفـار و عـەزیم و هـەم ڕەحـیـمی

***

تـەجـــــــدید بکـم ژ نوو ڕیـوایـەت
تـەحـــریر بکم ژ نوو حــــیکایەت
ئـەمما بســـــەعــــادەت و بـعنـوان
بەحـسی بکم ئـەم ژ پیـری کـەنـعـان
یەعـقـووب هبـوو د بورجی ڕەفـعـەت
چەند ئـەخـتـەری مـەتلەعـا نوبووەت

شاعیر بەم دێڕانە کۆتایی بەچیرۆکەکەی دێنێ:

یا رەببی ب ئەڤـــینیـــا زولەیخـــا
یا رەببی ب تووتی یێ شـــەکـەر خـا
وەهـهـاب و کـەریم و هـەم ڕەحـیـمی
مـەحـرووم نکی ژ خـوە (سـەلیم)ی
هیــڤی گـرە ئـەو ژ زاتێ ئەمــجـــەد
ئازاد بکی ب بـەخـــشی ئـەحـــمـــەد
ئەز هـیـڤی دکم ژ خــاس و عــامــان
هـەر وەقت و زەمـــان و حین و ئـانان
وەقـتی کـو بخـوونـن هوون کیـتـابی
من هیــــڤی هەیە بکن ســــەوابی
مــــەخــســـووس دکم ژ وە ڕەجـــایە
هوون فـــاتیـــحـــەیەک بکن هـەدایە

مەبەسی سـەرەکی شاعیر لەم چیرۆکەدا ئەوەیە باس لە تراجیدیای یەعقووب و کوێربوونی بکا بەهـۆی ونبوونی یووسـفی کوڕی، ئینجا مـەسـەلەی دڵداری نێوان

یووسف و زولەیخا تێکەڵ بەتراجیدیای یەعقووب دەکا. زولەیخا و یەعقووب قارەمانی گرنگی چیرۆکەکەن.

شاعیر چیرۆکەکەی لە وەسفی خەونی یووسفەوە دەستپێدەکا، چۆن باوکی پێی دەڵێ بۆ براکانی نەگێڕێتەوە. لە دواییدا خوشکی یووسف خەونەکە بۆ براکانی دەگێڕێتەوە. ئینجا باس لەوە دەکا چۆن براکانی یووسف دەخەنە بیرەوە و کراسی لە خوێن وەردەدەن و بۆ باوکیانی دێنن بەناوی ئەوەی گورگ خواردوویەتی. یەعقووب سەرنج دەداتە کراسەکە و شوێنەواری ددانی گورگ نابینێ. لەبەر ئەوە باوەڕ بەکوڕەکانی ناکا، بۆیە هەموو گورگی سەر ڕووی زەوی بانگ دەکا و مەسەلەکەیان لێ دەپرسێ، لە پاشانا دێتە سەر باسی کاروانچییان و چۆن یووسف لە بیر دەردێنن. ئینجا دێتە سەر باسی دڵداریی زولەیخای کچی شا تەیمووس بەرامبەر بە یووسف.

سەلیم سلێمان لە بینین و بە یەکتری گەیشتنی یووسف و زولەیخا دەدوێ لە بازاڕ بۆ یەکەمین جار. زولەیخا لە یەکەم بینیندا لەوە دڵنیا دەبێ ئەمە ئەو کەسەیە کە لە خەونا دیویەتی. زولەیخا تکا لە عەزیزی میسر (پووتیفار) دەکا کە یووسف بکڕێ، بەڵام دوودڵ دەبێ و وازان دەکا نەوەکو شا خۆی ئارەزووی کڕینی ئەم دیلە جوانە بکا! زولەیخا داوا لە شا دەکا بەوە ڕازی بێ عەزیز یووسف بکڕێ، ئەمەی بۆ دەچێتە سەر، ئیتر زولەیخا هەوڵ دەدا لە یووسف نزیک بکەوێتەوە، بەڵام بێ سوود دەبێ و بۆی ناچێتە سەر.

شاعیرێکی کوردی دیکەی سەدەی هەژدەم حاریس بتلیسی جگە لەوەی ڕۆمانی شیعری «لەیلا و مەجنوون»ی نووسیوەتەوە، ڕۆمانی شیعری «یووسف و زولەیخا» یەکێکە لە کردەوەکانی ئەم شاعیرە.

بێگومان ئەم شاعیرەمان سوودی لە کارەکەی سەلیم سلێمان وەرگرتووە چونکە پێش ئەو نووسراوەتەوە، ئەگەر بە وردی بەراوردێک لە نێوان تێکستی هەردوو شاعیر بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ لە هەندێ شوێن حاریس لە سەلیمی وەرگرتووە، بەڵام بە داڕشتنێکی تازە دەژمێررێ، لەبەر ئەوە دەچێتە ناو بەرهەمی ئەدەبی داهێنراوەوە. جگە لەمە «یووسف زولەیخا»ی حارسی بتلیسی لەوەی سەلیم سلێمان میللی ترە، زیاتر نزیکی ئەدەبی نەنووسراوی سەرزارە،

بەقـەوارەش لەو بچـووکـتـرە. دەسـنـووسـی ئەم بەرهـەمـە ئەدەبییـانە لە ناوچەکـانی کـوردسـتـانی سـەروو باو بوون، دەنگوباسـی وا هـەیە لـە دوای خـەتمی قـورئان لە حوجرەی مزگەوتدا ئەم چیرۆکانە چووبوونە پرۆگرامی خوێندنی ئایینییەوە.

بابەتی ڕۆمـانی شـیعـری لە کۆنەوە، واتـە پێش سـەدەی هـەژدەم لەناو کـۆمـەڵی کوردەواری لـە ناوەوە بووە، هـەروەها لە دوای سـەدەی هـەژدەمـیش مێـژووی ئەدەبی کوردی گەلێ بەرهـەمی بەنرخی لەم بابەتەمان بۆ دەور دەکاتەوە.

بەشی حەڤدەم

# تیرەی لوڕ و ئەدەبی نووسراویان

## تیرەی لوڕ و جوگرافیای لوڕستان

وەکو ئاشکرایە میللەتی کورد وەک نەتەوەیێک لە سێ تیرە پێکهاتووە: کرمانج، گۆران، لوڕ. ئەم تیرانە لە هۆز و عەشرەت و یەکێتی عەشرەتی جیاواز پێکهاتوون، لە ڕووی نەژادەوە هەمــوویان نەتەوەی کــورد پێکدێن، لە ڕووی زمــانەوە بەپێی زمانی عەشرەتەکانەوە لە دیالێکتی گەورە و بچووک پێکهاتوون، دیالێکتەکان ناویان لە ناوی تیرە و هۆز و عەشرەت و ناوچە و هەرێمە جوگرافیەکان وەرگرتووە.

لوڕ وەک کۆمەڵێک لە خەڵک بەشێکی گرنگن لە نەتەوەی کورد، لە سەردەمێکی یەکجار کۆنی پێش مێژوو لەو خاکەدا دەژین کە لوڕستانی پێ وتراوە، کەلوپەلی ئادەمزادی پێش مێژوو لە خاکی لوڕستان دۆزراوەتەوە، نموونەی ئەم پاشماوە ئەرکیۆلۆجییانە لە مۆزەکانی ئەوروپا دەبینرێن. تیۆرییێکی مێژوویی لە ناوەوەیە گۆیا سۆمەرییەکان لە وڵاتی ئێستای لوڕەکانەوە کۆچیان کردووە بۆ باشووری میزۆپۆتامیا (عیراق). بینینی مێژوو هەرچۆنێک بێ لەم لایەنەوە لە سەردەمی ئێستاماندا بەناوچەیێکی دواکەوتوو دەژمێررێ.

لە ڕووی نەژادەوە گفتوگۆی ئەکادیمی لە ناوەوەیە لە بابەت پێوەندی لوڕ بەکوردەوە، واتە بەکوردبوونی لوڕ. ئەم مەسەلەیە لەلایەن زانا و پسپۆڕانی کورد و زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکانەوە ساغ بۆتەوە، گومان لەوەدا نەماوە کە لوڕ کوردن، جگە لەوە بەڵگەی گرنگیش ئەوەیە زۆربەی لوڕ خۆیان بەکورد دەزانن، ئەمە تیۆرییێکی گرنکە لە تەعریفی نەتەوەدا.

هەندێ لە سەرچاوە بنچینەییەکانی مێژووی عەرەب و تورکی عوسمانی لوڕیان بەتیرەیێکی کورد داناوە، لەوانە یاقووتی حەمەوی و ئەحمەد جەودەت پاشا. لە

کوردانیش محەمەد ئەمین زەکی ماوەیێک لە پشتکۆ لەناویان ژیاوە، وەک کوردێکی خەڵکی سلێمانی توانیویەتی بەکوردی قسەیان لەگەڵدا بکا و لەیەکتری بگەن.

مێژووی کۆن و تازەی لوڕەکان بەمێژووی ئێران و میزۆپۆتامیا بەستراوەتەوە. لە ڕۆژگارانی مێژوودا میرنشین و دەسگای دەوڵەتی بەناوی خۆیان لەژێر فەرمانڕەوایی خۆیانەوە لە ناوەوە بووە. ئەمانە یا سەربەخۆ بوون یا لە سایەی شاکانی ئێراندا بوون.

وڵاتی لوڕستان وەک لەسەر نەخشەی جوگرافیا دەبینرێ ئاقارێکە پەنا کەوتووە و دوورە لە مەڵبەندە ستراتیجییەکان، لەبەر ئەوە لە مێژوودا لەڕوو نەبووە، تەنگوچەڵەمەی کەم بووە، بەزۆری تێکەڵ بەکۆمەڵ و میللەتانی دیکە نەبووە، لەبەر ئەوە ڕەوشتی نەتەوایەتی و ئازایەتی خۆی پاراستووە.

جێگەی جوگرافی لوڕستان وەک خاکێکی لە پەنا و لا کەوتووە لە گەلێ لە هێرشی بێگانان ڕزگاری بووە، ئەگەر هێرشیشی کرابێتە سەر وەک ئەوانەی هۆلاکۆ و تەیمووری لەنگ لێشاوی لەشکری ئەم داگیرکەرانە نەیتوانیوە بەسەریان زاڵ بێ و وڵاتیان داگیر بکا. بەڵام بەگشتی لوڕستان لەژێر فەرمانڕەوایی ئەتابەگەکاندا بوو، شا عەباسی سەفەوی هێرشی بردە سەر لوڕستان و دوا سەرداری ئەتابەگەکانی کوشت کە ناوی شا هوردیخان بوو بەتەواوی لوڕستانی داگیرکرد لەو ساوە لەژێر دەسەڵاتی ئێران دایە.

لوڕەکان لە ڕووی ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە بەگشتی لە کورد جیا نابنەوە. لە بابەت ئایینەوە موسوڵمانن و لەسەر ئایینزای شیعە (دوازدە ئیمامی)ن، گەلێ پابەندی سەیدانی ئیمامی شیعەن. گیانی عەشرەتی و نەریتی بنەماڵەیی لە ناویاندا بەهێزە. دوژمنایەتییان لەگەڵ بێگانە بە ئاسانی کۆتایی نایە، لەگەڵ خۆشیان برینی دوژمنایەتی بە هیچ جۆرێ سارێژ نابێ بەوە نەبێ هەر یەک لە دوژمنەکان کچێکی خۆی بداتە ئەوی دیکە. جگە لەوە ڕەوشتێکی تریشیان هەیە لە منداڵییەوە کوڕ و کچێک لەیەکتری مارە دەکەن و بەگەورەیی دەبن بەژن و مێرد.

جێگەی لوڕستان لەسەر نەخشەی جوگرافی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەتوانین بەم جۆرە دیاری بکەین: لای باکووری کرماشانە، لای ڕۆژهەڵاتی شاخەکانی برۆجەرد و مەلایەرە، لای باشووری خۆزستانە، لای ڕۆژئاوای درێژایی سنووری نێوان

عێراق و ئێرانە لە خانەقینەوە تا کەنداو. وڵاتێکی شاخاوییە، زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس لوڕستان دەکا بەدوو بەشەوە پێشکۆ و پشتکۆ. هەروەها زێی کەرخە ئەم دوو ناوچەیە لە یەکتری جیا دەکاتەوە.

عەشرەتە گەورەکانی ناوچەی پێشکۆ (لوڕی بچووک، فەیلی) ئەمانە بوون:

حەسەن وەند، یووسف وەند، کاکە وەند، پیران وەند؛ هەروەها عەشیرەتە گەورەکانی ناوچەی پشتکۆش (لوڕی گەورە) ئەمانە بوون: مەلەک شاهی، دینار وەند، مامەسەنی.

عەشرەتەکانی لوڕ وەکو عەشرەتەکانی دیکەی کوردستان، لەو کاتەی زۆریان کۆچەر بوون، بەشێکیان هەر لە کۆنەوە نیشتەجێ بوون، کۆچەرەکانیان بەرە بەرە نیوە نیشتەجێ دەبوون، لە دواییدا وازیان لە ژیانی کۆچەری دەهێنا. عەشرەتی پیران وەند و سگوند لە عەشرەتە کۆچەرە گەورەکانی لوڕ بوون.

لە سەردەمی ئێستاماندا زۆربەی هەرە زۆری خاکی لوڕستان کەوتۆتە ئێرانەوە، بەناوی ئوستانی لوڕستانەوە کراوە بەسێ شەهرستان: خوڕەم ئاباد و بروجەرد و ئەلیگۆدەرز، تیلمەیێکی درێژی خاکی لوڕستان کەوتۆتە دیوی لای ڕۆژئاوای سنووری ئێران و هەندێکیشیان لە شارە گەورەکانی نزیکی سنووری عێراق وەکو کووت و عەمارە دەژین، جگە لەوە بەناوی «فەیلی»یەوە جالیەیێکی گەورەیان لە بەغدا هەیە.

دیالێکتی لوڕی زمانی کوردی لە چەند دیالێکتێکی بچووکی زمان دیار دەکەوێ، وەکو: فەیلی، کرماشانی، بەختیاری، لەکی، کەلهوڕی، مامەسەنی... ئەدەبی میللی نەنووسراوی سەرزار بەهەموو ئەم دیالێکتانە لە ناوەوەیە، بەڵام بەپێی پێویست کۆ نەکراوەتەوە و لێی نەکۆڵراوەتەوە، هەرچی ئەدەبی کلاسیکی نووسراویشە ئەمەیان نابێ بڵێم نیانە، چونکە پەردەیێکی تاریکی بەسەردا کێشراوە و ئێمە ئاگاداری نین، ئەمە دەڵێین چونکە لە دوای کۆششێکی بێ وچان توانیمان هەندێ نموونەی ئەو ئەدەبە کلاسیکییەی دیالێکتی لوڕی زمانی کوردی بدۆزینەوە.

## ئەدەبی لوڕی

هەرچەندە ناوچەی لوڕستان لە رووی ڕۆشنبیری و خوێندەوارییەوە ئەو

دەرفەتەی بۆ هەڵنەکەوتووە وەکو ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەدەبی کلاسیکی نووسراوی لێ هەڵبکەوێ بەشێوەیێک بەرهەمێکی زۆر بێنێتە ناوەوە بەڵام بزووتنەوەیێک هەبووە، ئەمە خۆی لە میرزاییێک یا خوێندەوارێک بینیوە بەتایبەتی چینەکانی سەرەوە ئەوانەی بەڕێوەبردن و سەرۆکایەتی هۆز و عەشرەتەکانیان کەوتبووە ئەستۆ.

ئێمە بەپێی لۆجێکی مێژوو لەوە دڵنیابووین ئەو خەڵکەی لوڕستان نابێ بەرهەمی ئەو جۆرە شیعرەیان نەبێ کە بە ئیسلامەوی ناوی دەبەین. هەروەها وەکو ئاگادارین لوڕستان مەڵبەند و لانکێکی گرنگی ئایینی یارسانەکانە، بەشێکی زۆری ڕێبەرەکانیان لوڕن یا لە لوڕستان ژیاون. ڕاستە زمانی ئەو ئایینە دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردییە بەڵام لوڕی کاری گەورەی کردۆتە سەر ئەو دیالێکتە، هەروەکو چۆن لوڕی کاری کردۆتە سەر ئەو زمانە ناوچەییەی دەوروبەری هەمەدان کە باباتاهیر دووبەیتەکانی پێ نووسیوە.

## کەشکۆڵی گوڵشەن

دەسنووسی «گوڵشەن» بەقەوارە یەکێکە لە دەسنووسە هەرە گەورەکانی نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمییەی زانستی ڕووسی لە شاری سانت پیترسبورگ. ئەم دەسنووسە بەنرخە لە ساڵی (١١٩٨ھ/١٧٨٣-١٧٨٤م) نووسراوەتەوە یا ڕوونووس کراوە لەلایەن محەمەدی قازیی کوڕی محەمەد ڕەزای مەهجوورەوە.

وەکو لە مێژووی نووسینی دەسنووسەکە دەردەکەوێ لە دەوروبەری فەرمانڕەوایی بنەماڵەی زەندی لە ئێران (١٧٥٨ھ-١٨٩٤م) ڕوونووس کراوە. ڕەنگە لەسەر داوای کاربەدەستی یەکەمی ئێرانی ئەو سەردەمە خۆی بووبێ، لەوانەشە گەورەیێک، یا دەوڵەمەندێکی ڕۆشنبیر و کتێب دۆست بەڕادانی دابێ.

شیعری دەسنووسەکە بەگەلێ لە زمانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تۆمارکراون، وەکو زمانانی: فارسی، تورکی، عەرەبی، کوردی، ئەرمەنی، گورجی، ئەفغانی (پشتوو) و دیالێکتەکانی زمانانی هیندستان و هی دیکە. ئەوەی دەسنووسەکەی بۆ ئامادەکراوە مەبەسی بووە نموونەی بەرزی شیعری کلاسیکی هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقاسی تێدا تۆمار بکرێ، لەبەر ئەوە

نووسەر شیعری کوردیشی فەرامۆش نەکردووە. لێرەدا جێی سەرنجدانە نووسەر لە شیعری کلاسیکی هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی گەڕاوە، نموونەی شیعری کرمانجی سەروو و گۆرانی و لوڕی هێناوەتەوە، پێویستە ئاگاداری ئەوەبین لەو سەردەمەدا هێشتا شیعری کلاسیکی نووسراو بەدیالکێتی کرمانجی خواروو دروست نەبووبوو.

بەشی کوردی دەسنوسەکە ئەم شیعرانەی گرتۆتە خۆ:

١- پارچە شیعرێکی ئەحمەدی خانی، ٣٤ نیوە دێڕ شیعرە.

٢- پارچە شیعرێکی تەیفی هەکاری، ١٤ نیوە دێڕ شیعرە.

٣- پارچە شیعرێکی مەلا حەسەنی کاشی، ٣٢ نیوە دێڕ شیعرە.

٤- پارچە شیعرێکی مەلای جزیری، ٦ نیوە دێڕ شیعرە.

٥- پارچە شیعرێکی شێخ حەسەنی گۆرانی، ٨ نیوە دێڕ شیعرە.

٦- شیعرێکی دیکەی دیالێکتی گۆرانی، ٨ نیوە دێڕ شیعرە، ناوی خاوەنی نەنووسراوە.

٧- دیسان شیعرێکی تری دیالێکتی گۆرانی، ١٠ نیوە دێڕ شیعرە، ناوی خاوەنی نەنووسراوە.

٨- میعراج نامە، لە شیعری قازیی مەنگوڕە، ٣٦ نیوە دێڕە شیعر بەدیالێکتی لوڕی زمانی کوردییە.

٩- شیعری شەهمیری لوڕ لە بابەت جەژنی غەدیرەوە، ٢٤ نیوە دێڕ شیعرە.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجدانە نووسەری دەسنووسەکە لوڕ و گۆرانی بەکورد حسێب کردوون، ئەمەش بەڵگەیێکی دیکەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بیروڕایانەی ئەم دوو تیرە گەورەیەی کورد بەکورد نازانن.

ئەوەی لەم ماوەیەدا پێویستی بەڕوون کردنەوە هەیە ئەوەیە نووسەری ئەم دەسنووسە بەنەتەوە فارسە و فارسی باش زانیوە، ڕەنگە زمانی تورکیشی باش زانیبێ، بەڵام بەهیچ جۆرێ زمانی کوردی نەزانیوە و شارەزای دیالکێتەکانی نەبووە، لەبەر ئەوە شیعرە کوردییەکانی دەسنووسەکە بەگشتی هەڵەیێکی زۆریان تێدایە، هەوڵ و کۆششێکی وردیان گەرەکە تا ساغ دەبنەوە و خوێندەوار دەتوانی تێیان بگا.

لەم ماوەیەدا هەوڵ دەدەین هەردوو قەسیدەکەی شیعری لوڕی بڵاوبکەینەوە. ئێمە کۆششێکی زۆرمان کرد لە پێناوی هەردوو پارچە شیعرەکە، بەڵام هەست دەکرێ هێشتا بەتەواوی ساغ نەبۆتەوە و لە هەندێ نیوە دێڕ شیعردا هەست بەلەنگییێک دەکرێ، هەرچۆنێ بێ بڵاوکردنەوەی ئەم دوو نموونەیە یادگاری شیعری کلاسیکی لوڕەکانە و لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردی پێ ڕەنگین دەبێ.

## میعراج نامە شیعری قازیی مەنگوڕە

لەم شیعرەدا شاعیری لوڕی ئەم ماوەیەمان باس لە میعراجی پێغەمبەر دەکا، ئەم ڕووداوە ئایینییە چیرۆکی پێغەمبەر دەگێڕێتەوە لە مەککەوە بۆ قودس و لەوێوە بە یاوەری جبریل بۆ بارەگای خودا لە ئاسماندا، لە ئەدەبی کوردیدا ئەم ڕووداوە لە شیعری ئایینیدا ڕەنگی داوەتەوە بەشیعری کورت و قەسیدەی درێژ و چیرۆکی شیعری و پەخشانی دەکەوێتە ڕوو.

بە شەهنی ئەر بەهوونم شرره میعراج نەبی واتوو
موسولمان بید ئەزین ئەر کافری ئین حەرفە ئبشەهنەست
مەلیکوڵڵا دەوڵەتمەند جربیلش فرسەندیدە
بجوست کاد موهەممەد کەه سووار بوراک و رەست
بوراک ئو وەرد جرباییل و دەر ساعەت سوارەش کەرد
بوراکش چی کەبووتە و ئەز زەمین وور ئاسمان پەهرەست
کەدەم دەر ئاسمانی ئەووەلی بنهاد ئان هەزرەت
ئەلی چون شیری سوهراوون سەری رهنە بەئووگهرەست
بجبریل گوفت کاد موهمەد کە ئین شیر ئەزمنەش چی نما
کە ئەز ترسەش دلم هەمچون کولاهی کوهنەیی دەهرەست
بموهەممەد گوفت جرباییل کینی شیر ئیخو رەهداری
پەس ئان کە موهەممەدین ئەنگوستەرینەش دادوو وەر دەست
وولاییی هەق تەعالا کاد موهمەد تاختی کەردی
بوراکەش هەمچو بادی سەخت ئیرەفتی کەنی لهرەست
ز مالی زیر تا دەر مالی بالا رەفت وولای مەردان
چنان مەردانی مەرد نە ئەز کەسی ترسەست و نە لەرزەست

مـەلیک سـوبحـانەهو وەر ئـوو سـوخ کـەرد ئەرنیـشی پەردە

براش حـەرف و حـقـایەت کـەرد کـە حـەرف بی بـهـرەست

دەرئان هـال و حـقـایـەت ئیلتـیـمـاسـی ئومـەتی خـوش کـەرد

وو هـەر ریشـان ز دووزەغ ئـەز کەمـالی فـەزلی خـوونارەست

پەس ئەز هـال و حـقـایەت هەق تەعـالا گـوفت ئەی مـوهمـەد

تو مـوهـمـوونی مـونـی دانەم دلەت ئـەز کـەنگی مـوهـرەست

بـرایـەش هـازری ئـاوەرد نـان و مـــاسـت و هـەم هـورمـــا

وە بەعـد ئەز هـازری روخـسـەت گـرفت زی بـزی سـەهـلەست

ز تـەیـی هـەق تەعـــالا مـــیــری دەولـەتمـەند بـیـــدراهـی

مـــەلاییک ســـەد هەزار ئـەرنەش و ئـەز نســاس تـوهـرەست

ئەجــایب مــوهـمـــەدین ئەز مــالـی بالا مـــالـی زیـر ئامـــەد

بتـەیی زینە و کـورگـەل کـە مـالەش چـی گـول گـول هەست

بـجـــا خـــالیش بـابـای بـزورگـــان ئوومـــە در تـەییـــەش

ئەجـایب مـوهەمـەدین مـاندی کـە ئین بابـا زکـی شـهـنەست

ئەلـی ئەز ڕەفــتــەن و ئەز ئـامــادەن خـــاتـر نشــانش کــەرد

ز شــیــر و دادەنی ئەنگوســتــەرین راکـــەرەد کـو هنـەست

بگوفــتـــا مــوهـمـــەدی هـەقــقـــەن تو بـابایـی بزورگـــانـی

کــــە مـــــەردی بـزورگی و ســـەریـوەر نـامی تو مــــهـنەست

منـەم (قــــازیـی مـــــەنگورە) وەلـی شــــــررە وەلی دوورە

ئەگـەر مـو موئجـیزی گوفـتـەم کـە نـەبهـرەست و نەکهـرەست

واتاکەی:

ئەگەر گوێ بگری شیعری میعراجی پێغەمبەرت بۆ دەخوێنمەوە

ئەگەر موسوڵمان بی یا کافربی، ئەم قسەیە ببیستە و گوێی لێ بگرە

خودای مەلیک و دەوڵەمەند جبریلی ڕەوانەکرد

لە محەمەدی مەزن بگەڕێ و سواری بوراقی بکا و دەربچن

جبریل بوراقی هێنا و دەستبەجێ سواری کرد

بوراق وەک کۆتر لە زەوییەوە بۆ ئاسمان فڕی

که ئەو گەورەیە پێی خستە سەر ئاسمانی یەکەمین
عەلی وەک شێری زۆرابی گەیشتە ئەو و بەرامبەری وەستا (شێری زۆرابی، واتە ئازا، مەبەس سوهرابی کوڕی ڕۆستەمی زاڵە)
محەمەدی گەورە بە جبریلی وت ئەم شێرە چی لە من دەوێ
لە ترسی ئەو دڵم وەکو کڵاوی کۆنە دڕاو و کون کون بوو
جبریل بە محەمەدی وت ئەم شێرە دەیەوێ هاوڕێی سەفەرت بێ
لە دوای ئەوەی محەمەد ئەموستیلەی خۆی دایە، کەوتە ڕێ
محەمەدی گەورە پەلەی بوو زوو بگاتە لای خودای مەزن
بوراق وەک بای تیژ دەرپەڕی و کردی بەتۆز و غوبار
لەماڵی ژێرەوە (ئەرز) تا دەرگای ماڵی سەرەوە (ئاسمان) چووە لای مەردان، کەسانی ئازا و جەسوور
ئەو مەردانەی (فریشتە و مەلایەکەتەکانی خودا) کە لەکەس ناترسن و نالەرزن
خودای گەورە پەردە و حیجابی لە ڕووی ئەو لابرد
قسە و گفتوگۆی جوانی لەگەڵدا کرد
یەکسەر لە خودا پاڕایەوە لە گوناهی ئوممەتی خۆش بێ
بەفەزلی خودا هەریەک لەوان لە دۆزەخ ڕزگاری بوو
لە دوای گفتوگۆ حەق تەعالا وتی ئەی محەمەد
تۆ میوانی منی دەزانم دڵت لە کەیەوە مۆرکراوە یا پڕە لە خۆشەویستی و دڵداری
دەستبەجێ نان و ماست و خورمای بۆ هات
لە پاشانا ڕوخسەتی لەوانەی ئەوێ وەرگرت (مەلایەکەتەکان) و دەرچوو
ئەوەی لەلای حەق تەعالا میوان بوو
بەهەزاران مەلایەکەت لە پێش و لە پشتییەوە لە حوزووردا بوون
سەیرە محەمەد، لە ماڵی باڵاوە، لە ئاسمانەوە، لە بەهەشتی خوداوە گەڕایەوە سەر زەوی
بۆ لای ژنان و کوڕگەلان و هاوڕێیانی کە لەگوڵ دەکەن

جێی گەورەی گەوران (عەلی) بوو، بەڵام دەرکەوت و هاتە کنی
محەمەد سەیری پێ هات، چۆن زانی و لەکوێوە هات!
عەلی پیرۆزبایی لە چوون و گەڕانەوەی کرد
سوپاسی بەخشینی شمشێر و ئەمووستیلەی کرد
وتی محەمەد تۆ بەڕاستی گەورەی گەورانی
مەردی گەورە و سەروەری هەموو گەورەکانی
منم (قازیی مەنگوڕە) مەگەر ئەمە شیعرە و دوڕڕە
ئەگەر من موعجیزەم وتبێ، نە زۆر و گەورەیە، نە کەم و بچووکە

پێشوازیی غەدیری خوم شیعری کادی شەهمیری لوڕ

لەم قەسیدەیەدا شاعیر باس لە «غەدیری خوم» (کانیی خوم) دەکا، ئەمە ناوی جێگەیێکە لە نێوان مەککە و مەدینە. کە پێغەمبەر لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەسحابەکانی لە دوا حەج (حجه الوداع) بەرەو مەدینە دەگەڕانەوە لە ڕۆژی ۱۸ی مانگی زیلحەججە لە غەدیری خوم لایاندا بۆ نوێژی نیوەڕۆ، پێغەمبەر دەستی عەلیی کوڕی ئەبووتالیبی گرت و پێی وت «من کنت مولاه فهذا علی مولاه، اللهم وال من والاه وعاد من عاداه وانصر من نصره واخذل من خذله». ئەو ڕۆژە لەلایەن شیعەکانەوە کراوە بە«جەژنی غەدیر» یا «جەژنی غەدیری خوم».

ئەو نیوە دێڕەی لە شیعرەکەدا سڕاوەتەوە لەبەر ئەوە نییە بۆمان نەخوێندرابێتەوە و ساغ نەکرابێتەوە، بەڵکو بەهیچ جۆرێ لەبەر هۆی ئایینی بۆمان نەکرا ئەم چەند وشەیە تۆمار بکەین.

بکووهی مەررە کاید موهەممەدین ڕەفتی بشەهری هەج
گوزارش دەست دە ئان هەوری کە ئەو ئاوەرد دەر سەحرا
بگوفتا کور گەلان شەهنی کەمەر مووچی گوتەم سوڵتان
خودا جبریلی فرسیندە بتەییەم ئامەدە زیرا
چنینەش ئەمر کر مە جانشین موو ئەلی بووهە
قبوولەش ئەر کونی رازی وتان بوو مەوریدی فەرما
ئەلی بوو ئان کورتانم ئەلی ماس هردە ئەز کاسم
ئەلی دەردی هەمرەهم بیدە هەمان شەو درمالی بالا

ئەلی شـێـری خـودا بووهە، ئەلی پەهلوونی مـا بووهە
ئەلی ساف ئیـتراشـە تیـغی تیـزەش وەر کـوهی خـارا
چنین کاد موهـمـەدین گوفت ڕەفیقان جوملە شەهنیدەند
قـبـوولی هەرفـشـە کـەردەند تەمـام ئەو جـەمـاعـەتـها

.......................................................................................

کـە ئەرمـیـریم ئەلی رامـا قـبـوولەش نەی کـونیم هاشـا
ئەلی ئان بابمـان کـوشـتـە، ئەلی ئان تاتمـان کـوشـتـە
ئـەلی بی کـەسـیـان کـوومـە دری دونیـا دەری دینا
چنین بوغـزی ئەلی وەر دل هەفی ڕەفـتـەند بەشـەهری هەج
سـﮪ خـیـز شـیـەم قـافـران سـﮪ زەرقـوونە قەهوەخـور ئەلقا
چنـین قـسـسـە بنەزم ئاوەردە (کـاید شـەهمـیـری لور)
ز مـەردانی خـودا بی ئەز سـەگـانی کـور گـەلی مـەولا
خودایا، یا مـوهـەممەد، یا عەلی، عەلی ئین (شەهمیری لور)
زتون هـچی نـەمـیـخـوو هە بغـەیر ئـەز ئەردە و هـورمـا
زتون شـیـرینی ئیـجـوورە درئان عـیـززی ئی مـیـرە
تەمـەع دارە ز سـەقـفـەت ئەردەهـیـدەش تیکەیی مـەولا
واتاکەی:
بەکۆمەڵی جارێکیان پێشەوا کە چووە شاری حەج (مەککە، کەعبە)
ئەو جێیەی لە پێشانا ئاوی لێ بووە و وشک بۆتەوە و بووە بەسارا
وتی کوڕ گەلان گوێ بکرن مەگەر سوڵتان چی بە ئێمە وت
خودا جبریلی نارد بێتە لای ئێمە لە خوارەوە (سەر ئەرز)
بەم جۆرە فەرمانی بۆ من دەرکرد عەلی ببێتە جێنشینی ئێمە
ئەگەر قوبوولی بکەن، فەرمانی خودا جێبەجێ دەکەن
عەلی کوڕی تاقانەمە لە کاسەی من ماستی خواردووە
عەلی ئەو شەوە هاوڕێم بوو لە ماڵی سەرەوە (لە ئاسمان، لە بارەگای خودا)
عەلی شێری خودایە، عەلی پاڵەوانی ئێمەیە
عەلی ڕێک تیغی تیژی شاخی خارا شەق دەکا

ئەوەی محەمەدی سەردار وتی هاوڕێیان گوێیان لێ بوو
قسەکانیان سەلماند، هەموو ئەو کۆمەڵە خەڵکە

..................................................

ئەگەر میری ئێمە نەیکەن و پێی ڕازی نەبن حاشایان لێ دەکەین
عەلی ئەوەیە باوکی ئێمەی کوشتووە، عەلی ئەوەیە مامی ئێمەی کوشتووە
عەلی ئەوەیە کە ئێمەی بێ کەس کردووە لە ڕووی دنیا لە هاوڕێی ئایینمان
بەڕق و کینێکی واوە بۆ عەلی هەموو ڕوویان کردە شاری حەج
ئەو کافرانە سێ خووی پیسیان هەبوو، پیری ڕزیو، قاوەخۆر، شێت
چیرۆکێکی وا کادی (شەهمیری لوڕ) بەشیعر هۆنیویەتییەوە
لە مەردانی خودا سەگانی کوڕگەلی مەولا (یارانی عەلی)
خودایە، یا محەمەد، یا عەلی ئەم (شەهمیری لوڕ)ە
لە تۆ هیچ شتێک ئارەزوو ناکا تەنیا دوو دەنکە خورما نەبێ
ئارەزوو دەکا لە ماڵی تۆ پارووێک بخوا

***

ئەم نموونانە لە شیعری کلاسیکی لوڕی مژدەیێکە مەزندەمان بەهێزتر دەکا کە لە لوڕستان ئەدەبی نووسراو لە نێوەندی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کوردیدا باو بووە، بێگومان نموونەی ئەم جۆرە شیعرەیان زۆر بووە، دواڕۆژ بەڕوونی ئەمەمان بۆ دەردەخا.

# لیستی ناوی کەسان

ئـ

ئاخه پاوەیی (شاعیری کورد): ١٤٦
ئارامی چەچان: ٢٠٧
ئاغا محەمەدی قاجار: ١٨
ئایکوونی (رۆشنبیری ئەرمەنی): ٣٩٤
ئەبو زەری غەففاری: ٢٥
ئەحمەد بەگ (شاعیری کورد): ١٤٥
ئەحمەد جەودەت پاشا: ٥١٣
ئەحمەد دۆڵەیی (شاعیری کورد): ١٤٦
ئەرستۆ تالیس: ١١٥، ٢٦٤
ئەسکەندەری مەکدۆنی: ٢٤٠، ٤٩٣
ئەفلاتوون: ٢٦٤
ئەڵماس خان کەندووڵەیی: ٧٣ – ٧٦، ٧٩–٨٥
ئەڵماس خان لوڕستانی: ٧٦
ئەمین نارۆزی: ٢٩٢
ئەمینی عەبدال: ٢٢٨، ٣٩٢
ئەنوەری: ١٦١
ئەیاز (هەیاسی خاس): ٣٣٣
ئۆربێلی یووسف: ٤٠٩
ئۆردیخانی جەلیل: ٢٢٨
ئوزون حەسەن: ١٥
ئۆسکارمان: ٢٢٧، ٣٩٤، ٥٠٧
ئیبنولفاریز (ابن الفارض): ٣٧٣
ئیسماعیل (قوتابی ئەحمەدی خانی): ٣٦٨
ئیسماعیل تەها شاهین: ٢٩٢
ئیسماعیل داوود (شاعیری کورد): ١٤٧
ئیسماعیلی سەفەوی (شا): ١٥
ئێل بەگی جاف: ٣٨ –٤٠، ٤٧

ب

بابا ئەردەڵان: ٢٠، ٢١
بابا تاهیر: ١١، ٥١٦
بابا سلێمان (بابان): ١٧
باتەیی: ١٧٥ – ١٧٧، ٢٣١، ٢٤٤، ٢٤٥، ٢٥٣، ٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٦، ٤٦٢، ٤٦٤، ٤٦٦، ٤٦٨، ٤٧١، ٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٧، ٤٧٩، ٤٨٠، ٤٨٢، ٤٨٣، ٤٨٥، ٤٨٩
باکی بێمۆش (شاعیری کورد): ١٤٦
بەشیر شێخ حەسەن هاشمی: ٤٠١
بەکر بەگی بابان: ١٧
بەکر خاڵدانی (شاعیری کورد): ١٤٧
بوزورگ ئومێد: ١٠٣
بۆکاشیۆ جیۆڤانی: ٢٤٣
بێسارانی: ٥١ – ٥٧، ٥٩ – ٦٣، ٦٥–٦٦، ٦٨–٧٢

پ

پرتەو: ٤٨٩، ٥٠٥
پریم ئا.: ٢٤٤
پیرەمێرد: ١٢٨، ١٢٩

ت

تەیفی هەکاری (شاعیری کورد): ٥١٧

تەیمووری لەنگ: ١٤، ١٥، ٥١٤

تۆپاڵ عوسمان پاشا: ٧٣، ٧٥، ٧٧، ٧٩، ٨١

تۆفیق وەهبی: ٢٠، ٢١، ١٥٨، ٤٩٠

ج

جامی: ١٤٦، ٢٩٨

جانگیر (شاعیری کورد): ١٤٦

جەلالەدین (مەولانای ڕۆمی): ٣٠٠، ٣٧٣

جەلیلی جەلیل: ٢٢٨

جەمشیدی جەم: ٣٤٠

جوبرائیل (شاعیری کورد): ١٤٦

جزیری: ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٢، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٦٦، ٢٨٩–٢٩٢، ٢٩٤، ٢٩٦، ٢٩٧، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠٢–٣٠٨، ٣١٠–٣١٤، ٣١٦، ٣٢٣، ٣٢٥، ٣٢٩، ٣٣٠، ٣٣٢، ٣٣٥، ٣٥٠، ٣٦٢، ٣٦٣، ٣٦٩، ٣٨٥، ٣٩٦، ٣٩٧، ٤٠٦، ٤١٤، ٤٢٠، ٤٢١، ٤٥٠، ٤٥٤، ٤٨٥، ٥٠٤، ٥١٧

ح

حاتەم (تەی): ٣٤٠

حاجی (قادری کۆیی): ١٤١، ١٨٢، ١٨٤

حاجی تێلەکۆ (شاعیری کورد): ١٤٦

حاجی جندی: ٢٢٨، ٣٩٤، ٣٩٥

حاریسی بتلیسی: ٥٠٧، ٥٠٨، ٥١١

حافزی شیرازی: ١٤٣، ٢٩٧، ٢٩٩

حەلیمەدین ئیدریس بدلیسی: ١٦

حەماغای مەسرەف(شاعیری کورد): ١٤٥

حوسێن پاشا (والی عوسمانی): ١٧

حوسێن خان لوڕ (شاعیری کورد): ١٥٢

خ

خاقانی: ١٦١

خانای قوبادی: ٧٦، ٨٩، ٩٥، ٩٩، ١٠٠، ١١٢، ١١٦، ١٢٥، ١٤٦

خانی: ١٧٦، ١٧٧، ١٨٢، ٢٠٦، ٢٠٧، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٧٢، ٣٧٦، ٣٧٩، ٣٩٣، ٣٩٥، ٤٠٩، ٤٤٧، ٤٥٠، ٥٠٤، ٥١٧

خانی خانا (شەرەفخانی بۆتان): ٣٣٩

خانی لەپ زێڕین: ١٦

خەیام (عومەر): ٥٠٢

خواجەی ئەردەڵان (شاعیری کورد): ١٤٦

د

دەدە سێوانی (شاعیری کورد): ١٤٦

ر

ڕەنجووری: ١٢٦، ١٢٧، ١٤٠، ١٤٥، ١٤٧، ١٤٨، ١٥١، ١٥٢، ١٥٣، ١٥٥، ١٥٧، ١٥٨، ١٦٠، ١٦٤، ١٦٦، ١٧٢، ٥٣٥

ڕوودێنکۆ مارگریت: ٣٦٩، ٤٠٢، ٥٠٨، ٥٠٩

ڕووستاڤێلی ش.: ٤٠٩

ز

زەبوونی (شاعیری کورد): ١٤٧

زەینولعابیدین زنار: ٢٩٢

زیننور (شاعیری کورد): ۲۹۲

ژ

ژابا (ئەلێکسـانـدەر): ۱۸۱، ۱۸۲، ۲۰٦، ۲۳۱، ۲٤٤، ۳٦۹، ٤٥۳

س

سائیبی تەبریزی: ۱٦۱
سادق بەهائەدین: ۲۹۲
سەعدی شیرازی: ۱٦۰، ۱٦۱، ۲۹۸
سەلمانی فارسی: ۲٥
سەلیم (سوڵتانی عوسمانی): ۱٦
سەلیم سلێمان: ۱۷٦، ۱۷۷، ٥۰۹، ٥۱۰، ٥۱۱
سوقرات: ۲٦٤
سوڵتان سەهاک: ۲۰
سوهرەوەردی (کوژراو): ۳۱۱
سۆسین ئەلبێرت: ۱۸۱، ۲۱۰، ۲۲۷، ۳۹٤
سیاپۆش (شاعیری کورد): ۲۱۰

ش

شا عەباسی سەفەوی: ٥۱٤
شافی (شاعیری کورد): ۱٤٦
شاهۆردیخان: ٥۱٤
شەرەفخانی بدلیسی: ۱۸
شەمسەدینی بدلیسی: ۱٥
شەوقی (ئەحمەد بەگی ساحیبقران): ۱٤٥
شەوکەت: ۱٦۲
شەهمیری لوڕ: ٥۱۷، ٥۲۱، ٥۲۲، ٥۲۳
شێخ ئەحمەدی بۆنخۆش: ۱٤۱، ۱٦۳
شێخ شەهابەدینی نەقشبەندی بوخاری: ۳۱۱
شێخ تاهیری شۆشی: ۲۹۲
شێخ حەسەنی گۆرانی (شاعیری کورد): ٥۱۷
شێخ خالیدی شارەزووری نەقشبەندی: ۳۰۰
شێخ ڕەجەب بورسی: ۲۲، ۲۳
شێخ سەعدەدین مەحموودی شەبستەری: ۳۳۱
شێخ سمایلی ولیانی: ۳۸
شێخ شەهابەدین (شاعیری کورد): ۱٤٦
شێخ عەبدولقادری گەیلانی: ۳۰۰
شێخ مارفی نۆدێ: ۳۰۰
شێخ محەمەد جامی (شاعیری کورد): ۱٤٦
شێخ محیەدینی ئیبنی عەرەبی: ۳۷٦
شێخ وەیسی گەلاڵی (شاعیری کورد): ۱٤٦
شێر محەمەدی پایگەلانی: ٥۲ع
عەباسی سانی (شاعیری کورد): ۱٤٦
عەبدولڕەحمان پاشای بابان: ۱٦٤، ۱٦٥
عەبدولڕەقیب یووسف: ۱۸۳
عەبدولەسیح وەزیر: ۳۹٥
عەتاری شەرق: ۲۰۷
عەتاری نیشابووری: ۲۱۰، ۳۱۳
عەزیز دەردین (شاعیری کورد): ۱٤٦
عەزیزی کوڕی شێخ مامزیدی: ٤۱٤
عەزیزی میسر (پووتیفار): ٤٤۰، ٥۱۱
عەزیزوڵڵا لوڕ (شاعیری کورد): ۱٤٦

عەگیدی ئەحمەد: ٢٠٧
عەلی بەردەشانی: ١٨٢
عەلی تەرەماخی: ١٧٤، ٤٤٧، ٤٨٩
عەلی حوسێن سوورچی: ١٨٣
عەلی خودا کەرەم (شاعیری کورد): ١٤٦
عەلی کوڕی ئەبوو تالیب: ١٥١، ٢٤٥، ٢٢١
عەلی کوڕی محەمەدی ڕەوشەن: ٢١٠
عەلی هەریری: ١٧٦، ١٨١–١٨٥، ١٩٤، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٦، ٢٤٥، ٣٦٢، ٣٦٩، ٣٨٥، ٤١٤
عەمماری کوڕی یاسر: ٢٥
عومەر ئۆمەرمل (شاعیری کورد): ١٤٦
عومەر کوڕی ئەسعەد: ٢٩١
عومەر کوڕی خەتاب: ٢٤٥
عیسمەت (شاعیری کورد): ١٦٢
عیمادەدین (میری جزیره): ٣٤٥، ٣٤٧
عیمادەدین نەسیمی: ٩٣

غ

غەزالی (ئەبووحامید): ٢٠٩

ف

فاریابی: ١٦١
فەزڵوڵلای نەعیمی ئەسترابادی حوروفی: ٢٥
فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە: ١٧
فەقێ تەیران: ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٨٢، ٢٠٥، ٢٠٨، ٢١٠، ٢١١، ٢٢٧، ٢٣١، ٢٣٢، ٢٣٥، ٢٤٢–٢٤٧، ٢٥٠، ٢٥٥، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٦٠، ٢٦٤، ٢٦٦، ٢٦٩، ٢٧٢، ٢٧٤، ٢٧٥، ٢٧٦، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٩٠، ٣١٤، ٣٤٩، ٣٦٢، ٣٨٠، ٤٥٠
فەقێ عەلی لەک (شاعیری کورد): ١٤٦
فەیرووز ئەفەندی: ٥٠٨
فرات بایتلاری: ٢٩٢
فیردەوسی: ٧٥، ١٦١، ٤٠٩

ڤ

ڤیلچێڤسکی ئو. ل.: ٣٩٤

ق

قادر فەتاحی قازی: ٢١٠
قازی مەنگوڕە: ٥١٧، ٥١٨، ٥١٩، ٥٢١
قەرەیووسف(سەرداری قەرە قۆینلوو): ١٥
قەمەرالی (شاعیری کورد): ١٤٧
قوباد بەگ (میری ئامێدی): ١٦

ک

کابە (شاعیری کورد): ١٤٦
کارێزی (شاعیری کورد): ١٤٣، ١٤٦
کەریم خانی زەند: ١٨، ٤٠
کوردۆییڤ (قەناتی کوردۆ): ٢٦٩، ٢٧٠

گ

گیو موکریانی: ٢٢٨، ٢٩٢، ٤٠١، ٤٠٢

ل

لۆکۆک ڤۆن: ٢٢٨، ٤٧٢
لیسکۆ ڕۆژی: ٣٩٥

م

ماجین: ٤٨٣، ٤٨٥
مارتن هارتمان: ٢٩١، ٣٩٥
مارف خەزنەدار: ٣٩٥
ماکاش هۆگۆ: ٢٢٨، ٣٩٤
مانی: ١١٤، ٣٤٧
محەمەد ئاغا (شاعیری کورد): ١٤٦
محەمەد ئاغای زەند(شاعیری کورد):١٤٦
محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان: ٤٠٢، ٤٠٣
محەمەد ئەمین زەکی: ٥١٤
محەمەد ئەمین عوسمان: ٤٠٣
محەمەد تەیاری کوڕی ئیسماعیل پاشا: ٢٩١
محەمەد تۆفیق وردی: ٢٢٨
محەمەد زەنگنە (شاعیری کورد): ١٤٧
محەمەد سەعید رەمەزان بۆتی: ٤٠٢
محەمەد شەفیق ئەرواسی: ٢٩٢
محەمەد عەلی قەرەداغی: ٢١٠
محەمەد عیسا بەگ (شاعیری کورد):١٤٦
محەمەد قازی کوڕی محەمەد رەزای مەهجوور: ٥١٦
مرادخانی بایەزیدی: ٢٢٨
مرادی چوارەم (سوڵتانی عوسمانی): ١٦
مەحموود ئاغای زەند (شاعیری کورد): ١٤٧
مەحموودی غەزنەوی (سوڵتان): ٣٣٣
مەلا ئەحمەدی زڤنگی: ٢٨٩، ٢٩٢
مەلا بایندر (شاعیری کورد): ١٤٦
مەلا پەرێشان: ٢٢، ٣٢، ٣٥، ٣٦، ٩٣، ٣٥٠
مەلا تەمەرخان (شاعیری کورد): ١٤٦
مەلا تەها(مامۆستای مەلای جزیری):٢٩٠
مەلا تەها کۆفلی: ٢٩٢
مەلا تەهای مایی: ٢٩١
مەلا یەعقووب جان (شاعیری کورد): ١٤٦
مەلا حاجی جاف (شاعیری کورد): ١٤٦
مەلا حەسەنی کاشی (شاعیری کورد): ٥١٧
مەلا حەیدەری دزڵەیی (شاعیری کورد): ١٤٥
مەلا خەلیلی سیرتی (سیعرتی): ١٧٥
مەلا سادق: ٥١٧
مەلا ساڵحی مرادی (شاعیری کورد):١٤٦
مەلا کامی (شاعیری کورد): ١٤٧
مەلا محەمەدی قوڵی کەندوولەیی: ٥٠٧
مەلا مەحموودی بایەزیدی: ١٧٧
مەلا مەحموودی یووسفی: ٢٩١
مەلا مستەفای یووسفی: ٢٩١
مەلا نەجەف (شاعیری کورد): ١٤٦
مەلا نوور عەلی (شاعیری کورد): ١٤٦
مەلا یوونسی هەلقەتەینی: ١٧٤
مەنسووڕ (شاعیری کورد): ١٤٦
مەنسووڕ گێرگاشی: ١٧٥
مەنسووڕی هەلاج: ٩٣، ٣٠٧
مەولانا ئیلیاس (شاعیری کورد): ١٤٧
مەولانا زەهیر: ١٦٢
مەولەوی (عەبدولڕەحیم): ٢١، ٥٢، ١٢٧
موحسین ئیبراهیم دۆسکی: ٢٩١، ٢٩٢
موسەیلیان ژاکلین: ٢٢٨، ٢٣٢

مووڤێسیان س.: ٢٦٩
میر ئیسماعیل (شاعیری کورد): ١٤٦
میرزا شەفیع جامەڕێزی: ٧٦
میرزا شەفیع مامێزکی: ٧٦، ٨٣، ٨٤
میرزا نەجەف عەلی (شاعیری کورد):١٤٥
میقدادی کوڕی ئەسوەد: ٢٥
مینۆرسکی ڤلادیمیر: ٢٩٤
میهرەبان خاتوون: ٢٨٥

ن
نادر شـــای ئەفـــشـــار: ١٧، ١٨، ٤٠، ٧٣، ٧٦، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨١
ناکام (فەقێ ئەحمەدی شاعیری کورد): ٢١
نالی: ٢١، ١٤٣، ١٥٨، ١٧٢، ١٨٤، ٣٤١
نەدەر ڕەوانی (شاعیری کورد): ١٤٧
نەزەر کاکەوەند (شاعیری کورد): ١٤٦
نەوشیروان (شا): ١٠٣، ١١٥، ٣٤٠
نیزامی گەنجەوی: ١٠٠

و
وەیسی قەرەنی: ١٥٧
وەلـی دێـوانـە: ١٢٦–١٣٩، ١٤٥، ١٤٦، ١٦٠، ١٦١، ١٦٧، ١٦٩

هـ
هاروونی ڕەشید: ١٥٨
هەمزە مۆکسی: ٤٠١
هەژار (عەبدولڕەحمان): ٢٩٢
هۆلاکۆ: ٥١٤
هیـجـرانـی (شـێخ حـەسـەنی کـانـی بی شاعیری کورد): ١٣٧، ١٤٥

ی
یاقووتی حەمەوی: ٥١٣
یەحیا بەگ (میری جۆلەمێرگ): ٤٥٤
یەزیدی کوڕی موعاویە: ٢٩٩
یووسف داڵەهۆ (شاعیری کورد): ١٤٥
یووسف دەردین (شاعیری کورد): ١٤٦
یووسف یاسکە (شاعیری کورد): ١٤٦

# لیستی ناوی جوگرافی


ئـ

ئازربێجان: ١٨

ئاسیا: ١٤، ٣١٧، ٣٦٩، ٣٧٥

ئامەد: (بنوارە دیاربەکر)

ئامێدی: ١٦، ٢٩٠

ئەخلات: ٣٦٧

ئەرزرۆم: ١٩

ئەرزنجان: ١٩

ئەردەڵان: ٧٤

ئەرمەنستان: ١٠١، ١٠٥، ١٠٦، ٢٢٨

ئەستەموول: ٢٩١، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٢٦، ٤٧٩

ئەسفەهان: ١١٠

ئەلبورز: ٣٠٨

ئەلیگۆدەرز: ٥١٥

ئەڵمانیا: ٢٩، ٧٤

ئەوروپا:١٨١، ٢٠٦، ٢٠٨، ٢٢٩، ٢٤٢، ٢٤٥، ٢٧٨، ٢٩١، ٢٩٦، ٣١٧، ٣٢٨، ٣٦٩، ٣٨٢، ٣٩٥، ٣٩٨، ٤٥٥، ٤٧٩، ٤٩٦، ٥٠٧، ٥٠٩، ٥١٣

ئورفە: ٣٦٧

ئێران: ١٦–١٩، ٢٣، ٣٨، ٤٣، ٥٢، ٧٩، ٩٠، ١٢٤، ٣٦٨، ٣٩٢، ٥٠٦، ٥١٤، ٥١٥، ٥١٦

ب

بابل: ١٦٥، ١٦٦

باتە، باتێ (گوند): ٤٥٣

بادینان: ١٦، ١٩

بانیان: ١٩

بایەزید: ٣٦٧، ٣٦٨

بەرزنجە: ٢٠

بەردەع: ١٠٥

بەرلین: ٢٢٧، ٢٩١، ٣٩٤، ٤٧٢

بەکراوە: ١٢٦

بەغدا:١٤، ١٩، ٣٨، ١٦٥، ٢٢٨، ٣٩٥، ٤٠٣، ٤٣٤، ٤٩٠، ٥١٥

بەلخ: ٤٧١

بدلیس: ١٥، ١٦، ١٩، ٣٦٧

برۆجەرد: ٥١٤، ٥١٥

بوخارا: ٤٧١

بۆتان: ١٧٥، ٢٠٦، ٢٥٦، ٢٨٩، ٢٩٠، ٣١٦، ٣٣٥، ٣٣٦، ٣٣٩، ٣٤٠، ٣٦٢، ٣٦٧، ٣٩٦، ٣٩٧

بێساران (گوند): ٥١

بێستوون: ١٠٢، ١١٣

پ

پاوە:١٩، ٩٩

پیرە هەژارە: ٥٢

پیناک: (بنوارە فینیک)

پشتکۆ: ٥١٤، ٥١٥

پێشکۆ: ٥١٥

ت

تاران: ١٨، ٢٩٢

تەرخان ئاوا: ٥٢

تەوریز: ١٨، ٣٣٦، ٤٧٠

تەیران (گوند): ٢٠٥

تورکمانستان: ١٧

توور (توورسینا، حۆریب): ١٢٢، ٢٧٩، ٣٠٧، ٣١٤

تووران: ١٤٩

توور عابدین: ٣٩٤

ج

جزیره ١٤، ٢٦، ٢٨٩، ٢٩٠، ٢٩١، ٣٣٩، ٣٤٠، ٣٦٧، ٣٩٤، ٤٣٤، ٤٥٣

جۆله مێرگ: ٢٩٠، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٧٩

چ

چین: ٣٤٠

ح

حەلەب: ٩٣، ٤٠١، ٤٣٣

حوسنکێف (حەسەنکێف): ١٤، ٢٩٠

حیلله: ١٦٤، ١٦٥، ١٦٦

خ

خازر (غازر، خۆسەر): ١٩

خانەقین: ٢٠، ١١٥

خەرپووت: ١٩

خوراسان: ١٧، ١٣٦

خورەم ئاباد: ١١٥

خوزستان: ١١٥

د

دالەهۆ: ٤٠، ١٥٨

دەرسیم: ١٩

دەروازە (گوند): ٤٣٥

دەماوەند: ١٢١

دهۆک: ١٧٩، ٢٩٢

دوورۆ: ٥٢

دیاربەکر(ئامەد): ١٤، ١٥، ١٩، ٢٩٠

دیجله: ٢٠٦، ٢٥٦، ٢٥٧، ٢٦٤، ٢٦٦، ٣٣٤، ٣٣٥

دینەوەر: ١٩، ٢٢، ٢٣

ر

رووسیا: ٧٤، ١٣٨، ١٨١، ٢٠٧، ٢٤٥، ٢٦٩، ٢٧٤

رۆم (رۆمانی رۆژهەلات): ١٠١، ١٠٧، ١٢٤، ٣١٧، ٤٠٩

ز

زاخۆ: ٢١٠، ٢٨٩

زاگرۆس: ١٦، ١٩، ٢٠، ٧٢، ٩٣، ٥١٥

زەهاو: ١٩

ژ

ژاوەرۆ: ٥١

س

سانت پیترسبورگ (لینینگراد): ٢١٠، ٢٢٨، ٢٣٠، ٢٣٢، ٢٦٩، ٢٩٤، ٣٩٥، ٤٠٢، ٥٠٩، ٥١٦

سەقلان: ٤٣٥

سەلۆئاوا: ٥١

سەمەرقەند: ٧٩، ٣٢٣، ٣٨٢، ٤٧١

سەید سادق: ١٢٧

سترباس (گوند): ٢٩٠

سربال (گوند): ۲۹۰
سنه: ۱۹، ۵۱، ۵۲، ۷۳
سلێـــمـــانی: ۲۰، ۱۲٦، ۱۲۹، ۱۳۹، ۱٤۳، ۱٥۸، ۱۷۲، ٥۱٤
سووریا: ٤۰۲
سۆران: ۱۷، ۱۸۳
سوید: ۲۹۲
سیروان: ۱۹، ۲۰
سیسەبان: ۲۰٥

ش
شارباژێڕ: ۱۷، ۲۰، ۱۷۲
شـــــارەزوور: ۱٦، ۱۸، ۲۰، ۳۸، ٤۰، ۷٤، ۱۲٦
شـام (دیمـەشق): ۱٤۹، ۱٦٤، ۲۲۷، ۲۲٦، ۲٤۷، ۲٤۸، ۲٥۰، ۲۷۳، ۲۹۲، ۳٤۲، ٤۰۱، ٤۰۲، ٤۰۷، ٤۷۹
شەمزینان: ۱۸۱، ۱۸۲
شنۆ: ۱٥
شیراز: ۷۹، ۱٤۳، ۱٤۹، ۱٦٤
شێروانە: ۱۲٦

ع
عەرەفات (شاخ): ۳۱۸، ۳۱۹
عەشقاباد: ۱۷
عەودالان: ۱٦۳
عومەری (گوند): ٤۳٥
عوممان (عومان): ۲۷۹، ۳۱٥
عێراق(مێزۆپۆتامیا):۱۹، ۲۸۹، ۳٦۸، ٥۱٥

ف
فەڕەنگستان: ٤۳
فینیک: ۲۰٦، ۲٥٦

ق
قازان (شاری تاتارستان): ۳۸۹
قامشلی: ۲۹۲
قاهیرە: ٤۰۱
قەزاڵە (قەرزاڵە): ۹۹
قەزوین (زەریای خەزەر): ۱۰۳
قەسری شیرین: ۱۰۱، ۱۰۲، ۱۰٥
قـــەفـــقـــاس: ۱٤، ۱٥، ۲۰۷، ۲۳٥، ۲٦۹، ۲۷٤، ۳۰۸، ۳۷٥، ۳۱٦
قەڵای دمدم: ۱٦، ۲٤٤
قلزم (زەریای سوور): ۲۷۹

ک
کـــەرکـــووک: ۱٦، ۱۸، ۲۰، ۱۲٦، ۱٤۰، ۱٤۱، ۱٤٤، ۱٤۸، ۱٤۹، ۱٥۱، ۱٥۲، ۱٦٤، ۱۷۲
کەندووڵە (کەنووڵە): ۱۹، ۷۳، ۷٦
کـرمـــاشـــان: ۱۸، ۱۹، ۲۲، ۲۳، ۳۰، ۷۳، ۷٤، ٥۰۷، ٥۱٤، ٥۱٥
کفری: ۲۰
کـوردســـتـان: ۱٤–۱۹، ۲۸، ۳٥، ٥۱، ٥۲، ٦۳، ۷۲، ۷۳، ۹۱، ۹۲، ۹٤، ۱۰۰، ۱۲٥، ۱۲۹، ۱٤۱، ۱٤۳، ۱٤٤، ۱٤٦، ۱٤۷، ۱٤۸، ۱٦۳–۱٦۷، ۱۷۳، ۱۷٥–۱۷۸، ۱۸۱–۱۸٤، ۲۰۲، ۲۰٦، ۲۰۷، ۲۱۰، ۲۲۷، ۲۳۱، ۲٤٤، ۲٤٦، ۲٦٦، ۲۸٥، ۲۸۹، ۲۹۰، ۲۹۱، ۳۰۰، ۳۲۳، ۳۳٥، ۳۳٦، ۳٦۲، ۳٦۸، ۳۹۳، ۳۹۷، ۳۹۸، ٤۰۱، ٤۰٤، ٤۱٤، ٤۲٦، ٤۲۷، ٤۳٥، ٤٤۷، ٤٥۰، ٤٥۳، ٤٥٤،

٤٧٣، ٤٧٩، ٤٩٠، ٥٠٤، ٥٠٦، ٥٠٨،
٥١٢، ٥١٥، ٥١٦
کۆیە (کۆیسنجەق): ١٨
کووت: ٥١٥

گ

گاوەڕۆ: ٥١
گەراویێ: ١٤١
گریک (یۆنانی کۆن): ٢٦٢، ٣٤٠
گورجستان: ٢٢٨

ل

لوڕستـــان: ١٤، ١٨، ١٩، ٢٣، ٧٦، ٥١٣–
٥١٦، ٥٢٣

م

ماربورگ: ٢٩
ماردین (مێردین): ١٤، ٢٢٨
مەحموودئاوا (گوند): ٥٢
مەدائین: ١٠١، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧
مەدینە: ١٥٧، ٤١٣، ٥٢١
مەراغە: ١٨
مەریوان: ٥١، ٥٢
مەککە: ١١١، ٥١٨، ٥٢١، ٥٢٢
مەلایەر: ٣١٤
مەهاباد (سابلاغ): ١٨، ٢٢٧، ٥٠٧
مەهستان: ١٠٣، ١٠٤
مەیدان (گوندە لە بۆتان): ٤٤٥
مۆسکۆ: ١٢٩، ٤٠٢، ٥٠٨
مـۆکس (مکس): ٢٠٥، ٢٠٦، ٤٠١، ٤٥٣،
٤٧٩
مووسڵ: ١٤، ١٦، ١٨، ١٩، ١٦٤
مووش: ١٩
مـیـسـر: ١٣٦، ١٩٠، ٢٠١، ٢٧١، ٢٩٢،
٣٨٦، ٣٩٥، ٤٤٠، ٤٦٩، ٥١١

ن

نەجد: ١٢٩، ١٥٤، ١٥٥
نۆدشـە: ٥١
نێرگزی (گوند): ٤٣٥

و

وان: ١٤، ١٨٣
وەرەزووز (گوند): ٢٠٥
وەستانی (گوند): ٤٣٥
ورمێ: ١٥

هـ

هەریر (حەریر): ١٨١، ١٨٣
هـەکـــاری: ١٤، ١٧، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣،
٢٠٥، ٢٠٦، ٤٥٣، ٤٨٩
هەڵەبجە: ١٢٨
هەمەدان: ١٨، ٥١٦
هـەورامـــان: ١٩، ٢١، ٣٨، ٣٩، ٥١، ٥٢،
٥٣، ٥٥، ٦٣، ٦٨، ٧٠، ٧٢، ٧٤، ٩٠،
٩٤، ٩٩، ١٢٥، ١٢٩، ١٣٠، ١٧٢
هـەولێـــر (ئەربیل): ١٣–١٨، ٢٢٨، ٢٩٢،
٤٠١، ٤٠٢، ٤٧٩
هیزان: ٢٠٥
هیندستان (هیند): ٦٥، ٣١٧، ٥٠٦، ٥١٦
هێشەت: ٢١٤، ٢١٦، ٢٤٦

ی

یەریڤـان (ئەریڤـان، ڕەوان): ٢٢٨، ٢٦٩،
٣٩٤، ٣٩٥

# بیبلۆگرافیا

١- ناوی ئەو سەرچاوە و کەرەستانەی لەم لیستەیەدا هاتووە، مەرج نییە لەم بەرگەدا هەموویان بەکارهاتبن، بەڵام بەشێکی زۆر گرنگن لە لێکۆڵینەوەی زانستی ڕۆشنبیری کوردی و نووسینەوەی مێژووی ئەدەب.

٢- ئەو سەرچاوە و کەرەستانەی لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا خراونەتە بەرچاو بەپێویستمان نەزانی دووبارە لەم بەرگی دووەمەدا بڵاویان بکەینەوە، لێرەدا تەنیا ئەو سەرچاوە تازانە دەخەینە ڕوو کە لەوەپێش پەنجەیان بۆ درێژ نەکراوە. لە بەرگەکانی داهاتووشدا بێگومان هەر لەسەر ئەم بەرنامەیە دەڕۆین.

بەزمانی کوردی


- ئارامی چەچان، گولبوهار، یەریڤان، ١٩٥٧.
- ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، شروڤەکرن و ڤەکولینا ئەمینێ ئوسمان، بغداد، ١٩٩٠.
- ئەمینێ عەبدال، کتێبا زمانێ کورمانجی بۆنا کۆما چارا، ڕەوان (یەریڤان)، ١٩٣٣.
- ئۆردیخانێ جەلیل و جەلیلێ جەلیل، فۆلکلۆری کوردی، بەرگ١، مۆسکۆ، ١٩٧٣.
- ئۆردیخانی جەلیل و جەلیلێ جەلیل، زارگۆتنا کوردی، شێخ سەنعان، مۆسکۆ، ١٩٧٨.
- جاسمێ جەلیل، ڕۆژی من، یەریڤان، ١٩٦٠.
- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری «قەومیەت»ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری «ناسیۆنالیزمی» ڕۆژئاواییە، ستۆکهۆڵم - سوید، ١٩٨٤.
- چیرۆکی زەمبیل فرۆش، یادگاری مرادخانی بایەزیدی، بەشێوەی کرمانجی و سۆرانی، هەولێر، ١٩٦٧.
- خانای قوبادی، شیرین و خوسرەو، محەمەدی مەلا کەریم ساغی کردوەتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕێکخستووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٧٥.
- خالد حسین، دەرگەهەک بۆ فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٨٥.
- دیوانا پەرتویێ هەکاری بەرهەڤکرن و تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی، بەغدا، ١٩٧٨. (پەرتو هەڵەیە «پرتەو» ڕاستە).
- دیوانا فەقێ تەیران، سەعید دیرەشی و پێزانێ ئالیخان کومکریە و تویژاندیە و پێشگۆتن و ڕاڤیەیڤ ژێرا نفیسیە، بەغدا، ١٩٨٩.

- دیوانا مەلایێ جزیری، بەرهەڤکرن و ڤەوژارتنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، پێداچوون و لێ زڤڕینا، ئیسماعیل تەها شاهین، دهۆک، ٢٠٠٠ (ئەمە یەکێکە لە دیوانە چاپکراوە باشەکانی مەلای جزیرییە کە تا ئێستا بڵاوکراونەتەوە).
- دیوانا مەلایێ جزیری، توێژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی، بغداد، ١٩٧٧.
- دیوانی بێسارانی، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کیومرت نیک ڕفتار، بەغدا، ١٩٨٢.
- دیوانی ڕەنجووری، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەغدا، ١٩٨٣.
- دیوانی عارفی رەبانی شیخ ئەحمەدی جزیری مەشهور بەمەلای جزیری، هەژار شەرحی لێ کردووە، تهران، ١٣٦١.
- دیوان ملا پریشان کرد، گرد آورنده و ناشر فتحعلی حیدری زیباجوئی، چاپ محمدی، کرمانشاه، ١٩١٦/١٣٣٥.
- دیوانی وەلی دێوانە، لەسەر ئەرک و چاودێری و کۆکردنەوەی مەحموود خاکی، سلێمانی، ١٩٧٠.
- دیوانی وەلی دێوانە، گۆڕینی بۆ شێوەی سلێمانی، ڕازی، سلێمانی، ١٩٧٧.
- ڕەئووف ئەحمەد ئالانی، گوڵ گەشتێک بەمێرغوزاری خانای قوبادیدا، سلێمانی ١٩٧٩.
- زەمبیل فرۆش، بڵاوکردنەوەی گیوی موکریانی، هەولێر، ١٩٦٧.
- ژ هەلبەستێن ئەحمەدی خانی، کۆمکرن و تویژاندن، ئیسماعیل بادی، دهۆک، ١٩٩٦.
- شاکر فەتاح، مەم و زین لە تەرازوودا، سلێمانی، ١٩٦٩.
- شێخ سەنعان، چاپخانەی تەرەقی، کەرکووک، ١٩٧٣. (بەدیالێکتی کرمانجی خواروو).
- صادق بهاءالدین ئامێدی، هۆزانڤانێت کورد، بەغدا، ١٩٨٠.
- صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)، پێشبینییەکانی عێل بەگی جاف، تهران، ١٣٦٥.
- عبدالرقیب یوسف، دیوانا کرمانجی، نەجەف، ١٩٧١.
- عەتاری شەرۆ، دوو دنیا، یەریڤان، ١٩٥٣.
- عەلی فەتاح دزەیی، نەوبەهاری ئەحمەدی خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێ، هەولێر، ١٩٨٥.
- العقد الجوهري في شرح ديوان الشيخ الجزري، صاحب الشرح احمد ابن الملا محمد الزفنكي مفتي القامشلي، جزء ١-٢، الطبعة الاولي، مطبعة الرافدين، قامشلي، ١٩٥٩؛ الطبعة الثانية، مطبعة الصباح، قامشلي، ٢٠٠٠.

– عەگیدێ ئەحمەد، د زیرکا فەقێ تەیران، یەریڤان، ١٩٧٠.
– عوسمان هەورامی، ژیان و هۆنراوەی وەلی دێوانە، بەغدا، ١٩٦٧.
– فەقێ تەیران، بەرصیصی عابید، بلاڤ کرنا: عبدالرقیب یووسف، هەولێر، ٢٠٠١.
II, Stokholm,–Qanatê Kurdo, Tarîxa Edebyeta Kurdî, Berg I, Stokholm, 1983; Berg 1985.
– کامیران بەدرخان، فێربوونا خوەندنا کوردی، پاریس، ١٩٦٨.
– مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغدا، ١٩٨٤.
– محمد أمین هەورامانی، رۆشنبیری وەلی دێوانە، بەغدا، ١٩٧٩.
– محمد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان – لهون، بەرگی (١)، تهران، ١٣٨٠.
– محەمەد ئەمین عوسمان، دیوانا مەلان، بەغداد، ١٩٨٦.
– محەمەد، عەلی قەرەداغی، کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠؛ بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٨٢؛ بەرگی سێیەم، بەغدا، ١٩٨٦.
– مەلایێ باتەیی و بەرهەمێ وی، کۆمکرن و ڤەکۆلین تەحسین ئیبراهیم دۆسکی و موحسین ئیبراهیم دۆسکی، دهۆک، ١٩٩٦.
– مسعود کتانی، ئادە لناڤ بەغچێ ئەحمەدێ خانی هندەک هوزان و هەلقوتان و ڤەرویڤاندن و رەخنە، ١٩٩٨.
– مووڤیسیان س. زماننامە کورمانجی، یەریڤان، ١٩٣٥.
– مەولوودنامەی باتەیی یادگاری زانای مەزن و بوێژی هێژا مەلا حسنی أرطوشی، چاپی دووەمین، هەولێر، ١٩٦٦.
– مەلوویدا مەلایێ باتەیی، خرڤەکردن و تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی، بغداد، ١٩٨٢.
– مەم و زین، بڵاوکراوەی گیوی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٥٤؛ چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٦٨.
– مم و زین، الشیخ أحمد خاني، لي حیسابی بشیر الشیخ حسن الهاشمي، آراس مطبعة سي، حلب، ١٩٤٧.
– مم و زین، أثر سر تاج أدیب کردان ومدار افتخارا حمیان أحمد خاني، استانبول، نجم استقبال مطبعةسي، ١٣٣٥ – ١٣٣٧.
Istanbul, 1968' Is--Mem u Zîn Ehmedê Xanî, Türkcesi: M.E. Bozarslan, Gün Yayinlari, tanbul, 1975.

– نادرنامــەی ئەڵمــاس خــانی کــەڵهــوڕ، بەڕێنووسی کــوردی بــاوی ئەمــڕۆ نووســینەوە و فەرهەنگۆک بۆ دانانی، شوکور مستەفا، هەولێر، ٢٠٠٠.
– نووبهارا سـەیدایێ مەزن ئەحمەدێ خانی، خرڤەکرن و ل دوی چۆن و تویژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی، بەغدا، ١٩٧٩.
– هەر کۆل ئازیزان، «کلاسیکێن مە»، کۆواری «هاوار»، ژ ٣٣، ساڵ ٩، شام، ١٩٤١.

بەزمانی عەرەبی

– أحمد ناجي القيسي، عطارنامه أو كتاب فريدالدين العطار النيشابوري وكتابه «منطق الطير»، بغداد، ١٩٦٨.
– أنور مائي، الاكراد في بهدينان، الموصل، ١٩٦٠.
– تحفة الشاعر الكبير أحمد الخاني، ترجمة، محمد سعيد رمضان البوطي، دمشق، ١٩٥٧.
– رشيد فندي، مناقشات حول خاني – دراسة نقدية، بغداد، ١٩٨٦.
– محمد توفيق ووردي، قصص شعرية كردية، بغداد، ١٩٦٥.
– ياقوت الحموي، معجم البلدان، بيروت، ١٩٦٨ (٥ مجلدات).

بەزمانی فارسی

– بابا مردوخ روحانی (شێوا)، تاريخ مشاهير كرد، جلد أول، تهران، ١٩٨٥.
– حدیقەء سلطانی، تحقیق وتالیف وتصحیح محمد علی سلطانی، با مقدمەء تحریر و نظارت استاد سید محمد طاهر هاشمی، جلد أول، ١٣٦٤ش.
– سرتیپ علی رزم آرا، جغرافیای نظامی ایران – لرستان، طهران ١٣٢٠.
– صدیق صفی زاده (بورەکەیی) پیشگوئیهای ایل بەگی جاف، تهران، ١٣٦٩.
– قادر فتاحی قازی، منظومەء کرد شیخ سنعان، تبریز، ١٣٤٦.

بە زمانی رووسی

– احمد خانی، مم و زین، تیکستا کریتیک، ترجما و پیشخبر، م. ب. ڕوودێنکۆ، مسکوا، ١٩٦٢.
– ئۆردیخـانی جەلیل، چیرۆکی شیعری قارەمانی کوردی خانی لەب زێڕین، مۆسکۆ، ١٩٦٧.
– ڕوودینکۆ م. ب. تێکستی ئەدەبی و فۆلکلۆری داستانی کوردی یووسف و زولەیخا،

مۆسکۆ، ١٩٨٦.
- حاریس بدلیسی، لەیلێ و مەجنوون، وەرگێڕان و تێبینی و نووسینی پێشەکی م. ب. ڕوودینکۆ، مۆسکۆ، ١٩٦٥.
- داهێنانی ئەدەبی نەتەوەکانی یەکێتیی سۆڤیەت «ئەلەناخ»، بەرگ١، مۆسکۆ، ١٩٣٧؛ عەرەبی شەمۆ تێکستێکی «زەمبیل فرۆش»ی دابووە شاعیری ناوداری ڕووس ی. دونایێڤسکی و پۆیێمێکی لێ دروست کرد و لەو ئەلەناخەدا بڵاوکرایەوە بەناوی نموونەی ئەدەبی کوردییەوە.
- ڕوودینکۆ م. ب. کۆکراوەکانی ڕۆژهەڵات، ژ٣، مۆسکۆ، ١٩٧٢.
- ڕوودینکۆ م. ب. هەندێ تێکستی نەزانراوی شیعری ئەحمەدی خانی، کۆواری نەتەوەکانی ئاسیا و ئەفەریقا، مۆسکۆ، ژ٣، ١٩٦١.
- زەمبیل فرۆش، داستانی کوردی و تێکستە فۆلکلۆرییەکانی، بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی بۆ ڕووسی و تێبینی و پێشەکی، ژ. س. موسەیلیان مۆسکۆ، ١٩٨٣.
- فەقێ تەیران، شێخ سەنعان، بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی بۆ ڕووسی و تێبینی و پێشەکی م. ب. ڕوودێنکۆ، مۆسکۆ، ١٩٦٥.
- گۆرانیی میللی کوردی لە کۆکراوەکانی نامەخانەی گشتی لە لینینگراد (سانت پیترسبورگ)، بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی بۆ ڕووسی و تێبینی و پێشەکی ژ. س. موسەیلیان، مۆسکۆ، ١٩٨٥.
- مارف خەزنەدار، بەکورتی مێژووی ئەدەبی نوێی کوردی، بڵاوکراوەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمییەی زانستی، مۆسکۆ، ١٩٦٨.
- یووسف ئۆربێلی، یادگاری ڕۆژگاری شاعیری گورج، ڕووستاڤێلی، لینینگراد (سانت پیترسبورگ)، ١٩٣٨.

# تاريخ الأدب الكردي

القرن الرابع عشر – الثامن عشر

يتناول هذا الجزء من الكتاب الاوضاع السياسية في كردستان والمناطق الجغرافية التي يسكنها الكرد الگورانيون في القرن الرابع عشر – الثامن عشر، ويتطرق الى نهضة الأدب الكردي في كردستان الشمالية، ثم يسرد ماكانت عليه القصة الشعرية في القرن الثامن عشر، وكذلك يقدم معلومات عن اللر الذين يُعتبرون احدى الأرومات التي يتكون منها الشعب الكردي، وهناك معلومات مستفيضة عن حياة ونتاج طائفة من الشعراء الكبار أمثال الملا پريشان وبيساراني وخاناي قوبادي ورنجوري وفقي طيران والملا الجزري وأحمد خاني وپرتەو بك وغيرهم...

الجزء الثاني

الدكتور معروف خزنەدار

اربيل ٢٠١٠

# The History of Kurdish Literature

14 - 18 th. Century

*Second Volume*

*By*

**Prof. Dr. Marouf Khaznadar**

Arbil 2010